دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

زنجیرەی ژمارە (٢١٣)

د.جمال رشيد احمد

# لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری



كۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیان
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢١٣)

# لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری

د. جمال رشید

١٩٨٨ بغداد

## ناوەرۆك

لاپەڕە


- پێشەکی - ٥

بەندی یەکەم -

ڕۆڵی زمان لە لێکۆڵینەوەی مێژوییدا . ٥

بەندی دووەم -

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی وڵاتی کوردەواری . ٥١

- بەشی یەکەم -

چاوخشـــاندنێك دەربارەی ســـەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیو مێژوویی دانشتوانی چیاکانی زاگروسو کوردستان . ٨١

- بەشی دووەم -

هێندێك بیرورا دەربارەی بناغـــەی مێژوویی زمانی کوردی و پێوەندی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە . ١١٣

- بەشی سێیەم -

گۆڕانە ڕووداوە مێژووییە مەزنەکانی هەزارەی دووی پێش زایین لە ئاسیای بچوكو سەرووی میزوپوتامیادا . ١٦٧

- بەشی چوارەم -

بوژاندنەوەی میتانیو شـــورشـــی ئەخناتونو گۆڕینەوەی زمانەوانی لە کوردستاندا . ١٩٩

- بەشی پێنجەم -

کوردستان لە چەرخی سەرگونیدا ( هەزارەی یەکی پێش زایین ) ٢٦٧

## ـ بەشی شەشەم ـ


زمانی کوردی لە چەرخی هیللینیداو بەڵگە نامەکانی هەورامان

بەندی یەکەم ـ ٣٣١

کورتەیەك دەربارەی بەڵگەنامەکانی هەورامان . ٣٣١

بەندی دووەم ـ

نێوی کەسیو توپۆنومیکی چەرخی هیللینی لە زمانـــــی
کوردیی کۆندا . ٣٥٧

بەندی سێیەم ـ

پاشەکیەکی بڵاوبوونەوەی کەلچەرو زمانو ئەلفو بێی یونانی
لە رۆژهەڵاتداو دیکۆمێنتەکانی هەورامان لـە چوارچێوەی
ئەم مێژووەدا . ٣٩١

ـ ئەنجـام ـ

زمانی کوردی بەرهەمێکە لە بەرهەمە مێژوویییەکانی وڵاتـی
کوردەواری ٤٣٧

## - پێشەکی -

## بەندی یەکەم

## رۆڵی زمان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا

لە سەردەمی ئێمەدا دەربارەی زمان‌و پێناسینی زۆر شت گوتراوە • بە وێنە پسپۆری زمان‌و فۆنوتیکی بەریتانی ( هێنری سویت ) دەڵێت « زمان دەربڕینی بیروباوەڕێکە بە واتای دەنگەکانی ئاخاوتنەوە ، بە شێوەی کۆمەڵێك ووشە دەردەبڕێن، ئەم ووشانەش بە کۆمەڵ رستەکان پێك‌دێنن و پاشان کۆمەڵە رستەکان دەبنە ئاوێنەی ئەو شێوە بیروو واتایانەی مرۆڤ • » هەروەها زمان‌ناسی ئەمەریکی (بێرنارد بلوچ‌و جورج ل• تراگەر) بە شێوەیەکی دی باسی ئەم دیاردەیە دەکەن‌و دەڵێن « زمان سیستێمێکی نیشانەی ( مفردات )ە ، کە کۆبوونەوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی لە سەر واتاکانی رێکەوتوون[1] •» ( شیرازی )ش لە فەرهەنگی ( محیط )دا وا پێناسەی زمان دەکات کە :

« ئەو دەنگانەن ، هەر نەتەوەیەی مەبەستی خۆی پێ دەر دەبڕێت » •

ئەمرۆ ئەو پێناسینەی زمان وەکو هۆیەك بۆ پێوەندی یا بەندیواری ( اتصال ) نیوان خەلك یا بۆ دەربرینی مەبەستیان ، پێناسینێکی وورد نی‌یە ، چونکە ئەو پێوەندی‌یە هەندێك جار بە بێ زمانیش پەیدا دەبێت ( وەکو سوورهەلگەرانی روو ، کە

نیشانەی شـــەرمی‌یە ، وەیا چاوزەقی‌و تورەیی ••• هتد )•
بەلاّم « لە بنەرەت‌دا هەر زمانە دەبێتە هۆی سەرەکی ئـــەو پێوەندی‌یە » ( بروانە : الدکتور نایف خرما ، أضواء عـــلی الدراسات اللغویه المعاصره ، الکویت ١٩٧٩م ، ص ٢١٨ ) •

لەگەڵ ئەوەشدا لە نیوان شێوەی رێکبوونی ووشەسازی و رستەسازی‌دا ( مورفولوژی‌و سینتاکســی ) هەر زمانێك و شـــێوەی بیرکردنەوەی ئـــەو کۆمەلە ، کـــە پێی دەدوێت ، پێوەندی‌یەکی بەهێز هەیەو بەم جۆرەش ئەو رێـــــــکبوونە زمانەوانی‌یە پێوەندی بە بینای بیرو دیاردەکانی ، هەروەها لەگەڵ فەلســـەفەی ژیانی ئەو کۆمەلەدا هەیە ، وە ئەو زمانە دەبێتە ئاوێنەی پلەی شارستانیەتی‌و کولتوری کۆمەلەکە و هەستی لـە سەردەمێکی تایبەتی‌دا دەردەبڕێت ، لە بەر ئەمەیشە جیاوازی‌یەك لە پلەکانی کۆچەرایەتی‌و نیشتەجێیی ( پلەی کشتوکاڵ )و پلەی پیشەسازی بڵندا لە هەمان زماندا بەدی دەکرێت ، ئەمیش لە بەر هۆی بەجێ هێنانی پێویستیەکانی ئەو شێوە ژیانانەن ، وە بە پێی ووشەو رستە تۆمار کراوەکان دەتوانین لە شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەلە کۆنەکانی رۆژهەلاّتی نێوەراست تێبگەین و پلەی بینای ئابوری‌و کۆمەلاّیەتیان بزانین •

لە مێژووی کورددا وەکـــو مێژووی هەر میللەتێك ئەم دیاردانە رووی داوەو بەهەمان پلانەشـــدا تێپەریونو زمانی کوردیش بە پێی ئەو دیاردانە هەمیشە لە گۆڕین‌دا بـــووە ،

بەڵام بەر لەوەی بچینە خودی باسەکە دەبێت بڵێین کەوا ئەمرۆ لە کوردی‌دا بە گشتی زمان دوو واتای هەیە :

یەکەمیان ـ ئەو ئەندامە لەشـــەیە ، کە لە ناو دەمدایە و رۆڵێکی تایبەتی لە لەشدا دەگێرێت •

دووەمیان ـ ئەو شـێوە دەنگە رێکخراوانەیە ، کە مرۆڤ هەستی پێ دەبڕێت و مرۆڤێکی دی پێ دەگەیێنێت ئەو دەزگانە بەرهەمی بینای بیرو فەلســـــــــەفەی ژیانی مێژوویی وڵاتی کوردەواری‌یەو ئاوێنەی پلەی کولتوریەتی لەم سەردەمەدا •

پێناسەکان هەر چۆنێك بن ، بەڵام زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دی جیـــا دەکاتەوە ، وەکو توانای دەربڕین‌و بیرکردنەوەی هەســـت‌و نەســـــتی بە هۆی نیشـــانەی تایبەتێوە پێ بەخشراوە • کاروپیشــــەی زمانیش تێرکردنی خواست‌و خۆرگەی ئادەمیزادە لە دەربڕینی بیروراو هەستی‌و دەبێتە هۆی ئەوەی ، کـــەوا مرۆڤ بیری خۆی لای یەکێکی‌دی دەربڕێت ، کە بەو هۆیەوە پێوەندی کۆمەڵایەتـــی پەیدا دەکات •

ئەم دیاردەیە بریتیە لە یاسایێکی کۆمەڵایەتی نیشانکراو ، کە کۆمەڵە کەسێك لە ناویەکـــدا پێی دەدوین‌و لێك دەگـــەن‌و مەبەستیان لەمەدا وەدەستهێنانی چەند پیشەیێکە ، ئەم یاسایەش کار دەکاتە سەر یاساکانی دی ، کە لە کۆمەڵدا هەیە ، جا چ ئابوری ، رامیاری و هی دی بێت •

لێرەدا مەبەست خودی زمانو مێژووی پەیدا بوونی یـا هۆی سەرەتایی پەیدابوونی نوسین لەو زمانەدا نی‌یە ، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەو زمانانەن ، کە شتێکی نووسراوو تۆمارکراوی بۆ بەجێ‌هێشتوین چ بە هۆیەکی ئایینی یا ئابوری وەیـا رامیاری بێتو ئـەمـرۆ کـاری کردۆتە زمانی کوردیو لە هەمان کاتدا دەبنە بەڵگەیەك بۆ روون کردنەوەی ئەو پێوەندی مێژوویی‌یەی نێوان کوردو خاوەن ئەو زمانانەو رۆشنایی‌یەك دەخەنە سەر مێژووی وولاتی کوردەواری •

بێ گومان نووســـین بەشـێوەیەکی وێنەیی ، هەروەکو پرۆفیسور کرامەر دەڵێت « لە وولاتی سومەردا لە کۆتایـــی هەزارەی چوارەمی پێش زایین‌دا دەستی پێ‌کردووە ، ووردە ووردە شێوەی مێخی سەندووە(٢) •» ئەم دیاردە شارستانیەی سومەریان لەنێو میللەتانی دی دەوروبەری خۆیاندا بڵاوبۆتەوەو سوودێکی گرنگی گەیاندۆتە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئـــەو هەرێمانە ، کە ئەمرۆ بە عیراقو ئێرانو تورکیاو سوریاو لوبنانو فەلەستین نێودارن •

بەپێشکەوتنی نووسین ، زمان بەرەو پلەیەکی ئاسانتر چوو و گەیشتە پلەیەکی بەرزو بیروهۆشی ئادەمیزاد زیاتر ســوودی لێ‌وەرگرتو زۆر شتی تازە داهێنرا • ئەم پێشـــــکەوتنەش بێ گومان باڵی هاوشتبۆە جۆری تۆمارکردنی هاڵوهەواڵی ئەو سەردەمانە • بەهاوکاری ئەو نوسراوانە ، کە لەباری شـوێنە جوگرافیاییەکانەوە یان نێوی تیرەو هوزەکان نوسراوون ، بـە

پێی بارو چۆنێتی ئەو نوسراوانە دەتوانرێت نەژادی رەسەنی دانشـــتوانی وڵاتی کوردەواری لە رۆژگارە جۆربەجۆرەکاناو مێژوو ناوچەو نەژادەکانی دەوروبەری ئەم وڵاتە دیاری بکرێت • نێوی کەسی ، بەتایبەتی نێوی سەرۆکە هۆزەکان باشتر سودیان لێوەردەگیرێت ، چونکە زۆربەی زۆری ئەو نێوانە پێوەندی بەنێوی خوداوەندانو ئاینزاکانەوە هەیە ، کە بینای میثۆلۆژیای ئەو میللەتانەی دروستکردبۆوە • لە لێکۆلینەوەی ئەم بابەتە زۆر کارەســاتی ئالۆز دێتە پێشـــەوە بەکورتی بەم جۆرەی خوارەوە لێی دەدوێم :

لە زمان شوناسیدا ، ئەگەر ووشـــەی جۆربەجۆر لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێتو گوێ بەجۆری گۆڕانی ووشەو جۆری دارشتنی رستەکانو بەکارهێنانی لەرووی زمانەوە نەدرێت ئەوا بەراورد کردنو بەرامبەری کردنی ووشەکانو نێوە کەسی یەکان بەتەواوی لەناو دەچنو ئەهمیەتی زانستانەیان نامێنێت • بە وێنە ئەو جیاوازیانەی دەنگ لە پیتەکانی نێوان زمانە ئێرانی یەکانو ئاشوری و ئەکەدی دا بووبۆە هۆی گیروگرفتێك لە تۆمارکردنی نێوەکاندا بە خەتی مێخی و ئارامی • لەبەر ئەمە شێوەی زوربەی نێوەکان بەکاریگەری یاســـای زمانەوانی ئاشوری و ئەکەدی گۆڕاوە • لێرەدا بە پێویستی نازانم باسی ئەو گۆڕینە گشتی یەی سەبارەت بەو پیتو دەنگانە بکەم بەشێوەیەکی فراوان دەتوانن

ئەم بابەتە لە بەندی یەکەمی بەشـــــــــی دووەمی کتیبەکەی گرانتوڤسکی ببینن • بڕوانە بەروسی :

E.A. Grantovskiy., Rannyaya Istoriya Iranskikh Plemen Peredney Azii - M. 1970

لێرەدا دەبێت پێناسینێکی ئەو ناوانەو شێوەی دارشتنیان لـە خێزانە زمانێکدا بکرێت کە کوردی ئەمرۆ پێوەندیەکی پتەوی لەگەڵدا هەیە • بۆ سەلماندنی ئەم راستی‌یە گوڕینی شـــێوەی تۆمارکردنی چەند ناوێك دەکەمە بەڵگە :

( ئوکساتارا ، ئەواکساتارا ) کە لە نووسراوەکانی بێستوندا تۆمار کراوەو ناوێکە دەگەڕێتەوە سەدەی هەشتەمی پ • ز ، لە تێکستە ئەکەدی‌یەکانی سەدەی هەفتەمدا بە شـــــێوەی ( ئوماکشتار ) بینراوە ، وەلەئێرانی‌دا شێوەی ( هوڤاخشترا )ی هەبووە •وە شێوەی (ساتارپانو ، شتیرپارنا)ی ئاشوری هەمان ( خشتراپانا ، چیترافارنا )ی ئێرانی‌یەو لەگەڵ وشـــــەی ( خشترپان )دا جیاوازی هەیە •

و هەروەها لە تێکستە بابلی‌یەکاندا پێشگرە ئێرانی‌یەکان شـــێوەیان دەگۆرێت وەکو ( ئاریـــا ) دەبێتە ( ئـــاڕی ) ، ( ئاریا-چیترا ) دەبێتە ( ئاڕی‌شیتر ) وەکو لە ئاشوری‌دا شێوەی ( شیترپارنا ) هەیە •

بەهەمان جۆر ناوی ( خشاثرا )ی ئێرانی بەشـــێوەی ( کساترا ) وەیا لە ناوێکی میتانی لێکدراودا دەبینین بەشێوەی ( پارساشاتار ، ساوششاتار ) لەلایەکی‌دیەوە ناوێکی خوداوەند

وەکو ( ئیندرا ) دەبێتە ( ئین-دا-را ) هەر وەکو نێوی کچی دارای هەخامەنشی ( پەریزاتیدە ) کە بە کوردی ( پەریزادە )یە بەشێوەی ( پوروشاتیش ، پوروشاتو ، پورشاتو ) تۆمارکراوە •

بەم جۆرە نێوی سەرۆکی هۆزی ئاساگرتا ( زاگروتی )بە شێوەی ( شیتیراتتاخمو ) وەیا ( شیتیراتتاخما ) لەنووسراوەکانی بێستونْدا دەبینرێت ( تیکستە ئەکەدی یەکەی دێری ٦١ ، ٦٢ ) کەچی لەراستیدا ( چیترانتاخما )یە •

هەروەها شێوەی ئەکەدی نێوی هۆزەکەی ( زیکیرتو ، زیگیرتو ) هەر هەمان ( ئاساگارتا )ی ئێرانی یە • نێوی ( زرِدیاکا )ش لەئەکەدی دا بەشێوەی ( سرداکا ، زردیاکا ) تۆمارکراوە هەروەکو چۆن ( کەنسەکە ) لە بابلی دا بۆتە (گەنزەکە) نێوێکی کەسی یەو لە نوسراوەکانی هەورامانْدا بەرچاو دەکەوێت • هەروەها ( هوەرداتە ، خورداتە ) دەبێتە (ئومەرداتو، خومەرداتو )• وە هەگمەتانە ( ئیگپتانە ) دەبێتە ( ئەگامتانو ، ئەگاماتانو ) لەبابلیو ئەکەدی وا •••هتد •

ئەم گۆرینانە لە نێوی کەسی وتوپونومی دا وا دیاردەخات کە پیتی ( س ) لە زمانە سامی یەکاندا دەبێتە ( ز ) هەروەکو پیتی ( گ ) دەگۆرێتە ( ك ) •

لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە لەکاتێکدا نێوی شوێنو نێوی کەسی لە شوێنەواری زمانێکی دی دا تۆمارکرابێت ، هەر جۆرە بەراوردو لێکدانو لێك کردنەوەیەك لەبارەی ئەو نوسراوە کۆنانەوە ، مانایەکی تایبەتی دێنێتە کایەوە • ئەمجا ئەمە پێویستە لەگەڵ زمانەکانی دی دا بەراورد بکرێت ، بەڵام دەبێت

ئەوەبزانین ، کە بەر لەهەموو شتێك ئەو زمانەی کە ئێمـــــــە مەبەستمانە لەگەڵ کام زمانی دیدا نزیکەو لە یەکتر دەچن ؟ بەراوردکردنی زاراوەی زمانێك لەگەڵ زمانێکی دیدا لەکاتێکدا دەبێت ، کە گەلێك نمونەی فراوانو رێكوپێكو لەیەك چوو لە نێوان زاراوەی هەردوو زمانەکەدا هەبێتو دەتوانین نێوی لەیەك چووی زۆر بدۆزینەوەو ئەوە بسەلمێنین ، کە ئەمە شـــــتێکی رێکەوت نی‌یە بەلکو شتێکی راستو رێکخراوە •

هەروەها دەبێت لە بارەی نێوی شوێنەکانەوە نێوێك ، کە خۆی بە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەزانێتو لە نێوی یەکێك لـــــە دراوسێکانی جیا بکرێتەوە ، کە خۆیان بەو نێوەوە نێوناوە • نێوێك ، کە دراوسێکان دەیدەن رەنگەبێت بە چاوێکی نزم یا بە رقەبەرایەتیو لۆمەو گاڵتەوە تێکەڵبێت ، ئەمە بێجگە لەو دیاردە چینایەتی‌یە کە دیلەکان ( زۆربەشیان خەلکی ناوچەکانی کوردنشـــینبوون لە ســـــومەرو ئەکەددا ) بەچاوێکی جیاواز سەیردەکرانو نێوێکی گشـــتی ســـوکیان پێ‌دەبەخشـــرا • نووسراوەکان بەزۆری ئەو هۆزوتیرە جۆربەجۆرانە دەگرێتەوە ، کە هەموویان لەرووی ئاینو یاساوە وەکو یەكنین • بەوێنـــە ووشەی ( بەربەر ) لای یونانی‌یە کۆنەکان ئەو کەســــــانەی دەگرتەوە بەواتە ، کە کولتوری هیللینی بالی نەهاوشتبۆە ســـەر وڵاتەکەیان ، کەچی ئەمرۆ بەواتـــــەی درندەو ساویلـــکە لای میللەتانی جیهاندا دەدرێتە قەلەم • هەروەها بەو جۆرە ووشەی ( لولو ) بەســــومەری واتەی ( خەلك یا چەند کەســـێك )ی گەیاندووە ، بـــەڵام لای هوری‌یەکانواتەی دیل یا پیاوێکی

شاخاوی هەبووەو لە دوایی‌دا واتـــەی نەتەوەیەکی تایبەتی لای ئاشوری وبابلی‌یەکان‌دا پەیداکردووە ، بەڵام هەر بەواتـــەی ( بێ‌گانەو دوژمن ) لە لای ئورارتوەکان ماوەتەوە • لە زمانـە سلاڤی‌یەکان‌دا ووشەی ( روس ) واتەی ( سوری‌شل ـ أشقر )ی هەیە کەچی ئەمرۆ نێوی گەلێکی مەزنی ئەوروپایە ، بێ‌گومان هەر سورشلێکیش پیویست نی‌یە زمانی روسی بزانێـــت بەلکو لەوانەیە هەر روسیش نەبێت لەوانەیە ئەلمان یا ئینکلیز بێت •

لەلایەکی دی‌یەوە تێکەڵاو کردنی مێژووی چەند نەتەوەیەکی جیاواز بەرێ‌ی نەزانینی کارەساتی مێژوویی هەریەکەیانو بەهەڵە تۆمارکردنی نێوی نەتەوایەتیان بەتەواوی مێژوو و کەلەپوری یەکێکیان سەرلەنوێ دەخاتە ژێر خاکەوە ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو دوو سێ نێوە بەشێوە لەیەك نێزیك‌بن •

دەتوانین ئەم دیاردانە لە مێژووی کورداو لە کۆڤارەکانی خۆمان‌دا بەدی بکەین •• بەوێنە لە کتێبی ( کوردستانی موکریان یا آتروپاتین ، رواندز ١٩٣٨ ، ل ٩٩ ) خوالی‌خۆشبوو حوسەین حوزنی نێوی ( کیرت )یەکان هەر بە ( ســیرت ) تۆمارکردوە چونکە ئەم نێوە بەلاتینی بەشێوەی Cyrt تۆمارکراوەوە لــە دەقی قسەکانی مامۆستای خوالی‌خۆشبوو وا دیاردەکەویت کـە سەرچاوەکەی ( ئینسوکلوپیدیای ئیسلام )ە ومینورسکی تێدا باسیکی گرنگی بابەتی کوردی کردوەو ئەو نێوە تێدا بـــەو شێوەیە نوسراوەو وای زانیوە کە بە ( سیرت ) دەخوێندرێتەوە •

لەبەر ئەو هەڵە زمانەوانی‌یە دەلێت کەوا « بەناوی سیرتی ئەمرۆکەش عشـیرەتێکی کورد لە خاکی نێوانی ( جولەمیرگ‌و

باشکالان )دا هەن ، شارێك بەو ناوە لەنێوانی دیاربکرو بدلیس‌دا بە سیرتی‌هەرماوە کە بە کوردی سیرت‌و بە عربی ( سعرت )ە .»

بەشێوەیەکی فراوان ساڵی ١٩٨٤ ز لە بابەتی ( دور الکیرت فی التأریخ الکردی ) لە کتێبی ( دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو )دا ئەم بابەتەم شی‌کردەوە هەروەها نێوی ( سیعرت ) لەراستیدا لە ( سیگرت ) واتە ( زیگورتو ) کە هۆزیکی ماد بوون دارێژراوە و هەر لەهەمان کتێبدا روون‌کراوەتەوە ( بروانە ل ٣٥ )و لێرەدا بەپێویستی نازانم بەدرێژی لە سەری برۆم .

د. پاکزە رفیق حیلمی لە زنجیرە پاسەکانی‌دا دەربارەی ( زانیاری زمان‌و زمانی کوردی - روشنبیری نوێ ، ژمارە ١١٢ ، بەغدا ١٩٨٧ ، ل ١٠١ ، ١٠٢ ، ١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٥ ) بەهۆی ئەو رایەی کەوا واتای ( ئاریا ) پالەوانەو هەروەها نێوی ( گوتی یا کورتی ) هەمان واتا دەگەیەنێت هەوڵی داوە بەبێ ئەوەی دەست‌نیشانی بناغەیەکی زانیاری بکات کوردستان بە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئاری‌یەکان دابنێت‌و دانشتوانی کۆنی کوردستان‌و دەوروبەری لەمیزوپوتامیاو ئەنادول‌و قەفقاسیادا بەرەگەز و زمان بیانباتە سەر ئاری‌یەکان ، گوایە چونکە هەندێ نێزیکی لە زمانەکانیان‌دا بەدی دەکرێ‌و هەموویان بەخەتی مێخی لە دەوری ٣٠٠٠-٢٠٠٠ پ.ز نووسیویانە ئەمە بێجگە لەو رایە بێ‌نباغانەی کە لە کۆڤاری کاروان ژمارە ٦٢ ( ١٩٨٨ز )دا بە ئاری‌کردنی سومەر وعیلام‌و هیثی‌و خوریان بڵاوکردۆتەوە وبەیەك‌جاری خۆی لە راستی‌و زانست دوور خستۆتەوە .

هەروەها لە ووتارێکی خوالێ‌خۆشبوو پروفیسور قەناتی کوردو ( بروانە : قەناتێ کوردۆ ، نوسراوەکانی لێرخ لەبارەی

کوردەوە ، کوڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی دوهەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا سالی ١٩٧٤ ، ل ٦٤٢ ) ماموستا شـــکور موستەفا ، کە ووتارەکەی لە ئەلف وبێی کوردی لاتینیـەوە هێناوەتە سەر پیتی عەرەبی بەیەکجاری نێوی ( هالدی/خالدی ) کە دانشـــتووی کۆنی ولاتی کوردەوارین گۆریوە بە ( کلدان )یەکان ، کەدانشتووی ولاتی بابل بوون •وە نێونیشانی روســــی کتێبەکەی ( پێتر ئیڤانوڤیــچ لێـــرخ )ی لەژێر ( لێکۆڵینەوەیەك لە سەر کوردانی ئێرانیو خالدیەکانی باکوری پێشینانیان ) هاتووەو بە ( لێکۆڵینەوەیەك لە بابـەت کوردانو بابو باپیرانی کلدەکانی ئێرانی باکور ) گۆڕیوە •

لەمێژوودا نە ( کلدەکانی ئیرانی ••! ) هەبوونو نە کلدەکانیش بابو باپیری کوردان بوون ••! کورد وەکو میللەت ( بـــە کەلەپورو رەگەزو دابو نەریتی •••هتد ) دەبێت پێوەندیەکـی لەگەڵ ئەم ( خالدی )یانە ، دانشتووی هەمان ولاتی کوردەواری، هەبووبێت هەروەکو لێرخ ویستوویەتی بۆی بچێت • لەبەر ئەم راستیەش پاشماوەی پادشایانی ( خالد HALD )، بەتایبەتی ئەوەی ( مینەواس )و باوکی ( ئیشپوینی )و کورەکەی ( ئەرگشتی ) لـە رواندزو شنۆو شوێنانی دی لە کوردستاندا بەجێیان هێشتووە لەپێش هەموو شتێك دەبێت وەکو نیشانەی کولتوری ولاتــی کوردەواریو ئەرمەنستان سەیر بکرێن •

ئەم جۆرە هەڵەیە بۆتە هۆی پەیدابوونی هەڵەیەکی مێژوویی ئالۆزتر ، کە وابکات ماموستای هەڤالی بواری مێژووم دوکتور

کەمال مەزهەر ئەحمەد ( ماموستای بەشی مێژوو لە کۆلیـــژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ) هەست بەو دەستکاری‌یە نەکـات و هەمان قسە دووبارە بکاتەوە • دوکتور کەمال لە پێشەکی کتێبە وەرگێراوەکەی عەرەب شامیلوف بە ێونیشانی ( حول مسألە الاقطاع بین الکرد ، بغداد ١٩٨٤ ، ص ١٧ ) دەڵێت :

« ومن نافلە القول أن لیرخ لم یفکر أصلا فی أی هدف کولونیالی ، لذا فان مایؤاخذ علیە لیس ذلك ، انما اجتهادە فی أصل الاکراد الذی استهل بە شامیلوف کتابە • فهو یعتبر الکلدانیین فی الطبعة الروسیە من کتابە أسلافا للشعب الکردی »•

لە راستی‌دا لێرخ لە چاپی روسی‌دا نێوی ( کلدان )ی تۆمار نەکردووە بەڵکو زۆر بە روونی نێوی ( خالدی ) نووسیوە • پاشان لە هەمان لاپەرەدا ( سرنجی ژمارە ٢٦ ) دوکتور کەمال بەردەوام دەبێت ، هەرچەندە خاوەنی ئەو بیروړایانـــــــەی دەست‌نیشان ناکات بەڵام دەقەکە لەراستی‌دا هی خوا لـــێ خۆشبوو قەناتی کوردۆیە ( بروانە هەمان ووتارەکەی کوڤاری کۆر ، ل ١٤٢ ) ، و دەڵێت :

« هکذا سمی پیوتر لیرخ الاجزاء الثلاثە من کتابە مع أنـە قلما یتطرق الی العلاقات التأریخیە بین أصل الکرد والکلدانیین • وحسبما یبدو فان لیرخ نفسە أحس بسرعە الخطأ الذی وقع فیە، لذا نراە یصدر الجزئین الاول والثانی من کتابە باللغە الالمانیە تحت عنوان یختلف عن عنوانە الروسی ، فقد أطلق علیە بالالمانیە اسم ( دراسات حول الاکراد والکلدان الشـمالیین الایرانیین )

والفرق بين العنوانين ، من وجهه علميه بحته ، كبير وواضح ، وان كان العنوان الالمانى للكتاب يستحق بدوره النقاش العلمى ٠»

**کەچی د٠ کمال هەر خۆی ســـالی ۱۹۷۳ز لە گوڤاری کۆری** زانیاریدا ، بەرگییەکەم ، بەشییەکەم ، ل ٥٦٠ ناوی ئـــەم کتێبەی بەراستی نووسیوە ( پ٠ لیرخ ، دراسات حول الاكراد الايرانيين وأسلافهم الخالديين الشماليين )٠

ئەم بیروباوەڕانە لە ڕاستیدا دوورن لە مەبەســـــــتو گەوهەری بابەتەکەی پروفیسور لێرخ ، کە بەم جـــــۆرەی خوارەوەن :

۱ ـ لیرخ بە هیچ جۆرێك ، نە لە چاپی روسیداو نە لـە چاپی ئەلمانیدا کوردی نە بردۆتە سەر کلدانییەکان ، بەڵکو لـە روسیو لە ئەلمانیدا هەر وشەی ( خالدی ) بەکار هێناوە ، کـە لە بنەرەتدا ئەمە ناوە گـــەورەی خوداوەندانی ئورارتوەکانە وینەکەیشی پیاوێك بووە بە ردێنێکی درێژو لە سەر پشتی ، یـا لە سەری شێرێکی ئەفسانەییدا وەستاوەو ژنیشی بە نـــاوی ( ئەروبانی/باگبارتو ) ناسراوە ، و گەورەترین پەرستگای ئەم خوداوەندە لە وڵاتی موساسیر ( ناوچەی رواندزو بالـــەك لـە کوردستانی عیراقدا ) بووە ٠ ( بروانە : ئینســــوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی ، وشـــەی خالدی ، ئینســـوکلوپیدیای ئەمەریکانا وشەی ئورارتو ) ٠

۲ ـ لە ئەلمانیداو هەروەها لە زمانەکانی دی ئاوروپاییدا ناوی کلدان و خالدییەکانیش بە هەمان جۆر دەنووســرێت

(Chaldaen) وادیارە ئەمە بۆتە هۆی ئەو گیروگرفتە لـــەم جۆرە بابەتانەدا •

٣ ـ لە بەر ئەو هۆیەی رابوردووە،لێرخ بۆ روون کردنەوەی خودی مەبەستی بۆ کەسانێك کە لە مێژووی کۆن دەکۆلنەوە ، ووشەی ( باکور )ی بەکار هێناوە ، بێ گومان مەبەستیشـــــی باکوری میزوپوتامیایە • وە کتێبی یەکەم لە سالّی ١٨٥٦ز ، وە کتێبی دووەم لە سالّی ١٨٥٧ز ، وە کتێبی سێیەم لە سالّی ١٨٥٨ز یە زمانی روسی لە شاری پوتریسبورگ لە ژێر ئەم ناونیشانەی خوارەوەدا چاپ کردووە :

بە روسی ( لێکۆڵینەوەیەك لە سەر کوردانی ئێرانـــــیو خالدیەکانی باکوری پێشینانیان )

Lerkh P., Issledovaniya Ob Iranskikh Kurdakh i Ikh Predkakh Severniykh Khaldeyakh (Pb., Kn. I, 1856; Kn-II, 1857; Kn. III, 1858.)

چاپی ئەلمانی هەرسێ کتێبەکە لە هەمان شاردا ســــالّانی ١٨٥٧ـ١٨٥٨ز و لە ژێر هەمان ناونیشاندا ( بێ ووشـــــەی پیشینانیان ) بەم جۆرەی خوارەوە دەرکەوتووە :

( لێکولینەوەیەك لە سەر کوردەکان و خالدیە باکورەکانی ئێرانی )

Lerch P., Forschungen Uber Die Kurden Und Die Iranischen Nordchaldaen, Abt. III (3 Band), St. Petersburg 1857 - 1858.

٤ ـ لێرخ لە کاتی نێونانی کتێبەکەی‌دا بە ئەڵمانی ،هەستی بە هیچ هەڵەیەکی نەکردووە ، چونکە ئەو جیاوازیەی نیـــوان ( خالدی ) و ( کلدان )دا لای لێرخ شتێکی روونو ئاشکرا بووە و لەو کاتەوە تاکو ئیستا زۆر کەس بایەخی بەم بابەتـــە داوەو بەم جورەی خوارەوە بە کورتی رووونی دەکەمەوە •

هەول‌دان بۆ لیّ‌کۆڵینەوەیەکی زانستانە دەربـــــــارەی کەلەپوری ئەم ( خالدی )یانە پێش چاپ‌بوونی کتیبەکەی لێرخ‌دا دەستی پیّ کردووەو پلە بەپلەش هەول دراوە بۆ رێکخستــی کارەساتە مێژوویی‌یەکانی پاشایانیان و بەستنەوەی ئـــــــەو کارەساتانە بە مێژووی دەولەتی ( ئورارتو )ە بە تایبەتی و بـە کۆمەلانی هوری ، دانشـــــتوانی کۆنی ولاّتی کوردەواری‌و ئەرمەنستان ، بە گشتی ، وە ئەم کارە تاکو ئیستا پتر لە سـەد ساڵی خایاندووە • ساڵی ١٨٢٨ز پسپوری فرەنسزی J. St. Martin بۆ یەکەم جار لە شاری وان‌دا چاوێکی خشاندووە بە کەلەپوری خالدی‌یەکان‌دا ، و هەوڵی داوە پێوەندیەك نێوان ئەو نووسراوانەی وان و هەواڵەکانی مێژوونووسی ئەرمەنی موسای خورینی ( موسیس خورناتسی ) بدۆزیتەوە • ئەمەو هەرچەندە ساڵی ١٨٢٠ز کلاودیوس جیمس ریچ‌و چارلس بیللینۆ شوێنی هەندێك لەم تابلۆ نووسراوانەی خالدی‌یانیان دەست نیشـــــان کردبوو بەلاّم وەکو مارتن لیّ‌یان نەکۆلیبۆوە •

لە سالی ( ١٨٢٦ز )دا بە ریّ‌ی کومەڵی ئاسیایی لە پاریس‌دا، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا یارمەتی‌یەکی زانای گەنجی ئەڵمانی

( شولتز F. E. Shulz ) پروفیسوری زانکۆی ( گیسین )ی دا کە لەگەڵ کۆمەڵێك ناردنی بۆ ناوچەکانی سەر سنووری عوسمانیو ئێراندا ، وە لە رۆژی ٢٤ تەمموز ساڵی ( ١٨٢٧ز )دا گەیشتە شاری وان ، و لەوێدا توانی چلو دوو پارچە نوسراوی پادشایەتی خالدیان بدۆزیتەوەو بیانێرێت بۆ پاریس ، بەڵام بە داخەوە ساڵی ( ١٨٢٩ز ) لە ناوچەی جولیمێرگدا ئەم زانایە کوژراو خوشبەختانە پاشماوەی پشکنینەکانی نێررا بۆ پاریسو ساڵی ١٨٤٠ز هەموویان بڵاوبوونەوە •

لێرەدا ئەوەی پێویستە روونی بکەمەوە ئەو نامەیە ، کە کاپتن هارکنیز Captin Harkness لە لایەن میجەر سێر هینری ویلوك Major Sir Henry Willock

پێ ئاگادار کراوە ، کەوا چۆن شولتز کوژراوە • بەبێ پشکنینو بەشێوەیەکی ناراست تۆمەی کوشتنی ئەو زانایە خستۆتە ئەستۆی دانشتوانی ناوچەی هیکاریو ئەم هەواڵەی لە گوڤاری شاهانەی ئاسیایی بەریتانیدا JRAS ساڵی ١٨٣٤ز ژمارەی ١٦ بلاو کردۆتەوەو دەڵیت :

« پاش کوشتنی هیسی Hesse ، کە لەهەمان گوڤاردا کاری دەکرد ، توانیم لە پایزی ساڵی ١٨٢٩ز بچم بۆ کوردستان هیسی نەیتوانی بەرهەمی کارەکەی ببینێت ، کە هەواڵێکی دەولەمەندی دەربارەی ئاسیا تێدا بوو •

هەروەها پاش ئەو شولتز لە لایەن حکومەتی فەرەنساوە بۆ پشــکنین لە ئێراندا دەســـتنیشـــانکرا ( دامەزرا )، وە ( عەسکرخان ) حاکمی ناوچەی وورمی پێی راگەیاندبوو ، کە باوەڕ بە هاونیشتمانانی ناوچەکە نەکات ، بەڵام ئەو چـــۆوە کوردستانو لەوێدا خەڵك بەخۆشیو دڵنیایی بەخێرهاتنیان کرد ، کەچی لە لایەن ئەو درندانانەوە کوژرا » ...!

هەروەها ساڵی ١٨٥٠ز پسپوری ئاشورشوناسی ســێر هینری لایارد A. H. Layard هەندێك لەم نوسراوانــە

**کۆلیوەتەوە و بە شێوەیەکی گرنگ راولینسون لەهەمان کاتدا**

وای روون کردبۆە کە زمانی ئەم نوسراوە مێخیەیانەی شولتز جیاوازن لە نوسراوە مێخیەکانی ئاشورو بابل . لەبەر ئـەمـە راولینسون زمانی ئەم نوسراوانەی نا بە زمانی ( میـــــدو- ئاشوری ). دوا بەدوای ئەم هەمە جۆر نێو بۆ ئەم زمانە پەیدا بوو ، وەکو ساڵی ١٨٧٢ز لینورمانت نێوی نا بە گورجی ، و ساڵی ١٨٧٣ز موردتمان نێوی نا بە ئەرمەنی ، هەروەها روبیرت ساڵی ١٨٧٦ز کردی بە سامی . بەڵام پاشان ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە تابلۆیانە دۆزرانەوە تا گەیشتە ٥٨ پارچە و تیایاندا بە نێو بانگترین پارچە نووسراوەکانی کێلەشین و توپزاوە بوون لـــە کوردستاندا ، کە پادشای خالدیان ( مینەواس کوری ئیشپوینی ) بە زمانی ناوچەیی کۆنی خالدی باسی کردەوەکانی خۆی دەکات لەو ناوچانەدا .

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا هەندێك لە پسپورانی ئەرمەن وایان بلاو کردبۆە کەوا زمانو کولتوری ئەم خالـــــدیو

ئورارتوانە پێوەندیەکی توندیان لەگەڵ ئەرمەنیدا هەیە ، هۆی ئەم دیاردەیەش تەنها بڵاو بوونەوەی ئەرمەنی‌یەکانە لە نیشتمانی خالدی‌یانەکاندا ، هەروەکو چۆن کوردیش لە زۆر شـــوێنی ئەماندا سەریان هەڵهیناوە •

دەتوانین هەست بەوە بکەین کە شاری وان ( توشــپە ) ناوەندی وڵاتی خالدیان بووە ، لەبەر ئەوەیشە هەندێـــــک پاشماوەی چینی دەستەڵاتداریان بە زۆری لەوێدا بە دەرکەوتووە، وەکو چەند قەلغانێکی نەخشدارو نوسراو و چەند مەنجەڵێك و زۆر شتی دی کە ساڵی ١٨٧٧ز لایاردو د• رانیولدزو کاپتـــن ئەمیلیوس کلایتون قونسولی بەریتانی لە شاری واندا هەندیکیان کریونو ئەوانەی دی کە لە ( تۆپرەك قەڵا )دا دۆزراونەتەوە لـە بازاری جیهانی‌دا فروشراون •

ساڵی ١٨٩٣ز ، م • ف نیکولسکی‌ی ئاشورناسو أ•أ• ئیڤانوڤسکی‌ی ئەرکیولوژ توانیان لە رووی باکوری چیـــای ئارارات‌دا ، نزیك ( تاش‌بروون ) چەند شوینەوارێکی ئـــەم خالدی‌یانە بدۆزنەوەو وای بۆ چوون کە ئەم شوێنە قـــەلای ( مینیەواخینیلی ) واتە ( قەلای مینەواس )ە بووە •

جا بۆیە ساڵی ١٨٩٨ز ، ئەکادێمیای وڵاتی پروسیا زانا ف• لێهمـــــان F. Lehmann ( کە پاشان بە نێوی لێهمان هاوپت Lehmann - Haupt ناسرا ) لەگەڵ و• بیلك W. Belck ناردۆتە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتورێتی عوثمانی بۆ ئەوەی

ئەم زانایانە نوسراوەکانی خالدی‌یەکان کۆ بکەنەوەو ریکیـــان بخەن • لەم کاتەدا کلایتون ، قونسولی بەریتانی لە شاری واندا، بەرهەمی لیهمان هاوپت و هاوریکەی روونووسی کردوە و ئیستا وان لە موزەخانەی بەریتانی‌داو هەندیك لە ئەنجامی ئەو هەوڵە لیهمان هاوپت خۆی بڵاوی‌کردبۆە

L. Haupt., Armenien Einst und Jetzte - Berlin 1910-30

بەڵام بە داخەوە لیٚ‌کۆڵینەوەکانی دی ئەم پسپورە دەربارەی میژووی خالدی‌یان تاکو ئەمرۆ بەبیٚ چاپ هیلراوەتەوە ، تەنهـــا ئەوە نەبیت کە ساڵی ١٩٣٥ز پاش مردنی هەندیك لە کارەکەی چاپ‌کراوە •

بە گشتی لە دوای شەری جیهانی یەکەم‌دا ئەم بابەتە لـــــە ئەوروپادا زۆر بایەخی پیٚ نەدراوە ، بەڵام A. H. Sayce ساڵی ١٩٢٥ز بە ئینگلیزی هەندیك شتی لە سەر نووســـیوە ، کەچی روسەکان لەم کاتەدا پتر بایەخیان بـــــەم بابەتە داوە و ئەوانەی نیودارن لەم بوارەدا ئوربیلـــی I. A. Orbeli و مـــــــــار N. Y. Marr و چەند کەس دی‌یە •

ئوربیلی توانی لە شاری ( توپرەك‌قەلا )دا بەردیـــــکی گەورەی پەیکەرگایەك بدۆزیتەوە کە بە ( خەزینە قاپوسی ) نیو بانگ بووە لە سەر قەلای شاری واندایە • لە سەر ئـــــەم پەیکەرگایە هەندیك هەواڵی ( ساندوری دووەم ـ پادشـــای ئورارتو ) تۆمار کراوە • پاشان چەند پارچە نوسراویکی‌دیـــان

دۆزیوەتەوە کە پێوەندی بە ( ئەرگیشتی کوری مینەواس )ەوە هەیە • یەکەم جار وەرگیرانی ئەم نوسراوانە ساڵی ۱۹۲۸ز لە لایەن ( تسیریتیلی ) لە هایدلبێرگدا کراوە ، پاشان چەند پسپورێکی ئەمەریکی بایەخیان بە مێژووی ئورارتو داوە •

گرنگترین روداو لە لێکۆڵینەوەکانی مێژووی خالدیاندا، شیکردنەوەی نووسراوەکەی ( مینەواس )ە ، کە لە کێلەشیندا لە نێوان سنووری عیراق و ئێراندا لە لایەن گوتز A. Goetze بینرابۆەو فریدریك J. Friedrich رێزمانەکەی کە سایك Sayce خەریکی بووبووشیی کردۆتەوەو هەندێك لە دەقەکانی وەرگێراوە ، پاشان نزیکایەتی زمانی خالدی لەگەڵ ئورارتوییو هوریدا لە لایەن ( سپایزەرو فریدریك )ەوە روون کراوەتەوە بروانە وەرگیراوی ئەم نووسراوە لە :

W. C. Benedict, The Urartian - Assyrian Inscription of Kelishin, JAOS 81, 1961, PP. 359-85

نووسراوەکە لە راستیدا بە دوو زمان نووسراوە ( خالدیو ئاشوری ) و سەردەمیشی دەگەرێتەوە پێش ساڵی ۸۱۰ پ•ز و لە لایەن ئیشپوینیو کورەکەی مینەواس لەوێدا چەسپێنراوە • ئیشپوینی لە نووسراوەکەیدا دەڵێت :

( ئیشپوینی پادشای مەزن ، پادشایجیهان ، پادشاینایری •••هتد ) لە دەقی خالدییەکەیدا لە جیاتی نازنێوی پاشین ( پادشای نایری ) دەنوسێت ( پادشای بیاینا سەرۆکی شاری توشپە ) • ( بروانە وێنە ژمارە ۱ ) •

ئەم دوو پادشا خالدی‌یە بایەخیکی تایبەتی‌یان بە ناوچەی موساسیر ( ناوچەی رواندزو بالەك لەکوردستان‌دا ) داوە ، کە بێجکە لەوەی بەشێك بووە لە دەولەتەکەیان ، مەلبەندی پیروزی خوداوەندی گەورەیان خالدی ( ئالدی - بە شێوەی ناوچەیی ) بووە • لەم دەقە نووسراوەی کێلەشین‌دا هەر دوکیان باسی ئەو خزمەت‌و کارو کردەوە ئایینی‌یەیان لە پەرستگای ئەم خوداوەندەیان کردووە ، و هەندێك نەقش‌و پەیکەری گیان‌لەبەرو گولدان‌و کولەکەی مسیان لەوێدا بە جێ‌هێشتووە • ئیشپوینی لە کێلەشین‌دا ویستوویەتی لەوەرگایەکی پیروز بۆ خوداوەند ( خالدی ) دروست بکات کە بەو زمانە ( بورگانانی ) پێی گوتراوە ،و هەروەها ئێوی موساسیر بە شێوەی ( ئەردینی ) واتە ( شاری خوداوەندی بچوك ئەردی ) بووە ، ئەم خوداوەندە لە پاڵ خوداوەند ( شڤینی‌و تەیشیبا )دا لەگەڵ نزیکەی شەست‌و نۆ خوداوەندا پەرستراوە ، و شیوەی پەرستنی ئەم خوداوەندانە لە لایەن ئیشپوینی‌و مینەواس‌دا لە سەر بەردێك روون کراوەتەوەو لە ناوچەی ( میهرقاپوسو )دا لە تورکیادا لە سەر ( زمزمداغ )دا نزیك شاری ( وان ) دۆزراوەتەوە • لە لایەکی‌دی‌یەوە ئیشپوینی‌و مینەواس لە ( ئەنزەڤور تەپپە )دا کە کەوتۆتە باکوری وان لە سەر رێی پەتنوس - قەرەقوش‌دا نزیك شاری ئالودیری ، پەرستگایەکی تایبەتی‌یان بۆ خوداوەندی گەورەیان ( خالدی ) دروست کردوە بێجگە لەو قەلایانە کە لە دەوروبەری ناوچەی ( زڤستان )دا لە خوارووی رۆژهەلاتی وان‌داو هەروەها لە ( ئەنزەف )دا لە سەرووی رۆژهەلاتی وان‌داو

له سەر ڕێگای شاری ( خۆی ) لە دیوی ئێراندا ( واتە لە ناوچەی شکاك )دا کردوە • ئەمەو بێجگە لەو بەردە نووســـراوانەی ئیشپوینیو مینەواس کە لە ( قەلعەتگاە ) لە گۆشەی خوارووی ڕۆژئاوای گۆمی وورمێدا ( ناوچەی شنۆ ) و پەیـــکەرەکەی ( قەرەگوندوز ) نزیك گومی ئەرچەك کە تیایاندا باســـی هیریشەکانیان بە سەر ولاتی ( مەیشتا ، کوا ، شاریتو ، ئینگیبی ) لە خوارووی گۆمی وورمیدا دەکەن و ئەســپی چاكو ئاژەلی باشیان لەوێدا دەست کەوتووە •

مینەواس لە کۆتایی سەدەی نۆو لە سەرەتای ســـەدەی هەشتەمی پێش زایندا ناوچەکانی ڕۆژئاوای گۆمی وورمێ تاکو روژهەلاتی داگیرکردوە ، واتـــە فەرمانڕەوایی ( ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کێلەشین تا دەگاتە حەسەنلو و تاشتەپپە کە دەشتی سەلدوزو شنو دەگرێتەوە ) کردووەو تاکو ئیستا هەندێك لـــەو نێوانە کە لەو نووسراوانەدا مینەواس تۆماری کردوون لـــە کوردیدا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە وەکو موســـیر ، کە ئەمرۆ بۆتە ( موجیسر ) و دەکەوێتە ١٨کم سەرووی شـــاری رواندزەوە لە کوردستانی عیراقدا ، و لـــە ڕۆژئاوای گوندی تۆپزاوەیە ، کە لە کاتی خالدییاندا بە ( تۆپزە ) بە نێوبانـــگ بووە •

موساسیر کۆنترین مەلبەندی هۆزانی خالدییان بـــووە بێجگە لەوەی کە پیرۆزترین زیارەتگاهی پاشـــایانیان بووە ، پەرستگای خوداوەند خالدیو ئاروبانیی ژنی کە لە سەردەمی

کوچ کردنی هۆزانی مادەکاندا بۆ ئەم ناوچانە نێوی (باگبارتو)ی جێی ئاروبانی وەرگرتووە هەر لەوێدا بووە •

لە لایەکی دی یەوە ئەو رێگایەی کە دەچێتە خـــوارووی ( چیای ئارارات )ەوە ( ناوچەکانی ئەسکی دوغو بایەزید تاوەکـو روباری ئاراس ) بە نێوبانگن بە چەند قەلایەك کە مینەواســـن دروستی کردوون • و هەروەها لە ( باشبولاق دا ) مینــەواس بنکەیەکی لەشکری خۆی دروست کردووە دیسان نێوی ناوە بە ( مینەواخینیلی ) واتە ( مینەوا بورگ )، ئەمە بێجگە لەوەی لای ( چولەگرت ) نزیك ( تاش برون )و لە ( گورزیت قەلا ، مورادیە، قەرەخمانو ئەنزەڤور ) کە هێشتا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە •

لە شاری ( پالو )داو لە قـــەراخ روباری مورادصودا ، مینەواس پارچە نووسراوێکی بۆ بەجێ هێشتوینو تێدا بـــە رِوونی باسی هێرشی خۆی دەکات بۆ سەر ولاتی ( شیبیتیریا ) کە لەو سەردەمەدا ئەم نێوە نێوی شاری ( پالو ) بووەو لەوێـــدا پەرستگایەکی گرنگی خوداوەندی خۆی ( خالدی ) کردووەو پاشان زال بۆتە سەر هیزی ناوچەکانی ( خوزانا وسوپا ـ واتـە سوفینی سەردەمی رومانەکان ) لە قەراخی روباری فوراتدا کە بەرامبەر شاری ( مەلاتیە ) بووە ، بەم جۆرە ســــــنووری دەستەلاتداریتی مینەواس گەیشتۆتە خاکی ( هیتی یەکان ) •

لەبەر ئەو سەرکەوتنانەی مینەواس ، دوای پەرینەوەی لای ( ئیزۆلو )، سەرۆکەکانی ( میلیدی ـ مەلاتیە ـ و شولیخەوالی ) رێزی خۆیان بەرانبەر پادشای خالدی یان پێشکەش کردووە ، هەوالی ئەم کارەساتە وهیرشەکانی دی سەر شــــــارەکانی

( شوریشیلی-نی-و تەرخیگاما-نی-و تورا-نی ) لە سنووری هیتی‌یەکاندا و پاشان داگیر کردنی شارەکانی ( کالیبیلیا-نی-و ئارپوئیا-نی- لە ئوسوسوا-نی-دا و خولمیرو-نی- لە شوبریا [ سوبارتو ]دا و ئیرو-نی-و کیرپونو-نی-و ئولیبا-نی-و دیرگووئیشالا ) تاکو ( کومینو ) لە سەر سنوری ئاشوردا ، مینەواس هەمووی لە سەر بەرد تۆمار کردووە .

لەم سالانەی دواییەدا ( نێوان ١٩٥٠-١٩٧٥ز ) بە توانای چەند کەسێك وەکو C. A. Burney وهەروەها دەزگەی ئەرکیولوژی تورکیا چەند پاشماوەی ئەم خالدیانەیان لە شاری وانو ئەرزروم‌و توپرەك قەلا و ئالتون تەپە و چاوش تەپەدا دۆزیوەتەوە .

سالی ١٩٦٠ز لە سوڤییتدا چەند کەسێك هەوڵی داوە لەم بوارەدا بکۆلیتەوە وەکو پتروفسکی :

B. B. Piotrovsky., Vanskoye Tsarstvo. Moscow 1959

سالی ١٩٦٧ ئەم کتێبە وەرگێڕاوەتەوە ئینگلیزی لە ژێر نێونیشانی

B .B. Pitrovskii, Urartu : The Kingdom of Van and its Art, translated by P. S. Gelling, London 1967.

وە لە هولەندادا سالی ١٩٦٦ز دەربارەی هونەری ئورارتو کتێبێکی باش لە لایەن ماورتیس لۆن چاپ کراوە :

Maurits N. Van Loon : Urartian Art, Netherlands Historical - Archaeological Institute, Istanbul 1966

**ئەرکیولوژی ئەلمانیاوە وبە شێوەیەکی تایبەتی بەشێکی ئەو ئەنجامەم لەهەمان سالیدا دەستکەوتووەو لە باسێکی تایبەتی‌دا بلاوی دەکەمەوە .**

W. Kleiss ...... German Institut of Archaeology 1975.

**له تاران‌دا پاشـــــماوی ٧٧ مه‌لبه‌ندی جی‌نشینی ده‌وری** خالدی‌یان کۆ کراوه‌ته‌وه به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی ( هه‌فتــــه‌وان‌و **به‌ستام ) که له لایه‌ن بورنی‌و کلایس ســالأنی ١٩٦٨-١٩٦٩ز** دوزراونه‌ته‌وه

W. Kleiss, Bercht uber Zwei Erkundungsfahrten in Nord-west Iran, Archaeologische Mitteilungen aus Iran, Band 2, 1969

ئه‌مرۆوا باوه ، که ئه‌نجامی ئه‌و پشـــکنینانه‌ی زانکوی پنسیلڤانیا له ژێر چاودێری R. Dyson له ( حه‌ســه‌نلو )دا - ئیران - نیشانه‌ی که‌له‌پورێکی خالدی‌یانی زۆر گرنگی سه‌ده‌ی نۆی پێش زایین به ده‌ر خستووه‌و له‌گه‌ڵ که‌له‌پوری موساسیردا **یه‌کتری ته‌واو ده‌که‌ن وزمانی تۆماره‌کان هیچ پێوه‌ندی به زمانه ئێرانی‌یه‌کانه‌وه نی‌یه •**

له سوڤییت‌دا نێوان سالأنی ١٩٦٠ز تاکو ١٩٧١ز زانـای گورجستان ملکشڤیلی به روسی له‌م بابه‌ته کۆلیوه‌ته‌وه‌و ئــه‌و ده‌قانه‌ی که شی‌کردوونه‌ته‌وه گه‌یشتوونه‌ته ٣٧٠ ده‌ق‌و زوربه‌ی پێوه‌ندی به‌وانه‌ی ( سایك ولیهمان هاوپت )ه‌وه هه‌یه •

به گشتی ژماره‌ی ئه‌و تابلۆیانه‌ی خالدی‌یان ( ئورارتو ) که ساڵی ١٩٧٣ دۆزراونه‌ته‌وه ، چ له تورکیاو ئێران‌و چ لــــه ئه‌نجامی پشکنینه‌کانی ده‌وروبه‌ری گۆمی وورمێ له لایه‌ن کلایس ساڵی ١٩٧٥ز چاپ‌کراوه به یارمه‌تی ئینســـــتیتوتی سوڤییت‌دا گه‌یشـــتونه‌ته ٢٣ تابلۆ ، له کاتی پشـــکنینی ئه‌م شوینه‌وارانه جۆره نووسراوێك بینراوه‌ته‌وه که له نزیکه‌ی ١٠٠ نیشانه پێك هاتووه‌و تاکو ئیستا نه‌خویندراونه‌ته‌وه •

پاش ئەم راستیانەی سەرەوە دەبێت نووسەرانی مێژووی کوردستان بایەخێك بە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی مێژووی دانشتوانی کۆنی سەرووی میزوپوتامیاو رۆژهەلاتی ئاسیای بچوك و چیاکانی زاگروس بدەن تا نێوی ( خالدی ) تێکەڵی نێوی ( کلدان ) نەبێت وە یا دەبێت ووتەکانی د. پاکزە رفیق حلمی وەکو هەوالێکی مێژوویی بە گومان سەیربکرێت کە دەڵێت « ئاشکرایە لە کوردستاندا یەکەم زمان بە ناوی ئارییەوە ناسراوە کە زمانی خوریو میتانیە ..هتد » پاشان دەڵێت « واتە زمانی ئاریایی کۆن لەگەڵ حیثی دوو شێوەی دیکە زمانێکی لە خۆیان کۆنترن . ئیمجا ئەو دایکە زمانە بە لای منەوە دەبێ زمانی ئەو کۆمەڵانە بن کە لە یەکەم پلەی ژیانی کۆمەلایەتیو شارستانی لە شاخەکانی قەفقاسو زاگروسو ئاراراتدا ژیاون » . ( بروانە کوڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١١٢ ، بەغدا ١٩٨٧ ، ل ١٠٤ ، ١١٢ )و ئەو هەموو پسپورانە ، کە تابلوکانی خالدییان یاهورییان خوێندۆتەوە هیچکامیان دانیان بەئاریایی ئەو زمانانەیان نەناوە . ( **بروانە لێکۆلینەوەکانی ملیکششڤیلیو دیاکونوف دەربارەی زمانی خوری ) .**

لە ژێر تیشکی ئەو لێکۆڵینەوانە تاکو ئیستا هەندێك لە پسپورانی دی وای بۆ چووبوون کەوا زمانی ( خالدی ـ خوری ) بەشێکە لە زمانە ( کەرتیڤالی )یەکان بەلام زمانی کوردی دەکەوێتە بەر زمانە هیندوئەوروپاییەکان .

بروانە :

Melikishvili G.A., Urartskii Yazik, M. 1964

Diakonoff I.M., Hurrisch und Urartäisch. München 1972

König F.W., Handbuch der Chaldischen Inschriften. Graz 1955 - 1957

لەگەڵ ئەو جیاوازە زمانەوانی یەشدا ، ئەم خالدی یانە ( خوری یانە ) کە دانیشتووی کۆنی وڵاتی کوردەواری بوون ، دەبێت بە هەر جۆرێك بێت پێوەندیەکی مێژوویی یان لەگەڵ کوردەکان دا هەبێت ( بۆ ئەم بابەتە بروانە : باسیل نیکیتین ، کوردەکان ، بەشی یەکەم ، ل ٧ لە چاپە فرەنسزیەکەی و ل ٥١ لە چاپە روسی یەکەی • ) لە لایەکی دی یەوە ئەو پێوەندی یە مێژوویی یەی ( خالدی و کورد ) دەبێت بخریتە ژێر تیشکی زانست ، کە بە شێوەیەکی ناراست بۆتە هۆی ئەوەی چینی دەستەڵاتدارانی کورد لە سەدەکانی پێشوودا لە ناوچەکانی ( پالوو بۆتان و دەرسیم )دا خۆیان بە هەڵە نەوەی سەرداری ئیسلام ( خالد بن الولید ) بزانن ،و هۆی ئەمەش تەنها دەگەڕێتەوە نێزیکایەتی هەر دوو نێوی ( خالد و خالدی )، کە لە بنەرەتدا یەکەمیان نێویکی عەرەبی یەو دووهەمیان نێویکی هوری یە (بڕوانە درێژەی ئەم بابەتە لە سرنجی ١٠ لە بەشی دووەمی ئەم پێشەکی یەدا ) ، بۆیەش وڵاتی کورد لە سەدەی دەهەمدا[1] بە نێوێکی کۆن ( خالدیا ) ناسراوە •

[1] لەکۆتایی دا دەبێت بڵێم کە نێوی چواردەمین هەرێمی رۆم پاش ئەرمینیا لە کتێبی ( حدود العالم )دا خالدیایە • بروانە :
Hudud al-Alam, Translated and Explained by V. Minorsky. L. 1937, P. 156.

سەرەرای ئەم دیاردانەش ، جاری واش هەیە نێوێك لە مێژوودا ، کە خەڵکی ناوچەیەك بەکاری دەهێنن هەڵهاتنی و پەیدابوونی لە نێوی بنەماڵەیەکەوە بووە نەك لە نێوی هۆزێکەوە • لەلایەکی دیەوە گۆرینی زمان بەزۆری مانای گۆرینی سروشتی خەڵکی یەك شوێن و نەرێت و فەرهەنگ بە

ڕێی دەستەڵاتداریتی بێگانەوە نی‌یە ، چونکە بەرێکەوت لە مێژوودا بینراوە ئەوانەی ، کە زۆردارو زاڵبوون توانیبێتیان هەموو ئەندامانی هۆزێکیان لەناوبردبێت • بەوێنە لەکوردستاندا ( ئانوبانینی ) پاشای لولوبیان لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا دەبێت واتای نێوی خۆی زانیبێت‌و باوەریشی بەخوداوەندی سومەری ( ئانو ) هێنابێت ( لە کاتێکدا ئەگەر نێوەکە پێوەندی بەخوداوەندی عیلامی هومبان/ئوممان نەبێت) وە لە هەمان کاتیشدا دەبیت زمانێکی ناوچەیی ( لولوبی ) زمانی زگماکی خۆی بوویێت• بەهەمان جۆر لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا دیسان لەوانەیە کابرایەك نێوی ( میترادات ) بوویێت باوەری بەخوداوەندی ( میترا ، میثرا ، میهرا ) هەبوویێت ، کە لە لای میتانیان‌و هیثی‌یان‌و مادەکانەوە پەرستراوەو لە هەمان کاتدا بە زمانێکی هوری قسەی کردبێت • ئەم دیاردەیە لای ( گوتی )یەکان و (ماننایی )یەکانیش بەدیاردەکرێت‌و هەروەها لە بەلگەنامەکانی هەوراماندا بەر چاودەکەوێت • دۆزینەوەی شێوەی ئەم زمانانەو مانای ووشەکانیان هەروەکو مێژوونووسی سۆڤییتی دیاکۆنۆف دەڵێت « کارێکی زانستانەی زۆر گرانە[٣] » ، چونکە هەریەکە لەم زمانانەو ئەو زمانانەی عیلامی‌و ئاشوری‌و سومەری ، کە هەوالەکانیان بەرێگایان پێمان گەیشتوون ، دەگەرێنەوە گروپە زمانێکی جیاواز لەیەك ، چ بە وشەوەو چ بەرێزمانەوە • لەلایەکی‌دی‌وە هەندێك لەم زمانانە ( وەکو زمانی مادی ، ئەسکتی ، کیمیری ، هەخامەنشی ، پورتی، ئاڤێستایی ، سانسکریتی ، یونانی ، لاتینی •• •هتد ) لەپلە

سەرەتایی‌یەکانی مێژوودا ووشەکانیانو جۆری دارشـــــتنی
رستەکانیان زۆر لەیەك دەچن ، بەڵام بە پێی ناوچە سەردەمی
مێژوویی ئەو ناوچەیە دەتوانرێت خاوەنی ئەو نێوو ووشانــە
بزانرێت •

بەوێنە هۆزی ( ئاساگارتیا )ی مادی ، کە نێوەکەیان بــە
واتا ( بەردتاش )ە سەرگونی ئاشوری کاتێك کە هێرشی بردۆتە
ناوچەی ( گیزلبونده ) وولاتی ( مانا )و ناوچەکـــانی مـادە
بەهێزەکان ( دەوروبەری تەتەو چای ئەمرۆ ) لەگەڵ ئەم هۆزەدا
رووبەروو بووە و نێویان بە شێوەی ( زاگیرتو ) تۆمار کردووە
[ بروانە ئەم تابلویە لە

D. D. Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, Chicago 1926, Vol. II P. 149 - 150] ; [R. N. Frye, The Heritage of Persia, Cleveland 1963, P. 67]

وە لە کاتێکی درەنگتردا بە پێی نووســــــراوەکانی دارای
هەخامەنشی لە بێستوندا ئەم هۆزە لە دەوروبەری ئەربیــــلا
( هەولێر )دا بلاوبوونەتەوە، پاشان چیاکانی زاگروت (زاگروس)
بەنێوی ئەمانەوە نراوە • ( بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ،
بەشـــــی یەکەمو دووەم ( LAR I, 784 ' 811, II, 147
نێوەکە لە بنەرەتدا ( ســــــەنگ - رووت ) بووە ، کە برگەی
یەکەمی هێشتا لە زمانی کوردی‌دا هەر باوە بە تایبەتی لە نێوی
توپونومی‌دا ( وەکو سەرسەنگ ، سەنگەســـەر •••هتد ) ،
ووشەی ( رووت ) دەبێت هەر ( رووت کردنەوە ) بێت وەکـو
بـکەرێك ( فاعـل ) بەکـار هاتبێـت • وا دیـارە ئـەم نێـوە

ئوتنونومیکی‌یە ، کە لای یونانی‌یە کۆنەکاندا بە شـــــێوەی ( زاگروس )بووە [ بروانە کتیبەکەی ســــترابون ژمارە ١٦ ]
[Strabo, Geography XVI]
وە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە واتایەکی توپونومی‌و جوگرافی بەکار هاتووە و پاشگریکی یونانی هاتوتە سەر ، شێوە ئاشوری‌و بابلی‌یەکەی ( زیگورتو - زاگروتی ) بووە •

بەم شێوەیە بەلگەی زمانە کۆنەکانی ناوچەیی ولاتـــــی کوردەواری زۆر کار دەکاتە سەر چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئالۆزاوی ئەو کەسانەی کە بە شوێن مێژووی ئەو رۆژگارەدا بە پەرۆشن وە کەسانێك دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی‌یان کردبێت‌و توانای شی‌کردنەوەی زمانەوانیان نەبووبێت ، یاخود هەر زمانێکی دیان نەزانیبێت و هیچ بەلگەیەکی زمانەوانیان لـــە بەر دەســـــتدا نەبووبێــت ئـــەوا بــەر هەمە کانیــان بـــە هەژاری‌و بەهەتیوی دەناسرێت و هیچ ســوودیکیش بە مرۆڤ ناگەیەنێت •

هەندێك جاریش ئەگەر هات‌و بەلگە بەدەستەوە نەبوو ، بەپێی شی‌کردنەوەیەکی ئیتەمولوژی دەگەینە ئەنجامی ئـــەو گیروگرفتانە ، دووریش ناکەوین لەزانست ئەگەر بلێین زمـان هەبوونێکی زیندووە ، دەگەشێت و دەگۆرێت‌و پێش دەکەوێت بەپێی باری کات‌و شوێن‌و گۆرینی شێوەی ژیانی مـــرۆڤ‌و تێکەڵاوبوونی کولتوری میللەتان • ئەو شێوەی زمانانەش کە لە مێژوودا پەیدا دەبن‌و نیشانەی ئەو گەشانەوەو گۆرینەن بـــە چەند پلەیەکدا تێ دەپەرن و بەسێ جۆر پەیدا دەبن :

١ ـ لە سەرەتادا یا دەبێت ئەو شێوەیە زمانێکی سەربەخۆی هۆزێك بوو بێت بە دوورکەوتنەوەی تیرەکانی ئەوهۆزەو تیکەڵاوبوونیان بە خیلی میللەتانی دیدا شێوەکانی دیی ئەو زمانە پەیدا بووبیتو پاشان ئەگەر نەفەوتابن ، هەر یەکەیان زمانێکی سەربەخۆیان دروست کردبێت وەکو لە زمانێکی سلاڤیەوە ، روسیو چیکیو سربیو بولگاریو مەکەدونیو سلوڤینیو پولونی سەر هەڵهێناوە •

٢ ـ زمانێك دێتە کایەوەو بە سەربەخۆیی قسەی پێ دەکرێتو دەبێتە زمانی نەتەوەیەك ، لە بنەرەتدا لە چەند شێوە زمانێکی جیاواز لەیەك پێك هاتووە لە بەر زروفێکی سیاسیو لەشکریدا سەری هەڵهێناوەو زمانی ( قوزاق )ەکان باشترین نمونەیەتی •

٣ ـ هەندێك جاری وا هەیە کە شێوە زمانێکی ئایینی پیرۆز لە کاتی گەشانەوەدا شێوەکانیدی یا زمانانی دی دەفەوتێنێت وەکو عەرەبی سەبارەت بە ئارامی • لەم بوارەدا مێژوونووس دەبێت ئەم گیروگرفتانە شی بکاتەوە وپێوەندیو جیاوازی زمانەکان روون بکاتەوەو بتوانیت ریشەی یەکگرتووی چەندزمانێك بە دیار بکات •

لە سەردەمە کۆنەکاندا هۆزەکانی ماد ، کە لە لایەن هیرودوتەوە نێوەکانیان تۆمار کراوە و هەر وەها هەمان گروپە نێویش لە نووسینە مێخیەکانی بیستوندا دووپات کراونەتەوە ئەوەی بۆ روون کردوین کە هۆزی ( ماگ )ەکان لە ناویاندا

سەرپەرشتی لایەنی روحی ( ئایینی ) نێو هوزەکانی تریان کردووە[٤] ، و ئەو بیروباوەرە پیرۆزە کۆنانەی هوزەکانی هیندوئاوروپی بە نێوی هۆزی ( ماگ )ی مادەکانەوە لە کاتێکی درەنگدا تۆمار کراوە ،و ئەگەر ئەو نوسینانەی ئاڤێستا لە بارەی مادەوە راست بن ، دەبێت زمانی ئاڤێستا ( بەتایبەتی گاتەکان ) بە زمانی ماد دابنێین ،و بە پێی تۆمار کراوەکانی پاشایانی ئاشور دەتوانین بە روونی ئاگامان لە بڵاو بوونەوەی ئەم هۆزانە و لەگەڵ نێوی سەرۆکەکانیان بێت ، وە ئەمرۆ ئاڤێستا زۆر بە باشی لێك دراوەتەوە ،و کەرەسەیەکی زمانی زۆری تیایە ، بەم جۆرە پێویست ناکات بە شوێن زمانێکی ( ماد )ی تایبەتی دی بگەرێین ، کە بە هیچ جۆرێك تواناى دەستکەوتنی نی یە ، چونکە وادیارە زمانی تۆمارکراوی مادی ، کە ئەمرۆ لە بەر دەستایە ، تەنها زمانی ئاڤێستایە • ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، کە مادەکان شێوەیەکی دیان نەبووە ، بە تایبەتی ئەو شێوەیەی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتوریتی ماد ، کە سەدەو نیوێك لە کارگێری دەولەتەکەیان بەکار هاتووە• بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی ئاڤێستای کۆن چەند دەقێکی پیرۆزی پێ نوسراوە لەلایەن هەموو چینەکانی کۆمەل خزمەت کراونو پارێزراون ( لەگەڵ ئەوەشدا گۆرینێکی دیاری بەسەردا هاتووە بە تایبەت نێوان ساڵانی ٥٥٠پ.ز-٢٢٦ زاییندا )• ئەمرۆ ئەو نێوو کردارو ئامرازانەی زمانی ئاڤێستا کە بەریگای پیرۆزیان لەکوردیدا ماونەتەوە و پێوەندیان بەشێوەیەکی زمانی ( ماد )یەوە هەیە دەبێت کەوتبێتە ژێر کاریگەری زمانانی پورتو پەهلەوی

ساسانیاندا • و هەروەکو دیاکونوف دەڵێت : « ئەم زمانـــی ئاڤیستایە گرنگترین زمان بووە لە مادی کۆندا ، بایەخی بووەو پێوەندی بە زمانە هیندو – ئاوروپایی‌یەکانەوە هەبووە ، وە نابێت ئەم زمانە بە زمانی پارسی دابنرێت ، کە زانراوترین زمانـــی ئێرانی‌یە[٥] » •

ئەو تێکەڵاویەی ووشە نێوان مادی‌و پارسی‌دا وای کردووە بە یەك زمان بزانرێن • لە راســـتیدا زمانی پارســـی کۆن ( هەخامەنشی ) زۆر ســـوودی لە زمانی مادی وەکو زمانێکی ئایینی پیرۆز بینیوە ، چونکە هەر لە سەدەی هەشتەمی پ•ز مادەکان دەستەڵاتدارێتی خۆیان بەســـەر ناوچەکانی رۆژئاوای ئێراندا نواندووە لەپاڵ ئەوەی ، کە زمانی ئایینی‌بووەو پاشان بۆتە زمانی ئیمپراتورێتی ماد • لە بەر ئەمەیشە هیندێــك لــە مێژووناسان وای دەبینن ، کە « ئەنجامی لێکدانو لێکۆڵینەوەی زمان‌شوناسی دەرکەوتووە ، کە زاراوەی ئیداری‌و دەوڵەتـــی لەوێنەی ( **خشای‌تی ،شەهراب ،فارنا ،باگا ،برەیزمەن ،زورە•••** هتد ) کە واتاکانیان ( دانشتووی سەرتەخت ، ولایەت ، هێزی بەربەیان یا شانازی شاهانە ، خودا ، پیروز ، زۆری •••هتد )لە زمانی هەخامەنشیدا گشـــتیان بنچینەیەکی مادییان هەیە[٦] ، هەندێکیان لە زمانی کوردی ئەمرۆدا بەکار دێن •

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ووشانە و هەروەها زۆر ووشەی ئەو زمانانە کە پێش مادەکان لە کوردستاندا قسەیان پێ‌کراوە لـــە هەندێك زمانانی ئەمرۆی رۆژهەڵاتدا بەکـــار دێن بەبێ ئەوەی

هەستیان پێبکرێت چونکە رێزمانی ئەو زمانە کۆنانە تێك چووە و لەسەر میراتی لێکسیکولۆژیاکەیان زمانانی ئەرمەنیو کوردیو تاتیو تالیشیو فارسیو تەنانەت تورکیش پێی دەولەمەند بووەکە هەر یەکە لەمانە لە پلەیەکی تایبەتیدا سەربەخۆیی خـــــۆی وەرگرتووە •

بە ووشەیەکی دی دەتوانرێت بگوترێت زمانی ئاڤێستا لە کوردستاندا هەمان رۆڵی زمانی سومەری لە عیراقدا هەبووە وەیا هەمان رۆڵی زمانی عەرەبی لەنێو ولاتانی ســـەرووی ئافریقادا هەبووە ، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم زمانە پیرۆزەی مادان خەتو نوسینێکی تایبەتی هەبووبێت ، گرنگیش نییە ئەو شێوە نوسینە لە بنەرەتدا مادی نەبووبێت • بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە ئەو شێوە نووسینە هیروگلوفییەی قاپە زێرینەکەی شاری سـەقز ( لە ســـەردەمی مانناییەکانەوە ) دەبێتە باشـــترین بەلگە ، و شێوەیشی زۆر لەو نوسینە هیروگلوفییە دەکات ، کە لە ولاتـــی هیتییاندا دۆزراوەتەوە(٧) • وە لە هەندێك ســــــەرچاوەدا وا دەردەکەوێت ، کە مانناییەکان خۆیان خەتو نوســـــینێکیان هەبووبێتو پێوەندیەکی بە خەتو نووســـــینی ئورارتوەکان پێوەست بووبێت و هەروەکو سارگونی دووەمی ئاشوری لــە راپورتی سالی ٧١٤ی خۆیدا دەلێت ، کە ( ئولوسونو ) پادشایماننا بەردی یادگاری خۆی بەو بەخشیوە و ئەم بەردانە بێگومان شتێکیان لەسەر نووسراوە •و لە پێش ئەم سالانەدا دەولەتـــی ئورارتوو هەروەها گەلی ( هالدیو نایری ) توانیویانە بەشـــی

زۆری ئەو ناوچانەی کوردەواری ئـەمڕۆ ( میاندواو وشـنۆو رواندزو بەگشتی ناوچەکانی نێوان گۆمی وانو وورمی ) لـە چنگ ئاشوریان دەربهێنن • پاشای هالدیان ( ئیشپوینی مینەواسی کوڕی ) دەستیان خستۆتە سەر ناوچەکانی سەرووی رووباری دیجلەوە تاکو سەرچاوەکانی رووباری زێی مەزنو هەندێك لـە زەوی‌ی مانناییەکانیشیان بەردەست کەوتبۆوە • و بێ گـومان ناوچەی موساسیر ، کە پەرستگای خوداوەند ( هالد ) بووە[8] مینەواس کێلگەیەکی نووسراوی خۆی لەوێـدا ( کیلەشـینی ئەمڕۆ ) بەجێهێشتوە نیشانەی ئەوەیە ، کە ناوچەی ( بالەك ) بە تایبەتی ئەو بەشـانەی کەوتۆتە بەر سـنوری عیراقو ئێران زەوی‌یەکی پیرۆزی هالدیان بووە • لەم شوێنانەدا ژمارەیەکـی باش لە دەستنووسو شوێنەواری ئەم هالدیو ئورارتویانـە ماوەتەوە ، کە ئەمڕۆ دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێـت شانبەشان لەگەڵ ئەوانەی ئاشوریانو مانناییاندا •

لەبەر ئەو راستیانەی رابوردوودا دەتوانین بلێین ، کـە لەنێو ئەو زانستە یاریدەدارانەی لێکۆڵینەوەی مێژووی کـۆن وەکو زمانو فیلولوژیا ( زانستی زمان )و پالیوگرافیا ( زانستی خوێندنی دەستنووس )و دیپلومات ( زانستی تومارناسی - علم الوثائق )و مۆرو نومیزماتیکا ( زانستی دراوو سکە )و جوگرافیاو ئەدەبو •••هتد ، زمانو پالیوگرافیا گرنگترین رۆلیان تێدا دەبینین • لەبەر ئەمەیە مێژوونووس وەکو پسـپۆرێکی خاوەن مێژووەکە لە بواری پسپۆری ئەو دوور نەبێت ، چونکە زۆر جار کارەساتی مێژوویی‌و زمانی وەرگێڕاو نامانگەیێنێتە ئەنجامێکی

راست‌و ڕەوان • و مێژوونوسێکی بێگانە ناتوانێت دەربارەی ڕابوردووی میللەتێك‌و ڕابوردووی زمانەکەی شتێك دەرخا ئەگەر پێوەندیەکی نزیکی بەو میللەتەو بەو زمانەوە نەبێت •

لە لایەکی دی‌یەوە ، ئەگەر هات و ئەم مێژوونوسینە باوەش بەزۆر پلەدا بکات یان لە پلە کۆنەکان بدوێت ، ئەوا ئاسۆی لێکۆڵینەوەی فراوانتر دەبێت‌و پێویستە مێژوونووس لەم بوارەدا کەمێك زانیاری لەو زمانە کۆنانەی ئەو ناوچانە هەبێت کە مەبەستیەتی •

لەوانەیشە زمانێك تەنها بە ناوچەیەکی تایبەتی پێوەست نەبێت ، بەڵکو پێوەندی مۆرفۆلۆژی‌و فۆنیتیکی بە چەند زمانێك بێت هەزارەها کیلۆمەتر لێی دووربن • ئەم ڕاستی‌یە ئەرکی مێژوونووس گرانتر دەکات ، بەڵام پشکنینی زمانەوانی ئەو ئەرکە دەوڵەمەندتردەکات‌و لە کارەساتە بنچینەیی‌یەکانی مێژوو نزیکی دەکاتەوە •

بەم جۆرە مێژوونووس دەبێت لەو سەرچاوە مێژووە سەرەتایی‌یانە تێبگات ، کە دەبنە بناخەی باسە مێژووەکەی • ئەم کارە یەکێکی دەوێت ، کە هەموو ژیانی تەنها بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبێت و بیرێکی فراوانی هەبێت ، کە جێی گشت ڕاستی‌یەکی تێدابێت ، هەرچەندە ئەو ڕاستی‌یەش کاتێکی زۆر لە دەست‌کەوتنی‌دا دەخایێنێت‌و بەتایبەتی‌فێربوونی زمانێك یاچەند زمانێك بۆشی‌کردنەوەی مێژووی میللەتێك• بێجگە لە مەرجەکانی دی، ئەرکەکە ماوەیەکی زۆری دەوێت کە دەبێتە مەرجێکی دی لە مەرجەکانی یا پێویستی‌یەك لە پێویستیەکانی ئەو مێژوو نووسینە•

سـەرەرای ئەوانەی لە سـەرەوە باس کران ، هەرچەند
مێژوونوسین پلەی کۆتر بگرێتەوە هێندە پێویستی بـــە
فیلۆلۆژیاو ئەتیمولۆژیا دەبێت ، **چونکە لەوانەیە زۆر لەو وشانە**
کە ئەمرۆ لە زمانێکدا بەکاردێن ، لە سەردەمە کۆنەکانـــدا
مەبەستی مرۆڤ بەو وشانە هەمان چەمك نەبێت ، کـە ئەمرۆ
لەگەڵ شێوەی بیری نەوەکانیاندا رێك ناکەوێت ، هەروەهـا
لەوانەیە زۆر نێو لە چەند زمانێکدا ، وەکو زمانانی دانشتوانی
کۆنی وڵاتی کوردەواری ( کوتی ، لوللو ، کاشیو هوری بـە
گشتی ) و( ئاشوریو هوری ،هیتی ) تۆمار کرابن • یا هەر بە
رێزمانی زمانێکی ناوچەیی نوسرابنو وشەی بێگانە پتر لـە
وشەی زمانە ناوچەییەکە تێدا تۆماربێت • ئەمە وەنەبێت هـەر
لە مێژووی کۆنی وڵاتی کورداندا روویدابێتو بەس ، بەڵکو
ئەم دیاردەیە هەر لەگەڵ ئـەو گەشـــانەوەو پێش کەوتنە
زمانەوانییەی جیهانییەدا دەبێت ، کە لەمەوبەر باسمان کرد •

بەوێنە لەچەرخی ئێمەدا نامەی شیخ مەحمودی نەمـر ،
سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی سەرەتای سەدەی بیســتەم ،
دەتوانرێت بە باشترین نمونە دابنرێت بۆ پاشماوەی ئەو جۆرە
کاریگەرییە ئایینیو کولتوریو زمانەوانییەی عەرەبـــیو
عوسمانییە ، کە ئەمرۆ هەمان زمان لە هەمان ناوچەدا پاش تەنها
نیو سەدەیەكو دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی ،کە
پاراستنی زمانی کوردی ( پەتی ) یەکێکە لە دیاردەکانی ، ئـەو
هەموو گۆرینەی بەســـەردا هاتووە ، دەبێت ئەو گۆرینەی

هەزارەها ساڵی لەمەوبەر چ گۆرینێکی هێنابێتە سەر هەمان زمان ؟

( دەقی نامەکە )

پوست‌نشینی دەرگاهی قادری جەنابی شیخ عصام الدین دام فیضه العالی

نمره ۱۷۷

له سایهء لوطف ومرحمت خداەو یاوری حضرت رسول انامو بەیاری انبیاءو اولیای عظام له تحت حمایت دولت فخیمهء بریتانیادا حکومت جدیدهء جلیلهء کردستان تشکلی کردوه معلوم عالمه مقصد أصلیو خلاصهء فکری أم حکومت حاضرەیه نشر علومو فنونو ترویج احکام شریعتو طریقتو خدمتو محافظت دینو ئایین اسلامیەیه ـ له نظر ایمەدا خدمتو رشادت جناب ایوه چونکه معلوم دانایانه بو حرف ادارهء خوتانو لوازمات تکیه عبداللان بو معیشت فقرای ساکفانو سافران له اعتبار ۱ جمادی الاول ۳۳۷وه مانگی صد روپیه بو خوتانو بو جناب مدرس عبدالله نیش مانگی پنجا روپیەمان انعامو تخصیص کرد اومیدم وایه که انشا اله له سابق زیادتر خدمت ارشادات دینیه ایفاو انتشاربکن ـ و السلام علی من اتبع الهدی •

لەم نامەیەدا(۹) بێجگە لە ووشە عەرەبی‌یەکان دارشتنی ووشەکان و شێوەی نووسینیان عوسمانی سەر بەفارسی‌یە و ئامرازی پێوەندی تیایاندا دیارنی‌یە • لەم جۆرە سرنجانە لە نووسراوە ئارامی‌یەکانی پێش ئیسلامدا زۆر چاك دیارە ( بروانە

بەلگەنامەکانی هەورامان ) و ئەگەر دەقە کۆنەکانی مێخی بخوێنینەوە دەبینین هەر و وشەیەك یا نێوێك بە چەند جۆریکی برگەیی جیاواز دەخویندرێتەوە واتە نووسین بە درێژایی مێژوو لەپاڵ زماندا هەر لە گۆریندایە •

نابێت وا تێبگەین ، کە ئەو کاریگەری نوسینو زمانەوانی‌یە تەنها لە پلەیەکی سەرەتایی مێژووی زمانێکی تایبەتی‌دا روو دەداتو هەرکە ئەو زمانە سەربەخۆیی‌یەکی وەرگرت ئیتر کاری لێ‌ناکرێت ، و هەروەکو لە پێشەوە دەست‌نیشانمان کردووە ، زمان دەگەشێتەوەو دەگۆرێت و پێش‌دەکەوێتو ئەم گەشانەوەو پێش‌کەوتنەش تەنها بە سەردەمێکی تایبەتیۆە پێوەست نیە هەندێك جاریش زمان لە سەردەمێکی تایبەتیدا کتوپر پێش‌دەکەویت و لە سەردەمیکی دی‌دا بەرەو کزی دەروات ، ئەم دیاردەیەش پێوەندی بە گەشەکردنی کولتوری خاوەن‌زمانەکەوە هەیە وەیا دەکەوێتە بەر شەپۆلی گەشەکردنی کولتوری فراوان‌داو خاوەن ئەو زمانە ناوچەیی‌یە سودێکی باش لەو کولتورە گشتی‌یە وەردەگرێت • ئەم دیاردەیە پاش بلاوبوونەوەی ( مەسیحیەت )و هەروەها ئیسلام لە کەرتی ئاسیاو ئافریقادا بەباشی دیارە ، و پاش بلاوبوونەوەی کولتوری یونانو رۆمان لە ئاوروپادا زۆرچاك هەستی پێ‌دەکرێت •

بەم جۆرە ناتوانین مێژووی ولاتی کورد بەرێ‌ی زمانیەوە شی بکەنیەوە ئەگەر دان بەوەدا نەنێین ، کەوا ئەم زمانە وەکو هەر زمانێکی دی لەم جیهانەدا پێوەندی بەو یاسایانە نەبوویێت ،

بەڵکو بەپێچەوانە ، هەر ئایینێك لەم هەرێمەی رۆژهەڵاتی نێوەراستەدا پەیدابوو بێت پەلی هاویشتۆتە چیاکانی سەرووی مێزۆپۆتامیا لە کاتێکدا زمانێك بە کاریگەری توندی زمانی میتانیو سکیتیو مادی لە سەدەکانی لێش زایندا سەربەخۆیی خۆی دەنواند ، زمانی ئارامی خەریك بوو دەبووە خاوەن زمانێکی گشتی ئیمپراتورێتی پورث(١٠) ، ئەمە بێجگە لەوەی ، کە پاش ماوەیەك بووبوو بە زمانی ئایینی پیرۆزی فەلەکانو بە تەواوی سنووری زمانی کوردی لە چیاکاندا تەسك کردبۆوەو وای لیهاتبو ئەو زمانە سەربەخۆیە تەنها لە ماڵاندا قسەی پێ بکرێتو بە زمانێکی بێ نرخ بزانرێت • بێ گومان ئەو زمانە ماڵی یە ناتوانێت واتای ئەو پێشکەوتنە ئایینی یە بە وشەیەکی کەم دەربرێت و دەبێت ئەو وشانە ، کە پێوەندیان بەو دیاردەوە هەبێت لە ئارامی یەوە وەربگیرێت • بەو جۆرە نەك زمانی کوردی بەڵکو زمانی میری پورثو ساسانیش بە وشەی ئارامی دەولەمەند بووبۆوە • ئەمە بێجگە لەو کاریگەریەی یونانیو لاتینی یە ، کە پەلی هاوشتبۆ سەر ناوچە رۆژئاواییەکانی وڵاتی کوردەواری دا وە هەمان دیاردەش دوای سەدەی هەفتەمی زایینی بە پەیدابوونی ئیسلامو بلاوبوونەوەی وێژەی ئایینی عەرەبی لە ئاسیاو ئەفەریقیادا رووی داو سنورێکی تایبەتی بۆ زمانانی ناعەرەبی داناو لە هەمان کاتدا بە وشە دەولەمەندی کردنو یەکێك لەو زمانانە زمانی کوردی بوو ، کە دوا شێوەکەی لە نامەکەی شیخ مەحموددا بەدیارکەوت •

له سەر بناغەی ئەم راستیانە بێجگە لە پێشەکی بەشەکانی ئەم کتیبەو بە پێی قوناغەکانی مێژوو کراونەتە شەش بەش • بەشی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی چاوخشاندنێکە دەربارەی ئەو لێکۆڵینەوانە ، کە پێوەندیان بەم بابەتەوە هەیە ، بەشی دووەم باسی هەندێك ئەو پێوەندیە زمانەوانیەی کوردیەیە لەگەڵ زمانانی دی جیهان دەکات پاش ئەوەی بناخەی ئەو پێوەندیە بە شێوەی بیرورا نیشاندەکرێت •

له کاتێکدا ئەگەر هاتو وشەکانی زمانی کوردی لـــە بنەرەتدا پێوەندی بە جیهانی رۆژهەڵاتی نێوەراســــتەوە ( سومەری ، ئیلامی ، هوری ، ئاشوری ) هەبێت ، ئەی ئـــەو گۆڕینە لیلسیکۆلوژیاو مۆرفولوژیایە بەرەو شێوەیەکی هیندو ئاوروپایی کەی و چۆن و بۆچی رووی داوە ؟ ئەم رووداوە مەزنە لە بەشی سێیەمی ئەم بابەتە بەنێوی « گۆڕانە رووداوە مێژوویە مەزنەکانی هەزارەی دووی پ•ز لە ئاسیای بچوك و سەرووی مێزوپوتامیادا » بەرچاو دەکەوێت ئەم گورانە مەزنانەی هەزارەی دووی پێش زایین دیاردەیەکی مەزنتری بەدواوە بووە ، ئەویش کۆکردنەوەیەکی رامیاری دانشتوانی باکوری میسوپوتامیا لەژێر دەستەڵاتداریتی چینێکی هیندو ـ ئاوروپی بووە ، کە لە مێژوودا ئەو هێزە رامیاری‌یە بەنێوی دەولەتی میتانی نێوبانـــــگی دەرکردبوو • لە لایەن پێوەندی زمانەوانی‌یەوە لە ناوچەی وڵاتی میتانیادا بێجگە لە کوردی هیچ زمانێکی دی نی‌یە بتوانێت خۆی بە خاوەنی میراتی زمانی میتانی بزانێت • ئەم جۆرە پێوەندیانە لەگەڵ کاریگەری کولتوری میتانی‌دا بەسەر روژهەڵاتی نزیکدا

و هەروەها بەسەر میسری فرعەونەکانو شۆرشی ئەخناتوندا لـە بەشی چوارەمی ئەم کتیبەدا باس دەکرێت • هەتاوەکو ئەم پلەیە بۆ روونکردنەوەی زمانێکی سەربەخو هیچ بەلگەیەك بەدەستەوە نییە ، کە بە بنچینەی کوردی دابنرێت ئەگەر هاتو هێشتا ئەو زمانە هیندو ئاوروپی‌یەی دەولەتی میتانی‌یە هەر تەنها بـــە هاوزمانی خاوەنی سانسکریتی لە هیندستاندا دابنرێت تا وای لێ دێت لە کوردستاندا لە شێوەکانی زمانی مادی‌دا لە هەزارەی یەکی پێش‌زایین دەتوێتەوە ، وە ئەم دیاردەیەش دەبێتە هـــۆی دانانی بناغەیەك بۆ زمانێك ، کە پاش چەند ســـــــەدەیەك بەسەربەخۆیی خۆی بگرێتەوەو ئەمرۆ بە ( کوردی یاکرمانجی ) نێوبانگ دەربکات ، ئەم بابەتە لە بەشی پێنجەمدا بـــــاس دەکرێت •

بۆ سەردەمێك ، کە زمانی کوردی بەهەر شێوەیەك بوویێت و لە کوردستاندا بەکارهاتبێت ، بەلگە بەدەستەوەیە ،و هەروەکو دەزانرێت ، کە زمان لە سێ بەشی سەرەکی پێك هاتووە ، نێوو کردارو ئامراز و ئەگەر هاتو دەستنووسێك ئەم سێ شـــتە وەیا یەکێك لەم سێ شتەی تیا بێت ئەوا دەتوانین لە سێ‌یەکی مێژووی ئەو زمانە تێ‌بگەین • دۆکومێنتەکانی هەورامان ، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دۆزراونەتەوە ، دەبنە یەکێك لـــە بەلگە کۆنەکانی ئەم زمانە • شێوەی دۆزینەوەی ئـــــــەم دەستنووسانە و بابەتەکانی‌و شی‌کردنەوەی رستەکانی‌و کاریگەری زمانەوانی‌ی ئارامی و یونانی بەسەر زمانە ناوچەیی‌یەکەو پاشان شی‌کردنەوەی نێوی کەسی‌و جوگرافی ، دابەش‌کراونەتە ســەر

هەر سێ بەشی دواینی ئەم کتێبە ، کە ناتوانرێت بگوترێت تەواوکەری هەموو لایەکی ئەم بابەتەیە ، چونکە دوا ڕۆژ ئەوەمان بۆ دەردەخات ، کە هێشتا ئەرکێکی گەورەمان بەسەرشانەوەیە لە خستنە ڕووی ڕاستیەکانی مێژووی کورد پاش دەرهێنانی شوێنەوارو بناخەکانی لە ژێر خاکی وڵاتەکەی‌دا . لێرەدا دەمەوێت سرنجی خوێنەری بەڕێز ڕابکێشمە ئەو چەند سەرچاوە کورتانە ( ناوی نووسەرو ساڵی چاپی کتیبەکەی‌و ژمارەی لاپەرە ) کە لەپاڵ ناوی کەسی‌و جوگرافی‌یەکان‌دا دەست‌نیشانم کردووە‌و بە شێوەیێکی کورت نووسیومن ، هەر کەسێک بیەوێت بە درێژی لەو سەرچاوانە بگات دەتوانێت یا بگەڕێتەوە بەشی یەکەم ،یا سەیرێکی کۆتایی ئەم کتیبە بکات ..

## پێشەکی

## بەندی دووەم

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی هەرێمی کوردەواری

- پیشەکی -

## بەندی دووەم

## رێبازی لێکۆلینەوەی مێژووی هەرێمی کوردەواری

لە دوای تێکچوونی رژێمی کۆیلایەتی لە دەولەتی بیزەنتیداو پەیدابوونی دەرەبەگایەتی ، کە ئەمەشیان لە ئەنجامی فراوان بوونێکی زۆری زەویو زاری دەولەتی بیزەنتیو چەسپانی رژێمی سوپایی لەگەل سەرهەلدانی مەسیحیەتدا پەیدا بوو ، کەنیسە بەرگرێکی زۆری لە سەرۆك هێزانو دەرەبەگانی دەکـــــردو بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمبراتۆر باسیلی یەکەم لە (٨٨٦-٧٦٧)ی زایینیدا • ئەم پشتگیری کردنو بەرگری لیکردنە بەرادەیـــەك چەسپی بوو بە رژێمێکی کۆمەلایەتیو ئابوری لە یاســــای بیزەنتیداو لە ئەنجامدا ئیمپراتۆر نیکوفور فوکاس (٩٦٣-٩٦٩ز) ناچار بوو ، کە هەموو یاسایەکی دژی ئەم چینە داندرابوو رەشی بکاتەوە[١] • هەتا ئەم سەردەمەش هەموو دەرگەیەك بەرامبەر بە مەسیحیەت لە پێناوی ئاینەکەی خۆیاندا بۆ چینەکانی بالاو ئەو خێزانانەی بەسەریاندا زالن کراوەتەوە[٢]• ئەمەش بۆ بە یەك گەیشتنی بەرژەوەندی هەردوولایان دەگەرێتەوە ، بـــەلام پەیدابوونی میرایەتی کوردی ئیسلامی لە ئەرانو ئانیو گەنجەو میافارقیندا[٣] بوونە هۆی کزبوونی کەنیسە لە بلاوکردنەوەی ئاینی خۆیداو هەروا بێهێز بوونی هێرشەکانی ئیمبراتــــۆر نیکوفور بۆ سەر شەدادیانی گەنجەی کورد بەرهەمێکی ئەوتۆیان پێنەبرا[٤] ، بەلام یاسای ئابوری کە سنووری بۆ مێژوو نووسین دانا هەر وەکو خۆی مایەوە • بۆیە رێبازی مەسیحی بۆ نووسینی

مێژوو هەر بەهەمان جۆر بەردەوام بوو ، ئەم رێبازەش هەوڵ داتێك بوو بۆ تۆمارکردنی دەنگ‌و باسی میرو فەرمان رەوایانی دەست رۆیشتوو لە ئیمپراتۆریەتە کۆنەکاندا ، جیاوازیان بـۆ رۆلی ئەوانە لـە رووی ئایین‌و ئاینزا ( مـذهـب ) و رادەی رێك کەوتنیان لە بواری مادی‌و پاشان لە بواری گیانی‌دا دادەنا • ووتەکان ونووسراوەکانی خۆیان بە ناورەرۆکـی کتێبی پیرۆز ( العهد القدیم والجدید ) موتوربە دەکرد ، کە لە چیرۆکـی پەیدابوونی ئادەمیزادەوە تا هێرشە بێ‌دادەکانیان بۆ سەر هۆزە کۆچەرێکانی نا مەسیحی دەگرتەوە[٥] ، بێ‌ئەوەی بتوانن راستی ئەو گۆرانە زمانەوانی‌و رەگەزیە مەزنەی هەزارەی دوو و یەکی پێش زایین بزانن ، بەلکو دەسـتیان بۆ هیچ بەلگەیەکی دی درێژنەکردووە بۆ ئەم مەبەستە ئێمە دەتوانین ئەم راسـتیەمان بەرچاو بکەوێ‌و هەستی پێ‌بکەین لە هەلوێستیاندا بەرامبەر ئەو هۆزە کوردی‌یانەی سەردەمی خۆیان ، کە باوەریان بە ئاینـی مەسیحی هێناوەو هەزارانیان لە کەرکوك شەهید کراون لەبەر ئەوەی دەستیان لە زەردەشتی هەلگرتووە ، کە ئاینی باوباپیرانیان بووە •

لە سەدەی سێ‌یەم‌و چوارەمی زایینی‌دا[٦] • هەروا لـە نێوانیاندا چەندین قەشەی بە ناوبانگیان تێدا هەلکەوت بەتایبەتی لە شـەهرقرت ( پردێ ئالتون‌کۆپری )و هربـات گـەلال ، دەرئاباد لە باکووری کەرکوك‌و لاشوم ( داقوقی ئەمرۆ ) هەروا ( دارا ) لەسەر زێی بچووك‌و ( کانی گار ) و ( بۆزان ) و ناوچەکانی

هەولێر کە (١٩) مەلبەندی قەشایەتی‌یان لە رەواندوز ، بیـــث ماهکرت ، نوهذرا ، معلثا ( لە نێزیك دهۆك ) ، داسن ، مەرگە لە ناوچەکانی ئاکرێو زێبارو هی‌دی هەبوە[٧] بە پێچەوانەی ئەم هۆزانە ناوبانگی کەرتاوەیو هی‌دی‌یان بە بەدیو خراپی بردووە لەبەر ئەوەی باوەریان بە مەسیحی‌یەت نەهێناوە[٨].

ئەم رێبازە لە لایەن مێژوونووسانی موسوڵمانیش پێرەوی کراوە وەکو لاسایی کردنەوەیەك و لەسەر خواستی پەیدابوونی رەگەزی ئایینی بە شێوەیەکی فراوانو بوو بە بناخەیەك بـــۆ بنیاتێکی کۆمەلایەتی ، کە موسلمانان بە (الأمة) یە نێوداربوون .

جا بۆیە جێگەی سەرسورمان‌نی‌یە گەر مێژووی میـــرو فەرمان رِوایانی کورد هەر بەم رێبازە نوسرابنەوە لە سەردەمی مەسیحیو موسڵمان‌داو لە لایەن ( ابن العبریو تۆماسی مەرگەو سەبرِی یەشوعو مەسیحا زخاو ) هەروا ئەو بابەتە تۆمارکراوانەی کەرخاد بیث سلوخ ، و نووسراوەکانی ( ابن الاثیرو ابن خلکانو تەبەریو فارقی ، هتد[٩] ) .

بە ماوەیەکی درەنگتر هەمان رێباز لەلایەن حاجی خەلیفە و مونەجیم باشیو شەرەف خانی بدلیسیو هی‌دی پێرەو کـــراوە لەوانەیە ئەمە هویەك بێت لەو هۆیانەی ، کە وای لە مێژووی کورد کردبێ ، کەوا رووداوەکانی پچر پچر بێتو بە زنجیرەیەکی رێكو پێك نەنوسرێت ، بەرادەیەك بۆ وێنە هێندیك لـــــــە مێژوونووسان هەوڵیان‌داوە جیاوازی لە نێوان مێژووی کوتیو لولو هوری ومێژووی گەلی کورددا دانێن وەیا لور لە کۆمەلانی دی‌دا دابچرِێنن . لە کۆنیش‌دا هەر بۆ وێنە تۆماسی مەرگـــە

وەیا ابن العیبری کرتاویی لە کورد جیاکردۆتەوە وەیا هەر وەکو مەســـعودی جورقانو یەعقوبی مەســـیحی کورد لە کوردانی موسڵمانی جیا کردۆتەوە •

ئەم ڕێبازە کۆنەی مێژوو نووسین لە لایەن مێژوو نووسانی کورد لەکاتی تۆمارکردنی مێژووی خۆیاندا ڕەنگی داوەتەوەو پێڕەوکراوە[١٠] •

مانەوەی زۆربەی نووسەران لەسەر پێڕەوی کردنی ئـــەم ڕێبازە بە جۆرێك بەندی بوونە ، لە ئەنجامدا نەیتوانیوە کۆمەڵ بگەیەنەتە ئەو ئامانجەی ، کە ئەو مەبەستێتی لە پێشان دانــــی ئەنجامی راستو دروست لە پێناوی روونکردنەوەی پێناسەی کەلچەری خۆی ، ئەمانە بوونەتە هۆیەك لەو هۆیانەی ، لـــــە مێژووی کورددا ، دەبا لێپرسراوانی ڕۆژنامەگەران تیشـــکێك بخەنە سەر باری زانستی ئەم بابەتەو بۆ ئەوەی زیاتـــر لـــــە قوناخەکانی کۆنو نێوەراستی ئەم مێژووە نێزیك ببنەوە •

بێ گومان لەم جۆرە هەڵویستانەدا ڕێچکەی جیاواز جیاواز لێك دەدەنو هێندیك جار لێك نێزیك دەبنەوەو هێندیك جاریش دوور دەکەونەوە ، ئەلبەت ئەم جۆرە هەڵویستانە دیاردەیەکە لـە دیاردەکانی هەڵویستمان بەرامبەر بوونو ژیان بە شـــێوەکی گشتی ، ئەم جۆرە ئاڵو گۆڕکردنەی ڕێچکەکان هێژ لە پلەکانی یەکەمیان دانو بۆیە چاوەڕێی بیرێکی رووناكو کارێکی چـــاو نەترسانەن ، بۆ ئەوەی بەرێکی بەپیت بێنێتە بەرهەمو هـــــەر ڕێچکەیەکیش لەم ڕێچکانە تایبەتێتی رەسەنی خۆی هەیە ، کـــە سەرچاوەی هەڵوێستی مێژوویی لێ هەل دەقولێ[١١] •

بۆوێنە ئەو ڕێچکە کلاسیکی‌یەی لەمەوبەر باسمانکرد ، لە سەرچاوەکانی سەدەکانی تێوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێ‌و ئەم بوونەشی بەم جۆرە ڕاستە ، و دوور کەوتنەوەی لێی ، ناڕاستە ، لەگەڵ ئەوانەش‌دا ئەم ڕێچکەیە ئەم تایبەتێتی‌یانەی خوارەوەی هەیە :ـ

یەکەم ـ هەروەکو لەمەوبەر باسمانکرد مێژوو مێژووی نەتەوەیە لە تێڕوانینی ئایینەوە ، بۆیە بایەخیان هەر بەم لایەنەی داوە و ئەگەر ئاورێکیان لە هی‌دی‌یەوە دابێ ئەوە هەر لە رووی رووداوەکانی ڕابردوو و ئێستەوە تەماشایان کردووە .

دووەم ـ هۆی ڕوودان‌و پەرەسەندنی ڕووداوان بەپێی ئەم تێڕوانینە هۆیەکی خوایی‌یە . بۆیە دەڵێن ڕووداوی مێژوو بە دەستی ئادەمزاد نییە بەڵکو بەپێی خواستی خواو یاساکانی ئاسمانی‌یە .

سێیەم ـ لە رووی شێوازی زانیاری مێژوویی‌یەوە دان نان‌و باوەرکردنە بە دەنگ‌و باسانی ڕابردوو .

بەڵام لە پاڵ ئەم ڕێچکەیەدا هێندێك ڕێچکەی دی هەن ، کە لە بیرێکی تایبەتی‌یەوە سەر هەڵدەدەن(١٢) و لەوانەش ڕێچکەی نوێ‌یە ، کە بۆ ڕابردوو ڕوو دەکات و هەوڵ دەدات ڕابردوو لە بناخەوە بگەڕێنێتەوە بێ‌ئەوەی هیچ فەلسەفەیەك سنووری بۆ دابنێت ، بەڵکو گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەهۆو یارمەتی شوێنەواری جێماو لە شتوومەك‌و بابەتی نووسراو بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوەو بە ووردی ڕەخنەی لێ بگرێت ، جا ئەوسا ئەو بابەتانەی ، کە بەم هۆیانەوە بۆیان ساخ بۆوە لە رووی

ژیری‌و پێوانه‌ی زانسته‌وه ده‌نگ‌و باسه‌کان راست بوون ،ئه‌وسا ده‌یانخاته روو ئه‌لبه‌ت دوای ئه‌وه‌ی ئه‌و راستی‌یه تاك‌و ته‌رایانه‌ی یه‌ك به‌یه‌که‌وه ده‌به‌ستێت له‌و کاته‌دا ده‌توانێ وێنه‌یه‌کی راسته‌قینه‌ی رابردوو پێشان بدات ، له کاتێکدا ئه‌م رووداوانه‌ی به‌م جۆره ده‌یانخاته روو ئه‌گه‌ر سه‌د له سه‌دیش راست نه‌بن ئه‌وا له راستیه‌وه زۆر نێزیکن(١٣) •

ئه‌و کاته به‌سه‌ر چووو ، که مێژوو برێتی بێت له گێرانه‌وه‌ی ده‌نگ‌و باسی میان‌و رووداوان وه‌یا وه‌کو رۆشنبیریه‌کی گشتی ته‌ماشا بکرێ بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤان بۆ ژینی سیاسی‌و جه‌نگاوه‌ری وهی‌دی ئاماده بکات ، به‌ڵکو مه‌به‌ست له مێژوو گه‌یشتنه به راستی مێژوویی خۆی‌و هه‌وڵدانه بۆ تێ‌گه‌یشتن له رابردووی مرۆڤایه‌تی‌و زیندوو کردنه‌ویه‌تی‌و رێبازی لێکۆڵینه‌وه‌ی مێژوویی یه‌کێکه له‌و بناخه‌گرنگانه‌ی ، که لێکۆڵینه‌وه‌ی مێژوویی پێش ده‌خات • ئه‌گه‌ر Historia که ووشه‌یه‌کی یونانی‌یه‌و له‌وه‌و کاره‌وه وه‌رگیراوه که واتای ( ته‌ماشا کردن‌و سه‌یر کردن وه‌یا فێربوون به رێگه‌ی پرسیارکردنه‌وه ) ده‌به‌خشێت‌و هیرۆدۆت ئه‌م ووشه‌یه‌ی مێژوو واتای ئه‌م بابه‌ته ده‌گه‌یه‌نێت که ئیمرو ووشه‌ی هیستوریا ده‌یگه‌ینێت هه‌رچه‌نده کاریگه‌ری هێزی خوایی وه‌یا میتافیزیکی له‌سه‌ر سه‌ره‌نجامی مرۆڤایه‌تی‌و رووداوانی مێژوویی له لایه‌ن هێندیك مێژوو نووسانه‌وه ده‌سه‌ڵات‌دار بێت ، ئه‌وه مێژوو له بارێکی دیاری کراودا وه‌رده‌گرێ(١٤) • مرۆڤ نه‌وه‌ی رابردووه و له ئه‌نجامدا به‌ره‌ی هه‌بوونه هه‌مووی •

بۆیه ئاده‌مزاد ناتوانێ خۆی بناسی‌و له ئه‌مرۆی خۆی بگات،

ئەگەر لە رابردووی خۆی نەگەیشتبێ ، ووردبوونەوە لە رابردوو وا لە ئادەمزاد دەکات کەوا لە ذاتی خۆی دوورکەوێتەوە و ئەو تایبەتێتیو هەڵانەی غەیری خۆی بە ئاسانی ببینێ ، کە لە خۆی‌دا نایبینێ • جا ئەوسا دەتوانێ باش لە خۆی بگاتو بە توانا تریش دەبێ لە هەڵسو کەوتی ئەمرۆو داهاتووی‌دا •

باوەکو ئێمە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا ناتوانین یاسای زانستی چەسپاو وەکو زانستەکانی سروشتی دی بچەسپێنین ، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت ، کەوا مێژوو لە سیفەتی زانستی بێبەش بکاتو بڵێین ئەمە زانستی تاقیکردنەوە نی‌یە ، مێژوو زانستی رەخنەگرتنو لێکۆڵینەوە لێکدانەوەیە وەکو زانستی جیولوجیا کە هەردوویان شوێنواری رابردوو شی دەکەنەوەو لێی دەکۆڵنەوە لەگەڵ بوونی تاکە جیاوازی‌یەك لە نێوانیان‌دا ئەوەش ئەوەیە ، کەوا مێژوونووس لە زانستەکەی خۆی‌دا ناچارەو بەڵکو پێویستە لەهۆی مرۆڤایەتی بکۆڵێتەوەو لێکی بداتەوە ، بۆ ئەوەی زێتر لە راستی مێژوو نێزیك بێتەوە ، مێژووی مرۆڤایەتی وەنەبێ هەر لەسەر یادکردنو تۆمارکردنی رابردوو بەند بێت ، بەڵکو ئادەمزاد خۆی بە واتایەکی دی مێژوویی‌یە ، یانی هەبوونێکی زیندووی کاریگەرە ، بەم رەنگە وەنەبێ واقع کاری تێبکات ، بەڵکو ئەو کاری لێ دەکات •

لە لایەکی دی‌یەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا هەرکێ هەوڵی نووسینی مێژووی‌دا بە مێژوونووس ناژدمێردرێت ، چونکە لەو سیفەتانەی دەبێ لە مێژوونووس‌دا هەبێ خۆشەویستیتی بۆ بابەتەکەو ئارامیو باوەر بەخۆیی راستگۆییو ئازاو دلێرو

دلسۆزی تێدا هەبێو نابێ هیچ راستی‌یەك بشارێتەوە کـــەوا غەیری ئەو نایزانن بە تایبەتی لەو راستی‌یانەی نە ئەو نە نەتەوەکەی ئەو پێ‌یان ناخۆشە ، هەروا دەبێ مێژوونووس رەخنە سازێکی باش بێ و نابێ بە هەموو قسەیەك قایل بێو باوەر بە هەموو بروا نامەیكو سەرچاوەیەك بکا بەڵکو پێویســـتە لێیان بکۆڵێتەوەو لێکییان بداتەوەو لە هەمان کاتیش‌دا دەبێ لە هەوڵدان بـــۆ ناوداریتی‌و خۆ دەرخستن دوور بێو خەریکی بەگیر خستنی نازناوو شوێنی پایەدار نەبێ ، بەڵکو دەبێ وەکو زانایەك خاوەن ژیرو بیرێکی هۆشیاری رێكو پێك بێو دەبێ خۆشی لـــــە شانازی‌کردن وەیا حەز لێ نەکردن لە سەردەمێکی دیاری خراوی مێژوویی ئازاد بکات .

بەم جۆرە رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەو قوناخانـە دەگرێتەوە کە لێکۆڵەرەوەی خاوەن ئەو سیفەتانەی لە مەوبەر باسکران پێیدا تێ‌دەپەڕێ بۆ ئەوەی بەپێی توانا بگاتە راســـتی مێژوویی[١٥] ، ئەم قوناخانەش پێویستیان بە رەوشـــــەنبیری پێویست هەیە جا هەڵبژاردنی بابەتو کۆکردنەوەی یاســـاو سەرچاوەو چەسپاندنی راستی‌و بەدیارخستنی کەسیەتی نووسەرو بە دیار خستنی کاتو شوێنی تۆمارکردنو پشکنین تێکســـتو دانانی سنوور لە نێوانیان‌داو هەروا رەخنە لێ گرتنێکی بابەتانەو چەسپاندنی راستی مێژوویی‌و رێك خستنی‌و لێکدانی‌و نواندنی زیرەکی‌و توانایی تێیداو جا دانانی شێوەیەکی مێژوویـــــــی‌و پێشان‌دانی بە جۆریکی مێژوویی رێكو پێك .

بەلام داوا لە مێژوونووس ناکرێ ، کەوا خاوەن چەند بەهرەیەکی تایبەتی بێ بۆ ئەوەی بتوانی سنوور بۆ ئەسلو قۆناخی کاتی پارچە گلێنەیەك وەیا مەرمەرێك دابنێ وەیا بتوانێ نەخشو نیگارانی لێل بخوێنێتەوە وەیا حسابێکی بیری دوورو درێژبکات بۆ ئەوەی بە رواڕێکی تەواو بچەسپێنێ . ئەو راستییانە ، کە بە راستی بنچینەیی مێژوو دەژمێردرێت لەلای هەموو مێژوو نووسانەوە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو شتومتە خاوانە دەگەڕێنەوە نەك بۆ خودی مێژوو خۆیو[17] چەسپاندنی ئەو راستیانەش لە بنەرەتەوە وەنەبێ لە سەر جۆری راستێکان بوەستی بەلکو لەسەر بریاری مێژوو نووس دەوەستێ ، کە دەبێ پێشتر ئامادەیکردبێو نەزانینی بابەت پێویستی یەکەمی مێژوونووسەو ئەو توانایبە زۆرەی کە لەلایەن نووسەرانی مێژووی کۆنو نێوەراست هەڵدەکەوێ هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو نەزانینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی ، کە دەیان نووسن ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو دیاردەیەبوو کە لە سەدەی نۆزدەم دا باوبوو وکە دەڵێ مێژوو برێتیە لەکۆمەڵێك راستیئەو بابەتانەی کە هەرگیزرەت ناکرێنەوە . « ئەو راستییانەی بە پیرۆزێکی کوێرانە تەماشا دەکرانو لەم سەدەیەدا باو بوو بیانووی تایبەتی خۆشیان بۆ ئامادەکردبوو ، بۆیە هەرچ مێژوونووسێکی بەرێز دەبا بەسەر شۆڕێکەوە لێ نێزیك دەبۆوەو زۆر بە شکۆوە باسی دەکرد چونکە ئەو راستییەی لەنێو بروانامەکان دا هەیە هەر راستییە هیچتر[18] » ئەو رابردووەی ، کە مێژوو نووس لێ دەکۆڵێتەوە وەنەبێ رابردوویەکی مردوو بێ ، بەلکو رابردوویەکە

بەم جۆرە لەسەر ئەم بنچو بنەوانەی خوارەوە سنوور بۆ نرخی مێژووی نووسراو دادەندرێت :

١ ـ دەبێ ئەو بابەتەی ، کە تۆژەر ( باحث ) زانیاری لێ وەرگرتووە باش تەماشا بکرێ •

٢ ـ سنووردانان بۆ نرخی مێژووی نووسراو لەسەر توانای تۆژەر بۆ باس‌و تۆژینەوەو لێکدانەوەو رەخنەگرتن لەو سەرچاوانەی لە ژێر دەستی‌دان دەوستێ •

٣ ـ هەروا نرخی بابەتە مێژوویی‌یەکە لەسەر دوور بوونی تۆژەر لە لایەنگیری کردن دەوەستێ •

لە پاڵ ئەو بناخانەی لە سەرەو باسکران زانستی مێژوو ناتواندرێ بە تەنیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ دوور لە زانست‌و زانیاری دی لێ‌ی بکۆڵدرێتەوە ، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەی هێندیك زانستی دی یارمەتی دەری هەن[١٦] ، وەك زانستی زمان ( فیلۆلۆژی‌یا ) جۆری نووسین ( پالیوگرافی‌یا ) و بروانامە ( دپلوماتیك ) ، مۆرو رنوك ( ئەو نیشانانەی ، کە لەسەر مۆرو جل‌و بەرگی خانەدانان‌و سەربازان‌دا هەڵکەندراون ) و ( نومیسماتیك ـ زانستی پارەو دراوو مەدالی‌یە ) و ئەپیگرافیا ( لێکۆڵینکەوە لە نەخش‌و نیگاران ) و کرونولوجیا (بەدیارخستنی بەروار بە ووردی بۆ رووداوان بە پێی کاتی روودانیان)و جوگرافیا ، ئابوری ، وێژەیی ، هونەری نیگار کێشان ووێنەگرتن وپەیکەرتاشین خانوو بەرە دروست‌کردن‌و هونەرانی موسیقا ، شوێنەوارو زانستانی دی • ( بروانە وێنە ژمارە ٢ )

هێز له ئەمڕۆش دا دەژی ، بەڵام ئەو ڕووداوانەی ، کە لــــە ڕابردوودا ڕوویان داوە ڕابردوویەکی مردوون ، بەواتا هیـــچ مانایەك بە مێژوو نووس نابەخشن ئەگەر بێتو لە بیری ئـــەو ڕووداوە نەگات کە بۆتە هۆی ڕوودانی •

لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کەوا مێژوو بەتەواوی مێژووی بیرەو مێژووش دووپات کردنەوەی ئەو بیرەیە لە هۆش‌و یادی مێژوونووس‌دایە بۆئەو . بابەتەی لێ دەکۆڵێتەوە ، کــە ئەمەش وەنەبێ هەرگێرانەوەی ڕاستی بێت ، بەڵکو بەپێچەوانە پرۆسێسی دووبارە کردنەوەی دروست‌بوون دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن‌و لێکدانەوەی ڕاستی‌یە ، ئەمانە وا لەو بابەتە دەکەن ، کەوا ببنە ڕاستی‌یەکی مێژوویی •

وەنەبێ ئەو ڕاستی‌یانەی بە ئێمە دەگەن ڕاستی‌یەکی بـێ کارلێکراوی بن ، چونکە ڕاستێکان هەمیشە بەهۆی بیری تۆمار کەرەوە ڕەنگ دەداتەوە ، بۆیە نابێ بەر لە هەموو شتێك بایەخ بەو مێژوونووسە بدەین کە نووسیوەتی لە کاتێك دا کە دەبـێ بایەخ بە خودی ڕاستێکە خۆی بدەین • ئەمەش وا دەکا کـــەوا مێژوو نووس پێویستە لەبیرو هۆشی ئەو کەسانە بگات ، کــە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات‌و لەو بیرانەیان نێزیك‌بێتەوە کەهـــۆی کاروکردەوەیان‌و بە هیچ جۆرێکیش نابێ سۆزێکی بەرامبەریان هەبێ ، نابێ ئەوەش لەیاد بکەین ، کەوا مێژوونووس کـــوری سەردەمی خۆیەتی‌و پێوەی پێوەست دارە بەپێی مەرجەکانـی بوونی مرۆڤایەتی ، بەڵام مێژوونووس هەمیشە دەپرسێ ( بۆ ؟ )

وله تواناش دا نی‌یه بیری بوەستێنێ مادام چاوەڕێی وەلامێـــك دەكات هەر ئەوەشە وا كەڵە مێژوونووسان دەكات كەببنـــــە بیركەرەوەیەكی مەزن •

هیرودوتوس لە سەرەتای كاركردنی دا سنووری بـــۆ مەبەستی خۆی داناوە بەوەی بیرەوەری كردەوەكانی یونـــانو بەربەرەكان بپارێزێو « بەتایبەتیو لە سەرووی هەموو شتێكەوە هۆیەكانی ڕووداوی جەنگ لە نێوانیان دا پێشكێش بكات[19] » هێندێك لەو مێژوونووسانەی ، كە مێژووی ڕۆمانیان بە چـەنـد سەدەیەك لە دوای ئەو تۆمار كردووە بابەتەكانیان لە هۆیەكـــی ڕاستو ڕووناك بێ‌بەشەو هەژارە ، بەلام ڕۆژگار ئەوەی بـــۆ فەیلەسوفانی مێژوو ڕوون كردەوە ، كەوا ماندووبوون بـــۆ هەوڵدانی ڕێكخستنی تاقیكردنەوەی ڕابردووی مرۆڤایەتـــی بەهوی دەرخستنی هۆیەكانی ڕووداوانی مێژوویی‌و ئـــــەو یاسایانەوە دەبێ ، كە لە فەرمان ڕەوایی دا پێرەو كراون لـــەو كاتەدا یاساو هۆ بە شتێكی میكانیكی دەژمێردراو هێندیـــــك جاریش بە بیولوجی وغەیبی‌و ئابوری‌و دەروونی بەلام لە لایەكی تیوری‌یەوە ئەوەی باو بوو مێژوو لە كۆمەڵێك ڕووداوانـــــی ڕابردوو پێك‌هاتووەو لەسەر هۆو ئەنجام بنیات نراوە لێـــرەدا شوێنی خۆیەتی بڵێین پولیبیوس[20] یەكەمین مێژوونووسێكە ، كە بایەخی بە مێژووی ڕۆمـــان داوە بـــەم جـۆرە ڕێبازە و تاكیتوس[21] ، كە مێژووی لاوازی وولاتەكەی خۆی تۆمـــار كردووە ، یەكێك بووە لەوانەی پێرەوی ئەم ڕێبازەیان كردووە •

لەبەر رۆشنایی ئەو پێویستی‌یانەی لەمەو بەر باسکرانو بەپێ ئەو بارو دۆخەی کە مێژووی کوردو نیشتمانی کۆنینەیان تێیدایە دەبێ وا لە بابەتەکە بدوێین ، کە بە دوو قۆناخی گرنگەوە پێویستە :-

١ - ئەو قۆناخە دەگرێتەوە ، کە لە پێش پەیدابوونی نەتەوەی کورد لەسەر شانۆی رووداوانی مێژوویی دا وەکو کۆمەڵە مرۆڤێکی جیاواز کەوتووە ، ئەم نەتەوەیە رۆڵێکی مێژوویی تایبەتی هەیەو هانمان دەدا بۆ ئەوەی لە شوێنی نیشتەجێ‌بوونیان بکۆڵینەوە کە پڕە لە کەلەپووری مێژوویی‌و لە راستیش دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین نووسەرانی چەرخی کۆن‌و نێوەراست لە لایەنی ئەو راستی‌یە دوور نەکەوتوونەتەوە کە بایخێکی بێ‌سنووریان داوە بەو ناوچەیەو وەکو شوێنێکی پیرۆز تەماشایان کردووە چونکە کەشتی پەیامبەر نوح لەم هەرێمەدا رووهێڵدراوە .

ئەم هەواڵە لەلایەن سومەریانەوە گێردراوەتەوەو ئاشورێکانیش روونیان کردۆتەوە ، جا نیکۆلای دیمەشقی‌و ئیپفانوس‌و ئیسکەندەری پولهیستور و ئوزابیۆسی قەیسەری‌و هەروا یوسیفوس فلاڤیوس ئەوەیان روونکردۆتەوە ، کەوا ئەم کەشتیە لەسەر کێوەکانی کوردوێنێ وەستاوە[٢٢] .

٢ - ئەو قۆناخە دەگرێتەوە ، کە چەند گۆڕانێکی کەلچەری وزمانەوانی لە سەردەمی دەولەتی میتانی‌و میدی دا رووده‌دات وهەر لەم پلەیەدا هەموو مەرجێکی پێویستبۆ

پەیدابوونی نەتەوەی کورد دێتەکایە ، کە دەتواندرێ پشت بەو سەرچاوانە ببەسترێت بەهۆی ئەو ڕێبازە باشەی ، کە کۆمەڵێك لەنووسەرانی یونانو ڕۆمان پێڕەویان کردووە لەپاڵ ئـــــەو دەکومێنتە تۆمار کراوانەی ، کە ئەم دەولەتە ناوچەییانە جێیـان هێشتووەو هەروا دەتواندرێ دەسنووسانی کەنیسەکانی ئـــەم ناوچەشیمان بخرێتە سەر •

ئەمەو لەلایەنێکی دییەوە ئەو بابەتانەی یارمەتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەدەن دابەش دەکرێنە سەر دوو شێوە :

١ ـ سەرچاوەی وێژەیی ( ئەدەبی ) ، کە نووســـراوی پاشاو قەشان دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو نامە میریانەی کە لــــــە نێوانیاندا ئاڵوگۆرکراون هەروا ڕاپورتی سوپاسی هی لەشکرە جیا جیاکان، کە توانیویانە ئەم وولاتە بخەنە ژێر دەسەلاّت دارێتی خۆیان کە لەکۆندا بەگشتی ناوی ( سوبارتو ) لەلایەن سومەریان و ( علیاتم ) لەلایەن ئەکەدیان لێندراوە وهەروا بەنــــــاوی کوهستانیشی لەسەردەمی درەنگتر هاتووەو کە وەرگێراوەکەی بۆسەر زمانی عەرەبی ( بلاد الجبل ) بووە •

٢ ـ سەرچاوەی ناوێژەیی ، کەهەموو شوێنەوارو ، نەخشو نیگار و دراوی وشتی دی مێژوویی دەگرێتەوە •

لێرەدا بەشێوەیەکی کورت باسی هێندێك ســـەرچاوەی مێژوویی وێژەیی دەکەم ، کە بەقوناخێــکی کورتی دیارخراوی مێژووی کوردەوە بەندیواری هەیە ئەم باسەشم دوو لایەنی ئەم سەرچاوانە دەگرێتەوە ، کە ئەوانیش دەسنووســەکانی یونانیو

رۆمانین و لەگەڵ هێندێك دۆكومێنتی ناوچەیی ، كە لەو سەردەمەدا هەبووەو بەهۆیەوە دەتواندرێت هێندێك لە دیاردەكانی قۆناخەكە روون بكرێتەوەو پەیوەندێكەشی بەپەیدابوونی نەتەوەی كوردەوە پێوەستە ، بەڵام لە چوارچێوەیەكی سنووردارا لەپێش پەیدابوونی دینی مەسیحی و لەدوای ئەو سەردەمەی ، كە هیرۆدۆتس كتێبی ( هیستوریا - مێژووی )ی تێدا نووسیوە • **( بروانه وێنه ژماره ) ٣**

أ - لە راستیدا هیرۆدۆتس زۆر بە ئاشكراو روون باسی وولاتی ( ماتیینی ) و هەروا ناوچەی پەختەوێخ ( بوهتان ) دەكات ، كە كەوتبوونە نێو ساتراپی سێزدەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی (بڕوانە Her. III, 93 (٢٣) ) ولەدواییدا وەكو ناوچەیەكی جوگرافی مرۆڤایەتی بوو بە مەڵبەندی كۆبوونەوەی گەلی كورد ، بەڵام ئەو نەیگوتووە كورد بەڵكو بەنێوی ( ماتیێنی Matienoi ) نێوی بردوون • لە دوای ئەودا بەنیو سەدەیەك كسینەفۆن تیشكێكی رووناكتری خستۆتە سەر ئەو ناوچانەو بەتایبەتی لە ئانابا سیسی ، كە لەدواییدا بووبە دۆكومێنتێكی مێژووی گرنگ ، كە هیچ دۆكومێنتێكی دی لەو سەردەمەدا ناتوانی بەرامبەر بوەستی و لەبەر ئەوەی نووسەرەكەی بیرێكی فەلسەفی هەبووەو خوێندكارێكی سوقرات بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێكی سوپایی سەركەوتوو بووە توانیویەتی سەرۆكایەتی لەشكری خۆی و بە شێوەیەكی راستورەوان بەرەو وولاتی یونانی بەرێ •

ئەم دوو مێژوونوسانە باسی کۆمەڵێکی تایبەتیان لە وولاتی ماتیینی‌دا نەکردووە ، کە کەوتبۆ نێوان رووباری ئاراکس هەتا سنووری وولاتی میسوبوتامیا ولەگۆمی وورمێوە ، کە بە گۆمی ماتیینیش نێودارببوو تا گۆمی وان . لەبەر ئەمەو لەبەر چەند هۆیەکی دی بەهیچ جۆرێك ناتوانین بریارێکی بنج بربدەین لەسەر هەبوونی هەموو مەرجێکی نەتەوایەتی کوردی لەو کاتەدا ( لەسەدەی پێنجەمی پێش‌زایین ) ، بەڵام ئەوە ئەوە رەت ناکاتەوە کەوا بلێن ئەو دانیشتوانەی ، کە بە ناوانی جۆراو جۆر ناو نراون بە تۆی گەلی کورد بژمێردرین ، وەکو کاردۆخۆی ، هۆزەکانی میدی جۆراوجۆر ومیتانیانی کۆنوکیرتی ومەردیانو دەیلەمی‌و هەتا سەکسی‌و ئالانیش . لە ناوەراستی بوونی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەدا ناوی وولاتی ( گۆردوێنی ) سەرهەڵدەدا ، کە لە هێندیك سەرچاوەدا لەشێوەی ( کۆردوێنی ) هاتووە لەگەڵ هاتنی ئیسکەندەری مەکدونی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی پێش‌زایین، لەدوای ئەم سەردەمەدا دیسانەوە لەلایەن سترابون ، پلینیوس وئەمیانوس مارکلینۆس‌و هی‌دی یاد دەکرێنەوە[٢٤] .

بەڵام دیودورۆسی سیسیلیانی ( لەدەوروبەری ٨٠ پ•ز- ٣٠ پ•ز• ) کاتێ‌پەرتووکەکەی خۆی ، کە بەنێوی ( کتێبخانەی مێژوویی Bibliotheke Istorike )یە دابەش کردووە و لەنێوی‌دا چارەسەری ماوەی نێوان سەردەمی ئەفسانەیی هەتا ٦٠/٥٩ پ•ز• دەکا ، لەم ساڵەدا تەبایی‌و رێکەوتن سێ قۆڵی لە ( نێوان پۆمپەی وقەیسەرو کراسوس ) رووی دا کە بە یەکەم هەنگاوی گۆرین لە مێژووی کۆماری

رۆمانی دا دەژمێردرێ نووسەری نێوبراو باسی کاردوخۆیانی کردووە وئەو سەرچاوانەی کە پشتی پێ بەستوون دەبێ کسینفۆن وەیا هاوبەشێکی دی هێرشەکە سوفاینیتوس بێ کە ستیفانی بیزەنتی ووتوویەتی ئەویش ئاناباسیس خۆی نوسیوەو باسی کاردوخۆیانی کردووە[٢٥] • نوسراوی ( نامەخانەی مێژوویی ) بریتیە لە (٤٠) کتێب بەلاّم تەنیا کتێبی ١-٥ ، ١١-٢٠ وهندیك بەشی ( ٢١-٤٠ ) ئەم بەرهەمەمان دەستکەوتووەو ، لەنێو نووسراوەکانی مێژوونووسی کەنیسی ئوزابیوس قەیسەری و لەگەڵ نوسەرانی سەردەمی بیزەنتی هاتووە • دیودورۆس زانیارێکانی خۆی لە مێژوونووسێکی زۆری پێش خۆی وەرگرتووە وەکو هیکاتیوس و ئیفوروس و ثیوپومپوس و کلیتارخوس و هیرونیموس و تیمایوس و هێندێك نوسەرانی (Annales) ی رومانی وەکو پولیبیوس و پوسیدونیوس[٢٦] •

بەلاّم پلینیوسی مەزن (٢٣ز• - ٧٩ز•) کە بەسەرۆکی هێندیك بەشی هێزی زەریایی داندرابوو وەلە پێناوی زانستیدا لەوکاتەی کە دانشتوانی ناوچەی کێوی ڤیزۆفی لەبەر بورکانی ئاگراوێکەی دەگواستەوە شوێنێکی دی دوا ماڵئاوایی لە جیهان کرد وئەم رووداوەش لە ساڵی (٧٩)ی زایینیدا بوو •

نێوبراو زانایەکی ئینسوکلۆپیدی بوو ، کە ئەو بابەتانەی لەنێو بەرهەمەکەی دا باسی کردوون ، زانیاری سوپاسی و مێژوویی و فێرکەری زمانەوانی بوون ، ژمارەی بەرهەمەکانی (١٠٢) کتێب بوون تەنیا یەکێکیان ماوەتەوە ، کە ئەویش ( مێژووی خۆرسکی - Naturalis Historia ) یەو ئەم

ئینسـوكلوپیدی‌یه (٣٧) پەرتووكەو لـە زانیاری جوگرافی ، رەگەز ، زنجیرەی مرۆڤایەتی ، پیشەی ئەندامان وزانستی حەیوان‌و رووەك ، دەرمانخانەو كانەكان‌و نووسـەرانی یونان‌و رۆمانی وەرگرتووە ، ئەم زانایە لەنێو نووسراوەكانی تۆمـار كراوی‌دا دەڵێ كاردوخۆیانی كۆن ، كە لە سەردەمی خۆیان بـە كوردوێنی نێوداربوون دراوسێی وولاتی حەذیاب ( ئەدبابینی ) - هەولێر - بوون ، ئەم زانیاریە لایەنی شوێنی جوگرافـی كوردوێنی دەگرێتەوەو هەروا باسی وولات‌و كێوەكانی گوردوینی دەكات[٢٧] ، بەلام پتلیموسی (٣٥ پ٠ز٠ - (Plin n.h.vl 44)

٨٢٤ پ ، ز) دامەزرێنەری زنجیرەی پەتلیموسەكانە لە میسرداو كە سەرۆكێكی سوپاكەی ئیسكەندەری مەكدونی بوو ، لەكاتی خۆی‌دا جیاوازی لە نێوان وولاتی گۆردوێنی‌و شـاخەكانی گۆردوای كەردوخۆیانی كردووە[٢٨] بروانە :

(Ptolemaius v 12, 2) و (vl 2, 5)

ووتەكانی ئەم نووسەرە بێگومان لەوانەی پێش خۆی نزیكترە لە راستیووە ، چونكە ئەگەر هەرنەبێ هاورێگەی ئیسكەندەری مەكدونی بووە ، ئەگەرچی بە نێو وولاتی كاردوخۆیـان تێ‌نەپەریون ، بـەلام بـەلای چـەپی وولاتـی گـوردیای رۆیشتوون‌كاتی رووباری دجلة لە نێزیك فیشـخابور ( پێش خابور )ی ئەمرۆیان بریوەو جا بەرەو گوندی گوگمیلای نێزیك هەولێر رۆیشتوون • ئەم دەنگ‌وباسە لەلایەن ئەریانوسـ‌و

کورتسی روف وپلوتارخوس دووپات کراوەتەوە • بڕوانــە : سەرچاوەکانیان •
(Arrian anab, II 17, 7. Curt IV 10, 8, Plut, Alex 31, 4)

لەسەدەکانی دوای هێرشی ئیسکەندەردا شوێنی ئەم وولاتە بــە ووردی دەست‌نیشــان نەکراوەو ســنووری یەدیارنەخراوە • ئەگەرجی سترابون (Strabo 1, 2, 4) ی[٣٠] جوگرافــی گوتویەتی گوردوێنێ لە پێش‌دا بە کاردوخۆی ناســرابوونو هێندێکیشییان لە توروس و سوفینی و ئەرمینیادا ژیاون ، بەڵام لەشوێنێکی دی ( Strabo XVI 1, 24 )[٣١] کە سنوور بــۆ ناوچەی گۆردیای دادەنێ دژی خۆی دەوستێ لەو تێکســتەی لەنێو کتێبی دووەمی جوگرافی‌یەی‌دا لە شۆێن‌و رووگــەی رووباری دجلەی کردووەو هەرئەم تێکەڵی‌یە لە لایەن یولیوس هونوریوسەوەش دووپات کراوەتەوە[٣٢] • بەلام ئەوەی لێرەدا گرنگەکە سترابون سێ شاری گۆردوینی ( ساریسا - شیریشی ئەمرۆ لەنێزیك توری عابدین ) و ( ساتالکا ) و ( پیناکا - فێنکی ئەمرۆ )یە ، کە لە جوگرافی‌یەکەی خۆی‌دا شوێنیانی پێشان‌داوەو لەلایەن هیندیك مێژوونووسانی دیشــەوە دووپات کراونەتەوە لەهەموویان نێودارتر ئەومێژوو نووسە یونانیە ، کە ئەفســەری لەشکری رۆمانی بوو نێویشی ئەمیانۆس مارکلینو ســە ( ٣٣٠ ز - ٤٠٠ ز[٣٣] ) • ووتەکانی ئەم ئەفسەرە گرنگێکی تایبەتی مێژوویی هەیە ، کە بە وولاتی کۆردوێنی بەندیواری هەیە ، چونکە ئــەم نووسەرە خۆی لەبەر چەند هۆیەکی سوپایی کاتێکی درێژ لــە

وولاتی کوردەواری‌دا گەراوە و هێندێك جاریش گەیشتۆتە ئەو ناوچانەی کە لە دەوروبەری زێی گەورەن لە باکووری هەولێردا، هۆی گەیشتنیشی بۆ ئەم شوێنانە شوێن پی کەوتنی کاروانی هێزەکانی ساسانی بوو ، ئەوەی شایەنی باسە شاری ئامید ( دیاربکر ) کە مەلبەندی وولاتی کوردوێنی بووە ، مەلبەندی سەروکایەتی ئەم جورە ئەفسەرە رومانیانەبوو لە دوای جەنگێکی خوێناوی لەوولاتی کۆردوینی بەتایبەتی لەئامید دەگەرێتەوە روماو لەوی‌دا دەست بە نووسینی بەرهەمەکەی (resgestate) دەکا ، کە ٣١ کتێب بوو وتەنیا (١٨)ی لێ ماوەتەوە (لە ١٤ - ٣١) خۆش‌بەختانە ئەو بەشانەی ماونەتەوە پرن لە تێبینی‌و سەرنجی کەسی خۆی وبەشێوەیەکی خۆش‌و رەوان رووداوەکانی جەنگی زۆر بەواقعی‌و سەراحەت دەگێرێتەوە ، خۆشترین رووداوێکی تۆماری کردووە ئەو ئابلوقە دانەی شاری ئامیدە لە نێوەراستی سەدەی چوارەمی پێش‌زایین‌و بەتەواوی لە سالی ٣٥٩ زایین‌دا ، لە کاتێك دا ، کە جوڤینین Jovinion فەرمانرەوای شارەکە بووە ، نووسەر نەخشەیەکی راستی ئەو ناخۆشی‌و وێرانە مالی‌یەی دانیشتووانی شارەکەی ، کە کورد بوون دووچاری‌بوون لەگەل بەرگری لەشکری رۆمانی کێشاوەو جونکە لادێیەکان‌بۆ پێك‌هێنانی باژێری سالانەیان لەنێو شاردا کۆبوونەوە . مەرکلینوس دوا رۆمانی دووربینی باوەر بەخۆبوو ، ئەگەرچی لە سالانێك دا ژیا ، کە رۆشنبیری لەوپەری بی‌هێزی‌بوو و

هاوبەشی خەم و پەژارەی کوردانی کردووە ، کە لەئەنجامی شەڕەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەت دا دیلی بوو بوون .

ئەگەرچی ئەو ناوچانەی لەسەر هەردوو لێواری زێی گەورەدابوون لەرووی کارگێڕیەوە نەکەوتبوونە نێو چوارچێوەی وولاتی کوردوێنی لەپێش رووداوەکانی مارکلینۆس ، بەڵام گۆڕانکاری زمانەوانیو کەلچەری لەم ناوچانەو لە دەوروبەری هەولێردا روویان دابوو ئەوەش لەسەردەمی میدیەوە دەستی پێ کردووەو گەورەترین بەڵگەی ئەم گۆرانەش نیشتەجێی ساکیان بووە ، کە لەناویاندا شاهبانو - هیلینا - نێودا ترین کەسە، لەگەڵ ئیزاتیسی یەکەما لە دینی خۆیان هەڵگەراونەتەوەو بوونەتە جوولەکەو لە ئەنجام دا دینی وولاتەکەشیان بۆسەر ئەم دینە گۆریوە(٣٤) .

فلاڤیوس یوسیفوس ( یوسفی کوری ماتیاس ) باسی لایەنێکی ئەم رووداوانە دەکات ، ئەگەرچی ئەم مێژوونووسە لە فەلەستین لە ساڵی (٣٧)ی زایینیدا هاتۆتە گێتیەوە و لەبەر هیندێك دۆ خزمەتێکی زۆر دڵسوزانەی رۆمانی کردووە ، بەڵام ئەمە رێگەی ئەوەی لێ نەگرتووە ، کەوا ببێتە پیاوێکی رامیاری ، جەنگاوەرو دوانبێژو مێژوونووس ، چوار بەرهەمی بۆمان بەجێ هێشتووە لەهەمووی گرنگتر ( جەنگی جوولەکان ) ، کە لە سەرەتادا بە زمانی ئارامی نوسراوە جا وەریان گێراوەتە سەر زمانی یونانی ، ئەم بەرهەمەی لەهەموو بەرهەمەکانی دی گرینگەرترە و لەنێو سەرچاوەکانی دی ئەم سەرچاوەیە بە

بەرهەمێکی تەواوی مێژووی رۆمان دەژمێردرێت ، هەروا باسی فەرمانڕەوایەتی سەکس و ئەو زرووفانەی کە ناوچەکە تێیدا دەژیان دەکاو دیسانەوە باسی چۆنیەتی دانی وولاتی کوردوێنی لەلایەن مونابازوس ەوە بۆ ئیزاتیسی دووەمی کوری لە بەشی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینیدا دەکات (Joseph. Aut. 193)

ئەم سەکسانە دەورێکی بالایان لە پەیوەندی زمانەوانیو ئەثنوگرافی گەلی کورددا هەبووەو بەتایبەتی لە هێندێك ناوچەی وولاتەکەیانو لە شارانی وەك هەولێرو پردی ( شەرکرت )و کەرکوكو نێوی خۆشیان لە شاری سەقزدا هێشتەوە • بەم جۆرە کۆمەڵێك لە مێژوونووسانی یونانیو رۆمانی تیشکیان خستۆتە سەر باری رامیاریو سوپایی بەری رۆژهەلاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ، کە وولاتی کوردوێنی دوا سنووریان بووە لەگەڵ دوژمنەکانیان لە روژهەلاتیاندا بەشێك لەو راپۆرتە سوپایی ریكوپێکانەی ، کە بۆ شوێنانی بالا نێردراون بوونەتە سەرچاوەی بایەتەکانیان • بۆ وێنە کاسیوس دیوکاسیانوس (١٥٥ز - ٢٣٠ز) بە یارمەتی تۆمارەکانی باری میری ، کە ئیمپراتورەکان رێگەی بەکارهێنانیان داوە بەرهەمە مێژوویەکەی خۆی نوسیوە • لەپێش ئەمەشدا لەگەڵ ئیمپراتۆر - کرا کللا لە سالی (٢١٦ز) دا بۆ هێرشەکەی بۆسەر رۆژهەلات تەمپراتوریەکەی بووە ، بەلام دەنگوباسەکانی گشتی بە راستیو دلسۆزی باس کردووە ، بو وێنە دەلی : « ترایان لە وولاتی کاردونوندا رووباری دجلەی بریوە » و ئەم ووتەیەی نیشانەیەکی جوگرافیو مێژوویی گرنگە ، باوەکو

گۆرانێکی زۆر بەسەر ئەم ناوەو شوێنی لەلای ســـیکتوس رۆفوس[٣٦] رووی‌داوە کە ئەم ناوە بۆ شێوەی کاردوین جــا کوردوین گۆراوە •

لەکاتی رێك‌کەوتنی گالیریوس‌و دیوکلیتیانوس‌و نەرســی ساسانی لە ساڵی (٢٩٧ز) دا ئەوەی دوایان پێنج هەرێمی خۆی بۆ رۆمان بەجێ‌هێشتوە ، کاردوینون ( کە کاردوینی پێشوون ) یەکێك بوو لەو پێنج هەرێمەو رووباری دجلە بوو بە سنووری نێوان هەردوو ئیمپراتۆری‌یەتەکە[٣٧] •

ئەگەرچی لەوکاتەدا مەرجی نەتەوایەتی لە وولاتی کوردوێنی دا تەواو ببوو ، بەلام هێندێك هۆزی کۆچەر لە یاسای ئابووری‌و زمانەوانی لە وولاتی کوردوێنی‌دا سەربەســـت‌و ئازاد بوون ، لەگەل ئەوەش‌دا ئەو هۆزانە لە کۆتایی‌دا توانەوەو بەشـــێکی فراوانیان لە نەتەوەی کورد پێك هێنا ، لە هەمووان گرنـــگتر کیرتین ، کە تیتوس لیڤیوس (٥٩ز - ١٧ر٠) وەکو هۆزێك باسیان دەکات ، کە وەکو هێزێکی نانیزامی لەنێو لەشکری ســـلوقی رومانی‌دا لەکاتی جەنگیان‌دا لەگەل پێرگامۆن بەکارهاتوون[٣٨] • لیڤیوس بە مەزنترین نووسەری رۆمان دەژمێردرێت ، کـــە شێوازە ئەدەبێکەی بەسەر نووسینەکانی‌دا زال بووە و بـــە وێژەوانێکی گەورە دەژمێردرێت بەرلەوەی مێژوونووســـێکی مەزن بێت‌و هیچ‌کەسێك نەی توانیوە شان لەشانی بدات لەکاتی وێنەکێشـــیانی ئەو رووداوو ئەو کەســـانەی ، کە لەنێو نووسینەکانی‌دا لە باسکردنی مێژووی رۆمادا پەنجەی بـــۆ

دریژکردووەو ئەم بەرهەمەش (١٤٢) کتیبەو تەنیا (٣٥) مـــان بەدەست گەیشتووە •

لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دا پاشایانی ســــەربەخۆ فەرمانرەوایی وولاتی کوردوێنییان کردووە ، هەروا لەکاتــی جەنگی دووهەمی ( میثرادات )ی پورثیداکاتی لوکولوســس هێرشـــەکەی خۆی بردە ســـەر ناوچەکە ( زاربیونوس ) فەرمانرەوایەتی وولاتی کوردوینی دەکرد ولەکاتی داگیرکردنی وولاتەکە لە لایەن رۆمانەکانەوە فەرمانرەوا یەتی ئەم هەرێمە درا ئاریۆ بارزانی کەپەدۆکی[٣٩] • لە ئەنجامی تێکەڵاوی راستەوخۆی نێوان ئیمپراتۆریەتی رۆمانیو لە دواییدا بیزەنتی لەگەڵ وولاتی کوردوێنیدا ، کە هەمیشە ئەم وولاتەش مەیدانی جەنـــــگی هەمیشەیی بوو بۆ هەردوو لایان ، رۆمانەکان توانیان شارەزایی لە کاروباری جۆراو جۆری ئەم ناوچەیە پەیدابکەن لەوانـــە شێوەی چاككردنی شکانی ئێسك ئەندامانی تەن بە شـــیوەی کوردەواریو بەتایبەتی بەهۆی ( ئامومۆم ) کە ئێستە لـــــە کوردیدا بە مومیایی وەیا مومنایی ناســـــــراوە ، هەر بۆیە سللوسیتوس (٨٦ پ•ز - ٣٤ پ•ز) کە بۆ خێزانێکی مسکێن دەگەرایەوە پشتگیری یولیوس قەیسەری دەکرد قسەکەی دەکات بەوەی کە دەڵی ئامومۆم لـــە وولاتی کوردوێنی دا[٤٠] هەیە ، هەروا یوسیفوس فلاڤیوسیش لەسەر ئەم باسە سوورە •

بەم جۆرە دەتواندرێت پشـــت بە نووسراوانی زۆری دی ببەسترێت بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئەم سەردەمە نەکۆڵراوە لـــە

مێژووی کورددا چارەسەر بکرێت بەو ڕێگەو ڕێبازەی ، کە لەمەوبەر باسکرا •

ب) لەو بروانامە ناوچەیی‌یە گرنگانەی ، کە لەهەمان قۆناخ‌دا بۆ لێکۆڵینەوە سوودی لێ‌وەردگیرێ کاغزی بەردی‌یە ، کە بەیونانی توماریون ( Tomarion ) لە زمانی کوردی‌دا بۆ ( تۆمار ) کورت کراوەتەوە دەورێکی گرنگی هەیە وەکو ئەوانەی پێشوو • ئەم جۆرە کاغەزانە ئامرازێکی باوبووەبۆ تۆمارکردنی تێکستی مێژوویی و کۆنترین چونیەتی دروستی‌کردنی لەلایەن پلینیوسی مەزنەوە باسکراوە ، کە لەو رەگە لیجەی قەدی رووەکی بەردی دروست کراوە لەدوای پرۆسیسی هێزخستنەسەر چەند توێژێکی ئەم قەدە بەشیوەی ئاسۆیی هەتا ئەم بەشانە بەهۆی ئەو لیجە بە یەکەوە دەنوسێن و لەبەر هەتاو بەجێ‌دەهێڵدرێ هەتاوەکو ووشك دەبێ بەم جۆرە ئەم کاغەزە بۆ نووسین ئامادە دەکراو رەگەکانیشی بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر رووی دیار دەخرا •

نامەی تایبەتی‌و بابەتی ژمێریاری‌و بروانامەی میری‌و یاسایی وهی‌دی لەسەر ئەم جۆرە کاغەزانەدا تۆمارکراون‌و لە ناوچەی هەورامان دا سێ پارچە کاغەز دۆزراوەتەوە ، کە یەکێکیان بە ڕێنوسی ئارامی‌و ئێریکەی (٣٠) سی ووشەی کوردی تێدایەو ئەمرۆش بەکاردێ وهەروا (١٠) دە ووشەی ئارامیشی تێدایە وبەرواری تۆمارکردنی ئەم بروانامەیە ،هەروەکو لەسەری نووسراو بۆ مانگی ئاروتات سالی (٣٠٠) سێ سەدی

یونانی بەرامبەر بە (١١) یازدەی پێش زانیین دەگەڕێتەوە یابەتەکەشی باسی فرۆشتنی نیوەی پارچە زەوی‌یەکی کشت‌وکاڵی دەکات ، کە خاوەنەکەی ناوی پەتەسپەك کوری تۆرینەو بەمەیوانێکی بە (٥٥) درهەمی یونانی فرۆشتووە پروفیسور ئیلیس مینس دەربارەی دوو بروانامەکەی دی لێکۆڵینەوەیەکی لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی هللینی ژمارە ٣٥ لەساڵی ١٩٥ لاپەرە ٢٢ - ٦٥ دا بلاّو کردۆتەوە ، و لە نووسینە یونانێکەی کۆڵیوەتەوەو ئەوەی یەکەمیش بۆ کاولی ناردووە ، کە ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیۆی بریتانی لە ساڵی ١٩١٩ دا بلاّو کردوتەوە ، هەروا دەستخەتێکی دیش لە ناوچەی ئەغجەلەر دۆزراوەتەوەو بە رێنوسی ئارامی نوسراوەتەوەو وێنەیەکی لەلامەو بۆ ئەو قۆناخ دگەرێتەوە ،ئەم دەسنوسانە گرنگترین بەلگەی مێژووین بۆ کورد و بە گەنجینەیەکی گورجو گۆلانە لێ بکۆڵدرێتەوە .

بەبۆنەی چاپ‌بوونی ئەم کتێبە دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو خوشك‌و برایانە بکەم ، کە ئەرکی چاپ‌دانی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆو بەگەیشتنی وێنەی دەقە یونانی‌یەکانی بەلگەنامەکانی هەورامان بەدەستم ، بەراسپاردنی خاتو ( گولزار جاف ) قوتابی زانکۆی ئیسیکس‌و بەرێگەی کتێبخانەی بەریتانی‌و بەدەست خاتوو ( شنەی ئەورەحمانی موفتی ) ، دەمەوێت نەك تەنها سوپاسیان بکەم ، بەلکو پێویستە بلێم ئەم بەرێزانە بەو هۆیەوە بەشداری‌یەکی ئەو خزمەتە زانستی‌یە گەورەیەی گەلی خۆیان

کردووه ، هەرگیز لە بیری نەوەی داهاتوی خۆیاندا وون نابن‌و بەئاواتم ئەم کتێبە لای ئەو کەسانە کە بایەخ بە بابەتەکانی دەدەن سوودبەخش بێت‌و لایەکی ئەو رێ سەختە تاریکەی دوا رۆژیان، یەزانینی کارەساتەکانی رابووردوویان رووناك بکاتەوە .

**دوکتور**
**جەمال رەشید ئەحمەد**
**مامۆستای بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیان**
**لە زانکۆی بەغدا**
**١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٨٦ز**

● ● ●

# بەشی یەکەم

## چاوخشاندنێك دەربارەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیو مێژوویی دانشتوانی چیاکانی زاگروسو کوردستان

بڵاوبوونەوەی هۆزەکانی هیندو ـ ئاوروپایی ( بەتایبەت هیندو ئێرانی ) لە دەشتەکانی خوارووی روسیاو گوزەرانییان نیوان وڵاتی چین لە رۆژهەڵاتدا تا رووباری دانوب لـــــە رۆژئاوادا ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

[M. Rostovtzeff., : Iranians and Greeks in South Russia Oxford, 1922].

وە کۆچ کردنیان ( بەشی هیندو ـ ئێرانی ) بەرەو باشور ، چ بە رێگای رۆژهەڵاتی زەریای قەزوین بۆ هەرێمەکانی پەنجاب و ئەفغانســـتان و ئێران وە چ بە رێگای دەربەندەکانی قەوقازیاوە بەرەو چیاکانی زاگروســـو و وڵاتی کوردەواری و ئازربایجان و ئاسیای بچوك ، وەتێکەڵاو بوونیان بە دانشتووی کۆنی ئـــەو وڵاتانەدا ، یەکێکە لەو بابەتە مێژوویی و زمانەوانییە گرنگانە ، کە لە سەدەی نۆزدەمەوە لێی کۆڵراوەتەوە • پسپورانی ئەڵمان و ئینگلیز و پاشان روس پتر لە کەسانیتر لەم بوارەدا خەریـــك بوون ، بەتایبەتی پاش ئەوەی کەلەپوری سومەریان و ئەکەدیان و ئاشوریان و هیثییان و میسریان بە شێوەیەکی فراوان دۆزرایەوەو شیکرایەوە •و هەرچەندە ئەو نووسینە مێخی و هیرۆگلۆفییانە شی دەکرانەوە ، کە لەسەر هەزارەها تابلۆ تومارکرابوون ،ئاسۆی راستییەکانی مێژوویی ئەو وڵاتانە فراوانتر دەبۆوە لە نێـــو تێکستی ئەم نووسراوانەدا سەدەها ووشە و نێوو هەتاکو رستەش بینراوەتەوە پێوەندیان بە زمانانی ئەمرۆی ناوچەکانەوە هەیە • بۆوێنە زۆر ووشەی ئاشوری یا بابلی یا زاگروسی هەیە ئەمرۆ لە عەرەبی یا لە سوریانیدا بەکاردەهێنرێت ، لە هەمان کاتدا بـــە

هەمەن شێوە سەدەها ووشە یا نێو یا رستە لەو تێکستانەدا سەیەو بە رەگ زاگروسین یا هیندو ئاوروپین ( میتانی یا مـــادی یاسەکەسی )ن ئەمرۆ لە کوردیدا بەکار دەهێنرێن • ئەم جۆرە دیاردەیە وای کرد کە کۆمەڵێك لێکوڵەوەرانی تایبەتی لەم بوارەدا پەیدا بین وەکو تیلی ، هوگو، وینکلەر و کەسانی دی ئەم جۆرە نێوانە لەم باسانەی خۆیاندا بکوڵنەوە :

[Tiele C., Babylonisch - Assyrische Geschichte Bd I, Gotha 1886.]

[Winckler H., Untersuchungen zur altorientalischen Geschichte, Leipzig 1889]

[Winckler H., Geschichte Babyloniens und Assyriens, Leipzig 1892]

بەلام ( یوستی ) لە کاتی خۆیدا کۆمەڵیك لەم نێوانـــەی بلاوکردبۆوە و زۆر بە ووردی لێیانی کۆلیبۆەو بەپێی ئەلفو بێ پیتەکانی ئەو ووشانەی لەو فەرهەنگەی خـــــــــۆیدا رێكخستبوو :

[Justi F., Iranisches Namenbuch, Marburg 1895.]

و هەروەها ( یوستی ) چەند لێکۆلینەوەیەکی دی هەر لەم بابەتەی خۆی لە کۆڤارەکانی دەزگەی مۆرگن لاندی ئەلمانی کە لە شاری لایپزگو ڤیسبادن لە بەندی ٩٤دا بلاوکردۆتەوە :

[Justi F., Miscellen Zur iranischen Namenkunde, - ZDMG, 1895, Bd 49.]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شیفتیلوڤتس لە هەندێـك تابلۆو پارچە نوســـراوی مێخیدا کۆمەڵێك لەم جۆرە نێوانەی

دۆزیبۆوەو لەم باسانەی خۆی بلاّوی کردۆتەوە کە لە بەندی سیوهەشت لە کوڤاری لێکۆڵینەوەی زمانانی هیندو جەرمانیدا، لە شاری گوتینگن چاپکراوە :

[Scheftelowitz J., Die Sprache der Kassäer, - KZ, 1902, Bd 38]

[Scheftelowitz J., Altiranische Studien, - ZDMG, 1903 Bd 57]

هێشتا ئەو لێکۆڵینەوەی شرایدەر ، کە لە ساڵی ١٨٧٨ی زایینیدا دەربارەی نێوی مەلبەندە جوگرافییە کۆنەکانــــــی چیاکانی زاگروس کردبووی لەلایەن پسپۆرەکانی جوگرافیای مێژوویی سەدەی بیستدا بە چاووکێکی ســەرەتایی دادەنرا • بروانە :

[E. Shrader., Keilinschriften und Geschichsforschung-Giessen, 1878.]

[J. A. Knudtzon, Assyrische Gebete an den Sonnengott, Leipzig 1893, No. 75]

دوابەدوای لێکۆلینەوەکەی شرایدەر دوو لێکۆلینەوەیەکی گرنگ دەربارەی ئەو مەلبەندە جوگرافیانەو بەشـــــێوەیەکی فراوان لە ساڵانی ١٨٩٨ز ، ١٩٠٠ زایندا لەلایەن ســـتریكو بیلەریێك کرایەوە • بروانە ئەوەی ستریك لە ژێر نێونیشانی •

[M. Streck., Das Gebiet der heutigen Landschaften Armenien, Kurdistan, und Westpersien nach Babylonisch-Assyrischen Keilinschriften, "ZA XIII (1898), ZA XIV (1899), ZA XV (1900).]

بروانه لیکۆلینەوەکەی بیلەربێك لەژێر نێونیشانی :

[A. Billerbeck., Das Sandchak Suleimania und dessen Persischen Nachbarlandschaften Zur babylonischen und assyrischen Zeit. Leipzig 1898]

هەرچەندە ئەم دوو پسپورە زانیاری یەکی پتریان خستە سەر ئەو زانیاریانەی شرایدەر ، بەلام ئەم لیکۆلینەوانە هەر ناتەواو بوون چونکە زۆربەی هەوالەکانی تابلۆ نووسراوەکان هێشتا شی نەکرابوونەوە لەبەر ئەمە ستریك‌و بیلەربێك پشتیان تەنها بە هەوالی هێرشێك لە هێرشەکانی چەند پاشایەك دەبەست‌و لەسەر ئەو هەوالەدا بناغەی لیکۆلینەوەکەی خۆیان بینا دەکرد •

دوا بە دوای ئەمان دەستکرا بە لیکۆلینەوەی مێژووی دانشتوانی چیاکانی زاگروس‌و هەندیك شاری هوریەکان دۆزرایەوە بە تایبەتی لە دەوروبەری کەرکوکی ئەمرۆدا ( ئەراپخای کۆن )و بۆرك Bork لەشی‌کردنەوەی تابلۆ نوسراوەکانی ئەو شارانە دەستێکی بالای هەبوو و لیکۆلینەوەکانی بەنێوی زمانی میتانی بلاوکردبۆوە : بروانە :

[Bork., Die Mitannisprache, MVAG XIV 1/2 (1909)]

[Bork., Journal of the Royal Asiatic Society (1928).]

بەلام ئەم بیرو باوەرانەی بۆرك لەلایەن سکۆلد بە شێوەیەکی رەخنەگرتن هەلسەنگێندراوە ( بروانە ئەو هەلسەنگاندنە لە :

[H. Skold, Sur la Lettre en Langue Mitanni JRAS 1926, PP. 667 - 678] )

لەم کاتەدا چەند لیکۆلینەوەیەکی باش لەبەردەست سکۆلد بووە کە بتوانێت ئەو جۆرە رەخنانە لە پێشووی خۆی بگرێت

وەکو باسەکانی ( دی‌مورگان ) :

[J. de Morgan, les premieres Civilisations (Paris, 1909)]

[J. de Morgan, la prehistoire Orientale (Paris 1925-27)]

هەر لە هەمان ساڵدا کونتیناو لەلایەکی‌دیەوە هەمـــــان تابلۆکانی نوزی خستبۆە ژێر چاودێری لێکۆڵینەوەی تایبەتی • بڕوانە :

[Contenau., les tablet de Kerkouk (Paris 1926)]

و هەروەها سپایزەر لێکۆڵینەوەیەکی یاســای کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیەی خستبۆە ئەستۆی خۆی • بروانە :

Speiser E. A., New Kirkuk Documents Relating to Family Law. The Annual of Oriental Research. Vol. X, New Haven 1930.

پەیتا پەیتا ئەم تابلۆیانە تیشکی نوێیان دەخستە ســـەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی ناوچەکانی خوارووی وڵاتی کوردەواری، لە ساڵەکانی سی‌دا ســـــەر لە نوێ چەند ووتارێك لە کۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئاشوری‌دا دەرچوو وەکو :

[Cyrus H. Gordon., "Numerals In The Nuzi Tablets", Revue D'Assyriologie, Vol. XXXI, 1934.]

[Theophile James Meek., "The Iterative Names In Old Akkadian texts From Nuzi", Revue D'Assyriologie, Vol. XXXII, No. 1. 1935.]

بەلام سالی ١٩٦٣ ئیگنیشی گیلب بە هاوکاری پورڤیس و ماکرای توانی ئەو هەموو نێوانە کە لەم تابلۆیانەی نوزیدا بوون شییان بکاتەوە • بروانە :

[Gelb I. J., Purves P. M., Macrae A. A., Nuzi Personal Names. Chicago - Illinois 1963.]

لەلایەکی دیەوە پرۆفیسۆری چیکی مسیو هرۆزنـــــی دەستێکی بالای لە مێژووی هوری‌یەکاندا هەبوو کە دانشتووی هەرێمێکی فراوان بوون لە سەرووی مێزۆپوتامیادا • بروانە :

[Hrozny., Churri, Archiv Orientalni (AOR) I (1929)]

لەگەل دۆزینەوەی هەندێك پێوەنـدی زمانەوانی هوریان ( هالدی و ئورارتویی ) لەگەل زمانـــە قەوقازیەکانی ئەمرۆداو بەتایبەتی لەگەل زمانی گورجی ( کەرتڤالی‌دا ) ، تسیریتیلی لەوەدا نەوەستا کە ئەو پێوەندی‌یە بەدیاربخات بەلکو هەولی‌دا ئـــەو پێوەندیە لەگەل زمانی سومەریشدا دروست‌بکات • [ بروانە ئەم بیروڕایانە لە :

[Tseretheli, Die neuen haldischen Inschriften des Konigs Sardurs von Urartu (Heidelberg 1928)]

سەبارەت بە پێوەندی سومەری و گورجی بروانە زنجیرە باسەکانی لە کوڤاری پادشاهی ئاسیەوی بەریتانی نیوان سالانی ١٩١٣ - ١٩١٥ز •

Tseretheli, Sumerian and Georgian. JRAS, 1913-1915

دەربارەی مێژوی میللەتانی زاگروس و میزوپوتامیا و ئـەم جۆرە باسە زمانەوانی‌یە لە چەند کۆڤاریکی دی‌دا بلاوکرانەوە وەکو :

1- Journal of the Society of Oriental Research (JSOR) XI (1927).
2- Harvard Semitic Series (HSS).
3- The Royal Inscriptions of Sumer and Akkad (RISA).
4- History and Monuments of Ur. New York (HMU).
5- Oxford editions of Cunieform texts (OECT).
6- Revue d'Assyriologie (RA).
7- Zeitschrift für Assyriologie und verwandte Gebiete (ZA).
8- Zeitschrift der Deutschen Morgen Landischen Gesellschaft (ZDMG).

بەلام لەپاڵ ئەو باسانەدا سپایزەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەوڵەمەندی دەربارەی میللەتانی کۆنی رۆژهەلاتی ناوەراست و میللەتانی زاگروس وکوردستانی کۆن ، بەتایبەتی لە ساڵنامەی پشکنینی رۆژهەلاتشوناسی ئەمەریکایی‌دا بلاوکردەوە • بروانە :

[Speiser E. A., "Southern Kurdistan In The Annals of Ashurnasirpal and Today." Annual of the American School of Oriental Research VIII, IV (AASOR).]

ئەو کتێبەی بەنێوی ( بنەرەتی‌یەکانی دانشـــتووی میزوپوتامیا ) سپایزەری خستە پاڵ بەنێوبانگترینی پسپۆرانی مێژوو زمانەوانی جیهان ( بروانە :

[EPHRAIM A. SPEISER., Mesopotamian Origins. The Basic Population of the Near East. Philadelphia 1930].

لێرەدا پاشگری ئەو نێوانەی شارانی دانشتوانی کۆنی کوردستان بەتایبەتی لوللو ، کوتیو هوریان سرنجی سپایزەری راکێشابوو ، وەکو : بونا ـ سی ، گیزینکی ـ سی ، سیمی ـ سی ، لەربو ـ سە و هەروەها نو ـ زی ( ئونو ـ و ـ زا لە سەرچاوە عیلامی‌یەکاندا ) • نێوە کەسی‌یەکان ( ئەبەلگەمەش پادشای باراهسی ) سیدگەو ( شەککاناکا = جێ‌گری‌پادشا ) ، کومدوسو ، ( دەگو ـ برای پادشا ) و زینا ، هیداریدا ••• ، فەرمانڕەوای گونیلاها ••• هتد کە هەموویان دانشتووی ناوچەی باراهسی بوون لە سەردەمی سەرەتای فەرمانڕەوایی شاری ئەکەددا نێوی کوتیو لوللوبی بوون • ( بروانە سپایزەر هەمان سەرچاوە ل ٦٦ ، ٤٣ • )

پاشگری ( سی ، شی ) بێجگە لە زمانی کوتیو لولوبی‌دا بەگشتی لە زمانی هوری‌دا پاشگری نێو بووە بەلام ( وا ، وە ) پاشگرێکی پێوەندی‌یە Locativ termination وەکو ( پەهەرڕە ـ شی ، پەهەرڕە ـ شوا ، پەهەرڕی ـ وا ) دیاریشە ئەم پاشگرەی ( شی )یە لە نامەی پادشای میتانی‌دا بۆتە ( سی ) بەلام لەنێو شارەکاندا هەر بە ( ش ) ماوەتەوە وەکو شاری ( کیماش ، سیماش ، توکریش ) کە کەوتبوونە ناوچەی ئەرەپخا ( بروانە سپایزەر ، هەمان سەرچاوە ل ٤٤ ) بەدوو قۆلی لەگەل چیرا ، سپایزەر چەند باسیکی دی گرنگی پێشکەش کردوە ، کە دەربارەی هەمان بابەتەو لە سالنامەی پشکنینی رۆژهەلاتشوناسی ئەمەریکایی‌دا بلاوی کردۆتە

[Chiera and Speiser, A New Factor in the History of the Ancient East, AASOR VI, P. 76 ff]

له لالایەکی‌ترەوە و له هەمان کات‌دا ئەلبرایت لەتێــــوی کەسی‌و تۆپۆنۆمی لـــە ولاتی کوتوی‌و لوللوبی‌دا کۆلیوەتەوەو گەیشتۆتە ئەنجامێکی چاك و باســەکانی له کۆڤاری کومەلەی رۆژهەلات‌شوناسی ئەمەریکایی‌داو له کۆڤاری کۆمەلەی پادشایی ئاسیەوی بەریتانی‌دا بلاوکردۆتەوە :

Albright, JAOS Journal of the American Oriental Society. 45, P. 222 ff.
Albright, JRAS 1928, P. 868-875.

پنچیس له هەمان کۆڤارداو بەلکان له کوڤاری لی‌کۆلینەوەی رۆژهەلاتی‌ی ئەمەریکایی‌دا سالی ١٩٥٤ زایینی باسێکی گرنگی زمانی کاشی‌یەکانیان کردبۆەو تابلۆکانی سەردەمی حوکمرانییان له سومەرو ئەکەددا شی‌کردبۆوە •

[Balkan K., Die Sprache der Kassiten, New Haven. ("American Oriental Society" Vol. 37)].
[Pinches, The Languag of the Kassites, JRAS 1917].

سەرەرای ئەوەی له باسەکەی پنچیس‌دا هەندێك نێو بــە ئاشکرا دیارە ، کە رەگی هیندو ـ ئاوروپایی‌یان هەیە وەکـــو ( ماروتاش ، بوگاش ، میریاش ••• هتد ) کەچی بەگشتی ئـەم زمانە لەلایەن هەندێك کەس بە ( کاسپی ـ قەزوینی ) زانراوە و بەو رێگەیەوە بە گروپێکی قەوقازی ناسراوە ، ئەم ناسینەوەش له راستی‌یەوە دورە •

له سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا ( ئەدولف‌دیر ) راستی زمانە قەوقازی‌یەکانی روون‌کردەوە کاتێك کە کردبوونی بە سێ گروپی

فراوان ( باشوری رۆژئاوایی - وەکو زمانی گورجی - ، باکوری رۆژئاوایی - وەکو چەرکەسی - ، باکوری رۆژهەڵاتی - وەکو زمانەکانی دەوروبەری قەزوین ) • بروانە :

[Adolf Dirr., Einführung in das Studium der Kaukassischen Sprachen (1928)].

بەم شێوەیە ، ئەم کەلەپورە دەولەمەندە مێژوویی و ئەرکیولوژیە بە یارمەتی ئەو هەواڵە گرنگانەی نامەکانی پادشایانی رۆژهەڵاتی نێوەراست ( هیثی‌و میتانی‌و کاردونیاش ) بۆ فیرعەونەکانی میسر ، کە لە ئەرشفی ( تل العمارنة ) دۆزرانەوە [ بروانە جیمس هنری برستد ، تأریخ مصر من أقدم العصور الی الفتح الفارسی • القاهرة ١٩٢٩ ، ترجمة الدکتور حسن کمال ] •

هەروا بڕوانە :

Breasted A., History of Egypt 1951.
Campbell, Edward Fay., The Chronology of the Amarna Letters. Baltimore 1964.
Sir Alan Gardiner., Egypt of the Pharaohs. Oxford 1961.
Knudtzon J. A., Die El-Amarna Tafeln, Leipzig 1907.
Petrie W.M.F., Tell-Amarna, London 1964.

توانرا بەپێی ئەم نامانە هەڵسوکەوتی هەزارەی دووو یەکی پێش زایین لە ناوچەکانی سەرووی مێزوپوتامیاو ئاسیای بچوك ، کە مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە رێكبخرێت بۆ ئەو بابەتە زمانەوانی‌و مێژووییە فراوانەی میللەتانی هیند - ئاورووپی ، کە لەم هەریمەدا تێکەڵی دانشتوانی کۆنی ولاتەکەبوون • بەوێنە ،

بۆ یەکەم جار ، بە پێی ئەو نامانەی ( تل العمارنة ) توانرا راستیەك بخرێتە روو • [ بروانە :

[Phillip Vandenberg., Nefertete, Een Archeologishe Biografie. Tweede druk, Amsterdam-Brussel].

کەوا ( نیفەرتیتی ) هاوژیانی ( ئەخناتون ) ، کە دەورێکی بالای هەبوو لە گۆڕینی بناغەی ئایینی میسریەکاندا ، هەر هەمان ( تدوهیبا )ی کچی ( توشراتتا )ی پادشای میتانییایە ، ئەو ولاتەی کە هیرودوت بە ( مەتێنێ ) نێوان گۆمی وانو وورمێ نێوی دەبات •

لەبەر ئەمە ، بێجگە لەوەی ، کە لە ئینسـوکلوپیدیای بەریتانیو ئیسلامی و مێژوویی سوڤییتیو ئەمەریکی و هەروەها لە کتێبی مێژووی جیهان ( چاپە عەرەبی‌یەکەی ) دەربـارەی میتانیاو هوریو هیثی‌یانو هالدی‌یان ســوود وەرگیراوە ، بەهەمان جۆر سوود لە بەرهەمە سەرەکی‌یەکانی نوسەرە یونانیو رومانیو ئارامی‌یەکان، بەتایبەتی هیرودوتو پلوتارخو سترابونو مەشیحا زخا ، وەرگیراوە •

Herodot., Istoria. III ' V ' VII.
Plutarch., The Lives of the Noble Grecians and Romans. (Pompey 24) London 1952.
Strabo., Geography. XI ' XVII.
De Chronik von Arbele von Eduard Sachau. Berlin 1915.

وه دەربارەی ئایین و نێوی خوداوەندانی وڵاتی میتانیا ئەم سەرچاوەنەی خوارەوە یارمەتیەکی باشی ئەم کتێبەیان‌دا :

Sten Konow., The Aryan Gods of the Mitani People (Royal Frederik University, Publications of the Indian Institute) I, 1, 1921.

Thieme P., The Aryan Gods of Mitanni Treaties. "Journal of the American Oriental Society, 80, Oct.-Dec. 1960.

وه دەربارەی چینی سوارانی میتانیان (ماریانی ) و ڕۆلیان لە کۆمەڵدا بێجگە لە بیروراکانی ئەنتون مورتگات هەندێك رای تریش دەبێت بخرێتە روو وەکو لەوەی لەم سەرچاوەیە دایە :

George Stemdroff; Keith C. Seele., When Egypt Ruled the East. Chicago - Illinois 1958.

وه بۆ بەراووردکردنی زمانی هیتی لە ئاسیای بچوکـــدا لەگەڵ میتانی‌دا لە سەرووی مێزدپوتامیاداو هەردوکیان لەگەڵ کوردی ئەمرۆدا ، بێجگە لە لێکۆڵینەوەکانی گادسوود لـــــە باسەکانی گراوفۆرد وەرگیراوە ، کە لە گۆڤاری پادشـــایانەی کۆمەڵی ئاسیەوی بەریتانی‌دا بڵاوکراوەتەوە .

Grawford S.J.B.A. Litt., The Decipherment of the Hittit Language. JRAS 1919.

لەپاڵ ئەمانەشدا ، ئەم کتێبانەی خوارەوە بە شـــێوەیەکی گشتی ، بوونەتە سەرچاوەیەکی بنەرەتی شی‌کردنەوەی کارەساتە مێژوویی‌یەکانی سەرووی مێزوپۆتامیا ، وڵاتی ئاشور قەفقاسیاو ئاسیای‌بچوك .

أنطون مورتگات ، تأريخ الشرق القديم • دمشق ١٩٦٧ ، الترجمة العربية •
A. Moortgat., Archeologische Forschungen der Max. Freiherr von Oppenheim Stiftungen in Nordischen Mesopotamien, Koln 1957.

جورج رو ، العراق القديم • بغداد ١٩٨٤ •
Georges Roux., Ancient Iraq - London 1964.
Charles Burney; David Marshall Lang., The People of the Hills, L. 1971.
Geiger W., Ostiranische Kultur in Altertum. Erlangen 1882.

هەروەها لە بابەتی ئیتەمەلۆژیو زمانەوانیو ئایینیو بینای بیری کۆمەڵ ئەم سەرچاوەی خوارەوە زۆر سوودبەخش بوون :

توفیق وەهبی ، آلتون کوپری ، الجسر الذهب • مجلة المجمع العلمی العراقی ، المجلد ٤ ، بغداد ١٩٥٦ •
یوسف الحورانی ، البنیة الذهنیة الحضاریة فی الشـــرق المتوسط الاسیوی القدیم • بیروت ١٩٧٨ •
Mackenzi D. N., A Concise Pahlavi Dictionary. London-Oxford University Press 1971.
Herzfeld E., The Persian Empire. Wiesbaden 1968.
Childe G., The Aryans. London 1926.
Edward Joseph Thomas , The Indo-Iranian and their Neighbours. Indo-Iranian Studies - London 1925.
Bickerman E. J. Chronology of the Ancient World. London 1969.

دوابەدوای سەرهەڵهێنانی زمانێکی سەربەخۆی کوردی لە سەدە دواییەکانی هەزارەی یەکی پێش زایین ( واتە لە چەرخی

هیللینیدا و له بوژاندنەوەی ئیمپراتوریتی پورثدا ) ئەگەر تاکو ئێستا بەلگەنامەیەکی نووسراومان لەبەردەستدابێتو لـــــــە کوردستان دۆزرابێتەوەو پێوەندیەکی زمانەوانی پتەویی لەگەڵ کوردیدا بێت هەر تەنها دەستنووسەکانی هەورامانن ، کــــــە سەردەمو وێنەو شیکردنەوەی ناوەروکەکانیان لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا بەفراوانی باسدەکرێت •

لەپاڵئەوەی ، کە شـێوەی دۆزینەوەی ئەم بەلگەنامانەی هەورامان لە نەوەی خاوەنی رووداوەکە بیستراوە بەلاّم دانەری ئەم کتێبە یەکسەر پشتی بەستۆتە ئەو لێکۆلینەوە بنەرەتییانە کە بە ئینگلیزی لەکاتی خۆیدا لەلایەن پسپۆرو زمانەوانییەکان ئامادەکراوە •

Cowley A., "The Pahlavi Document from Avroman" Journal of the Royal Asiatic Society, 1919, PP. 147-154.

Minns E. M., "Parchment of the Parthian Period from Avroman in Kurdistan". Journ. Hell. Stud. 35 (1915) PP. 22-65.

Neilson C. Debevoise., A Political History of Parthia. Chicago - Illinois 1938.

لە هەمان کاتدا باسی ئەم بەلگەنامانە بەشێوەیەکی زۆر کورت ( نزیکەی چەند دێرێك کە ناکاتە نیــــو لاپەرە ) لەلایەن هەندێك بەرێزان باس کراوە وەکو مێژوونوسی کورد مردوخ لە ( تأریخ مردوخ )دا وە لە : عبداللطیف أحمد علی ، مصادر التأریخ الرومانی ، بیروت ۱۹۷۱ •

ئەمە لە لایەك ، ئەمجا بێینەوە سـەر هەواڵەکانی وڵاتی سومەر و ئەکەدو بابل‌و ئاشور لە چەرخە کۆنەکانداو پێوەندی ئەمانە بە دانشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان لە چەند کۆڤارێکدا بەفراوانی لە لایەن گاد Gadd بە تایبەت دەربارەی تابلۆکانی کەرکوك ( ساڵی ١٩٢٠ ) تابلوکانی شارباژێروو تل‌پراك (ساڵی ١٩٣٧) ولەلایەن ثیورو دانژین
Thureau Dangin

و کەسانی دی‌یەوە بڵاوبۆتەوەو لەم کتێبەدا سوودیان لێ‌وەرگیراوە ، وبەتایبەتی ئەوانەی لە کوڤاری لێکولینەوە ئاشوریدا بلاو بۆتەوە

(Revue d'Assyriolcgie et d'archeologie Orientale.)

لە نێوان ساڵەکانی سی‌وچل‌دا هەندێك لێکوڵینەوەی باش هاتە کایەوە دەربارەی گۆرینی زمانەوانی‌و ئەثنەلۆجی چیاکانی زاگروس ، بروانە •

G. Cameron., History of Early Iran - Chicago 1936.

بەڵام لە شەستەکان و لە هەفتاکاندا یونگ و پاشان لیڤاین ئەو جۆرە بابەتەیان گەیاندە پلەیەکی بەرز • بڕوانە :

T. Cayler Young, Jr., The Iranian Migration in to the Zagros. IRAN. Journal of British Inst. of Persian Studies Vol. V, 1967.

یونگ بە شیوەیەکی ووردو بەپێی هەواڵی هێرەشەکانی پادشایانی ئاشور سنووربۆ کۆچ‌کردنی هۆزەکانی مادو سەکەس‌و

کەســــانی دی بۆ چیاکانی زاگــروس و وڵاتـــی کوردەواری دەکێشێت • بڕوانە :

Louis D. Levine, Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros. IRAN. Vol. XI, 1973.

لیڤاین نامەی دوکتوراکەی بەم شێوەیە پێشکەشی زانکۆی پینسیلڤانیا ساڵی ١٩٦٩ز کردووەو بە شێوەیەکی ووردو بەپێی هیرشەکانی پادشایانی ئاشــور جوگرافیای مێژوویی ناوچەکانی زاگروس شـــیکردۆتەوە • لـەلایەکیدیەوە لێکۆڵینەوەکانی ئەدوارد مایەرهەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بابەتێکن ناتوا-نرێت لەم بوارەدا پشت گوێ بخرین بە تایبەت ئەمانەی خوارەوە:

Meyer Ed., Die altesten datierten Zeugniss der iranischen Sprache und Zoroastrischen Religion - KZ, 1908, Bd 42.

Meyer Ed., Gecchichte des Altertums, Bd I, Ht 2, Stuttgart und Berlin, 2 Aufl., 1909, 5. Aufl., 1926.

و لێرەدا پێویستە دەست بۆ ئەو لێکۆڵینەوە سەرەکیانەی هوسنگ درێژبکەین کە تایبەتە بۆ ئەو نێوانەی زمانانی لـــــە نێوچووی وولاتی کوردەواری ( هوری و ئورارتی و عیلامی ) کە نابێت لەم جۆرە بابەتانەدا کەم تەرخەمیان لێبکرێت وەکو :

Husing G., Altiranishe Mundarten, - KZ, 1899, Bd 36.

Husing G., Anmerkungen zur iranischen Namenkunde, - ZDMG, 1900, Bd 54.

Husing G., Der Zagros und Seine Volker, Leipzig, 1908 ("Der Alte Orient" Bd IX, Ht 3/4).

Husing G., Vorgeschichte und Wanderungen der Parsawa. "Mittelungen der Anthropologischen Gesellschaft in Wien", 1930, Bd 60.

Husing G., Volkerschichten in Iran, - "Mitteilungen der Anthropologischen Gesellschaft in Wien" 1916, Bd 46.

هەرچەندە تابلۆ ونوسراوەکانی پاشایانی ئاشورو ئورارتو لە هەزارەی یەکی پێش‌زاییندا لە کاتێکی درەنگتردا دەنوسرا هێندە نێوی سەر بە خێزانی زمانی کوردی بەرەو پەرەسەندن دەرۆیشت‌و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تالکڤیست توانی نێوە ئاشوری‌یەکان لە نێوی عیلامی‌و کاسی‌و هیثی‌و زمانانی‌تر جیا بکاتەوە ، و لەم باسەی خۆی‌دا بلاوی‌بکاتەوە :

Tallqvist K., Assyrian Personal Names, Helsingfors, 1918 ("Acta Societatis Scientiarum Fennicae", Vol. XLVIII, No. 1).

بەلام لەگەل ئەو کردەوە مەزنەی تالکڤیستەدا پاشان وا دیار بوو ، کە هەندێك لەم نێوانە نێوی پادشایانی ( ماننا ) بووە وەکو ( ئیریسینی ، ئیرانزو ، ئوللوسونوو کەسانی دی ). لەبەر ئەو هۆیە سەرلەنوێ لەم نێوانە کۆلرایەوەو وا بە باش‌زانرا ، کە هەر نێویك بە پێی پێوەندی زمانەوانی ریك‌بخرێت‌و ئەگەر بتوانرێت واتاکانی لێك‌بدرێتەوە ، و ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو ، چونکە هەندێك کەس هەولی دا بەپێی ئەو نێوانە بتوانێت رێرەوی هۆزانی خاوەن ئەو نێوانە لە مێژوودا بدۆزێتەوە و بزانێت لە چ ناوچەیێکەوە رەت‌بوون‌و لە کوێ جێ‌نشین بوون . دەربارەی ئەم گیروگرفتە ، مایەر وای دەبینێت ، کە هوزەکانی مادو هاوزمانەکانیان لە رۆژهەلاتەوە ( نێوەراستی ئاسیا ) کۆچیان

کردۆتە رۆژئاوای ئێرانو بەڵگە بۆ ئەمە نووسراوەکانی پاشایانی ئاشورە •

بەڵام هەندێك کەسی دی وەکو تیلیو وینکلەر دەڵێن ، کە هۆزی ساگارتی ( هۆزێکی مادی ) لەگەڵ هۆزەکانی سکیث ( سەکەس )و کیمیری ، لە رۆژهەڵاتەوە نەهاتوون ، بەڵکو لە باکورەوە ( بەرێی دەربەندەکانی قەوقازیا ) گەیشتونەتە ولاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست • [ بۆ ئەم بیروڕایانە بڕوانە تیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦١ ، وینکلەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢ - ١١٣ ] • وە لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەم هۆزانەدا تێدسکۆ ، هرتسفیلد ، کینت دەستێکی باڵایان هەبووە • [ بڕوانە باسەکەی تێدسکۆ بەتایبەتی لاپەرەکانی ١٨٠و بەدواوە ]

P. Tedesco., Dialektologie der Westiranischen Turfantexte. Le Monde Oriental (MO), XV, 1921.

بڕوانە هەروەها :

E. Herzfeld., Medisch und Partisch. Archaeologisch Mitteilungen aus Iran (AMI), VII, Berlin 1934.

R. Kent., Old Persian Grammer Text Lexicon. New Haven, 1950.

هەرچۆنێك بێت ، پاش ئەمانە زۆر کەس لەم بوارەدا تەقەلای داوە وەکو بارثولومیو کرستنسنو بنفنستو ماسونو ئورانسکیو ڤلچێڤسکی و کەسانی دی ، کە بەپێویستی نازانم

دەربارەیان لێرەدا بدوێم ، چونکە لە بەشەکانی دی ئەم کتیبەدا
**بیروڕایان پێشان دەدەم • [ بڕوانە :**


Bartholomae Chr., Altiranisches Worterbuch, Strassburg, 1905.

Christensen A., Le premier Chapitre du Vendidad et I'histoire primitive des tribus iraniennes. Kobenhaven, 1943.

Christensen A., L'Iran Souse les Sassanides, Copenhagen 1936.

Benveniste E., L'Iran - vez et l'Origine Legendaire des Iraniens, - BSOS, 1934, Vol. VII.

Benveniste E., Notes avestiques, - "Asiatica". Leipzig 1954.

Benveniste E., Notes Sur les tablettes Elamites de Persepolis, JA, 1958, t-246.

Masson V.M., Srednyaya Aziya i Drevniy Vostok, M. 1964.

Oranskiy I.M., V vedenie V Iranskuyu Filologiyu, M. 1960.


لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە ، کە گەیشتن بــــە سەرچاوەی زمانەکانی سەربەخێزانی هیندو ـ ئێرانیەوە ئێرانیو سلاڤی ـ بەلتیکی لەگەڵ ئەوەش کە پێوەندی نێوان وشەکانیان زۆر زۆرە ، وە بە پێی کەلەپوری ئەو میللەتانەی پێشــــ سەردەمی نووسین ناگەینە هیچ ئەنجامێکی زمانەوانی هەرچەندە ئاڵوگۆڕی ووشەکانی نێوان ئەو میللەتانەدا بە ڕێی هاتوچووو کۆچ کردنی فراوانی سەکەسەکان ( ســـــکیث )دا رووی‌داوە و ئەمانە لە سەردەمێکدا توانیویانە ئەم ووشانە لە چیاکانی پامیرەوە لەسەر سنووری چین بگوێزنەوە بۆ لێوارەکانی زەریای بەڵتیكو هەروەهاش بیگەیێننە خوار چیاکانی قەفقاسیاش و ئەم کۆچ کردنە

فراوانە بەپێی ئەو پاشـــماوە کەلەپوری‌یانە بە دی دەکرێت ، دەڵێم لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە تواناندا نی‌یە بگەینە ئەو زمانـــە گشتی‌یەی هۆزانی هیندوئاورویی ، کە بناغەو سەرچاوەی هەموو ئەم زمانانەن لە هەزارەی سێیەم‌و چوارەمی پێش زایین‌دا •

لەپاڵ ئەم راستی‌یەشدا بورۆ لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵێك لەم هۆزانە لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین گەیشتوونەتە رۆژهەلات (Burrow T., The Sanskrit Language, London 1955).

وپاش پەیدا بوونی نووسـین لە یوناندا هەســـت بەو پەیوەندیەی لەگەڵ زمانانی بلاوبووی ولاتانی ئاسیای بچـوك کوردستان و هیندستان‌دا توانراوە بکرێت •

دەربارەی ئەو هۆزانی ، کە بەشـــێوە زمانێکی ئاریایی قسەیان کردوە و لە رۆژهەلاتی ئاسیای بچوکدا ( کوردستان‌و ئەرمەنستان ) نیشتەجێ بوون‌و بە رێی قەفقاسیاوە هاتوون ، بیروباوەرێکە لە کەسانی دی وەرگیراوە • بەلام ئەو پشکنینانەو دواچوونەوەی پاشـــماوەکانی ئەو هۆزانە ، کە لەم هەرێمەدا دۆزراونەتەوە ، ئەم تیوری‌یەی پتەوکردووە • ئەم ووتەیە بەوێنە لەبیرو باوەڕەکانی پۆرتسینگ‌دا بەدی دەکرێت :

Porzing W., Die Gliederung des indogermanischen Sprachgebiets, Heidelberg 1957.

پۆرتسینك لەو بیروباوەڕەدایە ، کەوا لە نێوەراســـتی هەزارەی دووی پێش زاییندا ئەم هۆزانەی خەڵکی ناوچـــە خواروویەکانی روسیای‌ئەمرۆ بوون‌و لەپەیوەندیەکی پتەودابوون

لەگەڵ هۆزانی سلاڤی‌و بەڵتیکیدا سەرەرای ئەوەی ، کـــــە هۆزەکانی ( فین - ئوگور ) پیوەندیەکی زمانەوانی‌یان لەگەڵ ئەماندا پەیداکردوە . لە کارەساتی کۆچ‌کردنی گشـــتی ئـەم هۆزانەدا ( براندینشتاین ) دەڵێت ، کە یەکەم گروپی ئـــــەم کۆچ‌کەرانە هۆزەکانی ئاریایی‌بوون ، کە لە پێشدا لە کازەخستان‌و دەوروبەری‌دا نیشتەجێ‌بوون و لەگەڵ کولتوری ئەو وڵاتـــەدا تێکەڵاویان پەیداکردوەو پاشان لە ئێراندا بڵاوبوونەتەوە پاش ئەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی زەریای قەزوینیان بریوەتەوەو ئەم کۆچ‌کردنە دوورو درێژە کارێکی کردۆتە ســــــەر هۆزەکانی سکیث‌و ئوسەتینی‌دا ، و براندینشتاین ئەو بیروباوەرانەی خۆی لەم بەرهەمانەیدا بڵاوکردبۆە :

Brandenstein W., Die Abstammungssagen der Scythen,. "Wiene Zeitschrift für die Kunde des Morgenlandes - WZKM" 1953, Bd 52.

Brandenstein W., Die Alten Inder in Vorderasien, - "Frühgeschichte und Sprachewissenschaft", Wien 1948.

Brandenstein W., Das Indogermanenproblem, - "Forschungen und Fortschritte)), Berlin, 1962, 36. Jrhgang, Ht 2.

ئەم جۆرە بابەتانە لە زمانی روسیدا پاش شـــــــــەری جیهانی‌دووەم‌دا گەشەیەکی پەیداکردبوو . ئیقرار عەلییف لـــە ئازربایجان‌دا یەکەمین کەس‌بوو ، کە مێژووی مادەکان - وەکو باسێکی سەربەخۆ - باس کردووە وە تەقەلای‌داوە لە بـــارەی رێکخستنی مێژووی تەواوی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری خەڵـــکی

مادەوە شتێك بەدەستەوە بدات ، بەڵام نوسینەکانی لە رووی
زمانەوانی‌یەوە ئەوەندە وورد نی‌یە و ئەو بیروباوەرانەی خویشی
بە روسی‌و ئازربایجانی لەم بابەتانەدا بلاوکردۆتەوە :

Igrar Aliev., O Midiyskom Obshtestvo - Izv AN Az. SSR. Okt. 1948 No. 10.

Igrar Aliev., Midiya Tarikhi, Trudiy Inst. Istorii Filosophii AN Az. SSR. I, Baku 1951.

Igrar Aliev., O Nekotoriykh Voprosakh Drevneyshey Istorii Midiyskikh Plemen. Trudiy Inst. Istorii i Filosophii AN AZ-SSR. V, Baku 1954.

هەروەها بروانە باسەکەی دەربارەی ئالانو سەرماتەکان :

Igrar Aliev., Sarmato - Alaniy na puti V Iran. Istoriya Iranskogo Gosodarstva i Kulturiy Moskva 1971. Str. 198-211.

نوسینەکانی مێژوونوسی گورجی (گ• ئا• مەلەکەشقیلی)
دەربارەی وڵاتی ئورارتو ، ماناو ناوچەکانی دی سەرووی
کوردستان گرنگی‌یەکی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەم پسپۆرە بە
هەستێك ئەو مێژووە شی‌دەکاتەوە کەوا دانشتوانی ئەو ناوچانەو
هوری‌یەکان بە گشتی پێوەندیەکی زمانەوانی‌یان تەنها بە زمانە
کەرتیڤالەکانەوە ( واتە گورجی )یەوە نی‌یە و بەم جۆرە نایەوێ
هەروەکو جاڤاخشڤیلی‌و جاناشیا سنووری زمانەوانی‌و کولتوری
نەتەوایەتی خۆیان لە سەر حیسابی وڵاتی کوردەواری فراوان

بكات • لەبەر ئەم راستی‌یە سوود لەم بەرهەمانەی وەردەگیرێت، کە زۆربەی لە (کوڤاری مێژووی کۆندا VDI ) بلاوی کردۆتەوە:

G.A. Melikishvili., Nekotoriye Voprosiy Istorii Maneyskogo tsarstva- VDI, 1949 No. 1.

G.A. Melikishvili., O dreveyshem ochage urartuskikh Plemen. VDI, 1957, No. 4.

G. A. Melikishvili., Urartskie Klinoobrazniye nadpisi- VDI, 1953, No .1.

G. A. Melikishvili., Nairi - Urartu. (Drevnevostochniye Materialiy po istoriya narodov Zakarka3ya, I). Tbilisi, 1954.

دوای لیستەی نێوانی پادشایانی سومەر کە لە لایەن جاکبسون رێكخراوەو هەموو نێوی پادشایانی کوتی‌یان ، کە بی‌گومان نێوی کەسی دانشتوانی ولاتی کوردەوارین لە پێش پلەی پەیدابوونی زمانی کوردی‌دا روون بۆتەوە/ بڕوانە باسەکەی جاکبسون •

[Th. Jacobsen., The Sumerian King List. The Oriental Institute of Chicago. Assyriological Studies, No. 11, Chicago 1939.]

دەتوانرێت بووترێت ، کەوا لێ‌کۆلینەوەکەی پسپوری سوڤییتی ستروڤی دەربارەی ئەم میللەتە کۆنانە گرنگی‌یەکی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە توانیویەتی نێوی کەسی‌ی سەدەها دیلی ئوردوگاکانی سومەرو ئەکەد کۆبکاتەوە ، کە لە ولاتی کوردەواری‌و لە چیاکانی زاگروس‌دا چەوسێنراونو گیراون وە

بە پێی کۆمەڵی خۆیان جیابەجیا نێویانی ڕێکخستووە .
بروانە :
[V.V. Struve., Lager Voennoplenniykh jenshchi V Shumere Kontsa III Tiysyacheletiya Do n.e. Vestnik Drevney Istorii, 1952, No3]

لە کاتی تۆمار کردنی ئەو نیوانە سومەری یەکان دەڵێن نرخی دیلی کوتی باشتر بووە لە دیلەکانی دی ، چونکە هەروەکو سپایزەر دەڵیت زۆربەیان پێستیان سپی وچاویان شین بووە .
بروانە :
[E.Speiser., Mesopotamian Origins, Philadelphia 1930, p.104.]

دەربارەی هەمان پلەی مێژوویی و روون کردنەوەی نێوی جوگرافی وتوپونومی ، خاتو نینل ب ـ یانکوفسکەیا ( ساڵی ١٩٢٥ لەدایك بووە ) قوتابی ئیگور میخایلوڤیچ دیاکونوف کاتێك ماموستای زانکۆی لینینگراد بووە ، لە ساڵی (١٩٥٩ز)ەوە کە بۆتە سەرپەرشتکەری نووسراوە مێخی یەکانی ئەو زانکۆیە ، لە پاڵ لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی بەڵگەنامەکانی ئاشور وکەپەدوکیا ، دەستێکی باڵای هەیە لە نووسراوە مێخی یەکانی هوری یاندا بەتایبەت دەرباری هەرێمی ئارپخا ، کە مەبەستی دەشتەکانی خوارووی وڵاتی کوردەواری یە :
[N.B. yankovskaya., Khurritskaya Arrapkha. Vestnik Drevnego Mira, 1957, No. 1]

لەگەڵ ئەم کارە مەزنانەدا هەندێك جار ، و لەبەر هۆی بیرێکی تایبەتی ، لێکۆڵینەوەکان دووردەخرێن لە خاوەنی

راســـتەقینەی مێژووەکە • بەوێنـــە یەکێك وەکـــو مێژووانو
فیلولۆژیستی ســــــوڤییتی دیاکونوف ( ئیگور میخائیلوڤیچ )
کارگێری مۆزەخانەی ئەرمیتاژو مامۆستای زانســـتی مێژوو ،
ئەندامی فەخری ئەنجومەنی ئاسیایی سەڵتەنەتی بەریتانیا لـــە
کتیبەکەیدا ، کە دەربارەی مادەکان نوسیویەتی ،
[I.M. Diyakonov., Istoriya Midi. M - L, 1956]

و پێشکەشی ئینستیتوتی مێژووو فەلسەفەی کۆری زانیاری
ئازربایجانی سوڤییتی کردوە
(Instituta Istorii i Filosophii Akademii nauk Azerbaygankoi SSR).

سنووری هەموو باسەکەی کە ٤٥٢ لاپەرەیە بەروسی ، بە زۆری وڵاتی کوردەواری دەگرێتەوە تەنانەت یەك جاریشـــ باسیمێژووی کورد یا پیوەندی زمانەوانیو رەگەزییان لەگەڵ دانشتوانی ئەو وڵاتەدا نەکردووە لەپاڵ ئەوەی هەروەکو خۆی لە پێشەکی کتیبەکەیدا دەڵێت « بەشی زۆری سەرزەمینی ماد لە ناوچەیەکدا بووە کە لە دوایدا پییـــان گوتوە ئازربایجان لای خوارووی رووباری ئاراسەوەو هەندێك جاریشـــ ئازربایجانی سوڤییتی گرتبۆە » دەبینین گشت بابەتی کتیبەکەی دوورە لـەو سنوورە کە خۆی بۆی کێشاوە ، بەڵکو گەوهەری باســـەکەی مێژووی دانشتوانی کۆنی وڵاتی کوردەوارییە نەك ئازربایجان وەکو ( هوری ، عیلامی ، لولوبی ، کوتی ، ماننا ، کاسی ) کـە لە هیچ سەردەمێکدا لە ئازربایجاندا نەژیاونو هەر بە خۆیشی لە باسە جوگرافییەکەیدا بە ژمارە سنووری بۆ ئەو ناوچانـــە

داناوه • پاشان باسی ولاتی ( ماننا و یەکیەتـــی هۆزەکانی ماد ) دەکات ، کە مێژووی سابلاخو بۆکانو میاندواو و ســـەقز دەگریتەوە ، کە هەمووی ناوچەکانی کوردنشینن و بە هیـــچ جۆرێك پێوەندی زمانەوانی‌یان لەگەڵ ماددا باس ناکـــات ( کە خۆیشی زانای فقه اللغەیە ) ، و هەروەها بە هەڵەیەکـــی گەورەتر لە لاپەرەی دواییندا دەگاتە ئەنجامێکی تێکەڵو پێکەڵ وکورتو ناتەواو ( بروانە ل ٤٥٢ لە چاپەروسی‌یەکە ) کە دەڵێت « لە سەدەی چوارەمی پێش زایین‌دا کادوسی‌یەکان و میتانی‌یەکان - وە رەنگ بێت - پاشماوەی مانناییەکان و لولوبی‌و هۆزەکانی دی « کاسپی » کە لەنێو یەکێتی هۆزەکانی ماددا نەبوون وەیان ئەوانەی - کە لەوە دەچێت - بەشداربوون ••• هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان بە ( ماد ) ئەزانی نەرێتو عادەتی خۆیان هەر پاراست » • وا دیارە ئەم قسەیە هەر لەبەر ئەوەیە کـــەوا نەیتوانیوە بڵێت « لە کوردستاندا لولوبی‌و کوتی‌و هوری پاش ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی میتانی‌داو لەژێر کاریـــگەری زمانێکی هیندوئاوروپایی‌دا بەرەو گۆرینێکی زمانەوانـــی‌و رەگەزی دەچوونو پاش بڵاوبوونەوەی یەکێتی هۆزانی ماد لە ووڵاتی ئەم گەلانەدا هێشـتا نەریت وعادەتی خۆیان هـــەر پاراســـتبوو ، لەسەدەی چوارەمی پێش زایین‌دا خۆیان بە مـــاد دەزانی پاش ئەو گۆرینە زمانەوانی‌یە فراوانەی هەزارەی یەکی پێش زاینەدا و ئەنجامەکەی پەیدابوونی زمانی کوردی بووە ) کەچی هەمان زمانی مادەکان لە ئازربایجاندا بەرامبەر بەتورکـــی توایەوە •

ئەمە بێجگە لەوەی ، کە لە ناوەرۆکدا دیاکونوف دەست بۆ ئەو هێرشانەی پادشایانی ئاشور درێژدەکات ، کە زۆربەی زۆری لە ولاتی کوردەواریدا بووە وە دوور بووە لە ولاتی ئازربایجان. بەلام ئەمانە ئەو راستی‌یە رەت ناکەنەوە ، کە هەر خۆی لە پێشەکی کتیبەکەیدا دانی پیادەنێت کەوا « رەگەزانی ئەتنیکی میدی دەورێکی گرنگیان لەپەیدابوونی گەلی ئازربایجانیدا هەبووە » . وە بناغەی سەرەکی بابەتەکانی ئەو کتیبە ، کۆکردنەوەیەکی فراوانی بیروباوەرو لێکۆلینەوە هەمە جۆرەکانی ولاتانی رۆژئاوای ئاوروپایی‌یە و بەتایبەت هی پسپۆرە ئەلمانەکان ، وە سودیشی لە نوسەرە یونانی‌و رۆمانی‌یەکانی وەرگرتوەو تەنانەت هەندێك لەو بیروباوەرانەی هیرودوت‌و نوسراوەکانی ( نابونائید )ی بابلی‌و قانونی ( پتولیموس ) و بەراوورد کردنی سالەکانی حوکمرانی مادو بابل‌و هەخامەشی .. لەگەل روخانی ئیمپراتورێتی ئاشوردا لە باسە گرنگەکەی ( ئای ، دەبلیو باسانکوث ) کە سالی ١٨٥٨ز لە کۆڤاری کۆمیتەی ئاسیەوی پادشاهی بەریتانی بلاوی‌کردۆتەوە ، وەرگرتوە بەبێ ئەوەی تێوی بهێنێت . بروانە :

[I.W. Bosanquet., Choronology Of The Medes... JRAS. XIII, 1858.]

[ ئەم باسە بەراوورد بکە لەگەل بەندی « پێشەکی‌یەك بۆ لێکۆلینەوەی مێژووی ماد » لە کتێبە ناوبراوەکەی دیاکونوفدا ]

بەگشتی وا دیارە پشت‌گوێ خستنی پێوەندی ماد بە کوردەوە دیاردەیەکی بێ‌مەبەست نی‌یە بێجگە لەوەی کە دانەر

وا دیاره هیچ زانیاریەکی دەربارەی زمانی کوردی نی‌یـــەو بەرێگای زمانی ئازربایجانیش ناتوانێت لە مێژووی مادو زمانیان بکۆڵیتەوە • لەگەڵ ئەم راستی‌یەشدا لە یەکیەتی ســوڤییتدا باسەکانی دیاکونوف وەکو سەرچاوەیەکی ســـــــەرەکی تەماشاوەکرێت •

هەرچونێك بێت پاش جەنگی جیهانی دووەم دەزگاکانی زانیاری سوڤییێت بەو بزوتنەوە فراوانەی وەرگێڕانی کتیبـــە زانستی‌یەکان لە ئەلمانی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسزی‌یەوە بۆ روســی لەپاڵ ئەو هەموو رەخنانەیانیشدا سوودێکی گەورەیان گەیاندۆتە ئاسۆی لێکۆڵینەوە گشتی‌یەکانی میللەتانی رۆژهـــەلات ، بەتایبەت لێکۆڵینەوە زمانەوانی و مێژوویی‌کان ، کە لەسالانـــی پەنجاکان‌و شەستەکانی ســـەدەی بیســـتەمدا چاپکراون ، و ئەتوانرێت بگووتریت ، کە لە هەفتاکان‌و هەشتاکاندا بەرهەمێکی تەواو دەربارەی ئەم بابەتە کۆکراوەتەوە بەم جۆرە دەتوانـــم بلێم ، کە گەیشتن بە گەوهەری کارەساتەکانی هەزارەی دووی پێش زایین ئاسانتر بۆتەوە و لە سەر بناغەی پشکنینەکانی ئـەم پسپۆرانە دەتوانرێت بزانرێت ، کەوا بزووتنەوەی ئەو کۆمەڵە هۆزانە کە بە چەند شێوە زمانێکی نزیك لە یەك دواون‌و ئەمرۆ بە ( هیندو ئاوروپایی ) دەناسرێن ، لە ناوچە دەشتی‌یەکانـــی خوارووی روسیاوە ، نێوان گۆماوی ئەرال‌و روباری دانوب‌دا، لە کۆتایی هەزارەی سێ‌ی پ•ز بەرەو خوار شۆر بوونەتەوە چ بەبڕینی ناوچەکانی سەر رووباری دنێپەرو دنێســـتەرو دۆن‌و

ئاسیادا ئەو بلاوبوونەوەی کزبۆتەوەو سـنووری ئەتنولوژیو زمانەوانیشی تەسکتر کردەوە » • بروانە

Abaev V.I., K Voprosu O prarodine i drevneyshikh Migratsyakh Indoiranskikh Narodov. Drevnii Vostok i Antichnii Mir M. 1972 .

ئەم بابەتەی ئەبایيف هەرچەندە سنووری هەرێمێکی گەورە دەگرێتەوە بەڵام کوردستان وڵاتێکە لەو سەردەمەوە ، کە ئەم باسیدەکات ، ئەو تایبەتییە زمانەوانییە هیندو ـ ئاوروپاییانە تێدا پارێزراون پتر لە زمانەکانی کۆنی دانشتووی هەمـان وڵات ، کە لە بەشی پێنجەمدا دەستنیشان دەکرێت •

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوارِاستدا تاکو ئێستا ، بێجگە لە کۆکردنەوەی هەواڵە مێژوویییەکان ، بە رێی وەرگێرانـی هەندێك لە ئەرکی مێژوونووسانی ئاوروپایی ، وە ئـەو ژمـارە کەمەی لە باسە ئەرکیولوژییەکان کە لە کۆڤارەکاندا بڵاوبۆتەوە ( وەکو کۆڤاری سومەر لە عیراقدا ) هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییو زمانەوانی یەك دەربارەی دانشـتوانی چیاکانی زاگروسو ناوچەکانی کوردنشین بە زمانـە ناوچەییەکان ، و بەتایبەتی بە کوردیو بە بەرنامەیەکی زانستانە نەکراوە •لەبەرئەمە ئەم کتیبەی بەردەستان بناغەیەك بۆ ئەو مەبەستە دادەنێت •

دانوبو گەیشتبنە ولاتی بەلکان ، و چ چیاکانی قەفقاسـیان بڕیبێت و گەیشتبنە چیاکانی زاگروسو ولاتی کوردەواری ، ئەم دیاردە مێژووییە کاریگەریەکی مەزنی لە هەزارەی دووی پ•ز دا لەو ولاتانەدا پەیداکردوە کە بۆتە هۆی گۆرینێکی نەتەوایەتیو زمانەوانی ولاتی یونانو ئاسیابچوكو سەرووی میزوپوتامیـا هەروەکو لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا دیار دەبێت •

لەگەڵ ئەوەشدا ، کە نێوی هۆزەکانی ماد بۆ یەکەم جار لە سەدەی نۆیەمدا ( پ•ز ) نووسراوی بەرچاو دەکەوێت بەلام بێ گومان ئەم هۆزانە پێش ئەو سەدەیە لە ناوچەکانـی کوردەواریدا نیشتەجێ بوون ، ئەم دیاردەیەش هۆزانی سـکیث و کیمیریش دەگرێتەوە ، کە رۆڵیان لە گۆرینی ئەثنـولوژی و زمانەوانیدا ، لە ولاتی قەفقاسو خوارووی قەزوینو ناوچەکانی هوری و ئورارتوو عیلامیو کاسیو چیاکانی زاگروسدا بەگشتی، بەجۆرێك بووە ئەنجامەکەی ، هەروەکو پسپۆری سـوڤییتی ئەباییف دەڵێت : « پەیدابوونی هەندێك نێوێکە لە سـەدە ناوەراستەکاندا وەکو پارسو کوردو لوڕو بەختیاریو گەیلانو تالیشو تاتو مازندەرانی و بەلوچییە ، کە لەو سـەردەمانەدا بەرەو رۆژهەلات بلاوبوونەتەوەو پاشان لەبەردەم فراوان بوونی هێزی هۆزانی تورك لە ئازربایجانو ولاتەکانی دەوروبەریدا و لە دەوروبەری زەریای قەزوینو ولاتی قەفقاسیاو نێوراسـتی

## بەشی دووەم

# هێندێك بیروڕا دەربارەی بناخەی مێژوویی زمانی کوردیو پەیوەندیی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە

یەکێك لەو گیروگرفتانەی زمانی کوردی ، بێ گومان ، مێژووی گشتی‌یەتی ، هەروەها ئەوپلە هەمە جۆرانەی کە پیادا تێپەربووە وچەند پەیوەندیەکی زمانەوانی لەگەڵ زمانانی مردووی کۆن یا زیندوودا ، کە هەبوە ، ئایا تا چ ڕادەیەك کاریان لێ‌کردوە هەروەها کەی سەری هەڵداوەتەوە و لەکوێ ؟

تا ئەم دواییانە هەر وا زانرابوو ، کە کۆنترین بەڵگەئەگەر هەبێت دەربارەی زمانی کوردی ، هەر تەنها چوار خشتەکیەکانی بابا تاهیری هەمەدانین کە لە سەدەی دەی زایینیدا ژیاوە • ئەمجادوا بەدوای ئەم تەنها بە شیوەی کرمانجی ژووروهەندێ پارچە هۆنراوەمان بۆ ماوەتەوە، کە دەتوانرێت بکرێن بە بناغەیەك بۆ لێ‌کۆڵینەوەی زمانی کوردی • بەڵام شتێکی بەگومانە کە زۆربەی ئەو شێوە کوردیانە لەگەڵ کوردی ئەمرودا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە وهەموو کوردێك ئەمرۆ دەتوانێت تێیان بگات کەچی لە کاتێکدا ئەگەر سەیری ئەو فەرمانانەی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر بکەین ، کە دەگەڕێنەوە تەنها پێش نیو سەدەیەك ، زمانەکەی لەگەڵ کوردی ئەمرۆی هەمان ناوچەدا جیاوازیەکی دیاریان هەیە دەتوانین بڵێین شێوەی نوسینی فەرمانەکانی سەردەمی شێخ مەحمود ئاوێنەی هوشێك وبیرێکی جیهانی عوسمانی بوو و ئەو هۆش وبیرە زۆر گوراوە جا بەم جورە دەبێت ئاگاداریەکی

تەواومان هەبێت لەو گۆڕینە گشتی‌یە کە دێتە بەر هەر زمانێـك لە ژیانیدا تا دەیبوژێنێتەوە یان دەیمرێنێت ، بەڵام لە راستیدا ئەم کارەساتە مێژووییە ئەوە روون دەکاتەوە ، کە زمان ، لە هـەر سەردەمێکدا بێت ئاوێنەی هۆشی کۆمەڵێکە لە سـەردەمێکی تایبەتیدا ، وئەو هۆشە بۆی هەیە بگۆرێت بەپێی گۆڕینـی سەردەم لەوانەیە ئەم جۆرە قسەیە پرسیارێك بخاتە بەردەممان ئەویش ئەوەیە ، ئایا ئەو گۆڕینە بۆچی لـە عەرەبیـدا رووی نەداوە ؟ یان کوردیش هەر وەکو عەرەبی وەکو خـۆی مابووبێتەوە • وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە ئەویش ئەوەیە کەوا شێوەی‌زمانی ( قریش )ی عەرەبی بووبوەزمانی پیرۆزو مقدسی هەممو موسلمانان لە جیهاندا بێجگە لەوەی کە هەتاکو ئیستا زمانی نوسین و بەرێوبەرایەتی دەوڵەتە عەرەبی‌یەکـانە • لەگەڵ ئەم راستیەشدا ئەم زمانە بە ووشەی بێگانەی هەمە جۆر زمان موتوربە کراوە لە نیوان پانزدە سەدەدا • لەم بابەتە دەبێت **راستیەك بخرێتە پێش چاو ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم زمانەی ئەمرۆ** پێی دەگوترێت ( زمانی کوردی ) ، ولە ناو زۆربەی کورد بـە ( کورمانجی ) ناودارە ، کەی بە ( کوردی ) ناسراوە ؟ و ئـایا پێش بڵاوبوونەوەی ناوی نەتەوایەتی ( کورد )لە سـەرووی میزوپوتامیادا ، بە واتا تایبەتیەکەی ، بە زمانی ئەو دانشتوانەی وولاتی کوردەواری چ گوتراوە ؟ بێ گومان هەر زمانێك یـا چەند زمانێك ، کە لەو ناوچەدا سەری هەلدابێتەوە وپاشـان موتوربە کرابێت بە زمانیکی ترەوە ، یان بە پێچەوانە ئەمیـان بەویتریان موتوربە کرابێت هەریەکە لەم زمانانە لە سەردەمێکی

تایبەتی‌دا بە ناوێکی تایبەتی ناسراوە جالەبەر ئەمە بەوێنە ناشی بە زمانی میدی‌یەکان ( بە هەمو شێوەکانیەوە ، تەنانەت شـــیوەی ئاڤیستاش ) بگوترێت ( زمانی کوردی )یان ( کوردی کـۆن ) چونکە ووشەی ( کورد ) لەم سەردەمەدا هێشتا ( ئەگەر هەبوو بێت ) واتایەکی گشتی بەخشیوە کە لە سەردەمی زایینیدا زۆربە ئاشکرا بە دیار دەکەوێت •

لەبەر هەمان هۆی سەرەوە ، ناشێت بە زمانی میتانی یـــا ماننا ، کوتی •••هتد بگوترێت زمانی کوردی کۆن ، هـــەر چەندەش لەراستیدا ئەمانەن دانیشتوانی کۆنی وولاتـــــــی کوردەواری بەلاَم دەشێت بگوترێت کـــەوا ( زمانی کوردی ) ئەمرۆ پەیوەندیەکی رێزمانی یان بە هاوبەشی چەند کومەڵـــــە ووشەکانیەوە پێوەستە بەم زمانە کۆنانەوە ، بەلاَم لـە پلەیەکی مێژوویی تایبەتیدا بوەتە زمانێکی سەربەخۆو پاشان بە کورمانجی ناسراوە و لە لایەن خەلـــکی غەیری کوردەوە بـــە ( کوردی ) ناسراوە •

بێجگە لەو دیاردە ناوچەییەی وولاتی کوردەواری ، زمانی کوردی لە سەرەتای پەیدا بوونیا باری کەلچەرو سیاسیو ئایینی وولاتانی دەوروبەری خۆی کاریکی گرنگیان لێ کردوە بـــە تایبەت هی سومەریان وئەکەدیان ، پاشان درەنگتر کاریگەریەتی هێلێنیزم لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە لە نێوان ئەم دوو سەردەمەدا زمانێکی سەر بەخێزانی میتانی رەگی خـــــۆی کوتابوەوە کە دەشێت بگوترێت زمانی ئەم دانشتوانەی وولاتی

کوردەواری بەوەوە زۆر پەیوەستە بەڵام پاش هەزار ساڵێك لە ناوزمانی پیرۆزی کۆچەرانی میدی‌یەکاندا کە بە ( ماگی یان ئاڤێستا ) ناسراوە بتوێتەوەو ببێتە بناغەی زمانی کوردی • هۆی ئەم تێکەلاو بوونەش دەگەرێتەوە سەر ئەوەی هەر دوکیان سەر بە یەك جیهانێکی زمانین • لەم لێکۆڵینەوەی داهاتوودابە درێژی لەو خالانەی سەرەوە دەدوێم کە پێویستی بە روون کردنەوەیان هەیە و سەردەمی باسەکەش پێش سەدەی دە دەگرێتەوە کە کۆنترین بەڵگەی زمانی کوردی لەو سەدەیەدا ناسراوە هەر وەکو لە سەرەتای ئەم باسەداگوترا ، ئایا دەتوانرێت تیشکێکی ئەو سەردەمەببێتە هۆی روون کردنەوەی مێژووی زمانی کوردی کۆن یان دەبێت پەنا بەرینە بەرزمانانی‌تر بۆ روون کردنەوەی ئەم مەبەستە ؟ لەم بوارەدا مێژوو جیا ناکرێت لە زمان بەڵکوزانستە یاریدەدەرەکانی مێژووش دەبنە هۆی دۆزینەوەی پلەی سەرەتایی هەر زمانێك بە تایبەتی زمانی کوردی •

گومان لەوەدا نیە ، گەر بگوترێت ، زمان وەکو راستیەك ئەو ئامرازە پێوندەییەیە ، کە توانای دانانی سنووری بۆ خواستو ئارەزووەکانی مرۆڤو گواستنەوەی بیروڕای بۆ خەلکی دی هەیە هەروەها بە گۆرینی جیهانی بیر بە جیهانی گفت وگۆ کردن لەگەڵ کۆمەڵدا ، بۆ ئەوەی ئەو پاشماوە رۆشنبیری‌یە دەربری کە لە داهێنانی تاکە کەسێك دا نییە ، بەڵکورەنگ دانەوەی ئەو رۆشنبیری‌یە گشتی‌یەیە ، کە کۆمەڵێکی دیاری‌کراو دەگرێتەوەو بە چەندین قۆناغی جۆراو جۆر لە تەمەنی کەلچەریدا

تێپەڕیوە • ئەو بابەتانەی ، کە زمان لێیان پێك دێت هەر هەمان ئەو بابەتانەن کە هەمو کەلچەرێك لێی پێك هاتووە •

کەلەپوری وێژەیی بۆی هەیە ببێتە کلیلی لێکۆڵینەوە بۆ پێك هاتنی بیری مرۆڤو ئەو قوناغانەی ، کە هەستی تاکە ئادەمیزادێك پێیدا تێپەڕیوە بۆ دەربڕینی بیروڕای بەرامبەر بەگیتی • دەرك کردنمان بە شتێك بەوەوە نابێت ، کە هەر ناوەکەیەوە بە پێی سەروسیمای لە جیهانی بیردا بەند بێت بەڵکو ئەم ناونانە ، کە بۆتە بناخەی رستەو بە کۆمەڵێك شتو رووداو هەست دەبەسترێنەوە لەهەمان کاتدا ئەو بیروڕا مروڤایەتیە دەردەبڕێت کە بۆقوناخێك لە قوناخەکانی پەرەسەندنی بیردەگەرێتەوە ئەو ناونانە بەچەندین قۆناخی جۆراو جۆر لەماوەی هەزاران ساڵانی رابردوودا تێپەڕیوە ، جا ئەمرۆ بەم شێوەی ئێستەی خۆی دەنوێنێت •

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەم شێوەیەشی هەر لە گۆڕان دا دەبێ مادام ژیانی مرۆڤ لە پەرەسەندن دا بەردەوامە •

دکتۆر یوسف حۆرانی دەڵێ : « مەزنترین دەسکەوتی کەلچەرێ کە گەلانی کۆن بەدیان هێناوە رێکخستنی بە کارهێنانی زمان بووە لە گفتو گۆونوسین‌دا بۆ دیارخستنی شتو توانایی هەستی جۆراوجۆر » هەر واگۆتویەتی « ئەم رێکخستنە لێپرسراوێکی مرۆڤانەی مەزن بوو ، کە چەندین گەلانی کۆن هاوبەشیان تێداکردووە ، کە هەر گەلێك لەم گەلانە

ئەوەی پێشکێش کردووە ، کە لەگەڵ بوونو خواستی تایبەتـی خۆی ڕێك کەوتووە[1] » •

( گێتی هۆش وبیر ) لە لای مرۆڤی کۆندا بە گێتـــــی ئایدیالیستی وەیا نیشانەیی نەژمێردراوە ، هەر وەکو ئەمرۆ لە لای ئێمە باوە ، بەڵکو بە درێژبوونەوەی گێتی دەرەوە داندراوە ، هەر وەکو لە خەون دابین • ئادەمیزادی کۆن بناخەیەکی بیری ڕێك وپێك نەبووە ، کە چاودێرێکی هۆشیارانەی هەبووبێ بـۆ جیاوازیکردن لە نێوان تاقیکردنەوەی واقعی و بۆ هاتنی بیردا ، هەروا باوەڕێکی تەواویان بەوەدا هەبووە ، کەوا خەون دەیان خاتە نێوپێوەندییەکی ڕاستەو خۆوە لەگەڵ هێزانی نەدیوو ، ئەو شتەی ، کە لە خەون دا دەیبینێ ڕاستیەو ڕوودا وەکانیشی لە ڕاستیدا ڕوو دەداو ناونانی شتیشیان بە پرۆسێـــــی خولقاندن داناوە ئەمە لە هەموو شوێنێك دا لەگەڵ مرۆڤدا ڕووی داوە وولاتی میسوپوتامیاو لای بەرزایەکانی ڕۆژهەلاتیو باکووری کە لە ڕووی کەلچەرەوە پێوەی کاریگەرن لەم دیاردەیەدا بە پێش هەموان کەوتووە •

بۆ وێنە بە هۆی واژەی سۆمەریو ئەکەدیانەوە ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ ، کەوا ئەوان لەو کاتەدا بوونی بیروهۆشیان دوپات وتاکید دەکردەوەو ئەمەش بەرهەمی تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتییە لەگەڵ خودیشت •

بۆیە « سۆمەریەکان ووشەی ( نەم )یان بۆ ناساندنی ئـەو تایبەتێتیە کاریگەرە بە کارهێناوە لەوشـــــتانەدا ، کە زانیویانەو

ناسیویانه ئەم تایبەتێتیانە واتای رووداوو توانای شـتو بابەت دەگەیەنن • ئەکەدیەکان ئەم ووشەیان وەرگێراوەتە زمانی خۆیان وبۆته ( شەمتو ) ، کە واتای تایبەتێتیو ئەو خووورەوشـــتە دەگەیەنێت کە تێیدا هەیە ئەم ووشەیە لە زمانی عەرەبیدا هەروا بە زیندووی ماوەتەوەو ( شیمةوسمة ) واتای کرۆك ( جوهر )و خوورەوشتی مرۆڤ دەگەیەنێت و لە بەکارهاتنیدا وەکو کارێك واتای بە دیارخستنی نهێنی ، تایبەتێتیو هەموو شتێکی کـــە پەیوەندی پێوە هەیە دەگەیەنێت ورستەی « کل ماینم عنه[٢] » بەلگەیە بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر ویستمان زێتر لەورێگەیە تێزیك بینەوە کە مرۆڤی کۆن رووداوانی گێتی دەوروبەری خۆی پـێ ناسیوە ، دەبێ پالپشتمان ئەو هەستە سەرسورهێنەوە بێ کـــە رامان دەچلەکێنێ کاتێ لە پڕرووبە رووی کارێکی نامۆ ( غریب ) دەبین کە پێشتر هیچ شتێکمان لە هۆی رووداني نەزانیوە •

هەستی ئادەمزاد لەوکاتەدا هێژ پێوەندییەکانی رووداوانی کۆن وتایبەتێتی شتەکانی دەوروبەری خۆی لە مێشکیدا رێك نەخستبوو ، بەلام بە هۆی زمانەوە سنووری بۆ دانابوو •

ووشە ( شەمتو ) ئەو تایبەتێتیە ناگەیەنێت ، کە لە شتدا هەیە بەلکو ئەو بۆ چوونە بەهێزە نەدیتراوە دەگرێتەوە ، کە بـە سەر جۆری شتدا دەسەلات دارەوبە ئارەزووی خۆی رەفتاری لەگەل دەکات• بەم جۆرەدەبینین هەر خوایەو (شەمتوی) تایبەتی خۆی هەیە هەر وەکو چۆن ووشەی ( شیمە ) لە عەرەبـــیدا رەفتاری کە سێکی دیاریکراو دەگەیەنێت کە خوورەوشـــتی

دەزانین لێرەوە ناوی خواله لایەن گەلانەوە سیفەتێك بوو لە ئەركێك نەك بە ناوێكی تایبەتی كە بە كەسێكی دیكە دیاركراوەوە هەر وەكو ناوی هێندێك زانا بە سەرهێندێك یاسادا دەدرێت وەكو یاسای ( مەندل )و یاسای ( مەندەلییف ) وەیا ئاینەكان كە بە ناوی پێغەمبەران بڵاوبونەتەوە وەكو دینی مەسیحی ، بوذی وزەرەدشتی بۆیە كۆمەڵانی سەردەمی كۆنیش یاسایان بەناوی ئەو خوایانەوە ناوە كە هەوڵیان داوە دیاری بكەن ٠

( ئیبیا )ی خوای سۆمەری هەر ئەو خوایەیە كە موگی بابلی ( بیروسوس )بە ناوی ( ئاوانس ) ناوی بردووە لە شێوەی گیان لەبەر پێشانی داوەوتەنی وەكو ماسی بووەووای داوەتە قەلەم كە ئەمە گیاندارێكی داستانەیی‌یە ( خەرافیە ) ولە زەریاوە دەرچووە بۆ ئەوەی خەڵكی فێرە نووسین وپیشە سازی‌و كشت‌و كاڵ‌و رێك خستنی شارو كاری دی كەلچەری بكات ٠ ناوی ئەم خوایە لە كتێبی پیرۆز [ الملوك الاول ، الملوك الثانی ]دا لە شێوەی ( عیون )دا هاتووە ناوی ئەم خوایە چۆتە نێوزمانانی كە نعانی‌و ئارامی‌و عەرەبی‌یەوە وەكو ( صبعون ، جدعون ، شمعون ) هەر وەكو ئەو ناوانەی كۆتاییان بە ( ایل=الله ) هاتووە وەكو اسماعیل ، صموئیل وجبرائیل وهی دی ٠ بەڵام ووشەی ( سەرچاوە )ی كوردی وەرگێرانێكی ناراستی یەكسەری ( العیون )ی عەرەبییە ، كە واتای چاوی مرۆڤ ناگەیەنێت بەڵكو كانیاوە ، كە لە ناوی خوای ( عون ) خوای سەرچاوەوكانیاوو ئاوەوە پەرەی سەندووە وهەتا ووشەی « چاووگ » لە كوردیدا

هەر بە هەمان جۆرپەیدابووە بێگومان هێندێك لەو ناوو ووشانەی کە ، واتای گوزارەیی ( نامەتریالی ) دەبەخشن هەر لەو شتەو دەنگەوە پێك هاتوون کە هێمای شتێکی مەتریالیەو هەروا کرۆکی ئەو شتەشی چۆتە سەری جا ووشەیەك وەیا نیشانەیەکی دیارخەری بۆ داندراوە بۆیە دەتوانین ووشەی ( لو ) لە زمانی سۆمەری‌دا کە واتای ( مرۆڤ=ئادەمیزاد ) دەگەیەنێت لە کاتی دوپات کردنەوەی‌دا ( لولو ) واتای خەڵك دەبەخشێت « کە ووشەی ( نەم ) دەچێتە سەر ( لولو ) دەبێتە ( نەم لولو ) ئەوسا واتایەکی گوزارەیی کە مرۆڤایەتیە دەگەیەنێت و نیشانەیە بۆ خوورەوشت و هەڵس و کەوتی مرۆڤ[٣] » .

ئەم ناوە لە رووی بە کارهاتنی‌یەوە پەرەی‌سەند تا گەیشتە ئەو ناوەرۆکەی کە ئادەمزادی دڕندە بگەیەنێت بە پێی ئەو ناواخنانەی کە لە نێوبیروڕای چینەکانی ئەوسای قۆناخی دیلایەتی باوبووە[٤] لەبەر ئەوەی زۆربەی ناوی دیل‌و بەند بە هۆی ناوی وولاتە سۆمەرو ئەکەدەوە بووە ، بۆیەیە ئەمانە ناوی ( لولو+ب ) کە دارشتنێکی عیلامیە بۆ کۆوەیا لە شێوەی ( لولو+بوم ) لەگەڵ نیشانەی ناسیاری ئەکەدی‌دا لێناون‌و ئەم ناوەش ئەو ناوچە فراوانانە دەگرێتەوە ، کە دەکەوێتە نێوان دەشتی کەرکوك تا گۆمی وورمی‌و هەتا سنوری وولاتی حەلوان لە باشووردا .

لە دوایی‌دا ئەم ناوە بوو بە ناوێکی جوگرافی بۆ کۆمەڵێکی ئەتنوگرافی تایبەت لە ماوەی هەزاران ساڵدا بەر لەو گۆڕانە زمانەوانی کەلچەری‌یەی کە لە دوایی‌دا بە سەری دێت چونکە ئەم

وولاته به مه‌ڵبه‌ندو بنکه‌ی دیل به ناوبانگ بو که له وولاتانی سۆمه‌روئه‌که‌ددا ده‌ست به سه‌ربوون‌و ده‌وریکی گرنگیان له بنیات نانی که‌لچه‌ری ئه‌و وولاتانا بینیوه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌م ناوه سیفه‌تیکی نه‌ته‌وه‌یی هه‌زاره‌ی سیهه‌می پیش زایینه‌وه وه‌رگرتووه ،له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا مه‌به‌ستی ئورارتوه‌کان له‌م ناوه « نامۆ ، بیگانه وه‌یا دوژمن(٥) » بووه •

ووشه‌ی ( کور ) که مانای ( کیو ، شاخ ) به زمانی سۆمه‌ری له رووی واتاو په‌ره‌سه‌ندنی‌یه‌وه وه‌کو ووشه‌که‌ی پیش خۆی وایه • دووباره‌کردنه‌وه ( کورکور ) مانای شاخان ، کیوان ده‌به‌خشیت ، که له دوایی دا له سۆمه‌ی‌دا واتای ( وولات )ی ده‌گه‌یاند • **ئه‌م ناوه له زمانی کوردی‌دا بۆواتای کیوبه کار** هاتووه‌و له ناوی ( کور کورداخ )دا هه‌یه که ده‌که‌ویته سه‌ر زیی بچووك له نزیك گوندی ( کانی تو ) له ناوچه‌ی پژده‌ر ، که شوینی وولاتی لولوبیان بووه له کۆن‌دا ، ئه‌م ووشه‌یه سۆمه‌ری‌یه بوبه ( کو ) هه‌رواش به واتای شاخ له زمانی کوردی‌دا مایه‌وه ، هه‌ر وه‌کو ووشه‌ی ( گامیش ) که واتای کۆنی له داستانی ( گلگامش )ی سۆمه‌ری‌دا هه‌یه له کوردی‌دا ماوه‌ته‌وه ، ئه‌م گیانداره نیشانه‌ی پیاوه‌تی‌و پیت داری بووه هه‌ر له‌و ساوه‌ی که ئاده‌میزاد پیوه‌ندییه‌کی راست‌و خۆی به کشت‌و کاڵ‌و به خیوکردنی گیاندار‌دا په‌یداکردووه •

هه‌ر بۆیه له کاتی لیکۆڵینه‌وه‌دا له بنچینه‌ی ووشه‌ی کوردی‌دا رووبه رووی بیریکی تیکه‌ڵاو ده‌بین له سه‌ره‌تای

پەیدابوونیدا ، کە چەندین کۆمەڵی ئادەمزادی لەوانەی لـــە وولاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوون هاوبەشیان تێدا کردووە ، ویەك لە سەریەك کاریگەربوون ، کاریگەریەکەش لـــە رووی لایەنی رۆشنبیریو کەلچەری سۆمەری ئەکەدیو ئیلامی بووە لە کۆن دا بەلام لە دوای ئەم قوناخەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری رۆشنبیریو کەلچەری هیندی ئەوروپی کە سنوورێکی زانیاری بۆ زمانی کوردی لە سەرەتای سەر هەڵ دانیدا دانا •

بە وێنە لە سەرەتادا لەگەڵ پەیدابوونی تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ خودایان دا لە هەزاران ساڵ لەمەوبەردا ، هیچ جیاوازییەکی زمانەوانی لە نێوان خودای خۆر ( شمش )و ( هەتاو ) خۆیدا لە بابلیدا نابینین ، هەروا ئەم هەستەش لەگەڵ خودای (سوریاش)ی کاشیو ( سوریا )ی هیندیو ( خۆر )ی کوردی ، کە لە ( هور ) هور+مزد ( ئاهورا+مازدا ) وەبە دیار هاتووە ، چونکە خودایەتی هێزی رووداوە لەو شتەدا کە کراوەتە نیشانەی وهەڵســـو کەوتیش لەگەڵیدا هەر هەمانە کە لەگەڵ شتەکەدا دەکرێت •

لە دواییدا ووشەی ( شمس ) لە زمانی عەرەبیدا هەر بۆ ناونانی شتەکە خۆی مایەوە ، هەر وەکو چۆن ووشە ( خۆر )بوو بە ناوی خودی هەتاو ، وهەریەکە لەم ناوانـــە چونەوە ناونانی کەسیەتی وەکو ( شمس الدین ) لە عەرەبیداو ( خورشید ) لـــە کوردیدا ، بەلام شێوە کۆنەکەی ( ئاهورا ) لە زمانی کوردیدا لە شێوەی ( ئاهور ) ئاور ( ئاگر )دا ماوەتەوە هەر دوو ووشەکەی دواییان بۆ یەك واتا بە کاردێن ، ئەم ووشە ئاهورا لە ناونانـــی

وولاتی ئاذربایجان ( ئاتورپایگان ) ماوەتەوە بەلآم ووشــــەی ( هەتاو )ی کوردی ، گەرچی لە رووی شێوەی دەرەوەیەوە لە ووشەی ( آفتاب )ی فارسی‌یەوە نێزیکە ، بەلآم لە راســـتی‌دا نیشانەی خودای سۆمەری ( ئوتو ) لێی نزیکە کە بە سەدان ساڵ بەر لە پەیدابوونی نووسین‌دا پەرستراوە ، هەروا کـــە دانیشووانی وولآتانی بەرزی باکور ( سوبارتوم ) پیشــــــ پەرستوویانە کە ئەم دانشتوانە بە ناوی ( خور ) یان نێودار بوون لەبەر ئەوەی خودای ( هوڤار=هۆر )یان پەرستوە بۆیە گومان لەوەدا نییە کە ووشەی ئاور ، ئاگری کوردی لەو هۆش‌و بیرە هیندی ئەوروپییەوە پەرەسەندبێ ، کە توانی بۆ خودای روشنایی و حیکمەت بە ئاهورا دەربرێت کە ئەویش لە ( ڤارونا ، وارونا )ی کۆنەوە پەرەی سەندووە کە لە دوایی دا بووە بە ( آسورا )ی هیندی‌و ( سوریاش ) کاشی کە لولوبیان لەگەڵ کاشیان لـــە وولآتی کوردان دا پەرستوویانەوە . ئەم ووشەیە ئێستە بـــۆ ناونانی جۆرە چرایەك بەکاردێت کە لە زمانی کوردی ( سورەیا )و لە زمانی عەرەبی‌دا ( ثریا )یەو ووشەی ( سور )ی کـــوردی نیشانەیە بۆ رەنگە ســـورەکەی ، کە ئەمەشـــیان لە ( ئوخرا ، سوخرا )وە پەرەی سەندووە لە هیندی‌دا لە شێوەی ( چوکرا )یە کە بێگومان نیشانەی رەنگی رووناکی وەیا هەتاوە کە چی شێوەی ناوی ( هرمز )واتە حکمەت لە زمانی ئارامی دا وەکو ناوێـــکی کەسی تایبەتی ماوەتەوە هەر وەکو ناوی دەریـــا ووش‌و چەندین ناوی دی .

لە ڕاستیدا [ ئاهورا ] هەر دەبێ وارونا [ ڤارونا ] بێت ، کە زۆربەی گەلانی هیندی ئەوروپی پەرستوویانە ، کە لە نێو ئەو داستانانە شیان دا باسکراوە کە پێش سەرهەڵدانی ئایینەکانی هاوچەرخ دا هەبووە لەگەڵ ئەمەش لە نێوان ( دیـوا Deiva) کە خودای شەر کە ( ئیندرا ) نوێنەرێتی لەگەڵ ئاسورا ( ئاهورا ) کە خودای پەیمان ویاساو حیکمەت بووەو خودای ( میثرا ) لە سەرووی هەموویانەوە بووە جیاوازیەك هەیە •

لەگەڵ تێەربوونی کات دا لە زمانی کوردیدا واتای ناوی ( دێـــــو Deiv ) پەرەی سەندو بەرامبەر واتای ( الغول ) عەرەبییەوە بە کاردێت ، بەڵام ئەو پەرەسەندنەی ، کە بۆ هەمان ووشە لە زمانانی ئەورپیدا رووی‌دا واتای پیاوی درندەو جنۆکە لەزمانانی سلاڤی‌وئینگلیزی‌دا پەیداکردو ئەمەش لە زمانی‌کوردیش دا رووی‌داو شێوەی [ دێوانە Daywana ]ی وەرگرت بــەڵام ( ئیندرا ) لە زمانانی ناوچەیی کـۆن دا لـە لایــەن گـەلانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریدا لە نێوچووونەما ، چونـــکە خودای ( ئاشـــور ) هەر خودای ( ئیندرا )ی میتانی بوو ، کە هەمان گەلان بەر لە دامەزراندنی دەولەتی ئاشوریدا لە سەر وێرنگەی دەوڵەتی میتانی‌دا دەپەرسترا • لەم کاتەدا بوو خودای ( ئاشور ) لە برێتی خودای ( ئیندرا ) پەرسترا •

لە راستیدا ئایینە زۆر کۆنەکانی هیندو ئەورووپیان لە سەر پەرستنی هێزی سروشتو ئەستێرانی ئاسمان دامەزراوە ، ئەمە لە کاتی‌دا بووە ، کە هێز کۆچەربوون جا لە دواییدا خودای دی

خرایه سەر خودای سروشت ، کە هێزی خوورەوشت وبیروڕای گوزارەیی دەنواند ئەمەش لەو کاتەدا بـــوو ، کـــە ئەو خێڵە کۆچەرییانە نیشتەجێبوونو شارستانیەتیان دامەزراند ، کـــە گرنگیەکی زۆری مێژوویی خۆی هەبووە•بەم جۆرە ناوی شاری ( مەهاباد )ی کوردی دەربرینێکە لەو ئاواییەی خودای مـــەزن ( ئاهورا ) وەیا ( ئاسورا ) چونکە ووشەی ( مەها ) لە هیندیدا واتای ( مەزن ) دەگەیەنێت ، کە لە ووشەی ( مەهاتما ) داشـــ بەرچاو دەکەوێو واتای ( گیانی مەزن ) دەبەخشـــێت ( الروح العظیمە ) •

ئەگەر بە هەمان ڕێگەو شێواز گەر ناوێکی کوردی وەکو ( مزگەوت ، مزگەفت ) لێك بدەینەوە ، کە لە دوایی دا بە هـــۆی زمانی لاتینیدا لە نێوزمانانی ئەوروپیدا بڵاوبۆوە لە شـــێوەی (Mosque) ، دەبینین لە بنچینەدا واتای ( پەرستگە )ی خودای حیکمەت مـــزد ( مازدا ) بەرێگەی ناوی ( مزگیـــت (Mazgit ی پەهلەویەوە بۆ واتای پەرستگە دەبەخشێت • ئەم ووشەیە لە زمانی کوردیدا هەر بە جۆری شێوە کۆنەکەی بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئیسلامدا بەکار هاتووەو لە زمانی عەرەبیدا بە شـــێوەی ( مسجد ) ماوەتەوە ، بەڵام کاری لێ داڕێژ راوە وەکو ( سجد، یسجد ، سجودا ) هەروا ووشەی ( سجادە ) شی لێ داڕێژراوە •

هەر بەم شێوەی سەرەوە دارشـــتنی کۆنە ناوی خودای ( ئەناهیتا ) خودای ئەســـتێرەی ( زوهرە )ی عەرەبی پەرەی سەند ، کە بووبە ئاناهیذ ( ناهیذ ) لە دواییدا لـــە زمانـــی

کوردی‌دا له شێوه‌ی ( ناهید ) چه‌سپی بۆ ناونانی کچان‌و ئافره‌تان هه‌ر وه‌هاش ووشه‌ی ( نهد ) له عه‌ره‌بیدا واتای مه‌مکی ژنان ده‌گه‌یێنێت که نیشانه‌ی ئه‌نا هیتا بوه وله زمانی سۆمه‌ری‌دا به‌رامبه‌ر ئه‌م ناوه ئینانا ( ئینینی ) که له شێوه‌ی ( ئان = که‌یبانووی ئاسمان ) له هێندێك تێکست‌دا به‌رچاو ده‌که‌وی ، که ئه‌ویش عشتاری بابلی ، که له دواییدا له عه‌ره‌بی‌دا به ناوی ( العزی ، الزهره ، نجمه الصبح أو نجه الراعی ) هاتووه‌و له لایه‌ن سۆمه‌ریه‌کانه‌وه ئه‌رکی ئه‌م خودایه هه‌روه‌کو ئه‌رکی خودای ( دموزی ) بووه •

بێگومان په‌رستنی ( خودای دایك ) له وولاتی کوردان دا به کۆنترین په‌رستن ده‌ژمێردرێت‌و پاشماوه دۆزراوه‌کانی گوندی ( چه‌رمو ) ، که ده‌که‌وێته نزیك چه‌مچه‌ماڵ له لای رۆژهه‌لاتی که‌رکوکه‌وه گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ی ئه‌م جۆره په‌رستنه‌ن وکرده‌وه‌ی زاوزێ کردن که له لای مرۆڤ هۆکه‌ی هێشتا روون نه‌بووبوه‌وه ، له پیشه‌ی ژن بوه‌وله‌به‌ر ئه‌وه‌ی زاووزێ کردن به نهێنێکی سه‌یر ده‌ژمێردرا بۆیه له سه‌ره‌تادا ئه‌و خودایانه به زه‌وی‌وه ده‌ناسران ، چونکه پیتی خاك جۆرێکه له هاتنه دنیاوه بۆ به‌رهه‌م هێنانێکی تازه وه‌کو ئافره‌ت •

له پاڵ ئه‌وانه‌ش داکه پێویستی ئابوری ده‌ورێکی بنه‌ره‌تی له په‌یدابوونی بیروباوه‌ری ئاینی کۆندا بینیوه که کارده‌کاته سه‌رپه‌یدا بوونی ئه‌م ژماره زۆره‌ی خودایان و پیشه‌و ئه‌رکه جۆراو جۆره‌کانیان ئه‌گه‌ر نه‌لێین دروستیان ده‌کات ، جا به

دەرکەوتنیان وەکو ووشە لە نێوزمان دا ، ئەو پەرەسـەندنەی ، کە لە خودی پێوەندی ئابورێکان دا روودەدا لە پەیدابوونـــی هۆی تازەی بەرهەم هێنان ، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی زمان بە رێگەی پەیدابوونی گوندو شارۆچکە بە واتا لە دوای گۆرانی ژیانی ئادەمزاد لە باری راووشکارکردنەوە بۆ ژیانی بەرهەم هێنانی خۆراك و ئاڵ وگۆرکردنی پێویستێکانی دی ئابوری لەگەڵ شتی دی داو بە تایبەتی ئامرازی کارکردنی ، کە بە بناخەی ژینی نوێی لە بەرهەم هێنانی پێویســـــتییەکانی ئابوری پەرەی سەندووژمێرداو بە هۆیەوە بازاریان فراوانتر بوووئەم بازارانە بە ناوچەی سەرەکی سەرهەلدانی گوندو شار داندران •

هەر بۆیەیە واتای ناونانی شار لە زمانی کوردیدا بە ناوی ( بــاژێــر Bajer ) هاوواتای ( بازار ) ، و ئەگەر نەڵێین لەوەوە پەرەی سەندووە لەبەرئەوەی بازار ناوچەرگەی شـــار بووەووێستگەی هۆزانی هاتوچوکەر بووە ، بێگومان ئــەم خێڵانە شیرەمەنیو بەرووبووم و بەرهەمی خۆیان لەم بازارانەدا دەگۆرییەوە ، کە لە دوایی دا ئەم جۆرە پێوەندییە ئابورییە بــۆ هۆی فراوان کردنی ئەم ناوچانە لە پێناوی بەرژەوەندی خاوەنی بەرووبووم ئاڵو گۆرکەر وەیا بە هۆی ئەو کەسانەوە ، کە لــە دوای چەسپاندنی شاردابوون بە دانیشتوانی ، ئەوانەش ئــەم کارەیان بەرامبەر بەم راژەیە دەکرد ، کە لە نرخی شـــتە ئاڵو گۆرکەرەکە وەریان دەگرت •

ئەم راژەیە ( نسبە )ی ، کە ئەم نیشتەجێ بووانە وەریان دەگرت لە زمانانی هیندوئەورویی‌دا ( باژ Baj ) یان پـــێ دەگوت ، کە بەرامبەرەکەی لە زمانی عەرەبی‌دا ( باج ) ، زمانـــی کوردی دارشتنی ( باژ+ێر=باژێر )ی هەر پاراستووە ، بۆ ئەوەی یەکەم ، واتای بازار=باژێر ببەخشێت ، کە ناوی شوێنە دووەم لە کاتی فراوان بوونی دا لە زمانی کوردی‌دا بۆ شاربەکارهاتووەو دێت ، ئەگەرچی شـــێوەی کۆنی ئەم ناوە ( وازار ) (Wazar) ئێستەش لە دیالێکتەکانی خوارووی زمانی کوردی‌دا بە کاردێت، بەڵام ئەم ووشەیە بە واتای بازار نەك شارچۆتە زمانی ئەرمەنی‌و ئینگلیزی‌داو لە شێوەی ( پازار Pazar ) وهەر لە زمانانـــی تورکی‌و بولگاریش و هی دی‌دا بە کاردێت کە ئەمڕۆبۆتە ناوی ڕۆژی یەك شەممە لە تورکی نوێ‌داو بە شێوەی ( پازار گوینی واتە ڕۆژی بازار ) بە کار دێت •

لەپاڵ ئەو پێوەندییە ئابوریەشـــەوە ئەو هۆیانەی بەرهەم هێنان کە هۆزانی ئەسکتی ( سەکەس ) لە ووڵاتی کوردستان‌دا دۆزیویانەتەوە هانی هاتنە ناوەوەیان داون لە ناوەراســــــــتی هەزارەی یەکی‌می پێش زایین دا و لەگەڵ هۆزانی دی‌دا •

پەیدا بوونی ناوی شاری ( سەکەس=سەقز )ی کوردی بۆ ناوی ئەو هۆزە کۆچەریە سەکەسیانە دەگەڕێتەوە ، کە لە نێـــو شاردا بەرهەمی خۆیان ئاڵو گۆڕدەکردو بێگومان هێندێکیشیان لە سەردەمی میدی‌دا لەم شوێنەدا نیشتەجێبوون ، ئەگەرچی ئەم هەرێمە بە بەشـــــێکی ووڵاتی ( ماننا ) دەژمێردرا ، کە زمانی

ناوچەیی و کەڵچەری تایبەتی خۆیان هەبووەو لە کۆچەرە تازەکانیان جیایان دەکردنەوە • ئایین وبیروباوەری جۆراوجۆر لە دوایی‌دا پەرەی سەند ئەمەش لە پاڵ پێش کەوتنی پێوەندی ئابوری و کەڵچەری‌دا بوو کە لە ئەنجامی پەیدابوونی ئیمبراتۆریەتی میدی‌دا رووی‌دا بێگومان کەڵچەروئایینی ئاشوری و کەڵچەری سۆمەری کاریگەری لە سەر دانیشتوانی هەبووە ، بەڵام بیروباوەرە ئایینێکان و داستانە تازەکانیان لە چوار چێوەی‌دا بە شێوەیەکی گشتی بوونە هیندو ئەوروپی بۆیە دووبەرەکی لە دروست کردن و نەمانی گێتی بە پێی بیروڕای باوی ئەوسا بە نۆهەزار ساڵ سەری هەڵدا وئەم ژمارەیە لە لایەن هیندو ئەوروپی‌یانەوە بە گشتی پیرۆزبوو لەگەڵ ئەوەشدا ( گا )ی یەکەم کە لای سومەری گیاندارێکی پیرۆز بووەو شوێنێکی سەرەکی وەرگرتووەو وەکویەکەمین گیاندار لە پێش ئادەمزادا پەیدابوە ئادەمیزادیش بە ( کیومرد ) ( گیا ـ مرتن )ی ئاڤێستی ناسراوە کە بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردی نوێ‌دا بە ( گیان مردوو ) باوە وەیا ئەو گیاندارەی ، کە گیانی لە نێودەچێ و نامێنێ و ئەویش یەکەم ئادەمزادە[٦] •

بەم جۆرە هیندێك واتای دی نوێ لە ناوچەکەدا بڵاوبۆوە ،کە لە ئەنجام دا هێندێك ناوی تازەی جوگرافی شاری لێوە پەیدا بوو ، کە ئەم ناوە تازانە زمانانی ناوچەیی دانیشتوانی دەوڵەمەندکرد ، لێرەدا قۆناخێکی نوێ لە مێژووی ئەم گەلانەدا پەیدابوو ، کە ئەویش سەردەمی ئاڵو گۆرکردنی زمانەوانی و کەڵچەری دانیشتوانی ناوچەیی لەگەڵ هۆزانی تازە هاتوو •

بەم چەشنە دەبینین خوای میهـــرا ( میثرا )، کە رووناکی سەر لە بەیانیو سەرچاوەی ژ ین و زانیاریو پەیمانـــان بوو ، هێندێك واتای تایبەتی خۆی لە مێشکی کورددا هێشتۆتەوە ، کە لـە نـاو نـانی میرزا ( میهرزاد )دا رەنـگ دەداتـــەوەو واتای رۆشنبیرو هۆشیارو زانیار دەبەخشێت هەروا جوامێر ( جوان میهر ) بە واتا ( خۆشەویستی خوای میهرا ) ماوەتەوە ، هەروەکو لە ئەکەدیدا ناوی کۆنی نارام سن خۆشەویستی خوای سن بووە. بەڵام ووشەی کوردی ( میهرەبانی ) هاوواتای ووشـــــەی (السعادە)ی عەرەبیەو، چونکە خوای ( میهر ) کە کرۆکی رووناکی سەر لە بەیانیو سەرچاوەی ژ ینو زانیاری بووە ، دەبێ لـــــە هەمان کاتدا سەرچاوەی بەختەوەریش بووبێ بۆ مرۆڤ ، هەر بەم پێیە لە زمانی عەرەبیدا ناوی جێژنی ئاهەنگ گێران لـــە شێوەی مهرجان=مهرگانی کۆن(٧) داماوەتەوە ، بـــەڵام لـــە زمانی کوردیدا شێوە کۆنەکەی لە ناوچووەو بـــە رێـــگەی زمانی عەرەبیەوە شێوەی ( مهرجان ) بە کاردێت . ئەم ناوە لە نازناوی هیندیدا بە ( میهراجا )و لە کوردیدا بە ( میهر - میر ) دەرەبەگەکان بۆ خۆیان بە کاریان هێناوە .

ئەم ناوە چینداره لەوەوە بۆ ماوەتەوە کاتێ ئەو چینە لـــــە سەرپەرشتیکردنی کاروباری ئاینداریدا لە پەرســــتگەی ( میهرا )دا لێپرساو بووگۆرا بە چینێکی کۆمەڵایەتی - ئابوری نازناوی ( میهری میهران=میری میران ) وەکو سەرۆکی هـەرە گەورە یاسای خێڵایەتیدا مایەوەو لـــە عەرەبیدا بەرامبەرەکەی ( امیر الامراء )ە .

لەبەر رۆشنایی ئەم هۆیانەی باسکران ووشــــە یەك زۆر بایەخی پێ دراواو ئەویش ناوی رۆژێك لە رۆژانی هەفتـــەی لێندرا ، کە رۆژی ( السبت )،ی عەرەبی ، جوو لەکەیی‌و سلاڤی ( رووسی ، بولگاری‌و یۆگۆسلاڤی ..هتد )یە وەکو نیشانەیەکی پرۆسێســی بیرکردنەوەی تایبەتیە ، گەوهەرەکەی لەوەدایە ، کەوا لە رۆژی هەفتەم دا خوا لە دوای دروست کردنی یەکەمین مرۆڤ ( کیومرد=گیان مردوو ) پشووی داوەو ئیســـراحەتی کردووە . لە عەرەبی‌دا ئەم پشوودانە بۆتە ( السبات ) .

ئەم ووشەیە لە بنەرەتەوە بـــۆ بیرکردنەوەیەکی هیندی ئەوروپی دەگەرێتەوە ، کە بە سانسکریتی میتانی ووشـــەی ( ساپتا )ی بۆ داندراوە بەپێ یاسای زمان لە میدی‌و ئاڤێستایی‌دا پیتی ( سێ ) بە ( هێ ) گۆراوەو لە شێوەی ( هاپتا )بووە ، کە لە زمانی کوردی کۆن‌دا ژمارە حەفتی بەخشیوەو شێوەی هەفت وەیا حەوتی لە زمانی نوێی کوردی‌دا وەرگرتووە ، کە لە زمانی سلاڤی‌دا بۆ شێوەی ( سێم ، ســیدوم )و لە زمانانی‌و ئینگلیزی هاوچەرخ‌دا بۆ شێوەی ( زیبن وەیا سێڤن ) پەرەی سەندووەو خۆشی لە بنەرەت‌دا ( سێپتۆم ، سێپن ) بووە .

لە ئەنجامی رووداوانی مێژوویی‌دا هێندێـــك ووشــە وون بوون وەیا لــە نێوچوون ، بەلام لە زمانـــی کـــوردی‌دا بــە شــێوەیەکی دی پەیدابوونەتەوە ئەمەش بە رێگەی تێکەلاوبوونی کەلچەری وەیا لــە ئەنجامی شــەردا . لەم ووشـانەدا هێندێك دەنگ گوراون‌و هەروا واتاکەشیان

گۆراوە ، وەکو ووشەی ( بورژ وازییەت ) کە لە نوێوە لە زمانی کوردیدا پەیدا بۆتەوە ، ئەمەش بۆ دواکەوتنی پەیدابوونی ئەو چینە ئابوری‌و کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵـــــــی کوردەواری‌دا بەچاو کۆمەڵانی ئەوروپی‌دا درەنگترپەیدابووە •

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوزاراوە سوپاییە کۆنەی لە کوردستان، کە ( بــورگ -Burg )بووە ، تا ماوەیەکی زۆر لە زمانی کوردی کۆن‌دا نەماوەو شێوەی ( البرج )ی عەرەبی لە برێتی بـــــــە کارهاتووەو بۆ ناونانی ئەو قەڵاو شـــــورانە بووە ، کـــــە ئیمبراتۆریەتە رۆژهەڵاتی جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەنگاری‌کردنی دەوڵەتی رۆمان و بێزەنتەدا لە ( حەدیەب، کوردۆێنێ ، ئوسروینی، سوزیفین ، ئەرمینیا ) وهی دی‌دا بنیاتیان ناوە •

ئەرخیتـکتوری ئـەم قەڵایانە بە رێگەی یونان ورۆمانەوە گوازرایەوە ئەوروپا ، ئەو بورگانە ، کە لە سەر شێوەی هونەری سوپایی رۆژهەڵاتەوە دروست کرابوون بە بناخەی چەندشارێك وەکو هامبورگ، مادیبورگ، پیتەربورگ‌و هی دی‌دانرابوو•لەم ناوانەدا لە زمانانی ئەوروپی‌دا زاراوەی ( بورگ ) لە کوتاییان‌دا پارێزرا ، کە دووپاتی ئەو قەڵایە دەکاتەوە کە لەســـــــەر ( بێرگ=بەرز= Berg =کێو ) حیثی کە لەکوردیدا بە شێوەی ( بەرز ) مایەوە ، بنیات نراوەو ئەم ووشەی ( بیرگ )ە لە زمانانی گیرمانی‌دا بۆ واتای بەرزایی‌و کێووشاخ هەر مایەوە ، چونکە لە کۆن دا بورگ لە سەر گردو بە رزایی بنیات دەندرا هەر وەکو لە زمانی حیثیەکاندا بەشیوەی ( بەرغ bergh ) بـە کار هاتوە

لەگەڵ تێەربوونی کات دا ناونانی ( بورژ وازی=بورگواز ) بە سەر دانشتوانی ئەم قەلایانەدا بۆ جیاوازی کردنیان لەگەڵ چینەکانی دەست کورت و هەژاری لادێکانی دەوروبەری شاران بە کار هات ، ئەم ناونانەش لە دوای شورشی پیشەسازی بوو لەوێدا و ئەم ووشەیە بە تەواوی بیروړای ئەو کۆمەڵە بە تەواوی دەردەبڕێت کە بە هۆیەوە ووشەیەکی وای بە کارهێنا ، کە رەگی مێژوویی بە پەرەسەندنی تەواوی کۆمەڵانی ئادمزاد لە ئەوروپادا بەندبوو • بۆیە هیچ سەیرنییە ، کە ئەم ووشەیەی ( بورژ وازی= بورجوازی ) بێتە نێوزمانی کوردییەوە بۆ ئەوەی واتایەك دەربڕێ ، کە زۆر لەواتە ئەسلییەکەی ، کە ( بورگ=بورج )ە، دووربێت •

لە دوای ئەو ڕاستییانەی ، کە لەمەوبەر باسکران هیچ سەیر نییە گەر ئەوە بڵێین ، کەوا ووشەی ( سلق=لوبیا ) کە لە کوردیو عەرەبیدا بەکاردێن لە بنچینەدا سۆمەریو ئەکەدین(٨) هەروا ( المرج والدستور ) لە عەرەبیدا هەر ( میرگ merg )و ( دەستەوەر )ی ئەسلە کوردییەکەن هەروا دەبێ ئەسلی ئەم ووشە عەرەبییانە وەکو ( الجوز ، ریباس ، طمش ) لە شێوەی ( گوێز guez ، رێواس وتەماشا )ی کوردی بێت • هەروا ئەم ووشانەی ، کە لە بنەرەتەوە کوردین وەکو ( نیشان ، سەرداو ، سەراب وهی دی ) ، لە زمانی عەرەبیدا بەکار دێن، لە هەمان کاتدا لە زمانی کوردیدا هێندیك ووشەی عەرەبی وەك ( نال ، فیل هەیە ووشەی ( الفردوس ) بە

رێگەی ( پردەوس pridaus ) پەهلەوی کـــە لە ( پەرادیز paradiza )ی هەخامەنشی دارێژراوە کەبەواتا (بەهەست=بوونی چاکتری ) ئاڤێستایە پەرەی ســــەندووەو لە زمانی ئەڵمانیو وئنگلیزیو زمانانی دی ئەوروبیدا ئەسـلە هیندو ئەروپێکەی هەر پارێزراوە ، کە لە زمانی کوردیدا بە ( بەهەشت Bahasht) گۆردراوە •

لە پاڵ ئەو کاریگەرییانە ، فەلسەفەی گریگی لەگەڵ ئاینانی رۆژهەڵات دا یەکی گرتەوە ، ئەمەش لە دوای داگیرکردنی وولاتی ئاسیا لە لایەن مەکدۆنیکانەوە رووی‌دا ، لە دوای ئەم هاتنەیاندا داستانی بابلیو گریکی وهی دی تێکەڵ بوون •

ئەم دیاردەیە بۆ هـــۆی رازانەوەی کەڵچەریان لە رێگەی باوەڕکانی ( هیلنستی )ەوە ، کە تێکەڵاوییەکی بیری وای پێك هیناورێك وپێکی یەك لە نێوان ئاینزاکانی (المذاهب) جوراوجوردا پەیدا کـرد • خوایانی بابلی و گریگی وهی دی بە هەمان خوای دانشتوانی ناوچەکانی‌باکووری وولاتی‌میسوپوتامیا دادەندرا•بەم جۆرە خوای ئاهورامەزدا لەگەڵ سنو مەردوك ، میثرا لەگەڵ شمس وئەناهیتا لەگەڵ عشتار تێکەڵ بوون بو ئەوەی وەکـــو گیانێکی بە نرخی بیرکردنەوەی دانشتوان پیشان بدات ، کـــە هێندیك پاشماوەی لە چەند ئاینزای ( مذاهب ) کـــــــوردی جۆراوجور هەرمایەوە،ئەم پاشماوەیەلە ناوچوارچێوەی‌بیروباوەی موسلمانێتی‌دا توایەوە ، کە لە کۆتاییدا هێندێك ناو و دەربرینی تایبەتیو دیالێکتی زمانەوانی وای هێنا کایە زمانی کوردی لـــە

سەدان ساڵ دا بە لیکسیکۆی فەلسەفیو هونەریو رۆشنبیری بووژاندەوە •

لەم سەردەمە دێرینانەی ئەم ناوچانەدا هێز دەربرینـــــی کۆمەلێك بیروباوەرو ئارەزوو لە زمان دا هەر بە سروشـــتەوە پێوەست بوو ، کە بۆ وەسف کردنی شتێك نیشانە زمانەوانیێکان ( الرموز اللغوية ) یەك لە ریز یەك دادەنا • بۆ وێنە لە تێکستێکی سومەری کۆن لە کاتی نوێژکردندا نوێژکەری سۆمەری ئـــەم واتایەی دەردەبرێ :

« تۆ ئەوەی ، کە شنەی ژیانت بە من بەخشی » بەلام لـە تێکستەکەدا جێ‌ناوی ( تۆومن ) بەرچاوناکەون بەلـــــکو دارشتنەکەی بەم جۆرەیە :

« زی ، شاگ ، مو ، شی ، نی ، گال » کوردیەکەی بـــەم جۆرەیە :

( شنە ، ژیان ، دان ، بەرەو ، هێز ، کەس[٩] ) •

لەبەر ئەوەی شارستانیەتی میزوپوتامیا پەلی هاوشتبوەوە ناوچەکانی باکورو رۆژهەلاتی خۆیەوە ، ئەگەر نەگوترێت کەوا شارستانیەتی وولاتی سومەر درێژاییێكو بەردەوام بوونـــــی زمانەوانی وکەڵچەری دانشتوانی پلەی کۆتایی چەرخی نیولیتی دێهاتەکانی سەرووی میزوپوتامیا بوون ئەو شێوە زمانانە کە لەم ناوچانەدا بەکار دەهاتن بە هەمان مەرج پێوەست بووبوون بەلکو نوسراوەکەی ( ئانوبانینی ) پاشای لولوبیان ، کــە لە ناوچەی

( سەرپول زەهاو )دا دۆزراوەتەوە ، بەڵگەیەکی بەسوودە بۆ ئەم مەبەستە وناوەرکەکەی دەڵێت :

« ئانوبانینی وێنەی خۆی بەرانبەر خوداوەنە عیشتار لەسەر شاخی پادیردا کێشاوە[10] • نێوەکەش واتای ( ئان دروست کەرمە )یە •

لەم پارچە نوسراوەی سەرپول زەهاو دیار دەکەوێت کەوا بێجگە لە بلاوبوونەوەی ئاینزانی سومەریو ئەکەدی لەم ناوچانەدا ناوی کەسیەتی وەکو ( ئانوبانینی ) بەڵگەیەکە بۆ پەیوەندی ناوی خودای سومەری ( آن ) کە خودای ئاسمانە لەگەڵ پاشگری ئەکەدی (و) بێجگە لە ووشەی ( بانینی ) ئەکەدی کە لە عەرەبی ئەمرودا واتای ( الخالق ) دەگرێتەوە • بەم جۆرە ناوەکە تێکە لاوێکی سومەریو ئەکەدیە کەچی لە کاتێکی درەنگتردا بەهەمان واتا بە جۆرێکیتر لەم ناوچانەدا پەیدا دەبێت وەکو ( میثرادات ) کە پاشان دەبێتە ( مهرداد ) ولە کوردی ئەمڕۆدا بوەتە ( میهرزاد ـ میرزا ) ، بە جۆرێکیتر وەکو ( خودادات )، کە بەعەرەبی ( عطاء الله ) وبە تورکی ( الله ویردی ) و بە سلاڤی ( بۆگدان ) بەرامبەری هەن • پاش بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کوردەواریدا مرۆڤ وەکو دیلێکی ( عبد )ی خودا دەناسرا لە بەر ئەمە پاش سەدەی هەشت وتۆدا لە کوردیدا ناوی تایبەتی وا پەیدابوو ، کە پێوەندی بەم بیروباوەرە هەبوو وەکو ( عبدالله ، عبدالرحمن ، عبدالرحیم هتد ) • ئەم ناوانە لە پاڵ ئەو ناوانەدا بلاوبوونەوە ، کە ئارامیو یونانی بوون و کۆمەڵگەی هۆزانی کوردەواری لە سەردەمی بلاوبوونی مەسیحی

دا له خۆیان نابووبه تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی هه‌ڵگری ئاینزای (مه‌ذهه‌بی) یه‌عقوبی ونه‌ستوری بوون وه‌کو تۆماس ( تۆما ) مورقس ( مارك ) وهی دی، هه‌روا ناوی چه‌ندین ناوچه به ناوی ئارامی‌و یونانی نرابوون وه‌کو ( بێت عه‌بهی ، بێت قه‌ردو ، که‌رخا دبیت سه‌لوخ ) که هه‌موویان ناوی جوگرافی بوون .

ئه‌م جۆره شێوازی ده‌ربڕینه له زۆربه‌ی زمانانی گێتی‌دا به تێزیکی وه‌کو یه‌ك بوون ، به‌ڵام هه‌وڵدانی پاراستنی ده‌نگه‌کانی سروشت به بناخه‌ی دروست بوونی ووشه ده‌ژمێردرێت ، که هێندیك له‌م ووشانه هه‌تا ئێسته‌ش به زیندوویی له نێو هێندیك رسته‌و ده‌ربرین دا ماونه‌ته‌وه ، بۆ وێنه ووشه‌ی ( گروم Grom )ی رووسی که واتای گرمه‌گرم ده‌گه‌یه‌نێت هه‌ر هه‌مان ده‌نگه سروشتیکه‌یه ماوه‌ته‌وه‌و له زمانی کوردیش دا واتای ده‌نگی هه‌ور له شێوه‌ی ( گرمه‌گرم Girma Girim ) ده‌رده‌بێت که واتا هێژ ئه‌م ووشه‌یه له زمانی کوردی‌دا نه‌گه یشتۆته ئه‌و پله‌یه‌ی ، که له زمانی رووسی‌دا بۆواتای ئه‌م دیارده‌یه گه‌یشتۆتێ ، به‌ڵکوهێژ له کوردی‌دا هه‌مان تایبه‌تێتی کاریگه‌ری ئه‌و شته‌ی هه‌ر تێدا ماوه ، که سۆمه‌رێکان ناوی ( نه‌م )و ئه‌که‌دێکان ناوی ( شه‌متو ) یان لێ‌ناوه . ئه‌م ووشانه به پێی یاسای کۆن دووباره کراونه‌ته‌وه بۆ لاسایی کردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌کانی دیارده‌ی سروشتی وه‌یا بۆ دووپات کردن سه‌ر زۆری وه‌یا بۆ پێشان دان و ده‌رخستنی سیفه‌تێ ، له زمانی کوردی‌دا ئه‌م شێوانه‌زۆرن وه‌کو ( ته‌که‌ته‌ك ) واتای ده‌نگی لێ که‌وتنی دوو

ماتیریاله بەیەك هەروەها ( خورە خور ) ووشەیەکە نیشانە دەنگی ئاوە ولاسایی کردنەوەیەتی ، وئەم دەنگە لە عەربیدا شـــیوەی ( خریر )ی وەرگرتوە وچەند ووشەییکی تری لـێ دەرهێنراوە وەکو ( خر ) بە واتای نیشتن یا کەوتن یا بەربوون وهتد ، بەلام بەرامبەر ئەم واتایە کورد ووشەی ( کەوتن ) کە بێ گومان کە لە ( کەفتن کەپتن )ەوە دارێژ راوە کە لە بنچینەدا لاسایی کردنەوەی دەنگی کەوتنی هەرشتیکە بەزەویدا و ئەو گۆرینە کە بەســـەر پیتەکانی ( پ ، ف ، ر ) دێ یەکێکە لە هەڵسوکەوتی زمانە هیندو ئاورو پاییەکان •

بەم جۆرە ، ولەســـــەر بناغەی پاراســـــتنی تایبەتیەتی کاریگەریەکانی شت لە گەو هەریدا ، ووشەی ( مەرد ) کە واتای ( ئازا ) دەگەینێت وەیا ( مەردایەتی ) واتە ( ئازایەتی ) نیشانەی ناوی خێلەکانی ( مەردەکان ) نەبوو کە لە پێش زاییندا لە هەندێ ناوچەکانی وولاتی کوهستان وکوردستان بلاوبوونەوە بەڵکو ئەم ناوە ئەتنیکییە نیشانەی ئەو رەوشتە بە ناوبانگەی ئەم کۆمەلە کۆچەرە بوو کە جیای دەکردن لە کۆچەرانی تری چەرخەکونەکان کە ئەم وولاتە شاخاوییان کرد بە مەڵبەندی خۆیان •

هەروەها چەند کۆمەلە ووشەی کوردیهەن کە لەکۆندا تەنها واتایەکی تایبەتیان دەبەخشی ، بەلام پاش کاتێکی دوورو درێژ چەند واتاییك دەگەیێنیت وەکو ( سەر ) کە بێجگە لە واتای کۆنی خۆی ئێمرو بە واتای ( بەرز ، لوتکە ، ســـەرەتا هتد ) بەکاردێت • ئەمە بێجگە لەوەی کە ووشەی ( سەردار ، سەرتیپ ،

سەربەست )یشی لێ پێك هاتوە ئەم یاسایە بە سەر زۆر ووشەدا سەپاوە وەکو ووشەی ( پیاو ، خورت ، کور ) لەگەڵ ئـەوەی واتای نێرینە دەبەخشێت ئەو هەموو باوە کۆمەڵایەتییانەشـــــ دەگرێتە خۆی ، کە بنچینەی ئابوری کۆمەڵایەتی سنووری بـۆ داناوەو بەتایبەتی لە سەردەمی سەرکردایەتی ( باوك )دا ، بە پێی ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرکردایەتیدا ووشەی ( پیاوەتی ) بە واتای چاکەکەریو نان بدەیی سەری هەڵدا ، کە ئەمەش ئەم توانا بـــە هێزەی تەنی مرۆڤ دەردەبڕێ لە پاڵ ئازایەتی و کاری گـــرانو پاڵەوانێتی لە جەنگو چەندین سیفاتی دیدا • هەر بەم رێگەیە لەبەر هەمان هۆدا ، رووس بە هەموو موســـلمانێکیان دەگوت ( تەتەر ) چونکە ئەوان بە هۆی تەتەرەوە موسلمانیان ناسیوە ، هەمان باریش لەگەڵ ناوی خێڵیماگی میدی کە هاو واتای ئەوچینە ئاینیە بوون ، کە کاروکردەیان جێبەجێ کردنی پێویســـتێکانی ئایینی بوو لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەوە لە میدیاو لە دوای ئەوانیشدا و ئەو کردەوانەش ئەمرۆ لـــە ئینگلیزیدا بەماگیك Magic واتە جادووگەری بەنێو بانگە • لە عەرەبیشدا ووشەی ( مجوس )لەمەوە دارێژراوە •

هەمان دیاردەش لە ناو نانی کەرەتی ( ئاسیا )دا بـــــەر چاودەکەویت کە یونانێکان مەبەستیان لەم ناوەدا ئەم وولاتانەبوو، کە کەوتوونەتە بەری رۆژهەلاتێوە لە کۆنەوە ، وا دیارە ئەم ناوە لە ووشەی ( ئاسو )ی ئاشورێوە پەرەی سەندووە کە مانـــای رۆژهەلاتی بەخشیوە •

لەگەڵ ناوی نەتەوەیی گەلی ئەڵمانیدا هەمان دیاردە رووی‌دا کە لە شێوەی ( نیمتس Nemitsi )دا دارێژ راوەو کە لە زمانانی سلاڤی‌دا وەکو ( روسی ، پولونی ، بولگاری ، یوگوسلافی‌و چیکی‌و سلوڤینی وهی دی‌دا ) واتای ( بیانی ، نامۆ ، لاڵ ) دەگەیەنێت ، بەلاّم لە زمانی عەرەبی‌دا پەرەی سەندو شێوەی ( نمسا )ی وەرگرت بۆ ئەوەی وولاّتێك بگەیەنێت لە وولاّتانی کەرتەی ئەوروپاداو کە گۆکردنی نەتەوەیی هەمان ناو لە زمانی ئەڵمانی‌دا ( دویتش Deutsch ) دوورەو لە ناوی ( ئۆست رایخ Oost Reich ) یان ( ئاوستریا Austria ) وهیچ پەیوەندیەکی بەم ووشە ئەلمانی‌یە نی‌یە کە ناوی وولاّتی نەمسایە • لەسەر هەمان یاسا ، ناوی ( های ) بە ئەرمەنی ، و ( کرمانج ) بە کورد ، و ( آلان ) بە ئوسیتینی اگۆردراوە •

لە کوردیدا ، کە زمانێکە هەڵسوکەوتی کۆنی پاراستوە ، واژەیەکی زۆر ماوەتەوە کە واتای کارەساتێك یان کارێك دەردەبرێت کەوا لە ناودیاردەیەکی تایبەتی سروشت هەڵدەکەوێت مرۆڤ لە چەرخە کۆنەکاندا نیشانەیەکی بۆ داناوە کە واتای مەردم یان هەر دیاردەیەکی سروشت بەسنور دەکات بەلاّم لەگەڵ پێشکەوتنی زمان کە ئاوینەیەکە بۆپێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی‌و ئابوری ژیانی ئادەمیزاد لەشاردا توانرا بۆهەر پارچەیەکی ئەو ووشەیە ناوێك دابنرێت بە شێوەی ( ناو ، کار ، پاشگر وپێشگر •••هتد) بەلاّم رەگی ووشەکان هەر وەکو خۆیان مانەوە•بە وێنە ئەسپ ( ئەسپا ، هەسپا ) دەورێکی بالای هەبوە لە ژیانی کۆمەلە

کۆچەرانی هیندو - ئاوروپایی ، لە بەر ئەمە چینی سواران ( ئەسپابارا = سپابارا = سوارە ) چینێکی تایبەتی بووە وپێوەست بوون بە چینی بەگزادەکان وئازادان لە بەر ئەو دەورەی ئەسپ وئەو پلە چینایەتی یە ، ناوی ئەسپ کەوتە ناوی کەسیەتی پیاوانی چینی دەستەلاتدارانی کومەلانی کۆنی هیندو ئاوروپی وەکو ( هیستا ئەسپا ) هەخامەنشی لە سەدەی شەشەی پێش زایین و ( ئەسپابارا )ی ئالانی لە سەدەی پێنجی زایینی و ( ئەسپا روخ )ی بولگاری لە سەدەی حەوتی زایینی ..هتد. بەلام لە عەرەبیدا ووشەی سواران بووبە (الاساورة) ولە کوردیدا (بارا) بووبە (بار) .بەهەمانجۆر ووشەی ( ئاپ ) لاسایی کردنەوەی دەنگی خواردنەوەی ئاو بوە لە کۆندا بەلام ئیمرۆبیجگە لەو واتایە کوردیەی بوەتە ناوی روباری ( پەنج آب ) لە هیندستانا و ( دون آب=دانوب ) کە لە ناوچەکانی بەرزەوەی ناوەراستی کەرتەی ئەوروپادا کۆدەبێتەوەو دەرژێتە زەریای رەشەوە .

ئەم گۆرانانە لە دەنگی پیتی ( ب B )و بو ( و W ) و ( ڤ V )ی روودەدات ئەو هەموو زمانانە هاوبەشن تێیدا ، کە بۆ هەمان خێزان دەگەرێنەوە ، وپێوەندی بە زمانی کوردیوە هەیە ، ئەم ووشەیە هاوبەشی دارشتنی ووشەی نوێی وگو ( گولاب گولاو ) کە عەرەبیێکەی ( الجلاب ) ماوەتەوە هەر وا لە ووشەی لێکدراوی ( گەرماو ، دۆشاو ، کانیاو ...هتد ) کە هەموویان شلەن .

مرۆڤ بەر لە پێش خستنی پیشەسازی شووشەو پێش دروست کردنی ئاوێنە بۆ خۆی تەماشای ئاوی دەکرد بۆ ئەوەی خۆی ببینێ ، بۆیە لە زمانی کوردیدا ووشەی ئاوپەرەی سەندو پاشگری ( ـێنە )ی چۆسەر و شێوەی ( ئاوێنە )ی لێ دارێژرا ، کە هاوواتای نەینۆك ، نەینك وەیا قۆدکا رووناهیێیە لە دیالێکتەکانی دی زمانی کوردیدا •

لە پاڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ووشانەداو لەگەڵ تێپەربوونی مێژوودا ئەم ووشانە پەرەیان سەندویەك لە دوای یەك کۆبوونەوەو ئەوەبوو لە دووسێ وەیا هەتا چوار برگە پێك هاتن بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراو لە زمانی کوردیدا ببەخشن ، بۆ وێنە ( دەست لێ هەڵگرتن چاولێ پۆشین )، واتای ترك کردن واهمال کردن دەگەینن لەگەڵ ئەو بنچینە مێژوویەش ێیك هاتنی بیرکردنەوەو رەنگ دانەوەی لە ناوی کوردیدا ، زمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناخی یەکەمیدا رێزمانی هیندوئەوروپی ( بێگومان میتانی تارادەیەکیش هیتی ) کاریان تێکردووە پاشان زمانی میدی ( ئاڤێستایی یەکێکە لە شێوەکانی ) وسەکەسی ( سکیثی ) وکیمیری کە هەمویان دەگەرێنەوە سەر یەك خێزان ، پەلیان بەهەمویان هاویشتونەتە ئەو جۆرە زمانە کە بنچینەکەی لە وولاتی میتانیا ( رۆژئاوای کوردستانی ئەمرۆ ) سەری هەڵهێناوە ، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەکاتی ئامادەبوونی هەمومەرجەکانی ئەم زمانە کەوتوەتە ژێر کاریگەری هیلینزم پاش جەنگەکانی ئەلیکساندەری مەکەدۆنی •

لەڕاستیدا ، زمانی میتانی لە سەدەی شانزدەهەمەوە بوو بوەوە زمانی ڕەسمی چینی دەستە لاتداریو هەروەها دەولەتی ( وولاتی میتانیا ) واتە زمانی ئەو چینە دەستە لاتدارە هیندو ـ ئاووپاییەی میتانیا لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین دا بووبە زمانێکی ڕەسمی ئەو چینانەی کە فەرمان ڕەوایان لە باکووری وولاتی میسوپوتامیادا کردووە ، بەمە بەری هۆزانی شاخاوی کە بە سوارچاکە ناودار بوون لە مێژوودا بۆ چوونە خوارووڕۆژئاوا تا زەریای سپی نێوەڕاست ئاوەلە بوو ۰ ئەتتوان مورتگات دەلێ « کۆمەلانی گەلی حوری ( هوری ) کەوتبوونە ژێر دەسەلاتداریتی چینێکی بالا ۰۰۰ ناونانی ئەو چینە بە ماریانی ، بۆ ناوێکی هیندی کۆن دەگەرێتەوە(۱۱) » ئەمەش پێوەندی زمانەوانییان بە سانسکریتی وبنەڕەتی هاوبەشیان پێشان دەدات لەگەل ئەو کەسانەی ، کە لە باکووری هیندا ژیاون لەگەل ئەوەشدا جیجەر دەلێ «ناوی خوریان بە ناوی خوار hvar خوای خۆرەوە پێوەستە(۱۲) » بەم جۆرە بوونی ئەم ناوە لە باکووری وولاتی میسوپوتامیادا وبلاوبوونەوەی وەکو ناوێکی ئاینیی جا لە دواییدا نەتەوەیی بۆ هەموو ئەو دانشتوانەی کە باوەڕیان بە خوای خۆر وەکو گوتی ، لۆلۆیی وکاسی وهی دی هێناوە ئەمە واتایەکی مێژوویی گرنگ دەدا بە دەستەوە ۰ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کەوا کۆمەلێك ئادەمزاد بە زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش دەدوێن بە ئەندازەی ئەوەی خوایەکی هاوبەش دەپەرستن وهەمووش تێکرا ئەو خوو ڕەوشتە ئاینیی یەکانیان پێرەوی دەکەن ۰

لەگەڵ ئەوەش دا ناونانی ئەوخوایە لـــە ناوی تایبەتیش‌دا بەکار دەهات وەکو ( هڤارداتا Hvardata ) بە واتای خوداداتی خۆر کە « لە دەسنوســـــە بابلیەکان دا لە شێوەی ئومرداتو ، خورداتو ، خومرداتو Humardatu سەری هەڵداوە[۱۳] » لە سەردەمی ئەمرۆدا ئەم ناوە وەکو ناوێکی توپۆنومیکی ماوەتەوەو لەشێوەی خورماتو لە ( تازەخورماتو ، توز خورماتو ) لەســـەر پێوانەی باگاداتو ( بەغدا ) واتا دانی خودا باگا • لەبەر ئەوەی خوریبان دانشتووانی وولاتی سوپارتووی کـۆن بـوون ، کە هەر واتایەکی جوگرافی ومێژوویی دەبەخشی کە ئەویش واتای وولاتی ســــــەرووبوو ، لێرەدا دەرکەوتنی پاشـــــــکری عیلامی - لۆلۆبی لە ناوی ( خور ، هور )دا بۆ ئەوەی ببێتـــە ( هوری ) زۆر لەگەڵ ناوی حوریان یەك دەگرێتەوە بەڵام ئـەم تیورییە هێژ پێویستی بە هێندیك روونکردنەوەو بەڵگەی دی هەیە ، لەگەڵ ئەوەش دا لەو باوەرەم کەوا دانشتووانی وولاتـی سوپارتووی کۆن وولاتی سەروو ( باڵا ) رەگەزیکی ئەتنوگرافی تایبەتیان پێك نەهێناوە ، چونکە خۆر پەرســـتن لەو پەرستنانە بووە ، کە لە نێوگەلانی رۆژهەلاتی نێوەراست‌دا لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا باوبووە ، بۆیە سەیر نییە ئەگەر ناوی خوری لە لای هیرۆدۆت بوویێتە ( مایتینی matiene ) کە لە نێـــو بەرهەمی نووسەرە کلاسیکێکانی گریك و رۆمان دا بەر چـاو بکەوێت ومەبەستیشیان ئەو ناوچانە بووە ، کە کەوتوونەتە نێوان رووباری ( ئاراکس )و گۆمی ( وورمێ[۱٤] ) ، کە ئەمرۆبـــە

مەڵبەندی کۆبوونەوەی گەلی کورد دەژمێردرێت ، سـتـرابون گومی وورمێ بە گۆمی ( ماتیینی ) نێودەبات ، ئەویش لەبـــەر ئەوەیە ئەو ناوچانەی ، کە لە رۆژ ئاواوەیەتی وولاتی مایتینـــی بووە[١٥] .

مایتانیان ( میتانیان ) لەســـەدەی پێنجەمی پ٠ز لە رۆژ هەرلاتی رووباری ( هالیس ) تا رووباری ( ئاراکس ) ژیاون ولە سەرووی دجلەو رۆژئاوای کیـــوی زاکـــرۆس بلاوبوونەتەوە هیرۆدۆت ئەو چوار نەتەوەیەی ، کە دانشتوانی رۆژهەلاتـــی یونانیان پێك هێناوە ناوی ( ئەرمەن، ساسپیر ، ئالا رودو ماتینی ) کە مەبەستی ئەرمەن ، ئیبیریان ( بەشێك لە گورجیان ) ،ئورارتیان و حوریانی لێ ناون[١٦]. ناوی ( کورد ) وەکو چینێکی بالا لەم ناوچەیەدا هێژ سەری هەڵ نەداوە وهەروا ناتواندرێ بگووترێت زمانی کوردیش وەکو زمانێکی بلاوبوو لەو ساوا بەدەرکەوتبێ، بەلام هەبوونی پێوەندییەکی بەتین لـــە نێوان زمانی کوردیو زمانی میتانیدا هەیە ، چونکە زمانی میتانی لەنێو ئەو زمانانەی، کە لەمەوبەر ناویان هاتووە تاکە زمانێکە ، کە دەگەرێتەوە هەمان خێزانە زمانێ ، کە زمانی کوردی بۆی دەگەرێتەوە . نـــاوی خوری زۆرپێ دەچێ ، کە وا لەگەڵ سەر هەڵدانی ســـەرەتای پەیدابوونی رەگەزی میتانی لە کۆتایی هەزارەی ســـێیەمی پ٠ز٠ دەرکە وتبێت ، کە لــــەو کاتـــەدا بەکارهاتنی ناوی ( سوپارتوم ) لە نێوچووەو نەماوە .

لەپاڵ ئەو ڕاستی یانەی ، کە لەمەوپێش باسکران ،هێندێك بەڵگە هەن ، دەتوانن رێگەی پێوەندی زمانەوانی نێوان میتانـــی

کۆن وزمانی کوردی هاوچەرخدا رووناك بکەنەوە بەشێوەیەك ببێتە هۆی دانانی خشتی یەکەم بۆ مێژووی ئەم زمانەو ئەو جۆرە پێوەندییەی لە نێوانیان داهەیە • بێگومان چینی ( ماریانی ) لە دەوڵەتی میتانیدا خۆی بە پەروەردەکردنی ئەسپەوە خەریـــك کردووەوبایەخێکی زۆری داوەتـــی ، ئەمەش لەو راقە دوورو درێژەدا بەرچاو دەکەوێ کە پیاوێکی ( هوری ) بەنـــاوی ( کەیکولی ) باسی پەروەردە کردن و موتوربە کردنی ئەســـپ دەکات • ئەم تێکستە لە پایتەختی حیثیان دۆزراوەتەوە هەروا لەم تێکستـــەدا هێندێك دەربرینی هونەری بەکارهاتووە ، کە ناوی ژمارەی هیندو ئاوروپی گرتۆتە خۆو چینیمیری ئەوســـــای دەوڵەتی مێتانی بەکاری هێناونو بەخێرایی یەك فراوان بـــووە هەموو ئەو وولاتەی داگیرکردووە ، کە کەوتۆتە چیاکاتـــی زاکرۆس لە رۆژهەلاتەوە ، تازەریای سپی ناوە راست لە رۆژ ئاواوەو لە گۆمی ( وان ) ، لە باکوورەوە تا ئاراپخا ( کەرکوك/ عەرفە ) لە باشوورەوە ، شاری واشوکانی کەلەسەرخابوربوە وهەتا ئەمرۆ نەدوزراوەتەوە پایتەختی ئەم وولاتەبووە •

یەکەمی هەواڵی ئەم دۆزینەوانە لەنێو تابلۆکانی بوغازیکوی دا هاتووە ، کە ئەم هەواڵەی کەیکولی تێدا باسکراوەو مێژووی بۆ ١٣٨٠ ساڵ پ•ز• دەگەرێتەوە • لەم نووسراوانەدا ئـــەو ووشانە هاتوون ، کە قۆناخەکانی پەروەردەکردنی ئەسپ پێیدا دەروا ، بە پێی بیروهۆشی کۆنی ئەو هۆزە کۆچەرانەی هیندو ئەورووپی وا دەردەکەوێ ، کەوا ژمارە (٩) نۆیـــان زۆر لە لا پیرۆز بووە •، ئەمەش بۆ چەنـــد هۆیەکی ئایینی دەگەرێتەوە

کۆنترین شێوەی جوگرافی بۆناوی ئەم وولاتە لە شێوەی ماتینی (Maiteni) دا بووە ، بەلام لە دەسنووسە چەرمەکانی گردی عمارنەدا بە شێوەی mi-ta-na نووسراوەو لە وەرگێرانیدا بۆ سەر زمانی ئەکەدی بە (Mitani) هاتووە لێرەدا پێویستە ناوی ڕاستی هێندێك لەو جەنـــگاوەرە حورییان ( میتانیان ) ، بێنین ، کە هاتوون یارمەتی دانیشتوانی وولاتی میسوپوتامیایان داوە لەو کاتەی ، کە پاشای حیثی - مۆرسلی یەکەم هێرشـــی هێناوەتە سەرشاری بابل لە سالی ١٩٥٤ پ.ز. ناوەکانیشیان ( ئاوانتیس ، ئوروتیتیس ، ئاواگازانییاو هی دی ) بوون.بێگومان ئەم ناوانە ئەم گۆرینە زمانەوانی‌یە فراوانە پێشان دەدەن ، کە لە نێوهورییان دا لە وولاتی سەرەو ( سوپارتوم )دا پێش ئـــەم مێژووە رووی‌داوە ، وەیا لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا لە لایەن کۆمەلێك ئادەمزادەوە بـــووە ، کە لە رووی زمانەوە سەر بە جیهانی هیندو ئەورپین .لە پال ئەوانەی لەمەوبەر باسمان کردن گرنگترین باسێکی لەم دەسنووسانەدا رووبە رووی دەبین ئەو نۆکورسە وەیا خولەی ملەی ( سباق )ی وولاخە ، کە **کەیکولی بە ناڤارتانی ڤاژە سەنەسەیە** (navartane vazanasaia) ی ناوبردووەو هەر کۆرسێکیش لەو کورســـانەی بە ناو ناوەو **یۆنانێکەشی ( کیکلوس-**Kyklos )ە ( رڤیسە rvesa )شـــــس خول وەیا سوور وەیا دەور دەگەیەنێت .

لەو سەدانەی ، کە دوای سەردەمی میتانی هاتن ئـــــەم کورسانە بە ناڤا فراڤورسا (nava Fra Jwrsa) ناونران ، بـەلام

زاراوەی ( ئەسپا رڤیسە aspa rvesa )ی کۆنی میتانی لە زمانی کوردی‌دا لەشیوەی ئەسپ ڕێزدا asp rez ماوەتەوە تێکرای ئەم کۆرسانە نێزیکەی دوو پرسەنگ ( فەرسەخ ) بووە وەیا نێزیکەی ٥/١٠کم ، یان حەفت میل ، ئەم ملەی ئەسپە لە شێوەی پێچاوپێچ بووەو بە درێژی (٧٠٠) یاردو درێژی هەر کۆرسەش (١٤٤٠) یاردە بووەو بە ( زاچارا zacara ) نێوبراوە •

ئەم ئاهەنگانە لە مەیدانی تایبەتی‌دا گێردراون ولە دوایی‌دا بوونەتە مەڵبەندی شاران و هاوواتای ناوی میتانی بە شێوەی مەیتانا=مەیدان بووە • لە زمانی لاتینی‌دا شێوەی میتا mita وەیا مێتـــا meta ی لێ وەرگیراوە •

بە هۆی ئەوروون کردنەوەی سەرەوەدا دەتوانین ئەسڵو بناخەی ئەم ووشەی کوردیانە ( مەیدان ، ئەسپ ، ڕێزو ڕێس ) بدۆزینەوە لەبەر ئەوپیرۆزییەی ، کە ئەسپ لە لای وانـــەوە هەیبووە ، ووشەی هەرە دوایی ، کە ( ڕێز )ە ، ووشەی بە ڕێزی لێ دارێژراوە ، کە لە بنەرەت دا نیشانەی وەستانی ئەســپ سواران بە ڕێزڕێزی ڕێك وپێك بەرامبـەر گەورەی نەتەوە ، سەرۆکی هۆز ، یان پێشرەوی ئاینیان بووە ، بەڵام لە زمانانـی ئەورووپی‌دا بە واتای کۆنی‌و لە شێوەی ( رایس Race ) ماوەتەوە•

هەروا لەو بروانامەیەی ڕێککەوتنەکەی نێوان پاشـــا - ( شوپیلولیوما )ی یەکەمی حیتی‌و پاشا ( کورتی وازا )ی میتانی تێدا تۆمارکراوە ، ناوی خوایانی هیندو ئەورووپی وەکو میتـرا ( میهرا ) ، وارونا ( ئاهورا ) ئیندراو ناساتیا هاتووە(١٧) •

ئەگەر چاو لەو ووشانە بپۆشین ، کە ئەمرۆ لە زمانــــی کوردیدا هەن ولە ناوی ئەو خوایانەدا پەرەیان سەندووە ، خۆ ئەوە ناوی ژمارەکانی میتانی هەروەکو لەتێکستی کەیکولیدا دیارە تەنیا زۆر لەگەڵ ناوی ژمارەی ئەمرۆی زمانی کوردیدا رێك دەکەوێ ویەك چینن لە نێو ئەو هەموو زمانانەی ، کە کەوتبوونە ئەو وولاتــە کــۆنەی ( میتانیا وەیــا ماتیینی ) ، چونکە هەر زمانی کوردی تاکە میراث گری زمانی میتانییە ئەگەر ســەرنج بدەینە ژمارەکانی ( یەك ، پێنجو نۆ )دا هەمان ژمارە لە دیالیکتی کرمانجی ژوورووش دا هــەنو لــە گەڵیدا یــەك دەگرنەوەو رێککەوتوون .

ژمارەی (٩) نۆهەر بە پیرۆزی مایەوە هەتا ســـەردەمی پەیدابوونی ئیسلام ، واروون بۆتەوە کە ئەم ژمارە یەپێوەندی بە گێتیو خولقاندنەوە هەیە ، بۆیە هرتســـفیلد لە کاتی خۆیدا ئەوەی باس کردووە ، کەوا خوای چاکە وخراپە سێ هەزار ساڵ فەرمان رەواییان کردووە هەروا سێ هەزار ساڵی دیش فەرمان رەوایی دەکەن ، لە سێ هەزار ساڵەی دواییدا دەکەونە دژ یەکتر بە رادەیەك هــەر خوایەو کـــردەوەی ئەو دییان تێك دەدات ئارثەرکرستنسن لە ساڵەکانی سیدا ئەم داستانەی لەبەر رۆشنایی سەرچاوەی باوەرپیکراو لە مێژوودا روون کردۆتەوەو دەڵــێ « ئەم جەنگە ماوەی نۆ هەزار ساڵ دەخایەنێتو بە بەزینی جیهانی تاریکی کۆتایی دیت[١٨] .

ئەم باوەڕانەو داستانە جۆراو جۆرەکانی لەگەڵ تێپەربوونی رۆژگاردا ، رۆژ بە رۆژ دەگۆران ، بەلام ئەم هەموو باوەرانە بە

پێی ئەو زانیاریە نووسراوانەی لە زۆربەی ناوچەکانی سەرووی میسوپوتامیاو ئاسیای بچووك گەیشتوونەتە ئێمە لەوە تێپەر نابن ، کەوا دانیشوان باوەرەیان بە خوایەك هێنابێو شێوەی خۆری نواندبێ ، لە هەمان کاتیش‌دا بە نیشانەی خێرو چاکە داندراوەوپەرستنیشی تا ماوەیەکی زۆری خایاندووەو نوێژو ئەرکەکانی دی ئاینیان لە کاتی رۆژهەڵات وەیا رۆژئاوادا کردووە•

ئەو رۆڵە گرنگە شاژن نێفە رتیتی خێزانی ئەمنوفیس فرعەونی میسر ، کە بە ئەخناتون ( ئاتون=خوای خۆرە ) گێراویەتی ئەویش داواکردنی بوو بۆ پەرستنی تاکە خوایەك بەڵگەیەکی پاڵپشتە بۆ ئەو راستییانەی ، کە مێژ وونووس فیلیب فن بیرگەر دۆزیویەتەوەو بەوەی نێفەرتیتی میتانیەو هەروا ( قیصرصادر ) لە ساڵی ١٩٣٨دا نووسیویەتی کەوا نێفەرتیتی لە خێزانێکی پاشایانی میتانی بووەوناوی تودهیبای میتانی‌یەو پێشکەشی فرعەونی میسرکراوە(١٩) •

لەگەڵ ئەوەش دا راڤە ( تفسیر )کردنی هێندێك لەو داستانانە لەگەڵ رۆژگاردا دەسکاری‌کراوە ، هەتا لە نێو ئاینزا ( مەذهەب ) کوردیەکانی جۆراو جۆردا بە شێوەیەکی دی باسکراوە ، بەڵام ناوی میتانیان ( ماتیانیان ) هەر بە شێوەکەی خۆی بۆناوی کێوی ( مەتینا/ماتینا ) ، کە نێزیکی شاری ئامیدییە ماوەتەوە ، لە پاڵ ئەوەش دا گوندێکی کوردی هەیە بە ناوی ( مەتینا )و دەکەوێتە نێوان گوندی سەرکانی ( رأس العین )و توربە سپی ( تل أبیض )، کە لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا وەیا ناوچەی جەزیرە •

لەنێو چوار چێوەی دارِشتنی رستە لە زمانی کوردیدا کاریگەری هیندو ئەوروپی لە پاشگرو پاشبەندی ئامرازانی کۆتایی ناودا گرتۆتەوە وەکو ( لە سلێمانیدا ) ، ( لە سلێمانییەوە ) ، ( دەچمە هەولێرێ ) ( لە کەرکوك راهاتم ) هێندێك لەو زمانەنەی دەگەرێنەوە هەمان گێتی زمانەوانی ئەو جۆرە دۆخە سینتاکسییانەیان پاراستووە، وەك زمانی یوگوسلاڤی وروسی ، کە هەشت دۆخو نیشانە تایبەتێکانیان پاراستووە •

لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی ، کە زمانانی گێتی پێیدا تێپەریون وزمانی کوردیش یەکێکە لەوان ، بەڵام زمانی کوردی زۆر ناوی تۆپۆنۆمیکی ( ناوی جوگرافی )و ئەتنۆنۆمیکی ( ناوی هۆزو نەتەوان )و ئەنۆماستیکی ( ناوی تایبەتی )ی هەر بە شێوەی کۆنی پاراستووە بۆیە ئەم ناوانە دەتوانن یارمەتی ناساندنمان بۆ رووداوانی مێژووی وزمانی وولاتی کوردەواریمان زێتر بدەن •

لە ناوی شاری ( پێنچوین ) Peng - ion دا راستی داگیرگردنی کەلچەری و رامیاری ( سیاسی ) هلنستیان لە سەردەمی مەکدونیو سەلوقی ( دوای سەدەی چوارەمی پێش زایین )دا پێشان دەدرێت ، بۆیە شیوازی ( ئیسلوبی ) دەربرینی ئەم ناوە بە هۆش و بیرێکی تێکەڵاوو بە زمانێکی کوردی رەوان ، کە واتای ( پێنج یون ) یانی پێنج یونانی دەبەخشێت ئەم ناوە دەگەرێتەوە سەر زمانێکی تەواورێك وپێك ، کە لە سەردەمی سەلوقی لەم ناوچەیەدا قسەی پێکراوەو لە رووی رێزمان و دارشتنی ناوی لێکدراوەوە بۆ زمانی کوردی

دەگەڕێتەوە ووشەی یەکەمی ( پێنج ) هەمان ناوی ژمارەیە کە لە نێوتێکستە میتانێکەدا (Penz) بە نێزیکەی هەزار ساڵێك پێش سەردەمی سەلوقیدا گوتراوە •

لە لایەکی ترەوە ، گەر بە شوێن ناوی ئەو گوندانەی ئەمڕۆی دەوروبەری شاری پێنجوین وەك گوندی سەلەسی Sa Lasi مەسۆ Maso کێلۆ Kelu ، وولەسم ، نژمار Nijmar وهی دی بکەوین وا هەست دەکەین لە وولاتی لولوبیان دا دەژین ، کۆتایی ناوی دێی سەلەسی وەکو کۆتایی ناوی شارانی لولویی ، ( بوناسی Bunasi )و ( ئاراسی Arasi ) و( باراهسی Barahsi ) وایە ، کە عەداد نیراری ئاشوری لە ساڵی ٨٠٢ پ•ز• باسی کردوون[٢٠]• هەمان باس بۆ ووشەی ناوی نژمار دەوترێتو لە سەر کێشی ناوی شارانی لۆلویی ، ( خارخارو هاشمار ) دارێژراون ، کە کەوتوونەتە ناوچەی دەربەندیخانی ئەمڕۆ•ناوی گوندی (نولو)، کە کەوتۆتە نێزیك گوندی ( دەرەتفێ ) لە مەریوان بەری رۆژهەلاتی پێنجوین ئەوەپێشان دەدا کەوا دانیشتوانی لۆلۆیی بوون •

**هەتا ئەمڕۆش ، لە پاڵ ئەو ناوە کۆنانەدا ناوی تازەی** کوردیش لە هەمان ناوچەدا بەرچاو دەکەوێت ، وەك گوندی نزارە ، نەرزەنە ، خونیانە ، بوبان ، مەریوان ( میهرەبانی کۆن )، بناوەسوتە ، دولاش وهی دی •

له کاتێکی درەنگ له سەردەمی عوسمانی‌دا هێندێك نـاوی کوردی لەگەڵ تورکی‌دا تێکەڵ بوون وەك قزلجه ( قزل+جه ) به واتا شۆین وەیا هەرێمی سوور ، سورداش ( سور+داش )به واتا بەردی سوور وەیا هەر ووشه کوردییەکه به یەکجاری بۆتـــه تورکی وەك) کارتاگ=قرطق (قرداغ)، که کردوویانەته ناو بـۆ ئەو زنجیره شاخاوییەی کەوتۆته خوارووی سلێمانیەوه •

زۆربەی زۆری خێڵی کوردەواری نـــاوی کوردی خۆی پاراستووه وەکو خێڵی دیڤۆ ، ســـینۆ ، هەروا جۆریکی دی ناوی کوردی وەك رەشکوتا ، سینیکا ، ئالکا ، میهرکـــان ، مەندکان ، هەسکان ، چیکان ، سلڤانا ، هەڤیرکاو هی دی که له ناوچەکانی دەوروبەری شاری ســـعرت و دیاربەکرو مدیاتدا دەژین •

ئەم ناوانەی سەروو شێوەی هیندی ئەوروپی ( وەیـــا کوردی کۆنی ) خۆیان پاراستووه ، بەڵام هێندێك ناوی تیرەو هۆزی کوردی (ی) نسبیشیان له کۆتایی‌دا هـــەر ماوەتەوه و گەرانەوەیان بۆ خێزان وەیا هۆزیێشان دەدات ، وەك زیباری ، هەرکی ، تاڵەبانی • ئەم پیته له بنەرەتدا بۆزمانی لۆلۆیی‌ـکاسی دەگەرێتەوه ، که له کۆندا له ووڵاتی کورددا ژیاون وله زمانانی خێزانی سامی‌دا ( و، وم ) بەرامبەر ئەم (ـی ) نسبەتەیه ئەگەرچی له زمانی ئەمرۆی فارسی‌دا ( ـئی ) هەیه ، کەوا دەزاندرێـــت ( ئی ) کوردی لەوەوه هاتبێت ، بەڵام زاراوەی ( لولایی Lulli بەواتای پیاوێکی لولویی‌و ( بازایی Bazai ) به واتا پیاوێك له

بازووەوە[٢١] ئەو راستی‌یەی پێوەندی ( ـی ) کوردێکەی بە ئەسلە عیلامێکە روون دەکاتەوەو ئەم دوو ووشەیە لە ئەکەدی‌دا بە شێوەی ( لولوپوم ) و ( بازووم ) دەگوترا •

لە لایەکی ترەوە پیتی ( ب،پ ) لولوپی ، کە نیشانەی کۆن لەو زمانانەدا ، کە ئەسلیان عیلامیەو لە کۆتایی ناوی وەك نیشپی ( Nis - pl ) ، ( کینیپـــا Kiniba Kiii pa ) هاتوونو لـە کۆتایی ناوی رووباری ( زێ ) داش ماوەتەوە (Za - ba)

جا لە دواییدا (ن) چۆتە ســـەروبۆتە زابن ( زابان[٢٢] بۆروون کردنەوەی راستی‌یەك ، کە بەم ناوەوە پێوەستە ، مامۆستا توفیق وەهبی لەکاتی خۆی‌دا دەڵێت کەوا « ناوی زاب لە ( ذهب ) نییە /مەبەستی وەرگێرانە هەڵەکەی تورکی‌یە بۆ شـــاری ئالتون کۆپری ••ج•ر•/و ووشەی ( زێ Ze ) لـە زمانی کوردی‌دا واتای رووبار ناگەیەنێت ، بەڵکو ناوێکی تایبەتی ( رووبـــاری زابە[٢٣] ) • عوسمانێکان لە کاتی خۆی‌دا وای بۆ چوون ،کەوا کورد نەیتوانیوە پیتی (ذ)ێ لە ووشەی ( ذهب ) دا گۆبـــکات ( تلفظ بکات ) بۆیە وەکو ( ذهب=زاب ) یـــان گۆکردووە ، وەرگێرانە تورکی‌یەکەی ووشەی ( ذهب ) ئاڵتونە ، ئەمە نهێنی ئەو هەڵەیە لەو ناوە رەسمی‌یەی لەو شارە نراوە لە ســـــەر نەخشەکانی جیهان‌دا ، بەڵام ووشەی ( زێ ) لەو ناوچانـــەی خوارووی کوردەواری‌دا ، ئەوانەی زۆربەیان کەوتوونەتە سـەر رووباری زاب ووشەی زێ بەکاردێنن ئەگەرچی ووشەیەکـــی کۆنیشمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە ، کە ئەویش رووبارە • ئـەگەر

چاو له ئەسڵی ئەو ووشەیە بپۆشین ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا زمانی کوردی ووشەی تورکی وەرنەگرتوە ، بەلکوووشـــەی تورکی چۆتە ناوزمانی کوردی‌یەوە ، بەڵام زمانی تورکی ووشەی کوردی زێتر وەرگرتووە ، ووشەی ( قشلاخ=قش لغ ) ، کـــە چۆتە نێوزمانی کوردێوەو هەروا زمانی عەرەبێوە بە شـــێوەی ( قشلق ) واتای قەڵاودژی هەمیشــــەیی دەگەیەنێتو لە لایەن هۆزانی عوسمانیو سەلجوقێوە لە کەژی زستانان‌دا بە کارهاتووە ئەم ووشەی ( قشلاخ )ە ، هاوواتای ووشەی ( بورگ )ی کۆنە، کە لە زمانی عەرەبی‌دا شێوەی ( برج )ی وەرگـرتووە بەرامبەر بەمە چەند ناوێکی تایبەتی ، کە لە ئەســــڵدا لە زمانی کوردی ئاوەڵناون چۆتە نێوزمانانی تورکیو عەرەبی‌داو بوونەتە بەشێك لە مێژووی ئەم زمانانە وەکو ( شیر+ین ، نەرم+ین ، شـــەرم +ین ) ووشەی ( شیر ، نەرم ، شەرم ) بە یارمەتی پاشگری (ین) ئالوەڵناوی دارێژ راویان لێ دارێژ راوەو بۆ ناوی تایبەتی بـــە کاردێن •

لە پاڵ نیشانەی کۆی عیلامی ( ب،پ )، پاشکری (ش) وەیا ( اش ) بە زۆری لە کۆتایی ناوی جوگرافیو ناوی تایبەتی زمانانی **لولوپیو عیلامی وکاس بە دەردەکەوێ وەك ( سیماش ، کیماش،** تورکیش ) وهی دی • وا دیارە ئەم پاشێرە پێوەندی بە پاشگری ( ســـــی Si ) یەوەهەیە ، کە لە کۆتایی ناوی شارانی لولوپی وەك ( ئاداسی ، باراهسی ) بەرچاودەکەون ، بەڵام ئەم پاشگرە وەکو یاسەیەکی گشتی لە کۆتایی ناوی کاسی‌دا مایەوەو لە پێش هەموویانەوە ناوی نەتەوەیی خوایان ( کاش Kas ) وشـێوەی

ئەکەدیشی ( کاشئو Kassu ) بوو و بە هۆیەوە وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو ناوداربوون ، هەروا ئەم پاشگرە ، لە کۆتایی ناوی پاشایانیان وەك ( گانداشر Gand - as ، کاشتیلیاش ) بە رچاودەکەوێت هەتا ناوی وولاتی بابل لە سەردەمی فەرمارەوایی‌یان دا بە ناوی کاردونیاش بەناوبانگ بوو وشاری ( ئاشنوناك )ی عیلامیانیش بە ( توپلیاش ) ناونرابوو •

ئەم پاشگرەلای دیاکونوف وولات وەیا خاك دەگەیەنێت ، کە بوونی لە کۆتایی ناوی تایبەتی‌دا ناگونجێت وەکو ناوی ئەو پاشایانەی ، کە لەمەوبەر باسکران چونکە ووشەی کاسی میری لە میریاش ( خاك ، زەوی ) کە خوای دایکی نواندووە بەرامبەرەکەی میریزیر وەیا مورووی عیلامیە بە واتا زەوی(٢٤) ئەم ووشەیە بە شێوەی ( میر Mup ) لە زمانی روسی‌و زمانانی سلاڤی دی‌دا مایەوەو واتای ( زەوی وەیا گێتی ) دەبەخشێت • بێگومان هیندی وکاسی لە بەکارهێنانی ئەم ووشەیەدا لە هەمان قۆناخی مێژوویی‌دا هاوبەش بوون • لە لایەکی دی‌یەوە خوای خۆر ( سوریاش )ی کاشی هەر سوریای سانسکریتی‌یە ، کە هاوبەشی دارشتنی ناوی کردووە وەك ناوی پاشای کاشی ( شاگاراکتی سوریاس ) لە سەدەی سێزدەمی پێش زایین دا ، و ( سوریا ) ئەمرۆ وەکو ناوێکی کوردی بۆ کچان بە کاردێت چونکە شێوەی ( سوریاهو )ی لە سەردەمی میدییەوە وەرگرتووە بوونی هێندێك ناوی خواو پاشایان لە لای کاشییان ، لە کاتی خۆی‌دا

( سەرەتای سەدەی بیستەم ) بۆ هۆی ســــەرهەڵدانی باوەری ناراست ، کە دەیان گوت کاشی لە گەلانی هیندو ئەو روپین بەڵام لە ڕاستیدا ئەم باسە پێوەندی هەر بە کۆمەڵێك هاوزمانـــــی میتانیان بووو لە هەمان پلەی مێژوویی‌دا لە ناوچەکانی خوارووی شاخەکانی کوردەواری بڵاوبوونەوەو چینێکی دەسـەڵات دار ( بەتایبەتی پیاوە ئایینێکان ) یان لە نێو کاشییان دا پێك هێنابوو، ئەمەش بێگومان دوای بڵاوبوونەوەی ئایدیولوژیەتی روحی ، کە بوو بە بناخەی سترکتوری بیریان ، بێ‌شك ئەم گۆرانانە لـــە کۆتایی هەزارەی سێ‌و سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایین رووی‌داوە ، ئەم کاتە هەمان قۆناخی گۆران دەگرێتەوە لە وولاتی سەرووی میسوپوتامیاش لەو ناوچەیەی ، کە لە حیثی‌و ئەکەدی‌دا بە ( کورکورمیش ئۆگۆ وەیا کوێستان//کوهستان ) لە دوایی دا ( وولاتی کوهستان ) لە عەرەبی‌دا • ( سوریاوسوار ) هەمان دارشتنی رۆژهەڵاتی هەمان بیرورایەوە بەرامبەرەکەی لە رۆژ ئاوادا ( خوارو خور ) بووە ، بەڵام هەردوو شێوەکەی لـــەو وولاتەدا بەکارهاتووە ، بۆ وێنە ناوێك لە ناوانی پاشایانی میتانی لە شێوەی ( سواردانا بە واتا خودادای خۆر[٢٥] ) ، کە چـــی خەڵکەکە بە خورییان نێوداربوون •

ئەم بارە تەنیا چینی فەرمان رەواو ئوروستۆکراتی دەگرتەوە ،کە زمانێکی هیندو ئەو روپییان کردبۆ زمانی رۆشنبیری‌و ئایین ،بەڵام چینی خوارووی کۆمەڵی کاشی‌و خوری ( کە مشکینو - شێوەی ئەکەدی و مسکین ی کوردی )و بوون زمانی ئەسڵی خۆیان پاراستووە •

کەواتە رووباری مرادسو سنووری نێوان ئەرمەن وووڵاتی خاریا ( خوریان ) بوو ، لە نێو ناوی شاران دا لە تێکستی حیثیدا ،کە پێوەندی بە ووڵاتی حوریانەوە هەیە شاری ( بورشخەند ) کە شێوەی ئاشوری ( بوروشخاتوم ) بووە بەرچاودەکەوێ ، برگەی یەکەمی لە شێوەی bhrgh کە واتای بەرزی کوردی دەبەخشێت لە پاڵ ناوی شاری ( ماشوهەند ) وەیا ( ماشهوتنا )، برگەی یەکەمی واتای ( مەزن )ی کوردی دەگەیەنێت[٢٨] ئەو بڵاوبوونەوە فراوانەی زمانی هیندو ئەوروپی هەموو ووڵاتی شاخاویی ( کوهستان )و ئاسیای پچووکی گرتبۆوە هەروا هەمان بار لەگەڵ خوای ( بوریاش ـ خوای باووبۆران ) لە لای کاشییان دا رووی‌داوەو کە چۆتە ناو نێوی پاشایانیانەوە وەکو ( ئولام بوریاش ، کاداشمان بوریاش ، تازی بوریاش )، کە لە یونان دا ( بوریاس ) یان پێ گوتووە بە واتا ( رەشەبای باکوور ) ئێستەش لە زمانانی سلاڤی‌دا بەم ناوە ماوەتەوەو لە زمانی کوردی‌دا بە شێوەی ( بۆران وەیا بوریان لە دیالیکتی گۆراندا ) بەکاردێت لەگەڵ ئەوەی ( بۆران ) بۆ ناوی ژنان بە کاردێت لە هەمان کات دا سەرماو سۆڵو تۆف وباران بەفرێکی زۆری دەگەیەنێت • گەر نیشانەی (آن) لە ووشەی ( بۆران ) لابەرین تەنیا ( بۆر ) دەمێنێت ، کە هرتسفیلد دەڵێ واتای ( گەورە )ی گەیاندووە لە کۆن دا[٢٩] •

لە زمانی کاسی‌دا لە پاڵ ئەم ناوانەدا ناوی ( بوگاش )یش هاتووە کە ( باگا )یەو لە زمانانی سلاڤی‌دا لە شێوەی ( بۆگ ) بە واتا خوا ماوەتەوەو ئەمرۆ بە کاردێت •

سـەرچاوەکان هەواڵی هیچ هێرشـێك وەیا بە زۆری داگیرکردنێکی وڵاتی ژووروولە لایەن سوارانی هیندو ئەو روپێوە نادەن بە دەستەوە ، بەڵام دەسنوسەکانی بابلی باسی ئەو تاکە هێرشەی حیثیان لە سەردەمی پاشای بابلی سمسو دیتانا دژی ئەکەد لە ساڵی ١٥٩٥ پ.ز. دەکەن . تێك دانی وڵاتـی هوریان لە دوای بابل بوو هەر وەکو ئیرنست هرتسفیلد لـەو تێکستانەدا باسیان دەکات ، کە پێوەندی بەم رووداوەوە هەبوو دەڵێ « وێرانکارییەکە هەموو وڵاتی هوری وەیا وڵاتـی هوریو ئاززی پێکەوە گرتۆتەوە ... کە لە دواییدا بوونـە مەڵبەندی ئەمپراتۆریەتی میتانی لە سەر چاوەکانی رووبـاری خابوورەوە ، کە ناوجەرگەکەی بە ( هانی گالبات[٢٦] ) وەیـا ناوچەی دەرسیمو دەوروبەری شارانی ( ئوروشو - ئار زنجانو ئازرنابیا - ئەرزرووم ) گرتۆتەوە پاشای حیثی ( هاتوسیلیسـی سێیەم ) لە هێندیك لایەنی ئاسیای بچووکدا لە بەندێـکی فەرمانەکانیدا دەڵێ « دوژمنی ئازی هات وهەموو کورکورمیش ئوگوی تالان کردو شاموحای کردە سەنگەری خۆی » وەیـا ( دانیشتوانی ناوچەیی وڵاتی سـەروویان داگیرکردو ناوچەی دیاربەکریان کردە سەنگەری خۆیان ). هرتسفیلد وای بۆ دەچی کەوا رووباری مرادسو ببۆە سنورێکی نێوان وڵاتی هوریو ئازری لە وڵاتی سـەروودا[٢٧]. لەبەر ئەوەی ناوی ئاززیو هەیاشا ( هایا ) دوو ناوی هاوواتا بوون لە نوسراوانی پاشـای حیثی مورسلیدا ، هرتسفیلد ئەوەشی دەخاتە سەری ، کـەوا ( هایا ) شێوەی کۆنی ( هایك )ە بۆناوی نەتەوەیی ئەرمەنیان ،

لەبەر رۆشنایی ئەوەی لەمەو بەر باسکرا پاشگری (یاش)ی کاسی کەوتۆتە دوای ناوی خوایان وناوانی تایبەتی لە پال ناوی جوگرافی‌یەوە ، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم پاشگرە لە زمانی گوتی‌دا لە شێوەی ( وش ، یش ) دا بووەو هەروا بە کۆتایی کاری رابردووەوەو لە عیلامی‌دا لکاوە وەکو ( هوتتاش=کار ، تیریش= ووتی ، تالاشە=نووسی ) ، هەروا بە کۆتایی ناوی خوایانی عیلامی‌یەوەش لکاوە وەك ( لیلا أپرتاش، هونیان نوکاش، تیمتی راپتاش ، کوك کیرواس ). لە دیالێکتی هەورامی زمانی کوردی‌دا پیتێکی (ش)ی وەکو ئەمە دەچێتە سەرکار وەکو ( بەردش ، واردش ، کەردش ) ، کە بەرامبەرەکەی لە دیالێکتەکانی دی زمانی کوردی‌دا ( بردی ، خواردی ، کردی )یە .

ئەم پاشگرە لە زمانانی هیندو ئاوروپایی‌دا ( وەك هیثی‌و ئاڤێستایی ) بەکارهاتووەو هەروەها لە ( زمانی هوری )شدا لە شێوەی ( س ، ئیس S , es [٣٠] ) بە دیار دەکەوێت . ئەو پێوەندییەی نێوان هیثی‌و کوردی‌دا لە سەرەتای پەیدابوونی‌دا بە رێگەی میتانێوە بووە ، چونکە هەردوو زمانەکە لە یەك خێزان‌و هاوسێی یەکیش‌بوون‌و هیثیش دۆستی بەهێزی سیاسی میتانیان بوون وە نەبێ پێوەندییەکەیان هەر لەم پاشگرەوە بێت ، بەڵکو پروفیسۆر هروزنی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا توانی چۆنیەتی دارشتنی کاری رانەبردوو لە زمانی هیثی‌دا روون‌بکاتەوە کە بکەری بۆ کەسی‌تاك کۆتایی بە ( آن ) هاتووە هەمان باری رێزمانی لە زمانی‌کوردی نوێ‌دا بەرچاو دەکەوێت‌و نێوی بکەر

له چوونەسەری پاشگری ( وان ) دادەڕێژرێت وەك ( گاوان ، مەروان ، پەزوان ، ڕەزەوان ....هتد ) .

له زمانی هیتی‌دا بکەری ڕەسەنی نێر له هێندێك بـــاری دی‌دا بە ( انت ، ان ) کۆتایی دەهات وەکو ووشەی ( مامەند ، هۆشمەند ) لە کوردی‌دا . چاوگەی ( دان da - a - an )ی هیتی شێوەی ( دانتیس da - ant - es )ی لە باری بکەری کـــۆی ڕەسەنی نێری هەبووە ، کە پربەپری ( دانتیس )ی لاتینی‌یەوەو لە زمانی کوردی‌دا لە شێوەی ( دان )دا ماوەتەوە بە بێ کـــاری یارمەتی‌دەر ( هەس ، هەبوون ، هەیین ) کەوا دیارە لە کوردی کۆن‌دا لەگەڵ ئەم کارانەدا بەکارهاتووە وەکو چۆن ( کـــۆم هەبوون ) بۆتە ( کۆمبوون )و بەهەمان جۆر ( گیر هەبوون ، دا هەبوون ..هتد ) بوونەتە ( گیربوون ، دابوون ...هتد ) هیچ سەیریش نی‌یە ئەگەر بزانین ووشەی ( دان ) لەو دیـــاری‌و قوربانی‌یانەوە هاتووە ، کە پێشکێش خوایان دەکران بۆیـــە ووشەی ( دۆنوم donum )ی لاتینی‌و ( دانا danna )ی هیتـــی مانای دیاری دەبەخشی[٣١] ولە دوای پەرەســـەندی پێوەندی ئابوری‌یەوە ئەم ووشەیەش مانای پەرەسەندو لە زمانانی سلاڤی‌دا بە شێوی ( دانك Danik ) بە واتای باژ بەکارهاتووە ، کـــە پێشکێش دەرەبەگ‌و لە دوایی‌دا میری‌کراوە .

بەم جۆرە دەبینین کە زمانی کوردی بناغەکەی پێش زایین داهاتووەو پێوەندی بە زمانانی ناوچەییەکانی ولاتی کوردەواری هەبووە پاشان بەزاڵبوونی چەند زمانێکی ســـــەر بە خێزانی

هیندو ئاوروپایی رستەکانی دارێژراوە سەرەرای کاریگەری زمانە پیرۆزەکانی ئەو ئایینانە کە لە وێدا بڵاوبوونەتەوە تاوەکو ئیسلام داهاتووە •

# بەشی سێیەم

## گۆڕانە ڕووداوە مێژوویی‌یە مەزنەکانی هەزارەی دووی پ.م لـــە ئاسیای بچووکو سەرووی میزوپوتامیادا

پشـــكنینی شـــوێنەواری ئەركیولۆژیو لێكۆڵینەوەی زمانەوانی ئەوەیان دەرخستووە ، كەوا یەكەمین بزووتنـــەوەو جوولانەوەی ئەو كۆمەڵە هۆزە كۆچەرانەی لە نێوان خۆیان دا بەشێوە ئاخاوتنێكی لێك نێزیك قسەیان دەكردو لە ســـەردەمی ئەمڕۆدا بە ( هیندو - ئەوروپی ) نێو - دەبرێن لـــەو ناوچانەوە دەستی پێكردووە ، كە كەوتۆتە خوارووی رووسیای ئێستەوە ، بەواتا لەو دەشتەوە ، كە لەنێوان گۆمی ( ئارال )و رووبـــاری ( دانوب ) دایەو[1] ئەم جوولانەوەیەش لە هەزارەی سێی پێش زایینیدا بووە ، جا بە هەردوو لقی رۆژهەلاتیو رۆژ - ئاوایـــی بەرەو لێوارەكانی خوارووی زەریای رەش بەلای رۆژهەلات و رۆژئاوادا رۆیشتوونو چوونەتە نێو وولاتی بەلكانو ئاسیای بچووك ، ئەم چوونە دوای رێبرینو پەرینەوە لە رووبارانی دۆن و دنیپەرو دنیستەرو دانوپ رووی‌داوە • پێشرەوەكانی ئـــەم كۆچەرانە لە كێوی قەفقاس رەت بوون و لە رووبارانی كوڕو ئاراكسو هی‌دی پەریونەتەوە ، جا هاتوون لە چیاكانی زاگروس لە سەرووی وولاتی میزوپوتامیادا نیشتەجی‌بوون • دوای ئـــەم دیاردەیە گۆڕانێكی جەوهەری لە پێوەندیـــكانی زمانەوانیو ئەتنیكی دانیشتوانی ئەسلیو كۆنی وولاتی یونانو ئاســـیای بچووكو باكووری وولاتی میزوپوتامیاو كێوی زاگروســـدا رووی‌دا ، پاشان ئەم كۆچ كارییە گرنگە سنووری بناخەی ئەو

مەرجانەی دانا ، کە بوون بەهۆی پەیدابوونی ئەو میللەتانە ، کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بە نێوی ( ئاخیو ئیونـی )و دۆری لە یونانداو لیدیو هیتی لە ئاسیای بچووکداو میتانیکانیش لە سەرووی میزوپوتامیادا •

لە دوای رووخانی دەسەلاتدارێتی میکینی[٣] ، گریکـە کۆنەکان بیرەوەریکی نادیاریان سەبارەت بەو کۆچە فراوانەی باپیرانیان پاراستبوو ، لە دوای کۆچی ئەمانەوە دۆریکان لـە ناوچەی ( بارنسوس )ەوە لە نێوەراستی یونانەوە دەستیان بـە بزووتنەوە کردو لە ( ئەرگولیسو میکینی )یەوە پەڕینەوە ، ئەو وولاتەی دوای ئەم کۆچە خوورەوشتی ژیانی دۆریانی پێـوە دیاربوو ، ئەم هەلمەت بردنە هاوبەشێکی جەوهەری لە هەرەس بردنو کۆتایی پێهێنانی کتوپری کەلچەری میکینی کرد •

لە دوای ئەم کۆچانە لە ناوچەی رۆژهەلاتی وولاتی یونان‌دا جوولانەوەییکی نیشتەجێبوونی گریکەکان دەستیپێکرد ، کە لەگەل تێپەربوونی رۆژگاردا بوو بەهۆی پەیدابوونی کۆمەلێك شاری گریکی لە بەری رۆژئاوای ئاسیای بچووك ، کە دەتوانین سێ کۆمەلەی ئەو نیشتەجێ بووانە دەست نیشان بکەین •

١ ـ ئاخیو ئەیولی ، کە لە ناوچەی تسالیاوە هاتبوون و لە دوورگەی لیسبوسدا نیشتەجێبوونو کۆمەلیك شاریان بنیات ناو ناوچەکەش بە نێوی ( ئەیولیس[٤] ) ناسرا •

لە سەرەتادا ناوی ( ئاخی ) یان لە شێوەی ( ئاخایووی ) Akhaiwoi وەیا ( ئاخایۆی ) Achaioi هاتووە :

هومیر ناوی ئەم ئاخیانەی لەگەڵ ( دانای ) و ( ئەرگی ) یەکاندا نووسیوە ، کە دۆستایەتی تەروادەیان کردووەو ، بەپێی گوتەی هومیر نیشتمانیان دوورگەکانی رۆژئاوای یونانو کریتو رودوسو ناوچەی‌تر بوون ، لەو ناوچانەی ، کە کەلچەری میکینی کە لە سەدەی ١٤-١٣ پێش زایین دا تێدا بڵاوبێوەوە . بەڵام بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەو کاتەی ، کە ئەمانە لەو ناوچانەدا پەیدابوون ، وا دەردەکەوێت ، تێکەڵاو بوونی ئاخییان لەگەڵ دانیشتوانی کەلچەری میکینی بەهۆی ژن خواستنو یەکبوونیان لە ژیانی لەشکری هاوبەش‌دا بووە ، کە لەژێر فەرماندەی سەرکردایەتی میکنی‌دا رووی‌داوە . بەڵام دیاردەی سوارچاکی‌و حەزکردن لە شەر لەلای هۆزە کۆچەرەکانەوەو پەیدابوونی ( دۆری ) لەم ناوچانەدا هۆی دەسەڵاتدارێتی رامیاری‌و لەشکری بۆ سەر شارە کەلچەرێکانی میکینی ، لە کاتێکی دواتردا مێژوونووسی پلوپونیز ( نیمچە دوورگەی مورە ) باسیان دەکات .

٢ ـ لە باشووری ( ئایولیس )دا Aeolis ( ئەو ناوچەیەی هۆزی ئیولی تێدا نیشتەجێ ببوون )و کەوتبووە ئەو پارچە زەوییەی نێوان دۆڵی هیرموس و دۆڵی میاندەرەوە ئیونی‌یەکانی تێدا نیشتەجێ‌بوون ، کە رۆژڵاتێکان نێوی ( یونان )یان لەم هۆزە ئیونیانەوە وەرگرتووە ، بەواتا بەرێگەی ئەوانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ وولاتی یونان‌دا پەیداکرووە ، سەرەتای دەرپەرینیان دەورو بەری ئەو شارو ناوچانە یوو وەك ئەتیکاو

ئەرگولیس ، کە لە دواییدا ئەم ناوچەو بەشێك لە وولاتی لیدیا ( رۆژئاوای ئەنادۆلی تورکیا ) بە ئیونیونیودار بوو •

لە لایەکی‌ترەوە ناوی ( یونـــان ) لە زمانانی رۆژهەلاتی‌دا گۆڕینی واژەی ( ئیونی ) lone یە ، کە خۆیان دانیشتوانی ئاسیای بچووکن لە بەرەی رۆژئاوایەوە ، ئەم نێوە لەنێو ئەلیازەی هۆمیرۆسدا هەر یەك جار هاتووە ، ئەوانە یەکەم گریکن ، کـــە دەوڵەتە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نێزێك پێوەندییان لەگەڵـــــدا پەیداکردووە ، جا گەلانی ئەم وولاتانە نێوی ( ئیونی )یان بـــە گۆرینەوە بەسەردا دابڕین ، ئەم گۆڕینەش لەگەڵ خۆرســـکی زمانی هەر گەلێك لەو گەلانەدا رێك دەکەوت و بۆیە یووڤانـــی Yavani و یـــونـــانا Yauns و یـــونـــان Yunan بە پێـــی گۆتەی دکتۆر عەبدولەتیف ئەحمەد عەلی ئەم نێوە گۆڕڕاوە ، لە سەرەتادا ا ەکوبرس سەری هەلداوە ، چونکە پێوەندێـــکی بەتینیان لەگەڵ ( ئوگاریت )دا واتە ( رأس شـــمرا )ی ئەمرۆدا هەبووە ، کە کەوتبووە لێواری سوریاو ئاشورێکانیش بەنێوی یـەمـــانـــی Yamani (٦) ، ئاسیویانن •

٣ ـ لە خواررووی ( ئەیونیـــا )دا ( دۆری ) Dori ژیاون ، بەڵام لە سەردەمانی جیاواز جیـــاوازداو لە دوورگەی رودوس و دوورگەی دی لای گۆشەی باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچووك‌دا(٧) ووولاتی پلوپونیز ( نیمچە دوورگەی مورە) کردەوە لە وولاتی یونان دا سێ هۆز بەنێوبانگ بوون ، هیللیس Hylleis پـــامفیلـــوی Pamphyloi و دیمانیس ، جا پاشان

گەیشتنە خوارووی ناوچەکانی ئیجــــە ، کە لە پێش ئەوانەوە (١١٠٠ پ٠ز٠) ، لە کۆتایی سەردەمی برونزی لەلایەن ئاخییانەوە داگیرکرابوو هەروا لە باشـــوورو لە دوورگەکانی خوارووی ئەنادۆڵ دا بوونو ئــەو کردنەوانە نیشـــتەجێبووانە لەلای یونانیەکان بە ( هەوڵ دانانی سەرکەوتووی کریســـفوتیس ) ناوبانــگیان دەرکردبوو ، کـــە بۆ گەڕانـــدنەوەی میراتو دەسەڵاتداریتی خۆیان بووو کوڕە مامی هرقل ئیوریسنیشـــن فەرمانڕەوای میکینای لێی زەوتکردبوون[٨] (وینە ژمارە ٤)

لەم بوارەدا جون گارستانگ دەڵێت : « خاوەنی رامیاری هێشیاندانی بە سەربەخۆیی پاشایانی ئەم هۆزە یەك گرتووانەی گریکیدا نابوو » هەروا دەڵێت : « پادشای هیثی بەشێوەیێکی پایەبەرزی نێوی سەرۆکە ئاخییەکانی دەهێناوو وەکو برا نێوی دەبردن[٩] » بەهەر حال دەتوانین بڵێین « لەگەڵ ســـەرەتای سەردەمی برونزی یانی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ پ٠ز٠ وەیا دوای ئەم ساڵە ، کە لێکۆڵەرەوان لەسەر کاتەکەی رێـــك نەکەوتوون ، بەرەو نیمچە دوورگەی بەلکان نەتەوەیێکی نوێ ، کە بۆ خێزانی گەلانی هیندو - ئەوروپی دەگەڕێنەوە هاتـــنو پەیدابوونو ئەو وێرانکارییەی لەم قوناخەدا کۆمەڵێك بنکەی خانو بەرالی کرتەوە بەهاتنی ئەم نەتەوەیەی دەبەستنەوە ، دکتۆر عەبدول لەتیف ئەحمەد عەلی وای بۆ دەچێت ، کەوا ئەمانە وەکو کۆمەڵێکی داگیرکەر ، هێرشیان نەهێناوە ، بەڵکو کۆمەڵ کۆمەڵ یەك لەدوای یەك و بەرە بەرە هاتوونو کۆچەکەشیان ماوەیێکی

دوورو دریژی زۆری ویستووە • شارستانێتیان لە شارستانی دانیشتوانی ئەسلی ئەم ناوچانە چاکتر نەبووە ، کە زۆربەیان جووتیاربوونو خەریکی کشتوکاڵ بوون ، بەلام لەگەڵ هاتنی هۆزی نوێ لەم کۆچ کەرانە ، ئەمانە دەستیان بەسەر کاروباری دانیشتوانی کۆندا گرتو کاریگەریان کەلچەری ئەوانیشیان پێوەدیاربووو لە ئەنجامدا بوونە چینی فەرمانڕەوا ئەمەش لەبەر سەرکەوتنیان لە یاسای سوپاییو سوارچاکیداو هونەرانی شەڕکردن • نیوەراستی سەدەی شازدە ( دەوروبەری ١٥٥٠ ) هێشتا دەستی پێ نەکردبوو ، کە دانیشتوانی ئەم نیمچە دوورگەیە لە دوو ڕەگەز وەیا دوو زنجیرە تێکەڵ بوون ، کە ئەوانیش زنجیرەی هیندی - ئەورووپیو زنجیرەی دانیشتوانی زەریای سپی ئاوەراست[١٠] •

لەلایەکی ترەوە ناوچەکانی ئاسیای بچووکو بەتایبەتی پشت چیاکانی تووروسو کیلیکیا دیسانەوە ڕەگی هیندو - ئەورووپی ( بەری ڕۆژئاوای ) بەسەردا زاڵ بوو ، ئەمەش بە پێچەوانەی سەرووی وولاتی میسۆپۆتامیاو کێوانی زاکرۆس بووە ، کە ڕەگی ڕۆژهەلاتی ئەو کۆمەلە بوو ، کە لە دواییدا سنووری بۆ شارستانێتیو خووڕەوشتی ئەو گەلانە کە لەو ناوچەیەدا سەریان هەڵ داوە ، داناوە • **( بڕوانە وێنە ژمارە ٥ )**

و دەربارەی ئەمە « ئەنتوان مورتگات » دەلێت : « لە سەرەتادا ئەم گەلانە کۆمەلە ئادەمیزادی یەکگرتووی تەواو نەبوون ، بەلکو بریتیبوون لەو دانەیانەی ( وحدات ) ، کە لە

ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە ئادەمیزادێکی جیاواز لەیەك پێك هاتبوون[11] »، گەلی هیتی ، کە لە نەتەوەکانی هیندی ڕۆژئاوایی پێك هاتبوو توانی بنچینەکانی زمانی خۆی لە نێوەڕاستو باشووری ئاسیای بچووکدا بچەسپێنێت • بە هۆی شارەزابوون لە زمانی هیتی ڕەسمیدا پسپۆرەکان وای بۆچوون ، کە لە بەری ڕۆژئاوای ناوچەکانی بەلکان بە پەرینەوە لە هلسپونت ( دەردەنیل )و پوسفور کشاونەتەوە ئەم ناوچانەو بەرەو ڕۆژ هەڵات هاتوونو لە نیشتمانی هەرە دواییان دا کە ڕووباری هالیس ( قزل ایرمق لە تورکیادا ) سنووری بۆ دانابوون ، نیشتەجێ بوون • بەڵام تۆژینەوەی دی ئەم بیروباوەڕە ڕەت دەکاتەوەو لایەنگری ئەو بیرەیە ، کەوا لە ڕێی قەفقاسیەوە هاتوون[12] •

هیتیێکان چ لە ڕێگەی قەفقاسیاوەو چ لە ڕێگەی بەلکانەوە هاتبنە تورکیەی ئەمڕۆ ئەوە بێگومان تێکەڵاوییان لەگەڵ کەلچەری میسوپۆتامیادا هەبووە ، ئەمەش بەڕێگەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك بەڵگەش بۆ ئەمە وەرگرتنی نووسینی مێخی بووە ، هەروەکو ئاشکرایە نووسینی مێخی یەکەم جار لە وولاتی میسوپوتامیادا پەیدابووە، ئەوجا بە وولاتانی دراوسێدا بڵاوبۆتەوە • لە لایەکی دی دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی هیتی ، کە بەرەو ڕۆژهەڵاتو باشووردوە پەرەی سەندوەو تەنیوەتەوە لە یەکێتی ئیمچە دەوڵەتانی ناوچەیی ئەم هەریمانەدا سەری هەڵداو چینێکی هندی - ئەورووپی بەسەریدا زاڵ بوو ، ئەو چینەی لەو ماوە

کۆنەدا لەم وولاّتەدا ژیاون دەگەڕێنەوە سەر ئەو کۆمەلاّنەی بە زمانی ( نیسی[١٣] ) دوواون ، بەلاّم لە سەردەمی دەولەتی هیثی نێوەراست دا لوڤیو هوری دەوری رامیاریان تێدا بینیوە[١٤] بۆیە زۆربەی نێوی پاشایانیان بە زمانی لوڤی بوونو ئـــەو ماوەیەش سەدەی پازدەم تا سەرەتای سەدەی چواردەمی پێش زایین دەگرێتەوە[١٥] .

بەلاّم شانشینێتی ( مملکە )ی نوێ ، کە لە سەدەی چواردەم تا سەرەتای سەدەی دوازدەمی گرتۆتەوە ، پاشاکانیان هووری بوونو نێویان هووری بووە ، بەلاّم نازنێویان لەکاتی بوونیان بە پاشا بە زمانی هیثی بووە . هەروەکو لە تابلوی ( یازل کەیا )، کە لە تورکییەیە دەردەکەوێت ، ئەم تابلۆیە بە نووســـــینی هیرۆگلوفیو بە زمانی لوڤی تۆمارکراوەو نێوی کەسیو نێـوی خوداوەندانی هوری تێدا هاتووەو یەکەم پاشای ئەم شانشینێتی تازەیە ( شوپیلولیوما )ی یەکەم بووە ( سەرەتای ســــەدەی چواردەم ) ئەم پاشایە شەری لەگەلّ میتانیان کردووەو لە دوایی دا رێککەوتنێکی لەگەلّیان مۆر کردوە[١٦] . بە هەرحال ئەمانە بەو نەتەوە کۆنە مشەختانە دادەندرێن ، کە بەرەو ناوەراســتی ئاسیای بچووك کۆچیان کردووەو لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا لەم هەرێمەدا پەیدابوون . لە ئەنجامی لێکۆلینەوەی ئەنترۆپۆلوژیدا ئەوە روون بۆتەوە ، کەوا ئەوانە تێکەلاّویـان لەگەلّ گنسی دیدا لەم ناوچەیەدا لـــەدوای نیشتەجێ بوونیان پەیدا کردووە ، بۆیە هۆزە هیندو - ئەوروپییە کۆچ کەرەکان

بۆ ئەم ناوچەیە رۆشنبیری حاتی‌و هووریان کاری تێ‌کردووە ، لەگەڵ بوونی هێندێك جیاوازی لەسەردەمی کۆندا لەنێوان دانیشتوانی ئەم ناوچانە ، لە ئەنجامی یەکێتی رامیاری دەوڵەتی حیثی ، کە لە یەکگرتنی سەرۆکە هۆزانی جیاواز لە رووی گینس و زمانەوە دامەزرابوو ، و لە سەدەی هەژدەهەمی پێش زایین ، ئەم رەگەزە جیاوازانە تواونەوە ، کۆمەڵەی حیثی بە زمانانی ( نیسی‌و لوڤی‌و پالایی ) دواون لەچاو ئەو هەرێمانەی ، کە ئەم هۆزانە لە ئەنادۆڵدا تێیدا ژیلون[17] •

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەو چینە سەرمایەداری دەوڵەتی حیثی ، کە لە هیندی ئەوروپی رۆژئاوایی پێك هاتبوون لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایین[18] بە دەرکەوتن ( ئەو قۆناخەی کە لەگەڵ پەیدابوونی خزمانیان لە یونان‌و سەرووی میسۆپۆتامیادا رێك دەکەویت ) کۆنترین هەواڵی پاشایانیان لەسەر خشتێکدا نێوی هاتبێت نێوی دوو پاشان ( ئەنتیتاو باوکی پوتخانا ) ، ئەم خشتەش لە حاتوساس ( بوغاز کوی ) دۆزراوەتەوەو هەر دووکیان پاشای ( کوشار ) بوون‌و بەسەر سەرکردەکانی ناوچەیی‌یان داداون و ئەنیتا بەسەر پاشای حاتوساس‌و دەست‌و دایەرەکەی‌دا لەسەدەی حەڤدەمی پێش زایین‌دا زاڵ بووە ، جا لەدوای ئەوەی پاشایێکی دی بەشێوەی ( تابارنا ) لە دەوروبەری سالانی ۱٦٨٠-۱٦٥٠ی پێش زایین‌دا نێوی تۆمار کراوەو ئەم پاشایە کەپەدۆکیاو کیوانی توروسی‌و هەرێمانی دی داگیر کردووە[19] • وای بۆ دەچن کەوا ( تابارنا ) وەیا ( لابارنا ) نازنێوێکە پاشایانی حیثی پێی نێودار بوون[20] •

لەدوایی‌دا ئەم حیثییانە وایان لیٚهات لە سالّی ( ١٣٤٠ )ی پ.ز. بنە هیٚزیکی دیاربووی رۆژهەلاّتی نیٚزیك[٢١] ،

پایتەختەکەیان لە سەردەمی لە سەردەمی حاتوسیلی یەکەم‌دا لە ( بوروسخندە ) بۆ ( حاتوساس ) نیٚزیکی بوغاز کوی ئەمرۆ ( ١٦٥٠-١٦٢٠ پ.ز. ) گویٚزرایەوە ئەم پاشایە زەوی وزاریکی زۆر فراوانی لە ئەنادۆل‌و باکووری سوریەدا داگیرکرد ، هەروا مورسیلی یەکەمی کوریشی لە سالّی ١٥٩٥ ( ١٦٥٠ه ) بەسەر بابلی داداو کۆتایی بە بنەمالّەی ئاموریان‌و ئەو پاسایەی حەمورابی دانابوو هیٚنا[٢٢] . **( بروانە ویٚنە ژمارە ٦ ، ٧ )**

ئەم داگیرکردنە کتوپڕیەی مورسیلی یەکەم بۆ خاکی میسوپۆتامیا بۆشاییٚکی رامیاری لەم ناوچەیەدا پەیداکرد ، کاشیٚکان ( دانیشتوانی لورستان‌و چەمەکانی سەرووی رووباری دیالە ) ، کە لەم ناوچەیەدا بلاّوببوونەوە ، ئەم بۆشاییەیان بەهەل زانی‌و هەروا پاشایانیان لە هەمان بنەچەی چینی فەرمانداری وولاّتی حیثیان‌و میتانیان ( گنسی هیندو ئاوروپی رۆژهەلاّتی ) بوون‌و بەم ریٚگەوە توانیان وولاّتی سومەرو ئەکەد داگیربکەن‌و جۆرە یەکیٚتییەکی شارەکان کەژیٚر سەرکردایەتی خۆیان دابمەزریٚنن . لەکاتی ئەوان دا ئـەو وولاّتە بە ( کاردونیاش ) نیٚوداربوو ، بەواتای **( هەریٚمی خۆدان بەدەست خوداوەندی زەمین )** .

لە دوای مردنی مورسیلی یەکەمی حیثی کیٚشـەی سەرکردایەتی سەری هەلّداو لە کۆتایی ئەو کیٚشەیەدا پاش سالّی

١٥٣٠ پ•ز• ( تیلپینوس ) ناوێك دەستی‌کرد بەرێکخستنی کاروباری دەوڵەتی هیتی‌یان و بەدی‌هێنانی ژیانێکی یاسایی •

لە دوای ئەمە سەرچاوەکان یارمەتی ئەوەمان نادەن بۆ ئەوەی شوێن ئەو رووداوانە بکەوین ، کە لەم وولاتەدا رووی داوە تاوەکو پەیدابوونی شانشینی نوێ ( ١٤٠٠-١٢٠٠ پ•ز• )، لە سەردەمی شوپیللیومای یەکەم ( ١٣٨٠-١٣٤٠ پ•ز ) ئەم وولاتە گەیشتە مەزنێکی‌وا وولاتی ئارزاوا[٢٣]ی داگیرکردو جەنگیشی لەگەڵ میتانیان‌دا کردو لە سەردەمی موتالیس ( ١٣٠٦-١٢٨٢ پ•ز ) ناخۆشیان لەگەڵ میسردا توندبووو هەروا لەسەردەمی رمسیسی دووەم‌دا جەنگێکی کوشندە لەنێوان هەر دوو ئیمبراتۆریەتەکە لەنێزیك قادش لە ساڵی ١٢٨٨ پ•ز رووی‌دا و لەکاتی فەرمانڕەوایی هاتوسیلی سێیەم‌دا ( ١٢٧٥-١٢٥٠ پ•ز) بەهۆی ژن و ژن خواستنەوە رێك کەوتنێك لەنێوانیاندا پەیدابوو •

دەوڵەتی حیتی ( دەوڵەتی نوێ ) لەپر رووخا ، وای بۆ دەچن بە هۆی کاریگەری هێرشی هۆزانی زەریای کۆچ کەرەوە بەرەو ئاسیای بچووك بوویێت •

بەڵام نیمچە شانشینەکانی سەر بەوان ، کە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو وەکو کیلیکیاو فریگیاو سوریا لەبەر دەسەڵات دارێتی ئاشوریان[٢٤] خۆیان پێ ڕانەگیراو نەمان ، دوای ئەم رووخانە ( لە سەدەی دوازدەی پ•ز[٢٥] ) دانیشتوانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك بەنێوی ( حیتی ) لەنێو تیکستی

بێگانان داو لەوانە ( العهد القدیم ) نێودار بوو ، ئەم دانیشتووانە بە زمانی لوڤی ( لویانی ) دواون • لە لایەکی دیەوە ئەوە دەبیندرێت کەوا لە لیدیا ( رۆژئاوای ئاسیای بچووك ) شوێنەوارێك هەیە بۆ هەزارەی یەکی پێش زایین دەگەڕێتەوەو ئەوەش پێشان دەدات ، کەوا زمانی لیدی زۆر لە زمانی حیثی نێزیکە ( ئەگەر لەگەڵ زمانی لیکیو زمانانی دی ئەنادۆل بەراوردبکرێن )• لە هێندێك باردا دەتواندرێت بگوترێت بەردەوامی نێوی هیثی بە جۆریکی دی بووە • لە راستیدا ووشەی حیثی بۆ دەربڕین لە دانیشتوانی شانشینەکە هەمووی دەربڕاوە ، نەك هەر بۆ کۆمەڵەیێك(٢٦) •

بە شێوەییکی گشتی لە تۆمارەکانی بوغاز کویوا دەردەکەوێت زمانی حیثی دابەش کراوەتە سەر دیالێکتێکی میری بۆ نووسینو دیالێکتێکی رەمەکی ، کە گەل پێی دواوەو بە ( نیسی ) وەیا ( نیسارتی ) نێودار بووە ، بەلام لە ناوچەکانی باشووری ئەو وولاتە ئەوا خەلکی بە دیالێکتی ( لووی(٢٧) ) وەیا ( لویانی ) قسەیان کردووە •

بە بیروورای جورج رۆ ( زاراوەی ـ حیثی ) ئەگەر بەمانا فراوانەکەی تەماشابکرێت « کۆمەلیك نەتەوەی پەنابردوو دەگرێتەوە ، کە سێ گەلو بە سێ زمانی هیندو ئەورووپی جیاواز ( لویانی ، بلایکیو نساتی ) گفتوگۆیان کردووە • لەوانەدا لویانێکان یەکەم کۆمەڵ بوون ، کە گەیشتنە ئاسیای بچووك و

زمانەکەی خۆیان بە نووسینی هیرۆگلۆفی تۆمارکردووەو لـــە
رۆژئاوای کیلیکیا بەدرێژایی لێوارەکەی نیشتەجێ بووبوون ،
بلایکێکان لە هەرێمە گردۆلکەکانی ( سڤاس ) بوون ، بـــەلام
نساتی کە لە شاری ( نیسا )، وە هاتووە لە کەبەدۆکیـــــادا
دابەزیبوون ، لە راستیدا شاری نیساوەیا نیشا هەر شـــاری
کانیس - کولتبە بووە » •

هەروا جورج رۆ ئەوەی دەخاتە ســـەر کەوا « ئەوانە لە
سوریاوە نووسینی مێخیان خواستووەو بۆ نووسینی زمانـــە
هیندو ئەوروپیە تایبەتیەکەی خۆیان بەکاریان هێناوە » •

پاشایانی حیثی لە سەردەمی کۆنەوە پیاوانی ئاینیان ، کـە
سەر بە خوداوەندانی وولاتەکانیان بوون ، هەڵس وکەوتیان لـە
بەجێهێنانی خوورەوشتی ئاینیدا ئەوەندە بەرزبووە ، بۆیە گەل
بەچاوێکی پر لە رێزەوە تەماشایان کردوونو گەلیش لەو باوەرەدا
بوو ، کەوا توخمێکی خوداوەندی هەیە ، کە پشـــــــتگیری
فەرمانرەوایی کاتی دەکات• ( تیشوب ) خوداوەندی ئاسمان بوو،
و کە لە هەمان کاتدا خوداوەندی هەرە مەزنی پاشاو گـــەلی
حیثی بوو ، پاشا پیاوە ئایینی هەرە مەزنی ئەم خوداوەندەبوو ،
بەلام ئایینی وولات لە پێش حیثێکان دا وادیاربوو پەرســـتنی
دیاردەی سروشتی بووە • کە رەگی باوەرکردنی تێدا روا بـــە
هێزی رەگەزانی وەکو زەوی دایك دەردەبرا • لەســـەردەمـی
یەکێتی هۆزەکان داو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتدا خوداوەندی
هەتاو هەر خۆی خوداوەندی شەربوو ، ولەلای حیثێکان لـــە

هەموو خوداوەندان پیرۆزتربوو ، و پەیکیشی لە ئارینـــــا دۆزراوەتەوە ، پاشایان لە هێرشەکانیاندا هەرگیز دیاریان لێ نەدەبری و زۆر بەگەورەیی تەماشایان دەکردو ئــەم خوداوەندە لەسەرووی هەموو خوداوەندیانی حیثیاندا بوو ، و جێـــگری بوەرپێکردن و پارێزگەری پەیمان و بەڵێن و هەروا بێ نــەواو مشەختانیشی دەپاراست • ( بروانە وێنە ژمارە ٨ )

ئەم رووداوانەو رۆلی هینـــدو ئەوروپیەکان لەو گۆڕانانەی بەسەر لایەنە مادی و نامادیەکان دا هێنای دانیشتوانی کـــێوی باکووری وولاتی میسۆپۆتامیاشی گرتەوە ، کە هووری بوون ، تایبەتیتی بە دەوری رامیاری و کەلچەری لەنێو ســـــنووری وولاتەکەیان دا دای ، کە هەتا کێوی زاکرۆس لە رۆژهەلاتیەوەی تا زەریای سپی نێوەراست لە رۆژئاوایەوەی و ئەرمەنستان لــە باکووری و دەشتی ئاراپخا ( کەرکوك ) لە باشووریدا گرتبۆوە •

ئەمەش بۆ هۆی ئەوەی دەسەلاتداریتیان بگاتە وولاتـــی میسۆپۆتامیاو سوریاو فەلەستین لە هەزارەی دووی پێش زایین ، لەبەر ئەوەی زمانی هوری هیچ پێوەندیەکی بە کۆمەڵەی زمانانی سامی و هیندو ئەوروپیەوە نییە ، بۆیە بەزمانێکی ناوچەیی وولاتی سوبارتو دەژمێردرێت ، بەلام قسەکەرانی زمانی هووری هەر لە سەرەتای هەزارەی دوری پێش زایینەوە بوونە سەر بەچینێکی ئوروستوکراتی رامیاری ، کە بە زمانێکی هێندو ئەوروپـــی دەدوان و ئەم زمانەش لەدواییدا بوو بەزمانی دەولەتێك ، کـــە لەسەر شانو ئەستۆی هووریان دایان مەزراندو نێویشـــــی

(دەولەتی میتانی) بوو ، لە دوای تێپەربوونی ماوەیەکدا بیروڕای ئایینی لەلای ئەو کۆچ کەرانەدا کە بنەچەیان هۆزی حشـــیو یونانی‌بوونو لەمەوبەر لێیان دووام چەسپا بە رادەیێك ئەستێرەی خوداوەندە نەتەوەیەکانیان لەنێوان خوداوەندە ناوچەیەکانـــی هووریاندا زۆر زێتربوو ، و پێوەندی دەروونیشیان لەگەڵ ئەو بارەدا تێکەڵاویێکی باشی پەیداکرد •

نێوی کەسی هووریان بۆ یەکەم جار لەنێو تۆماری ئایینیدا بینراوە ، کە بۆ هەزارەی سێی پێش زایین دەگەڕێتەوە ئـــەم تۆمارانە لە وولاتی میسوبۆتامیادا دۆزراونەتەوەو شـــێوەی زمانێك دەست نیشان دەکا ، کە دانیشتوانی بەری رۆژهەلاتـــی دیجلەو کێوی زاکرۆس[29] پێی دواون •

بەپێی بیروڕای جورج رۆ خەلکی ماوەی ســـــەدەیێك لەمەوبەر شارەزایی زێتر ســـــەبارەت بە هووریان وەرگرت ، لەوکاتەدابوو ، کە نێویان لە تێکستێکی مێخیدا هاتبوو ، کە لە شێوەی نامەدابوو و لە ( تل العمارنە ) دۆزرابۆوە لە میسردا[30]، باوەکو ئەم نێوە لە ( العهد القدیم )دا لە ( سفر التکوین ) لـــــە شێوەی ( الحوریتیون )دا هاتووە ، بەلام جیجر توانی پێوەندی ئەم دارشتنە ناوچەییە بەشێوەیێکی راستو رەوان بەنێـــــوی خوداوەندی هەتاوەوە بدۆزێتەوە کە ( خوار ـ خور ) وەیـــا ( هوڤار ـ هور[31] ) بووە • ئەمەش شێوە رۆژئاوایەکەی نێوی ( سوار ـ سور ) بووە ، کە لە زمانی بنەچەی ئەوانەوە هاتووە ، کە لە باکووری هیندستان دا لە هەمان قوناخدا نیشتەجێ‌بوون •

بوونی ئەو نێوە لە باکووری وولاتی میسۆپۆتامیادا دەوری رامیاری لە پێوەندێکانی دەروونیو مەتریالی دانیشـــتوان داو پەیدابوونی وەکو چەمکێکی ئایینی یا نەتەوەیی واتایەکـــــی مێژوویی زۆر گرنگ بەدەستەوە دەدات ، چونکە لە سەرەتاداو لە راستیدا ئەوە ناگەیەنێت ، کە کۆمەڵە مرۆڤێکی رێك کەوتوو تەبا بن لە رووی نەتەوایەتێوە بەو ئەندازەیەی چەند کۆمەڵێـکی جیاواز لە هۆزان دەگەیەنێت ، کە هاوبەشی پەرستنی خوداوەندی ( خور - هور )یان کردووەو تێکرا ئەم هۆزانە لەنێـــــــو چوارچێوەیێکی بیری هاوبەشدا خوو رەوشتی پێرەوکردووەو هەموو دانیان بە مەزنیو ســـەرکردایەتی خوداوەندی هەتاودا ( خور - هور ) ناوە ، ئەو نێوەی کە ئێستەش لە زمانی کوردیدا هەر واتای هەتاو ( رۆژ ) ( خۆر ) دەبەخشێتو پیرۆزیشی لەنێو هێندێك هەرێمی کوردەواریدا هـــــەر ماوە . لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی باکووری ووولاتی میسۆپۆتامیا بەنێو خوداوەندێ ( هور ) نێودار بووە ، بەڵگەش بەدەستەوەیە ، کەوا ئـــــەم خوداوەندە مەزنترین خوداوەندانی ئەم ناوچەیە بووە ، بەهۆی نێونانی هێندێك لە پاشایان و هێندێك لە نێوانی جوگرافی بەم نێوە . وەك نێوی پاشا هوڤار داتا ( دانی خوداوەندی هەتاو وەیا خۆر ) نێوی جوگرافی وەکو ( خومور داتو - خورداتو ) ، ئەمانە پێوەندیان بەنێوی ئەم خوداوەندەوە هەبووەو[٣٢] لە دوایـــدا بەنێوی هورییان ، هەتا وای لێهات ئەو زمانەی ، کە لەنێـــو ئەمانەدا بلاو بۆوە ( وا دەردەکەوێت زمانێکی هاوبەشـــی دینی چینی پیاوانی دیندار بووە ) لەنێو نووسراوانی حیثیدا ( تێکستی

بوغاز کوی ) بە شێوەی ( خوریلی[٣٣] ) وەیا ( هورلیلی ) کە دانیشتوانی کوردستانیش و ئەرمەنستانی کۆنیش لە دوا سەدەکانی هەزارەی سێی پێش زایین‌دا پێ دواون و کاریگەریشی هەتا دوا سالانی ئیمپراتۆریەتی هیثی ( ١٤٠٠ - ١١٩٠ پ.ز[٣٤] ) هەر مابۆوە . ( بڕوانە وێنە ژمارە ٩ ، ١٠ )

لە دوای نەمانی ( دەوڵەتی میتانی ) یەکێك لە زمانانی نەتەوایەتی هوری ناوچەیی ( وەیا شێوە زمانێکی ) « بوو بە زمانی دەوڵەتی ئورارتو[٣٥] » ، کە لە دەوروبەری گۆمی واندا خۆی گرتبۆوەو شاری توشپا ( توروشبا ) لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین‌دا ( سەدەی نۆیەم - هەشتەمی پێش زایین ) بوو بە پایتەختی[٣٦] ئەو دەوڵەتە .

لەنێو تێکستەکانی ئاشوری و بابلی‌دا ناوی ئەم دەوڵەتە لە شێوەی ( ئورارتو )دا بینراوە ، هەروا ئەم ناوە لەنێو تەوراتیش دا هاتووە ، بەڵام لە شێوەی ( ئارارات )دایە ، لەگەڵ ئەوانەش‌دا بەهۆی ئەو نەخش و نیگارانەی ، کە دانیشتوانی ئەم هەرێمە بە نووسینی مێخی بۆیان جێ‌هێشتووین خۆیان بە خۆیان گوتووە ( هالدی - بە «هـ»یکی گران )و نیشتمانیشیان بە ( هالدیا - خالدیا )و هەروا بە ( بیاینا )ش ناوبراوە[٣٧] .

لە ڕاستی‌دا ناوی ( خالد - هالد ) ناوی خوداوەندێکی مەزنی ئایینی نەتەوەکانی هوری بووەو لە وێنەی پیاوێکی ڕدێن درێژدا بووە کە لەسەر شێرێك وەیا لەسەر سەری شێرێکی

ئەفسانـاوی راوەستاوە ، دانیشتوان لەو باوەڕەدابوون خێزانی ئەم خوداوەندە خوداوەندی ئەروبانی وەیا (باگبارتو[٣٨])بووە•

لەپاڵ ئەوانەداو لەگەڵ دەوری نێوی ئەم خوداوەنـــدە هووریێکان دوو جۆرە خوداوەندیان هەبووە ، ناوچەیـــی وەك خوداوەندی تیشـــوب ( خوداوەندی رەشـــەبای كێوان )و خێزانەكەی ( هیپا ـ خیپا ) ، كە جۆرە خوداوەندی دایك بووە• جۆری دووەمیان بێگانەبووە وەكو خوداوەندانی وولاتـــــی میسوپوتامیاو هی دی •

لە سەدەی سێزدەم و دوازدەمی پێش زایین دا پاشایانـی ئاشوری لە وولاتی هووری‌و هالدیان دا هەستیان بە هەبوونی كۆمەڵێك شانشینی یەكگرتوو كردووە ، كە بەنێوی ( نایری ) نێوداربووو كەوتبۆ ناوچەی باشـــووری گۆمی وان ( ناوچەی نەیری وەیا نەهری كوردی ••• ج•ر )• ئەمە لە كاتێكدا ، كـە ئاشور بێ هێزبوو ، بەڵام لەدوای سەدەی دوازدەهەمی پ•ز كە هێزداربوون بەرامبەر بە پاشایانی ( بیاینا ) وەستان لەو ناوچەیەی، كە لە دواییدا بە ئورارتویان نێو دەبردو هەرێمی نایری كۆن و ئەو ناوچانەش ، كە سەر بەو وولاتە بوون‌و درەنگتر بـــــــە ئەرمەنستان نێودار بوو[٣٩] •

ئەگەرچی ( هالد ) خوداوەندی هەرە مەزنی وولاتەكەیان بوو ، ئورارتێكان لەرووی رامیارێوە خۆیـــان بەجیهان بەنێوی ( خالدی ) نەناساندوە ، بۆیە زاراوی رامیاری ( ئورارت ) وەیا ( ئوراشت ) هەروا وەكو نێوی دەوڵەتێك مایەوە •

له ســـەردەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین دا هۆزانی وولاتی (بیاینی) هەروەکو دانیشتوانی ناوچەکە بەخۆیان دەگوت، یەکیان گرت ، لە هەرێمی بەری رۆژهەلاتی ئاسـیای بچووك داو ئەوسا پێیان دەگوت یەکێتی هۆزانی ( ئورو ئاتری ) ، کـە بوو بە ناوکی شانشینی ئورارتو ، لە هەزارەی یەکەمی پێشـ زایین دا ئەم هۆزانە بە نەتەوەی کۆچکەر نەدەژمێردران ، بەلکو دانیشتوانی بنجی‌ی ئەم هەرێمە بوون ، لەوانەیە لە ســـەرەتادا لەرووی زمانو کەلچەرەوە پیوەندییان بە جیهانی قەفقاسیوەو پشتی ئەویشەوە هەبوبێت ، بەلام پێوەندیان لەگەل جیهانـــی ( هوری )دا بەهێزتر بووە • لە سەردەمێکی درەنگتردا ئـــەو پێوەندییە کەلچەرییەیان لەگەل دراوسێی بەری باشووریان ، کە ئاشوری بوون سەری هەلدا ووشەی ئورارتو لەنێو زمانـــی ئاشوری‌دا پەیدابوو[٤٢] • ئێستەش ئەرمەنی دانیشـــتووی دەوروبەری گۆمی وان و گۆمی وورمێ ووشەی ئورارتی لەنێو شێوەی[٤٣] گفتوگۆکردنیان دا بەکاردێت ، هەروەکو مێـــژوو نووسی سۆڤێتی ئەڤدییف دەلێت ، ئەمەش پێوەندی زمانەوانی ئورارتی بە جیهانی قەفقاسیوە پێشان دەدات ، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر زمانێکی مردووی ئەم زمانانەی قەفقاسی نەبێت • لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین‌دا ، وەیا لە دوای نەمانی دەولەتی ئورارتی‌دا بە لایەنی کەمەوە بە سێ سەدە هیرۆدۆت نەتەوەکانی ئـــــەم ناوچەیەی ، بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ئاسیای بچووکەوە باســـ کردوەو بەنێوی ( ئەرمەن ، ساسپیر ، ئەلارودو ماتیێنی[٤٤] ) ،

هیرۆدۆت بەپێی شوێنی جوگرافیان مەبەستی لەم ناوانە ( ئەرمەن ، ئیبیری - کە بەشێکن لە گورجی ، وئورارتـــوو میتانی - هیندی ئەوروپی بووە ، کە لەگەڵ هووریاندا تێکەڵ بوون -) ، بەواتا ئەم مێژوونووسە توانیویەتی لە رووی زمانەوانی و ئەتنوگرافیوە ئەم نەتەوانە لێك جیاواز بکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەی نێوی ( هوری ) یشـــیان لە ســـەدەی دووەمی پێش زایین دا بەسەردا زاڵ بوویێت • هیرۆدۆت لە پەرتووکی ســـــێیەمی مێژووکەیدا ، کە نێوی نۆزدە هەرێمە کارگێرێکانی سەر بـــە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی باس دەکات ، هەرێمی سێزدەهم وولاتی ماتیینیە ( وەیا وولاتی میتانییان )• هەروا باسی ساسپیری(٤٥) (کە نەوەی گورجییانن )و ئەلارودی ( نەوەی ئورارتویانن )، وا دیارە نێوی هورییان لەگەڵ نەمانی پەرستراویان لەم قۆناخەدا لـــە نێوچووە ، کە ماوەی سێ سەدەیەك بەسەر رووخانی شانشینی ئورارتوو ئاشوریاندا تێپەریوە •

پێویستە لەوانەی لەمەوبەر باسکران جیاوازی بخرێتەنێوان ئەو باسانەی ، کە پێوەندییان بە قۆناغانی مێژوویی‌یەوە هەیەو دەوری هەر نێوێك لە نێوانی ئایینی ، رامیاری ، ئەتنۆگرافی دابندرێت ، کە لە باکووری میزوپوتامیادا دۆزراونەتـــەوە وەك ( هوری ، میتانی ، ئورارتو ، بیایناو هالدی ••هتد )• هووری نێوناتێکی ئایینی گشتیەو واتایەکی گشتی هەبووە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە بەواتا لە سەردەمی نووسینەوەوە •

ووشەکە نیشـــانەیە بۆ ئەو نەتەوانەی لە وولاتی زۆزان ( سوبارتو )دا ژیاون و خەڵکەکە باوەڕیان بە خوداوەندێکی مەزن

هەبووەو نیشانەکەی کەوانەی ئەو هەتاوە بووە ، کە بە هەردوو باڵە ئاوەڵەکانی لە ئاسمان دایە • بێ سوو ئەمانەی بەم نێوە هاوبەشە یەکیان گرتبوو لە ناوچەیێکی فراوانی وولاتی زۆزان ( سوبارتو )دا لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە ژیاون و هەبوونو رەوشتی ئاینیشیان لە پەرستگەکان دا بە زمانێکی هاوبەش بووەو زمانەکەش زمانێکی زیندوو بووەو ئەوسا لە پاژ ( جزء )ێکی ئەم ناوچەیەدا قسەی پێکراوەو تایبەتێتی خۆشی هەبووە لەنێو زمانانی دیدا ، بۆیە هێندێك نێوی سوبارتی ، کە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوەو پێشان دەدات ، کەوا زمانی سوبارتو هیچ پێوەندیکی بە زمانی هورییەوە نییە ، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە زۆر ڕاستە ، بەلام هەر دەبێ چەند کۆمەڵێکی هووری کشابنەوە ناوچەی کشتوکالی پەرەسەندووی بەری باشورەوە ، کە لەسەردەمی زنجیرەی بنەماڵی ئوری سێیەمدا بووەو ، بە ڕادەیێك بووە هۆی کوژانەوەی ئەستێرەی نێوی ( سوبارتو ) بەشێوەیێکی گشتی بەرامبەر بەو نێونانە ئاینیە گشتیەی ئەمانەوە وەکو ( هووری )و لە بەرامبەر نێوی رامیاری دەولەتەکەیان کە ( میتانی )بوو • لە راستیدا سنووری رامیاری ئەم دەولەتە ، کە لە سەرەتادا چینێکی هیندو ئەوروپی نێو کۆمەڵەی هووری پەیدابوو لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاییندا ئەم وولاتەی هەموو گرتبۆوە •

بۆیە بۆ نووسەرانی مێژوو زۆر سەخت بوو بتوانن جیاوازی لەنێوان نێوی ( هووریو میتانی )دا بدۆزنەوە ، کە

چەمکی ئایینیو رامیاریان تا دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتــــی ئاشوریش هەر هەبووە •

جالەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئورارتو بەهۆی سنوورو ئەو بارو دۆخەی دەورەی هەبوونی دابوو وەکو هێزێکی رامیاری لەچاو جاراندا زۆر سنووردارتر بووە ، بۆیە هەر لەگەڵ رووخانیدا نێوەکەشی یەکجاری نەما تەنیا شێوە عیبرێکەی نەبێت ، کە لـە کێوی ( ئارارات ) دایە ، بەڵام نێوی وولاتی ( بیاینا لە دوای پەیدابوونی دەوڵەتی ئورارتی زۆر بەدەگمەن لەنێو نووسینی مێخــیدا بـەرچـاو دەکـەوێـت ، بـەڵام نێــوی ( هالدی وەیا وولاتی هالدیا ) لە زۆر باردا بەنێوێکی ( هووری ) دەچێتو نێوی خوداوەندی ( هالد ) بەر لە پەیدا بوونی دەوڵەتی ئورارتی هەروا لەسەردەمیو لەدوای پەیدابوونیشیدا هـــەر هەبووە ، زۆربەی بنکەی پیرۆزو پەرستگەکانی ئەم خوداوەندانە لەنێو جەرگەی وولاتی کوردەواری ئەمرۆدا بووە ، ئەمە دەوری دانیشتوانی کۆنی کوردستان لە زیندووکردنەوەی رەوشـــتی ئایینی پێشان دەدات ، ئەو رەوشتەی بەندیواری بە پێوەندی دەروونی ئەم خوداوەندەوە بووە لە باکووری رۆژهەڵاتـــی ئاسیای بچووکو باکووری وولاتی میسۆپوتامیادا بەگشـــتی • هەتا لە سەردەمانی ئیسلامیشدا کوردی ئەم ناوچە پیرۆزانەو بنەچەیان و هەرێمەکەشیان و خۆیان بۆ خالدی کوری وەلیـــد گەڕاندۆتەوە ، ئەمەش لەبەر نێزیکی ئەم دوو نێوەیە •

له ڕاستیدا ئەو خوداوەندە ڕۆلێکی دیاریکراوی لە بنیات نانی بیروباوەڕی چینی دەسەلات داری شانشینی ئورارتودا وەکو خوداوەندی جەنگ هەبووە ، کەچی خوداوەندی ( هوور ) لەم شانشینەدا بەنێوی ( شقینی ) دەرکەوتوەو دروشمەکەشی هەر کەوانەکەی خۆر بووە بە هەردوو بالەکانێوەو لەگەڵ هەمان چەمکی بڵاوبووی ئەوسا ، کە سەبارەت بەو خوداوەندەوە لەمەوبەر هەیبووە • بەلام خوداوەندی سێیەمی دەولەتی ئورارتو ، خوداوەندی رەشەبای شاخ وکێوان بوو و نێویشی ( تیشیب ) بووە ، کە هەمان نێوی کەوتە ژێر کاریگەری تەواوی ئەوانەوە ، بەم جۆرە رەگەزی هووری دەسەلاتداریتی بەسەر باکووری عیراق و سوریاو **جەزیرەدا**[٤٦] پەیداکرد ، **بەلام ئەوانە بە نێوی ( هوور )ەوە ،** وەیا ( خوور )وە هیچ ڕۆلێکی رامیاریان نەنواندووە ، بەلکو نێوی ماتێینی لایەنە رامیاییەکەی شانشی هووریانی ( تیشوب )ی هیتیو هووریان بووە • هەروەکو لە پەیکەرەکەیەوە دیارە ، خێزانی ئەم خوداوەندە ( هیبا ) جۆرە ( خوداوەندیکی دایك ) بووەو لە هەمان کاتدا خوداوەندی نیشتمانی هووریان بووە ، بناخەو بنچینەی ئاینیو زمانەوانی هووریان ئەوە پێشان دەدات، کەوا گەلێکی چیایی بووینو شانشینی خۆیان لە دۆلانی هەرەسەرووی سەرچاوەکانی رووبارانی دیجلەو فوراتدا لە سەردەمی فەرمانرەوایی زنجیرەی بنەماڵەی ئوری سێیەم دەگەرێتەوە ، ئەوە روون دەکاتەوە کەوا هووریان لە وولاتی سومەردا کۆمەلەی بچووك بچووکیان لە کۆچەران پێك هێناوە•

دکتۆر جورج رۆ ئەم دیاردەیە بەم جۆرە باس دەکات‌و دەڵێت :

« لە چارەکی یەکەمی هەزارەی دووی پێش زایین دا لە ( هلال الخصیب//عیراق‌و سووریاو لوبنان )دا هاتن‌و چوونو پەیدابوونی هووریان بەرەو زیادبوون دەرۆیشت لە هێندێک ناوچەی تایبەتی‌دا بۆ ئەوەی هێمنانە دەستی بەسەردا بگرن ، تا وایان لێ‌هات رێژەیێکی هەرە زۆری شاری ( ئالالاخ )ی سووری نێوان حەلەب‌و ئەنتاکیە لە (١٨٠٠) پ•ز پێك بهێنن ، هەروا نێوو تێکستی ئاینیش لە ئەرشیفی (ماری)و (شارباژێر)دا دۆزراونەتەوە ، بە سەدەیێك لە دوای ئەم سەردەمە هووری‌یەکان بەتەواوی باکووری عیراقیان داگیرکردو ، و شاری ( گاسور )ی نێزیك کەرکووکیان زەوت کردو نێوەکەشیان گۆڕیوە بۆ ( نوزی ) •• زمان‌و خوورەوشتی ( دانیشتوانی پێشوویان کە سامی بوون وەرگرت و بەم پێیە بوونێکی بووژاوەیان بۆ خۆیان پێکەوەنا ، هەروا ( تەپە گەورە )و گردی بەلای ( نێزیك موسل )یش داپۆشیبوو[٤٧] »• **لەبەر ئەوەی میتانیان** خوداوەندیانی هووریان پەرستوەو کە فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگەی هووریان چ لە رووی ئایین و چ لەرووی رامیارێوە پێت وەرگرتووە ، ئاڵۆزێکی بەرادەیەك دروست کردووە کە دەربارەی ئەمە ئەتوان مورتگات بڵێت : « هەرگیز ئەوە روون نەبۆتەوە ، کە چۆن جیاوازی چەمکی ( پاشای هووری ) لە چەمکی ( پاشای دەولەتی میتانی )دا دەکرێت[٤٨] » لە کاتێك‌دا کە لە رووی ئایین‌و باوەڕەوە هووری بووەو لە رووی یاساوە میتانی ، بۆ ئەوەی ئەم دیاردە رامیاریەی نێوەڕاستی سەدەی هەزارەی دووەمی پێش

زایین‌و کاریگەرێتی لە گۆڕینی زمانەوانی‌دا روون بکرێتەوە کە بە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی رەگی زمانی کوردی دەژمێردرێت ، پێویستە باسی میتانیان‌و بوونی رامیاریان‌و رۆلیان لە کەلچەری رۆژهەلاتی نێوەراست‌و نیزێکدا روون بکرێتەوە لەو قۆناخەی ، کە دەکەوێتە پێش کۆچ کاری‌یە مەزنەکانی دووەمی هۆزانی هیندو ئەو روپیەوە ، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی سەربەخۆ هەیە • بەلام لێرەدا بۆ نمونە ئەم دەقەی خوارەوەی مینەواس پادشای خالدی‌یان ، کە سالانی ۱۹۷۳ - ۱۹۷۵ز لەگەل چەندەها تابلۆی دی لە کوردوستانی ئێراندا دوزرانەوە ، دەتوانێت ئەو جیاوازی‌یەی نێوان هوری‌یان بەگشتی‌و خالدی‌یان بەتایبەتی لە جیهانی هیندوئێرانی روون‌بکاتەوە • نووسەر دەلێت :

| | |
|---|---|
| **(۱) خالدینی ئوشماشینی** | **خوداوەندی بە توانا خالدی** |
| **(۲) مینەوانی ئیشپوینی‌خی** | **مینەوا کوری ئیشپونیی** |
| **(۳) لوگال دان نو لوگال ئەلسولینی** | **پادشای بە توانا پادشای مەزن** |
| **(٤) لوگال کور بیانیا ئوی** | **پادشای وولاتی بیانیا** |
| **(٥) ئەلوسی ئورو توشپەئی ئورو** | **دادپەروەری شاری توشپە** |
| **(٦) مینەوا شیئینی** | **مینەوا کردی** |
| **(۷) تەمەنیلی تیشیونی** | **ئەم کانی‌یە** |

# بەشی چوارەم

## بوژاندنەوەی میتانی و شورشی ئەخناتون‌و گۆڕنیەوەی زمانەوانی له کوردستان‌دا

له سەردەمی زووەوە تا ئێستە مێژووی میتانیان لەلایەن مێژوونووسانەوە بە دەگمەن باسکراوە ، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت لە پسپۆرانی ئەوروپی لێیان کۆڵیوەتەوە ، بەڵام رۆژهەلاتیکان بە شێوەیەکی گشتی پشت گوێیان خستووە ، بۆیە ئەم بابەتە لەو باسانەیە ، کە بواری لێکۆڵینەوەی فراوان بێت و شوێنێکی گرنگ و دیاریکراوی لە مێژووی رۆژهەلاتی نێزیکدا لە هەزارەی دووی پێش زایین‌دا گرتۆتەوە •

لەم قۆناخەدا هەر وەکو ( کامپل[1] )یش بۆی چووە ، دەوڵەتی میتانی بە هێزێکی مەزنی رۆژهەلاتی ناوەراست ژمێردراوەو لەگەڵ چەند هێزێکی‌دی ئەو ناوچەیەدا هەر لە بەربەرەکانی‌دا بوون ، نەك هەر لە رووی سەربازی‌یەوە ، بەڵکو لە بواری دبلۆماسیش دا ، لەو هێزانە ئیمپراتۆریەتی حیثی بەرەو ئەنادۆڵەوە پەرەی دەسەند ، هەروەها دەوڵەتی میتانی ، کە لە وولاتی کوردەواریەوە تا دەشتەکانی میسوپوتامیاو باکووری سوریەی گرتبۆوە ، لەگەڵ ئەوانەش دا بابل ( کاردونیاش ) بە سەرکردایەتی کاشیکان بووژابۆوە ، هەرواش سەرهەڵدانی ئاشوریيان لە باکووردا بەدیار بوو • ئەو هەموو هێزە کۆکراوانەی ئاسیا بەرامبەر بە هێزی فرعەونەکانی میسر وەستابوون ، کە هەتا فەلەستین و سووریا گەیشتبوون هێزی پێنجەمی لەم ناوچەیەدا پێك هێنابوو •

ئەم بارودۆخە کۆمەڵێك پێوەندی رامیاری لێك جیاوازی لەنێوان ئەم هێزانەدا خولقاندبووو شوێنەوارەکانیان لەو بابەتە دانسقانەن ، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی باکووری وولاتی میسوپوتامیاداو پێوەندی بە کەلچەری رۆژهەلاتی کۆنەوە دەست دەدەنو کەرەستەیەکی باشن • ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ بە تێزیك بوونەوەی بەرژەوەندی نێوان هێزی دووەمو پێنجەم دەدات ، کە دەیێتە نمونەی رووبەرووبی کولتوری ئاسیا لەگەڵ هی ئەفریقیدا ، دانو سەندنێکی بیرەوەریو ئایینی هندوئاوروپیو میسری کۆن ، کە لە کۆتاییدا بوون بە هۆی هەڵگیرساندنی شۆرشە ئایینەکەی ئەخناتون ،ئەو شۆرشەی ، کە بنچینەی تا رادەیەك لە وولاتی کوردەواری‌یەوە سەری هەڵ دابوو ، بە دیاری دەخات • ئەم بەشە کراوەتەوە دوو بەند ، یەکەمیان چەمکی میتانیو زمانو ئایین لە وولاتی میتانیاندا روون دەکات • دووهەمیشیان بە کورتی مێژووی بنەماڵەی هەژدەهەمی پاشایەتی نوێ لە میسردا روون دەکاتەوە ، کە ئەخناتون یەکێکە لە فرعەونەکانی • هەروا بەندی یەکەمو دوهەم ئەو پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتیو رامیاریو ئایینی‌یە شیی دەکاتەوە کە لە نێوان پاشاینی هەردوو وولاتدا پەیدابووە •

# بەندی یەکەم

# بوژانەوەی میتانی

## أ – چەمکی میتانی

لە هەزارەی دووی پێش زایین‌دا ، نێوی میتانی بەدەرکەوت وەکو نیشانەی چەمکی رامیاری دەوڵەتێك ، کە لەنێو کەلچەری خەلکێك‌دا پەیدابوون بە هووری نێودار‌بوون‌و ئەو چینـــەی سەرۆکایەتی دەکردن لە رووی زمان‌و جنســـەوە ، هیندی – ئەوروپی‌یەکی ( هیندی – ئاری ) شێوە ئاسیایی بەسەریان‌دا زاڵ ببوو • شەڕکەرو سوارچاکەکانیان بە ( ماریانو ) نێودار بوون هەروەکو نێویان لە هێندێك ئەو تۆمارکراوانەی پێوەندی بـــە میری دەوروبەریانەوە هەبووە هاتووە[2] • ئەم نێوە هەر لـــە بنچینەوە لە شێوەی ( مایتینی )دا بووەو مۆرفیمێــکی هندی – ئەوروپییە ، لەپاڵ ناوە ناوچەیەکەی ، کە لە شێوەی ( هانـــی گالبات وەیا هـــالی گالبات ) بـــووە ، هەروەکو لـــە تابلۆکانی کەرکووك ( نوزی )دا هاتووە •

بەڵام ئەم چینە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیی‌دا وەکو هێزێــکی ڕامیاری لەنێو هووریان‌دا ، زۆری سوود لە بەربەرەکانی نێوان میسرو حیثی وەرگرت بۆ سەر سوریا ، وولاتەکەی خۆی لـــە کوردستانی ئەمڕۆوە بەرەو رۆژئاوا فراوان کردو باکـــووری سوربەی داگیرکرد • بە پێی گۆتەی جورج رۆیەکەمین پاشایەکی میتانی ناسراو پاراتارنا Paratarna بووە لە ( دەوروبەری ١٤٨٠ پ•ز ژیاوە ) ، ئەنتوان مورتکارت بـــە ( شـــوتتارنای یەکەم ) ی نێو دەبات کـــە ناوەکەی لەســـــەر پەیـــکەری

( ئیدریسی ) - پاشای ئالالاخ - هاتووەو ئەوە پێشان دەدات ، کەوا پاراتارنا گەورەی ئەوە ، هەروا نێوەکەی لە تابلۆیەکی دیدا هاتووە کە لە نوزی لە نێزیك کەرکووك دۆزراوەتەوە هـــەروا نێوەکەی لەسەر ئەنگوستیلەیەکی هەڵکەندراو بینراوە ، پاشـا شاوشاتتار نووسراوەکانی خۆی پێ تۆمار کردووەو[٣] بـــە شێوەیەکی گشتی پاشایانی میتانی کە لە مێژوودا ناســـراون ئەمانەن :-

کیرتا ، شوتتارنای یەکەم ( کۆتایی سەدەی ١٦ پ•ز ) ، ئیارراتتارنا ، دار (؟) ساداتتار ، ساوساداتتار ( نێوەڕاســتی سەدەی ١٥ پ•ز ) ئارتادامای یەکەم (کۆتایی سەدەی ١٥ پ•ز)، شوتتارنای دووەم ( سەرەتای سەدەی ١٤ پ•ز )، ئارتاشتومارا، توشـــراتتا ( دەوروبەری ١٣٦٠ پ•ز )، ئارتادامای دووەم ، شوتتارنای ســـێیەم ( دەوروبەری ١٣٤٠ پ•ز ) ماتتیڤازا ، شاتتوارای یەکەم ، ڤاساشاتتا ( کۆتایی سەدەی ١٤ و سەرەتای سەدەی ١٣ پ•ز )و شـــاتتوارای دووەم ( دەوروبەری ١٢٧٠ پ•ز ) •

لەنێوان ئەم پازدە پاشایانەدا هەر تەنیا شاوشـــــتتار ( ساوساداتتار ) دەنگوباسی تۆمارکراوی ( ساڵی ١٤٨٠ پ•ز ) بۆ بەجێهێشتووین کە خۆی بە گەورەی کۆشكو باڵەخانەی ئاشوریان داناوە • لە کاتێك دا پاشایانی ئاشوری لە ئاشوور رابی هەتا ئاشوور نادینا هەر بە نێوپاشا بوون و پاشان توشـــراتتا ( ١٣٦٠ پ•ز ) نێوبانگی دەرکردوەو پێوەندێکی باشی لەگەڵ

میسردا پەیداکردوەو ئەرشیفی ( تل العمارنه ) ئەوەمان پیشان دەدات کەوا ژن خواستن لەنێوان خێزانی پاشایانی میسرو میتانی‌دا لە سەردەمی تحوتمسی چووارەم و ئامونحوتبی سـێیەم‌و ئامونحوتبی چووارەم ( ئەخناتون )دا بووە ، کە لەسەر لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لێی دەدوێم • هەروا شوتتارنای دووەم، کە لەدوای ( شاوشار-ساوساداتتار ) هاتووەو پەیکەری خوداوەندی عشتار - خوداوەندی نەینەوای بۆ فرعەونی میسر ناردووە بۆ ئەوەی تەندروستی پێ‌ببەخشێت[٥] بە هەر حاڵ ئەم نێزیك بوونەوەیە لەگەڵ میسردا هۆیەکی سەرەکی داگیرکردنی حیثیان بۆ سەر وولاتی میتانیان بووە • توشراتتا بوو بە قوربانی ئەو هەڵوێستە رامیارییەی‌و لەنێو کۆشکی خۆی‌دا کوژرا لە ئەنجامی دەستراگرتنی پاشایەتی میتانیان لە پایتەختەکەیان دا ( واشوکانی ) ، بەڵام ماتتی ڤازای کوری توشراتتا لەدوای نێزیك بوونەوەی لە حیثیان‌و بە یارمەتی پاشای حیثی شوپیلولیوما توانی پاشایەتی لە شوتتارنای هووری ، کە زەوت کەری بوو ، وەربگرێتەوە • لەسەردەمی ئەم پاشایەدا مەزنی دەسەڵات دارێتی میتانیان و هووریان کۆتایی پێ‌هات ، چونکە ئەم یارمەتی‌دانەی حیثیان بۆ گێرانەوەی پاشایەتیان فراوان کردنی دەسەڵات دارێتیان بەرەو رۆژهەڵات‌و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك لەسەر حسیبی دەوڵەتی میتتانیان بوو بەرادەیەك دەسەڵات دارێتیان کەوتە هەرێمێکی بچووك ، کە ئاشوریان ( هانی گالبات ) یان پێ‌دەگوت ، چونکە حەدەنیراری یەکەمی ئاشوری ( ١٣٠٧-١٢٧٥ پ•ز ) بەشێکی لە

وولاتەکەیان داگیرکرد ، هەروا شالمانصاری یەکەمی ئاشوری ( ١٣٧٥ - ١٢٤٥ پ٠ز ) ئەو زەوی وزارە میتانییەی ، کە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی فوراتی داگیرکردو خستیە ژێر دەسەڵاتداریێتی خۆی[٦] ئاشورێکان نێوی ( هانی گالبات ) یان لەو دەشتانە نا ، کە کەوتۆتە نێوان دیجلەو فورات لە بەشی خوارەوەی زنجیرە چیای توروس[٧] ، بەڵام پایتەختەکەیان ( واشوکانی ) لە شوێنێکی ئەم ناوچەیەدا بووە ( لەوانەیە لە نێزیکی سەرچاوەی ڕووباری خاپوور بوویێت[٨] ) ٠ وەکو ڕاستیەك لەو سەردەمەی ، کە دەوڵەتی میتانی لە بەرزترین پلەیدا بووە هێندێك نیشانەی سەلماندراوو قایل کردن هەیە بە پێی قسەکانی جورج رو « بەهەبوونی کاریگەری رامیاری هووری - میتانی لە ئوگاریت ( رأس شمرا )ی ئەمڕۆ کاتێك لە وولاتی سوریەو فەلەستینیش‌دا ژیاون ، یا وەکو بەشێوەیەکی تیان بووە » بەپێی گۆتەی ئەم زانایە ٠ هەروا بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت کەوا « دەتواندرێت تێبینی کاریگەری زێتر لەوانە بۆ سەر باکووری عیراق بکرێت ، چونکە بەڵگەی تەواو بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لەو باوەرەدابین ، کەوا هەموو ئەو پاشایانەی ئاشوری ، کە لەنێوان سالانی ( ١٥٠٠ - ١٣٦٠ پ٠ز ) فەرمان رەواییان کردووە لە راستی‌دا کەوتبوونە ژێر دەسەلات داریێتی پاشایانی میتانی ، هەتا شاوساتار دەنگوباسی داگیرکردنی ئاشورمان دەداتێ‌و لەوێوە ( دەرگەیەکی زێرین‌و زێنوینی ) بۆ واشوکانی پایتەختی خۆی گواستۆتەوە ، چونکە لە پاشایانیان لێیان یاخی ببوو[٩] » ئەمە ئەگەر هاتوو هەواڵی پەیمانەی ، کە

لەنێوان دوا فەرمان ڕەوای میتانی ماتتی ـ ڤازاو پاشای حیثی شوپیلیولیومادا ڕاست بێت ، لە کاتێکدا ، کە لەپاڵ ئاشووردا نیمچە دەوڵەتی بچووك بچووك هەبوونو کەوتبوونە ژێـــــر دەسەڵات دارێتی وولاتی میتانی لە ڕۆژهەلات و رۆژئاوادا بـە پێی قسەکانی دکتۆر ئەنتوان مورتگات • وە نەبێت پاشایانـــی ئاشـــــوری لەنێوان سالانی ١٤٥٠ ـ ١٣٧٥ پ•ز لەوە زێتر بووبن ، کە هەر بەناو پاشا بوون ، چونکە ئاشوور ـ رابـــی یەکەمو ئاشوور نیراری سێیەم هەروا هەردوو کوڕەکانی ئەوەی هەرە دواییی کە نێویان ئاشـــــوور ـ بیلینیشیشوو ئاشوور ـ ریمنیشیشو بوون سەر بە فەرمان ڕەوایانی میتانی بوون • هەروا ئەریبا ـ حدد کوڕی دووەمی ئاشوور ـ بیلنیشیشو لە سەرەتای حوکمدارێتیدا هەر سەر بە توشراتتا بووەو نێوی میـــــری ئایینداری لـە ( ئاشـــــوور ) نا ، ئەم بارە هەروا مایەوە ، بەڵام لەدوای مردنی توشـــــراتتا تێك چوو و ئەم دەسەلات دارێتیەی میتانی نەما •• وای بۆ دەچن کەوا ئەربیا ـ حدد ئەو ئازادکەری ئاشوور بووە لە فەرمان ڕەوایەتی میتانیانو ئـــەم پاشایە هاوچەرخی شوپیلیولیومای حیثیو ئەخناتونی فرعەونی میسر بووە(١٠) •

لەدوای کۆچی دواییکردنی شوتتارنای دووەم دەبـــــا ناخۆشیو ناکۆکی لەسەر پاشایەتی ڕووی‌دا بێت توشراتتا بە هەلی زانیبێتو خۆی بە پاشای میتانیان دانابێت • لە کاتی ئێستەدا هیچ سەرچاوەیەك پێوەندی نێوان توشراتتاو ئەو پاشایانەی بەر لەو هاتوون روون ناکاتەوە ، جا نازاندرێت ئایا خۆی بـــــە

ڕێگەیەکی ڕاستو ڕەوان هاتۆتە سەر تەخت یان بە زەوت کردن، بە هەرحاڵ بێت ئەوا ئەو پاشایە بوو بە یەکێك لەو پاشایانەی سەرکردایەتی ئەو پێنج هێزە مەزنەی بەری رۆژئاوای ئاسیایان کردووە • لەبەر ئەم شوێنە ڕامیارییەو ئەو بارو دۆخەی بوونە هۆی پەیدابوونی میسریان لە سوریەداو بەرهەڵست کردنی حیثیان بۆ پەیدا بوونی میسریان لەم ناوچەیەدا چەندین نامە سەبارەت بەم ڕووداوانە لەنێوان پاشای میتانیو فرعەونەکانی میسری ئاڵ وگۆر کراون بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی هەژدەمینی میرنشینی تازە ( ئەو بەشەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ شۆرشی ئەخناتونم ئامادەکردووە وەرگێڕانی یەکێك لەو نامانەی تێدا هەیە ) بەهۆی ئەم نامانەوە شارەزایەکی زۆر دەربارەی ئەو پاشایە دەزانین لە چاو هەموو پاشایانی‌دی میتانیانەدا • بەلام ئەو پەیمانەی کە ماتتی ـ ڤازای کوڕی توشراتتا ناچاربوو لەگەڵ شوپیلولیومای پاشای حیثی مۆری بکات ، ڕەنگدانەوەی ئەو لێك نێزیك بوونەوەیەی میسری ـ میتانیەو هۆی راستەوخۆی ئەو گۆڕانە کتو پیرەیە ، کە لە کۆتایی فەرمان رەوایەتیدا رووی‌داو هەروا بۆە هۆی رووخانی دەسەلات دارێتی میسریو حیثیان • بەلام توانینی حیثیان بۆ لاوازکردن و بێ هێزکردنی میرنشینی میتانیو نەهێشتنی دەسەلات دارێتی وای کرد بەرەنگارێکی نوێ لە مەیدان دا بۆ ئیمبراتۆریەتی حیثیان پەیدابێت ، کە ئەویش ئاشووری سەربەست بوو • کە حیثیکان هەستیان بەم مەترسیە کرد پێشەکی هەولی دوورخستنەوەیان دا بەوەی پێوەندیکی چاکیان لەگەڵ پاشایانی کاشی پەیداکرد ،

هەروا سەرلەنوێ میرنشینی میتانیان لەسەر سـنووری خۆیان دامەزراندەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێکی نێوان خۆیـانو ئاشووریان ٠

وا دەردەکەوێت لەسەردەمی تواشراتتادا ، کە بە هۆی ژن خواستنەوە خزمایەتی لەگەڵ فرعەونەکانی میسر پەیداکردبوو پاشایەکی هووری لە وولاتی میتانیاندا هەبوویێت ، کە سەر بە حیثیان بوویێت و دژ میسریان وەستابێتو هەروا دژی خانەوادەی پاشایەتی میتانیان بووە لەبەر ئەوەی لە میسر نێزیك بۆتەوە ٠ نێوی ئەم پاشایە لە پێشەکی ئەو پەیمانەدا هاتووە ، کە لەنێوان ماتتی – ڤازاو شوپیلولیومادا مۆرکراوەو بە شێوەی ( ئارتاتاما )، کە لەگەڵ توشراتتادا فەرمان – رەوایەتی دەکرد ، بەڵام ڕادەی نیزیکایەتی لەگەڵ خانەوادەی پاشادا نازاندرێت ٠

مورتگارت دەڵێت : « پەیدابوونی پێوەندی دبلۆماسـی لەنێوان ئەرتاتامای هوریو شوپیلولیومای حیثی هۆی سەرەکی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە بوو ، کە توشـراتتا دژی حیثیەکان کردی ، بەڵام لەنێوچوونیشی هەر لە ئەنجامی ئەم جەنگەدابوو ، چونکە شوپیلولیوما بەسەرکەوتویی سەرووی وولاتی شـامی گرتەوە ، کە تەوەرەی ناکۆکی هەردوو میرنشـینەکە بوو و رووباری فوراتیشی بڕیوەو پایتەختەکەی توشراتتای داگیرکرد، کە واشوکانی بوو ، کە لە نێزیکی سەرکانی ( رأس العين ) ، لەسەر رووباری خاپوور بووە »٠ هەروەها دەڵێت :

« شوتتارنای کوڕی ئەرتاتاما ئەم دۆخەی بە هەل زانیو وولاتی میتانیانی وێران کرد ، جا ئەوەی لێرەدا سەیرە پاشایەتی میتانی بەر هیچ کامێکیان نەکەوت نە باوكو نەکوڕ ، چونکە ماتتی ـ ڤازای کوڕی توشراتتا توانی خۆی بگەیەنێتە ئاسیای بچووكو شوبیلولیوما کچێکی خۆی لێمارەبکات لە شوێنی باوکی خۆی دایبنێت بیکات بە پاشا •

ماتتی ـ ڤازا وەکو زاوای شوپیلولیوما هەر وەکو بە نێویش کرا بە پاشای میتانیان و بە پێی نێوەرۆك و پێناسەی پەیمانە نێودارەکەی نێوانیان ، ئەوە ماتتی ـ ڤازا بوو بە شوێن کەوتەی پاشای حیثی • هەروا میرنشینەکەش ببوو بە بەربەستێکی بەرگربکەری دەوڵەتی حیثی بەرامبەر بە دژ وارترین و ترسینەرتری دەوڵەتی رۆژهەلاتی نێزیك ، کە لە کۆتایی هاتنی فەرمان رەوایەتی توشراتتادا سەربەخۆیی وەرگرت ئەویش دەوڵەتی ئاشوور بوو(۱۱) » • بەم جۆرە میرنشینی میتانی بوو بە نیمچە میرنشینێکی ئیمپراتۆریەتی حیثیو لە دوایی‌دا لەلایەن ئاشوریانەوە داگیرکراو دەسەلات دارێتی میتانیان لەئارادا نەماو گەلی هووری هیچ سەرکردایەتێکی رامیاری بەدەستەوە نەما ، بەڵکو هەموویان بە شێوەیەکی سەرەکی لەو ناوچانەدا کۆبوونەوە ، کە لەنێو نووسراوانی ئاشوری‌دا بە وولاتی ( نایری ) نێوی هاتووە ، وا بەدیاردەکەوێت ئەمانە هۆزی پەرش وبلاوبوونو لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی پ•ز لەژێر سەرکردایەتی خەلکێکدا کۆبوونەتەوە کە باوەڕیان بە خوداوەندی ناوچەیی خۆیان ( هالد ) هەبووەو ئەو چینەیان پێك

هێناوە ، کە سەربەخۆیی ڕامیاریان بەدیهێناوەو بە ئێـــوی ( ئوراراتو[١٢] ) نێوداربوونو زمانی میریان لەپاڵ ئاشوریدا بە زمانی هالدی نێوداربووەو ئەم زمانەش لە ڕاستیدا هەر بـــە زاراوەیەکی پەرەسەندووی هووری کۆن بووە •

## ٢ ـ زمان لە وولاتی میتانیدا

هاتنە خوارەوەی مورشیلی یەکەم ـ پاشای حیثی لـــــە ئاسیای بچووکەوە بەرەو وولاتی بابل لە ساڵی ( ١٥٩٥ پ•ز ) داو کشانەوەو گەڕانەوەشی بۆ وولاتی خۆی[١٣] بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کێشەی ڕامیاری ، کە بە چاوگەی بەرپابوونو بـــەر-بوونی گۆڕانێکی تەواوی وولاتی میسوپوتامیا دادەندرێت ، ئەم گۆڕانەش باکوورو ڕۆژهەلاتی لە هەزارەی دووی پێش زایینیدا ئەم ناوچەیەی گرتبۆوە •

ئەگەرچی لەپێش هاتنی مورشیلی یەکەم بۆ ئەم ناوچەیەو داگیرکردنی بابل ، هووریان بە هێمنی لە بەشێکی زۆر فراوانی ئەم هەرێمانەدا بلاوببوونەوە ، هەروا بەڵگەی هەبوونی ئـــەم هووریانە ئەو هەزارەها تابلۆ کارگێرییانەن ، کە بۆ سەردەمێکی کۆنتر لە زنجیرەی حەمۆرابی دەگەڕێنەوە نێوی هووریانی تێدا تۆمار کراوە ، واتە بۆ سەردەمی زنجیرەی ئوری سێیەم ( ساڵی ٢٠٠٠ پێش زایین ) • لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو تابلۆ یاســـاییو بازرگانییانەی لە ( نوزی )ی نێزیك کەرکوك دۆزراونەتەوە هەمان بەڵگە بە دەستەوە دەدەن ، هەروا ئەو تێکستانەی واتای ئایینی دەبەخشنو بە زمانی هووری نووسراونەتەوەو لە ئەرشیفی

شاری ( ماری ) دۆزراونەتەوەو بۆ ســەردەمی ( زیمریلیم )ی پاشای ماریو دوژمنی حەمۆرابی[١٤] دەگەڕێتەوە پشتگیری ئەو رایە دەکەن ، کەوا هووری لەم هەوارانەدا هەبوون لەپــاڵ ئەوانەشدا هەموو ئەو نیشتمانی ئەسلی خۆیان لە ســەرووی میزۆپۆتامیادا ( کوردستانی ئەمرۆ ) لەم قۆناخەدا ببوو بــە شوێنێکی گونجاو بۆ بڵاوبوونەوەی هۆزانی هیندو ئەورووپی ، ئەوە وای لە چینەکانی هەرەباڵا کرد هۆزەکان یەك بخــەنو دانیشتوانی وولاتەکە یەکگرتوو بکەن لە چوارچێوەی ئــەو میرنشینە بەهێزەی لەمەوبەر لایەنە رامیارێکەیمان باس کرد • هەمان دیاردەش لەنێوان دانیشـــتوانی کێوەکانی زاگروس‌دا رووی‌داو بەتایبەتی کاشیێکان ، یەکێك لە ئەنجامەکانــــی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە رامیاری‌یە بووە ، کە دوای مردنــی سمسو ـ دیتانا لە وولاتی بابل‌دا رووی‌دا ، ئەمەش لــەدوای داگیرکردنی حیثیان بوو بەسەرکردایەتی مورشیلی یەکەم بــۆ سەر بابل‌و لەدواییدا تێك ئاڵانیان لەگەڵ هوورێکان دا لە ناوچەی ئەلزیك لە رۆژهەلاتی ئەنادوڵ دا لە کاتی گەڕانەوەو تێپەربوونی‌دا بە سەرووی میزۆپۆتامیادا[١٥] •

ئەم بەردەنگاری‌کردنی هووریان بەرامبەر بە هێـــزی مورشیلی لە پێناوی پاراستنی یاسایەکی رامیاری بووە میرنشینی میتانی لەو قۆناخە سەرەتایانەی‌دا ، کە ئەستێرەی درەوشاوەتەوەو فراوان بووەو لەدوایی‌دا لەنێوان ساڵانی ( ١٥٠٠ - ١٣٦٠ پ٠ز ) بە ئیمپراتۆریەت نێوی دەرکردووەو سنوورەکەی لە باشووردا هەتا دەشتەکانی کەرکووك ( ئەراپخای کۆن ) گەیشتووە لــە

بۆ ئەو لقە زمانەوانی‌یە دەگەڕێتەوە کە تێکستە ئایینێکی هەر لەو کاتەدا پێ‌نوسراوەتەوە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ، کەوا بۆ یەك رەگەزی هاوبەش دەگەڕێنەوە ، کـــاتو شـــوێنی لێـــك جیابوونەوەیان بەتەواوی نازاندرێت ، بەلاّم هەر دەبێت لە پێش هەزارەی دووی پێش زایین‌دا بێت ، یانی لە سەردەمێك‌دا هێشتا شارەزاییان لە چۆنیەتی نووسینێکی دیارکراودا نەبووە ، بـــە بیروای من ئەو زمانەی لە میرنشـــینی میتانی‌دا بلاّوبـــۆوە ئەگەرچی بناخە هیندو ئەوروپیێکەی - لقی رۆژهەلاّتـــــی پاراستووە ، بەلاّم لە هەمان کات‌دا زۆر ووشەی ناوچەیی خۆی تێدا ماوەتەوە ، کە سەر بە زمانێکی ناوچەیی ئایینی رۆشنبیری بووە ، ئەمڕۆ بە زمانی هووری نێوداراە ، ئەگەر چیش هێندیك جار ئەو ناونانە لەگەڵ ناوی سوبارتۆدا تێکەڵ دەکرێت • لـــەم بوارەدا دەتوانین ئەوە بلێین کەوا ئەو زمانە ناوچەییە ئەسلیە ،کە ئەمڕۆ بە هووری ناوبانگی دەرکردووە زمانێکی پیـــــرۆزی دانیشتوانی وولاّتی سوبارتۆ بووە تا ماوەیەك ، شوێنەوارەکانی بە نووسینی مێخی بە تۆمارکراوی بۆمان جێ‌ماوە ، لە ســـالّی ( ١٨٩٧ )دا پرۆفیسۆر پنچیس Pinches لە کۆڤـــاری ( کۆمەڵەی پاشایەتی ئاسیایی ) ووتارێکی دەربارەی ئـــــەو تابلۆیانە بلاّوکردۆتەوە ، کە لـــــە ( نوزی ) دۆزراوەتەوەو[٢٠] ئەوسا لەو مەڵبەندە سەرەکیانەی هووری‌و میتانیان بـــووەو تێـکستێکی زۆری بە زمانی ناوچەیی ، کە بە هووری نێودارە تێدا تۆمار کراوە • دەربارەی ئەم نووسراوانە گاد C. J. GADD

ڕۆژهەڵات تا بەرزاییەکانی کێوانی زاگروس‌و لە ڕۆژ ئاوادا هەتا زەریای سپی نێوەراست بووە ناوجەرگەشی لە ناوچەی خاپوور بووە کە پایتەختەکەی واشوکانی بووە زۆر وای بۆ دەچن لـەم هەرێمەدا دامەزرابێت(١٦) .

لە هەزارەی دووی پێش زایین‌دا بە تایبەتی لەنیوەی دووەمی دا میرنشیی میتانی ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کردبوو ، چونـکە نێزیکەی سەدەیەك مەڵبەندی سەرکردایەتی لە ڕۆژهەڵاتـــی نیزیکدا بەدەست بوو ، سەرۆکایەتێکە بە دەسـت خەلکێکەوە بوون لە هەرێمێکی دوورەوە هاتبوون‌و دانیشتووی ئەسـلی ناوچەکە نەبوون ، بەلـکو لەگەڵ ئەو کۆچە گەورانەی هۆزانی هیندو ـ ئەوروپی‌دا روویان لەم هەرێمە کردبوو ، کە لە بەشـی دووەمی هەزارەی ســێی پێش زایین‌دا نیشـــتمانی خۆیان جێ‌هێشتووە بەپێی قسەکانی مێژوونووسی سوڤیێتی‌ـ ئەبابیف(١٧) ، هەروا ئەبابیف وای بۆ دەچێت ، کەوا ئەو هۆزە ئارییانە لەدوای هاتنیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە(١٨) بە ڕێگەی قەفقاسیا بەرەو ڕۆژهەڵاتی نێزیك ، لێرەوەش کۆچەکانیان هەر بەردەوام بـووە بـەرەو هینـدو لــە نێـو تیکســـتی ئەکەدی‌و حیثیان‌دا ئەو رووداوە لە هەزارەی دووی پێش زایین پێشان دەدەن(١٩) .

ئەمە بە پێی بۆچوونی ئەبابیف ، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئـەم زمانەی ، کە بوو بە زمانێکی میری میرنشینی میتانی لەنێـو بوارێکی زمانەوانی بژاردەو جووێ کەرەوەدا پەیدابوەوەو هەر

دەڵێت ئەوەی ئەم بەڵگەنامانە لە هی‌دی جیادەکاتەوە ئەو نێوە تایبەتییانەن کە هی دانیشتووانی ناوچەکە بوون[٢١] ، ئەوسا سەرنج ڕاکێش نەبوون • بابەتەکانی تابلۆکان بازرگانیو یاسایی بوونو هیچ شوێنەوارێکی دەسەلآت دارێتی ڕامیاری ئاشووریان لەنێو ئەم بەڵگەنامانەدا نەبوونو هەروا هیچ نێوێکی کەسی ئاشووریان لەنێوی‌دا بەدی ناکرێت ، تەنانەت نێوی خوداوەندی ( ئاشوور )یشی تێدانەهاتووە[٢٢] لە تابلۆی ژمارە ( ١-٥١ )، کە بابەتەکانی بازرگانین نێوی چوار بەرەی خێزانی هووریانی نیشتەجێی نوزی هاتووە ، لەوانەی خەریکی بازرگانی بوون ئەمانەن :-

**گیبیل - شارو بوهیشیننی شینای ، نینکیا ، وولو ، موگری - تیشوب ئاگواتیل ، بوتیای هاشیب - تیللا پیاتێشینی ، تیشانای**

دەربارەی ئەمە گاد دەڵێت : ( ئەو نێوانە میتانین )و بۆ یەکەمین جار بەهۆی نامەکانی ( تل العمارنه ) بەرچاوی کەوتنو ناسینی ، چونکە چەمکی میتانی رامیاری بووە زێتر لەوەی دانەیەکی ڕەگەزی وەیا زمانەوانی بێت ، بۆیە لەم بوارەدا لەو باوەڕەدایە کەوا نێونانی ( سوباری ) زێتر بۆ نێونانی دانیشتوانێك دەشێت کە لە ڕووی زمانو جنسەوە یەك بن هەروا دەڵێت « لە نامەکانی ( تل العمارنه )دا نیشانە بۆ ئەوە هەیە کەوا مەبەست لە سوبارتوو هەرێمی باکووری میزوپوتامیایەو سوباری ( هووری )یش دانیشتوانی دەوڵەتی میتانین[٢٣] » •

لە ڕاستیدا بەشی یەکەمی ئەم بیروباوەڕە لەقۆناخی یەکەمدا ڕێك دەکەوێت ، لەگەڵ ئەو قۆناخەی ، کە پێش دامەزراندنی میرنشینی میتانییە ، بەشی دووەمی رایەکەی بۆ قۆناخی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەست دەدات ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کەوا لەنێو چوارچێوەی ڕامیاریدا لە زمانێك زێتری تێدا نەبووبێت . ئەوەی زاندراوە دەسەڵات دارێتیان بەدەست کۆمەڵێکەوە بووە ، کە بە زمانی هیندو - ئەوروپی دواون‌و ڕەمەکی مەردوومیش ، کە دانیشتووانی بنجی‌و ئەسڵی ناوچەکە بوون بە زمانێکی ناوچەیی گفتوگۆیان کردووەو ئەو ناوانەی پێشوو بەشێکن لەو ووشانە . ئەو تابلۆیانەی لە نوزی دۆزراونەتەوە چەند ئێوی‌دی لە نیشتەجێیانی تێدا تۆمارکراوە لەوانە ( ئەلو نوزی ، کاکزی ، تاشینیپوی Tasenip (W)i کونیادی ، وازورانی ، پیرودگالامی Pir (ud) galambi بوهیشینی ، کوڕووخانی(*) زومرتوترابی‌و هاباتی ) . ئەوەی لێرەدا دەشێت بکوترێت هێندێك لەو ناوانە لێکدراو بوون وەك ( ئاری - مادکا ، ئاراپخا - ئاری ، هانا - ئاری ، نینوا - ئاری ) ئێوەکەی دواییان بۆتە ( ناودار )و کلکۆیکی پیرۆزی سوباری ئێودار بوو و کەوتبوە باشووری رۆژئاوای کەرکووك[٢٤] . ( نینەوا )ش ئێوی ئەو خوداوەندەیە کە شاری نینەوای بەئێوکراوە . هەتا هێندێك بەڵگە ئەوە پێشان دەدات ، کەوا

ئەو هووریانەی باکوری میزۆپۆتامیا ، کە بە زمانێکی ناوچەیی دووان بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ووڵاتەیان

پێك هێناوە لە دواییدا بە ئاشوور ناسراوە ، شاری نەینەواش شارێکی سوباری بووە ، پاشایانی سەرەتای دامەزراندنی ئاوشپیا Auspia وکیکیا[٢٥] بوون. بەهەرحاڵ لەدوای پشکنینیچینەکانی زەوی نیشتەجێ نوزی لەلایەن پرۆفیسۆر چیرا Chiera لە ساڵی ١٩٢٥و لەدوای ئەودا پشکنینی زانکۆی هارڤارد لە ساڵی ١٩٢٧دا ، کە بە هاوکاری پسپۆرانی عیراقیەوە کراوە ، جا ئەو بەڵگەنامانەی لەم شوێنەدا دۆزرابوونەوە بە سپایزەر سپێردرا بۆ ئەوەی بە پێی بابەتەکانی یاسایی - کۆمەلایەتی ڕێکیان بخات و قەواڵەکانیش جیابکاتەوە ، کە ژمارەیان چل پارچە بووەو سپایزەو هەمووی وەرگێراون[٢٦] . لەدوای ماوەیەکی کورت گۆردۆن لە ژمارەکانی ئەو بەڵگەنامانەی کۆڵیوەتەوەو وای بۆ دەرکەوتووە ، کەوا هێندێکیان بە زمانی ئەکەدین[٢٧] ، جا میك هەوڵیدا هێندێك نێوی ئەکەدیو سومەری لەنێو (٢٢٢) تێکستدا پێنج سەد نێو دەربهێنێتو سەبارەت بەم نێوانەش گوتویەتی زۆربەیان دووبارەنو لە عیلام و کەپەدوکیاشدا هەر بە کارهاتوون و هەر لە میزوپوتامیاشدا هەبوون[٢٨] .

لەو کەسانەی لە سەرەتادا لە بابەتی زمانی هووریان (میتانیان ؟) کۆڵیوەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو تابلۆ نووسراوانەی لەم ناوچانەدا دۆزراونەتەوە ( گادو بورك و سپایزەر ) بوون ، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو ، لەدوای ئەمانە پرۆفیسۆرانی ئەڵمانی بایەخیان بە بنچینەی زمانانی ( هیندیو

گەرمانی ۰۰۰! )دا ، جا بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە زمانانی کۆنی پشت قەفقاسیا لە یەکێتی سۆڤیەت دا سەری هەڵداوەو زگە زانیارێکانی کۆمارەکانی قەفقاسیا بەتایبەتی گۆرجێکان پویتەیان پێداوەو گرنگێتیان داوەتێ ، چونکە پسپۆرەکانیان لەو باوەڕەدان ، کەوا ڕەگی زمانەکەیان ، کە لە خێزاتی (کرتڤالیە) پێوەندی بە ئورارتۆوە هەیە بە شێوەیەکی تایبەتیو بە زمانی هوریشەوە بەگشتی (٢٩) ، لە بواری ئەم زمانەدا جیسن Jensen و میسیرشمدت Messerschmidt و بورك Bork خزمەتێکی مەزنیان پێشکێش کردووە ، ئەمەی هەرە دووایان بەبێ دەست نیشان کردنی هیچ هۆوبەڵگەیەك گوتوویەتی ئەو زمانەی ، کە نامەکەی توشراتتای پێ نووسراوە ، بە بەشێك لە بەشەکانی خێزانی زمانانی قەفقاسی دەژمێردرێت (٣٠) ٠

بەهەرحال لە ناوچەی ( ئورکیش و نامار )دا هێندێك تابلۆ دۆزرانەوە تیشکیان خستە سەر هێندێك لایەنی زمانی میتانی ، کە لە ناوچەی ( ئاراپخا ) پێی دوواونو لەو نووسراوانەدا نێوی کەسی بە زۆری تۆمار کراوە ، هەروا هەمان شتیش لە ئەرشیفی حەتوساس ( بوغاز کویی )ی پایتەختی حیثیان دەرکەوتووە ، کە هەمان کۆمەڵە دەگرێتەوە ٠

نێوی زمانی هووری لەم تابلۆیانەدا بە شێوەی (هور-لیلی) هاتووە ، بەڵام نێوی دانیشتوانی بە شێوەی ( هور-لیش وهور-لاش وهور-لوش ) تۆمارکراوە ٠ ئەم شێوانە لە باری کۆدا بووەو نێوەکەش بە شێوەی (Hu - u - ur - Lu - u) بووە ،بەڵام

لەنامەکانی تل العمارنە ( نامەکانی میتانی ) ئیوی وولاتەکە لـــە شیوەی ( کور ) هوررو ـ هی ، وەیا هورروو ـ هی Hurwu - he بووە[٣١] • لەوانەیە شاری روها ( ئورهورای کۆن ) ، کـــە ئەمڕۆبە ئورفە ئیودارە کە لە باشووری تورکیەیە ، ئەوســـا بە مەڵبەندی سەرەکی هووریان ئیودار بووەو ئیوەکەشی هـــەر لەنیوی دانیشتوانی وەرگیراوە ، ئەمەش زۆر لەنیوی ناوچەی حەرران ( هاریان ) دەچێت ، کە مەڵبەندی وولاتـــی هووری ـ میتانی[٣٢] بووە • لە لایەنێکی دییەوە وادەردەکەوێت ـ کـەوا هێندێك پێوەندی فۆنۆلۆژی لەنیوان زمانی هووری ( لەوانەیە زمانی کوتیو لولو بگرێتەوە )و زمانی عیـلامیدا هەبوویێتو لەلایەن مۆرفۆلۆژیۆە ئەو پێوەندییە کەمتر بووە ، بـــــەڵام پێداویســـــتەکانی ئیتیملۆژی نیوان هەردوو زمانەکە لە زۆر لایەنیوە یەکن ، هەروەکو سپایزەر بۆی چووە[٣٣] ، بە تایبەتی لە رووی ئەو پاشگرانەی لە کۆتایی ئیوی بکەردا بوون وەکـــو ( ش،س ) هەروەکو لە ( هورلیش وەیا هورلاش ) باسکراون ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیت ، کەوا هەر زمانەو تایبەتێتی جیاوازی خۆی نەبووە ، ئەگەرچی زۆریش لێك نیزیك بوون بەڵام ئـــەم نیزیکایەتیان لەگەڵ تیپەڕبوونی کاتدا کەم بۆتەوە ، ئەمەش زۆر بە ئاشکرا لە هەزارەی دووی پێش زاییـــــندا دیارە ، لەدوای ئەوەی پەرەسەندن و گۆڕانێکی زۆر هەموو زمانانی ناوچەکەی گرتەوە ، لەم قۆناخە مێژوییەی ، کە ئیستە ئیمە لیی دەدوێین ئەم تابلۆ هووریانە لەگەڵ نامە دوورو درێژەکەی توشراتتای پاشای میتانی دەورێکی مەزنیان لە ناساندنی زمانی قســـــەکردنی

خەڵکەکەو زمانی میری میرنشینی میتانی هەیەو ئەم راستیانە وا بە کورتی دەخەمە روو :ـ

زمانی هووری ( کە زمانی ڕەمەکی مەردەمو گشتی میرنشینی میتانیو هەموو دانیشتوانی باکووری میزوپوتامیا لە هەزارەی سێ هەتا نیوەڕاستی هەزارەی یەکی پێش زایین بوو ) وەکو هەر زمانێکی ئەم گێتییە بووەو خاوەن چەند دیالێکتێکی ناوچەیی بووە ( لەوانەیە زمانی کوتیو تا رادەیەکیش لولوییو خالدیو کالدوخی لەم دیالێکتانە بووبن[٣٤] )•

ئەم زمانانە هێندێك تایبەتێتی وایان تێدا هەبووە ، ئەم دیالێکتانە بە زمانێکی سەربەخۆ لە قەڵەم بدەن ، لەگەڵ ئەوەی نێوی کاسی ـ عیلامی لەگەڵ کاری زمانی هووریدا لەنێو ڕستەیەکیدا بینراون ڕاستێکەی بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە ، کەوا بە شێوەکی گشتی دوو زمانی لێك جیاواز لە وولاتی شاخاوی باکووری میزوپۆتامیادا هەبوون ئەویش زمانی هووری ( لەو زمانە ناوچەییانە بووە ، کە سنوورەکەی زۆر فراوان بووەو لە باکووری میزوپوتامیادا بووەو هیچ پێوەندێکی بە جیهانی هیندو ـ ئەوروپییەوە نەبووە )و زمانی میتانی ( زمانێکی کۆنەو لە زمانانی هیندو ئەوروپییەو تایبەتێتی فۆنۆلۆژیو ڕێزمانی خۆی هەیە )و ئەم دوو زمانانە هێندێك تایبەتێتی خۆیان لەنێو زمانی کوردی ئەمرۆدا جێهێشتووە •

بۆ وێنە هێندە دەنگێك ، کە لە دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵاتی زمانی هووریدا ( نووسراوەکانی نوزی ـ کەرکوك ) بە

پێی ناوچە دەگۆڕێت ، وەکو دەنگی ڕێ (ر) بۆ (ل) ، وەکو ووشەی هووری ( ئاموری ) دەبیتە ئامولی هەروەکو لە زاراوەی ( شار ئامولی ) و ( کلت ئامولی )، گیلشو بۆتە گیرشو هەروا نێوی مێی وولویا (Wuluia) بۆ شێوەی ووڕویا دەگۆڕێتو دەیان ووشەی دی[٣٥] • ئەم جۆرە دیاردەیەی گۆڕینی دەنگ ئێستەش لەنێو زمانی کوردیدا هەیە ، ئەگەرچی لەنێو هێندێك زمانانی هیندو ئەورووپیش‌دا هەن ، بەڵام لەم دیاردەیە گرنگتر مانەوەی پاشگری هووری ( آری )یە لەنێو زمانی کوردی‌دا وەکو ( کوردەواری - واتە هەرشتێکی پێوەندی بە ژیانی کوردەواری‌یەوە هەبێت )و زۆر لەو پاشگرە دەچێت کە لە ووشەی ( خوێندەواری )دا هەیە ، ئەگەرچی لە بنچینەدا لێك جیاوازن ، چونکە پاشگری یەکەم واتای تەواوی لەنێو ئەم ووشە هووریانەدا بەدیار دەکەوێت•هەروا نینەواری(هەرکەسێکی پێوەندی‌بە نینەواوە هەبێت)،ئاراپخاری(هەر کەسێکی پێوەندی بە ئاراپخاوە هەبێت هەروا ناوار - آری ، هانا - ری • بەڵام هێندێك ووشە هەن ، کە زۆر زەحمەتە واتەی ناوەرۆکەکەی بزاندرێت ، وەکو :

ویرا - ری ، تورا - ری ، گیلوما - ری ، کاتی - ری •• هتد[٣٦] • ئەمەو لەگەڵ هێندێك نێوی لێکدراوی‌دی ، وەکو تورا - ر - تیشوب • ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە پیتی (ر)ی کۆتایی لەنێو نێوی ناوچەو شوێنو هەرێم دا بەرچاودەکەوێت بەتایبەتی لە دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵات‌دا ، بەڵام ئەم دیاردەیە لە

ناوچەکانی دی هووریش لە کاتێکی دواتردا وەکو نێوی ناوچە پەیدابووە ( هورەزینا ـ وار ) و ( ماهی ـ ری ـ مار ) جـا ( سالادووار لە وولاتی کەپەدۆکیادا[٣٧] ) •

لە زمانی هووریدا لەپال ئەو پیتی (ر)ێیە پاشگری (هـ)ێی گران لە کۆتایی نێـــوی جوگرافیدا بـــەدی دەکرێت وەکو ( گورپازا ـ ە ، هیلپیشو ـ ە ، تاروازا ـ ە ) ، ئەگەر کۆتایـی نێوەکانی پیتی بێدەنگ بوو ئەوا نێوەکان کۆتاییان بە ( هی ) هاتووە ، وەکو ( نولاز ـ هی ، هاوورنیش ـ هی ) ، ئەم دەنگی (هـ)ێیە لە کاتی کۆکردنیدا زۆر لە دەنگی (خ)ێ نێزیـــــک کراوەتەوە ، هەروەکو لەنێوی جوگرافی دارشتنی لێکدراودا هـــەبـــووە Ewi - hi - na وەیا أراوارهیناو هـــــــەروا کورزەهینا ، کە کەوتبوونە بەری رۆژئاوای ئاراپخا •

ئەم (هـ)ێیە لە هەموو بارێکدا چەمکی سیفەتی لە زمانـی هووریدا بەخشیوە ، هەروەکو لە ووشـــەی ( پای ـ هو= سیفەتێکە پێوەندی بە کێڵگەوە هەبووە ) و ( سیهال ـ هـــی= سیفەتێکە بەندیواری بە رێگەوە هەبووە ) و ( میکوە ـ هی = پێوەندی بە رێرەووەوە هەبووە )• هەروا پاشگری (نا)ش خراوەتە سەر کۆتایی ئەو نێوانەوە ، وەکو کورزا ـ ههی ـ نا ، لەســەر هەمان بناخە نێوی شوێنی دانیشتوانی وولاتی کەنعـــــان ، هووریو کاشیو کاردو دارێژ راوەو بەم جۆرە بووە : ( کنا ـ هی ، هوررو ـ هی ، کوششو ـ هایو کاردو ـ هی وەیا کیناخی، خورِوخی ، کوشوخای ، کاردوخی ) •

بەڵام نێوی کەسی بە شێوەیەکی گشتی پیتی زەنگوڵە داری بەدواوە هاتووە وەکو ئیزی izz - i و ئەرزیززەو ئەکیززی[٣٨] ، لەوانەیە نێوی شاری ( نووزی ) لە نێوی کەسی ( نووززە )ەوە دارێژرابێتو وەرگیرابێت . لە عیلامیدا ( ە )بە (ك) دەگۆڕێت هەروەکو لە ( ترهو ) بەرچاودەکەوێت و کراوەتە ( ترکو ) .

لە لایەکی ترەوە دەبینین هێندێك نێو کۆتاییان بە (ش)ی گران هاتووە وەکو کاریش و هوتی پورراشیو کیراشی ،دوورنییە نێوی پاهاراشی ، کە بەرامبەرەکەی لە عیلامیدا پاراهشییە لە هەمان کۆمەڵە بێت . سپایزەر دەربارەی پاشگری (شی) دەڵێت کورت کراوەی ووشەی ( برا )ی هوورییە ( شینی Senni ) و خراوەتە پاڵ نێوی پاشایانی ئورکیشو نامار وەکو ئەریسینیو پوهی - شینی ، ئاکی - پ - تا - شینی[٣٩] .

بەڵام دەربارەی بەشی کار ، هێندێك نێوی لێکدراو هەبوون ، کە چەند نیشانەیەکیان تێداهەبووە بارێکی رووداوی کاری دەرخستووە ، نیشانەکان ئب (ئف) ، (- ib (- ef ن باری خۆزگەو ئاوات دەبەخشن :

| | |
|---|---|
| تیهی - پ - تیلا | Tehi - P - tilla |
| هاشی - پ - تیشوب | Hasi - P - Tesup |
| ئیلهی - پ - شاری | Elhi - P - Sarri |

هوورێکان لەپاڵ پاشگری ( هی - he ) پاشگری ( تی ti ) یشیان بەکارهێناوە ، بۆ دارشتنی نێوی شتی بێ گیان .

بە پێی ئەو یاسایە کاری ( ئا ـ دان ) ناوی ئار ـ تی داڕێژ راوە ، کە واتای بەخشینو دانی داوە • ئەم پاشگرە لە ناوچەکانی کوتیو لولوبی بەکارهاتوون ، لەو شوێنانەی ، کە بە کۆمەڵەی عیلامی ( بەتایبەتی کاسی ) کاریگەر بوون ، هەروا لە ناوی شـــــارو هەرێمانیش‌دا ، کە هەتا ئێستە لە زمانی کوردی‌دا هەر ماونەتەوە• بەم جۆرە ناوی لوولوو ـ بی شێوەی لوولوو ـ با ـ تی لێ پێك هاتوو ، کە واتە نیشتەجێ لوولوویاتی بەخشیوە • ئەو ناوانەی لەسەر هەمان شێوە داڕێژراون ئەمانەن : کیلامبا ـ تی ، سنگیبو ـ ـتوتی ، هەروا ئاراك ـ دی مەڵبەندی لولوبیان ، ئێســــتەش نیشتەجێی هۆز وەیا خێلێکی کوردی وەك خۆشناو وەیا دزەیی لە شێوەی ( خۆشناو ـ ەتی ، دزەیا ـ تی )ماوە ، هەر لەسەر ئەم بنج و بناوانە شێوەی ( خورما ـ تی ) ماوەتەوەو شێوە کۆنـە هورێکەی خۆی پاراستوە ، کە ( ناوی طوزو تازەی باشووری کەرکووك )ن •

دەربارەی ناوی وولاتی ( هانی کالبات )یش هـەر هەمان باس دەگوترێت ، ئەم شوێنە لە ناوەراستی وولاتی میتانی بووەو ئاشورێکان وایان ناوناوەو پیتی (ی)ی کۆتایی لە ناو چووە • هەر لەبەر ئەم پاشگرانە بوون ، ئەو زمانەی لەم ناوچانـــەدا قسەیان پێ‌کراوە بە پاشگرەکانیان ناودار بوون نەك پێشگر[٤٠]•
(not a Prefixal but a Suffixal Languag)

لەلایەکی‌ترەوە ئەو پێوەندی ئاینییەی لەنێوان ئەم هەرێمانەدا هەبوون ، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی هێندێك دارشتنی لێکدراو

له کارێـکی هــووری له‌گه‌ڵ نێــوی خوداوه‌ندێکی کاسی ، خوداوه‌ندێکی نه‌ته‌وه‌ی وه‌یا بێگانه‌یی دی وه‌کو ئاریخ - خارپا Arih - harpa که له کاری هووری‌و خوداوه‌ندی کاســـی پێکهاتووه •

هه‌روا تونی - ماشهو له شێوه‌یه‌کی کارێکی هووری له‌گه‌ڵ ووشه‌یه‌کی کاسی ، که واتای پاشا ده‌به‌خشێت(٤١) ، به‌ڵام ئــه‌و نێوه هووریپانه‌ی که کۆتاییان به نێوی ، خوداوه‌ندی ( تیشوب ) هاتووه میتانین(٤٢) ، ئه‌م جۆره نێوانه هه‌تا په‌یدابوونی هیندو - ئه‌وروپیان له‌سه‌ر شـــانۆی مێژووی ووڵاتی میزوپۆتامیادا هه‌ر هه‌بوون ، جا ئه‌وسا نێوی هیندو - ئه‌وروپی سه‌ربه‌خۆ لـــه‌م ناوچه‌یه‌دا په‌یدا بوون ، ئه‌مه دژ به‌وه ناوه‌ستێت ، که‌وا پێوه‌ندی زمانه‌وانی گشتی له‌نێوان ئه‌مانه‌و زمانانی ئاســـیای بچووكدا نه‌بووه وه‌کو حیثی‌و هی‌دی له زمانانی ووڵاتی ممیزوپۆمامیاو سوریه‌دا •

به هه‌ر چ جۆرێك بێت ده‌تواندریت هێندێك ووشه‌و نێوی هووری‌و میتانی رێك بخرێت‌و له یه‌کتر جودابـــــکرێنه‌وه‌و کاریگه‌ری گشتیشی بۆ سه‌ر زمانانی ناوچه‌یی هاوچه‌رخی خۆی له ســـه‌رووی میزوپۆتامیادا وه‌کو زمانانی ئه‌رمه‌نی‌و کوردی‌و چه‌ند زمانێکی قه‌فقاسی پیشان بدرێت • لێره‌دا ژماره‌یه‌کی کــه‌م له‌م ووشانه ده‌ست نیشان ده‌که‌م به‌بێ روون کردنه‌وه‌ی رێزمانی ، که له لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی دی‌دا باسی ده‌که‌م ، بۆ وێنه :

أ – هووری ( زمانی میرنشینی میتانی )

| | |
|---|---|
| هێنانی | akap |
| کەیانوو | allai |
| خوداوەندان | eniš, enna |
| پاشا | lwri, erwi |
| کێو ، شاخ | Papne |
| دل | tiṣne |
| چەسپیو | urha |
| میری | halzuhlu |

لەو ئێوە جوگرافییەی سەردەمی هووریان ، کە تا ئەمڕۆش لە ناوچەی کوردەواری هەر ماون ، ئێوی رووباری ( بالخ )و ( توپزە ) کە ئەمڕۆ تۆپزاوەی پێدەڵێن ، بڕگـەی یەکەمی ئێوی دووەم دەبێتە بەشێك لە ئێوانی جوگرافیدی وەکو توپ – پیبا ، توپ – کی – شینی ...هتد[٤٣] • سپایزەر دەڵێت « زۆر بابەتی زمانەوانی هالدی ( خالدی ) ، کە بە زمانێکی هووری نـوێ داندراوە چۆتە ئێو زمانی ئەرمەئێوەو بـۆ لقی ( سـاتیم ) گەراوەتەوە سەر بە خێزانی زمانانی هیندو – ئەوروپیە ، لـە رووی فیلۆلۆژیوەش بە شێوەیەکی ئاشگرا هالدی دەگەڕێتەوە سەر هووری ، وەیا بە خوشکی ئەو ژمێردراوە هەروەکـو ئونگناد[٤٤] وای ئێو دەبات • تسیرتیهیلی چەند رۆشـنایيەك دەخاتە سەر ئەوەو دەڵێت :

« کاری هالدی پیتی ( و u ) وەکو فۆنیمێك وەرگرتووە بۆ واتا دەبەخشێت بۆ کەسی سێیەمی تاك »• لەم بارەدا سپایزەر دەڵێت « ئەم دۆخە هەمان دۆخی زمانی هوورییە وەکو :

تەن ـ ۆل ـ و tan - ol - u **واتا من دەدەم**و

تەن ـ ۆل ـ ە tan - ol - a واتا ئەو دەدات »•

لە عیلامیش‌دا ئەم نیشانانە لێك نێزکن[٤٥] •

بەڵام نێوی خوداوەندانی هووری ئەمانەن :

١ ـ کوماربی ( باوکی خوداوەندان ) •

٢ ـ هیپا ( خیپا ) خیپیت ( خێزانی تیشوپ )

٣ ـ کوروی •

٤ ـ کوشوخ •

٥ ـ شاوشکا ( خوداوەندی خۆشەویستەتیو جەنگ ) ، کە خوداوەندی عشتاری هوورییانە ) •

٦ ـ شیری (ش) •

٧ ـ شوالا •

٨ ـ تیشوپ ( خوداوەندی ئاووهەوا ) •

٩ ـ تیللا •

١٠ـ تیروی •

**ب ـ میتانی ( زمانی فەرمان ڕەوایانی میتانی )**

| | |
|---|---|
| خول ، فر | Vartana (War tana) |
| یەك | Aika |
| سێ | Terra |
| پێنج | Panca |
| هەفت | Satta |
| سەرکەوتن ، دەستکەوت | Uazza |
| پاك | Arta |
| ڕاستی | Satya |
| قسەدەکا ، داخڤێ | Vadin |
| ئەوەی دەگەڕێتەوە بەرەی ئازا | Biria - ZZana |
| ئەوەی دەستیکەوتووە ( دەستکەوتی حەوت ) | Šatta - uazza |

لەو نێوە میتانیانەی ، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەگــــی هیندو ـ ئەوروپیان هەیە :ـ

( ئەرتا ـ منا ، ئەتتا ـ شاما ، ئەوا ـ شورا ، ئەو ـ دورتا ، کالما ـ شورە ، تاما ـ زانی بیدە ، ئەرتا ، بیدە ـ شورە ، بیریا ، بیریا ـ اتی ، بیریا ـ شورە ، بیریا ززانە ، پوروسە ، شەیمە ـ شورە ، شاتا ـ ئاوازە ، شو ـ مالا ، شو ـ مالیا ، شو ـ ماترا ، توشی ـ مانا ، ئاواززی ، ئەمبی ـ زینا ، ئەشوو ـ زانا ، ئەوتا ـ زینا ، وەرە ـ شاما ) •

ئەو نێوانەی سەد لەسەد لە خێرانی هیندو ـ ئارین ئەمانەن:
پارسا ـ شاتار ، ساو ـ شاتتی ، ساو ـ شاتتار ، کە لە نامەی ساوشتتاردا هاتووەو بۆ کرێکارێکی ناردووە ، کە نێوی شیلوا ـ تیشوپ بووە •

لە نێو بەڵگەنامەکانی ( بوغاز کوی ) نێوی خوداوەنـــد ششوا هاتووەو لەنێو تابلۆکانی نووزی‌دا لە شێوەی ســــوورا بووەو لە نووسراوەکانی ڤیدای هیندی‌دا ( ئاسورا ) بووەو لـە ئاڤێستادا بۆتە ( ئاهورا[٤٦] ) •

### ٣ ـ دیانەت لە وولاتی میتانی‌دا

ئەوەی سەری لە دووی مێژووی وولاتـی میتانیان ناوە ، ئەو لێ‌خشاندنو تێکەڵاوییە ئایینی‌و رۆشنبیرییەی ڕاستەوخۆی شارەکانی لەگەڵ مەڵبەندانی پێشکەوتووی جۆراوجۆری هەموو دەوروبەری بۆ دەردەکەوێت[٤٧] ، بۆیە نێـوی خوداوەندنیان تێکەڵاوێکی تێدا بەدی دەکرێت لە هی ناوچەیی‌و خوداوەندانی مەڵبەندانی دی ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەورێکی سەرەکی لە بنیات نانی بیرو هۆشی بەرەی نەوەیەکی زۆر دانیشتوانی ئەو وولاتەی گێراوە • هێندێك لە شارانی ببوونە مەڵبەندی پیرۆز بۆ پاراستنی خودتزەندانی جۆرتو جۆرو پاشایانی مەزن مەزن بۆ حەجکردن روویان تێ‌دەکرد وەکو شاری هەولێر ( ئەربیل ) ، کەماڵی خوداوەندی عشتار بوو ، موساسیر بووە رووگـــەو قیبلەنمای هالدییان‌و توشبە ( وانی ئەمڕۆ ) شاری خوداوەندی مەزن خوداوەندنی باوباران ( تیشوپ ) بووە بەڵام مەزنتریـــن

خوداوەند لەنێو هەموو خوداوەندان دا خوداوەندی ( هور – خۆر وەیا هوڤارا ) بووە ، کە میتانییان بە ( سور ) گۆیـــان کردووەو لەنێو بەڵگەنامەی حیثییان‌دا بە ( شوورا ) هاتووەو هەر وەکو لەمەوبەر باسم کرد لە نووسینەکانی هیندی کۆن‌دا ( ڤیرا ) لە شێوەی ( ئەسورا ) بووەو هەروا ( سور – یاش )ی کاسیێکان بووە ، میتانیێکان نیشانەی گۆی رۆژ بەواتا گردیلەی خـــۆر ( قرص الشمس ) یانی بە دوو باڵەوە بۆ دانابوو • شـــوێنی بەکارهێنانی ئەم نیشـــــانەیە بە جێگەی دوورتری دەرەوەی سنووری وولاتی میتانیا رۆیشـــت ، بێ‌گومان لەگەڵ بناخەی پەرستنی خوداوەندی هەتاو ، کـە لـە لایـەن گەلانی رۆژئاوای ئاسیادا دەپەرسترا ، ئەوە بوو لە سەردەمی فەرمان رەوایی کردنی بنەماڵەی هەژدەمین لە میسردا گەیشتە میسر ئەوەش بە رێگەی ئەو پێوەندییە رامیاری‌و ژن خواستنەبوو ، کە لەنێوان هەردوو بنەماڵەی فەرمان ڕەوا غرووی‌دا • جا لە دوای ئەمە ئەو نیشانەیە وێنەی خوداوەندی ئاشووری گرتۆتەوە ، کـە لەنێو گۆیەک‌دا بوو تیرو کەوانێکی بەدەستەوە بوو و بوو بە دروشمی دەوڵەتی ئاشوورییان ، جا جێگەی سەر سورمان نییە ئەگەر بڵێین ئـــەم نیشانەیە بوو بە دروشمی خوداوەندی ئاهورامەزدا لە دەوڵەتی ئەخمینیان دا ، کەواتە ئەم نیشـــانەیە ( شـــمش )ی کوری خوداوەندی هەتاوی میسر بوو • هەروا پێوەندی پاشـــایانی حیثی ، نێوی خۆیان بە هەتاوێکی باڵدار شکۆمەندکردبوو و نازنێوی خۆریان بە خۆیان بەخشـــیبوو گەرهەری بیرەکەیان لەمەوە هاتووە •

خوداوەندانی هەرێمانی کۆنی وولاتی سوبارتو ، کە لەبنچینەوە بۆ سەردەمانی پێش زایین دەگەڕێنەوە هەر مابوونەوە ، ئەم خوداوزەندانە هێزی ژیانو مردنو نهێنییەکانی هەبوونیان دەنواندو لە دوایی‌دا بوو بە کۆڵەکەی دەوڵەت ، ئەو ئەفسانە ئایینیو لاهوتییانەی ، کە سەبارەت بە هێندێك خوداوەندان لەگەڵ تێپەربوونی سەدان ساڵدا هۆندراونەتەوە هەموویان بریتی بوون لە پیشان دانی کەسایەتی هێزەکانی سروشتیو بەدیارخستنی کرۆکی پێوەندیکی ئەو هێزانە چ لە رووی چاکەیانو چ لە رووی خراپەیان ، کە لە شێوەی دۆستایەتیو دژمنایەتی ئادەمزادان دەربڕاون ، وەیا لە شێوەی حەزو ناحەزی ، یان یارمەتی‌دان ، وەیا زۆرەوانیو مل ملانێ کردنی پیسیو ناپاکی ، ئەمانە هەموو پێوەندییان بە خووو رەوشتو رەفتارەوە هەبووە ، هەمووشی لە دەوروبەری کێشەی سەرکردایەتیو رێك خستنی هەبووندا خولانەتەوە •

ئەم جۆرە تێروانینە بۆ گیتی بەرەو دەرەوەی چینی فەرماندە تەنراوە ، ئایینی هووری بێگومان لە رووی پێك هاتنیەوە چەندین چینی گرتۆتەوەو لە جۆرەها ڕەگەز کە سەدان ساڵیان بەسەردا تێپەریوە •

کاریگەری ئایینی هووری بۆ سەر سوبارتووە نەبێت هەر بەهۆی دوو کەسیەتی سەرەکی کۆمەڵگەی ئایینیان خوداوەندی ئاووهەوا ( تیشوپ )و خێزانەکەی ( هیپا ) بوویێت ، بەڵکو زۆر توندتر تێپەریوەتە سەر حیثییەکانیش بە تایبەتی لەدوا سەردەمی

ژیانی میرنشینی حیثیاندا ، دەبێ خوداوەندی عشـــتار نێوی ( شاوشکا )ی هووری وەرگرتبێت ، بەڵام کاریگەری باوکـی خوداوەندان ( کوماربی ) لەوانی دی فراوانترو قووڵتر بووە ، هێندێك ڕەگەزی ئەفسانەیی ئایینی هوورییان هەر بە چ شێوەیەك بووبێت گەیشتۆتە شارانی یونانی ئاسیای بچووك •

هووریکان لەو باوەڕەدا بوون ، کەوا لەدوای مـــردن ژیاندنەوە هەیە ، بەڵگەش ئەو درەختەیە ، کەوتۆتە نێوان دوو گیاندارانی ماڵی ، ئەمە چەقی ئەو بابەتانەن ، کە مۆرەکانـــی هووری نواندویانەو ئەو درەختەش ، درەختی ژیان بـــووەو پێوەندی بە گۆی خۆری باڵدراوەوە هەبووە • لەپاڵ ئـــەو نیشانانەشدا مۆرەکان لە نواندنی وێنەی زۆرانێی نێوان شێرو گاو هێندێك گیاندرانی خورافی دیو نیگاری ئاهەنـــگی خوداوەندانی پیرۆز بێ بەش نییە •

لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتە هاوبەشانەی نێو ئایینی گەلان قیصرصادر دەڵێت : « کەلچەری میتانی لـــە بنچینەی کەلچەری سومەریەوە هەڵ قولاوە ••• پەرستگەی میتانیان ژمارەیەکـی زۆری خوداوەند تێدا کۆبۆتەوە ، کە لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەو شوێنانەی دەکەوتە ژێر دەستیان زۆر دەبوونو خوداوەندی ئەو شوێنانەیان دەست لێنەدەدا ، بەڵکو پارێزگارییان دەکردنو ڕێزیان لێدەناو لەسەر خوو رەوشتی خۆیانیان دەهێشـــتنەوە لەترسی سەرهەڵدانی بێزاری • نێوی ئەو خوداوەندانە لە کۆتایی پەیسانە دوو قۆلیکانی حیثی ــ میتانیان هاتووەو ژمارەی ئـــەو

خوداوەندانە هەموو ڕەگەزەکانی ئێو میرنشینی میتانیئانی گرتۆتەوە لەپال ( تیشوپ و هیپای هاورێی ) هەروا خوداوەندانی وولاتی دراوسێیو کێوانی زاگروسو رووبارانی دیجلەو فورات و ئاسمانو زەویو باو هەور هەروەکو ئەم هەلسوکەوتە لە دەولەتی حیثیاندا پەیرەوی دەکرا[٤٨] » •

لەگەل سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین ئەم وولاتە تێکەلاوی لەگەل ڕەگەزانی ئادەمزادی نوێ پەیداکرد ، کە چەمکی دییان دەربارەی ژیان هەبوو و کەلچەریو زمانەکەیان سەر بەو کۆمەلەیە بوون ، کە خاوەنەکانی نووسینی سانسکریتی هیندی بۆی دەگەڕێنەوە ، ئەمەش لە ئێوی کەسیو لێکدانی زمانەوانی ووشەی فەرهەنگیو یاسای کۆمەلایەتیو لە هێندێك کەسایەتی خوداوەندانو چەمکی ئاینییان دیارە • ئەم ڕەگەزانە توانیان لە ئێوەراستی سەدەی شازدەمینی پێش زایین سەرکردایەتی سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ئێزیك بکەن • بۆیە ئێوی خوداوەندانی هیندی ـ ئەوروپیش خرانە سەر لیستەی خوداوەندنی پێشوو ، وەکو ڤاروناو ئیندراو میتراو نەسەتیە ، ئەم ئێوانە لە ریگڤیدای هیندیو هەروا لە تێکستی ئەو پەیمانەی لەئێوان حیثیانو میتانیادا مۆرکرا بەکار هاتوون[٤٩] • بەلام لە بنچینەی ئایینی ئاریاندا ( زەردەشتی )دا ئەم ئێوانە هەر بەو جۆرە دارشتەی سەرەوە نەهاتوون ، بەلکو ئێوی ناسەتیە لە شێوەی ( ناهەتیە ) هاتووەو هەروا ئیندراش لە ئاڤێستادا ( ڤینددڤدات ١٠ ، ٩ ، ١٩ ، ٤٣ )دا باس کراوە ، بەلام وەکو

عفریت و جنۆکەو شـــەیتان ، کەچی ڤارونا لە جیهانی ئێرانی‌دا نەناسراوە[٥٠] •

بەڵام کارنوی دەڵێت « ڤاریناى ئێرانی هەر هەمـــان ڤارونایەو لە شێوەی شەیتان‌و دێوو درنج بووە ، بەڵام لــەلای یونانێکان ( ئورونوس Ouronos ) بووە ، ئەگەر هەوڵـــی گەیشتن بە بنچینەی هاوبەشی ئەو نێوانە بدەین ئەوا بـــۆ ( وروانـــوس دەگەڕێتەوە[٥١] ) » •

دەڵێن ( ناسەتیە ) هەر ( ناون ـ هەیثیا )یەو نێوەکەش ( ناـ سەتیە ) واتای ( نارەوا نیە not untrue ) دەبەخشێت ، لــە ڕاستی‌دا ئەمە هەر خوداوەندی ( ناسیان nasjan )ی گۆثی‌ـ یەکانـــە Goth .

بەڵام ڤارونا خوداوەندی یاسایەو ئیندرا بێگومـــان خوداوەندی یارانە[٥٢] ، کەچـــی میثرا ، کـــە هەتا ڕۆمانەکان پەرستوویانە خوداوەندی خۆری پرشنگدار بووە •

بە شێوەیەکی گشتی ڤارونا چاودێری کەرو پارێزەری یاسا بووە ، مەبەستیش لە یاسا جیهانی سروشتی‌و جیهانی دروشمەکانی قوربانی‌دان بووە ، ئەم دروشمانە بە ریتا Rita نێوداربـووەو بیرێکی هەرەکۆن و دووری ئایینی ڕۆژهـــەڵاتی کۆن بووە • هەموو شتێکی ڕێك وپێك ، کاریگەری گرتۆتە خۆ ، بەم پێیە هەموو شتێکی سروشتی‌و ئاسایی‌و هەموو شتێکی لەگـــەڵ سروشت‌دا گونجاوی گرتبووە ، ئەم ووشە بەرە بەرە گۆراو

شێوەی ( ئـەرتا Arta )ی لێ‌پەیدابوو بە واتای ( پــاك‌و بێگەرد ) لەگەڵ نێوی کەس‌دا بەکارهاتووە[٥٣] ، ســەبارەت بەمە د. کوك دەڵێت :

« ئەم خوداوەندە ، خوداوەندی ڕەفتارو خووو ڕەوشــتی لێپرسراوبوو لە یاسا بە هەموو مانایەکێوە ، بەڵام گەورەیی خۆی لە دەست دەداو هەر دەسەڵات دارێتی بەسەر باو بەرزبوون و نیشتنەوەی زەریاکان مایەوە ، جا ئیندرا لە ڕاستی‌دا بوو بە هەرە خوداوەندی مەزن‌و کاریگەر ، گەلەکەی بینی چۆن پێشەوایە‌یەتیان دەکات لە شێوەی دێوێکی سەرکێشی موو زەردی سوورو سپی سواری عەرەبانەیەکی ( عجلة ) بووەو ناحەزانی لەنێو دەباو هەژدیهای دوژمنیان سەردەبڕێت . ئیندرا زۆر حەزی لـــە خواردنەوەو ئافرەت بووەو لە هەموو خوداوەندان مەزنتر بووەو دەربارەی ئەو گوتراوە ( هیچ زیندەوەرێکی نە لە ئاسمان‌و نە لە زەوی بۆ نەماوەتەوە ) بەم جۆرە ڤارونای خوداوەندی ڕەفتارو گەورەی یاسای گشی دەستی لە پیشەی خۆی هەڵگرت و مەزنی خۆی بۆ ئیندرای خوداوەندی جنسی ( شهوانی ) نەتەوەیی جێ هێشت ، هەروەکو خوداوەندی ئەخناتون ، کە خوداوەندی گۆی خۆر بوو وازی لە پایە بەرزی خۆی بۆ ئاییناني نەتەوەیی پێش خۆی هێنا ، لەوانەیە لە پایەی ڤارونا نەیروویێت ، کە لـــە سرودێکی پەرستن‌دا بڕیارێکی گرنـــگی دەنگی دایەوە ، کە گوتوویەتی « خواحافیزی لە خوداوەندێکی زانا ، خواحافیزی لە باوك ... باوك بەجێ دێڵم چونکە من ئیندرام هەڵبژارد »

دکتۆر ستالی کوك ئەوەش دەخاتە سەر ئەوەو دەڵێت « نازاندرێت چۆن ڤارونا بەخوداوەند هەڵبژێردراو نازانن لە کوێوە هاتووەو لەوانەیە بنچینەیەکی ئاری نەبووبێت ، بەڵام مێژووی ئاینان ئەوە دەچەسپێنیت ، کەوا هەر دەبێ ڕاپەرینێکی ڕەفتارو خووڕەوشت لە پشت ئەم خوداوەندەوە هەبووبێت ، وەیا چاکەرێکی مەزن یان کۆمەڵێك لە پیاوەکان کە باوەڕیان بە یاسا هێناوەو بۆ ئەوەی دەسەڵات دارێتێکی ئەوتۆیان پێ بەخشێت بتوانن خوداوەندانی شێوەیەکی گشتی وادەردەکەوێت ،کەوا خوداوەندی ڤارونا لە خوداوەندانی سەردەمێکی پێشتر بووە ، بەڵام لەو ڕاستییانەی ، کە زاندراوە ئەوەیە ، کەوا لەو کاتەی کە پێوەندی نێوان میسرو وولاتی حیثیەکانو زەوی و زاریان زۆر بەهێزبووە خوداوەندانی ڤاروناو میثراو ئیندرا لەو خوداوەندە ئاسراوانەی باکووری میزۆپۆتامیاو ئاسیای بچووك بوونە ، بۆیە نێوەکانیان لەو پەیمانەدا هاتووە ، کە لەنێوان میتانیانو حیثیان دا بەسترا . بەهر حاڵ بنج وبنەوانی ڤارونا زۆر بە ڕاستی نازاندرێت ، بەڵام زۆر ئاشکرایە کەوا پایەیێکی بەرزی هەبووە لەبەر ئەوەی خوداوەندی ڕەفتار بووە ،چونکە لە کاتی پەرستنەدا هەست و هۆشی خەڵکی بزواندووەو گوناهی خوو و ڕەوشتیانی بە بیرهێناونەتەوە ، ئەگەر دوو کەس خەریکی بەجێ هێنانی کارێك بوون ، ئەوا ئەو یارمەتیانی دەداو دەبوو بە

کەسی سێیەم ، ئاگاداری هەموو کارێك بوو ( دووربین بوو ) • هیچ کەسێك نەی دەتوانی لێی رزگاربێت ، هەمیشە لەسەر گوناهـ خەلکی سەرزەنشت کردووە ، خەلکیش هەردەم تکایان لێ کردووە لەگەڵیان نەرم و ناسك بێت ولێی دەپاڕانەوەو دەیان گوت ( وە نەبێت وێستو ئارەزوومان دووچاری کردبین ، بەلکو پێ هۆشیە ئەی ڤارونا وای بەسەر هێنابین ، وەیا خواردنەوەو تووڕەیی •••هتد[٥٤] ) • میترا هاودەمی ڤارونا بوو و هەمیشە پێوەندییان بەیەکەوە دەکرد لەوانەیە لە بنچینەوە ئاسمانو خۆر بووبن • لەلایەکی دییەوە لەلایەن میتانیانو حیثیان خوداوەندی ئیندرا خوداوەندی جەنگ بووەو لە ڤیدای هیندیدا وەکو سەرۆکی خوداوەندان پێشان دراوە • لەم کتێبە کۆنەی هیندییان دا ( ڤیدا ) هەواڵی سەرکەوتنی بەسەر کۆمەڵێك دژمنانی لە جنۆکەو مرۆڤ هاتووە ، هەروا خۆری بەزاندووەو دێوی کوشتووە چونکە ڕەشەبای وەرزی لێ قەدەغەکردوون ، چەکی خوداوەندی ئیندرا بروسكو هەوری ئاسمان بووە ، زۆر بەهێزبووە بۆ ئەوەی شاکارە نەمرەکانی خۆی بێنێتە ئەنجام ئەوەش بەیارمەتی خواردنەوەی ( ئیکسیری سوما ) بووە ، ماروتس یەکێك بووە لە هاورێیانیو لەلای کاشیان بە دارشتن ماروتاش نێوی هاتووەو ، بەلام لای هیندیان کۆمەڵێك لاوبوون، کە پێشەوایەتی هەوریان کردووەو بارانیان دروست کردووە •

لە ئایینی هیندی‌دا ( هندیزم ) ئیندرا لە دەوری باران بارین دا لایەنێکی زۆر کەمی دراوەتێو ئەفسانەیەکی زۆری بەپێی قوناخەکانی مێژووی هیند دەربارەی تۆمار کراوە[٥٥] .

لەپاڵ نێوی ئەم خوداوەندەدا نێوی خوداوەندی مەزن ( میثرا ) لە پەیمانەکەی نێوان حیثیان‌و میتانیان هاتووە وەکو خوداوەندێك سوێند پێ خوراو ، بەڵام لە ڤیدای هیندی نێوی لە شێوەی ( میترا ) هاتووە ، کە واتای ( برادەرو پەیمان )ی گەیاندووە ، چونکە لە راستی بە خوداوەندی پەیمانان‌و رێك کەوتنا نێودار بووەو هەر ئەویش ڕاستی لەنێوان دەوڵەتان‌و خەلکی‌دا پەیداکردووە ، بۆیە نێوی چاکەکەریشی لێندراوە لە هەمان کاتیش‌دا خوداوەندی خۆر بووە ، کە بە هەڵاتنی ڕووناکی بەخشیوەو تەماشای هەموو شتێکی کردووە ، بەم جۆرە یونانیان و رۆمانیان باوەڕیان پێ‌هێناوەو تا وای لێهات بوو بە خوداوەندی پاشایان‌و پەیمانی نێوانیان و تا بوو بە خوداوەندی جەنگ‌و دادپەروەری ، لەو بۆنە میثراییانەی ، کە پێی نێودار بووە قوربانی‌دانی بووە بە گایەك[٥٦] ، بەڵام ئەوەی سەیرە پاشایانی هەخامەنشی پەرستنی ئەم خوداوەندەیان پشت گوێ خستوەو ئەگەرچی دروشمەکانی بەشێکی لە ئایینی زەردەشتی پێك هێناوە ، وا دیارە هۆیەکە قامیاری بووە .(بروانە وێنە ژمارە ١١)

بەڵام لە سەردەمی هیللینی‌دا شێوەی پەرستنی ئەم خوداوەندە فراوانتر بوو بەری رۆژئاوای ئێران‌و باکووری وولاتی میزوپۆتامیاو ئاسیای بچووکی گرتبۆوە ، بە تایبەتی

لەلایەن چینی ئوروستوکراتیو میرانی هەرێمانی سەر بە پورتیو ئەرمەنیو پوتنوسیو کوماگینی هەروا جەردەکانی (قورسانەکانی) کیلیکیاش دەپەرسترا .

هەر بۆیەش بوو خەلکێکی زۆر ناوی خۆیان بەناوی ئەم خوداوەندە کرد ، وەکو میثراداتی یەکەم و دووەمو سـێیەمی پورتیو میثراداتی شەشەمی پاشای پونتوس و میثراداتی ئەرمەنی هیدی . لە سالی ١٣٦ زاینێوە سەدان پەیکەر لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بۆ خوداوەندی میثرا داتاشراوەو میثرائییەت لە لایەن رۆمانەکانەوە بوو بە ئایینی گوێدێریو سەرشۆری کردن بـۆ پاشایان و پیاوە ئایندارەکان بەتایبەتی کومودوس (١٨٠-١٩٢ز)و سیپتیمیوس سیڤیروس (١٩٣ - ٢١١ز)و - کاراکـالا (٢١١ - ٢١٧ ز.) هانیان دەدان ، بەلام سەبارەت بە سەردەمـی ساسانیدا ئارثەر کرستنسن دەلێت :

« ئەو هەتاوەی ، کە مەجوسەکانی سەردەمی ساسانیان پەرستوویانە ( خور ) نەبوو ، بەلکو میهر ، میترای یەشتای کۆن بوو، میتراش خوداوەندی پەیمانو رووناکی سەرلەیەیانی بوو و بابلیکان بە ( شمش ) ناسیویانە ، کە خوداوەندی رۆژ بووە ، کە میثرائیکان کردویانەتە دروشمی ئەوەی ( ئەو خۆرەی کـــە نابەزێت[٥٧] ) .

شێوەی هەرە دوایی میثرا ، کە ( میهر )ە لەنێو ناوی کەسی کوردیدا رەنگی داوەتەوە ، وەکو ( میرزا=میهرزاد )و ووشەی

( میهرەبان ) هەتا لە ووشەی رۆژی ئاهەنگ گیران بە جێژنی تایبەتی ئـەو لە زمانی عەرەبیش دا ڕەنگی داوەتەوە ( مهرجان ) •

مثرا ئەو هێزە گیانییە گیتیە بووە ، کـــە زۆرانێی لەگەڵ لەنێو بردنی یەکجاری پوت پەرستانی کردووە ، کە لە سەرەتای سەرهەلدانی دینی مەســــیحیەت دا ئەم پوت پەرســـتانە دژی وەستان • پلوتارخ دەربارەی ئەو ئایینە دەلێت پەرستنی ئــەم خوداوەندە بە رێگەی جەردەکانی کیلیکێکانەوە ، کە لە سالی ٦٧ پ•ز[٥٨] بەدیل گیران هاتە نێو وولاتی رۆمانەکانەوە ، بەلام میثرایی لەسەدەی یەکەمی زایینیدا رەگی خۆی لە رۆژئاوادا چەسپاندبوو ، لەدوای ئەم سەدەیەش دا زۆر زوو بە شــوێنانی جیاواز جیاوازو دوور دوور بلاوبـووەوە لە ئیتالیاو هەرێماکانی ســەر رووباری دانوبو راینو هەروا ئینگلتەرەو ئیســپانیادا پەرستگەی تایبەتی بۆ بنیات نرابوو ، هــان دانــی ئیمپراتــۆر کومودوس بۆ دینی میثرایی ئەنجامی بەردەوام نەبوو ، چونــکە دەستووری ئورلیان (٢٧٤ ز•) پەرستنی ( خۆری ) پشت گوێ خستبوو ، بەلام سول ئیفیکتوس بەرزیو رێزی بۆ میثـــرا گەڕاندەوە ، لەگەل ئەوانەش دا هەموو پەرستنی میثرا لەنێــو جەماوەران دا شوێنی نەبوو ، ئەگەرچی ئیمپراتۆر دیوکلیدیانوس (Diocletian) لە سالی ( ٣٠٧ ز• ) دەنگوباسی میثرا وەکو پارێزەری هەموو ئیمپراتۆریەتی خـۆی بلاوکردەوە • لەدوای پەیدا بوونی ئایینی مەسیحی ، هێندێك لە ئایینداراانیان وایان بە بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەت دەزانی ، کەوا واز لە پەرستنی میثرا

پێش ، ئەگەرچی ئەو داواکارییەیان هاتە دی ، بەلام لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی یولیان دا (٣٦٠-٣٦٣) پوت پەرستی دیسانەوە بووژایەوەو لەپێش لەنێوچوونیدا بەتەواوی بۆ ماوەیەکی کورت لەنێو چینی ئورستوکراتیان دا ئەم گیانە سەری هەڵدایەوە[٥٩] ، ئەم ئیمپراتۆرە هێندێك سەرنج و تێبینی خۆیدا ، کە نیشانەی کەم کردنەوە لە بایەخی مەسیحو ئایینەکەی بوو .

قەشە ئینج دەڵێت لەراستیدا ( میثرایی ئایینی سەربازان بوو ، چونکە لەسەر پیاوەتیو یاساو دان بەخۆداگرتن دا ڕۆهەڵدراوە ... ئەگەرچی ئەم ئایینە لە ماوەیەکی کورتی سەدەی سێیەمدا لە هەموو بیرو باوەڕێك بەرزتربوو بەنێو بانگتر بوو لە ڕۆمادا ، هۆی سەرەکیشی گونجان ورێك کەوتنێتی لەگەڵ فەرمان ڕەوایەتی تاكو پەرستنی ئیمپراتۆردا ، هەروا هانی پەرستنی خۆی داوە[٦٠] ) .

هەروەکو لە تابلۆکانی میثرا دیارە ، ئەم خوداوەندە هەردوو شاخەکانی گایەکی گرتووەو هەوڵی کوشتنی دەدات و بەپێی ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی لە خوێنی ئەم گایەدا گەنم و گیاندار هەیە ، تا وای لێهات وێنەی سەربڕینی ملی گا لە لایەن میثراوە ئەو شتە جوان و رازاوەیە بوو ، کە میثراییەکان پەرستگەی خۆیانیان پێ خەملاندووە پەیکەرە گەورەکانیش چەند گیاندارێکی هێمایی لە دەوروبەر دەکراو دوو لاویش بەلایانەوە بوون مەشخەڵیان بە دەستەوە بوو . ( بڕوانە ئەو وێنانەی لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدان ) . میثرا

خوداوەندێکی میهرەبان بووە ، بۆ خۆ پاك کردنەوەش لە گوناە و تاوانان چەند دروشمێکی تایبەتی بوو هەروا خۆ ڕاهێنان بوو بۆ گوتنی ڕاستیو کردەوەی ئازایانە ، ئەوانەی سەر بە نهێنیێکانی ئەو ئایینە بوون دروشمە ئاینیێکاینان لەنێو پەرستگەیەکی تاریکی ژێر زەوی بە ڕێزلێنان و ترسێکی زۆرەوە دەکرد ، کە حەوت جار نازنێوەکانیان دەگوتەوە ، کە پێوەندییان بە هەر حەوت ستێرەوە هەبووە ، کاریگەرێکی زۆری بۆ سەر دڵو دەروونیان هەبوو .

ڕادەی نیزیکایەتی ئایینی مەسیحیو ئاینی میثرایی ، مەسیحێکانی دووچاری نەسرەوتی کردبوو ، چونکە وە نەبێت میثرا باپیرە گەورەی ئەم ئایینە بووبێت بەس بەڵکو پیاوە ئاینیێکانیشی خۆیان بۆ رەبەنایەتی نەزر کردبوو ، یاساکەشیان باوەی بە گەڕانەوەو سەرلەنوێ ژیانەوەی هەبوو ، ئەم ژیاندنەوەش چەند ڕووداوێکی ستەمناكو گران لەپیشیدا ڕوو دەدات ، هەڵ دەستێتەوەو نەمریان پێ دەبەخشێتو بەسەر شەڕو ناهەمواریش دا دەدات و لە ئەنجامدا ئاگرێك لە ئاسمانەوە دێتە خوارە ، لە کۆتاییدا لە کەنیسە بە خۆش ڕەفتارێکەوە جێژنی هەرە گەورەی میثرایان لە ئامێزگرت و یادکردەوە ، کە ڕێکەوتی (٢٥)ی دیسەمبەر ( کانوونی یەکەم ) بووەو یادی ڕۆژی لەدایك بوونی ( خۆری نەبەزبوو ) بووەو بۆتە ڕۆژی جێژنی لەدایك بوونی مەسیح[٦١] . کەواتە هۆزانی هیندو ئەورووپی کە بەرەو خاکی میتانیان هاتن ئەو جۆرە بیرو باوەڕو میتولوژیانەیان لەگەڵ خۆیان دا هێناو بیروهۆشی هووریانیان پێزاخاو داو لەنێو دەوڵەتی میتانیدا لە هەزارەی دووی پێش زایندا ، کە ئەمەش

بە لایەکی بنچینەیی بناخەی کەلەپووری هۆش و بیری گـەلی کورد دەژمێردرێت •

جەنگ دژی هکسۆسەکان ( هۆزانی ئاسیایی‌و هوریکانیش دەگرنەوە[٦٢] ) ، کە بۆ ماوەی سەدەو نیوێك فەرمان ڕەوایـی میسریان لەپێش بنەماڵەی هەژدەمینی میسری‌دا کردووەو وای بۆ دەچن ، کە لە سەردەمی ( سقنن‌رەع )دا بوو‌بێت ، کە ئەوسا سەرکردایەتی ئیمارەتی ( طیبە )ی بەدەستەوە بووەو هەر لـەو جەنگ دا لەنێو چووە[٦٣] • ( کامس )ی کوڕی شـوێنی دەگرێتەوەو لە جەنگ کردن دا لەگەڵ هکسۆسەکان‌دا هـەر بەردەوام دەبێت ، بەڵام داگیرکردنی پایتەختی هکسۆسـەکان ( ئوحسوس )ی برای بەدەستی دەهێنێت‌و هەتا فەلەستینیش هەر بەدوایانەوە دەبێت ، ( ئوحسوس ) بە دامەزرێنەری بنەماڵـەی هەژدەمینی میرنشینی میسری نوێ دەژمێردرێت ، کە بەرەنگاری هەموو بارو دۆخێکی سەختی‌و دژوار بووە ، کە دەورەیان دابوو و بە بایەخ دان بە ژیانێکی لەشکری بەرزترین پایەی بۆ وولاتی بەدی‌هێنا • ( ئامون حوتبی یەکەم )ی کوریشی وە شـوێن جۆنیەتی فەرمان ڕەوایەتی باوکی خۆی کەوت و ئاگاداری هەموو لایەنێکی میرنشینەکەی بوو ، وا دیارە لە سـەردەمی ئەودا سوپای میسر گەیشتبووە رووباری فورات ، ئەگەرچی هێشتا هیچ جەنگێکی تێدا روو نەدابوو[٦٤] ، بەدوای ئەودا ( تحوتمسی یەکەم ) فەرمان ڕەوایی کردووە ، هەرکە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە بێوەژنی فرعەونی پێش خـۆی لە خۆی مارەکردو پاشان دەستی لە فەرمان ڕەوایی بۆ ( تحوتمسی دووەم )ی کوڕی

هەڵگرت ، ئەمەش ماوەی سەرکردایەتی کورت بووەو پاشـــــــــن ئەوەی ( حەچەپوسوت )ی خواستوەو مردوە لەدوای مردنـــی مێردەکەی ئەم ژنە خۆی فەرمان ڕەوایەتی بەدەستەوە گرتووە ، با وەکو چینێکی زۆر ئایینیو رامیاری دژی وەستان ، بەڵام ئەم ئافرەتە بە کەسیەتێکی بەهێزی مێژووی میسری کــــــــــۆن دەژمێردرێت ، لەدوای کۆچی دوایی کردنی ، کە لە ســـــالی (١٤٨٠ پ٠ز[٦٥]) ، ( تحوتمسی سێیەم ) کوڕی تحوتمسی دووەم کە لە ژنێکی ناسەرەکی ببوو دەبێتە فەرمان ڕەواو ئەم فرعەونە بـە بەجێ‌کردنی پرۆژەی گـەورە تێودار دەبێـتو لـە سەردەمی ئەودا بناخەی ئیمپراتۆریەتی میســـری لە فوراتەوە لەلای باکوور تا چوارەم تاڤگەی باشووری سودانی گرتبۆوە ، چەند پەلامارێکی بۆ ســـەر وولاتی ئاســـیای رۆژ ئاوا هەتا سنووری میرنشینی میتانیانی بردووەو هێزەکانی حیثی لـــــــە سوریادا لەگەڵیان دا تێك ئالاوەو لـــە ئەنجامدا بەرژەوەندی پێوەندێکانی میسریو ئاسیایی لە جاران زۆر بەهێزتر بوو ، لـە بەرژەوەندێکانی میرنشینی میسر پەیداکردنی دۆستایەتی بـــوو لەگەڵ یەکێك لەو سێ میرنشینە بەهێزانەی ئاسیایی بۆ ئەوەی بەرەی خۆی بەرامبەر بە پەرتو بلاوبوونی حیثیان بەهێزتـــر بکات ، ئەو سێ دەوڵەتەش میتانی ، کاردونیاش ( میرنشـــینی کاسییان )و میرنشینی ئاشووری تازە سەرهەڵدراو بوو ، لـــەم بیرەوە میسریان بڕیاریان دا خۆیان لە میتانیان نێزێك بکەنەوە ، چونکە لەم میرنشینانە هەموو بەهێزتر بووە لەگـــەڵ ئەوەش‌دا

سنووری بەری ڕۆژهەڵات و باشووریان میرنشـینی حیثیەکان بوو • ( **بروانە وێنە ژمارە ١٢** )

بە پێی بیروڕای مکلســـتەر « دەوڵەتی میتانی ئارەزووی دەکرد نەهارین ( ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان دیجلەو فورات لە بەری باکوورەوە •• ج•ر• ) بپارێزێتو هەر لەژێر دەستی خۆیدا بمێنێتەوە وەکو بەندێکی قایمی دژ بە هێرشی دوژمنـی میسری[٦٦] » • لە ساڵی ١٤٧٩ پ•ز تحوتمسی سێیەم ڕووی لـە ئاسیاکردو گەیشتە شاری قەرقەمیش سەربازانی فیرعەون لەگەڵ هێزی میتانیدا تێك ئاڵانو لـــەم جەنگەدا لەشـــکری میتانی بەزی[٦٧] ، هێرشی هەشتەم لە فینیقیاوە دەست پێکردبوو بەرەو نەهارین هاتبووو هەموو شارەکانی کەوتنە ژێر دەســـــتی تحوتمسیو هەتا فورات گەیشتو لەویش پەڕیەوەو تابلۆیەکی لە بەرد بۆ خۆی بەدیار خســـت بۆ پێشـــان دانی ســنووری میرنشینەکەی لەو بەری رووباری فوراتەوە[٦٨] •

تحوتمسی بەر لەوەی ســـاڵی پەنجاو چوارەمینی فەرمان ڕەوایی هەر بە تێوو ساڵی سیو سێیەمینی بە ڕاستی تەواو بکات، کۆچی دوایی کردو ( ئامون حوتبـــی دووەمی کوڕی -١٤٤٧- ١٤٢٠ پ•ز ) هاتە سەر حوکم ، کۆچی دوایی کردنی باوکیدا بە ساڵ دوو ساڵێك بەشداری کردبوو لە فەرمان ڕەوایەتی میسردا• چەند مانگێك بەسەر حوکمرانیدا تێنەپەڕیبوو کـە بە خۆیو سوپایەوە لە ئاسیادا پەیدا بوو و بە جەورو ستەمی خۆی لەگەڵ دانیشتوان دا فەرمان ڕەوایی میسری زێتر چەسپاند ، هەرکـە

هێرشی بردە سەر فەلەستین‌و بەرەو فورات گەیشت پەیامبەرانی میتانیانی هاتنە بەرەوپیری[٦٩]. ئیوبراو لە دەوروبەری (ساڵی ١٤٢٠ پ.ز) کۆچی دوایی کردو لە دوای مردنی ئاژاوەیەکی زۆر لە هەرێمەکانی ئاسیادا رووی‌دا ، کە میتانیەکان هەڵیان گیرساندبوو و ئالالاخ‌و قەرقەمیشیشیان بۆ خۆیان گەراندبۆوە، هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو تحوتمسی چوارەم (١٤١١-١٣٩٧ پ.ز) ئارەزووی‌کرد لەگەڵ میتانیان نێزیك ببێتەوە . وای بۆ دەچن ، کە ئەو میرات گری ڕاستەقینەی تەخت‌و تەلاری فیرعەون نەبوو ، باوەکو کوڕێکی ئەمونحوتبی دووەم بوو بێت لە سەردەمی‌دا زۆرانێی ئایینی لەنێوان پیاوانی ئاینداری خوداوەندی ( رەع )و خوداوەندی ( ئامون )دا بەهێز ببوو[٧٠]. لەم قۆناخە مێژووییەدا ناتوانین بڵێین نێزیکایەتی لەلایەن میرنشینی میتانیەوە بووە بەلای میسردا ، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاسترە ، چونکە بەرژەوەندی میسریان لە ئاسیاو لە باکووری وولاتی میزوپۆتامیاو سوریادا ئەوەی دەخواست ، ئەگەرچی کاشێکانی بابل دۆستایەتی خۆیان پیشان دابوو ، بەلام میسری‌یەکان لایان کرد بەلای میتانیانەوە ، بەڵکو تحوتمسی چووارەم حەوت جاران ناردیە خوازبێنی شازادەیەکی میتانی[٧١] بۆ ئەوەی بیکاتە خێزانی خۆی‌و شاژنی وولاتەکەی هێمای **دۆستایەتی رامیاریان . ( بروانە وێنە ژمارە ١٣ )**

لە ئەنجامدا کچی ( ئەرتاتاما )ی پاشای میتانیانی خواست‌و ئامونحوتبی سێیەمی لێ‌بوو[٧٢] و ئەو ژن خواستنە ناکۆکی‌و دووبەرەکی نێوان میسرو میرنشینی میتانیان . لە هەموو بارێك

دا ( رامالّی ) ڕاستیکەی لەوەدا بوو ، کەوا میسر هەستی بەوە کرد توانای تەواوی داگیرکردنی خاکی ئاسیا نییەو میتانیکانیش دەرکیان بەوەکرد هەرگیز ناتوانن فەلەستین و ئەو لایەنانەی میسر لە سوریە گرتویەتی بیبەنەوە ژێر دەسەلاّت داریتی خۆیان ، بۆیە هەردوولا دانیان بە ڕاستی باری خۆیاندا هێناو بڕیاری دۆستایەتیاندا لە بریتی دژمنایەتیو بۆ یەکەم جار کچی ئەرتامای میتانی بوو بە هۆی هەڵ تەکاندنی بناخەی ئایینی لە میسردا • فاندنبێرگ ، کە لە مێژووی میسری کۆندا پسپۆرە دەڵێت :

« لەگەڵ هاتنی ( موت ـ ئوم ـ ویا ) شازادەی ئاسیایی بۆ میسری خۆشیو مەزنیو شکۆیی بۆ میسری هێنا لەپاڵ ئەو خوورەوشتو دروشمە ئایینیو بیریانی هێنابوونی ، کوڕی تحوتمس ، کە لە ( موت ـ ئوم ـ ویا ) بووبووی لە تەمەنی پازدە ساڵان بوو چووە سەر تەختی پاشایەتیو بە ( ئامون حوتوبی سێیەم ) نێودار بوو(٧٣) »و • بێ گومان تا ئەو کاتە لەژێر چاودێری پەروەردەی دایکیدا گوزەرانی کردبوو و ئەنجامەکەی لەپاشاندا بە ئاشکرا لای نەوەکەی بەدیاردەکەوێت •

**٢ ـ پێوەندی میتانی ـ میسری**
**لەبەر ڕۆشنایی نامەکانی ( تل العمارنە )**

لە ساڵی ١٨٨٧دا هەندێ تابلۆی نووسراو لە هەرێمیکی شوێنەواری ، کە کەوتۆتە بەری ڕۆژهەڵاتی رووباری نیل لە ( محافظة المینا ، مرکز ملوی ) لە میسردا ، کە ئەمڕۆ بە ( تل العمارنە ) ناسراوە ، دۆزرایەوە ، ئەم تابلۆیانە بەشێك بوون لە

شوێنەواری ئەو شارەی لە کۆن دا بە ( ئەخت ئاتون بە واتـــا ئاسۆی ئاتون ) ئێودار بووە ، ئێوی ئەم شارەش بە ئێو ئـەو پەرستراوە بووە ، کە فرعەون ئامون حوتبی چوارەم ( ئاخـــن ئاتون ) هەوڵیدا لەنێو هەموو خوداوەندان دا هەر ئەو لـــە سەرتاپای میسردا بپەرسترێت •

زانا ( پیتری ) توانی نامەی پاشایان ، کە لەنێو ئــــەو بەڵگەنامانەدا بوون ، کە لە ئەنجامی پشـــکنینەدا دۆزرابوونەوە رێك بخات ئەوەی شایەنی باســـە ئەو پشـــــکنینانە دەزگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی ئەڵمانی لە نێوان ساڵانی ١٩١١–١٩١٤ ز(٧٤)• کردوویەتی • هەروا دوابەدوای ئـــەودا کـــۆمەڵەی شوێنەوارییی میسری لە ســاڵانی ١٩٢٦–١٩٣٧ز • بەردەوامی لەو جۆرە پشکنینەدا کردو هەندێ ئەنجامی ئەم کارانە لە ساڵی ١٩٥١ زایینیدا لە لەندەندا(٧٥) بلاوکرایەوە •

زۆربەی تابلۆکان ئەو نامانەبوون ، کە لەنێوان پاشـایانی وولاتانی مەزنی ئاســـیا ، کە لەمەوبەر ئێویان بەدیکرا لەگەڵ فرعەونەکانی میســـری بنەماڵەی هەژدەمین ئاڵو گۆرکراون ، هەروا نامەکان ئەو نامانەش دەگرنەوە کە میرەکانی سەر بـــە میسر لە ئاسیای رۆژئاوادا ( وەیا لە سوریەو فەلەستین )دا بـــۆ فرعەونەکانیان ناردوون • برسند دەڵێت « ژمارەی ئەو نامانـــە سێسەد نامەنو لە قالبی قوڕین دروست کراونو بە خەتی مێخی بابلی نەخش کراون ، لەنێوان ئامون حوتبی سێیەمو ئەخناتونی کوڕی لە لایەك و پاشایانی بابلو نەینەواو میتانیو قبرســـو

سەردارانی سوری‌و فەلەستینی لەلایەکەی ترەوە • هەمـــان پێوەندی بەتین لەنێوان ئامون حوتبی سێیەم‌و پاشای میتانی - شـــوتـارنـا (Shuttama) ی کـــوڕی ئـارتـاتـامـا (Arttatama) ی هاوڕێی تحوتمســـی چوارەم(٧٦) » • هەبووە •

لەپێش دۆزنیەوەی ئەم نامانەدا هێندێك لێلـــی دەربارەی کاتی فەرمان ڕەوایی پاشایانی بنەماڵەی هەژدەمین هەبوو ،بەلاّم ئەم نامانە ئەو تەم‌و مژو لێلییەی لاداو ڕامالی •

لە ڕاستی‌دا ئەو نامـە تایبەتییانەی ژمارەی EA 23, 27 یان پێدراوە ، نامەی تایبەتی میتانیان‌و لەلایەن توشـــراتتای پاشای میتانیوە نێردراون ، بەرواری وەرگرتنی نامەکانیشـــی تۆمارکراون بەلاّم باش ناخوێندرینەوە بۆیە گومان دەکرێـــت لەنێوان ٣٥ و ٣٦ دابن‌و ئەو بابەتانەی تییایاندا تۆمارکـــراون پێوەندێکی تەواویان بە دوا ساڵانی فەرمان ڕەوایی ( ئامـــون حوتبی سێیەم ) هەیە • نامەی دوو نامەی ( توشراتتا ) پاشـــای میتانی ئەوەی چەپیان بو ئامونحوتبی سیهەم‌و ئەویتریان بـــۆ ئەخناتونە ، بە شـــێوەی تابلۆی قوڕینی لـــە ( تل العمارنە ) دۆزراونەتەوە • ( بروانە وێنە ژمارە ١٤ ، ١٥ )

ئەو نوسراوە میسری‌یە ، کە لە ژێر نامەی یەکەمدا تۆمار کراوە ، ساڵی گەیشتنی نامەکە ( ساڵی ٣٦ لە تیبە ) بەدیـــار دەخات • ولە بەری راستی دووهەمیاندا ساڵەکەی تۆمارکراوە• تابلۆی یەکەم وا لـــە موزەخانەی بەریتانی ( لە ژێـــر ژمارەی

٢٢٣دا )یە ، و ئەویتریان وا لە موزەخانەی بەرلین ( لەژێر ژمارەی ٢٧دا )یە •

نامەی ژمارە EA 27 کە لەسەر تابلۆیێکی قوریندا تۆمارکراوە شکاوە ، بەتایبەتی سەرەتاکەی ، بۆیە کاتی ناردنی بە باشی نازاندرێتن وا دیارە داواکارێکەی بەدرێژایی داوێنی لای چەپیەوە بوو بێت و گۆشەیەکیشی لێ شکاوە ، هەروا نامەیەکی دیش هەیە گومان لە بەرواری ناردنی دەکرێت ، چونکە سەرەتاکەی شکاوەو هێندێك بەڵگەی تێدا هەیە ئەوانیش نێوی ( میموریا ••• هەتا تاتو ـ هیبا )یە ، ئەم نامەیە هەر بۆ سەرەتای سالآنی فەرمان ڕەوایی ئەخناتون ( ئاخن ئاتون ) دەگەڕێتەوە • ( بڕوانە وێنە ژمارە ١٦ ) •

زانا ( ریدل Riedel ) دەستی بە لێکۆڵینەوەی نامەکانی میتانی کرد ، کە ژمارە (١٧) تا (٢٩) دەگرێتەوە ، لە دوای ڕێك خستنیان وای بۆ روون بۆوە ، کەوا نامەی ژمارە ١٧ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٢ ، ٢٣ ، ٢٤ بە نێونیشانی ( نب ـ مأ ـ رع ) نێردراون ، کە مەبەستی سێیەمە[٧٧] ، بەرواری وەرگرتنی نامەی ٢٣ تۆمارکراوەو بەرامبەر بە ساڵی (٣٦) ، بەلآم نامەکانی دی بڕێتین لە لیستەی دیاریان ، هەروا نامەیەکی نێو ئەو نامانە بۆ ( تیپا ) نێردراون لەدوای کۆچی دوایی‌کردنی مێردەکەی‌و سێ نامەش بۆ ئەخناتون ( کە ژمارە ٢٨٠ )یە ، کە نێو لەپاڵ سلآو ناردندا تۆمارکرابوو ، بەلآم نامەی ٢٧ لە رووی ناوەرۆکەوە زۆر لە نامەی ژمارە (٢و١٢) دەکات ، ریدل دەڵێت ئەو نامانەی

پێوەندییان بە توشراتتاوە پاشای میتانی هەیە ماوەی دە تـــا دوازدە ساڵێکی خایاندووە ، بە واتا لە ساڵانی هەرە دوایـــی تەمەنی سێیەم و سەرەتای فەرمان ڕەوایی ( ئاخناتون ) دەگرنەوە، بەڵام ئەو نامانەی ، کە پێوەندییان بە وولاتە مەزنەکانی ئاسیایی ترەوە هەبووە ئەمانەن :ـ

نامەی حیثیان ( ژمارە ٤١و٤٢ ) ، نامەی ئاشـــوورییان ( ژمارە ١٥ و ١٦ ) نامەی کاشـــییان لە بابل‌دا ( ژمارە ١ـ١٤ ) نامەکانی وولاتی ئارزاوا ( ژمارە ٣١ و ٣٢ ) •

لە هەمان کات داو لە شوێنێکی تردا دیسانەوە زانایەکـــی شوێنەواری دی ـ هوگو وینکلەر خەریکی پشکنین بوو لـــە ساڵی ١٩٠٦دا لە ناوچەی ( حەتوســـاس )ی پایتەختی حیثیان ( بوغاز کوی ئەمڕۆ لە تورکیە ) ، لە ئەنجام‌دا چەند تێکستێکی دەنگوباسی سەدەی چواردەمی دەست کەوت ، کە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی ( تل العمارنە )دا هاوچەشنن • هەروا ئەو تۆمارانەی پاشایانی ئاشوری کە لە ساڵی ١٩٣٢ـ١٩٣٣ز• لـــە ( خورسباد )دا دەست کەوت ، زۆر یارمەتی ڕووداوەکانی ئـەو ناوچەیەی‌داو بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە سەردەمی ئاشوور ئوبلیتەوە هەبوو ، لەدوایی‌دا دۆزراوەکانی ئوگاریتی تۆمارکراو شوێنانی جیاواز جیاوازی فەلەستین ، ئەم ڕوونکردنەوانەی تەواوکرد •

هەروا هروزنی ـ پرۆفیسۆری چیکی ، لە ساڵی ١٩١٤دا ژمارەیەکی زۆری لەو تابلۆیانەی خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی

خۆی و له ئه‌نجامدا گه‌یشته ئه‌وه‌ی بڵێت ئه‌م زمانه هینـــدو ئه‌وروپییه‌و بیروراکانی خۆی له (F. Hrozhy., Die Sprache der Hethiter. Leipzig 1917 تۆمارکرد •

له‌دوای هه‌وڵ دانێکی زۆر لێکۆڵه‌ره‌وه ، فیلیپ فاندنبیرگ پێش چه‌ندساڵێك توانیویه‌تی شوێنی هه‌بوونی ئه‌و تابلۆیانه بدۆزیته‌وه ، که ژماره‌یان له کاتی ئێسته‌دا له (٣٠٠) زێتره‌و به‌م جۆره‌ی خواره‌وه دابه‌ش کراون :ـ

٢٠٢ تابلۆله مۆزه‌خانه‌ی به‌رلینی رۆژهه‌ڵاته/به‌شـی ئاسیایی و (٨) هه‌شت دانه‌یان زۆر په‌رپووت بوون •

٨٢ تابلۆ له مۆزه‌خانه‌ی بریتانییه له له‌نده‌ن •

٥٠ به‌ڵگه‌نامه له موزه‌خانه‌ی نیشتمانی میسری له قاهیره‌و یه‌ك له سێی ئه‌م تابلۆیانه زۆر تێك چوون •

٢٣ پارچه له مۆزه‌خانه‌ی ئه‌شمولیان له ئوکسفورد که (٢١) دانه‌یان شکاوه •

٨ دانه‌ی شکاو له له‌نده‌نه •

٧ تابلۆی بچووك له مۆزه‌خانه‌ی لوڤه‌ره له پاریس •

٤ پارچه له هۆڵی روستوڤیتز بك له قاهیره‌یه •

٣ پارچه له لینینگراده •

٢ پارچه له مۆزه‌خانه‌ی میتروپولیتانی هونه‌ره‌کان له نیویورك

١ پارچه له مۆزه‌خانه‌ی هاسکیله ، که ســــه‌ر به زانکۆی شیکاگۆیه •

١ **پارچه له موزه‌خانه‌ی ئه‌سته‌نبول •**

١ **پارچه له لای فره‌نسێکه له پاریس •**

لێره‌دا فاندنبیرگ ده‌ڵێت : « ئه‌و (٣٨٥) تابلۆیانه‌ی له ( تل العمارنه ) ده‌رهێندران له‌گه‌ڵ ئه‌و ده هه‌زار تابلۆیانه‌ی لـــه بوغازکوی دۆزرانه‌وه ، هه‌موویان یارمه‌تیمان ده‌ده‌ن بۆ ئه‌وه‌ی ده‌نگوباسی میرنشینی نوێی فرعه‌ونه‌کانی میسر به‌تایبه‌تی ئـــه‌و سه‌رده‌مه‌ی پێوه‌ندی به ئێڤه‌رتیتی‌و دۆخ‌و باری ئه‌وسامان بـۆ روون‌ده‌که‌نه‌وه‌و(٧٨) هه‌روا پێوه‌ندییان به شێوه‌یه‌کی گشتی بـه میرنشینی میتانیان‌دا پێشان ده‌دات •

له‌ســـه‌ر ئه‌م راســـتییانه وامان بۆ ده‌رده‌که‌وێت ، که‌وا پێوه‌ندێکی دۆستایه‌تی له نێوان ئامونحوتبی سییه‌م ( باوكـــی ئه‌خناتون )و پاشای میتانی - ( شوتتارنای کـوری ئارتاتاما )دا هه‌بووه ، ئه‌م فرعه‌ونه کوڕی خوشکی ئارتاتاما بووه هه‌روه‌کو **له‌مه‌وبه‌ر باسکرا • ( وێنه ژماره ١٧ )**

ئه‌وه‌ی زاندراوه ( شوتتارنا ) ( گیلوخیپا )ی کچی خۆی بۆ ناردووه ، بۆ ئه‌وه‌ی ببێته خێزانی • له ئه‌نجام‌دا ئاهه‌نگێکی گه‌وره‌ی بۆ رێکخراوه‌و بڕیاری تۆمارکردنی ئه‌م ژن هێنانه له‌سه‌ر کۆمه‌ڵێك تابلۆدا کراوه ، له‌و هه‌واڵانه ده‌ڵێن ئه‌م میرزاده‌یه لـه ئاسیاوه سێ سه‌دو هه‌ڤره خاتوون‌و کاره‌که‌ری له‌گه‌ڵ خـــۆی هێناوه‌ته میسر ، ئه‌مه‌ش له ساڵی ده‌یه‌مینی فه‌رمان ڕه‌وایـــی ئامونحوتبی سێهه‌م دا بووه •

لەدوای کۆچی دوایی کردنی پاشای میتانی توشراتتای کوڕی بوو بە پاشا ، ئەویش ( تادو خیپا )ی کچـــی بۆ ئامونحوتبی سێیەمی ناردووە بۆ ئەوەی ببێتە هاوژیانی ، بەڵام لەدوای مردنی ئامونحوتبی سێیەم شووی بە ئامونحوتبی چوارەم (ئاخن ئاتون)ی کوڕی کردووە، کەتێوی (نفەرتیتی) پی بەخشیوە لەچاکترین نامەیەکی میتانی هەتا ئەمڕۆ ماوەتەوەو بە چاکی دەخوێندرێتەوە ئـــەو نامەیەیە ، کە ( توشـــراتتا ) بۆ ( ئامون حوتبی سێیەمی[79] ) ناردووەو دەربارەی قایل بوونێتی سەبارەت بە شـــووکردنی کچەکەی ( تادو خیپا - نفەرتیتی ) بە ئامون حوتبی ســـێیەم و دەڵێت :

« بۆ ئەو براو زاوایەی ، کە خۆشی دەوێم و خۆشم دەوێت ئامون حوتبی سێیەم - پاشای مەزن و فرعەونی میسر •

لە توشراتتای پاشای مەزن و براو خەزوورت کە خۆشی دەوێت •

من تەندروستم باشـــە ، هیوادارم تۆش وابیت • ماڵت و خوشـــکم و هەموو ژنەکانت و کچەکانت و عەرەبانەکانت و ئەســـپەکانت و گەورە پیاوانت و خاکت و هەموو سامانێکت بەخێربن •

لە کوندا باوباپیرت پێوەندی دۆستایەتیان لەگەڵ باوباپیرما هەبووە ، بەڵام تۆ ئەم پێوەندیەت لە جاران بەهێزترکرد ، لـە ڕاستیدا هاوڕێیەکی پارێزەری باوکم بوویت و ئێمەش لێك نێزیك بووینەوە ، بەڵام ئێســـتە ئەم پێوەندییە بەدەیان جار لە جاران

بەهێزتر بووە ، بەشکو پەرستراوەکانمان لەگەڵ هەڵسوورانی ڕۆژگاردا ئەم خۆشەویستیەمان پتەوترو زێتر بکەن ، هەروا ( تیشوب )ی پەرستراوی خوداوەندی میرنشینی میتانی لەگەڵ (ئامونی) پەرستراو ئەم خۆشەویستیە هەروەکو ئێستە بپارێزن.

که ئەو نێرەرەی برام ناردوویەتە لام و نێوی ( مانی ) یەوگوتی تۆ ئارەزوو دەکەیت کچەکەم بخوازیت و بیکەیتە شاژنی میسر ، نەمتوانی دڵی براکەم بشێوێنم بەڵکو لەسەر هەمان ئەرکی هێشتنەوەی دۆستایەتیمان‌دا بەردەوام بووم‌و بۆ جێ‌بەجێ کردنی خواستەکەت ، برام وا کچەکەی خۆم لەگەڵ ( مانی )دا نارد ، کە بە بینینی زۆر شادمان بوو ، هەرکە کچەکەم گەیشتە نێو خاك‌و خۆڵی تۆ ، براکەم هیوادارم عشتاری پەرستراوو ئامونی پەرستراو وای لێ‌بکەن لەلات خۆشەویست بێت‌و ڕاگیرت بێت » .

« برام گیلیا Gilia ی نێرەرم نامەیەکی تۆی بۆ هێنام ، هەرکە خوێندمەوە زۆری پێ شادمان بووم ، ئەوسا گوتم ئەگەر هات‌و ئەم دۆستایەتیەش لە نێوماندا نەما ئەوا ئەم نامەیە وام لێ‌دەکات ، کەوا هەر خۆشم بوویێت »، برام بۆ تۆم نوسیبوو کەوا « لەلایەن منەوە ئەوا دەبینە ئازیزترین هاورێ‌و دلسیوزترین دۆست »، جا براکەم پێم ڕاگەیاندبوویت ، کەوا دۆستایەتیمان دە ئەوەندەی جاران بەهێزتر بکەیت لەچاو دۆستایەتی سەردەمی باوکمان‌دا ، هەروا برام داوام لێ‌کردبوویت ئەندازەیەکی زۆر زێرم بۆ بنێریت‌و گوتبووم : « برام ئەو زێرەی ئەمڕۆ بۆ من

دەنێردرێت دەبێ زۆر لەو زیتر بێت ، کە بۆ باوکم دەنێردرا ، تۆ زێڕێکی زۆرت بۆ باوکم ڕەوانەدەکرد کە بەرامبەر بە کێشی بوو لە زێڕی خالس هەروا بـــــە (Namkhar) نــــامخـــــار ئەندازەی کیرو (Kiru) زێڕی خالست (؟) بۆ دەنارد ، بەڵام ئەو زێڕەی بۆ منت ناردووە برێتیە لە پارچەیەك زێڕی تێکەڵاو بە مسە ...

بۆیە برام ئەندازەیەکی بێ ژمارەم لە زێڕ بۆ بنێرە زۆر زیاتر بێت لەوەی بۆ باوکمت دەنارد ، چونکە لە خاکی تۆدا ئەوەندە زۆرە دەڵێی خۆڵە ».

بێجگە لەو نامەیە توشراتتا نامەیەکی بۆ دایـکی ئەخناتون ناردووە ، کە تێوی (تی) بووە ، هەروا نامەیەکی پرســـەی بـۆ ئەخناتون ناردووە بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی‌یەوە .

گرنگترین تێبینی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە نامەی توشراتتاوە بەرچاو دەکەوێت ، ئەوەیە پاشای میتانی لە نامەکانی‌دا لەگەڵ فرعەونی میسردا بە ووشەی برا نامەکانی ئاڕاستە دەکات ، ئەمەش یەکسانی پلەی هەردوولا پێشـــــان دەدات ، کە هیچ کامێکیان شـــوێن کەوتەی ئەوەی‌دی نەبوون . لەلایەکی‌ترەوە فرعەون زاوای پاشای میتانی بووە ، بۆیە زۆر بە ئاشکرا لە تەندروستی خوشکی خۆی دەپرسێت ، لەراستی‌دا خوشـــکەکەی توشراتتا شووی بە ئامون حوتبی سێیەم باوکی ( ئەخناتون ) کردبوو ، کە لەکاتی نووسینی ئەم نامەیەدا ئەو لە میسر بووە ، بەڵام فرعەونی میسر دەستی کچی توشراتتاش داوا دەکات هەروەکو لە ناوەرۆکی

ئەو نامەیەدا دیارە ، کە فرعەون بە دەستی گیلیا ئێرەری توشراتتادا ناردبووی • لێرەدا پاشای میتانی دیسانەوە پێوەندی بەهێزی نێوان هەردوو میرنشین دەست نیشان دەکات ، هەروا لەم نامانەدا وا بەدیار دەکەوێت ، کەوا خوداوەندی هووری ( تیشوب ) ، کە خوداوەندی حیثیانیش بووە لەلای میتانیان لە پایەی خوداوەندی ئامونی میسریان بووە، بۆیە پاشای میتانی داوا لەم هەردوو خوداوەندە دەکات ئەم دۆستایەتییەی نێوانیان بپارێزێت ، لەپاڵ ئەوانەش‌دا نێوی خوداوەندی عشتاریش هاتووە وەکو هێمایەکی خۆشەویستی‌و پاشای میتانی داوا لەم هەر سێ خوداوەندە دەکات ، کەوا کچەکەی لەلای فرعەون بە سایەیان خۆشەویست بێت ، ئەمەش زێتر دان بە هەبوونی پێوەندی کەلچەری لەنێوان میتانیان‌و دۆڵی هەردوو رووباردا دەنێت •

لە سرنجە گرنگەکانی‌دی ئەم نامەیە تۆمارکردنی نێوێکی میتانیە کە ئەویش ئێرەری پاشای میتانی ( گیلیا )یە • لە لایەکی‌ترەوە وا گومان دەکرێت میرنشینی میتانی لە کێشەیەکی ئابووری‌دا بووە لە ئەنجامی مشتوومڕو زۆرانێیان لەگەڵ حیثیان دا بووە لەبەر ئەودی لایان بەلای میسردا کردۆتەوە ، بۆیە توشراتتا داوای زێڕی خالس لە میسر دەکات کە کێشەکەی زۆر لەوە زیاتر بێت ، کە بۆ باوکی دەنێردرا • لێرەدا فاندنبیرگ دەڵێت « ئەو کێشە زۆرەی زێڕ ، کە بەرەو باکوور بۆ میرنشینی میتانی دەنێردرا نیشانەی دۆستایەتی نەبووەو هەروا بۆ

بەهێزکردنی پێوەندی دبلوماسی هەردوولاش نەبووە ئەوەندەی بۆ ئاڵوگۆرکردنی کچو خوشكو پوری پاشایانی میتانی بووە، ئەو ئاڵوگۆڕیەی نێوان فیرعەونەکانو ئەمانە بە سێ پشت لە بنەماڵەی هەژدەمدا بووە[٨٠]».

ئەو بۆچوونەی فاندنبیرگ بە ئەنجامی شکەستی میتانیان ڕەت دەکرێتەوە، کە میتانی دووچاری بوو لەدوای ڕێك کەوتنی لەگەڵ میسریان دا، حیثیێکان توانای دەست تێکەڵاوکردنی خۆیان لەنێو کاروباری خێزانی پاشایەتی میتانیان دا پەیداکردو هەرکە هێزو دەسەلات دارێتی میسری لەم ناوچانەدا نەما، کە تحوتمسی چوارەم و نەوەکانی، لەبەری رۆژئاوای ئاسیادا وەرگیریان هێنابوو.

### ٣ - هاوسەری ئەخناتون ونفەرتیتی
### پێگەیشتنی رامیاری وەیا ئایینی نێوان میسرو میتانی

ئەخناتون ئەو نازنێوە ئایینیە بووە، کە فرعەونێکی میسری بنەماڵەی هەژدەمین لە خۆی ناو، ئەمەش لەدوای ئەو گۆڕینە ئایینیە بوو، کە لە وولات دا لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی خۆیدا ١٣٧٠ - ١٣٤٩ پ.ز کردی. نێوی پاشایی ئەخناتون ئامون حوتبی چوارەم ( ئامون حوتب/ئامنوفیس ) بوو، بەلام نێوی ڕاستەقینەی خۆی ( نیفر - خیپرو - رع = رووخساری جووانی رع[٨١] ) بوو.

ئەخناتون لە کۆمەڵێك دا گەورە ببوو، کە پیاوانی ئاینداری ئامون بەسەریدا زاڵ بوون، ئەگەرچی بابو باپیرانی زۆر

هەوڵیان دا ئەم هێزەیان پێ کەم بکەنەوە ، بەڵام نەیان توانی ئەم گۆڕانە گرنگە ئاینییە بـــکەن ، کە ئەخناتون کردی • ئەوەی شایەنی باسە هۆی سەرهەڵدانی ئەم هەوڵ دانانە لەلایەن باوكو باپیریوە بۆ کاریگەری دایکیانو خێزانەکانیان دەگەڕێتەوە کـە میتانی بوون و چەمکی ئاسیایی بۆ پەرستنی خوداوەندی رۆژیان لەمێشك چەسپاندبوون ، لە لایەکـــی ترەوەش پیاوانی ئایینی ئامونیش هەوڵی ئەوەیان لەگەڵ دەدان هەڵگری پەرســــتنی پەرستراوەکانی ناوچەیی خۆیان بن ، نەك هی دەرەوە •

( نیفر - خیپرو - رع ) لەنێو ئەم بوارە ئایینیە دژ بەیەکدا هەڵکەوت و گەورەبوو ، لەگەڵ ڕاستیدا ڕوو بەڕوو بوو و حەزی لە ڕاستی بوو بە هەموو واتایەکییەوە ، زۆر زیرەك و هەستدار بوو و خاوەن بیروڕای فەلسەفیش بوو ، بۆیە حەزی نەکرد ببێتە یاریەك بەدەست پیاوانی ئایینی ئامونەوەو بیرێکی نوێی بۆ خەلکی داهێناو بیرەکەی بڵاوکردەوە کە کرۆکەکەی ئەوەبوو ، وە نەبێت گۆی رۆژ خوداوەندبێت ، بەلکو ئەو هێزی تێیدایەتی کە نێوی ( ئاتون )ی لێنابوو ، ئەوە خوداوەندەو داوای لە خەلکی کرد ئیتر هەر ئاتون بە تەنیا بپەرستن و هیــــــچ خوداوەندێکی لەپاڵ نەخەن ، چونکە لە هەموو شوێنێك دا ئەو خەلکی دروســــــت کردووەو بۆیە دەبێت هەر ئـــەو تاکە خوداوەندەیان خۆش بووێو بـــە پیــرۆزیو ڕێزلێنانـــەوە سەیری بکەن • پیاوانی ئایینی ئامون دژی وەستان ، بۆیـــە ناچاربوو طیبە بەجێ بهێڵێتو پایتەختێکی نوێ لە میسردا بنیات

بنیو نێوی ( ئەخت ـ ئاتون )ی لێ بنێت بە واتای ئاسۆی ئاتون و بڕیاری جەنگ کردنی لە دژی ئامونو پیاوانیداو نێـــوی ( ئامون حوتبی ) ڕابردووی خۆی بە یەکجاری ڕەش کردەوە •

لەپاڵ ئەو شۆڕشە ئاینیە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیو هونەری پەیدابوو ، کە ئامانجی سەرەکی ڕامالینی ڕابردوو بوو و گەیشتن بەراستی تەواو بوو لە هەموو شتێك دا ، بۆیە داوای لـــــە هونەرمەندان کرد وێنەی ژینی تایبەتی خۆی لەگەڵ خاوو خێزانی نیفەرتیتی جووانو هەر شەش کچی بکێشن •

دەبێت نیفەرتیتی کێ بێت ، کە ئەو دەورە سەرەکییەی لە ژینی ئایینیو رامیاری ئەم فرعەونەدادیت ؟ ( بروانە وێنە ژمارە ١٨ ) •

شێوەی دارشتنی ئەم نێوە لە میسری کۆندا ( نوفرتیتی Nofretete ) یەو واتای ( جووان گەیشت ) دەگەیەنێت • ئەم جووانە خێزانی ئەخناتون بووە ، هەروەکو وا زاندراوە ، بەلام ئەخناتون مێردی دووەمی بوود • مێردی یەکەمی ئامون حوتبی سێیەم بووە کە باوکی ئەخناتون بووە • نیفەرتیتی لە ســـالی ١٣٨١ پ•ز هاتۆتە دنیاوەو لە تەمەنی پازدە سالان دا دەبێت کە شوو بە ئامون حوتبی سێیەم کردبێتو هەرچەند سالێك لەگەلیدا دەژیو کۆچی دوایی دەکات ، چونکە ئەو سالەی کە نیفەرتیتی شوو بە ئامون حوتبی سێیەم دەکات ، ئامون حوتب لە (٣٥) ین سالەی فەرمان ڕەواییدا دەبێت و لە سالی ١٣٦٠ پ•ز کۆچی دوایی دەکاتو ئەخناتون ( ئامون حوتبی چوارەم ) دەبێتـــە فرعوون و نیفەرتیتی دەخوازێتو لەلای نیشانەی خۆشەویستیو

دڵسۆزی‌و جووانی دەبێت • لەم بارەیەوە لێکۆڵەرەوە فاندنبیرگ دەڵێت : « بە هۆی ئەو ئاڵو گۆری نامەی پاشایانەوە کە لە تل العمارنە دۆزراونەتەوە ، بە تایبەتی ئەو نامە میرییەی « توس (ی) راتتـــا » [ توشـــــراتتا ] ، بـــۆ ئـــامـــون حوتبـــی ســـــــــــــێیەم و چوارەمی ناردووە ڕاستـــی دەردەکەوێت کەوا پاشای میتانی داوای زێڕی لە فرعەونی میسر کردووە بۆ ئەوەی کچەکەی خۆی ( تادوهیبا )ی بۆ بنێرێت ، هەرکە پاشای میتانی زێڕەکەی بەدەست گەیشتووە میرزادەی بەرەو طیبەی میسـر ناردووە ، کە ئامون حوتبی سێیەم لەگەڵ خێزانەکانی تێیدا ژیاوە »• ( بروانە وێنە ژمارە ١٩ ، ٢٠ )

هەروا ئەم پسپۆڕەی مێژووی کۆنی میســرە بە هەموو دڵنیایەکەوە دەڵێت « تادوهیبا هەر ئەو میرزادە میتانییەیە ، کـە لە میسردا بەنێوی ( نیفەرتیتی ) ناو بانگی دەرکرد ئەمەش بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی زانایانی بابەتی میسری کردوویانە وەکو سیر فلیندرس پیتری‌و زانا ئلیونورابیل دی موتEleonore Bille - De Mot

گەیشتوونەتە ئەنجامی ئەوەی بڵێن تادوهیبا نیفەرتیتیەو دووریش نییە خزمایەتی خوێنی لەگـــەڵ ئەخناتونی مێردی‌دا هەبوو بێت،خانم ئلیونورابیل گەیشتۆتەبڕیاری‌ئەوەبڵێت«نیفەرتیتی میرزادەیەکی ڕۆژئاوای ئاســـیا بووەو باوکی بەرامبەر بەزێڕ نرخاندوویەتی ، ژنێکی دڵسۆزو ناسك‌و خۆشەویست‌و جووان‌و ژیکەڵە بووە ، بەڵام لە تەمەنی سی ساڵی‌دا شووێکی دی دەکات و شـــــەش کچی دەبێت » • ئەمە بێجگە لەوەی ، کە ئەوەی

پشتگیری ئەو راستیانە دەکات شەقڵی ئەنتروپولۆژی ئەو ژنەیە، کە زۆر لە شەقڵی میسری دوورەو هەروەکو لەو پەیکەرەیدا بەدیاری دەکەوێت ، کە لودڤیگ بۆرخارت Ludwig Borchardt لە ٦ کانوونی یەکەمی ســــــاڵی ١٩١٢ لــــە تـل العمارنەدا دۆزیویەتەوە[٨٢] • بۆ یەکەمین جار نورکنودتسون Noor J. A. Knudtson بابەتەکانی نامەکانی تــــــــل العمارنەی لەگەڵ رووداوەکان دا بەراوردکرد هەروا نامەکانی میتانی ژمارە ١٧-٢٩ و ئەو نامانەی تێوی نیفەرتیتی لەژێر ژمارە ٢٠-٢٢،٢٥-٢٩دا[٨٣] رێك خست •

لە ڕاستیدا مانای تێوی نیفەرتیتی بە زمانی میسری کۆن ئــەو گــومــانــە بــەتــەواوی نــاهێڵێــت لــــە بێــگانــە نەبوونی ، ئەمەو بەهۆی نامەکانی تل العمارنە ئەو بێگانەییەی ، کە میتانیە زۆر باش ئاشـــکرا کراوە ، وای بۆ دەچێت ، کەوا میسرێکان بەپاڵ فرعەونەکەی خۆیاندا جوانی ئەو کچەی لــە باکوورەوە لە هەوارگــەی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی تورکیا هاتووە پەسندکردووە ، کە قەد باریکی چاو فســـــتقی بالا مەترو چل ساتیمی ، لەگەڵ جورانیو ژیکەڵەیی پێست سپێتییەی هەمووی نیشـــانەی ئەوەن لە چینێکی خانەدانی پاشایانە هەڵکەوتووە ، هەرکە گەیشتۆتە بارەگەی میسری دەیان میرزادەی میتانی کــە بە چەند ساڵێك پێش ئەو روویان تێکردووە چاوەرێیان دەکرد، بۆیە هەستی تەواوی بە تەنیاییو ئاوارەیی نەکردووە •

ێیوو وێنەی لەسەر هەر چ شوێنەوازێك دیبا نەی دەهێشت ، هەتا لەنێو نازنێوی خۆیدا لای بردو نێوی ئەخناتونی لە خۆی نا بە واتا ( **گوێدێری خوداوەندی ئاتون ) • لەپێش بەرپابوونی** ئەم شۆرشە ئاینیەدا پیاوانی ئایینی ( مەنەف ) ئەو بیروڕایەیان بڵاودەکردەوە ، کەوا ( پتاح ) دروست کەری هەبوونەو پیاوانی ئایینی ( طیبە )ش دەیان گوت جیهان لەژێر دەستی ( ئامون ) دایە بەڵگەشیان پەرستنی ئامون بوو بەشێوەیەکی میری لەلایەن میرنشینەوە ، بەڵام پیاوانی ئایینی ( عین شمس ) دەیان گوت ئەم گێتیە خوداوەندی رع پێکی هێناوەو فرعەونەکانی میسریش نەوەی هەتاون ( رع )و میرات گری ئەون لەســـەر زەویداو هەموو پەرســـتراوەکانی ناوچەکانی دی میســـریش وێنەی خوداوەندی ( رع )ن بۆیە دەبێت بپەرسترێت و بۆیە مەڵبەندی ( رع ) لەچاو پەرســـــتراوەکانیدی بەهێزتر بوو ، لەدوای پەیدابوونی ڕەگەزی میتانی لە بنەماڵەی پاشایەتی میسریدا ئەم گۆڕانە گیانییە مەزنە روویدا • هەرکە سەردەمی ( ئامـــون حوتبی سێیەم ) داهات ( گۆی رۆژ ) کە ئاتون بوو لەســـەر شوێنەواران لە برێتی ( رع ) پەیدابوو بە رادەیەك یەخی بایەخی پێدا نێوی کەشتی خۆی ناونا ( تیشکی ئاتون ) هەتا هێندێك لە پاسەوانانی تایبەتی خۆی نازنێوی ( ئاتون )یان خستە پـاڵ ناوەکانیان ، ئەم ئاینزایە لەو کاتەوە نیشانەی خوداوەندی ژیان بوو ، کە بە تیشکی هەتاو هێمای بۆ کرابوو ، ئەو تیشـــکەی ژیـــان بـــە گیانداران دەبەخشـــــێت ، ئـــەو بیروڕایانە کـــە پیاوانـــی ئایینـــی ئامـــون نەیانـــدەزانـــی ئەخناتون

## بەندی دووەم

## شۆڕشی ئەخناتون

لە سـەردەمی فەرمـان ڕەوایی ئامون حوتبی چوارەم‌و نیفەرتیتی‌دا گۆڕانێکی ئایینی تەواو لە میسر رووی‌دا ، ئـەم گۆڕانە جیاوازێکی زۆری لەگەڵ گۆڕانانی پێشتردا هەبووە ، کە هەرگیز لەگەڵ بیرو‌راو خوو و ڕەوشتیان نەدەگونجا ، ئـەم گۆڕانە دیاردەی ئەنجامی فراوان بوونی سیاسی میسربوو ، کە هەتا ماوەی پازدە ساڵێك نەسرەوت بوو و جا هەستی ئاینیـی میسری چەسپی‌و لەم بارەیەوە مامۆستای زانستی میسری لـە زانکۆی ئوکسفورد ، کە نێوی ( جریفث ) ، گوتویەتی « ئەو ئاڵ وگۆڕە چاکانەی ئەخناتون خستیە نێو دینەوە بە شۆرشـی دوارۆژێکی دوورو درێژ دەژمێردرێت ، کە لە گواستنەوەی بت پەرستی بۆ مەسیحیەت کەمتر نییە[٨٤]» .لە میسر خەلکی‌بۆ سەدان سـاڵ داوای یارمەتیان لە خوداوەندی رع و ئامون کردووە ، کەچی ئەخناتون فەرمانی‌دا واز لە هەمووان بهێنن تەنیـا خوداوەندی ( ئاتون ) هەتاو لە ئاسمانی بالا بپەرستن ، پێوەندی نێوان ئەم پاشایەو شاژنەکەی‌و خوداوەند بەهێزبوو هەردوویان مندالی ئەوو نوێنەری ئەو بوون لەسەر ڕووی زەوی . نێوی ئاتون بەر لە هاتنی ئەخناتون هەر هەبوو بەوەی نیشانەی ئـەو هەتاو بوو ، کە بەچاو دەبیندرا . باوکی ئەخناتون ( ئـامـون حوتب وەیا ئامونی چاك ) هەر نازنێوی خۆی پاراسـت وەکو بەلگەیەکی شوێن بەرزی خوداوەندی ئامون ، بەلام ئەخناتون خوداوەندی ئامونی پشت گوێ‌خست‌و نەك هەر ئەوە بەلـکو

بە ئاشــــکرا بڵاوی دەکردەوە • ئەو کێشـــەیە پشتگیریەکی بەهێزی پەیداکرد لەلایەن پیاوانی ئایینی منف و عین شمس دا • لە ئەنجام دا ئامونی نەهێشتو لەگەڵ نیفەرتیتی خیزانیو دەست وپێوەنەکانی چوونە ( ئەخـــت ئاتون )و ( طیبە ) کە مەڵبەندی ئامون بوو بەجێهێشت و نێوی هەموو پەراستراوەکانی دی کە لەسەر گۆڕە کۆنەکانی پاشایانی طیبەدا هەڵکەندرابوو ڕەشـ کردەوە • لەو ساوە ئاتون لە شێوەی گۆی ڕۆژ لەنێو ئاسماندا دەنەخشاندراو تیشکیشی وەکو باسك لێوە بڵاودەبوونەوەو بـە دەستی وەکو ئادەمزاد کۆتایی پێ دەهات ، کە لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی شۆرببۆوە بۆ ئەوەی پاشـــاو شـــاژن بگرێتە ئامێز • بەداخەوە پەیکەرەکانی شـــــاری ( ئەخت ئاتون )ی پایتەخت لەنێو بردراون ، بەڵام بە هۆی ئەو نەخشو نیگارانەی لەسەر گۆڕەکاندا کراون دەتواندرێت پەرستگەکانی شارەکە لە رووی ئەندازیاریەوە بزاندرێت چۆن بووە ، وێنەی ئاتون زۆر ڕووناك بووە ، کەواتە دەبێت پەرســـتگاکانی ئاتونیش زۆر جیاوازیان لەگەڵ پەیکەری خوداوەندانی میسری کۆندا هەبووبێتە،چونکە ئەوانەی کۆن تاریك و ترسناك بوون ، بەڵام ڕێرەوەکانـــــی پەرستگەکانی ئاتون ئاوەڵەو رووناك بوو و تیشکی خۆر لـــە رووخستگەو لە نوێژکەرەکانی داوە • هەروەکو جریفت دەڵێت: « بە پشـــتیوانی ئەو ســـروودانەی لەســـەر گۆڕەکان دا هەڵکەندراون وا دیاردەکەوێت ، گرنگترین نوێژ لە سەردەمی ڕۆژهەڵاتنو ڕۆژئاوا بووندا بووە[٨٥] » •

ئاینزای ئاتون بەرامبەر بە مردوو ناشـــتنو ژیاندنەوەیدا

هیچ شتێکی تازەی نەخستۆتە سەر ئەوانەی پێشوو ، بەڵـــکو هەروەکو خۆی مابۆوە ، بەڵام ئەخناتون گەیشـــتووە ڕادەی ئاسینی خوداوەندی تاکی گێتیو سووربوو لەســـەر پێڕەوی کردنی « ڕاستیو دروستی »و لەو باوەڕەدابوو کەوا گوزەرانی ساکار لە ڕاستیت تێزێك دەکاتەوەو هەرچی سروستیش پەیدای کردووە ڕاستەو لە هەڵە دوورەو ئاینزاکەی بەکۆنترین ئاینزای تاکایەتی دەژمێردرێت لە مێژوودا • ( بروانە وێنە ژمارە ٢١ )

لەبەر ڕۆشنایی تیشکی ئەوانەی باســـکران ، دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی ، کە دەوری چەمکی ئایینی گێراویەتی ، ئەو چەمکەی میرزادەکانی میتانی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان ،ئەو میرزادانەی ببوونە هاوسەری فرعەونەکان ، کە لە کۆتاییدا وای لە ئەخناتون کرد شۆرشێکی ئایینی بەرپابـکاتو ئەنجامەکەی سەرنەکەوتنی بوو لە لەدەستدانی ئەو زەوییانەی ئاسیای لەژێر فەرمان ڕەوای میسردا بوون چونکە فرعەون هەر خەریــــکی کاروباری ئایینی ناوخۆ بوو و حیثیێکان لایەنگرەکانی خۆیان لە میرنشینی میتانیدا هێنایە سەر حوکمو لە ئەنجام دا ئەم میرنشینە ئاسیاییە بەدەستی حیثیان لەنێو چوو جا ئاشوورێکان ، ئـــەو دەولەتەی ، کە ماوەی سەدەو نیوێك بە بەهێزترین میرنشینی ناوچەکە دەژمێردرا • هەروا دەتواندرێت ئەوە بگوترێت ، کەوا هاتنی ( موت ئەم ئویا )ی میتانی بۆ میسرو پەیدابوونی شکۆییو بەرزی بۆ کۆشکی تحوتمسی چوارەم ، بوونە هۆی سەرهەڵدانی گومان سەبارەت بەو خوداوەندە میسریانەی دەیان پەرست ، کە لە دوای ئەویشدا ( تادوهیپای کچی توشراتتا ) ئەو گومانەی

پتەوترکرد ، لە ئەنجامدا ناکۆکی کەوتە نێو کۆمەڵی میسرو هەموو دەزگە ئایینیو رامیاریاندا •

لەدوای مردنی ئەخناتون هەروەکو جریفت دەڵێت :

« نیفەرتیتی شـــاژن ، خۆشەویســـتی مێردی بە هۆی شوێنەوارە هونەرێکانەوە زۆر باش دیـــارە ، چونکە لەدوای مردنی وای هەست کرد شتێك لە خوورەوشتو بەختەوەری کەم بۆتەوەو شتێکی ئاشکرایە کە لەو ئاینەی مێردی وەرگەڕایەوە پاش ئەوەی ژیانی پڕ بوو لە ئازارو ئەشکەنجەو ، لەوانەیشە ئەم وەرگەڕانەش لە بەر گەڕاندنوەی ئایینی کۆن بێت لە ( طیبه ) پێش مردنی ئەخناتون[٨٦] » • لەگەڵ ئەو راستیەشدا دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین ، کەوا هۆی وەرگەرانی شاژن لەو ئاینەی باووباپیرانی لە میتانیاو هاوسەری لە ئەختئاتوندا لـــە سەری‌بوون بە وێستو ئارەزووی خۆی نەبووە ، بەلـــــکو پیاوانی ئایینداری ئامون لە دوای مردنی ئەخناتوندا زۆرییان لیکردووە ئەمەو نیفەرتیتی هیچ کوڕێکیشی نەبووە ، بو ئەوەی شوینی باوکی بگرێتەوە ، بۆیە نێوی نیفەرتیتی ، کە هاوسەرەکەی لە خۆشەویستیاندا لە زۆر لای کۆشـــکەکەی هەڵیکەندبوو لابردو رەش کردەوەو نێـــوی نیفەرتیتیان لە تابلۆی بەردەم کۆشـــکەکەیانیش رەش‌کردەوە ، کـــە ئـــەم نێوە بۆ نێونانی ( ئەنخسنپاتون )ی کچی‌یان دانا •

ئەخناتون حەقدە ساڵ بەسەر فەرمانڕەوایی‌دا تێپەریبوو ، کە کۆچی دوایی‌کرد ، ( ئەختئاتون )ی پایتەختی دووچـــاری

ئاژەوەو ناکۆکی بوو • لە هێرش بردنە سەر پەیکەرەکانی ئاتونو وێنەکانی فرعەون خۆی ، لە دوای خۆی بۆ ماوەیەکی کـــورت ( سمنخرع )ی زاوای ، کە مێردی ( مرتاتون )ی کچی بوو ، فەرمانڕەوایی کردو لە دوای ئەو ( توت عەنخ ئاتون )ی مێردی ( ئەنخسنپاتون )ی کچی حوکمرانی کردو لە دوای ماوەیەکـی کەم نێوی خۆیو خێزانەکەی گۆری بـــە ( توتعەنخئامونو ئەنخسنئامون )و روویان لە ( طیبە ) کردو لەگەڵ نیفەرتیتـــی ژیان •

هەروا دەردەکەوێت ئەخناتونو خێزانەکەی خۆیان بـــە نێوگری نێوان ئاتونو خەلکی داناوەو خۆشیان بە پیچەوانەی فرعەونەکانی پێشوو بە ئادەمزاد داناوەو دروشمەکانیش هەموو ئەفسانە کۆنەکانی پێش خۆی پشت گوێ خستووە •

لە لایەکیترەوە سەرنج بۆ ئەو گوێ رۆژە رادەکێشرێت کە ببوو بە دروشمی خوداوەندی ئاتون ، لەو تابلۆیانەی ئاتونی لە سەر نەخشاوە ، کە پێوەندی بە دینی تازەوە هەبووە ، هەر ئەو گۆیەیە کە لەپێشتر دروشم و نیشانەی هەمان هێـــــــز خوداوەندی هەتاو بوو میتانێکانو گەلانیدیی ئاسیای رۆژئاوا پەرستوویانەو ئەوەی لێرەدا سەیرو خۆشە ئەو گۆیەی رۆژە کە توشراتتای پاشای میتانی لە سەر نامەکەی خۆیدا نەخشاندوویەتی وەکو نیشانەیەکی هاوبەشی خوداوەندی پرســـتراوی هەردوو وولات بووە • ( بروانە وێنە ژمارە ٢٢ )

# بەشی پێنجەم
# کوردستان لە چەرخی سەرگونی‌دا
# ( هەزارەی یەکی پێش زایین )
# شێوەی تۆمارکردنی رووداوەکان لەئیمپراتورێتی ئاشوردا

رووداوەکانی هەرێمی کوردەواری ، کە پێوەندی سەرەکی بە گۆرینێکی زمانەوانیو ئایینیەوە هەیەو بناخەیەکی هەمیشەیی لە سەرەتای هەزارەی یەکی پێش زاینیەوە بۆ زمانـــی کوردی داناوە ، لە نیوەی دووەمی ئەم هەزارەی پێش زایینەدا بنچینەی زمانی کوردی لەو هەرێمەدا وەکو زمانێکی سەربەخۆ داکوتاوە• بۆ سەلماندنی ئەم دیاردەیە دەبێت ، بێجگە لەو یاسایانە کە لـە پێشەکی ئەم کتێبەدا باس کرا ، هەروا لەو سەرچاوەو بەلـــگە ســـەرەکی‌یانە بکۆڵینەوە ، کە رێی پشـــــکنینمان بۆ روون‌دەکەنەوە •

لە سەرەتای ئەو پلە مێژوویەی کـە لێ‌ی‌دەکۆڵینەوە ، زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئەو هەرێمەی مەبەستمانە پاش لـــە ناوچوونی دەولەتی ( میتانیا ) کەوتبوونە ژێر دەســـــتی دەستەلاتدارێتی ئیمپراتورێتی ئاشـوری نوێ ، کە سالی ٩١١ پ•ز سەری‌هەلدابۆوە ، بێجگە لەوەی کە زەوی‌یەکانـــــی خوارووی گۆمی ( وورمێ ) دەولەتی ( ماننا )ی ســـەربەخۆ دەستەلاتدارێتی تێدانواندووە •

لە لایەکی‌ترەوە هەندێك ناوچەش لەنێوان ئـــەم گۆمەو گۆمی ( وان )دا تەنانەت تا دەگاتە ناوچەکانی رواندزو شنوو میاندواو لە باشوردا و تورعابدین لە رۆژئاوادا لە ژێـــــر دەستەلاتدارێتی پاشایانی ( ئورارتوو هالد )ی‌دا بوون •

بەپێی ئەم بارە رامیاری‌یە ، وڵاتی کوردەواری لە سەرەتای هەزارەی یەکی پێش زاییندا دابەشی سێ دەستەڵاداریتی‌و زمانەوانی بووبوو ، یا بە واتایەکی دی هەواڵی ئەم وڵاتە ( هوزەکانی و سەرۆکەکانیانو چیاو رووبارەکانی‌و شارو دیهاتەکانی ) بەم سێ جۆرە زمان تومارکراون ، بێجگە لەوانەی هیشی‌یان ، کە زۆربەی نێوەکان پێوەندی‌یان بە ناوچەکانی ئاسیای بچوکەوە هەیە • بێ گومان ئەو نێوانە ، پێش بلاوبوونەوەی هۆزانی مادو سەکەس‌و کیمیری لە چیاکانی کوردستاندا ، زۆربەی زۆریان ناوچەیین ( گوتی ، لولوبی ، هوری ، مانناپی )ن • پاش بلاوبوونەوەی ئەو هۆزانە لەو هەرێمەداو کۆتایی پێ‌هێنانیان بە دەستەڵاتداریتی رامیاری ماننا‌و ئورارتو‌و ئاشوردا ، بارێکیان هێناوەتە کایەوە ، کە کۆمەڵانی دانشتووی کۆنی ئەو هەرێمە تێدا یەك‌بوونێکی کەلچەری‌و زمانەوانی‌و ئایینی بۆ یەکەمجار بەدی‌بهێنن‌و پلە بە پلە چەند شێوەی زمانێکی سەر بە خێزانی هیندوئاوروپی بەرێگای دەستەلاتداریتی رامیاری‌و تێکەڵ‌بوونی کۆمەلایەتی‌و زاڵ‌بوونی بیری ئایینی لەو ناوچانەدا بلاودەبێتەوە •

لە سەرەتای ئەم دیاردە مێژوویەدا بوژاندنەوەی ئیمپراتوریەتی ئاشور بەرەو گەشانەوە دەرۆیشت ، کە لە کاتی فەرمانرەوایی ( ئەدەدنیراری دووەم ٩١١-٨٩١ پ•ز )دا دەستی‌پێ‌کردبوو • ئەو هێرشانە ، کە ئەم پاشایە بردبوونیە دژ دانشتووی چیاکانی رۆژهەلاتی ئاشورو بە کۆمە خەلکی لەنێوبردبوو ، هەروەکو خۆی دەلێت ، لە راستی‌دا مەبەستی

بەرانگاری کردنی ئەو هۆزانەی کۆچەرانی نوێ هەرێمەکە بووە، و بێ گومان تومارکردنی هەواڵی ئەو کارەساتانە لەو هێرشەدا روشنایەکی باشی خستۆتە سەر ئەو تاریکیەیە مێژوویانەی میللەتانی ژێر دەستەی دەولەتی ئاشور ، بۆیە هەتاکو ئیستا هەروا باوە ، کە زیرەکی لە جەنگداو حەزکردنێکی بێ سنوور لە نوسینی مێژوودا دوو تایبەتیەتی سەرەکی ئاشورین بەتایبەتی لەم چەرخەی ئیمپراتوریەتدا کە لە نێوان سالانی ٧٤٧-٦١٢ پ٠ز فراوانتر بۆتەوەو بەنێوی ( چەرخی سەرگۆنی ) نێوبانگی دەرکردوە[١] • ( **بروانە وێنە ژمارە ٢٣** )

پاش مردنی ئەدەدنیراری ، کورەکەی ( توکولتی نینورتای دووەم ٨٩٠-٨٨٤ پ٠ز ) هاتۆتە جێیو لە کۆتایی فەرمانرەوایی ئەمدا ئەو ناوچانەی نێوان چیاکانی زاگروس تا دەگاتە رووباری خابورو شاری ( نوسەیبین - نیسیبیس ) گشتی بۆتە بەشێك لەو ئیمپراتۆریەتە • لەم کاتەدا ( ئاشور ناصربالی دووەم ٨٨٤-٨٥٩ پ٠ز ) ، کەلاوێکی لەخۆبایيو ستەمکاربووە ، توانیویەتی سنووری ئەو دەولەتەی خۆی فراوانتربکاتو هێرشێکی زۆر بەسەر دانشتوانی چیاکاندا بەرێتو دەستنووسێکی باش لە دوای خۆی بەجێبهێلێت •

لێرەدا پێویستە ئەوە روونبکەینەوە ، کەوا هۆی جەنگەکانی پاشایانی ئاشور تەنها بۆ مەبەستی بەرگری کردن لەو دەستەلاتدارێتییەی کە هەیانبووە بووە بە رێگای پاراستنی زەویی خوداوەندی گەورەی خۆیان ( ئاشور ) ، چونکە ئەم

پاشایانه خۆیان بە پارێزەری مافی هەبوونی ئەو خودایە زانیوە، و لەسەر زەمیندا جێ‌گری ئەوان بوون‌و هەرچی زۆرداری‌یەکیان بەکارهێنابێت بۆ ڕەزامەندی ئەو بووە ، و هەرکەسێك بەگوێی پاشای ئاشوری نەکردبێت دژی خودای ئاشور وەستاوە • لەبەر ئەم دیاردانە ، بەوێنە دەبینین زۆربەی زۆری نوسینەکانی ( سەنحاریب ) دەربارەی هێرشەکانی بەم رستەیە دەست پێ دەکات :

« لەم هێرشەمدا خودای گەورەم هانی‌دام کە پێی هەڵسم[۲] » لەلایەکی‌دیەوە ئەم هێرشانەی پاشایانی ئاشور وا دەگەیێنێت ، کە دانشتوانی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، پاش ئەو هەموو کوشتن و بڕین‌و ماڵوێرانی‌یەی سەدەها ساڵ ، پلەبەپلە خۆیان لە دەستەڵاتداریێتی رامیاری‌و عەسکەری‌و ئایینی ئاشور رزگاردەکردو ئەو بۆشایی‌یە رامیاری‌و ئایینی‌یە لەلایەن هۆزانی مادو سەکەس پڕ دەکرایەوە ، و بە ڕێگای ئەمانەوە رووداوی بڵاوبوونەوەی جۆرە پەروەردەیەکی ئایینی نوێ بە ڕێگای خێلی ( ماگ ) شێوە زمانێك لەکوردستاندا جێی خۆی دەچەسپاند ، کە بێ‌گومان دارشتن‌و شێوازی دەربڕینی ئەو زمانە دیالێکتێکی ( لهجة )ی مادی بووە و ئەمرۆ بە زمانی ( ئاڤێستا )ی مردوو دەژمێردرێت ، کە بۆ نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ زمانیکی پیرۆزی پەرستگایان بووە لە کوردستان‌و وڵاتانی دی‌دا •

هەر کە ( ئاشور ناصربال ٨٨٤-٨٥٩ پ•ز ) هاتە سەر تەختی ئاشور ، بەبێ هۆیەکی دیاری‌کراو هێرشێکی بردۆتە

سەر ناوچە شاخاوی‌یەکانی سەرووی میزۆپۆتامیا تا گەیشتۆتە ولاتی ( کوتموخو ) لە دوڵەکانی سەرووی رووباری دیجلەدا[٣]، پاشان گەراوەتەوە دژ دانشتوانی چیاکانی ( کاشیاری ) لە وولاتی زاموادا لە دەوروبەری شاری سولەیمانی ئەمڕۆدا[٤] و **هەواڵی ئەم هیرشانە بەفراوانی تومارکراوە • ( وێنە ژمارە ٢٤ )**

شالمان ناصاری ٨٥٨–٨٢٤ پ•ز کوری ئاشـــور ناصربال نزیکەی ســـی‌و یەك ســـاڵ لە فەرمانڕەوایی خۆی هەر بەم پەلاماردانو هێرشـــانەدا بردۆتە ســـەر[٥] و بە قسەی خۆی توانیویەتی بگاتە ناوچەکانی پشت ( زەریای نایری ) لە ولاتـی ئورارتودا – مەبەستیشی پشت گۆمی وان – ە[٦] •

**( وێنە ژمارە ٢٥ )**

لەگەڵ ئەو هەموو ســـــــــەرکەوتنانەو فراوانکردنەی دەستەلاتداریتی‌یەدا لە کۆتایی ژیانی ئەم پاشایەدا ، کورەکانـی لەنێو خویاندا دووچاری ناکۆکیەکی گەورە بوون ، لـــــە **کۆتایی‌دا ( شەمشی ئەدەدی پێنجەم ) لە ساڵی ٨٢٤ پ•ز دا توانی** ئەو تەختەی باوکی بەردەست‌بکەوێت • و هەتاکو ســاڵی ٨١١ پ•ز ئەم پاشـــــایە خەریکی کوژاندنەوەی ئاژاوەی نێـــو ئیمپراتوری‌یەتەکەی بووە • لەراستی‌دا ئەو گیروگرفتەو ئاژاوەیە هەروەکو جورج‌رۆ دەڵێت هۆیەکەی « ئەنجامی شـــۆرشێکی گەورەی چینی چەوساوەی ناوچە ژێردەستەکان دژی بە جێ‌گری فەرمانڕەوایی ئاشوری‌یەکان بووە[٧] » •

هەرچەندە ئەدەد نیراری سێیەم ٨١٠–٧٨٣ پ•ز پاشـــ باوکی هاتۆتە سەر تەختی پاشایەتی ئاشـــــور بەلام سەرەتای

سەردەمی ئەو فەرمانڕەوایی‌یە بەدەست دایکی بوو ، کە بـەناوی ( ساموورامات ـ لای یونانیان بە سەمیرامیس ) ناودار بووە• ئەدەد نیراری لەدوای خۆی چوار کوری بەجێ‌هێشـتبوو ، ناوبانگترینیان ( تیگلات پلازەری سـێیەم ٧٤٥-٧٢٥ پ•ز ) بووە ، و ئەگەر کەسێك بەدروسـت کەری راسـتەقینەی ئیمپراتوریەتی ئاشـوری بژمێردرێت‌و نێوێکی ترسێنەری لای هەموو میللەتانی ئورارتوو میدیاو بابل‌و سوریاو فەلەسـتین‌و ولآتانی دی‌دا هەبێت تەنها ئەم پاشا ئاشوری‌یەیە ، چونـکە توانیویەتی بەسـەر هەموو گیروگرفتێـکی ناوخۆ زاڵ‌بێت و سنووری دەوڵەتەکەی بەهەموو هۆیەکی لەبارو نالەبار بگەیێنێتە ئەو پەری فراوانی • تایبەتیەتی ئەم پاشایە بە گواستنەوەی دەها هەزار خێزانی گەلان بووە لە مەڵبەندی خۆیانەوە بۆ ناوچەکانی دی ئیمپراتوریەتی ئاشورو بەم کارە ناوبانگی دەرکردبوو •

دوا بە دوای ئەم پلەیە کردەوەیەك ، کە بناغەی ئەو جۆرە دەستەڵاتدارێتی‌یەو بیروباوەڕەی پتەو دەکرد لە سـەردەمی ( سەرگۆنی دووەم ٧٢٦-٧٢٢ پ•ز و سـەنحاریب ٧٠٥-٦٨١ پ•ز و ئەسەرحەدون ٦٨١-٦٦٩ )دا هەر هەمان شـێوەی چەوساندنەوە بووە ، و دەتوانرێت بگوترێت ، کە لە کاتـی فەرمانڕەوایی ئاشوربانیپاڵەوە کۆمەڵەکانی ژێردەستەو ستەمبار لەسەر حیسابی کزبوونەوەی ئیدارەی ئیمپراتوریەتی ئاشـور لە هەموو لایەکەوە خەبـاتی رزگـاربـوونیـان بەهێزدەکرد • بەرامبەر بەم شل‌بوونەوەی بارە گشـتی‌یە لەئیمپراتۆریەتدا هێزێـکی رامیاری‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی مادەکان لە ناوچەی

ئەکپەتانەدا ( هەمەدان ) دەبوژایەوە ، پاشان لەنێوچوونی ئـەو هێزە گەورەی ئیمپراتۆرێتی ئاشور لە مێژوودا بەدەست ئەمانەدا رووی‌دا • **( بروانە وێنە ژمارە ٢٦ ، ٢٧ )**

بەدرێژایی ئەم چەرخەی ئیمپراتوری‌یەتە ، بەنێوبانگترین پارچە نووسینی ئاشوریان ئەو نامانەن ، کە لەلایەن پاشاکان بـۆ خوداوەند ( ئاشور ) نووسراون‌و گرنگترین کارەساتی ئـــەو پلەیەش نوسراوەکانی چەرخی سەرگۆنی‌یە ، و ئەو ســـەدانە دەگرێتەوە ، کە هۆزانی مادو سەکەس‌و کیمیری لەکوردستاندا بلاودەبوونەوە •

لەم چەرخەوە نامەی پاشایانی ئاشور بۆ پاشایانی ولاتانی دەوروبەریان‌و راپورت‌و لیستەی پاشایان‌و لیستەی رووداوانی مێژوویی لەگەل نامەی دەخالەتی سەرۆکە هۆزەکان‌و یا پاشـــا ناوچەیی‌یەکان کە نێردراون بۆ پاشای ئاشور ، کە بۆمـــــان ماوەتەوە دەبنە بناخەی دەرخستنی راستیە مێژوویی‌یەکان •

یەکێك لەو گیروگرفتانەی خوێندنی ئەم نوسینانە ئەوەیە، کە زۆر ووشەی بێگانەی تێدایە، لەوانەیە هی زمانە ناوچەیی‌یەکان بن • لەبەر ئەمە هەندێك جاریش رستەکان هیچ واتایەك نادەنە دەست • بۆ ئەم باسە دەتوانین بلێین گرنگترین راپۆرت ئەگەر مابێتەوە ئەو راپورتەیە ، کە لە سالی ٦٧٢ پ•ز لە شــــاری نەینەوا پاش مۆرکردنی پەیمانێك لە نێوان ئەســــــەرحەدون ( ٦٨٠-٦٦٩ پ•ز )و راماتای مادی سەرۆکی ناوچــــــەی ئوروکازابارنا Urukazabarna نووسراوەتەوە[٨] •

زۆربەی زۆری ئەم نووسراوانە پێویستی بە ڕێکخستنێکی مێژوویی‌یەوە هەیەو دەبێت ئەو خۆهەڵکێشانەی پاشـــایانی ئاشور روونبکرێنەوەو کارەساتە بنچینەیی‌یەکان دیاربـــکرێن ئەمەش بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بەراستی ئەو کارەساتە مێژوویی‌یانە ڕێك‌بخرێن • ئەگەر هاتو ئەم جۆرە نوســـینانەی ئاشوریان لەگەڵ تۆمارکراوەکانی ئیمپراتۆرێتی هیثی‌یاندا بەراووردبکرێن، کە پێش ئەوان بە شـــەش ســـەدە نووسراون ، دەبینین ئەمەی دووایی‌یان بەرێك‌و پێکتر نووسراون‌و خۆهەڵکێشانیشی تێـدا زۆر کەمەو هەمیشە پاشاکانیان پشت بە خوداوەندان دەبەستن لە سەرکەوتنیان‌داو دەســـت‌نیشـــانی یارمەتی ئـــەوان دەکەن کوشتن‌و بڕینی خەڵك‌و بەزۆرداری گواستنەوەیان بۆ شوێنانی دوور لە وڵاتیان •

لەم بوارەدا ئاڵوزیەك بەدیاردەکەوێت ، کە ئەویشـــــ سەرچاوە نەزانراوەکانی ئەو هەواڵانەی نووسەری تابلۆکانە ، کە زۆر جار هەر بەناوی پاشا خۆی نووسراوەتەوە • ئایا لـــە کوێوە نووسەر ئەو هەواڵەی دەست‌کەوتووە ؟ و لەژێـــــر کاریگەری چ بارێك‌دا نووســـیوەتی ؟ لێرەدا بۆ وێنە ئەگەر دەقە تابلۆیەکی ئاشوری دەست‌نیشان بکەین ، یەکێك لەو شەش دەقانەی تیگلات پلاسەری سێیەم دەتوانین وەربگێڕینە ســەر زمانی کوردی • بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئـــەو جیاوازیەی نێوان دەقەکانی پاشایانی ئاشـــور پێوەندی بەناوی جێگە و کەسانەوە هەیە ، هەندێك کۆسپ لە شی‌کردنەوەی کارەساتەکان دێتە بەرمان • لەهەمان کاتدا دەبینین لە هەندێك لەم دەقانەدا

نێوی چەند هۆزێك بەرێكو پێكی تۆمار کراون وەکو سازرابانو ،پارسوا ، زاکروتی • هەروەها لە دەقەکانی تیگلات پلاسەردا دەبینین قسەکەر پاشا خۆیەتی ، کە هەندیك جار دەلێت :

( گەمارۆمدا ، بردم ، وێرانمکرد ، کوشتم ••• هتد ) ،

بەڵام ئەوەی سـرنج رادەکێشـێت دووبارەکردنەوەی ووشەو کارەساتەکانە • بە داخەوەش شێوەی نووسینی ئـەم پاشایەش شیکردنەوەی کارەساتەکانی تێدا بەدیار ناکەوێت وەکو ئەوانەی سەرگۆنی دووەم ، چونکە سەرگون ئەگەر بیویستایە باسی بزووتنەوەیەك وەیا هەرایەكو شۆرشێكی بکات دەیگووت: « لە ساڵیهەفتەمی فەرمانرەواییمدا ( روسا ) دوژمنایەتی نواندە بەرامبەر ( ئوللوسونو ) سەرۆکی وڵاتی ( مانتا )و گومانیشـی کردووە لە ( دەیاوککو ) فەرمانرەوای مادا •••هتد[٩] »

لەبەر ئەم هۆیە نووسـینەکانی سـەرگون رووترنو زانیاریەکی تەواوی بـاری رامیاریو جەنـگیو ئابوریو کومەڵایەتی تیایاندا بەچنك دەکەوێـت ، بەڵام تابلۆکان دوو بەشن ، دەقەکانی خورسابادو دەقەکانی ئاشورو کالحو نەینەوا و هەندێك جار ئەم دوو بەشـە بە نارێكی باسی یەك کارەسات دەکەن ، وەکو لە تابلۆیەکی خورسابادا باسی دیلکردنی ٢٠١٧٠ کەس لە دانشتوانی ( ئورزانای ) ناوچەی ( موساسیر ) دەکات ، کەچی لە دەقەکانی دیدا ئەو ژمارەیە دەبێتە ٦١١٠ کەس • ئەمە بێجگە لە گۆڕینی نێوەکان بە گشتی • لەوانەیە یەکێك لـە هۆکانی گۆڕینی ئەم نێوانە گرانی نووسینی پیتەکانیبێت ، کە لە زمانی ئاشوریدا نەبووە[١٠] •

ئەگەر هات لەهەمان کاتدا ئەم نووســــراوانەی تیگلات پلاسەر لەگەڵ نووسینەکانی پلەی پاش خۆی بەراوورد بکرێن ( وەکو ئەوانەی سەنحاریب ٧٠٥-٦٨١ پ٠ز و ئەســەرحەدون ٦٨١-٦٦٩ پ٠ز و ئاشــور بانیپال٦٦٨-٦٢٧ پ٠ز ) دەبینین تیگلات پلاسەر زۆر بەلای تۆمار کردنی کردەوە جەنگی‌یەکانی خەریك‌بووە ، کەچی ئەوانەی سەرگون پتر کارو کردەوەکانی شی دەکاتەوەو لەلای سەنحاریب ئەم دیاردەیە فراوانتر دەبێت • یە داخەوە ئەوانەی ئەسەرحەدون بەبێ دەست‌نیشان کردنـــی ساڵەکانیەتی و هێرشە جەنگی‌یەکان رێك نەخراون ، بەڵکو هەر کردەوەیەکی بە پلەی کارەساتیکی دی پێوەستە[11] ، بەلام لـە لایەکی دیەوە زۆر بە رێك‌وپێکی جێ‌و شـــــوێنی ناوچەی جوگرافی‌یەکان لە تابلۆکانی‌دا بە سنوور دەکات • بەوێنە لــە تابلویەکدا کە دەلێت :

« پاتوشاررا ناوچەیەکە لەسەر سنووری گۆمی خــوێ ئاوی‌یە کە کەوتۆتە زەوی مادە دوورەکان لە سەر چیای بیکنی•» زۆربە ئاشکرا دەزانین مەبەستی ناوچەی گۆمی ( وورمی )یە • دەبینین لە کاتێکی درەنگتردا ژمارەی تابلۆکانی ئاشــوربانیپال زۆرترن ، کەچی خۆ هەلکێشانو گێڕانەوەی رووداوی ناراستو گۆڕینی کارەسات کە نابێت کتوپر باوەریان پێ‌بکەین ، یەکێکە لە سیفاتی ئەو تابلویانە •

جا بێ‌گومان لەو پارچە نووسینانەی ( تیگلات پلاسەر )دا، کە زۆربەی باسی جەنگەکانی تێدایە ، نێوی زۆر شوێنو هۆزو

پادشا ناوچەییەکانی تێدا بەدی دەکرێن و بۆ ئەم باسەی ئێمە دیاردەیەکی بە سوودە[١٢] . لە ستوونی یەکەمدا ، کە باسی هێرشەکەی دەکات بۆ سەر ناوچەکانی باکوری کوردستانی ئەمرۆ و خوارووی ئاسیای بچوك دەڵێت :

« ... توانیم بیست هەزار لە پیاوانی موشکایا[١٣] بگرم، پێنج پادشاکانیان بە درێژایی پەنجا ساڵدا لە وڵاتی ئیلزی و بوروکوزی[١٤] باژو دیاری تایبەتی‌یان دەسەند ، بە خودای خۆم ئاسور هیچ پادشایەك نەیتوانیوە لە جەنگدا بە سەریاندا سەربکەوێت لەبەر هێزیان ، هاتن و تەسلیمبوون ، وڵاتی کوموخ[١٥] بە دەستیانەوە بوو ، بە هیمەتی خوداوەندی خۆم ئاشور ، گالیسکەکانم لەشکرەکانم کۆکردەوە بە بێ مۆڵەت ، وە چیای کاشیارا[١٦] شوێنێکی دڵتەنگەو لێی ڕەتبووم ، لەگەڵ بیست هەزارو پینج پادشایاندا لە ولاتی کەموخدا شەڕم کردو زاڵ بووم بە سەریاندا و تەرمەکانیانم پەرش و بلاوکردەوە بە دولەکان و بەسەر لوتکەی چیاکاندا ، سەرم بڕین و لەتەنیشت شارەکانیاندا سەریانم بە کۆمەڵ کۆکردەوە ، دەستکەوت و دیل و عەرزو ئافرەتیانم بەبێ ژمارە بەچنگ‌کەوت و شەش‌هەزار کەس لە لەشکرەکەیان بەراکردن کەوتنە سەر دەستوپێم و گرتمن و لە نێو پیاوەکانمدا بڵاوم کردنەوە ئالەو ڕۆژانەدا دژی کەموخی‌ی یاخی‌بوو ، کە باژی نەدەدا بە خودام ئاشور پەلامارم دا و بە سەری دا سەرکەوتم ، دەستکەوت و دیل و عەرزو ئافرەتیانم بە چنگ کەوت و هێنامن و شارەکانیانم بە ئاگر

سوتاندو ستوونی دووەم وێرانکردو ئەوانەی مابوون لە ترسی چەکم رایان کردە شاری شیریش[١٧] و لە سەرووی دووری دیجلەوە پەرینەوە و لە دژێکی خۆیان مانەوەو گالیسکەکانم ئامادەکردو چیا سەختەکانم بڕیو ڕێگاکانم بە بالتە وتەوەرداسی مس کردەوەو پردێکی گوازراوەم بۆ گواستنەوەی گالیسکەکانم و سەربازەکانم کردو لە دیجلە پەریمەوەو شاری شیریش کە شارێکی سەختو قایمی ئەوان بوو کردمەوەو تەرمەکانیانم لە شاخ کردە خوارەوە وەکو بەردی سەپان ولاشەکانیانم بە سەر دیجلەو چیاکاندا پەرشو بلاوکردەوە ، لەو رۆژانەدا ولاتی کورخە[١٨] لەبەر مانەوەو پشتگیری کردنی ولاتی کەموخە بە لەشکریانەوە هاتن وەکو بەرد فڕێمدانو تەرمەکانیانم کۆکردەوەو شیوی چیاکانم پێ پڕکردنەوەو تەرمی لەشکرەکەیانم کردە روباری نامو[١٩] بردنی بەرەو دیجلەو پاشاکەیانم کیلیئەنترو کوری کالیئەنترو ( نەوەی ) سارو کوری سیوسونی[٢٠] بە دیل گرت لەگەڵ ژنو کورەکانیداو مەسینەیەکی پاقرو پێنجو جامی مس لەگەڵ خواوەندەکانیان زێڕو زیویانمدا گواستەوە لەگەڵ دەستکەوت و ژنەکانیانداو شارەکەو کوشکەکەیم سوتاندو وێرانم کرد بەلام شاری ئوراخیناس[٢١] کە قەلاکەیان لەسەر چیای باناری[٢٢] بوو ترسی خودای ئاشورم نیشتبۆە سەری و لەبەر ئەوەی رزگارییان بێت خوداوەندەکانیان گواستەوە ئەشکەوتەکانی چیا بەرزەکان وەکو پەرەسێلکە رایان کردو

لەشکرەکانم ئامادەکردو لە دیجلە پەڕیمەوە ، فەسادی ئەنترو[٢٣] کوڕی برای پادشای ئوراخیناس بۆ ئەوەی سەرشـۆڕ نەبێت کەوتە سەر پێم لەو ولاتەدا ، مندالەکان و خێزانی بەرهەمـی دلیەتی ( جەرگیەتی ) وەکو رەهینە بردمن لەگەڵ شـەست مەسینەی پاقرو جامێکی مسو پیالەیەکی مسـی قورس لەگەڵ سەدو بیست پیاوو گاو مەڕ وەکو باژو جزیەو خاوە ، وەلێی خۆش بوومەوەو ژیانم بۆ گەراندەوە ٠٠٠هتد »

## ستوونی سێیەم

« بۆ فراوان کردنی ولاتی وامەر ٤٠٠٠ کەس لە کاشکاو ئەرومای[٢٤] لەشکری خاتیی یاخی ، بە هێزیانەوە شارەکانی سـوبارتیی نایابیان کردەوە ، بۆ رووی خوداوەندی خۆم ئاشور هەر کە بیستیان هێرشم هێناوەتەوە ولاتی سوبارتی[٢٥] مەردایەتیم وای لێ کردن کە لە جەنگ لابدەنو بکەونە سەر پێم لەگەڵ دەستکەوتەکانیانداو ١٢٠ گالیسکەو پیاوەکان بـە هاولاتی خۆم دانان ٠٠٠٠٠٠»

تیگلات پلاسەر پادشای بە توانای سەرکەوتوو زالبوو بە سەر یاخیەکاندا بەو هێزەی تواناداری خوداوەندی خۆم ئاشور هێرشم بردە ولاتی خاریاو[٣٦] ئەو لەشـکرانە ، کە لە زنجیرە شاخە بەرزەکانی ولاتی کورخیدا بلاو بووبوونەوەو هیـچ پادشایەك رووی تێنەکردبوو خوداوەند ئاشور فەرمانی دامێ بۆ ئەو هێرشە ٠ گالیسکەکانو جەنگاوەرەکانم کۆ کردەوە و گەیشـتمە چیاکانی ئەدنیو ئیا[٢٧] کە بـە نووکی خەنجەر

دەچوینرێتو ناگونجێن بـۆ ڕەتبوونی گالیسـکەکانم ، گالیسکەکان نابزوێنو لەوێدا بەجێ هێلران و لە چیا سەختەکان ڕەت بووم ، ولاتی کورخی هەموو لەشکرە پەرشو بلاوەکانی کۆ کردەوە ، و بۆ ئەوەی بە شەر چەکی تاقیبکاتەوە هاتمـە چیای ئازوتابجیس(٢٨) و لەو شوینە سـەختەدا جەنگم‌کردو بەهیلاکم هینانو تەرمەکانیانم لە لوتکەی چیاکاندا کۆکردەوەو لە دولەکاندا پەرشو بلاو کردەوەو بە توندی لەو شارانە ، کە لە یالەکاندا بوون ڕەت بووم ئەو شارانەی وولاتی خاریا کـە لە خوارووی چیای ئیاو سویراو ئەدنی و سیزو سەلغوو ئەرزانیبوو ئوروسوو ئەنیتکو(٢٩) بوون کردمنەوەو هەر چیان هەبوو لیم سەندنو شارەکانم سووتاندو وێرانکردو بەرەو ولاتی ئەداوس چووم خەلکەکە لە ترسی هێرشە توندەکەم خانوەکانیان بـە جێ‌هێشت بەرەو چیا بەرزەکان هەلاتن هەر وەکو بالندە ، هێزی خوداوەندم ئاشور بەسەریاندا سەرکەوت و باژو خاوەم بـە سەریاندا سەپاند .

ولاتی ساراوسو ئەماوس(٣٠) کە لە دێرزەمانەوە سەرشۆڕ نەبوون من وەکو شەپولی لافاو سەرکەتمە سەریانو لەسـەر چیای ئەروما لەگەل لەشکرەکانیاندا جەنگیم ...

ولاتی ئینرەواو داریا(٣١) کە یاخی‌بوون سەرکەتمە سەریانو باژ و خاوەم بەسەریاندا سـەپانو وامکرد تکا لە خوداوەندم ئاشور بکەن ... و سەرکەوتمە سەر ولاتی موراتاسـو ساراداوس کە لە نێوەراسـتی چیاکانی ئەسـانیوە ئەدهوما سەختن(٣٢) ... »

## ستوونی چوارەم

« ... و بە مەزنیو توانای ئاشوری خوداوەندم هێرشم بردە سەر ولاٰتی سوجیو کەرخی کە سەریان بۆ خوداوەندم ئاشور شۆر نەکردبوو بە ٦٠٠٠ سەربازی بلاخیمو لوخیو ئەریرجی و ئەلامونیەنتی و لەگەڵ ولاٰتی کەرخی دوور ، لە چیاکانی کریخی(٣٣) ئەو ولاٰتە سەختەو بەرزە کە بەنووکی شمشێر دەکات بەسەر پێیی جەنگیم ، دام مرکاندنو جەنگاوەرەکانیانم بە کۆمە لە شیوو دۆڵەکانی ئەو چیانەدا کۆم کردەوەو بە خوێنیان چیای کریخی وەکو خوری بۆیە کرا ، پەلاماری هەموو ولاٰتی سوجیم دا و بیستو پێنج خوداوەند و کەڵوپەل و ئافرەتیانم دەستکەوتو هەموو شارەکانیانم سووتاندو روخاندو ئەوانە لە لەشکری خۆیان رایان کردو کەوتنە سەر پێم خەلاتی خۆمم پێیان پێشانداو باژو خاوەم بە سەریاندا فەرزکرد و لەگەڵ ئەوانەی تکاو خوازی لە رووی ئاشوری خوداوەندم دەکەن حسیبم کردن ...

لەو رۆژانەدا بەهێزی پیرۆزی خوداوەندم ئاشور و بە خەڵات و نعمەتی هەمیشەیی شاماشو بە هۆی خوداوەندە مەزنەکانی دییەوە کە لە هەر چوار ناوچەکاندا بە چاکە فەرمانرەواییدەکەن و کەس لە جەنگدا بەسەریاندا زاڵنابێتو هاوتاکیان نییە ، ئاشوری خوداوەند هانی دامە گژ پادشایانی دوور لە قەراخی زەریای بەرزو(٣٤) لەو رێ سەختانەی تێدایە کە هیچ پادشایەك بۆ سزادان نەیگرتوونیەتە بەر لەو رۆژانەدا

پەریمەوە ، چیاکانی ئیلاماو ئەماداناو ئیلخیس و ســـەرابلی‌و تەرخوناو تەرکاخولی‌و کیذراو تەرکاناب‌و ئیلولا و خستـرای‌و ساخیسماراو ئوبرامیلی ئەدرونی‌و سولیانزی ئونوباناســـی و سیسی[٣٥] شازدە چیای گەورەو ئەو شوێنانە کە دەستی دەدا بەرەت‌بوونی گالیسکەکان‌و ئەگەر دەســـتی نەدایە بە تەورو قازمەی پاقر لێی رەت‌بووم‌و دار هەلکەوتووی چیاکانم بڕی‌و پردم بۆ رەت‌بوونی لەشکرم دروست کردو لە رووباری فورات رەت‌بووین ، پادشای ولاتی نیم‌و[٣٦] پادشـــای کونوبوو[٣٧] پادشای توالی‌و پادشـــای ئەرزوجینی‌و پادشـــای کولیبارزینی و پادشای سینیبرینی‌و یادشای خیمواو پادشای بایتیری و پادشای ئیرام‌و پادشای سوروریاو پادشای ئەباینی و پادشای ئەداینی‌و پادشای کیرینی‌و پادشای بایاو پادشای ئوجیناو پادشای نازابیاو پادشای ئەبارسیونی‌و پادشای دایانی[٣٨] ئەم هەموو بیست‌و سێ پادشایەی ولاتی نەیری لە نێوەراستی ولاتیان‌دا گالیســـکەو لەشکری خۆیان کۆکردبۆوەو بۆ داگیرساندنی جەنگ‌هاتبوون‌و بە توندی هێزی چەکم لێم دان‌و لەشکرەکەیانم پەرش‌و بـــلاو کردەوەو تەرمی مردوەکانیانم لە دەشت‌و لوتکەی چیاکان‌دا لـە شورەی شارەکانیان‌دا وەکو بەردی سەپان فڕێم دانە زەوی‌و لە جەنگەکەدا سەدوبیست گالیسکەم دەست‌کەوت‌و کەوتمە شوێن شەست پادشای ولاتی نەیری[٣٩] کە یارمەتی پادشاکانی دی‌یان دابوو تا دەگاتە سەر زەریای بەرزو قەلاکانیانم کردەوە ..هتد »

## گەشتێك لە وولاتی کوردەواری‌دا پێش سەرهەڵدانی زمانی کوردی — چەرخی سەرگونی

ئەگەر چاوێك بخشێنینە ئەم نێوە جوگرافی‌و کەسی‌یانەی رابوردوودا ، دەبینین لە تواناداا نی‌یە دان بەوەدا بنێین ، کە ئەم‌نێوانە نێوی کوردی کۆن بن ، ئەگەرچی ئەمرۆش چەند نێوێکیان وەکو نێوی شارەکانی ( موش ، نەیری ، پاڵو ..هتد ) هێشتا لە کوردستان‌دا هەر باوە ، بەڵام لە زمانی کوردی‌دا هیچ واتایەك ناگەیەنین .

ئەم راستی‌یە ، ئەوە دەگەیەنێت ، کەوا هۆزە کۆنەکانی نیشتەجێی چیاکانی زاگروس‌و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیای‌بچوك‌و رۆژئاوای ئێران‌و سەرووی میزوپوتامیا ، کە هێندیکیان بە رەگەز باپیرە گەورەی کوردەکانن بە زمانێك قسەیان کردووە دوورە لە خێزانی زمانی کوردی ئەمرۆ و دەستەڵاتدارێتی سیاسی ئەوتۆشیان نەبووە ، کە بەرەنگاری هێزی ئاشوری‌یەکان بکەن لە چەرخی سەرگونی‌دا . بەڵام لە هەمان‌کات‌دا بێ‌گومان زمانی چینی دەستەڵاتداری دەولەتی میتانیای کۆن ، کە پێوەندیەکی لەگەڵ کوردی ئەمرۆدا هەیە ، تێکەڵاویەك‌و بایەخێکی هەبووە لەگەڵ زمانە ناوچەیی‌یەکانی ئەو وڵاتەدا ، چ بە رێی کاریگەری هێزی گیانی ئایینی‌یەوە و چ بە هێزی دەستەڵاتداری کۆنی سیاسی‌و کولتورەوە بوویێت .

ئەو تێکەڵاوی زمانەوانی‌یەش لە نێوەراستی هەزارەی دووی پێش زایین‌دا دەستی پێ‌کردبووو لە سەدەی هەشتی پێش‌زایین‌دا وای لێ هاتبوو کەوایەکێك وەکو ( مینەواس )

پادشای هالدیان که به زمانێـــکی ناوچەیی ( هوری ) دواوە ، شارێك لە ناوچەی ( توم )، کە کەوتبوە نێوان موش‌و ئەخلاط، دروست بکات‌و ناوی بنێت بە ( مینەواس کەرت ) کە بێ گومان بەکوردیی ئەمڕۆ دەبێتە ( مینەواس کردە )، ئیستا ناوی ئـەم شـــارە کوردیە لە تورکیادا بـــە پێی گۆڕین‌و کاریگەری زمانەوانی بۆتە ( مەلاز گەرد ) • بەم جۆرە ئەو کۆمەڵە نێـوە توپونومیانەی پێش پلەی پەیدابوونی زمانی کوردی لە سەردەمی ســەرگۆنی‌دا بە روون‌و ئاشکرا لە تابلۆ ئاشـــوری‌یەکاندا تۆمارکراوەو گرنگی‌یەکی زانســـتانەی لە بواری جوگرافیای مێژوویدا هەیەو لێرەدا بو وێنە هەندێکیان دەخەینە بەرروو •

**کیرِوری :**

بە پێی ئەو هەواڵە تۆمارکراوەی هێرشی ( شالمانســـاری سێیەم سالی ٨٥٦ پ•ز )و گەرانەوەی لە چیاکانی زاگروسەوە بەرەو دەشتەکانی ئاشور وای دەردەخات بە وڵاتی ( کیرِوری )دا تێ‌پەریبێت ، کە بەرامبەر ئەربا ـ ئیلو ( هەولیر ) بووە • ئـــەم ناوچەیە لەم هەواڵەدا بە روونی جێ‌و شوێنی دیارکراوە ، بەلاّم بە واتای ( بەرامبەر ئەربا ـ ئیلو ) مەبەست چیاکانی رۆژهەلاّتی شاری هەولێربووە •

لە راستی‌دا ( کیرِوری ) کەوتبۆە خوارووی ناوچەیەك ، کە لە رۆژئاوای گۆمی وورمێ‌دا بە ( گیلزانو ) ناسرابوو ، لەبەر ئەمە سپایزەر دەلێت « کیرِوری ئەو ناوچەیە بووە ، کە کەوتبوە نێوان هەولێرو رواندز[٤٠] » واتە دەشـــــتی هەریرو چیاکانی سەفین‌و سپیلك‌و پیرمامی گرتبۆوە ، و ئـــەو ناوچەیەی دوای

رواندز بە ( موساسیر ) ناسرابوو ، لەلایەن ( هالدی )یەکانەوە شوێنێکی پیرۆز بووە وە بە پێی بیروباوەری لویس لیڤاین « سنووری موساسیر لە ( کێلەشین )ەوە تا دێی سیدەك بووە. لەبەر ئەمە کیرِوری نەگەیشتبوە دەشتەکانی خوارووی گۆمی وورمێ ، بەڵام دۆلەکانی رووباری زێی بچوکی گرتبۆوە ، چونکە ئەو هەواڵە لەلایەن توکولتی - نینورتای دووەم تۆمارکراوە ، کاتێك بەرەو خوارەوەی ئەم ناوچەیە بۆتەوەو بە رێی شاخەکانی سەر رووباری زێی بچوك پەریوەتەوە[٤١] ».

دیسان ئاشورناسربالی دووەم بەم رێگەیە لە ئاشورەوە بەرەو ( نومسی ) چۆتەوە ، کە لەوانەیە کەوتبوە ناوچەی کیرِوری نزیك چیای ( ئیتینی ) لە ناوچەی زاموادا ، کە ناوچەیەکە لەلایەن پاشایانی ئاشور رایەخەکی تایبەتی پێدراوەو لێرەدا بە تایبەت باسی دەکەم.

**زاموا :**

لە راستیدا نێوێکە پتر لە هەر نێویکی جوگرافی لە تابلۆ ئاشوری یەکاندا تۆمارکراوە ، هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیەش زۆر هێرش بردنە سەری پاشایانی ئاشورە ، بەتایبەتی هێرشەکانی ئاشور ناسربالی دووەم . بەم بۆنەیەوە هەواڵی مێژوییو جوگرافی ئەم ناوچەیە پتر لە ناوچەکانی دی وڵاتی کوردەواری روونترە ، کە زوربەی زۆری ئەمرۆ لە کوردستانی عیراقدایە ( سولەیمانیو دەوروبەری[٤٢] ). ئەم نێوە جوگرافی یە لای ئاشوری یەکان بەسێ شێوە تومارکرابوە ( زاموا ، مازاموا ، زامواشابیتانی ). لە راستیدا پێشگری ( ما ) لەبنەرەتدا ( مات )ە

که واتای ولاّت له نوســـــینی مێخیدا گەیاندوه ، لەبەر ئەمە ( ما-زاموا ) واتای ولاّتی زاموا دەگەیەنێت ، و هەندێك جاریش بە ( کور-زاموا ) یا ( عال کور - زاموا ) واتە زاموای چیای بلّند وەیا زاموای کوێستانی بەرز تۆمارکراوە •

نێوی ( زاموا ) یەکەم جار لـــە تابلۆکانی ئەدەد-نیراری دووەمدا دەبینرێت پاشان هەمان شێوە لەلایەن ئاشــور ناسربالی دووەمەوە تۆمارکراوە ، دوابەدوای ئەمانە ســەرگونی دووەمو ئەسەرحەدون باسیان کردووەو لە کۆتاییدا لە نامەیەکی سەردەمی ئاشوربانیپال ئەم نێوە دەبینرێت • نێوی ( ما-زاموا ) لە لایەن تیگلات پلاسەرەوە تومارکراوە ، کەچی لەلایەن شالمانســـاری سێیەمەوە ســـالّی ۸۵٥ پ•ز بە شێوەی ( زاموا شـــابیتانی ) نووسراوە •

ئەم ناوچەیە بە گشتی پاش پەرینەوەی چیای ( کوللار )و ( بابیت ) بووەو تەنها چیایەکیش لە خوار رووباری زێی بچوك ئەگەر ئەمرۆ هەبێت هەر چیای ( بازیان )ەو ( بابیت ) شارێك بووە کەوتبوە دەوروبـــەری دەربەندەکـــەیەوە • هەرچەندە سپایزەر دەلێت « مەبەست بە ( کوللار ) هەر هەمان شـــاخی ( کۆلار )ی ئەمرۆیە نزیك قەلاّچوالان[٤٣] » بەلاّم لویس لیڤاین لەگەلّ ئەوەدا نییەو دەلێت « بە هیچ جورێك یەك نین چونکە هیچ رێگایەك لە ئاشورە بەم چیایە رەت نابێت بۆ ئـــــەوەی پاشایانی ئاشور بتوانن پێی بگەنە ( زاموا )، لەبەر ئەمە تەنهـا شاخێك ( کوللار ) بوویێت هەر بازیانە[٤٤] »• بێ گومان نێوەکان

یەکن ( کوللار=کۆلار ) هەرچەندە گۆرینێك هاتۆتە سەر جێو شوێنی زنجیرە چیاکە ، بەڵام ( بابیت ) نێوی دەوڵەتێکە ، کە لە دەوروبەری بازیاندا پەیدابووەو لە بنەرەتدا نێوی گوندێـــك بووە لە پاڵ چیای ( کوللار )دا دەئەو رایەی لویس لیڤاین بەچاو جوگرافیای سوپایی لە شوێن خۆیەتی •

هەر لەم ناوچەیەدا ( زامواشابیتانی ) ســـاڵی ٨٤٣ پ•ز شالمانسار هێرشێکی بردۆتە سەر شاری ( بیرتو )و ئاشـــور ناسربالی دووم پاش ئەوەی لە شاری ( بابیت ) پەریوەتەوە ئـەم شارەی گرتوەو شێوەی ( بیروتو ) نێوەی دەبات پاشان نێوی شاری ( بوناسی ) نووسیوە ، کە لە تابلۆکەی شالمانســـاری سێیەمدا بە شێوەی ( بونایسی ) تۆمارکراوە ، هەروەها ئەمەی دواییان شاری ( ئیدی ) داگیردەکات ، کە ئەمرۆ ( گـــــردی حەسانلو )ە لە کوردستانی ئێراندا •

دانشتوانی ( زاموا ) بە گشتی بە ( لولو-بی ) نێویـــان دەرکردبوو(٤٥) • بەم جۆرە و بە پێی تابلۆکانی شاری نوزی ( نزیك کەرکوك ) سەرەرای هەواڵەکانی پاشایانی ئاشـــور ، ناوچەی زاموا ( یا وڵاتی لولوبیان ) کەوتبوە تەنیشت وڵاتـــی ( ئەراپخا )و بەپێی لێکوڵینەوە جوگرافیە مێژوویەکەی لیڤاین « زاموا دەگەیشتە هەورامانو گۆمی ( زرێبار )و لە سەریشەوە تا رووباری قەڵاچوالان و لە زابی بچوکەوە دەگەیشتە دیالیو لە ناوچەی ( نامری ) جیادەبۆوە بەری هاشمار ، بەم جـــــۆرە مەلبەندی شارستانیەتی ئەم وڵاتە دەشـــتی شارەزوری ئەمرۆ

بووە[٤٦] »، بەلام لە خوارەوە بەپێی بیروباوەری سـپایزەر « لولوەکان بەرەو هەرێمی هالمان لە باشوری رۆژئاوادا فراوان بوون تا نزیك ( سەرپولزەهاوی ) ئەمرۆ ، بەلگەش بۆ ئـەمـە نەخشە نووسراوەکەی ئانوبانینی پادشای لولوبیانە ، کە لــە سەردەمی ( نارامســـن )ی ئەکەدیدا ئـەو ناوچانەی داگیر کردووەو لەوەش ئەچێت سوودی لە هێرشی کوتییەکان بـــە سەر ئەکەددا وەرگرتبێت[٤٧] » •

پێوەندی لولوبییان بە ئاشوریان هیشتا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی دەولەتی ئەشور بووە و لەوەش ئەچێـت ، کـە دامەزرێنەرو پاشاکانی ئاشور لە سەدەی هەژدەمو هەتاکـــو ئەوانەی سەدەی نۆزدەمیش لە بنەرەتدا لولوبی بوون ، وەکـو ئەداسی ، لوبەی ، بەزەی ، لوللای[٤٨] •

سەبارەت بە زمانی لولوبی یا زمانی دانشتوانی دی ولاتی زاموا هەتاکو ئیســـتا هەر ئــەو لێکۆلینەوانەیە ، کە لایەن هوزینگو سپایزەرو و چەند کەسی دی لە ســـەرەتای سەدەی بیستەمدا کراوە لەبەر دەستایە[٤٩] • دیاکونوف چەند زاراوەیەکی لولوبی وەکو لار ( چیا )و کین ، گین یا کینگی ( دژ ، قەلا یـا شوێنی نیشتەجی )و هەروەها کوتو ( ئەسپ )ی عیلامی بەهی کوتی ومیهرانیش دەزانێت بەبێ دەســـتنیشـــان کردنی سەرچاوەیەك • ( بروانە دیاکونوف ، مێژووی مادەکان • ل ١٣٨، پەراویز ٤ چاپی روسی )•

بەلام ئاشکرایە کەوا پاشگرەکانی نێو لە زمانی لولوبیداو هەروەها نیشانەی کۆم ( ب،پ )وا دەگەیەنێت ، کە نزیکایەتیەك

له نیوان ئەمزمانەو زمانی عیلامی‌دا هەبوو بێت وەکو لـە نێوی چیاکانی هەورامان ( نیشپی ) وچیای پیرەمەگرون ( کینیپا ) • ئەم پاشگرانە لەنێوی کەسیشدا دەبینین‌و زۆرجاریش لە نێوی تۆپۆنۆمی‌دا دەردەکەوێت •

له لایەکی دیەوە چیای ئەزیر - و ( ئەزمر )و چیای پاتیر ، لەلەر و دەربەندی هەسمەر و ولاتی لارە و روباری ئیدیـــرو شاری زەمری ، باری گشتیان بە پاشگری ( یر ، ری ) کۆتایی دێت‌و بەدەگمەن نێوێك وەکو چیای ( سیمەکی ) کە ئەمرۆ بۆتە ( سماقە ) بەرچاودەکەوێت • بە جۆریکی دی شاری ئوزی ، بونەسی ، میسو ، ئەرزیزو و هەروەها شاری هودون‌و چیـــای سوەنی‌و روباری رەدانوو هەردوو روبارەکەی زەبەن ( زێی گەورەو بچوك )و ناوچەی هەلمان هەموویان نێوی لوولوبین • لەپاڵ ئەمەشدا هەندێك جار ووشەی هوری لەنێوی لولوبی‌دا بەرچاو دەکەوێت وەکو هوەلسیندو ، پەرسیندو •••هتد(٥٠) •

جاربە جار هەندێك نێوی کەســی لولوبی بەرچاودەکەوێت کۆتایی بە ( دبارا تیارا ) هاتووە وەکو نێوی ( کیرتیارا ) پادشای لاربوسا • هەروەها ( نیکدیارا ) پادشای ئیدی ، کە لە هەمان جۆرە و لە لایەن شالمانســـاری سێیەمەوە ســـالی ٨٥٥ پ•ز باس‌کراوە ، وە ( میکدریارا ) پادشای ســونبای ، کە لەلایەن شەمشی ئەدەدی پێنجەمەوە باس‌کراوە • ولاتی ( سونبای )ش هەر هەمان ئەو ( سومبی )یەیە کە سەرگونی دووەم باســـــی کردووە(٥١) •

سپایزەر دەڵێت « کەوا شارەکانی ( بیروتو ، لەگەلەگە ) کەوتبوونە نیوان زنجیرە شاخەکانی بازیانو بەرەنەنداغ ••• هەروەها شارەکانی ( بونایس ، لاربوسا ، بارە )لە روژئاوا ، باکور ، باشوری رۆژئاوای نیسیر بوون • وە شاری ( دورلوللومی ) لە باشوری روژهەلاتی ( بارە ) و ( ئاراکدی ) بووە لە چیای بنگردی نزیك موان[٥٢] » واتە سپایزەر دەیەوێت بلێت ، کەوا ناوەندی ولاتی زاموا دەوروبەری شاری هەلبجەی ئەمرۆ بووە • بەم جۆرە ولاتی زاموا کەوتبوە نیوان ولاتی ( کیرِوری ) لە باکورداو ولاتی ( نامری و هاشمار ) لە باشورداو ( ئالابریا ) لە روژهەلاتدا و ( ئارپخا ) لە رۆژئاوادا •

**نامری :**

لە پاڵ نێوی کیروریو زاموا ، نێوی ولاتی ( نامری ) زۆرجار لە سەرچاوە ئاشوریِیەکاندا تۆمارکراوەو لەلایەن زۆر کەسەوە هەوڵ دراوە جێ‌وشوێنی دیار بکرێت[٥٣] • نامری لەگەڵ شێوە کۆنەکانی ( نامار ، ناوار ) مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە ، نێوەکە لە سەردەمی سەرەتای شاری ( ئەکەد )دا تۆمارکراوە تا سەردەمی دوایی حوکمرانی ئاشوریِیەکان ماوە[٥٤] • بەلام هەندێك جار ئەم ولاتە بە ولاتی ( کاشی )یەکان دەناسرێتو[٥٥] زۆربەی هەواڵەکانی ئەم ولاتە لە تابلۆ نوێکانی ئاشوردا دەبینرێن ، کە بەپێی ئەم هەوالانە کەوتبوە خوار زێی بچوك پاش ولاتی ( زاموا )•

شالمانساری سێیەم ( سالی ٨٣٥ پ•ز ) پاش ئەوەی زێی بچوکی پەریوەتەوەو لە چیای ( هاشیمور ) رەت‌بووە گەیشتۆتە

هەرێمی ( نامار )• جێ‌وشوێنی ( هاشیمور ) دیسان لەلایەن شەمشی ئەدەدی پێنجەم روونکراوەتەوە کاتێك چیای ( ئیبیە )ی ـ حمرین ـ بریوە و هێرشی بردۆتە سەر بابل[٥٦] •

بەم جۆرە ( نامار ) دەبێت لە دەوروبەری روباری سیروان۔ دیالە نزیك چیای حیمرین بووبێت • ئەم ولاتە تاکو سەردەمی شالمانسار ، میرنشینێکی سەربەخۆ بووە ، کەچی ئەرابخا بەشێك بووە لە ئیمپراتوریتی ئاشور • لە هێرشی دووەمی سەنحاریب‌دا کاشی‌یەکانی چیاکان لەگەڵ ( یاموبیگالی )یەکان ، پاش گوێزرانەوەیان بەدەست ئاشوری‌یەکان ، لە شارەکانی ولاتی نامری‌دا ( شاری هاردشپی و شاری بیت کوباتتی ) نزیك روباری دیالە جی‌نشین‌کرانو خرانە ژێر چاودێری حاکمی ولاتی ئارپخادا ، کە سەر بە ئاشوری‌یەکان بووە • هەندێك جاریش لە سەردەمی سەرگونی‌دا حاکمی ( لوللومێ ) واتە ( زاموا ) حوکمی ناماری کردوە[٥٧] ، وە لە دوو پارچە نووسراوی شاری ( ماری )دا هەواڵی سەرۆکی ئەم ولاتە ، کە ژنێك بووە بەنێوی ( ناوارتیوم ) تۆمارکراوەو هێزێکی لە دە هەزار ( کوتی ) بۆ جەنگ کۆکردۆتەوە •

لەلایەکی‌دی‌یەوە ولاتی ( ئەراپخا ) کەوتبۆە سەرووی چیای حیمرین واتە باکوری ولاتی ( نامری ) و وروباری دیالە ئەم ولاتەی لە ولاتی ( هالمان ـ ئیالمان ـ ئارمان ـ هەلبەن ـ ئەلوەند ) جیا کردبۆوە • لە باشوریش ولاتی ئاراپخا دەگەیشتە زێی بچوك و لە رۆژهەلاتیشەوە پاڵی دابوە ولاتی زاموا •

**ئەلابریا :**

ولاتی ( ئەلابریا ) کەوتبوە خوارووی رۆژئاوای گۆمی ( وورمی ) لەسەر سەرچاوەکانی روباری زێی بچوك و ئەو ناوچانەی سەرووی رۆژهەلاتی زاموا بەو نێوە ناسرابوونو ئەمرۆ ناوچەکانی شاری ( سنە )و بەشەکانی خوارووی و رۆژئاوای بەشێکی گەورەی ئەلابریا بوونو جاربەجار پادشابانی ئاشور بەرێیپێنجوینو گۆمی زرێبار روویان تێکردووە .

## پلەی بوژانەوەی بناغەکانی زمانیکوردی
## تیشکێك لە سەر زمانەکانی پێش کوردی

ئەگەر مێژووی ولاتی کوردەواری سەرانسەر بپشکنین ، دەتوانین بە گشتی هەر لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینDا ئەنجامی ئەو گۆرینە زمانەوانییە بەدیبکەین ، کە بەرەبەرە لە چەند شێوە زمانێکی بنەرەتی ، کەم کەلەپوری نووسراوی بەجیهێشتوو ، بەرەو زمانێکی یەکگرتووی خاوەن چەند سەرچاوە نووسراوێکی رێكوپێك هەنگاوی هاویشتوە .

شێوە زمانەکانی پێش ئەم پلەیە ( هوری ، کوتی ، لولوبی تەنانەت کاسیش ) هەرچەندە کۆمەلێك دیاردەی زمانەوانی هاوبەشیان لەناو خۆیاندا هەبووەو کۆمەلێك ووشەو رستەیان شیکراوەتەوە و لەبەر دەستایە بەلام دوو دیاردەی گرنگی ئالۆز تاکو ئێستا روون نەکراونەتەوە :

١ ـ ئایا هەریەکە لەو شێوە زمانانە زمانێکی سەربەخۆ بوون ، یا هەموویان سەر بە زمانێکی یەکگرتووی تایبەتین و رۆژگار لە یەك دووری خستوونەتەوە ؟

٢ ـ ئەم شێوە زمانانە ئایا چ کەلەپورێکی زمانەوانیان لـــە زمانەکانی ئەمرۆی سەرووی مێزوپوتامیا ، بەتایبەتی لـە کوردی‌دا ، بەجێ‌هێشتووە ؟

دەربارەی پرسیاری یەکەم ، لەم زمانانەدا ئەو نێوو رستانە کە بە نووسراوی بۆمان ماونەتەوە راستیەك دەردەخەن کـــە پێوەندیەکی زمانەوانی روونو ئاشـــــکرا لەناو ئەم زمانانەی زاگروس و کوردستانەدا هەبووە بەڵام جیاوازیەك لە هەندێك جۆری بیری ئایینی‌دا جیای کردبوونەوە • لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش‌زایین‌دا کۆچەرانی ( هیندو ـ ئاوروپایی زوبان ) لە ناویان‌دا بڵاوبوونەتەوەو لەپاڵ سەدەها ووشەی هاوبەش چەند ژمارەیەکی خوداوەندانو جۆری بیری ئایینی یەکگرتوو لـــە ناویان‌دا پەیدابووەو ئەم دیاردەیەش دەتوانرێت لە نوسراوەکانی دەولەتی میتانیا تا کاردونیاش‌دا بەدی‌بکرێت ، تا وای لێ دێت لە سەرەتای هەزارەی یەکی پێش زایین‌دا جۆرە ووشەو نێـــوی کەسی و رستە پەیدابێت وئەمرۆ پێوەندیەکـــی پتەوی لەگەڵ زمانی کوردی‌دا پەیدابکات بەم جۆرەش دەتوانرێن بە بناخەی سەرەتایی ئەم زمانە بناسرێن •

لە وەڵام‌دانەوەی پرسیاری دووەم‌دا دەبێت ئەوە بووترێت کەوا ئەگەر دەست‌کرابێت بەلێ‌کۆڵینەوەی زمانە قەوقازی‌یەکانی ئەم سەردەمە ( وەکو ئەرمەنیو چەرکەسیو گورچیو زمانەکانی دی داگستان )و هەوڵ درابێت بۆ پەیداکردنی چەند پێوەندیەکی ئیتەمۆلۆژی نێوان ئەم زمانانەو زمانە کۆنەکانی ســــەرووی

میزوپوتامیاو رۆژهەلاتی ئاسـیای بچوك ( وەكو ئورارتو ، هالدی ، هوری ...هتد )دا ، بەلام بەداخەوە هەتاكو ئیستا ئەم هەوڵە لەگەڵ زمانی كوردیدا نەدراوە . لەبەر ئەمەیشە هیچ پێوەندیەكی زمانەوانی نیوان كوردیو ئەو زمانانەی هەزارەی سێو دووی پێش زایندا بەدیار نەكەوتووە ، دەبێت ئەو زمانە فراوانەی هوری و كوتی ولولوبییە ، كە لە كۆندا زمانی خەلكی هەموو كوردستان بووە چۆن لەناو كـوردیدا توابێتەوەو چ كەلەپورێكی زمانەوانی خۆی تێدا بەجێهیشتبێت ؟

لێرەدا تەنها دەتوانم هەر ئەوەندە بلێم ، كە زۆربەی ئـەو كەلەپورە كۆنە لە نێوی توپونومی چەند ناوچەی یەكـــی كوردستاندا ماوەتەوە جیاوازیەكی كەم لە نێوەكاندا دیارە ئەمە لەپاڵ نێوی ئەو پاشایانەی كوتی ولاتی سومەرو ئەكەدو وچەند پادشایەكی ناوچەیی لولوبیان و هەروەها لەپال پاشماوەیەكـی زمانی هوری كە باشی بەجێماوە .

بەگشتی چەند جورە نێوێك لەمانە بە پاشگری ( ـك، ـر، ـس، ـن ) لە ولاتی ( زاموا )دا بەرچاوكەوتووە وەكو زنجیرە شاخەكانی ( سیمـ ـ ەكی ) كە ئەمرۆ بە ( سوماقە ) نێودارە ، هەروەها چیای ( ئەز ـیرو ) كە ( ئەزمر )ی ئەمرۆیە . بەهەمان جۆر چیـــای لەلـەر وكوللـار ، بـاـتیرو رووباری ئیدـیر وشارەكانی زەمـریو باـری ، ولاتـــی لاـرەو دەربەندی هەشمـار و شاری ئوزی ، بابیت ، بوناسی ، میسو ، ئەرزیزو هەروەها هودون و چیای سوەنیو رووباری رەدانو لە ولاتـی هەلمەندا ( حلوان/ئەلوەن )دا . وە ئەو شارەی ولاتی زاموا كە

به ( ئەتلیله ) ئێوبانگی دەرکردبوو و دژی ئاشور ناصــــربال شەڕێکی بەرپاکردبووو پاشان ئێویان گۆری به ( دور-ئاشور ) له نامەیەکی پادشای میتانی ( ساوششەتار )دا که بۆ حاکمــــی ئەراپخای ناردبوو ئێوی ئەم شــــاره بەشــێوەی ( ئەتلیله ) تومارکردبوو[٥٨]• بەڵام وا دیاره ئێوی روباری دیاله ( سیروان ) که لەو سەردەمەدا ( تورنات ) بووه ئێستا گۆڕاوه بـــــه ( تانجەرو ) که لقێکی ئەو روبارەیه و ئەم جۆره ئێوه له زمانی هوریدا بەدیاردەکەوێت[٥٩] • وه چیاکانی هەورامان به شێوەی ( نیش-پی ) ناسراوه و ئێوی هەردوو زێ وا دیاره دەگەرێتەوه ئەو زمانه ناوچەیی‌یه که به لولوبی دەنگی داوەتەوه و به شێوەی ( زە-ەب )و پاشگرێکی ئەو زمانەی هاتۆتەسەر ( ان )و بۆته ( زەبان ) • بەپێی بیروباوەری سپایزەر « ئێوی پادشــــایانی ئاشور له سەدەی هەژدەمو نوزدەمی پێش زایین‌دا : ئەداسی ، لوبەی ، بەزەی ، لوللای دەبێت له بنەرەتدا لولوبی بووبن[٦٠] » هەروەها له هەمان ســـەردەمدا ئێو لەچەشـــنی ( هونونیو تاردونیو ئانوبانینی ) وەکو ئێوی پادشای ناوچەیی لولوبیان له چیاکانی زاگروس‌دا بەر چاو دەکەوت ، بەڵام کۆمەڵێك ئێوی پاشایانی کوتیان له سومەرو ئەکەددا وەکو ( ئیمتا ، ئینگیشوش، سەرلەگەب ، شولمێ ، ئیلولومێش ، ئنیمەبەگیش ، ئیگیشەوش ، ئیەرلەگەب ، ئیبەتێ ، کوروم ، خەبیلــــکین ، [ لەئیـ ]رەبوم ، ئیراروم ، ئیبرانوم ، خەبلوم ، پوزور - سوئین ، ئیەرلەگەندە ، سیوم ، تیریکان[٦١] ) هەردیسان بەشێکن لەو زمانه گشتیانەی کۆنی وڵاتی کوردەواریه کــــه پێوەندیەکەی لەگەڵ کوردیدا

هێشتا روون نەبۆتەوە لەم نێوانەدا ئەوەی سرنج رادەکێشێت بـــرگـــەی ( ئیمـ، ئینـ، ئیلو، ئنیمـ، ئیگیـ، ئیەرلە، ئیبە، ئیرا، ئیبرا )یە ، کە هەموویان بە ( ئیـ ) دەستپێدەکەن و پێشگرێکی باوە لە نێوی کەسیدا ، کەچی پیتی ( ش ) پاشگرێکی دیارە لـە نێوەکانی دیدا وەکو ( ئینگیشوش ، ئیلولومیش ، ئنیمەبەکیش، ئنیمەبەکیش ، ئیگیشەوش ...هتد )، وە لە هەمان سەردەمدا نێوی پادشای ولاتی هامازی ( هەدەنیش ) بووە ، کە لەهەمان جۆرە نێوە بە شێوەیەکی گشتی ئەم پاشـــگرە وا دیارە هەر هەمان پاشگرە کە لە نێوە کاســـیەکاندا بە شێوەی ( اش ) دەردەکەوێت وەکو ( گانداش ، کاشـــتلیاش ، کاردونیاش ، توپیلیاش ...هتد ) ، بەلام لە زمانی ( هالدی )دا ، کە لـــە بنەرەتدا ( هوری )یە ئەم ( س ، ش )یە دەبێتە نیشانەی کەسی سێیەم لە رستەی کرداریدا و شێوەی کۆمی ( یـ [ نا ] )یە بەلام لە نێوی کەسیدا ئەو پیتە دەرناکەویت وەکو ( کیلی تیشوپ ، کالی تیشوپ ، ئیرروپی ...هتد ).

لێرەدا بە پێویســـتی دەزانم هەندێك پێشـــگر لە چەند ووشەیەکی هوریدا ، کە شێوەی کرداری هەیە روونبکەمەوە وەکو ( هاش ، اك ، ار ، ئیهلی یان ئیلهی ، تیهی ، ئیتهی ، ئوثا ، گیلی ، گیل ) ئەم جۆرە پێشـــگرانە لەم نێوانەی خوارەوەدا بەرچاودەکەون :

أر - راپخا Arraphe نێوی شـــارەو شـــێوەی نوێی ( عەرەفە )یە لە کەرکوکدا ..

| | |
|---|---|
| أر ـ اكدى | ناوی شاره • |
| أر/أور ـ بیلوم | ناوی شـــارەو شـێوەی نوێی ( ئەربیل )ە • |
| أر/أر ـ زوهینا | ناوی رووباره • |
| أور ـ ئارتو | ناوی ولاّته (دەولەتە) شێوەی نوێی ( ئارارات )ە • |
| ئیهلی ـ تیشوپ | ناوی کەسێیە • |
| ئیهلی ـ پ ـ تیللا | ناوی کەسێیە • |
| تیهی ـ پ ـ تیللا | ناوی کەسێیە • |
| ئیثیپ ـ شارری | ناوی کەسێیە • |
| ئوثا ـ پ تای | ناوی کەسێیە • |
| ئیش ـ ن ـ نامار | ناوی کەسێیە • |
| گیلی ـ پ ـ شاررو | ناوی کەسێیە • |
| گیل ـ تیشوپ | ناوی کەسێیە • |

لەلایەکیترەوە لە زۆر ناودا ئەم برگانە دەبینین :

( ئیوری یان ئیروی ، تیللا ، تیشوپ ، هیپا/خیپا ) لە نامەی ( توشراتتا )ی میتانیدا ووشە ( ئیوری ) واتای ( پادشـــا ) دەگەیێنێت ، کە دەڵێت :

« نیمۆریاش کور میچیرری ـ وه ـ نی ـ ش » واتـــه ( پادشای ولاتی میسر[٦٢] )• ئەم ووشەیە لە تابلۆکانی کەرکوکدا

بە شێوەی ( ئیروی ) بەرچاودەکەوێت بەڵام لە عیلامیدا وەکو ( هوریا )و لە کاسیدا ( هاربا ) بە واتای ( گەورە ، پایە بەرز ) بەکارهاتووە و لەم جۆرە ێوانەدا بەرچاو دەکەوێت وەکـــو ( ئیروی - شارری ، هوربا - تیللا ) • گومانیش لەوەدا نییە کە ( تیشوپو هیپا )دوو خوداوەندی ناسراوی گەلانی سەرووی مێزوپوتامیانو لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا دەرکەوت کە ێوی نیفەرتیتی لە راستیدا ( تادوهیبا )یەو خەلکی وڵاتی میتانیابووە•

## سەرهەڵدانی بنچینەکانی زمانی کوردی

لە هەزارەی دووی پێش زایندا ، هەروەکـــو لەمەوبەر باس کرا ، کۆچەرانی هینـــدو - ئاوروپایـــی لـــەم وڵاتەی کوردەواریو چیاکانی زاگروسدا جێگیربوونو ژمارەیەکـــی باش لە واژەو وشەکانیان لای میتانیانو کاسیاندا بەرچـــاو- کەوتووەو بەهەمان جۆر رەگی ئایینیو میللی خۆیان لەم هەرێمەدا چەسپاندوە • لەگەڵ ئەمەشدا دانشتووە کۆنەکان تـــاوەکـــو ناوەراستی هەزارەی یەکـــی پێش زایین دابونەریتیو ێوو زمانو ئاینی خۆیان پاراســـتووەو پلەبەپلەو لەژێر کاریگەری شەپۆلی کۆچەرانی ( مادو سەکەسو کیمیریدا )لە ســـەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا ئەو دیاردانە بەرەو کزیوگۆرین بوونو لەم سەردەمەدا ئەو کارەساتانە رێیان خۆش کردوە ، بە تێکەڵاوی شێوە کۆنەکانی میتانی لەگەڵ شێوەکانی ئـــەم کۆچەرە نوێیانە ، بۆ پەیدابوونی زمانێکی هاوبەشی بۆ گشت دانشتوانی هەرێمەکە ،و بێ گومان دەشێ ئەو پلەبە بە پلـــەی

سەرەتایی زمانی‌کوردی بزانرێت ، چونکە ئەو نێوە کەسـی‌و توپونومی‌و ئەتنونومی ( نێوی‌هۆزان )ە کە لە تابلۆی پادشایانی ئاشوردا بەدیاردەکەون ، ئەمرۆ بێجگە لە کوردی هیچ زمانێکی دی نی‌یە لەو هەرێمەدا خاوەنـی ئـەو کەلەپورە زمانەوانی‌و مێژوویە دەولەمەندەی ئەم دانشتووانە بێت ، کە زۆربەی زۆری ئەمرۆ لە کوردی‌دا بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەکاردێن •

زانینی ئەم گۆڕینە زمانەوانی‌یەی هەزارەی دووو یەکـی پێش زایینە لە کوردستان‌و چیاکانی زاگروس‌دا ئەنجامـی لێ‌کۆڵنیەوەیەکی زانستانەنی‌یە ، بەڵکو لەمەدا پشت بـەو نووسراوە مێخی‌یانە بەسـتراوە ، کە هەر لە کۆتایی هەزارەی چواری پێش زایین لە وڵاتی سومەردا سەری‌هەڵداوەوە لـە ئیمپراتورێتی ئاشوردا بەفراوانی بەکار هاتووە • لەبەر ئەوەی ، کە خوێندنی نووسینی مێخی هەندێك گیروگرفتی هەیە بـە تایبەتی لە دابەش‌کردنی دەنگەکانی ووشە لە رستەدا ، سەرەرای ئەوەی کە هەموو ئەو نێوانە بە زمانێکی جودا وەکو ئاشوری یا بابلی نووسراوە کە لە خێزانێکی دی زمانەوانی‌یەو دوورن لـە کۆمەڵی هیندو ـ ئاوروپایی‌یەکان ، کۆمەڵێك جیاوازیان لـە تۆمارکردنی دەنگەکانی نێوەکاندا دروست کردووەو خراونەتە قالبی یاسای زمانەوانی ئاشـوری‌و ئەکەدی • لەم باسـەدا لا ناکەمەلای هۆی ئەو جیاوازە زمانەوانی‌یە گشتیانەی پیـت‌و دەنگەکان ، بەڵام بەپێ‌ی توانا شێوەی راستی ئەو نێوانە تۆمار دەکەم کە خاوەنی ئەو زمانە بەراستی بەکاریان هێناوەو ئەمرۆ لە کوردی‌دا هەندێك پێش‌کەوتوونو بە جۆرێکی دی بەکاردێن •

نێوێك وەكو ( ئوكسەتەر ، ئەواكسەتەر ) كە دەگەڕێتەوە سەدەی هەشتی پێش زایین و لە بێستونیشدا تۆمارکراوە ، لە تێکستی ئەکەدی دا لە سەدەی هەفتەمدا بە شێوەی ( ئومەکشتەر ) تۆمارکراوەو لە ئێرانی دا بۆتە ( هەڤەخشترا[٦٣] ) • بەهەمان جۆر ( ساتەرپەنو ) لە ئاشوری دا بە شێوەی ( شتیرپەرنە )و لە ئێرانی دا وەکو ( خشتراپەنە ) یا ( چیترافەرنە ) دەبینرێت • برگەی ( فەرنە ) هەروەکو بنڤینستو براندنشتاین
(Brandenstein, 1964, 118)

دەڵێن ووشەیەکی مادی یە کە لە فارسی نوێ دا بۆتە ( فەڕ )و لە ئوسیتینی دا ( فەرن )و لە سوگدی دا ( پەرن )و لە خوتەنی و ساکی دا ( فارە )• لەبەر ئەمە دیاکونوف وای دەبینێت کە ئەم ووشەیە ووشەیەکی مادی یەو چۆتە نــاو زمانانی دی ئێرانی یەوە ( دیاکونوف ١٩٥٦ ، ل ٣٧٤ )• ئەمووشەیە لــە کوردی دا تەنها لە ووشەی ( بێ‌فەرو بەدفەڕ ) بەجێ‌ماوە کــە واتاکەی ( بێ‌خێر )ە لەلایەکی‌دی‌یەوە ئەم ووشەیە لە ئێرانی دا شێوەی ( هوەرنەە ) هەبووە و لە ئاڤیستادا ( خوەرەنەە ) پاشان بۆتە ( خوراە )و لە کوردی دا شێوەی ( خۆر )ی وەرگرتووە • دەربارەی ئەم بابەتە زمانەوانی یە دەیاکونوف دەڵێت « پێویستە بزانین کە سەرزەمینی ماد ( لە راستی دا کوردستان ••• ج•ر ) لە سەدەکانی هەوتەم‌و شەشەمی پێش زایین دا سەرچاوەیەك بووە، کە هۆشیاری ئایینی‌و فەلسەفە لەوێوە بڵاوەی کردووە ، مەبەست لەم قسەیەش ووشەی ( فەرنە )یە • ئەم ووشەیە کە لەگــەڵ ووشەی ئێرانی دا ( هور huar ) واتە خۆر یا رۆژ لە یــەك

ریشەن لە ڕووی سەرنجانەوە لە زمانە جۆربەجۆرە ئێرانییەکانا گیرۆدەی گۆڕین بووە »•

هەروەها دیاکونوف دەڵێت « ئاشورییەکان لە سـەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا ئەو ووشەیان بە شێوەی ( پەرنو ، پەرنە ) وەرگرتووە ••• **ئەم ڕوداوە لای سکیثییەکانی کەناری دەریای** ڕەشدا بە شێوەی ( فەرنە ) باوبووە » بڕوانە ( دیاکونوف ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ۳۷۳ ، ۳۷٤ لە چاپی ڕوسی )•

وهەروەها ووشەی دی وەکو ئەرتا ( ئەرد ) و خشاثرا ••هتد وەکو ئەبایيف دەڵێت لە زمانـی مادییەوە کەوتۆتە سەر زاری سکیثییەکان کاتێك لە میدیادا گوزەرانییان کردووەو واتای ئەم زاراوانە کە هێشتا هەر لە ئوسیتینیدا هەر ماوەو ( ئاشـتی - هیمنی ) و ( سەرکەوتن ) و ( سوێند ) و ( هێزی جادویی ) و ( هێز ) و ( ئازایەتی ) دەگەیەنن • بڕوانە :

Abaev. V.I., Osetinskii yazik i Folkior, I. M - L1949, str. 71.

لەلایەکیدیەوە تەماشادەکەین لە تێکسـتە بابلییەکاندا پاشگرێك وەکو ( ئیندرا )ش زۆر جار لە هەزارەی دووی پێش زایندا بەشێوەی ( ئیندار ، ئیندارا ) دەبینرێت ، ئەو نازنێوە میتانییەی ( پارسـاشـاتەر ، ساوششاتەر ) کە بە ( ساتەر ، ششاتەر ) کۆتایی هاتووە لە زمانی مادیو هەخامەنشیدا ئـەم کۆتاییە بۆتە ( خشـاترا ) واتە ( پادشـا ) کە لە بنەڕەتدا ( خشایثیا ، پادخشایثیا ) سەرچاوەی ئەم زاراوەیە ، لە دواییشدا **شێوەی ( کسائرا ،کساترا ،کسارك ،کسێرك ،کیسری ،کەیسەر ،**

قەیسەر ...هتد ) پەیداکردووە کە لە ئاشووری‌دا بەرامبەری ( شارو ) بووە . برگەی ( ساتار ، شەتار ، شاتەر ) لە میتانی‌داو ( شاثرا ، خششرا ...هتد ) لە ئیرانی‌دا چ پاشگر بێت یا پێشگر ئەمڕۆ لە کوردی‌دا زۆر گۆڕاوەو بۆتە ( پادشا/یاد ـ خشا/پاد ـ خشاثیا ) ، کەچیێ تیوێك وەکو ( پەری‌زاتیدە ) بۆتە ( پەری‌زادە )و زۆر لە کوردی‌دا گۆرانی بەسەردانەهاتووە بەلاّم لە نوسراوە بابلی‌یەکان‌دا ئەم نێوە بە شێوەی ( پوروشاتیش ، پوروشاتو ، پورشاتو ...هتد ) تۆمارکراوەو[٦٤] گورینەکە فراوانترەو دیارە .

دیسان هەر لە نوسراوەکانی بێستون‌دا نێوی سەرۆکی هۆزی ( ئەساگارتیا )ی ماد ( چیثران‌تاخما ) کە لە ناوچەی هەولێردا بەرهەڵستی دارای هەخامەنشی کردووە ، بە ئەکەدی لە هەمان نوسراودا ( دیڕی ٦١ ، ٦٢ ) بە شێوەی ( شیتیرانتاخمو ، شیتیرانتاخما ) بەرچاودەکەوێت و دەنگی (س) لە نێوی هۆزەکەشدا بەدەنگی (ز) گۆراوە ونێوەکە بۆتە ( زیگیرتو ، زیکیرتو ) ، بەهەمان‌جۆر نێوی قەلاّی ( سردەککە )بە شێوەی ( زرِدیەکە ) دەگورێت ، کە ئەمرۆ لەکوردی‌دا بۆتە ( زەردك ).

لەلایەکی دی‌یەوە ئەگەر دەنگی (ه) لە نێوی شاری ( هەگمەتانە )واتە هەمەدان‌دا بە دەنگی (أ) گۆرابێت و لە نوسراوەکانی نابونائیددا بەشێوەی ( ئەگامتانو ) دەرکەوتبێت ، ئەمە نەبۆتە یاسایەکی تایبەتی لەم گۆرِنەدا ، چونکە نێوی هوەرداتە کە لە ئاریایی‌دا سواردانە ( هوەرداتە )یە واتە خۆرداد

گۆڕاوەبە ( خومەرداتو ، خورداتو خورماتو ) وجاربەجاریش ( ئومرداتو )• بۆ بنەرەتی ئەم ووشەیە بروانە :

[Herzfeld E., Zoroaster and, His World, Vol. II, Princton 1947, p 722

لە سەدەی هەفتەمی پێش زایین‌دا لە کوردستان‌دا هۆزانی سەکەس ( سکیث ) پەیدابوون‌و پاشان هۆزانی ( کیمیری ) کە **لەبنەرەتدا کۆچەرانی ناوچەکانی باکوری زەریای رەش‌بوون‌وە** لە دەربەندەکانی چیای قەوقازیا پەریونەتەوەو ، لە سەردەمی سەرگونی دووەمی ئاشوردا بۆ یەکەم جار تێویان لە نووسراوە میخی‌یەکان‌دا بەرچاودەکەوێت کە لە ناوچەکانی باکوری رۆژهەلاتی ( ئورارتو )دا گوزەرانیان کردووە • بەپێی سەرچاوە یونانی‌یەکان وادەرکەوتووە ، کە ئەم هوزانە هێشتا لە دەشتەکانی خوارووی روسیای ئەمرۆ هەر بەچەند شێوەیەکی زمانی هیندو ـ ئێرانی دواون ، سەرەرای ئەوەی نووسراوەکانی ئاشور ئەم راستی‌یە لە کوردستان‌دا دەردەخات(٦٥) • وە پێش ئەم سەردەمە بە هیچ جۆرێك تێوی ئەم هۆزانە لە کوردستان‌دا بەدەرناکەون بەلام لە هەمان سەردەم‌دا هۆزانی ماد هێزیکی یەکگرتووی رامیاری‌یان لە رۆژهەلاتی کوردستان‌دا پێکەوە نابوو پلە بە پلەش کۆچەرەکانیان لە ناوچەکانی دی کوردستان‌دا ؛ رەو رۆژئاوا دەبوونەوە لە باکوریشدا دەولەتی ئورارتو ئەو کۆچ‌کردنەی هۆزانی کیمیری‌و هەندێکیش ساکەکان (سەکەس) لە وێوە بۆ باشور یاخود بۆ دەوروبەری گۆمی وورمی راگرتبوو ، لەبەر ئەمە لە هێرشەکەی سەرگونی دووەم‌دا سالی

٧١٤ پ٠ز بۆ ئەم ناوچانە بە هیچ جۆرێك نێوی ئەم هۆزانە تۆمار نەکراوە • پاش ئەم سەردەمە ، واتە لە سەدەی هەفتی پێش زایین‌دا ( پادشایەتی ماد ) دێتە کایەوەو رێگای ئەم هێزە رامیاری‌یەوە شێوەکانی زمانی ماد لە کوردستان‌دا بڵاودەبێتەوە •

بەم جۆرە ئەو دامرکاندنو جی‌خۆش‌کردنە زمانەوانی‌یە مەزنە کەی هەزارەی یەکی پێش زایین لە کۆمەڵێك زمانە ناوچەیی‌کانی کوردستان لەگەڵ زمانی کۆچەرە هیندو ـ ئیرانی‌کان‌دا وبوژانەوەی زمانی کوردی لە کۆتایی‌دا ، بەرێگاو و **کاریگەری سێ زمانی سەر بەیەك خێزان هاتۆتەکایەوە •••**

یەکەم پاشماوەی زمانی چینی دەستەڵاتداری دەوڵەتی میتانیایە و دووەم بە بڵاوبوونەوەی هۆزانی سەکەس‌و کیمیری لە باشوری کوردستان‌دا ، وسێیەم پەیدابوونی ئیمپراتۆرێتی مادەکانە ، **ئەگەر ئەوە بهێنینەوە یاد ، کەوا ( ماد ) بۆ یەکەم جار** نێوی چەند کۆمەڵێکی کۆچەری ناوچەی تارانی ئەمرۆ بووەو لە ساڵی بیست‌و چوارەمی حوکمی شالمانەساری ئاشوری‌دا ( ٨٣٦ پ٠ز ) بۆ یەکەم‌جار هەواڵیان تومارکراوە(٦٦) ، کە هێشتا لە کوردستان‌و چیاکانی زاگروس‌دا بەدەرنەکەوتبوون • هەروەها هۆزانی سکیث ( سەکەس )و کیمیری تا کۆتایی سەدەی هەشتەم لەم هەریمەدا پەیدانەبووبوون • بەم جۆرە دەبێت هەندێك لەو نێوە تۆپۆنۆمی‌و کەسی‌یانەی سەرۆك هۆزان لە کوردستان‌دا ، کە لە پێش ئەم سەدانەدا لەلایەن ئاشوریانەوە تۆمار کرابوون‌و بە رواڵەت دەگەڕێنەوە هەمان خێزانی زمانە هیندوئیرانی‌یەکان ، بێجگە لە زمانی میتانیان پاشماوەی زمانێکی

دی نین • لەبەر ئەم دیاردەی نزیکایەتی‌یەیە وا دەزانرێت ، کە هۆزەکانی ماد ، پێش پەیدابوونی ئیمپراتورێتی میدیا بە چەند سەدەیەك لە کوردستان‌دا بڵاوبوونەتەوە(٦٧) • کەچی هەتا دیاکونوف دان بەوەدا دەنێت ، کە لە ئێران‌دا کاتێك زمانی ئێرانی رەگەزەکانی دی داپۆشیبوو ، بەڵام زمانەکانی دی ناوچەکانی ئێستای ئازربایجانو کوردستانی ئێران لە سەدەی نۆیەم تا هەفتەمی پیش زاینی ئێرانی نەبوون(٦٨) •

واتە پاش نێوەکانی پادشایانی میتانی وەکو ( پاراتارنا ، شوتتارنا ، ئیارتتارنا ، ساوساداتتار ، ئەرتاداما ، ئەرتاشتومار ، توشراتتا ، شوتتارنا ، شاتتووارا ) لە کوردستان‌دا چەند نێوێك لەم جۆرە نێوانە ، کە بەرچاودەکەونو هەواڵەکانیان لە سەدەی نۆی پێش زایین‌دا لە تابلۆ ئاشوری‌یەکان‌دا تۆمار کراون ، بەتایبەتی ئەو جۆرە نێوانە ، کە لە هێرشەکانی ئاشور ناسربالی دووەم‌دا بەسەر وڵاتی زاموادا دەرکەوتن ونوسراون لە نێوان ساڵانی ٨٨١ـ٨٨٠ پ•ز ، ئەمانە هەمووی نیشانەی بڵاوبوونەوەی زمانێکی ( هیندوئاری )یە لە هەموو ناوچەکانی سەرووو رۆژهەلاتی میزوپوتامیاو رۆژهەلاتی ئاسیای بچوكو رۆژئاوای ئێران‌دا پێش سەدەی هەشتو نۆی پێش زایین ، واتە پێش پەیدابوونی کۆچەرانی ماد و غەیری ماد کە بەچەند شێوە زمانێکی ئێرانی دواون زۆر نزیکی زمانی خاوەنی ئەو نێوە کۆنانەی سەر بە هیندوئاری‌یانە هەبووەو ئەمە بۆتە هۆی ئەو تێکەلاوی‌یەی ئەم هۆزانە لەگەڵ دانشتوانی دێ و شارەکانی کوردستانی کۆن بەشێوەیەکی خێرا •

لەبەرئەمە لە سەر زەمینی وڵاتی کوردەواریدا پێش پەیدابوونی ئیمپراتورێتی مادەکان ، بێجگە لە دەوڵەتی ( مانئا ) کە بە زمانەکی ناوچەیی دەدوان ، چەند کۆمەڵێکی سەربەخۆ و پادشایەتی بچوك هەبوون ئێوی هەندێکیان سەر بەو کۆمەلە زمانەیە کە مەبەستمانە بەڵام لەم سەردەمەدا هۆزەکان لە هەوڵو تەقەللادابوون و هێشتا یەکیەتیەکی سیاسی گەورەیان نەبووە ، بۆیە لەشکرکەشیەکانی ئاشور بە ئاسانی توانیویانە ئەو کۆمەڵانە تاڵان بکەنو بەدیل بیانگرن • لەم چەرخەدا هێندە بەسەر ئەم دانشتوانەیاندا داداون ، تاوەکو وای لێهاتووە ، هەر کاتێك لەشکری ئاشوریەکان نزیكئەبوونەوە ئەم دانشتوانە لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگریان دەکردەوە ئەمە مانای ئەوەبووە کەوا لەشکری ئاشورهاتو نزیكبۆتەوە(٦٩) •**(بروانە وێنە ژمارە ٢٨)**

لەشکرکەشیەکانی ئاشور ناسرپالیدووەم لە دەستدرێژەیەکانی دی بەهێزتر بوو لەم بوارەداو **ساڵی ٨٨٣ پ•ز ئەم پادشایە لە** رێگای ( کیروری )یەوە چوو بۆ ناوچەی زێی گەورە ، ئەمجا بە گورجی چوو بۆ ژووروی رۆژئاوا • لەگەڵ ئەوەدا ناوچە کوێستانیەکانی دەورو بەری ئەم رێیە وەکو ( سمیس ، سیمرە وئولمانیاو ئەداوشو خارگاو خەرماسا )نەك تەنیا ئەسپو هێستر و ئاژەڵی شاخدارو شەراب بەدیاری بە پادشای ئاشور دەدا بەڵکو خەرجو باجیشیان خستنە سەر دانشتوانی ناوچەی ( گیلزان ) ئەمانیش هەروەکو ئەوان چەن دیاریەکی وەکو ئەسپو زیوو قاڵاییو مسیان بۆ ئەناردن • « لە ناوچەی ( زاموا )دا ئاشور ناسرپال سێ پادشایەتی بچوکی ( دەگارا کە نور - ئەداد پادشای

بوو ، موساسینا که قەلای بوناسی یا بونایس مەلبەندی بوو ، کیرتیارا که قەلای لاربوسا مەرکەزی بوو ) روخاندو هەمـــوو مەرومالاتیانی تالانکرد ... ولاتەکەی بەسـت بە ئاشـــورەوە وخەرج وباجێکی زۆر گرانی خستەسەر خەلکی ناوچەکەوە بەلام دوو میرنشینی ئەم ناوچەیە ( ئامیکا ، ئارشتوا ) سالی دوایی ئەو خەرجوباجەی که خرابۆسەریان بە ئاشوریەکانیان نەدا ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەشکر بکرێتە سەریان[٧٠] » لە هێرشـــــەی ئاشورناسرپال که کردیە سەر ئەم میرنشینانە کوشـــتارێکی زۆریشی لە دەوروبەریاندا کرد وەکو لە ( بار مەرکەزی کیرتیارا، سابینا مەرکەزی خودون ..هتد )تا دەگاتە گەردنەکانی (هاشمار) دەستپێکردو تالانی کردن . بەم شێوەیە دوابەدوای ئـــــەم پادشایە چەند پادشایەکی دی ئاشور ئەوجۆرە نێوانەی ولاتو سەرۆك هۆزان تۆمار کردوە بەم جۆرەی خوارەوە لەهەندێکیان دەدوێم :

**١ ـ ئاراشتوا :**

ئەم نێوەلێکدراوە لەگەل ئەوەی سپایزەر وای زانیـــــوە نێوێکی ناوچەیی کۆنە[٧١] لە کوردستاندا بەلام ئیستا گومان لەوەدا نییە که نێوەکە هیندو ـ ئارییە .

لە ئێرانیدا شێوەی ( ئارشاتائواه ، رشاتاوا ) هەبووە[٧٢] پاشان وەکو ( ئاراستی ) بەکارهاتووە ، یوستی دەلێت بەشێوەی ( ئاراستیا ) تۆمارکراوە[٧٣] هەروەها لە ئاڤێستادا هەر بـــــە ( ئاراستیا ) ماوەتەوە . پاشگری ئەم نێوە ( توا ) که لە ئێرانیدا ( تاوا )یە جیایە لەو پاشگرە گشتییە ( تی ، تیا ) که لە زمانـــە

کۆنەکانی کوردستاندا بەرچاودەکەوێت • ( توا ) لە ( ئاراشتوا )دا جۆرە پاشگرێکە لە نێوی ( پارتاتوا ، راماتوا •••هتد ) بەرچاودەکەوێتو هەمان ( تاواس )ە لە هیندیدا ، کە ئەمرۆ لە کوردی بە شێوەی ( تاو ) ماوەو بە هەمان واتەی ( هێز ، قوەت ، تاقەت )ە هەروەهاش ( توانا ) دەگرێتەوە • لەناو سەکەسەکاندا ئەم جۆرە ووشەیە لە نێوی کەسی وەکو ( تیگراتاوا ، دەرگاتاوا = تیرتاو ، درێژتاو ) بەرچاودەکەوێت[٧٤] •

برگەی یەکەمی نێوی ( ئاراشتوا ) واتە ( ئاراش ) لەبنەرەتدا ( ئەوشا )یە ، لەبەر ئەمە نێوەکە ( ئەرشاتوا )بە ( ئەرشا ) بە واتای ( ئارا=دەوروبەر ) ، لەبەر ئەمە نێوەکە ( ئەرشاتوا ) واتای [ ئارابەهێز ( قوی الجوانب ) = بەتوانا ] دەگەیێنێت و هەندێك جار لە نێوی ئاژەڵدا دەبینین وەکو :

( سیاورشان ، سیوسپا ، ئەراجات ئەسپا ، ئەراجات ئەرشان ) •

**٢ ـ ئامیکا :**

پاشگری ئەم نێوە ( ەکا ) پاشگرێکی ناوچەیی کوردستانیە لە ئێرانیدا بۆتە ( ئەمایەکە ) و لە یۆنانیدا بۆتە ( ئەمایەکوس ) و لە بنەرەتدا لە هەزارەی دووی پ•ز شێوەی ( ئەمایە )ی هەبووە[٧٥] • سەرۆك هۆزی سەکەس ( سەرمات ) کە بە شێوەی ( ئەمایەکوس ) لە یونانیدا تۆمارکراوە لە زمانی ئوسیتینیدا بە شێوەی ( ئەمایەك ) بینراوە کە واتای ( بیناکار ) دەبەخشێت •

برگەی یەکەمی ئەم ناوە لە ووشەی ( کرت ) واتە ( کردە )ی کوردی پێکهاتوە کە چەند واتایەکی گەیاندووە وەکو ( کار ، بزوتنەوە ، چالاکی ، جموجۆل ..هتد ). لە هیندیدا شێوەی ( کرِتی )ی هەبووەو لە فارسی نێوەراستدا ئەم نێوە لەگەڵ هەمان پاشگردا بە شێوەی ( کەرتیر )و لە پورثیدا ( کەردیر ) تۆمارکراوە .

**٥ ـ ئەرتەسەری :**

ئەم نێوە کەسیە سالی ٨٢٨ پ.ز لە کاتی حوکمرانی سالمانساری ئاشوریدا وەکو سەرۆکی پادشایەتی ناوچەی ( شوردیرە ) تۆمار کراوە نزیك سەرچاوەکانی زێی بچوك . نێوەکە دوو برگەیە ، ( ئەرتە ) واتە پاك ( طاهر ) و ( سەر ) هەر سەرە ، بەهەردوکیان واتای ( سەرپاك ) دەگەیەنن . لە دێکومینتەکانی هەورامان‌دا لە سەدەی یەکی پێش زایین‌دا لەم جۆرە نێوانە بەرچاودەکەوێت وەکو ( ئەرتەئاستاتا ـ ئەرثاس ئات، ئەرتەدانیا ـ ئەردین ..هتد )و لە چەرخی هەخامەنشیدا چەند نێویك بە برگەی ( ئەرتە ) دەستپێدەکات وەکو ( ئەرتەخشاسا = ئەرتەکسیرکس ، ئەرتەبان ، ئەرتەفارنا ...هتد(٧٨) ) بەپێچەوانەش ( میتراسەرە ، میتراسەری ) لەسەدەی پینجدا بەرچاودەکەوێت .

**٦ ـ ئوپو :**

سەرۆکی ناوچەی گیلزانا ، کە لە سەردەمی توکولتی ـ نینورتای دووەم کەوتبوە باکوری ئاشور نێوان گۆلی وورمیو وان لەسەر زێی گەورە نێوەکە سەر بە هەمان کومەڵە زمانە .

ووشـــەی ( مای ) لە بەشی ئاخاوتنی زمانانی هیندو ئێرانیدا بەرکار دەکەوێت بەواتای ( بینادەکات[٧٦] )

٣ - ئورزانه :

پاشای ناوچەی موساسیر ( رواندز - شنۆ )بووە لە نێوان سالانی ٧١٥-٧١٤پێش زاییندا •

نێوەکە لە لایەن ئاشووری‌یەکان ( سەرگون )و ئورارتۆەکان تۆمار کراوە ، هێندیك جاریش بە شێوەی ( ئوەرزان ، وەرزان ) دەبینرێت • بەلام ئەم جۆرە نێوە لای یونانی‌یەکان بە شێوەی ( بەرزانیس - بەرزان ) تۆمار کراوە •

( بۆ شی کردنەوەی ئەم نێوە و شێوەکانی هەمە جــۆری بروانە : گرانتوفســـــکی ، سەرچاوەی رابوردوو ، ل ٢٩٨ ودواوەی )•

بەم جۆرە ( ئەماجەبیگ ) یا ( ئەمایەبیگ ) لە ئوسیتینی ( ئالانی )دا ئەمرۆ هەر هەمان ووشەیە کە لە ئاڤێســـــتادا ( ڤیندیدادویەشت ) بە شێوەی ( ئامەیانت ، ئاماتو ) بەکارهاتووەو لە بابلی‌دا واتای ( ماربانی ) بەخشیوە •

٤ - کیرتیارا :

ئەم نێوە نێویکی کۆنە لە کوردستاندا ، کە بە پاشگرێك کۆتایی هاتووە ، لە ئیرانی‌و بە زۆری لە هیندی‌دا باوبووە بـــە شێوەی ( را ، ارا ، ئەرە[٧٧] )• بەلام بە رای مەلەکیشقلی ئەم نێوە لە چەند برگەیەکی لولولی پێك هاتووە ( کیور « خودا » + پاشگری تی ؟ + ارا )• کەچی پاشکری ( ارا ) لە هەندێك نێوی میدی‌دا بەرچاودەکەوێت وەکو ( تیگرا ) واتە تیژ •

۷ ـ ئاسو :

جاربەجاریش بەشێوەی ( ئاسەو ) یا ( سوا ) تۆمارکراوە ، دیسان سەرۆکی ناوچەی گیلزانا بووە لە کاتی حوکمرانی شالمانساری سێیەمدا .

ئەم نێوە لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا بە واتای ( پەلە ، زوو ) بەکارهاتووە بەڵام وا دیارە لەگەڵ ووشەی ( ئەزا )ی ماتنی‌دا پێوەندی‌یەکی هەیە[۷۹] .

۸ ـ کاکی :

یەکێکە لە سەرۆکەکانی ناوچەی ( هوبوشکیا[۸۰] ) لە باکوری ئاشوردا . ئەم نێوە ساڵی ۸۵۹ پ.ز بۆ یەکەم جار ، بە شێوەی ( کاکیا ) جاریکی دی هەمان ساڵ تۆمارکراوە ، بەڵام ساڵی ۸۵٦ پ.ز دیسان بەشێوەی ( کاکی ) باس‌کراوە ( بروانە (K. Tallqvist 1918, p 110 ) ، ( هەروەها بروانە (F. Justi 1895, p. 152 ) ساڵی ۵۲۰ پ.ز نێوی ( کاکیا ) نێوی پیاوێکی مادیە( Lu ma — da — a ) لە ( شاهنامە )شدا نێوی کاکویی نێوی نەوەی ئەژدەهاکی ( ضحاك )ی مادی‌یە[۸۱] . لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا نێوی ( کاکا ، کاکوی ) واتای برا ، مامو خاڵ دەگەیێنیت هەروەها برای گەورە لە کوردی ئەمڕۆدا . شێوەی ( کاکی ) دیسان ساڵی ۷٤٤ پ.ز بەرچاوکەوتووە خاوەنەکەی سەرۆکی ناوچەیەك بووە نزیك وڵاتی ( پارسوا )، مەلیکشفیلی دەڵێت کەوا ( کیکیا )ی سەرۆك

ولاتی ( هوبوشکیا ) که له لایەن ئاسوری یەکانەوه دامەزرابوو
پیاوێکی هوری بووه ( بروانه (Melikishvili 1954, 92

ویەکێك له شازاده ناوچەیی یەکانی ساڵی ٨٣٦ پ•ز لــه نوسراوەکانی سالمانساری سێیەمدا به ناوی ( کیکی ) بووه[٨٢]• و هەروەها شێوەی ( کاکه ، کاکی یه ) وەکو ناوێك یا نازناوێك بەرای کلای له کوردستاندا دەگەڕێتەوه هەزارەی دووی پێش زایین[٨٣] •

٩ ـ داتانا :

ئەم ناوه کەسی یه بەم شێوەیه ساڵی ٨٢٨ پ•ز تۆمارکراوەو به شێوەی ( داتا ) له ســـاڵی ٨٢٧ پ•ز و ( دادی ) له لایەن شەمشی ئەدادی پێنجەمەوه ساڵی ٨٢٠ پ•ز نووسراوه وسەرۆکی ناوچەی هوبوشکیا بووه ، وئەو گورینەی دەنگی ( د ، ت ) لـه کوردیدا و لەو زمانه کۆنەی ولاتی کوردەواریەدا باو بووه • مەلیکیشفیلی دەلێت که ئەم ناوه ( دادای ) ناوێکی هوری یـا ســـوباری یەو لــــه زمانه کۆنەکانی ناوچەکەدا بـــاو بووه (Melikishvili 1954, 92) و به شێوەی ( دەدا ) لــه زاموادا هەبووه •

بێ گومان ئەم ووشەیه له زمانه ئێرانی یەکاندا به شێوەی ( دات ، داد ) له ناوه کەسی یەکاندا دەبینرێتو وەکو ( داتاس ) که ناوی مادی یه به یۆنانی تۆمارکراوه هەروەها ( داتامیس )و ( دادای ) که له ئاڤێســـتادا به شێوەی ( دەده ) دیارەو واتای ( بدەر ) له کوردیدا دەگەیەنێت • لــــه ناو ســـەکەسو و

سەرماتەکانەدا ئەم نێوە بە جۆری ( داداس ، دادۆس ، داداگوس ، دادایوس ) بەکاردەهێنرا • هەندێك جاریش بۆتە بەشێك لـــە نێویکی کەســـی لێکدراو وەکو ( داداپارنا )و لە هیندیدا بەشێوەی ( داتتا ، داتتاکا ، دادو ) بەکارهێنراوە •

بەشی دووەمی ( داتانا ) برگەی ( انا )یە و ئەمە کۆتاییەکی ئێرانی‌یە لە نێوی کەسیدا •

**١٠- گوندەشپی :**

ئەم نێوە بە شێوەی ( کوشـــتەشپی ) لە نوســـراوەکانی تیگلات‌پلاسەری سێیەمدا دەبینرێت ، یەکەم جار سالّی ٨٥٤ پ•ز و دووەم جار سالّی ٧٤٢ پ•ز جا چەند جارێکی دی پاش ئـەم سالاّنە تۆمارکراوە[٨٤] • لە راستیدا نێوەکە ( گوندەئەسپە )یە و لە سەرچاوە ئێرانی‌یەکاندا بە شێوەی ( ڤینداسپە ، ڤیشتاسپە ) بەرچاو دەکەوێت[٨٥] و لە سەردەمی ساسانی‌یەکاندا سـەرۆکی سواران لە سەدەی شەشەمدا ( یەکێك لەسەر لەشکرەکانی بەهرام چوبین ) بە ( کوندا گوشاسپ ) نێودار بووە[٨٦] •

ئەم نێوە لە دوو ووشـــە پێك‌هاتووە ، کوندەك یا کوندە واتە ( پالەوان ، شەرکەر ، ئازا ) لەگەلّ ووشەی ( ئەسپە ) واتە ئەسپ • و زۆر دەشێت نێوی ناوچەی ( کوندەکی دێری ) لــە سەر زێ گەورەی ئەمڕۆ ، کە کەوتۆتە نزیك ( کەلەك یاسین ئاغا ) و لە کۆندا شەری گەوگەمێلا نێوان داراو ئیســـــکەندەری مەکەدونی لەوێدا رووی دابێت بـــەو ( کوندەك )ی هەزارەی یەکی پێش زایین پێوەست بێت‌و هەروەها ( گوندوك )ی نزیك

زاخو که مەلبەندێکی کۆنی مرۆڤی چەرخی بەردینی نوێیە ، و ژیان تێدا بەردەوامبووە لە چەرخی سۆمەری‌و ئەکەدی‌دا ، شێوەیەکی دی ئەم ووشەیە بێت •

**١١- بارو :**

نێویکی کەسی‌یە لە سەدەی نۆی پێش زایین‌داو بە شێوەی ئاشوری ( بیت بارو ، بیت باروا ) بۆتە نیوێکی توپونومی لەلایەن سەنحاریب‌و تیگلات پلاسەری سێیەم تۆمارکراوە بۆ نیشانەی ناوچەیەك لەپال بیت هامبان‌و ئیللیپی‌دا لەسەر روباری سیروان‌دا[٨٧] • لە نوسراوەکانی ( ئورارتو )دا ئەم نێوە بە شێوەی ( بارواتا ) تۆمارکراوە[٨٨] پاشان ئەم نێوە چۆتە ناو زمانە ئیرانی‌یەکان وەکو لە فارسی کۆندا لە نێوی کەسی لێکدراودا ( کاو باروڤا ) لە نوسراوەکانی بیستون‌دا دیارە و پاشان شێوەی ( گاوباروا ) وەرگرتووە لە دوایی‌دا بۆتە گوبارو یان گوبار ، کە نێوی سەرۆکی ئەو هێزە ( کوتی )یە بووە لە پێش کورش چۆتە ناو شاری بابل‌و روباریکیش لە وێدا بەنێوی ئەمەوە نیوداربووە ( نار گوبارو = نهرجوبار[٨٩] )•

لە هیندی کۆن‌دا ئەم نێوە بە شێوەی ( بهارو ، باروا ) تۆمارکراوە واتاکەیشی ( گەورە ، ئاغا )یە ( بروانە (F. Justi 1895‘ R. Kent 1956

**١٢- : پیریا**

ناوچەیەك بووە لەسەر سەرچاوەکانی رووباری زێی گەورە لەگەڵ ناوچەی ( شیتواریا )دا بە ولاتی ( توبال ) ناسراوە • ، بروانە Husing 1930, 255; Scheftelowitz 1902 {276; Tallqvist 1918, XXIV,

لە ئیرانیدا ئەم ناوە بە شێوەی ( فریریا ، فرییاو لـــــە ئاڤیستادا فریا ) تۆمارکراوە ( بروانە Husing 1930, 255 )
و لە فارســـــی نوێدا بۆتە ( فەری ) و لە هیندی کۆندا (پرییا) بووە کە لە ووشە (پری) بەواتەی (خۆشی) وەرگیراوە. لە ئاڤیستادا وەکو نیوی کەسی یا خێزانی بە شیوەی ( فریا ، فریانە ) بینراوە • بە هەرچورێك بێت ئەم ووشەیە واتای خوشیو خوشەویستی و جوانی دەگەیەنێت چ نیوی کەسی بێت یـــــا جوگرافی •

نێوی شیتواریا لە نوسراوە ئیرانیەکاندا بە هەمان جۆر تۆمارکراوە و نێویکی لێکدراوە لە ( شـــــیتی ) واتە ژینگە ، مەلبەندی ژیان لەگەڵ ( واریا ) کە لە ووشە ( وار ) وەرگیراوە بە واتەی هەلبژێراو • بەهەردوکیان واتەی ( ژینگەی هەلبژێراو ) دەگەیەنن •

**١٣ــ پیریشاتی :**

نێوی یەکێکە لەو سەرۆك هۆزانەی ناوچەی روژهەلاتــی ولاتیماننا کە لە نوسراوەکانی پاشایانی ئاشوردا ئەو ناوچەیەبە ( گیزیلبوندە ) نێودابووە و لە سالی ٨٢٠ی پێش زایین شەمشی ئەدادی پێنجەم لەشکرکەشیەکی گەورەی کردۆتە سەر ئـــــەم سەرۆکە ( بروانە ویاکونوف ١٩٥٦ ل ١٦٥ )• بیروڕای هەمەجۆر هەیە دەربارەی شێوەکانی دی ئەم نێوە بەلام گومان لەوەدا نییە کە وەزیری فەرەیدون بەنێوی ( پیرشاد )بووە ( بروانە مجمل التواریخ )و پێوەندیەکی زۆری هەیە بەو نێوەوە • دەبێـــــت

ئەوەش لە بیر نەچێت ناوی ( پەری‌زاتی ) زۆر لەم دەچێت و لەم جۆرە ناوانە لە زمانە ئیرانی‌یەکان باوبووە وەکو ( ئەرتەشاتی ، شاتەبەرزانە ...هتد )ووشەی ( پیر ، پور ، پەرو )یش واتای رابوردوو دەگەیەنێت .

**١٤- ئیرتی‌زاتو :**

هەندیك جاریش بە شێوە ئیرتی ساتی تۆمار کراوە . ئەمە شێوەیەکی کۆنی ناوێکی کەسی‌یە کە لە کاتێکی درەنگتردا لـە زمانە ئیرانی‌یەکاندا قالبی ( ئەرتە + زاتە ) وەرگرتووە ( بروانە Schefelowitz 1902, 275 )

و لە هیندیشدا دەبێتە ( رِتەجاتە ) لـــە کۆتایی‌دا شێوەی ( ئەردەزاد = نەوەی‌پاك ) دەگرێتەوە .

**١٥- بەرزوتە :**

ئەم ناوە لەگەڵ ناوی پێشودا تۆمارکراوەو لە دوو بەش پێك هاتووە ، یەکەمیان ( بەرز ) کە ووشەیەکی کوردی پەتی‌یە و لە فارسی کۆندا ( بەرد )و لە هیندی‌دا ( برِە ) بووە. دووەمیان ( وتە ) پاشگرێکی کوردستانی‌یە . لە نوســـراوە بابلی‌یەکاندا چەند ناوێك بە لێکدراوی ئەم ووشەیە بەرچاودەکەوێت وەکـو بەرزینا ، بەرزاینا ( بروانە Eilers 1936, 171, 188 )

هەروەها شاتەبەرزانە ( بروانە Benveniste 1958, 53 )

ساتراپی ئەراخوسیا ( ولاتی یونان ) لە ســـەردەمی دارای سییەمدا ناوی ( بارزانیس ، بارزان + تیس ) بووە ، دیسان ئەم

نێوە بە شێوەی ( بەرزەوەنت ، بەرزەوەند ) بەکارهاتووە و لە ڕۆژئاوای وڵاتی میدیا باوبووە[٩٠] •

**١٦- تاتە :**

ئەم نێوە کەسییە لە ئێرانیدا بە هەمان شێوە واتای (باوك )ی گەیاندووە و لە هیندیدا ( تەتە ) بەکارهاتووە • لەگەڵ ئەوەی لە نوسراوە ئاشوریەکاندا بەرچاوکەوتووە لەناو سەکەس و سەرماتەکاندا نێوێکی کەسی بووە[٩١] و ئەمرۆ لە کوردیدا ( شێوەی گورانی )و لە بولگاریو لە ئەڵمانیدا هەمان واتای ( باوك ) دەگەیەنێتو لە ئینگلیزیدا بۆتە ( دادی ) •

**١٧- کرنەکوش :**

لە بنەرەتدا نێوەکە ( کرنەك )ە ، بەشی ( وش ) کۆتاییکی ناوچەیییە بەرامبەر بە( وکا ، کا ) و هەندێك جار بە ( کرنەوکا ، کورنەکا ) بەکارهاتووە ، بەڵام لای ئەرمەنییەکان ( کورنەك ) نێوی پادشایەکی ئەرمەنییە و لەلایەن موسای خۆرینی نێوەکە تۆمارکراوە • ( بروانە Justi 1895, 165 )

کورنەك بەواتای ( تولاز ) یا ( کوڕ ) کوردییە[٩٢] • لە ئێرانی کۆندا ( کورنەکە )و لە فارسی نێوەڕاستدا ( کوڕەك )یە ( بروانە Bailey 1953 p. 268 )

بەگشتی لە سەدەی هەشتی پێش زایینو بەدواوە کۆچکردنی هۆزانی ئێرانی زمان ، بەتایبەتی ماد ، بە یەکجاری دەستیکرد بە کۆتایی هێنان بەو نێوانە ناوچەییانە لە چیاکانی سەرووی

میزوپوتامیاداو بە شێوەیەکی فراوانتر ئەو جۆرە نێوانە لە چەند شێوە زمانێك ، کە بووبوون بە بناغەی زمانی کوردی لە خاکی کوردستاندا بڵاوبوەوەو بە هەمان جۆر لەسەریان بەردەوام دەبین •

**١٨- توناکا :**

یەکێکە لە سەرۆکە نێودارەکانی ناوچەی خوار گۆمی وورمێ لە سەردەمی تیگلات پلاسەری سێیەمدا • ( بروانە دیاکونوف ١٩٥٦ ، ل ١٩٤ )• پاشگری ( کا ، اکا ) ناوچەیی‌یە، بەشی یەکەمی نێوەکە ( تون ) واتای ( بەتوانا ، بەهێزی ) گەیاندووە • ( بروانە گرانتوڤسکی ١٩٧٠ ،ل ٢٢٨ )•

**١٩- زاتەی :**

نێوی کەسی‌یە ، پاشان بە شێوەی ( بیت‌زاتی ) بۆتە نێوی توپونومی • ئەم نێوە لەگەڵ نێوی ( کاکی )دا لە ناوچەی سابڵاخی ئەمرۆدا لە سەردەمی تیگلات پلاسەرو سەرگونی دووەمدا بەکارهاتووە ( بروانە یوستی ١٨٩٥ ،ل ١٥٢ )•

**٢٠- سەنگی :**

لە سەرەتای نیوەی سەدەی هەشتی پێش زاییندا چەند جارێك لەلایەن پاشایانی ئاشور ، ئەم نێوە کەسی‌یە و پاشان بە شێوەی وڵاتی ( سەنگیبوتی ) تۆمارکراوەو هەندێ جاریش وەکو ( بیت سەنگیبوتی ، کور سەنگیبوتو ) بەرچاو دەکەوێت • بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەم نێوە ، بەڵام زۆربەی

واتای ( ولاتی پیرۆز ، پاك ) دەگەیەنێتو بە پێی زمانەکـــان شێوەی گۆراوە وەکو ( سەنگەواتی ، ئەسەنگەواتی ٠٠هتد )٠
( بروانە Bartholomae 1893; Aliev 196, 96 )

لە سالی ٧١٤ پ٠ز ئەم ولاتە ، کە کەتبوە باکوری گۆمـی وورمی لە دەوروبەری ( خوندورە ـ کوتورە ) واتە قوتور لەناو شکاکان لە دەست ( ئورارتو )یەکاندا بووە ( بروانە مەلیکیشڤیلی ١٩٥٤ ،ل ٣٠ ) ٠

**٢١ـ ئورشانیکا :**

شاری پادشایەتی ولاتی ( بیت سەنگی ، بیت سەنگیبوتی ) بووە ٠ بەبێ پاشگری ناوچەیی ( یکا ) ووشەکە ( ورشـــان ، ورشنی ، ورشنا ) واتای بەهێزو گەورەی گەیاندوە ٠ ئـــەم ووشەیە بە شێوەی ( ڤرشنیکا ، ڤرشانەکە ) لە ریگڤیداو ئاڤیستا بە هەمان واتا زۆرجار بەرچاودەکەوێت ٠

**٢٢ـ میتاکوـی (میتاکی) :**

نێوی سەرۆکی ولاتی ( بیتسەنگی )یە سالی ٧٤٤ پ٠ز ئەم جۆرە نێوە لە ناو ســـکیثو ســـەرماتەکاندا باوبووە و یونانییەکان بە شـــــێوەی ( میثاکۆس ) تۆماریان کردووە ( وهەندێ جاریش میتاکۆس ، میداکۆس نووسراوە ) ٠ ( بروانە یوستی ١٨٩٥ ،ل ٢٠٤ Zgusta 1955, 118, 197 )

یوستی لێرەدا ئەوە دەستنیشاندەکات کە هەمان نێو لە سەدەی دەیەمدا لەلای دەیلەمەکاندا دەبینرێت ٠

**٢٣- بوردادا :**

سەرۆكی ناوچەی ( نیروتاكتی ) نیوان بیت كاپسی‌و تسیبور خوار گۆمی وورمێ بووە • شیفتیلوڤیتس بە شێوەی ( بورداتە ) خویندویەیتەوە ( بروانە شیفتیلوڤیتس ١٩٠٢ ،ل ٢٧٦ )• ئەم نێوە شێوەی فارسی كۆنی هەیەو لەلایەن ئەسەرحەدون سالّی ٦٧٢ پ•ز بە شێوەی ( بوردادی ) تۆماركراوەو ئەگەر بەپێی زمانی مادی بووترێت دەبێت بە ( بەرەزەدای ) بە واتەی خاوەن هۆشێكی بەرز بگوترێت ( گرانتوڤسكی ١٩٧٠ ،ل ٢٣٩ ) •

**٢٤- ئازا :**

نێوی كەسی پادشایەكی مانناییە لە كوردستاندا ( سەردەمی سەرگونی دووەمی ئاشوری ) ، كوری ( ئیرانزو )ە ئەو پادشایەی كە یارمەتی ئاشوریانی داوا كردبوو دژی ئەو هێزانەی پادشا ناوچەییەكانی سەر بە ئورارتوان • پاش ئەوە ئاشوری‌یەكان سالّی ٧١٩ پ•ز دەستكاری كاروباری ناوخۆی مانناییەكانیان كرد ، لەبەر ئەم هۆیە ( مەتاتی سەرۆكی زیگورتوەكان ( ئەسەگارتی ) و ( بەگداتی ) سەرۆكی ناوچەی تویشدیش لەم هەرێمەدا پالّیان دایە پادشای ئورارتوو بەرەنگاری ( ئازا ) پادشای مانایانكرد كە سالّی ٧١٦ پ•ز كوژرا • نێوی ( ئازا ) لە راستیدا ، بێ ئەوەی بەلگەیەك بەدەستەوە هەبێت ، دەتوانرێت بگوترێت ، كەوا لەگەلّ نێوی ( ئاسو )دا پادشای ناوچەی گیلزاتا پێوەندیەكی

هەیە ، وا دیارە هەر هەمان ناوی پادشای سەکەسە ( سکیث )ی هیندستانە کە بە ئازیس ، ئازوس تۆمارکراوە • بڕوانە :
(Justi 1895, 53, 54)

هەروەها بڕوانە (Zgusta 1955, 62)

لە ئێرانی کۆندا ( ئازە ) لە ووشەی ( ئەز ) واتـــــە ( سەرکردایەتی‌کردن ) پێك‌هاتووە • لە یەلگەنامەکانی عیلامی‌دا، کە بەرێی نووسراوەکانی ( پیرسیپولیس )ەوە پێمان گەیشتووە ئەم ناوە بەشێوەی ئەسەکە=ئازەکە ( بڕوانە Benveniste 1958) بووە • وا دیارە لە پاڵ ناوی پەتـــی ماننایی وەکو ( ئیرانزو ، ئولوسونو ، ئواللو ، ئێریسینی )و هەروەها ناوی ئەکـــــەدی ( بیلخابو - بڕوانە دیاکونوف ١٩٥٦ ،ل ٢٦٤ ، ٢٥٥ ) ناوی کەسی ئێرانیشیان بەخۆ ناوە • وا دیارە ئەو ناوە کەسی‌یانەی سەرۆك هۆزانی دەوروبەری دەولەتیماننا وەکو ( تێلوسینا لە ناوچەی ئەندیا ، شولوسونو لە رۆژئاوای مانادا هەروەهـــا موساسینا ) چ لە لولوبیان یا کوتی ، ئەمانە پێوەندیەکـــــی زمانەوانی‌یان لەگەڵ زمانی ناوچەی ماننادا هەبووە •

**٢٥- زەردوکا :**

ناوێکی کەسی‌یە ، جاربەجاریش بە شـێوەی زەردوکو ، زڕدوکا ، زەردوکا ) تۆمارکراوە حاکمی ناوچەی خەرزیانـــو بووە • ئەم ناوە لە زاراوەی زەڕد ( بەهیندی کۆن - هەڕد ) واتە زەرداو یا زڕاوی کوردی ، پەیدابووە • ئەم ناوە تا درەنگ

بەردەوامبووە و لای سترابۆن بە شێوەی زەردوکیس تۆمارکراوە
( بروانە Strabo XII. 3, 25 )

لە باکوری رۆژهەڵاتی ئاسـیای بچوکدا ، واتە باکوری کوردستان ئەم نێوە لە سـەردەمی بیزەنتیدا و هەروەها لای سکیثو سەرماتو فارسەکاندا بەکارهاتووە ( بروانە Zgusta 1955, 125, 152, 329 )

**٢٦- زردیەکە :**

نێوی قەڵایەکە ( شاروچکە )ی ناوچەی میسی لە وڵاتـی مانداو ساڵی ٧١٤ ی پ•ز ئەم نێوە تۆمارکراوە • نێوەکـە هەرچەندە توپونومییە بەڵام لە هەمان ووشـەی رابووردوو دارێژراوە ، لێرەدا واتای ( ناوەند ، ناوەوە ) دەگەیەنێت لـە ئاڤیستادا بۆتە ( زەرەدایە )و لە هیندی کۆندا ( هردایە ، هردیا )• پاشگری ( ەکە ) لەم نێوانەدا نیشانەیەکی ناوچەییە ، کە هیشتا لە کوردیدا بۆ خۆشەویستی بەکاردیت وەکو ( بەبەکە ، براکە •••هتد )•

**٢٧ـدەسوکو :**

نێوێکی سەرۆك ناوچەیە لە وڵاتی ئیللیپیدا ( سـەرووی کرمانشاە )، ئەم نێوە لە سەردەمی سەرگونی دووەمدا تۆمارکراوە ولاتای ( دولەمەند ، بەهێز )ی بووە • لە ئاڤیسـتادا شێوەی ( دەسە ، دەسەتەوەنت ـ واتە دەولەمەندیکی بەهێزو خـاوەن کەسـیەتی )لە فارسـیدا بۆتە ( دەث ) پاشـان واتای ( تەندروستیچاك )ی بووە •

**٢٨- ئەسپەبارە :**

لەگەڵ ناوی دەسوکو پێکەوە باس کراوە لە ناوچەی ئیللیپیدا • ئەم ناوە وەکو ئاشکرایە لە دوو ووشە پێك هاتووە ( ئەسپ + بار ) واتە ( سوار )• ئەم ناوە لە کوردستان ولای سکیثو ئالانو لای ئیرانی یەکاندا بەرچاودەکەوێت •

**٢٩- ئیسپاکە :**

لەسەدەمی ئەسەرحەدوندا ناوی کەسی سەرۆکی هۆزی سکیثەکانە لە کوردستانی ژووروودا • لای سکیثەکان ئەم ناوە بە شێوەی ( ئەسپاکە )، جاربەجاریش لای ئاشوری یەکان بە ( سپاکە ) بە کار هێنراوە بەواتای ( سەگ ) بەڵام لای مادەکان بە شێوەی ( سپاکو ) بۆتە ناوی مێین • ( بروانە هیرودوت ، کتێبی یەکەم ، بەندی ١١٠و جوستین ، کتێبی یەکەم ، بەند ٤ )•

**٣٠- کارەکە :**

لە سەردەمی سەرگونی دوومدا خاوەنی ئەم ناوە حوکمرانی ناوچەی ئوریاکو بووە ، لە بنەرەتدا واتای ( سەرۆك هێزی میللی - غەیرە نیظامی )هەبووە و لە ووشەی ( کارە ) پێكهاتووە ( هێزی میللیو عەشایر )و ووشەی ( کارەوان - کاروان )لێ ی دارێژراوە • هەندێك جار لەگەڵ ووشەی ( پاتی ) بەکارهاتووەو بۆتە ( کارەپاتی ) •

**٣١- کیتاکی :**

سەرۆکی ناوچەی ( ئوریانگی )بووە لە رۆژ ئاوای میدیادا ( واتە کوردستان ) • ئەم ناوە لە نووسراوەکانی ئاشوری

ساڵی ۷۱٤ پ٠ز تۆمارکراوه ٠ له بنەرەتدا نێوەکە ( کتاکە )یەو له ووشەی ( کەیت ، کەیتە ) واتە بیرکردنەوە پێکهاتووه ٠ له ئاڤیستادا بۆتە ( کەیتە ) واتە هیواو ئاوات و له هیندی کوندا هەر شێوەی ( کتیە )ی هەیە ٠ ( بروانە Justi 1890, 154, 153)

**۳۲- ئەسروکە :**

لەکوردیدا بۆتە ( ئەسرین )، لەئەرمەنی کۆندا بە ( ئەسروك ) بەکارهاتووه (Justi 1895, 47 له ئێرانیدا ئەسرۆك ، ئەسرۆن کە لە ووشەی ( ئەثرەوان ) دارێژراوه ٠

**۳۳- دەیوکو :**

له بنەرەتدا ( دەیوکا ، دەهیوکا ، دەیوك ، دەهیوك )ه ، واتە سەروك ولات ٠ له کۆتایی سەدەی هەشتی پێش زایندا فەرمانڕەوای ناوچەی میسی بووه له ماننادا ، کە زڕدیاکاو زیکیرتو کەوتبوونە ژێردەست ماننایی‌یەکان ٠ ئەم نێوە کەسی ( نازنێو )ه له ووشەی ( دە ) واتە ولات دارێژراوه نێوەکان بە هەردووکیان مادین ٠

**۳٤- زیکیرتو :**

ئەم نێوە ئەثنونومی‌و توپونومی‌یە ( نێوی هۆزو جوگرافی) له نووسراوەکانی سەرگونی دووەمدا چەند جارێك بەرچاودەکەوێت بۆ یەکەم جار کە نێوی سەرۆکەکەیان بە ( میتاتی ) بەنێوبانگ بووەو پاتیەختیان شاری ( پەردە ) بووه ، ئەم نێوە ساڵی ۷۱۹ پ٠ز تۆمارکراوه ٠ بەڵام له سەدەی

شەشەمدا لە نووسراوەکانی بێستوندا ئەم ناوە بەشێوەی (ئەسەگەرتە) و لە بابلیدا سەگەرتو تۆمارکراوە ولای یونانییاندا بۆتە سەگەرتیا ، سەگەرتیۆی - ئەمجا شێوەی زاگروت لای یونانییاندا بۆتە ناویکی توپونومی بۆ چیاکانی خوارو و رۆژهەلاتی ئاسیای بچوك وەکو (زاگروس) بەکارهاتووە • گرانتوڤسکی دەڵێت « ناوەکە لە دوو ووشە پێك هاتووە ، ئەگەر لە زمانی ئیرانی باکوری رۆژئاواییت ئەوا ووشەکان (ئەسە) واتەئەسپ ، (کەرتە) واتە عەرەبانە دەگرێتەوە[93] » •

**(بروانە وێنەی نوسراوی بێستون ژمارە ٢٩)**

لە راستیدا ئەگەر ناوەکە وەکو (ئەسەنگەرتیا) تۆمارکرابێت ئەوا واتای (بەرد تاش) دەبەخشێت و هۆزەکەش هەر لە کوردستاندا بلاوبۆەو بەتایبەتی لە ناوچەی سعرتو هەولیرو شوێنانی دیدا •

**٣٥- کوندور :**

شێوەی کۆنی ناوی (قوتور)ە لە ناوچەی شکاكدا • ئەم ناوە توپونومییە لە ناوی خوداوەندیك (کوندە) دارێژراوە • ئەم شارە وەکو شاریکی مادی (کوندورو) لە نووسراوەکانی بێستوندا تۆمارکراوە و بە عیلامیشێوەی (کوتتاروش،کوندارو) هەبووە (Herzfeld 1947, 725) لە ئاشوریدا بۆتە (خوندورو) • **(بروانە وێنە ژمارە ٢٩)**

**٣٦- باگ تیشوب :**

ئێوی خوداوەندێکە لە ناوجەرگەی کوردستاندا پەرستراوە نیوان دانشتوانی سنورەکانی دەولەتی ئاشورو ئورارتوداو هەروەها نیوان ولاتی شوپریا و مانا • ئێوەکە لە دوو ووشە پێك‌هاتووە ، باگ‌و تیشوپ ( خوداوەندی پەرستراو ) • خوداوەند تیشوپ/تیشوب خودای گەورەی هوری‌یەکان ( لای ئورارتوەکان بۆتە تەیشیبا ) بووە ، و لە ناوچەی موساسیردا پەرستراوە •

لە ووشەی ( باگ ) ئێوی کەسی وەکو ( باگپارنا ، باگداتی ••• هتد ) و ئێوی توپونومی وەکو ( باگ ماشتو ) کە ئێوی پەرستگە بووە دارێژراوە • بەم جۆرە دەبینین کە ناوجەرەگەی کوردستان لەم سەردەمەدا کەوتبوە ژێر کاریگەری سێ کولتور کە کاری‌کردبوە سەر ئێونانی کەس‌و ناوچەو چیاو روبار ئەویش جیهانی ئاشورو ئورارتوو ئیران ( سامی ، قەفقاسی ، هیندو ئاوروپایی )•

**٣٧- پارنی‌ئالدی :**

ئێوێکی کەسی سەرۆك ناوچەیەکی ولاتی کوردەواری‌یە کە نزیك شاری ( توروشپە ) پایتەختی ئورارتو بۆ بەرژەوەندی رامیاری ئاشوریەکانی کاری‌کردووە • **ئەم ئێوە لە ووشەیەکی** هیندوئاری ( پارنا ) لێکدراوە لەگەڵ ئێوی خوداوەندی گەورەی ناوچەکە ( هالد ، خالد )• ئێوی ئەم خوداوەندە تەنها لەم ئێوی کەسی‌و لە پارچە نووسراوەکەی ( کێلە شین ) بە شێوەی ( ئالد )

واتای ( دەستکەوتی خالد ) دەگەیەنێت • ووشەی ( پارنا ) لـــە زۆر نێوی کەسیدا دەبینرێت وەکو ( باگاپارنا ، ئاهورپارنا ) و هەروەها ( ئەوریپارنو ) کە واتای ( خۆشـــی ئاســـمانی ) گەیاندووە •

ئەم جۆرە نێوانە وا دەگەیەنن ، کە لە سەردەمی چەرخـــی سەرگونیدا دانشتوانی کوردســـتان بە پلەیەکی مێژوویی ئالۆز تێپەریون ، بێجگە لە بەرهەلستی سیاسی نێوان ئاشورو ئورارتوو ماناو هێزەکانی یەکگرتووی هۆزانی ملدو ســەکەس‌و کیمیری تێکەلاویەکی زمانەوانی‌و ئاینی و رەگەزی نێوان ئەم کۆمەلانە لەم ولاتەدا رووی داوە ، کە لە کۆتاییدا ( واتە ســـــــەدەی هەفتەمی پ•ز ) هەموو ئەو بەرهەلستی‌یە لەم هەریمەدا لـــــە بەرژەوەندی مادەکاندا بوو • ( بروانە وێنە ژمارە ٣٠ ٣١ )

# بەشی شەشەم

## زمانی‌کوردی لە چەرخی هیللینی‌دا و بەلگەنامەکانی هەورامان

بەندی‌یەکەم ـ کورتەیەك دەربارەی بەلگەنامەکانی هەورامان

بەندی دووەم ـ

نێوی کەسی‌و توپۆنومیکی چەرخی هیللینی لەزمانی کوردی‌ی کۆن‌دا

بەندی سێیەم ـ

پاشـــــەکیەکی بلاوبوونەوەی کەلچەرو زمان‌و ئەلف‌و بێ‌ی یونانی لە رۆژهەلات‌داو دیکۆمینتەکانی هەورامان لە چـوار چێوەی ئەم مێژوومەدا

## بەندی یەکەم

## کورتەیەك دەربـارەی بەڵگەنامەکانی هەورامان

لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا گرنگترین رووداوی مێژوویی کوردستان ، کە بووبۆە هۆی پەیدابوونی ئالوگۆرێك لە نیوان چەند زانیارێکی زمـانو مێژووو رۆژهەلاتناسدا ، دۆزینەوەی چەند بەڵگەنامەیەکی چەرخی هیللینی ( سەدەی یەکی پ•ز ) بوو لە ناوچەی هەورامان ( کوردستان )دا ، کە لەلایەن سەعید خان دوکتوری چاو لە شاری سنەدا ساڵی ۱۹۰۹ سـێ پارچەیان گەیشتبوە دەست پسپورە بەریتانییەکان • دووانیان پاش شەش ساڵ لە لایەن پروفیسور مینس شیکراونەتەوەو لـە کۆڤاری لێکۆڵینەوەی هیللینیدا بڵاوکردوونەتـــــەوە Journ. Hell. Stud. 35 (1915) سێیەمیشیان ، کـە بەپیتی ئارامی نووسرابوو پاش دە ساڵ لەلایەن کاولی تیۆیێك بە ووتارێك لە کۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیەوی پادشاهی ساڵی ۱۹۱۹ (J. R. A. S. 1919) **روونکراوەتەوە • ( وێنە ژمارە ۲۳ )**

دوکتور سەعید خان هەرچەندە باسی ئەوەی نەکردووە ، کە لە کێ ئەم بەڵگەنامانەی دەسـتکەوتووە بەڵام لەمەودووا دیاردەبێت و هەروەکو مامۆستا شێخ ئەمینی شێخ عەلائودینـی نەقشبەندی پێ رای گەیاندم وفە رمووی ، کە سەعید خان لەبەر چارەکردنی چاوی عباس قولی سـان باپیرە گەورەی بەگزادەی رەزاو لە هەوراماندا پەیدا بووبوو وە پێش هاتنی ئەم دوکتورە شێخ عەلادینی نەقشبەندی چۆتە دێی ( پالنگان ) نزیك قەلای

ئەردەلانیان ( تەنگیبەر ) لە سەرەتای ئاوی سیرواندا ، بـــۆ پشکنینی ئەشکەوتەکەی رۆژهەلاتی پالنگان ، شێخ موریدیکی خۆی کە بە ( وەرگل ) ناوبانگی دەرکردووە بۆ ئەوێی ناردووە و بە یارمەتی چەند کەسێك توانیویەتی ناوەراستی ئەشکەوتەکە هەلکەنێت کە پڕ بووە لە چەلتوكو لە ناویا کوپەلەیەکی داخراوو بەستراوی بە مۆم کە لە شێوەی شووتیدا بووە هێناوەتە دەر • پاش ئەوەی ئەم کوپەلەیان لە تەنیشـــــت ئاگرداندا داناوە مۆمەکەی تواوەتەوەو ناوەروکی کوپەلەکە ئەم بەلگەنامانەی تێدا بووەو لەناو پڕ هەرزندا شاردراوەتەوە •

لەلایەکی دییەوە ، پێش نزیکەی سێ سال کاك ئەسعەدی شێخ خالدی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی ، یەکێك لە نەوەی ئەو کەسانەی ، کە پێوەندیان بەدۆزینەوەی ئەم بەلگەنامانەوە هەیە شێوەی پەیداکردنیان هەندێك بە جۆرێکی دی بۆ باس کردمو بەم جۆرەی خوارەوەبوو •

لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانەدا ، لەگوندی ( بیارە )ی سەر بە ناوچەی هەورامان ( پارێزگەی سولەیمانی - عیراق )، یەکێك لە سوفێکانی شێخ عەلائوددینی نەقشبەندی ، کەنێوی ( سوفی عبدالله ) بووە ، بەشێخی نێوابراوی راگەیاندووە ، کەوا لە سەر کێوێکی سەختی ناوچەی سورێن ، کە کەوتۆتە ئەو بـــــەر هەورامانەوە ولەسەر رووباری ( روخانەی دوورۆ ) ، چاوی بـــە تابلۆیەکی نەخشـــراوی گەورە کەوتووەو وێنەی پیاوێکی تێدا هەلکەندراوە وتیرێکی بەدەستەوەیەو بەرەو خۆی دەیهاوێت •

لەسەر داواکردنی شێخ علائوددین هەمان سۆفی هەوڵیدا بزانێت ریچکەی تیرەکە بەرەو کوێیە • سۆفی ئەوەی بۆ روون بۆوە کەوا بەرەو ئەشکەوتێکی سەختە ، لە دواییدا لەسەر فەرمانی شێخ سۆفی بەهاوکاری هیندیك پیاوانی شێخەوە بریاریدا لەسەر لوتکەی چیاکەوە خۆی بگەیەنێتە ئەشکەوتە سەختەکەوە •

لەوێدا چاوی بە کوپەڵەیەك کەوت ، کە پری بوو لە هەرزن ، لەگەڵ رۆکردنی هەرزنەکە سندوقێکی لەگەڵدا هەبوو، کە شێوەی هەردوولایەکەی شێوەی قوچەك بوو ، هەرکە کردیەوە کۆمەڵێك دوکومێنتی گرنگی بەرچاو کەوت[١] •

یەکێك لەو دوکومێنتانە بە دەسنووسی ئارامی کۆن بە هەشت دێر نووسرابۆوە کاتەکەی بۆ کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زایین دەگەرێتەوە ، کە بە هۆی مێژووی سلوقی ( یونانی )، کە لەسەر پێستەکە تۆمار کراوە زانراوەوبەزۆری بۆ سەردەمی فەرمان رەوایی فراتیس ( فەرهادی چوارەم ٣٨ پ•ز - ٢ز ) • ئیمپراتۆری پورث دەگەرێتەوە • کە میرزا سەعید خانی پزیشکێکی شاری سنە سەر لە شێخی نەقشبەندی دەدات ، شێخ باسی ئەم دۆزراوەیەی بۆ دەگێرێتەوە ، دکتۆر میرزا سەعید خان وا پێشنیاز دەکات ، کەوا وا چاکترە ئەم دۆزراوەیە بگەیەندرێتە دەستی پسپۆران لەوانەیە ئەوان بتوانن سەر لەو نیشانانە دەربکەن ، کە لەسەر ئەو پێستە نووسراوە تەوە •

لەو کۆمەڵە دۆکومێنتانە سی پارچە دەگاتە دەست پرۆفیسۆر - ئیلیس مینس E.H. Minns [٢]

نێوبراو ئەو دەسنووسەی ، کە بە زمانی ئارامـــــی نووسرابوو بۆ کاولی A. Cowley دەنێرێت ، چونـــکە کاولی پسپۆری لە ئارامیدا هەبو و، تاوەکولێی بکۆڵێتەوەو بیروڕای خۆی دەربارەی روون بکاتەوە[٣] . کاولی لە ســـاڵی ١٩١٩دا سەبارەت بەو دەسنووسە لێکۆڵینەوەیەکی لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی پاشایی بەریتانی دا بڵاوکردەوەو لەنێویدا پێشـــنیازی کردبووەبە پێویستیشی زانیبوو ، کەوازمانی دوکومێنتەکە بەباشی لێی بکۆڵدرێتەوە ، باوەکو باسەکەی کاولی برێتی بوولــــە خوێندنەوەی ووشەو نێوەکان بێ ئەودی هیچ قۆناخێـــــکی مێژوویی دوکومێنتەکە هەروا شوێنی هەبوونی روون بکاتەوە[٤]

مینس لەنێوباسەکەیدا باسی دۆکومێنتەکان دەکات ودەڵێت ژمارەیان زۆربوون ، بەڵام دەست بەدەست کراون ولە کۆتاییدا سێ دانەیان بەساخی دەگەنە دەست دکتۆر سەعید خان ، کـــە ئەویش لە سەردانەکەیدا بۆ لەندەن لە ساڵی ١٩١٣دا دەیــــان گەیەنێتە دەست پرۆفیسوربراون ئەویش دەیداتە مینس ، مینسیش هێندیك روون کردنەوەیەکی سەرەتایی لەسەر دەنووسێت ولــــە (١١)ی تشرینی دووەم دا بۆ کۆمەڵەی دەنێرێتو هەر لەوکاتەوە هاورێیانی دکتۆر سەعید خان نایانەوێت دکتۆر سەعید لەم کارە مرۆڤایەتیە بێبەش بکەن ، چونکە ئەو خاوەنیەتی ، بەڵام دکتۆر سەعید مافی بڵاوکردنەوەی بە مینس دەبەخشێت .

لەدوای لێکۆڵینەوەی دوکومێنتی یەکەم ، کە بەزمانـــــی ئارامی نووسرابۆوەووای تێدا روون بووبۆوە ، کەوا بۆ ساڵانی

١١ و ١٢ پێش زایین دەگەڕێتەوە بەڵام دووانەکەی دی یەکێکی هی ساڵی (٨٨)ی پ•ز و ئەوی سێیەمی هی ساڵی (٢٢)ی پ•ز[٥]• و بە ئەلف وبێی یۆنانی نووسراونەتەوەو بابەتەکانیشیان لە بابەتی دوکومێنتی یەکەم دەچێت ، پرۆفیسور مینس خۆی لەم دوو دوکومێنتەی کۆڵیوەتەوەو بیروڕای خۆی لە « گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی هلینی » لەساڵی ١٩١٥ دا بڵاوکردۆتەوە[٦] •

لەبەر ئەوەی ئەو دوکومێنتانە رۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی لێکۆڵینەوەی ئەو رووداوانەدا دەگێڕێت ، لە قۆناخێك دا ، کە کەلچەری هلینی لە وڵاتی رۆژهەڵات دا بڵاوبۆتەوەو لەگەڵ بیروڕای ناوچەیی‌دا تێکەڵ بووەو بە دەسنووسی ئارامی داڕێژ راوە بۆ ئەوەی بیرێکی لێکدراو بۆ کۆمەڵە ئادەمزادیك ، کە لە ناوچەیەکی دووری وەك هەورامان‌دا ژیا بوون بهێنێتە بەرهەم • ئەم دیاردەیە نیشانەی ئەوەیە ، کەوا ئەو کۆمەڵە لەکاریگەری رەنجی یونانی‌و ئارامی‌دا بێ بەر نەبوون‌و هەتا دوا هەرێمی وڵاتی رۆژهەڵاتی نێزیکیان گەیاندووەو هەتا چەند سەدەیەکیش مۆرکی تایبەتی ئەو وڵاتانە بووە باوەکو دەسەڵات داریتیش بە دەست پورثەکانەوەبووە ، بەتایبەتی لە کاتی نووسین وتۆمارکردنی ئەو دوکومێنتانە ، کە سەردەمەکە قوناخی کوژانەوەی ئەستێرەی هلینیزم بووە لە رۆژهەڵات‌دا[٧] •

دۆکومێنتی یەکەم بێ‌گومان بەو ئەلف وبێی پەهلەوییە نووسراوەتەوە ، کە لە ئارامیەوە وەرگیراوەو هەتا لەوسەدانەش‌دا بەکارهاتووە کە کەوتوونەتە دوای پەیدا بوونی پەیامبەر عیسا[٨] •

هەبوونی هێندیك ووشـــەی ئارامی لەنێو ئەو تێکستەنیشانەی بەلگەی زمانی ناوچەیە کە لەنێوتوێیدا کاریگەری ئارامی لەپاڵ یونانیو پەهلەوی ئەشـــکانیدا هەبووە ، ئەمەش بۆ هـۆی ئابوریو کەلچەریو رامیاری دەگەرێتەوە ، لە ســـــەردەمی بلاوبوونەوەی ئایینی عیسادا ئەم کاریگەرییە کەمتر بووە ، چونکە زمانی ئارامی بوو بە زمانێکی پیرۆزی مەلبەندی ئایینی ، کە بە شێوەیەکی تەواوی دەستی بەسەر بیروڕای دانیشتوانی ناوچەکان دا داگرتبوو[٩] ، لە دواییدا بوو بە زمانێکی ناوچەیی ئـــەو شوێنانەی تێیدا نیشتەجێ بووبوون لە ناوچە شاخاوێکانـــی سەرووی وولاتی میسوپوتامیا ، کە خاوەنەکانیان بە درێژایـــی قوناخە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا نەبوونە چینێکی تەنـێ ئەگەر زمانی میری وولاتانی حەذیەبو کرخا دبیث سلوخ ( هەولێر و کەرکووك ) کە هەردوو هەلگری ئایینی عیسا بوون لێ دەرهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بگوترێت کەوا ئەو دوکومێنتەی بـە ئەلف وبێی ئارامی لە هەوراماندا نووسراوەتەوە کۆمەلە کارێکی گرنگ دەگرێتە خۆی ، کە پروفیسور مینس ومامۆستا کاولی دەست نیشانیان نەکردووەو لێی نەدواون و ئەمانەش ئەم خالانەی خوارەوە دەگرنەوە :ـ

١ ـ ئەو نێوانەی لەنێو تێکستەکەدا هاتوون هەتا ئێستە لەرووی زمان و مێژووەوەو پێوەندی بە مێژووی کـــــورد لەســـەردەمانی نێوەراســـتدا روون نەکراونەتەوەو لێیان نەکۆلدراوەتەوە .

٢ ـ مامۆستا کاولی تێکستی دۆکومێنتەکەی هەروا بەجێ هێشتووەو هەر تەنێ ئەوانەی شارەزای ئەلف وبێی ئارامین هەر ئەوان دەتوانن بیخوێننەوە چونکە تێکستەکەی بە بەشێك لە کەلەپووری تۆمار کراوی ئارامی داناوە وەیا بەشێوەی ( وێژەی سریانی •• ) ژماردووە •

٣ ـ هیچ پسپۆرێکی دی هەوڵی نەداوە زمانی دوکومێنتەکە بە ئەلف وبێی لاتینی وەیا عەرەبی بنووسێتەوە ، بۆیە دەنگوباسی ئەم دوکومێنتەو بابەتەکەشی لەتێوچوونو لەنەمان دایە •

٤ ـ هیچ پسپۆرێك زمانی دۆکومێنتەکەی ، کە کاولی ئێوی ناوە بە پەهلەوی لەگەڵ زمانی ئەمرۆی ناوچەکەدا بەواتا دیالێکتی هەورامی وەیا دیالێکتەکانی دی زمانی کوردی بەراورد نەکردووە •

٥ ـ کاولی وغەیری کاولی ئەو هێماو نیشانانەی ، کە لەنێوان ووشەو پیتەکانن دەست نیشان نەکردووە ، کە بێگومان دەنگی هێندیك پیتی پێ گۆڕاوە بۆ ئەوەی واتای تەواوی ووشەی زمانە ناوچەییەکە بگەیەنێت •

٦ ـ لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی ژووروودا دۆکومێنتو لێکۆڵینەوە لێیان بە پاژی دیاردەی کەم تەرخەمی وگوێ نەدانی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژووی کوردەواری دەژمێردرێت • کاولی لەم بوارەدا هیچ دیاردەیەکی مێژوویی ، کە پێوەندی بەو هەرێمەوە هەبێت ، کە دوکومێنتەکەی تێدا دۆزراوەتەوە روون

نەکردۆتەوە ، ئەگەرچی پرۆفیسور مینس لە کۆتایـــــــــی لێکۆڵینەوەکەی‌دا وای بۆدەچێـت کەوا زمانی دوکومێنتەکان لە زمانی کوردیەوە نێزیـــکە ، بەڵام خۆی زمانی کوردی نەزانیوە ( بروانە ووتاری پرۆفیسۆر مینس ، **لاپەرە – ٦٥** )•

لەگەڵ گرنگی ئەم دۆکومێنتە بۆروون کردنەوەی قوناخێکی دیاری‌کراو لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمانێکی دیاریکراودا لەم بەشـــــــەدا لە گیتی‌و هەروا ئەو رۆلە گرنگەی ئەم جۆرە تێکستانە لە مێژووی زمان وویژەیی ناوچەیی هەرێمەکەدا هەیان بووە ، شتێکە ناتواندرێت دەستی لێ هەڵ بگرێت وپشت گوێ بخرێت ، چونکە هەبوون و دۆزینەوەی ئەم دۆکومێنتانە لـــــە هەرێمێك دا ، کە هەتا ئەمرۆش خەلکی تێدا دەژین و بەزمانێك دەدوێت بۆ هەمان خیزانی زمانەوانی دەگەرێنەوە کە زمـــــانی دوکومێنتەکەی پێ نووسراوەتەوە ، پێویســـتی بە لێکۆڵینەوەو لێدوان و روون کردنەوە هەیە ، بۆ ئەوەی لاپەرێکی نوێ لـــە مێژووزمانی کوردی‌دا هەڵ بدرێتەوەو لە نەمان و لەنێو چوونو کەم تەرخەمی رزگاری ببێت • **( بروانە وێنە ژمارە ٣٣ )**

وەکو ووترا یەکێك لەو دۆکومێنتانەی هەورامان ، کە بـە پیتی ئارامی نووســــــراوە ، لە لایەن کاولی شی‌کراوەتەوە و لە کۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیەوی ساڵی ١٩١٩ ز بلاوکراوەتەوە :

Cowley A., The Pahlavi Document From Avroman : Journal of The Royal Asiatic Society (J. R. A. S) 1919, pp. 147 - 154

لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا ، کە هاتوونەتە بەر کاولی لـــە خوێندنی ئەم پارچە نووسراوەدا ، بە هۆی هەندێك نیشـــانەی تایبەتی ناوچەیی‌یەوە ، دەلێت کەوا دەقەکە ( پەهلەوی )یە لەگەڵ هەندێك ووشەی سامی بە پیتی ئارامی نووسراوەتەوە بەڵام چەند لایەکی ئەو پارچە نووسراوە شکاوە یا فەوتاوە • ( وێنە ژمارە ٣٤ )

لە ڕاستی‌دا هەواڵەکان لەسەر پێســـــــــــت بەهەشت دێڕ تۆمار کراوە ، کاولی لە کاتی شی کردنەوەیدا هیچ باســـــی جێ‌و شـــوێنی دۆزینەوەی ناکات‌و هەروەها باســـی پێوەندی زمانەوانی لەگەڵ دانشتوانی ناوچەکەو زمانی ئەم نووسـراوەدا ناکات چونکە پسپۆری یەکەی ئەو تەنها لە زمانی ئارامی‌دا بووە، تاکو ئێستاش رستەکان بەبێ خوێندنەوەی دەنگدار ماونەتەوە ، کە بۆ ئێمە گرنگیەکی تایبەتیان ، سەبارەت‌بە زمانی ناوچەیەکی کوردەواری‌یەوە ، لە چەرخی هیللینی‌دا هەیە • بـــۆ روون‌کردنەوەی ئەو مەبەستە ، دەقەکە بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :

١ ـ شنت / / / ق یرخا أروتت میبنو پتسپك بری تورین •
٢ ـ / / /•• و ؟ یکی کرما أسمك من أبیکشکن پلز یات
٣ ـ رزبنو أریل بری بشنین دد أهی کلا زوزن ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥/
٤ ـ مە من بومخوتی أ••خ همی أدلو قدمتە •
٥ ـ شهدین تیریك بری أپین‌ی••• بری رشنو أرشتت •
٦ ـ بری أبنو گرینهی بری مترپدی سینك بری ماتبنگ •
٧ ـ ••••• کرما أسمتن کرما زینت ؟ أریل من •
٨ ـ پتسپك کلا زوزن ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥ •

ئەو ووشانە کە رەگی ( ئارامی )یان هەیەو لەم بەلگەنامەدا بەکارهاتوون بەم جورەی خوارەوەن :

١ ـ شەنەت : واتە ( ساڵ ) کە لە عەرەبی‌دا بۆتە ( سنة ) .

٢ ـ ق : ئەم پیتە نیشانەی ووشەی ( قیپا )ی ئارامی‌یە بە واتای ( هاوین ) کە لەگەڵ نیشانەی ( /// ) واتای هاوینی ســـاڵی ( ٣٠٠ ) دەگەیەنێت ، هەرووەهاش یەکەم پیتی ووشەی (قرن ـ سەدە)یە.

٣ ـ یەرەخا : واتە ( مانگ )ی .

٤ ـ پەلز : واتە ( نیوە ) ئەمرۆ بەشێوەی ( پەلگی ) لـــە سریانی‌دا بەکار دێت .

٥ ـ کولا : واتە ( بەتەواوی ) .

٦ ـ مە ، من : هیندێك جار بە واتەی ( لـــە ) بەکارهاتوونو هیندێك جاریش بە واتەی ( کە )و ئەمرۆ لـــە شێوەی کوردی فەیلی‌دا وەکو ( مینا ) بەکاردێت

٧ ـ قەدەمتو : واتە ( تقدیم ـ پێشکەش )

٨ ـ شەهدین : واتە ( شاهیدان ).

٩ ـ کەرما : واتە ( کرمة ـ رەز ) .

ووشەکانی دی ، کە لە بنەرەت‌دا هی شیوەیەکی زمانـــی سەرەتایی ناوچەیی کوردی‌یە ، چەند نێوێکی کەسی‌و چەنـــد ئامرازێکە کە لەو زمانە ناوچەیی‌یەدا بە واتـــایـــەکـــی ئایینی‌و کۆمەلایەتی بەکار هاتوون وەکو :

١ - أروتت ( ئەروتات ) : نێوی مانگێکە لە مانگەکانی چەرخی پورشدا ، واتەی خوداوەندی خۆر ( خوردات ) دەگەیەنێت و لەبنەرەتدا لە ( هوڤاردات ) یان ( هوارداتا - ئێرانی هەزارەی یەکی پ.ز ، شوورداتا - میتانی هەزارەی دووی پ.ز ، سوڤارداتا - هیندی ...هتد )ی رەگی پەیدا کردووە . لە بابلیدا بۆتە ئومردداتو ، خوماردداتو ، خورداتو .

٢ - تیریك ( تیرەك ) : لە بنەرەتدا لە نێوی ( تیر=تیرا= میترا=میثرا ) لەگەڵ پاشگری ناوچەیی کۆن ( ك کو ، کا )پێك هاتووە . هاوچەرخی ئەم نێوە نێوی پورثی ( تیردات تیرداد )ە ، کە کۆنترین شیوەی ( میثرادات ، میثراداتیس )ە .

٣ - رشنو ( رەشنو ) : یەکێکە لە هاورێکانی خوداوەند ( میثرا =میترا=میهرا ) کە لە پاڵ خوداوەند ( سراوشا ، راشیو ) نیشانەی گیانی سەردانەواندنو رێکخراوی بوون . لە پەهلەویدا بوونەتە ( راشنو و میهرو سروشو لاشن )و لێپرسراوی گیانیمردووان لە سەر پردی تشنفات بوون .

٤ - میترپدی ( میثرا - پادی )واتە میثرا خاوەن ، بەڵام ووشەی پادی لە چەرخی ساسانیدا بوو بە ( پد بد )بە واتای سەرۆکی ئایینی .

٥ - نێوی ( ئەسمەك ، پتسپك ، سینەك )بە پاشگریکی کۆنی وولاتی کوردەواری کۆتاییان هاتووە ، بەڵام نێوی

( تورین، ئەریل، بشنین، ئەپیو، ئەرشتت، ئەبنو، گریپنەهی، GRIPNHI

ئەسمتن ) چەند تێوێکی باو بوون لە دەولەتی پورتدا • بە شێوەیەکی گشـــتی ئەو ووشـــانە کە پێوەندییان بەکوردییەوە هەبووە ئەمانەن :

( ئەروتەت ، مەیبان ، پەتەسپەك ، بەری ، تورین ، یەکی ، ئەسمەك ، ئەبیکەشکەن ، یات ، رەزبان ، ئەریل ، بەشەنین ، داد ، ئەیی ( ئەهی ) ، مە بومخوتی ، هەمی ، ئەدلو ، تیریـــك ( تورەك ) ، ئەپین ، رەشنو ، ئەرشتەت ، ئەبنو ، گریپنەهی ، **میثراپادی ، سینەك ، ماتبەنگ ، ئەسەمتەن ، ویەت )•**

لەم دەقەدا ئەوەی کرداروئامرازەو لە زمانی کوردی نوێدا بەکار دین ئەمانەن :

**١ - بەر+ی** هەرچەندە لەئارامیدا ئەم ووشەیە بە شێوەی (بار) پاشان ( مار ) بە واتای ( نەوە ) بەکار هاتووە بـــەڵام لەبنەرەتدا هەر هەمان واتەی ووشەی ( بەری ) کوردییە کە نەك تەنها بۆ مرۆڤ بەکار دێت بەڵکو بۆ دارودرەختو گیانلەبەریش •

لەکۆندا واتای ( بار ) هەر ( باری ) کوردی بووە ( واتە حمل-ی عەرەبی ) ئەم ووشەیە لە نێوی کەســیدا بەکارهاتووە وەکو ئەسپا بارە ، ئەستی بار •••هتد •

پاشگری ئەم ووشەیە (ی)ێ خستنە سەری پێوەندییە ، وەکو ئەمرۆ لە کوردیدا بەکار دێت • بەوێنە ( برا+ی من ) •

٢ ـ یەکی :

هەرهەمان ( یەك )ی کوردی دەگەیەنێت •

٣ ـ مـــە :

ئەمە ئامرازی پێوەندی ( چوونە سەر )ە کە لە رستەی نێوی و کرداری دا تەنها لەم بەلگەنامەو لە نوسراوەکانی ( نەرسی ـ ٢٩٣ ز )کە بە پەیکەری ( پەیکولی ) لە کوردستاندا بەنێوبانگەو جارێکی دیش لە نووسراوەکانی ( شاپور ـ ٢٦٣ ز )لە کەعبەی زەردوشتدا بەکارهاتووە • بە زۆری ئامرازی (زی) لە چەرخی ئەرشاکیدا جێی ئەم ئامرازەی (مـــە)ی گرتبۆوە و لە زۆر رستەی پورثیدا دەبینرێت وەکو : من کەرمە ئەبیبری زی ب کەوزەر ( واتە : لەرەزەوە دەبرێت کە لە کەوزەرە ) ئەرشـــەك مەلکە بەری بەری زی پەریپتەك بەری ئوخی بەری زی ئەرشەك ( واتـە : ئەرشـــــــــەکی پادشـــــــاە کوری کوری پەریپتەك کوری برازای ئەرشەکە )• وترگنسەن رەزکەر زی من کەپکەش ( واتە : وترگنسەن ـی رەزکار لە کەپکەشدا )•

بەم جۆرە دەبێت رستەی کەرمە ئەسمەك مە ئەبیکەشکەن بە واتای ( رەزی ئەسمەك کە هەلکێنراو ) بێت لە بەلگەنامەکەی هەوراماندا • لە پلەی کۆتایی چەرخی پورثیدا ولە سەردەمی ساسانیدا ووشەی ( چە ) جێی ئەو ئامرازانەی گرتبۆ ، کـە هەر هەمان واتە ووشەی (کە)ی پورثی هەبووە و شـانبەشـان ئامرازی (ی)یَ پێوەندی بەکارهێنراوە ، لە کوردیدا ئامرازی ( کە ، ی ) هەتاکو ئیستا بە هەمان مەبەست بەکاردێت ، وەکو :

سروود چه شادیفت ( واته : سروود کەهی شادی‌یە = سروودی شادی )• ئەم ئامرازە ئیستا بەهەمان واتا لە زمانی بولگاری‌دا بەکاردێت •

لە نووسراوەکانی چەرخی هەخامەنشی‌دا ئەم ئامرازە بە شێوەی ( یا ) کە لە ( هەیا ) دارێژراوەو ئەمرۆ لە کرمانجی ژووروودا بەکاردێت ، بەبێ‌گومانەوە دەبێت لە زمانی مادەکانەوە لە کوردی‌دا بەجێ‌مابێت‌و لەم بەلگەنامەدا دوای ووشەی ئەبیکەشکەنی ئایندە بەکارهاتووە •

**٤ ـ ئەبیکەشکەن :**

ووشەیەکی ناوچەیی‌یە بە بیروباوەری کاولی ووشەی ( داشتن ) نزیکترین شێوەیەتی چونکە بە ( ئەبیدەشدەن ) خویندبوویەوە ، کەچی ماری بویس بە جۆرێکی راستتر خوێندویەتی یەوە ( کەرما ئەسمەك مە ئەبیکەشکەن ) کە واتاکەی ( رەزی ئەسمەك کە هەلکێنراوە ) دەگەیەنێت • ووشەکە کەوابوو ( هەلکێنراو )ە • بروانە :

[ Mary Boyce; "The use of relative particles : in Western Middle Iranian" INDO - IRRNICA. WIESBADEN 1964, p. 31].

**٥ ـ یات :**

ووشەیەکی کوردی‌یە بەواتەی ( هی ) کە لە کرمانجی ژووروودا بەشێوەی ( یا ، یێت ) وەکو ئامرازی خستنەسەر بەکارهاتووە • ( ات )لە زمانی بولگاری‌دا بەهەمان واتا بەکاردێت بەلام ئەمە شێوەی نێرینەیەو ( اتە ) شێوەی مێینەیەتی •

**٦ ـ داد :**

هەر هەمان ووشەی کوردی ( دای ) ئەمرۆیە • لـــــە بنەرەتدا ( دادی )یە = ( دادهی )یە •

**٧ ـ بومخوتی :**

ووشەیەکی ناوچەیی‌یە بە واتای ( خاوەن ، گەورەی زەوی) پێشی ئەم ووشەیە ئامرازی (مە) بەکارهاتووەو دوابەدوایشی بە (ی) نسبی کۆتایی‌هاتووە •

**٨ ـ هەمی :**

واتە ( هەموو ، هەمی ) کوردی‌یە •

**٩ ـ ئەدلو ( ئەرلو ) :**

ئەم ووشە باش ناخوێندریتەوە ، وا دیارە کردار پیشـان دەدات لەم رســتەیەدا بە قســـەی کاولی واتای ( وەرگرتن ) دەگەیەنێت واتە ( استلام ) •

١٠ ـ زەدەن (زەبەن) : ووشەیەکی ناوچەیی‌یە باش ناخوێنریتەوە ،کاولی دەلێت زۆر واتا دەگەیەنێت یەکێك لەوانە ( زەند ) واتە تۆمارکردن •

سەبارەت بە نێوو ئاوەلنێوەکان ، دەبێت ئەوە بزانیـــن کە هەتاکو ئیستا زۆربەی نێوی کەسی پێوەندیەکی توندی هەیە بەو ئاینەوە ، کە لەو ولاتەدا بلاوبووە و بە پێ گۆرینی ئاییـــــن نێوەکۆنەکان فەوتاون‌و نێوی تازە هاتۆتە کایەوە بەتایبەتی ئـەو نێوە لێکدراوانە ، کە بەشیکیان نێوی خوداوەندەکانی ئـــەو

سەردەمەن • بەڵام ئەگەر بەشەکەی دی ئەو نێوانە کردار یـا ئامراز بوون ئەوا هەر دەمینن‌و دەگەشێنەوە ( بروانە بەنـدی ئایینده ـ ناوی کەسی و توپونومیکی چەرخی هیللینی لە زمانی کوردی‌ی کۆندا ) کەچـی ئاوەلنێوەکان ( مەیبان ، رەزبان ) هەروەکو خۆیان ماونەتەوەو لێرەدا واتاکانیان لێك‌دەدەمەوە : بەپێ دێرەکان ئـەو زانیاری‌یانەی دۆکومێنتەکە بەم جۆرەی خوارەوەدیە :

**دێری یەکەم :**

بە ساڵی سێ سەد دەست‌پی‌دەکات چونکە هەر سـێ نیشانەی لارکراو /// لەگەڵ پیتی ( ق ) کە واتای ( ۱۰۰ ساڵ دەگریتەوە ) مێژووی ئەم بەڵگەنامەیە بەپێ‌ی ئەوە دەبێتە ساڵی ( ۳۰۰ سێ‌سەد )• نێوی مانگیش بە شـێوەی ( ئەروتات ) تۆمارکراوە کە ( هەورڤەتات )ی زەندی‌یە و پاشان بۆتـە ( هورداد = خورداد )• پاش ئەمە ووشەیەکی ناروون بـەڵام بەشێوە لە ژمارە ۱۳ دەکات‌و لەوانەیشە کردارێکی ئارامی بێت نووسراوەو پاش ئەمە ئەو نێوە دەبێت نازنێو ( ئاوەلنێو ) بێت کە بەشێوەی ( مەیبانو ) تۆمارکراوە ، واتە ئەو کەسەی کە مەی دروست دەکات • لە کۆتایی ئەم دێرەدا دوو ووشەیە بـە نیشـانەیەك بە یەك بەسـتراون کە لە راسـتی‌دا ئامرازی خستنەسەرە (ی) •

دێڕی دووەم :

سەرەتای ئەم دێڕە رزاوە ، پاشان دوو نیشانەی لار لێی دیارە دوابەدوای ئەمە ووشەیەکە دەتوانرێت وەکــو ( یەکێ ) بخوێنرێتەوە ، بەڵام نیشانەکان کۆبکەیتەوە لەگەڵ ووشــە ( یەك )دا دەبێتە ژمارەی ٢٢١ • پاش ئەم ژمارەیە ووشەیەکــی ئارامی بەکارهاتووە بە شێوەی ( کەرمە ) کە واتای ( رەز )بـە زمانی ناوچەیی دەگەیەنێت ، کــــە زەوی‌یەکەی هەلکێنراوە ( مەئەبیکەشکەن )•

خاوەنی ئەم ( کەرمە )یە بە ( رەزبان ) تۆمارکراوە • ئەگەر هات ئەو ووشەیەی پێش ئەمە ژمارە بێت ، دەبێت ووشەکە بـە ( دەرم ) بخوێنرێتەوە • دوای ئەمە وا دیارە ئــەو نێوە نێوی خاوەنی رەزەکەیە ( ئەسمەك ) •

دێڕی سێیەم :

ئەم دێڕە بە ووشەی ( رەزبان ) دەستپێ‌دەکات بــەڵام ووشەکانی دوای ئەمە روون‌نین ، ئەمجا ووشەی ( داد ) کە بـە نیشانەکەی دوایی بۆتە ( دادی ) بەواتای ( دای ) لە کوردی‌دا ، و ئەو ووشەی کە پاش ئەم کردارە بەکار هاتووە ( ئەیێ ) هێشتا لە کوردی‌دا بەکاردێت بەواتای ( ئەمە )و ووشەیەکی لێکدراوە لە ( ئەی+ێ )• پاشان ئەو شوێنە کە رزاوە کاولی دەلێت کەوا ووشەی ( دراخما )یە واتە ( درهەم ) کە پارەیەکی یونانی بووەو لەکوردستان‌دا بەکار هاتووە • بەڵام ئەگەر ( زازو ) بخوێنرێتەوە لە ئاشوری‌دا ئەم ووشەیە واتەی ووردە پارەی دەگەیاند کەچی

ووشەی چوارەم دەبێت بە شێوەی ( زرین ) بخوێنرێتەوە ، کە واتەی پارەی زێڕ دەگەیەنێت هەرچەندە لە سەردەمی پورثەکاندا پارەی زێڕ بەکارنەهاتووە • وئەو ژمارانەی دوای ئەم ووشانە ئەمانەن ١٠،٢٠،٢٠،٥ کەهەمووی دەکاتە ٥٥ • بەڵام ژمارە ٢٠ هەندێك جار شوێنی دەگۆڕیت لەم پارچە نووسراوەدا •

**دێڕی چوارەم :**

بەهەمان نیشانەی دێڕی یەکەم و دووەم دەست پیدەکات دوایی ووشەی ( من واتە لە ) لە پێش ناز نێوی خاوەنی زەوی کە ووشەیەکی ناوچەیی‌یە تۆمارکراوەو ووشەی دوای ئەمانە ناخوێندرێتەوە بەڵام وا دیارە نێوی خاوەنی رەزەکەیە ( ئەریل ؟ )• پاشان ووشەی ( هەمی ) کە بە کوردی ( هەموو ، هەمی )یە و دوایین ووشە واتای ( لەپێش ) دەگەیەنێت •

**دێڕی پێنجەم :**

ئەم دێڕە بە ووشەی ( شەهدین ) دەست پیدەکات کە شێوەی کۆمی کوردی ووشەی ئارامی ( شەهد ، شەهاد )ە واتە شاهید+ان • و ئەمجا نێوی ئەم شاهیدانە تۆمارکراوە وەکو تیریك ، رەشنو ، ئەرشتاد •••هتد و لە نیوان هەر دوو نێوێکدا نیشانەیەك هەیە •

**دێڕی شەشەم :**

بە ووشەیەک دەست پیدەکات دەتواندرێت بخوێندرێتەوە بەڵام وشەی چوارەم ناوێکی کەسی لێکدراوە لە دوو برگە ، برگەی یەکەمی ناوی خوداوەندی ( میثرا )یە ، کە شێوەیەکی

پەرەسەندووی کۆنی ناوی ( میثراپاتیش )ە و لەم نووسراوەدا لە شێوەی ( میثراپادی )یە ، هەر ئەم ناوە لە هەمان نووسراودا بە خەتی گریکیو لە هەمان شوێندا بە وێنەی ( میراباتس ) هاتووە ، بەڵام هیرۆدۆت و نووسەرانی میدیو هەخامەنشی لە شێوەی ( میترا باتیس وەیا میثرا پاتیش ) یان تۆمارکردووە ، وشەی شەشەم ( سیناکیس )ە و ئەوەی دوای ئەمە ناخوێندرێتەوە •

بەڵام دێری حەوتەمو هەشتەم بەڵگەی راستی ئەم دۆکومێنتەو رووداوەکەی تێدا تۆمارکراوە ، وەکو هێندیك مۆرو نیشانە ، باوەکو ئەم دوو دێرەی هەرە دوایی بە باشی ناخوێندرێنەوە ، بەڵام تێکستی دۆکومێنتەکە بەگشتی ئەم بابەتانەی خوارەوەی تێدا نووسراوە :ـ

١ ـ ساڵی ٣٠٠ ، مانگی ئەروتات ، مەیبان پتسپك ptspk کوڕی تورین •••

٢ ـ نرخی (؟) رەزی أسمكی Asmk کە (؟) داوە بۆ گەراندنەوەی خاوەنێتی (؟)بۆ •••

٣ ـ رەزەوان ئەریل کوڕی بشنین Bšnin ، ئەمەش دای ، سەرجەمی گشتی ٥٥ زوزین •••

٤ ـ ئەوەی کە لای خاوەن زەوی‌یە ••• دانی پیاناوە (؟) لە پێش

٥ ـ شاهیدان تیرێك کوری ئەپین ، ی•• کوری رەشنو ، ئەرشتاد

٦ ـ کوڕی ئەبنو ، گریپنهی GRIPNHI کوری میثرا پادی ، سیناك کوری ماتبنگ MATBNG ...

٧ ـ نرخی (؟) رەزی ئەسمتن ASMTN ، رەز دەگەڕێتەوە (؟) بۆ ئەریل ، لە ...

٨ ـ پتسپك PTSPK : سەرجەم ٥٥ زوزین .

بەم جۆرە دەتواندرێت بـــگوترێت کەوا زەوی ( رەز ) دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن زەوی (س) ، کە نیوەی بۆ ( ئەریل ) بەجێهێشتووە ئەم نیوەیەش فرۆشراوە وەیا لەلایەن ، یان بـــە هۆی ( گۆرینی خاوەنێتی کرێی ) بۆ پتسپك بە پەنجاو پێنج زوزین ( وەیا درهەم ) خاوەن زەوی لەپێش شاهیدان لـــەم دۆکومێنتەدا رێككەوتنی خۆی لەسەر نیوە بەنیوکردنـــی پێشاندەداتو نرخەکەشی وەرگیراوە .

لێرەدا بەرواری سەلوکی ( سلوقی ) تێبینی دەکرێت ، کە لە لایەن نووســـەرەوە بەکارهاتووە ئەویش ( ساڵی ٣٠٠ )و بەرامبەر بە ساڵی ١٢ ( وەیا ١١ )ی پێش زایینە ، بۆیە ئـــەم نووسراوە بە کەرەستەیەکی گەیەنەری نێوان نووسینی مێخـی پلەی هەرە دوایی‌و نووسینی ئارامی دەژمێردرێت ، کە لـــە سەرەتای سەردەمی مەســـیحیەتدا لە رۆژهەڵاتدا بڵاوبۆوەو ئەمەش بە تاکە زمانێك دەدرێتە قەڵەم کە پاش شەش ســـەدە نووسین گەیشتبوە پلەیەکی نزم لە سەرەتای چەرخی سەلوکیوە تا رووخانی دەولەتی پورث .

دەربارەی زمانی دوکومێنتەکـە لێکۆڵەرەوەی ( کاولی ) وای بۆ روون بۆتەوە ، کەوا دەبێت زۆر چاك لێی بکۆڵدرێتەوە، واشی بۆ دەچێت ، کەوا لەم زمانەدا کاریگەری پورتی و یونانیو ئارامی تێدا بەدی دەکرێت ، ئەمەش لەو سەردەمەدا شـــتێکی سەیر نەبووە ، چونکە کەلچەری هیللینی بەهێز و بڵاوبوونەوەی نیشتەجێیانی یونانی لە وڵاتی کوردەواری‌دا لە کۆن‌دا هــەر بەردەوام بووە ئەگەرچی لە رووی رامیاریوە لەلایەن پورثەکانەوە بەرێوەبردراوەو لە بواری نووسین‌دا پشتی بە زمانی ئارامـــی بەستووە کە لە مێژوودا بە نووســـینی ( هزوارشن ) ناوی دەرکردووە وەیا هەروەك ( ابن الندیم ) لە کتیبی ( الفهرست )دا بە ( زوارشن ) ناوی دەباتو دەڵێت « ئەلفو بێیەکیان هەیـە پێی دەڵێن زوارشنو ئەلفو بێی ( لکاوو نالکاوی پێ‌دەنووسن) نێزیکەی هەزار وشەیە بۆ ئەوەی هاو چەشنەکان لێـــــك جیابکەنەوە وەکو ئەوەی بیەوێت بنووســـێت ( گۆشـــت ) دەنووسێت ( لەحما ) بەڵام بە ( گۆشت )ی دەخوێنێتەوە . وەیا ئەگەر ویستی بنووسێت ( نان ) ، دەنووسێت ( بسـرا )و بـە ( نان )ی دەخوێنێتەوە ئەمانە بە وێنە هێندرانەوە ... بەم جۆرە هەموو شتێکیان نووسیوە تەنیا هێندێک شت نەبێت کـــــە پێویستی بە گۆرین نەبووەو بە شێوەی گۆکردنی خـــۆی **نووسراوەتەوە» بروانە (لاپەرە ١٤ لە کتێبی ابن الندیم، الفهرست.** چاپی لایدن ).

لە راستی‌دا ئەو زەحمەتی‌یەی ، کە دەکەوێتە پێش هــەر پسپۆرێک بۆ خوێندنەوەی تێکستەکان لەم سەردەمە دا بــۆ

جۆری نووسینەکە دەگەڕێتەوە ، خەتەکە لە خەتی ئارامـــی وەرگیراوەو کەمو کورتی لە ژمارەی ئەو وینانەیە کە بێدەنگن لە خەتی ئارامیدا (٢٢) وێنە هەیە کـە لـە نووســینی ئـەم دوکومێنتەدا بۆتە (١٤)و هیچ تێکەڵاوی یەكو گومانێك لەنێو ئەم پیتانەدا نەبووە تەنیا لەنێو پیتی ( و ، ر ، ع )دا نەبێت •

لە خەتی ئەم دوکومێنتەدا وێنەی چەند پیتێــکی بـــێ دەنگ هەن کە دەتواندریت بەچەند جۆریک بخوێندرینەوە • دەبێت بەڵگەیەکی دی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی بزاندرێت لـە هەر باری وێنەیەكدا مەبەست لە چ دەنگێکە •

یاسای ئەلفو بێی پیتی بێدەنگ لە زمانی پورتیدا لـە یاسای ئەو ئەلفو بێیە کۆنترە ، کە تێکستی ئایینی سەردەمی مەسیحیەتی پێ نووسراوەتەوە ، دوور نییە بەکارهاتنی بـــۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە •

بەڵام زەحمەتی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی هێندیك وشەی ئارامی بەو ڕێگەیەی لەمەوبەر باسکرا کە بە هزوارشن بەنێویانگبووەو واتای لێکدانەوەو راڤەکردن دەبەخشێت زۆر لەو کاتە دوورکەوتۆتەوە کە نووسەران تێکستێکی ئارامیان نەك بە زمانی ئارامی بەڵکو واتاکەیان بە زمانی ناوچەیی دەخوێندەوە، ئەم ڕیگەیە کاریگەرێکی زۆری لەسەر زمانی ناوچەیی بـــە تایبەتی لە ناوچەی هەورامانددا جێهێشتووە ، هەر وەکو ئـەم بارەی لە زمانی ( سوغدی ) بە تایبەتی لە تێکســـتی بوذیدا بەرچاو دەکەوێت •

بۆ ئەوەی جۆری نووسینەکە لەو شێوە زمانە وەیا ئــەو زمانەی ئەوسا لە ناوچەی کوردەواری‌دا باوبووە ڕێک‌بکەوێت لە ســـەدەی یەکەمی پێش زایین‌دا ، نووســـەر هەوڵی‌داوە نیشانەیەك بخاتە سەر وشەکان بۆ ئەوەی وشەکە واتاکـــە ببەخشێت ، هەروەکو چۆن بابلیکان نیشانەیان لەسەر ئـــەو وشانە دادەنا ، کە ئەسلیان سومەری بووە وەیا هەروەکو چـۆن لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا نیشانە لەسەر ئەلف‌و بێ‌ی عەرەبی دادەندرێت بۆ ئەوەی وێنەی ئەو دەنگانە بنوێنێت ، کە لە زمانی کوردی‌دا هەن‌و لە زمانی عەرەبی‌دا نین •

بابەتی دۆکومێنتەکە بازرگانی‌یەو هەروەکو بابەتـــی دۆکومێنتەکەی دی‌یە ، کە بە خەتی گریکی نووســراوەتەوە ، بەڵام لێرەدا ئەو خاڵەی کە بۆ زمانی کوردی گرنگە ناوی خاوەن زەوی‌و مەیبان‌و شاهیدەکانن ، کە هەموویان بەبێ ســـوو دانیشتووی ناوچەکەن‌و بە زمانێک قسەیان کردووە پێوەندێکی ڕاستەوخۆی بەو جیهانەوە بووە کە ناوەکانیان بۆی دەگەڕێتەوە• ( کاولی ) هەوڵی‌داوە بیرورایەکی ڕاســـت بۆ ناوی خاوەن زەوی‌یەکە بدات لە شێوەی ( دادپاکانراس ) وەیا ( گانزاکی ) وەیا ( دادباکاباك ) و دەڵێت : « ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئــەوە نێوی چوارەمینیشی هەبووەو ئەویش ( ئەسمك ) وەیـــا ( ئەسمتك ) بووە • ئەم شێوەیەش لە ( ئەسیمن ) ی یەهلەوی وەرگیراوە •• بەواتا ( تەنی زێوین ) ئەم وشەیە ئەمڕۆ لـــە شێوەی ( سیم ) لە زمانی کوردی‌دا بەکاردێت و واشـــــ ڕێک‌ناکەوێت کەوا ناوی جێگەیەك بێت • بەهەر حاڵ ئەوەی

لێرەدا جێگەی سەرنج راکێشە ، ئەو روونکردنەوەیەیە ، کـــە دەربارەی فرۆشتنی نیوەی رەزەکەیەو بـە (٥٥) زوزین (أ) کە دەکاتە (٥٥) دراخما و چەمکەکەشی هەر ئەوەیە ، کە لەمەوبەر باسکرا •

وشای ( مەیبان ، رەزبان ، دادی ، ئەیێ ، زرینو هەمەی )• لەگەڵ وشەکانی دی کە ئارامیو یونانین بە بیروباوەری مـــن زمانێکی تەواوی یەکگرتووی چینی ئورستوکراتی میری ئـەو ناوچەیە بووە کە دۆکومێنتەکانیان تێدا دۆزراونەتەوە ئەگەرچی پێوەندێکی بەهێزی بە زمانی پەهلەوی - پورتی دا هەبـــووە ، بەڵام ئەم وشانە هەتا ئەمرۆش هەر لـــە زمانی کوردیدا هەنو بەکاریش دێن • ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، کەوا چینەکانی دی کۆمەڵ ئەم جۆرە زمانەیان بەکارهێناوە ، بەڵکو دەتوانین بڵێین ،کەوا زمانەکەیان تا رادەیەك لە کاریگەری زمانانی ئارامـــیو یونانیدا بەدووربوون •

# بەندی دووەم

## نێوی کەسیو توپونومیکی چەرخی هیللینی لەزمانی کوردی کۆندا

لەسەرەتای بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا شەش خاڵم دەست نیشـــــان کردبوو ، کە پەیوەندیان بەو دۆکومێنتانەوە هەیە وپێویستیان بە روون کردنەوەیە • خاڵی یەکەم لەو خاڵانە کـــە دەڵێت :

« ئەو نێوانەی لە نێو تێکســـتەکەدا هاتوون ولە رووی زمانو مێژووەوە پێوەندی‌یان بە مێژووی کوردەوە لـــــــە سەردەمانی نێوەراستدا هەتا ئێستا روون نەکراونەتەوەو لێیان نە کۆلدراوەتەوە »، گرنگی‌یەکی تایبەتی خۆی هەیە ، کـــە پروفیسور ( ئەلیس مینس ) لە کاتی خۆیدا تەنها بە دوا دێڕی ووتارەکەیەوە دەست نیشانی کردبۆوەوە بە بێ ئەوەی بە درێژی روونی بکاتەوە ، چونکە ئەو هەر وەکو خۆی دەڵیت : لە زمانی یونانی کۆندا پسبورە وزمانی کوردی وچەند زمانی‌تر لە سنوری پسپۆڕێتی ئەو بەدەرن •

بە پێی ووتارەکەی پروفیسور ئەلیس مینس ( کە دوکتوری وێژەو ئەندامی کارای ئاکادیمیای بەریتانی ومامۆســـــــتای ئەرکیولوژی کۆنە لە زانکۆی کێمبرجدا ) ، کە لە رۆژنامەی ( لێکۆڵینەوەی هیللینستی ژمارە ٣٥ ، ساڵی ١٩١٥ ، لاپەرە ٢٢ تا ٦٥ بڕوانە :

"Minns E., Parchments of the Parthian Period from Avroman in Kurdistan, Journ. Hell. Stud. 35 (1915), pp. 22-65.

چاومان تەنها بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دوو ( دۆکومێنت ) لەو دۆکومێنتانە ، کە بەپیتی یونانی نوسراون دەکەوێت ، چونکە

ئەویتریان نێررا بوو بۆ مامۆستا کاولی کە لە زمانو نوسینی ئارامیکۆندا پسبورە ، وئەویش لە ووتارەکەیدا سەبارەت بە دۆکومێنتێ سیهەم لە گۆڤاری کۆمەلەی شایانەی ئاسایی سالی ١٩١٩ بە ووردی بیروڕای خۆی دەربریبوو[١] ، وەکو لەمەوبەر باس کرا • بڕوانە :

Cowley A., The Pahlavi Document From Avroman Journal of the Royal Asiatic Society, pp. 147 - 154.

بێجگە لەم دوو کەسە هیچ پسپۆرێك ، چ مێژووزان یان لە زمان زان ، لە ناوەروكو پیتو پلەی مێژوویی ئەم دێکومێنتانەیان نەکۆلیوەتەوە ، مەگەر تەنها ناو وشێوەی دۆزینەوەی نەبێ کەکردوێتی بە وێنەی خۆی[٢] • لە پال هەندی تیوریەك سەبارەت مێژووی زمانی کوردی لە سەرەتای باسەکەدا تەنها لە سەر ئەو دوو دۆکومێنتە یونانیەی مینس دەدوێم ، بەلام پاشان ، لە سەر دەق و زمان وناو وووشە وواتا مێژوییەکانی ووشەکان ـ لە هەر سێ دۆکومێنتەکاندا ـ دەدوێم •

لە راستیدا دوو پارچە یونانیەکان شێوەیەکی لاکێشی نارێکیان هەیە ، بەرزاییان پاتترە لە پانابیان ، یەکەمیان نزیکەی ٥ ، ٩×٦ ، ٥ ئینجە ( ١٤×٢٤سم ) ، وئەویتریان ٨×٥ ، ١٠ أو ١/٢ ١٠ ئینجە ( ٢١×٢٧سم )، و هەر یەکەم لەم دێکومێنتانە دوو دەقی ( تێکست ) تێدایە ( أ،ب ) وهەردوو دەقەکە زۆر لە یەکتری دەچن • بە پیچەوانەی پارچە ئارامیەکە کە تەنها یەك دەقە ٦×٧٥ ، ٣ أو ٣٣/٤ ئینجە (١٥×٥ ، ٩سم )٥ • •

ئەم جورە پێستە لە زۆر شوێن بۆ نوسین بە کار هاتوە بە تایبەتی لە وولاتی ئیونیا ( یونان ) وئێران تەنانەت لە میسریش[٣]، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر ، هەر وەکو چۆن لە وولاتی مێزوپوتامیاش زۆر باو نەبووە • هیرودوت لە کاتی خۆیدا سەبارەت بەم شێوە نوسینە دەڵێت کەوا « بەربەرەکان ( میللەتانی غەیری یونانی ) پێستیان وەکو ئامێرێك بۆ نوسین بە کار هیناوە[٤] » • وئەمە پێستی گاو ومەر وبزن ، بە تایبەتی جوانەگا وبەرخ هی گیان لەبەرتر بوە ، وتەناتەت پێستی ئاسکیش بە کار هاتوە • پاش ئەوەی باش شوراوەو موەکانی لێ کراوەتەوەو بە بەردێکی تایبەتی ئەم پێسانە کوتراوە ، پاشان بە تەباشیر سواوە تا رەنگی سپی بوە ، لە کۆتاییدا بەشی ناوەوەی بەلای گوشتی شێوەیەکی بوە بۆ نوسین • پلوتارخ پێمان رادەگەیەنێت ، کەوا لە کتێبخانەی پێرگامون Pergamun 200,000 پارچە پێستی نوسراو هەبوەو لەوێدا ماوەتەوە تا مارکوس ئەنتۆنیوس بە کیلیوباترەی پێشکەش کردوە[٥] ، وئەم نوسراوانەی هەورامان دەگەرێنەوە هەمان ئەم سەردەمەی کتێبخانەی پێرگامون •

هەر وەکو پروفیسور مینس دەگێرێتەوە ، ژمارەی ئەم جورە نوسراوانە ، کە لە هەوراماندا دۆزراونەتەوە زۆر بوون ، بەڵام تەنها سێ پارچەی ، لە رێگای پرۆفیسور براونەوە کە هاورێی دکتور سەعید خانی کردستانی بوە دەست کەوتوە ، کە لە سەردانێکیا بۆ شاری لەندەن بۆ داو دەرمان کرین چووە

له پشت دۆکومێنتی یەکەمەوە پینج دێر بە نوسینی هەمان ئەلیفبائی دۆکومینتی سێهەم نوسراوە وبە شێوەی سەرەوخوار بە لای پشتی بەشی سەرووی دەقی (أ) بوە • لە هەمان کاتدا ئەم نوسراوە بەو دوو دێرە دەچێ کە لە پشتی دەقی وە لـــــە دۆکومێنتی یەکەمدا ریز کراوە نزیکەی ۳ ئینج ( ٥ ، ٧سم ) لـە خوارویەوە • ( بروانە وێنە ژمارە ۳٥ ، ۳٦ )

ئیمزاو مۆر ( تصدیق ) کردنی ئەم بروانامەیە ( سەنەدە ) بە ۱ ۱/٤ ئینج (۳سم ) لە سەرەوە بەلای چەپەوە ئەگەر لە پشتیەوە سەیربکەین تۆمار کراون • وئەو ناوانە کە ئیمزایان پێ کراوە تێکچوون وهەر هەمان ناوی یونانین کە لە زۆر وولاتاندا بلاو بووبوەوە ولێرەدا سودیان بۆ ئێمە نیە کاتێك کە ئەم دوکومێنتانە گەیشتبوونە دەست پروفیسور مینس یەکەمیان هێشتا هەر بـە لوولی مابوەوە ونەکرابوو •

دوهەمیان وەکو دەســـت نووس ( مخطوطە ) بوە نیوەی خوارەوەی نەپێچرابوەوەو بەشی سەرەوەی لە چەپەوە دەستی لێ نە درابوەوەو زۆر بە باشی پێچرابۆەو وبەدەرزی لـــــە لای راستیەوە دوورابوەوە بە مەرجێك تەنها دەبوایە ئەم دەزووە بە برین یان بە شکاندنی ئەو دوو تومارە قوڕاویە کە لە سەریەوە بوو بکرابایە • لە بەر ئەمە پروفیسور مینس پێش کردنەوەیان ، هەر یەکە وێنەیەکی بۆ گرتون ، پاشان ئەو دەزووەی بریوە •

ئەو شتەی کە ئەم ( کری‌نامە )یەیان لە سەر نوسیوە پێست بوە ورەنگێکی زەردی تاریك یاقاوەیی هەبوە بەلاّم هێشتا هەر مووی بە سەرەوە مابوە •

پێشکەش بە براونی کردوە ، پاشان لە موزەخانەی بەریتانیادا پارێزراون و د. سەعید خان مافی لێکۆڵینەوەی بە پرۆفیسور مینس بەخشیوە .

بابەتی هەر سێ پارچە نوسراوەکان ( کرێنامەو کرین و فرۆشتنی ) چەند رەزێکە لە ناوچەی هەوراماندا . وئـەوەی شایەنی باسە لەم کیشەدا کە سەرنجی مێژونوس و وزمانەوان رادەکێشێت ، سێ خالی تایبەتین کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی زمانی کوردی زور گرنگن .

ئەو ناوانەی کە بە چەند شوین و لادێ وکەسەوە پێوەستی هەیە بێ گومان چەند ناوێکی ناوچەیی وولاتی کوردەوارین لـە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا ، واتە پێش بلاوبوونەوەی ئایین وکولتورو هەلسوکەوتی ژیانی ( مەسیحی وئیسلام ). ئەم ناوانە لە زمانێك هەڵقولاون کە لەو ناوچەدا بە کار هاتوەو هەر یەکە لەم ناوانە واتایەکی تایبەتی هەبوە وەکو ووشەیەك یا چـەنـد ووشەیەك بە کار هاتوە لەو زمانە ناوچەیی‌یەدا کە شێوەییك لـە شێوەکانی زمانی کوردی سەدەی یەکی پێش زایین بوە ، چونکە نوسراوەکان دەگەرێنەوە بۆ سالانی ٨٨ ، ٢٢ ، ١١ پیش زایین بە پێی بەراوورد کردنیان بەو سالە یونانی‌یانە کە لە سەر دەست نوسەکان تومار کراون(*) .

---

* رۆژی یەك شەممەی ١٩٨٨/١/٣١ ، لە سەردانێکما بـــۆ دەزگای رۆشنبێری‌و بلاوکردنەوەی کوردی لە بەغداو لــە ژووری کاروباری رۆشنبیری‌دا چاوم بە مامۆستا محمد أمین هەورامانی کەوت‌و پێی راگەیاندم ، کەوا خەریکە شتێك لە ←

سەر دەستنووسەکانی هەورامان بنووسێت ، لەبەر ئەوەی گوایە لە باسەکەی مندا ، کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێی ژمارە ١٠٦ ی حوزیرانی سالّی ١٩٨٥زدا دەستنیشانی پێوەندی زمانی بەلگەنامەکان بە زمانی کوردی ئەمڕۆوە نەکراوە ..!و لە هەمان کاتدا لێی پرسیم ئایا لەکوێ سەرچاوەی ئەو بەلگەنامەی ئارامی یەی دەست دەکەوێت ، کە وێنەی دەسنووسەکەی لە کتێبی (فەرهەنگی ئێریان قاج)دا سالّی ١٩٨٧ز لەلایەن مامۆستا هەورامانی خۆی بلّاوکراوەتەوە . لەوەلّامدا عەرزمکرد ، کەوا ئەو وێنەیە کە سالّی ١٩٨٤ز پێشکەش مامۆستام کرد لەگەلّ ووتارێکی کاولیدا لەگۆڤاری کۆمەلەی شاهانەی ئاسیەوی بەریتانیدا سالّی ١٩١٩ز بلّاوکراوەتەوە

لەکاتی چاککردنەوەی پرۆڤەی یەکەمی ئەم بەرهەمەمدا بە پێویستی دەزانم دووبارە ئەم خالە بەم جۆرەی خوارەوە روون بکەمەوە .

١ ـ لەم بابەتەدا بە ئاشکرا دیارە پێوەندی زمانی دەستنووسەکانم ، چ بەشی ئارامی یەکەی‌و چ یونانی یەکەی لەگەلّ زمانی کوردی ئەوساو ئەمرۆدا شیمکردۆتەوەو نەگەر بهاتبایە هیچ پێوەندیەك نێوان ئەم بەلگەنامانەو زمانی کوردیدا نەبوایە ، ئەدا هیچ پێوەندیەك نێوان ئەم بەلگەنامانەو زمانی کوردیدا نەبوایە ، ئەوا هیچ پێویستی نەدەکرد خۆمانی پێ ماندوو بکەین .

٢ ـ لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێی ژمارە ١٠٦ ی حوزەیرانی سالّی ١٩٨٥زدا و هەروەها لە گۆڤاری کاروانی ژمارە ١٠ی سالّی ١٩٨٣زدا ، ل ١٥٢ بە روونی دەستنیشانی جێ وشوێنی ئەم بەلگەناما نەم کردووە ، دەبوا مامۆستا هەورامانی لەبەر مەبەستی بلّاوکردنەوەی باسەکەی چاوێکی پێ خشاندبا ..!

←

بێجگە لەم راستیە ، راســـتیەکی گرنگترمان بۆ روون دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێی ئەم ناوانەوە دەتوانیـــن بگەینە واتا بنچینەکانیان ، وپەیوەندیان بەو دین و ئاینزانانەی وولاتی کوردەواری پێش مەسیحیەت وئیســـــلامەوە روون بکەینەوە ، وئایا چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ کولتوری میللەتانـــی هاوسێی خۆیان هەبوە وشارســتانیەتی هیللینی ( یونانی ) چ رولێکی کاریگەری بە سەر ژیانی کومەڵایەتی وئابوری وسیاسی دانشتوانی وولاتی کوردەواری‌یەوە هەبوە • بەم جورە دەتوانین لەگەڵ بناغەی هۆش وبیری کوردی پێش دوو هەزار ســـاڵدا ئاشنایەتی پەیدا بکەین کە ئەمە مەبەستی هەرە گرنگی زانستی مێژووە •

زمان ، بە شیوەیەکی گشتی ، ئاوێنەی بیر وهۆشێکی تاکو کۆمەڵێکە لە پلەیەکی مێژووی تایبەتیدا ، وئەم بیرو هۆشە بـــە چەند بناغەیەکی ســــــەرەکی ژ یانەوە پێوەســــتە وەکو دەستەلاتداریەتی ژیانی رامیاری ، وئایین ، پلەکانی هەمە جۆری بەرهەم هینان ومەرجی جوگرافیو ئاو وهەوا و •••هتد •

---

٣ ـ لە کاتێکدا مامۆستا چاوی بە هیچ ووتارێکی بنەرەتی ئـەم بابەتە نەکەوتبێت ، دەبێت ئەو بیرورایەی دەربـــــارەی پێوەندی زمانی دەستنوسە ئارامی‌یەکە لەگەڵ زمانـــــی کوردی‌دا لەکوێوە هەڵهێنابێت تەنها ئەگەر ئەو ووتـــارانە نەبێت کە لە گۆڤاری رۆشنبیریو کاروان‌دا مــــــــــن بڵاوکردوونەتەوە .

لە راستی‌دا مێژووی زمانی کوردی بەرێی هــــەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستانە دەوڵەمندتر دەبێت ، ئەوەش ئاواتـــی هەموو لایەکمانە .

بۆ نزیك كردنەوەی ئەم تیوریە لە بیری خوێنەر ولەبەر شەوقی ئەو راستیانەی سەرەوەدا ، سەرەتای چەرخی ئیسلامی تاكو ئیستا دەكەم بە وێنە بۆ چەند پلەیەكی مێژووی زمانـــی كوردی نوێ •

لەم پلەیانەدا ئەم زمانە لەگەڵ ســێ جیهانی زمانەوانیدا پەیوەندی پەیدا كردوە •

(أ) لە بناغەدا كوردی وەكو زمانێكی كونســەرڤەتیڤی ( پارێزەری هەلسو كەوتی كۆن ) سەر بە خێزانی هیندو ئاوروپی دارێژراوەو پەیوەندی بەوجیهانەوە نەپچراوە بە تایبەتی زمانـی فارسی •

(ب) لە رێی ئاینەوە لە دوای سەدەی هەفتی زایین ووشەی هەمە جۆری عەرەبی ( كە زۆربەی زۆری ناون ) لە كوردیدا پەیدا بوون وەكو عبدالله ، محمد ، سعید ، تقی وخیرالدین ••هتد • لە كوردیدا ئەم ناوانە واتاكانیان : بەندەی خودا ، ستایش كراو، بەختیار ، پارێزكار ( نوێژكەریــان دووركەوتو لــە خراپە )، باشتردین دەگەیینن • لە لایەن ناوی جوگرافیشەوە ناوچەكانی وولاتی كوردەواری وەكو سولەیمانی ، دیاربەكر وطور عابدین•• هتد كە لە راستیدا بێجكە لە عەرەبی ناوی عبری كونێشــــ دەگرێتەوە • ئەمە بێجگە لەوەی كە كومەڵێ نێوی ئارامی وەكو مەتتی ، حەننا وبێتواتە وباعەذرا یان نێوی یونانی وەكو پوترس ومەرقوس و هتد لە كوردی ئیمرۆدا پەیدا بوە كە هەر یەكـە واتایەكی تایبەتی لەو زمانانەدا هەیە • لە لایەكی ترەوە ئەگەر بگەرێینەوە سەر چەند هۆنراوەیەكی مەلای جزیری لە سەدەی

یان کە دەڵێت :

ما جزیرێ شبە داری تەختی هەفت اقلیم بت
هەم بـ حکم وسەلتەنەت ئەسکەندەرو فەغفور بی

[ بروانە : لاپەرە ٦٦٠-٦٦٣ ( ئەلعەقد الجەوهەری شەرحی دیوانی جەزیری ) چاپی ١٩٥٩ قامشلی وصادق بهاء الدین ئامێدی ،هوزانڤانێت کورد ، بەغدا ١٩٨ لاپەرە ٤٧ ، ٤٩ ]•

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە ئەم زمانە بێجگە لە ئارامی لەگەڵ زمانێکی‌تری گروپی سامی پەیوەندی پەیدا کردوە بە درێژای پتر لە (١٤) سەدە ( کە ئەویش عەرەبی‌یە )•

(ج) دەستەلاتداریەتی سەلجوقی ومەغول وتەتەر ودووارەوەکانیان لەوعێلاتە تورك ، کە پتر لە ٨٠٠ سالە بەسەر وولاتی کوردەواریدا دەمیان روێیوە بێگومان گروپێك ناوی سەر بە خێزانی زمانە ( فیننو ـ ئیگور )و ( ئورال ـ ئەلتای ) لەم هەرێمەدا پەیدا کردووە وەکو قەرەداغ ، ساوج بولاق ( سابلاخ ) ئاق چەلەر ( آغجلر ) ، کوی سنجەق ، قامشلی پاشان الله وێردی، قەرەسلیم ، یەشار ، ئولو بەگ ( وولی یەك )،••هتد وئەمرۆزۆر لەم ناوانە قالبی کوردییان وەرگرتوە وزمانی کوردی پێیان دەوڵەمەند بوە •

لێرەدا چۆن دەتوانین یەکە ( یەکە ) ئەم ناوانە جیا بکەینەوە کە لە ١٤٠٠ سالدا لە زمانی کوردیدا پەیدا بوە ، وهەر یەکێکیان واتاکەی لێ‌بدەینەوە وبزانین دەگەرێتەوە چ گروپە زمانێك بەهەمان جۆر دەبێت ئەو ناوانە کە لە دەستنوسەکانی هەوراماندا چواردەی زایینی‌دا ئەو کاریگەریەی زمانی عەرەبی مان ( کە

بەرێگای ئاینی ئیسلامەوە هاتووە ) بۆ روون دەبێتەوە وەکـو دەلێت :

خانی خانان لامعی نەجما تە هەر پر نور بی
کەشتی یا بەختێ تە ئەز بایێ مخالف دوور بی

تومار کراون شی بکرێنەوە وبە ووشەیەکی کوردی بزانرێن بـە بێ ئەوەی سەیری بنەرەتیان بکرێت وهەر یەکەیان دەورێـکی تایبەتی دەگێرینەوە لە بیناى بیری کۆمەلی ئەو سەردەمە •

لەبەر ئەمە نابێت پێمان سەیر بێت کەوا دەقێك دەستنوس لە هەوراماندا دۆزرا بێتەوە چەند ووشەیەکی ئارامی یان بـە خەتی ئارامی ویونانی نوسرابن ، چونکە تا ئەو سەردەمە ئارامی وپیتی نوسینیان دیاردەیەکی جیهانی رۆژهەلات بوو ، بێجگە لەوەی کە هێشتا دەستەلاتداریەتی کەلچەری یونانی هەر باو بوە هەر چەندە لە باری سیاسیەوە هیچ دەوریکیان نەماوە •

ئایا ئەو زمانە ، کە ئەم نوسراوانەی پێ تومار کراوە ، چ زمانێکە ولەگەل کوردی ئەمرۆدا چ پەیوەندیەکی هەیە بەتایبەتی لەلایەن رێزمانەکەیەوە ؟• سەبارەت بەم مەسەلەیە پرۆفیسـور مینس خۆی زۆر بە ئاشکرا دەلێت کەوا :

« دەبێت غافل نەبین لەوەی کە ئەم زمانە ، لەم پارچـە نوسراوانەدا زمانی کوردی کۆنە ، یا زمانیکە کە هێشتا روون نەبوەتەوە(٦) » •

پیتی ئارامی ویونانی کە بۆ ئەم دۆکومێنتانە بە کارهاتوە ، بە تایبەتی ئەو نیشانە تایبەتیانە کە لەگەل ئەم پیتانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی تومار کراون ، بێ گومان ، لە بەر نزیك کردنەوەی ئـەو

جۆره نووسینه بوه له زمانی ئەو ناوچەیه ، چونکه ئەم نیشانانه له نوسراویکی‌تردا نابینرێت[٧] ئەم جوره نیشانانه دەبێت لێیـان بکولرێتەوه دەبێت بزانرێت چ دەورێکیان هەبوه له نوسـینی زمانێك له وولاتی کوردەواریدا پاش پەیدا بوونی مەرجـی ژیانیکی نوی که به هیللینی ناسرابوو ، له کاتێکدا که له رێ ی ( بەهۆی ) بازرگانیەتی‌یەوه نوسینی ئارامی وبەرێگای ئـەم نوسینەشـەوه هەمەجور ووشـەی ئارامی له زۆر وولاتانی رۆژهەلاتدا بلاو بووبوەوه ، یەکێك لەو وولاتانه کوردستانی ئەمرو بوه[٨] •

سەبارەت بەم دەست نوسانه سەرەتای کتیبی ( نزانـی‌و مزگانی )، که سالی١٩٣٥ زایینی به دەستخەت لەچاپ دراوه ، به نامەیەك دەس پێ ئەکات که له لایەن ( حسن تقی زاده )وه له – طهران ١٢ بهمن ماه ١٣٠٩ – نوسراوه بۆ دوکتور سعید خان پێشکەش کراوه لەبەر ئەو کاره نایابەی که نوسـراوەکانی هەورامانی بۆ وولاتی بەریتانیا بردوه • وئەم کتێبی ( نزانی )یەش به ( حسن تقی زاده ) پێشکەش کراوه •

هەروەها ( حیدر علی کمالی ) لەم کتێبی ناوبراوەدا چەند سرنجێکی خۆی نوسـیوه ودوکتور سـعید خانی به چەند ووشەیەکی ناسك هەڵناوه وەکو ( حضـرت طبیب ، دانشمند وفیلسوف روحانی معظم ••هتد ) چونکه ئەم کتیبی ( نزانی )یەی رازاندۆتەوه •

پاشان دوکتور سعید پێشەکیەکی مێژوویی درێژی زمانی کوردی ( هەندی جاریش به مادی نێو بردوه ) بۆ ئەم کتێبـه

نوسیوه وتێدا باسی ئەو دەستنوسانەی هەورامان دەکات ودەڵێت:

« نوسراوێك لەسەر پێستێك بەخەتی پەهلەوی چەند هونراوەیەکە بە کوردی تۆمار کراوە کە لە ناوچەی سولەیمانیدا دۆزراوەتەوە ، وئەم زمانە هەمان زمانە کە بابا تاهیر وسولتان سەهاك بە کاریان هێناوە[٩] »• پاشان دەڵێت کە :

« شێخ أبو بکر أحمد بن وحشیه النبطی باسێکی خەتی نوسینی کوردانی کردوە کەوا دوو کەس بە نێوی ( بینو شاد وماسی السوراتی ) هەمو زانیاریەی وفەن وهونەر وکتێبی کوردیان کۆ کردۆتەوە وئەلف وبێیکی تایبەتیان بۆ کورد داناوە[١٠] • ودەگوترێت کەوا ( مسروب )ی زانای ئەرمەنی ( ٤٣٩م ـــ ؟ ) ئەلف وبێ یەکی دروست کردوە ، بێجگە لە ئارامی وپەهلەوی هەندێ پیتی کوردیەی خستۆتە سەر[١١] » •

لەگەڵ ئەوەی دکتور سەعید خان پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ زۆر لە پسپورانی بەناو بانگدا هەبوەو ئاشنایەتی لەگەلیان پەیدا کردوە گۆرینەوە یان لە نێواندا هەبوە ، بە تایبەتی رۆژهەلاتناسی بە ناوبانگی ئەلمانی ثیودور نولدکە ، کە زۆر بە پەروشەوە ویستویەتی چاوی بە د• سعید بکەوێت وهەندێ لە زمانی کوردیدا ئاشنایەتی پەیدا بکات ، وبەهەمانجور ئەدوارد براون وکەسانیتر ، بەلام بەداخەوە سەرچاوەی ئەو تیوریانەی د• سعید خان کە لەمەو بەر باس کران هیچ دەست نیشان نەکراون • لەگەڵ ئەمەشدا دوکتور زۆر بە روونی باسی چۆن دەست کەوتنی ئەو دەستوسانەی هەورامانمان بۆ دەگێرێتەوەو دەڵێت :

« پێش چەند ساڵێك گوێم لە دۆزرانەوەی ئەم پێستە نوسراوانەی هەورامان بوو کە تا ئەو کاتە هەر بەبێ شیکردنەوەو خوێندنەوە مابوون • چەند جارێك بە نامە نوسین پەیوەندیم بەچەند ناسیارێکەوە کرد بۆ ئەو مەبەستە بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو • لە بەر ئەوە لە کاتێکدا کە چووم بۆ دەرمان کردنی ( عباس قلیخان ) لە هەوراماندا ، دوای بێ ئومیدی تاریکیم رووناکی رووی تیکردم کاتێك کە ئەو دەستنوسانەم دەست کەوت • وپاشان بردمن بۆ ئاوروپا کە هەواڵی لە دانشگاکانی بەرلینو مانچستەر وکەمبرجو ئوکسفورد بلاو بووەوە[١٢] »•

لێرەدا دوکتور سەعید خانی کردستانی رامان ناگەیەنێت کە ئەم پێستانەی لەکێ وەرگرتوە • وناوی شێخ علاء الدینی نەقشبەندی بە هیچ جۆرێك نابات هەروەکو لەپێشەکی ئەو باسەمدا هاتوە ، بەڵام ئەو کارە بە سودەی ئەو پاش نزیکەی هەشتا ساڵ لێرەدا دەکرێتەوە لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ومێژوویی کوردیدا •

ئەمانەی خوارەوەش وەرگێراوی کوردی دەقە یونانیەکانن بە بەراورد کردنیان لەگەڵ دۆکومێنتە ئەصلیەکانداو وەرگێراوە ئینگلیزیەکانییان وژمارەی دێری هەر چوار دەقەکە بەرانبەر ژمارەی دێری دەقی یونانین •

وەرگێرانی دەقی دۆکومێنتەکان بۆ کوردی بە بێ دەستکاری

**دۆکومێنتی یەکەم**

دەقی یەکەم (A)

١ ـ كاتى فەرمانرەوایى پادشاى پادشایان ئەرساكیسى خیردار
وداد پەروەر
٢ ـ پرشنگدار ودۆست هیللین،وشاهبانوان سیاكیسى خوشكى
٣ ـ باوكى‌ى وژنى ، وئاریازاتیس كە نازناوى
٤ ـ ئەوتومایە كچى وژنى پادشاى مەزن تیگرانیس
٥ ـ وئازاتیس خوشكى باوكى‌ى وژنى ، لە سالى
٦ ـ ٢٢٥ ، مانگى ئەپیلایوس ، لە هیپارخى بەیسێرە نزیـك
وێستگەى
٧ ـ بەیثەبەرتا لە كوندى كوپانیس ، بەرامبەر شاهێدان ئەمەى
خوارەوە نوسرا لە
٨ ـ دان پیانان ورێكەوتن لە لایەن بەرەكیس
٩ ـ وسوبێنیس كورانى مەیفۆریس ، ئەمانە وەریان گرتوە لـە
گاثاكیس
١٠ـ كورى ئۆیپاتیس بە پارەیەكى دراو سى دراخما نرخى
١١ـ ئەو رەزەى كە لە دێى كوپانیسـەو ناسـراوە بە
( دادباگانراس )
١٢ـ بەشى مافى تێدایە .
١٣ـ ... لە هاوخاوەن لەگەڵ ئاو ودارایى رەزەكە
١٤ـ لەجێى هاتوچونەوەى ژووروەدەر وهەر شتیك بەندیوارى
پێوە هەیە ، پارچەیەكى دەگەرێتەوە بۆ بەرەكیس و

١٥- پارچەیەکیش بۆ گاثاکیس بە مەرجێك کاتێـــك بە خاوەن بوونی رابوردوان
١٦- گاثاکیس دەبێتە خاوەنی ئەو رەزەی کە بە پارە کریویەتی هەتاهەتایە ئەو و
١٧- نەوەی‌و ئەو کەرەستانەی تومار کراون بە شـــیوەیەکی گشتی لە رێکەوتنی
١٨- کۆندا سالانە بە تەواوی هەموویان جێبەجێ دەکەن
١٩- ... ودەبێتە یاسا بە دەر بۆ بەرەکیس وبرای یا نەوەکانی یا هەر کەسێکی‌تر کە کاریان دەباتە سەر
٢٠- لە جیاتی ئەوان لە دەرکردنی گاثاکیس لەو رەزەی کـــە کریویەتی بە پارە ، نە خۆی
٢١- ونە نەوەی وهەر کەسێك ویستی دەری‌بکات یا لە کاتێکدا هەرکەســـێکی‌تر هەولی دەرکردنی بکات پێویســـتە هەلبوەشێنرێت
٢٢- لە کۆتاییدا دەست درێژ ( معتدی ) بوەســـتێنرێت وئەو وهەموو مافی بگەرێنیتەوە وئەمیش هەموو مافی دەکەوێت.
٢٣- ودوو ئەوەندەی نرخەکە کـــــە وەری گرتوە دەبیژێرێت لەگەڵ غەرامەیێکی
٢٤- سەربار ( اضافی )ی ٢٠٠ دراخماو بۆ پادشاهیش هەمان دراو : بەلام
٢٥- هەروەها ئەگەر گاثاکیس بایەخی بە رەزەکە نەدا

٢٦- بە چاكی راینەگرت ئەوا هەمان سەربار ( اضافة ) دەبێ بدا
هەروەها

٢٧- ئاوەكە بۆ رۆژێك لە هەشت ؟ روژان نوەی وهەر چی رێ
بدات

٢٨- وشەوان نیوەی • شاهێدان
خۆسترویس كوری ئۆركەداتیس و ئەپاكیس

٢٩- كوری هیستۆبۆگیس ، مەیریداتیس كوری ئوخوباگیس•
•••••••• و ٣٥ ؟ گوشت ١ ئیلوس

٣٠ - ٥٠ - سەبەتە ؟ نان ، ٨ گا ، ٢ كوپەمەی و ١ دراخما بۆ
كردنەخاوەن • ( تمليك )

**دۆكومێنتی یەكەم**

دەقی دووهەم (B)

١ - كاتی فەرمان رەوایی پادشای پادشایان ئەرساكیسی خێردار
ودادپەروەر

٢ - پرشنگدارو دۆست هیللین ، وشابانوان سیاكیسی خوشكی

٣ - باوكیی وژنی ، وئاریازاتیس كە نازناوی

٤ - ئەوتومایە كچ وژنی پادشای مەزن تیگرانیس

٥ - وئازاتیس خوشكی باوكیی وژنی ، لە سالی

٦ - ٢٢٥ ، مانگی ئەپیلایوس ، لە هیپارخی بەیسێرە نزیــــك
وێستگەی

٧ - بەیثەبەرتا لە گوندی کوپانیس ، بەرامبەر شاهێدان ئەمەی
خوارەوە نوسرا لە
٨ - دان پیانان ورێکەوتن لە لایەن بەرەکیس
٩ - وسوبێنیس کورانی مەیفوریس ، ئەمانە وەریان گرتوە لـە
گاتاکیس
١٠- کوری ئوپیاتیس بە پارەیەکی دراو سی دراخما نرخی
١١- ئەو رەزەی کە لە دێی کوپانیسە وناسراوە
١٢- بە ( گانزاك ) و بەشی مافی تیدایە
١٣- لەوە خویەتی لەگەڵ دارایی رەزەکە هەردو ئەوانەی بەبەرن
یا بێبەر
١٤- لە جێهات وچوونی ژوورو دەر نیوەی
١٥- بۆ بەرەکیس و نیوەیتری بۆ گاثاکیس بە مەرجێك لە کاتی
خاون بوونی ئەوەی پیشو
١٦- گاثاکیس دەبێتە خاوەنی هەتا هەتایە ، خۆی و
١٧- نەوەی بۆ هەمووکاتی هەر سالی بهیننە بەرهەم
١٨- ئەو هەموو کەرەستانەی لە نێو رێکەوتنەکەدا هەیە
١٩- بەشیوەیەکی گشتی ؟ بە نە یاسایی بکرێت بۆ بەرەکیس یا
٢٠- بۆ کورانی یا برای یا هەر کەسێك لێپرسراوی رەزەکـە
بێت
٢١- لەوانەی دەست بۆ گاثاکیس درێژ دەکات یا
٢٢- نەوەی وهەر کەسێك دەستی بۆ درێژ دەکات یا هـــەول
دەدات کەسێك دەستی بۆ درێژ بکات دەبێت

٢٣ـ ئەم هەولدانانە هەلبوەشێنرێت لە کۆتاییدا دەست درێـــژ بوەستێنریت ئەو هەموو مافی بگەرێنێتەوە ، ئەمیشـــــن هەموو مافی دەکەوێت

٢٤ـ ودوو ئەوەندەی نرخەکە کە وەری گرتوە دەیبژێرێت لەگەڵ غەرامەیەکی

٢٥ـ سەربار ( اضافی ) ٢٠٠ دراخما وبۆ پادشاهیش هەمان دراو بەلاّم هەروەهاش

٢٦ـ ئەگەر گاتاکیس بایەخی بە رەزەکە نەدا ونەیتوانـــــــــی بیپارێزیت بە

٢٧ـ شیوەیەکی باش دەبێت هەمان غەرامە بدات ،

٢٨ـ دەبێت ئاوەکەش هی ئەو بێت ، ئەو بەشەی خۆی کـــــە پیویستە بدرێت پێ

٢٩ـ لەگەڵ هاوبەشی‌ی خاوەنیەتی وەکو گەرەنتیەك یــــــان لێپرسراویکی هاوبەش . موریان کرد بەرەکیـــــــس و سۆبێنیس

٣٠ـ خۆسترویس و ئەپاکیس .. شاهێدان : دێنوبازوس ئورۆ

٣١ـ مەریداتیس کوری ئوخوباگیس ، فراهاتیس کــــوری سیکینیما ، مەرزی ..

٣٢ـ دەبێت گاتاکیس بە بەرەکیس هەروەها یەك دراخما بـــۆ خاوەنیەتی بدات ... ٣٥ (؟) گوشت ٢٥ ...

٣٣ـ ٥٠ سەبەتە (؟) نان ، ٢ کوپە مەی

٣٤ ـ ٠٠٠٠ ٢٥ ٠٠٠ ، ٨ گا (؟) دەبێت بەرەکیس هەروەها لە ترێی گوشراو بدات بەگاثاکیس‌و مەی‌ی نەگەییو (خمر غیر مختمرة)و جۆگەی ئاوو ٠٠٠ وترێی گوشراو

**دۆکومێنتی دووەم**

**دەقی یەکەم** (A)

١ ـ کاتی فەرمان رەوایی پادشای پادشایان ئەرساکیسی خێردارو دادپەروەر وپرشنگدار ودوست هیللین

٢ ـ وشابانوان ئولیننیر ، کیلیوپاترا ، باسییرتا ، بیشێبیاناپس.

٣ ـ لە سالی دو صەد ونەوەت و یەك لە هیپارخی باسیرائۆرا نزیك ویستگەی دیساکدیس

٤ ـ لە دێی کوفانیس بەرامبەر شاهێدان ئەم دان پیانانە نوسرا

٥ ـ ورێ کەوتنێك نێوان ئەسپوماکیس کوری گاکیس کرا کە لە دینیس کوری گاثاکیس

٦ ـ پەنجاو پینج دراخما بە پارەیەکی دراو سەند وەکو نرخ وئەو رەزەی دا کە کەوتۆتە لەو دێی دەشتەی کە

٧ ـ بە دادباکا باگ ناسراوە لەگەڵ جێی هاتووچونەوەی دەرەوەو ناوەوە بە ئاویەوە بەگشتی لەگەڵ هاوبەشی خاوەنەکانی

٨ ـ سنوری‌و ئەم دیو ئەو دیوی جۆگاکان لە روژهەلاتیەوە لەگەڵ خاوەنەکانی بەپێی ئەم رێکەوتنە بیێت

٩ ـ سالانە هەمیشە دەبیت بدەن ( وەکو سکیلوس )

١٠ـ یەك دراخما دو کوپە مەی ، ٢١ سەبەتە نانو پینج گا ودو جو ...
١١ـ وئەو بەلێن دەدات کە ئەم پەیمانەی ناوچانە هەلناوەشێنێت خۆی یا هەر کەسێك
١٢ـ دوای خۆی دێت ...
١٣ـ بە هەر جۆرێك وهەر چونێك بێت

أراماسدیس کوری ئیودابوخشیس ، میراداتیس کوری میرابانداکیس گیریکیس کوری ئەردێنیس . ئەم مۆری کرد

**دەقی دووەم**

**دۆکومێنتی دووەم** (B)

١ ـ کاتی فەرمان رەوایی پادشای پادشایان ئەرساکیسی خێردارو دادپەروەر وپرشنگدار ودوست هیللین
٢ ـ وشابانوان ئولینیر ، کیلیوپاترا ، باسییرتا ، بیشێیبانایس.
٣ ـ لە سالی دو صەد ونەوەت ویەك لە دێی کوفانیس ولە هیپارخی باسیرائورا
٤ ـ نزیك ویستگەی دیساکیدیدا وبەرامبەر شاهێدان ئەم دان پیانانەی خوارەوە
٥ ـ نوسراو پەیمان بەسترا لە لایەن ئەسپوماکیس کوری گاکیس کە لە دینیس
٦ ـ کوری کاثاکیس پە         دراخما بە پارەیەکی دراو سەند وئەو
٧ ـ رەزەی کە کەوتوەتە ئەو دێی دەشتەی بە دادباکاباگ ناسراوە لەگەل شوین هات

٨ - وچووی ژوورەوە ودەرەوە وئاو دەگەڕێنەوە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ هاوبەشی خاوەنەکان : سنوورو لاکانـــی جووگاکان

٩ - وەکو پەیمانە کۆنەکە دەمێننەوە هەموو ساڵێکیش دەبێت بۆ خاوەنیەتی ( مولکایەتی )

١٠- یەك دراخما ، دوو کوپە مەی ، ٢١ سەبەتە نانو پێنج گـا وەکو سکیلوس ویەك دراخما وەکو سکیلوس بۆ کەفیل •

١١- مۆرکەرەکان ئەسثاتیس کوری دەرگینیس کە ئامادە بوو دانی بە کەفالەتی خۆی نا

١٢- ••• رابووردوو کوتیلا ( کوپە ) دوان

١٣- ولە فرۆشیار وکەفیل ســەرێژ ( فائڵ )ێك وەردەگیرێت ئەگەر هاتو هەر کەسێك داخوازیەکی (دعوی) پیشکەش کرد بۆ ئەو رەزەی کە ئیستا

١٤- فرۆشرا بە هەرچی جۆرێك بێت ئـــەو داخوازیە وئەگەر هەولدانێك ( نەپارێزرا ) بۆ لابردنی دەخرێتە پشت گوی

١٥- ئەو کۆمەلەی کە کار دەکەن بەبێ سەرێژ ( فائض ) دەدەن وبریاری یاسا

١٦- دوصەد دراخمایەو هەمان دراو بۆ خەزێنەی پادشـــــا شاهێدان ئەراماسدیس

١٧- کوری ئێودا بوخشیس ، گیریکیس کوری ئەردینیس ، میراداتیس کوری میرابانداکیس

## شی کردنەوەی

ئەو ناوانە کە لەم دوو دۆکومێنتەدا تومار کراون و لـــە سەدەی یەکی پێش زاییندا لە زمانی دانشتووی کوردی ناوچەی هەوراماندا باو بووە ( بەبێ پاشگری یونانی ) •

### نێوی جوگرافی و توپونومیك :

**١ ـ بەیشثەبەرتا :**

بەشی یەکەمی ئەم ناوە ( بیث ) ئارامی‌یە بە واتای ( ئاوایی ) وبەشی دوهەمی ناوێکی کوردی ناوچەیی‌یە بەواتای ( بەرز ؟ ) وبەکوردی ئەمرۆ واتای بەرزاوە ؟ ( بەرتاوا ) دەگەیەنێت •

تا ئیستا لەم جۆرە ناوە لەکوردوستاندا بەرچاو دەکەوێت وەکو بێثواتە ( بێتواتە ) هەروەها بێثوین ( بتوێن ) •••هتـــد دوور نیە ئەم ناوە هەر ( بیت بەروا )ی ئاشوری بێت ، کە لەلای ئوارتوەکان بە ( بەرواتا ) تومار کراوە •

**٢ ـ بەیسبێرە :**

ناوێکی کۆنی کوردیە بە واتای ( بێ‌سەرە ؟ ) و ئیستاش لە چەند شوێنی تری کوردستان دا باوە وەکو ئـــەو ناوچەیەی کەبە ئاوی باسەڕا لە سەنگاودا ( چمچمال ) بەناو بانگە •

**٣ ـ گانزاکی ( گەنزەکی ) :**

بەشی یەکەم ( کنز ؟ ) دەگرێتەوە ، (ەك) پاشگرێـــــکی ناوچەی کوردستانی کۆنە پێش چەرخی پورث • دیسان ئەمە ناوی شارێك بووە لە ئاترۆپاتین خوار گۆمی وورمێ نزیـــك

سابلاخی ئەمرۆ لەکۆندا ( گەنزاکا ) ووتراوە پاشان بوە بـــە ( گەنجەك ) •

**٤ ـ داد باگاباگ ، داد باگانراس :**

به هەردوکیان واتای ( خودادات )ی ئەمرۆیان هەیەو بەلام ئەو خودایە بە ( باگ ) ناسرابوو کە ئیستا شێوەی ( بۆگ )ی وەرگرتوە لە زمانانی سلاڤیدا • ئەم ناوە بە شێوەی ( باگا ) بوو لە نێو میدیەکاندا ولەم جورە ناوانە ( باگداتی ، باگاتونا ، باگ ماشتو ، باگ بارتو ) وهەروەها لەگەڵ ناوی خوری ( پاگ پاك هوتیشوپ ، باگ ـ تیشوپ ) لە هەزارەی یەك پێشـــــ زایین لە کوردستاندا زۆر باو بوە •

**٥ ـ دیساکدی :**

ناوێکی توپونومیکی ناوچەییە •

**٦ ـ گوپان ، کوفان :**

هەردوو شێوە ناویهەمان دییە ئەگەر ( کوپ )ی کوردی نەبێت واتاکەی ( کانی ) ئەکەدیە •ئەم جۆرە ناوانە لە ناوچەکانی وولاتی کوردەواریزۆرباوە وەکوبوبان،لەیلان• لەکاتێکدابکریت بە دوو برگە ( کو ـ پان ) ئەوا برگەی دوهەمی ئەم ناوە باوە لەکوردیدا • کوفان ( کوپان ) ئەمرو ( کوفە )یە •

**نێوی کەسیەتی**

**١ ـ ئازاتە :**

بە واتای ( بەگزادە )ی ئەمرۆیە لــــە کوردیدا هەرچەندە ووشەی ( ئازات ) ئەمرۆ دوو واتای پەیدا کردوە :

أ ـ ئازاد واتە سەربەخو •

ب ـ ئازا واتە گەرناس ومەرد بەلام ئەم شێوەیە بەواتای ( سەردار ، سەرکردە ) بوەلەکۆندا لەو کاتەدا کە ئەم ووشـەیە تۆمارکراوە ئەم چینە کۆمەلایەتی‌یە ( سواران )یشی گرتوتەوە •

**٢ ـ ئەپاك ، ئەپاکان :**

ئەم ناوە ناوێکی کەسیەتی باوبووە ، سەرکردەی لەشکری شاپوری دوهەم ئەم ناوەی هەبووە •

**٣ ـ ئاراماسد :**

لە بنەرەتا ( ئارامازد )ە بەواتای ( لە ئارای حکمەتـــــی راستدا ) یان ( لەگەڵ حکمەتدا ) شێوەی کۆنی لە ئاشـــوریدا ( ئاسارا مازاش )ە •

**٤ ـ ئەرثاس ثات :**

لە بنەرەتا ( ئەرتا ئاستاتا )یە بە واتەی نەوەستاوی پـــاك ( طاهر ) • ئەرتا ( پاك )، ئەستاتا ( نەوەستاوە ) •

**٥ ـ ئەردین :**

لە بنەرەتا لە ئەرتا ( پاك )و داینا ـ دین ( دیانە ) پێك هاتوە واتە ( طاهرالدین ) •

**٦ ـ ئەرساك ( ئەرشاك ) :**

لە ووشەی ئەرشا ( وورچ ) هەڵقولاوە • و(ك) باشگریکی ناوچەیی‌یە •

**٧ ـ ئەروازاتی :**

لە بنەرەتا ئەم ناوە بەشی یەکەمی ئەروا وەکو ( ئەرڤا ، ئەوروا ) لە ئاڤیستادا دەبینرێت بەواتا ( گورج ) یان ( بەهێــــز ) لەگەڵ ئازاتە ( بەگزادە ، کور ، نەوە )• وەهەندێ ناو لەم شێوەیە لـەو کاتەدا باوبووە وەکو ( وەهەشت ئازاتە ) واتە ( بەگزادەی چاك ـچاك لاو )• هەروەها ( چیهر ئازات ) بەواتای ( بەگزادەی بلند ـبلند لاو )، وئە مرۆ ئەم ووشەیە بەشیوەی ( زاد ) واتە نەوە لەکوردیدا ماوە • بەڵام دوور نیە ووشەی ( ئەوروا ) هــئـەر ( ئاهورا )ی کۆنە واتە ناوەکە دەبێتە ( ئاور زاد ) ئەمرۆ •

**٨ ـ ئەسپوماك :**

لە ناوی ( ئەسپ ) لەگەڵ پاشگرێکی کۆن پێك هاتوە • لەوانەیە لەووشەی ( ئەماك )ی کۆن پەیدا بووبێ پێك هاتوە • لەوانەیە لەووشەی ( ئەماك )ی کۆن پەیدا بووبێ کەواتاکەی لـە زمانی پورث و سەکەس وسەرمات ( دروســــت کەر ، بەننا ) دەگرێتەوە • ئەم جۆرە ناوە لە هەموو زمانی هیندو ئاوروپــێ باو بوە وەکو ( ئەسپابارا )ی ئالانی ، ( ئەسپەروخی ) بولگاری ( هست ئەسپای ) هەخامەنشی ، کونداسپا ، کوشتاسپا ••هتد •

**٩ ـ بەرەك :**

ناوێکی ئارامیە بەواتای ( برکات )ی عەرەبی شــێوە کۆنەکەی لە ئارامیدا ( باریقا )یــە بــە واتــای ( بەرەکەت هاووردوو )• بەڵام شێوەی ( بارەك ) ناویکی کوردی کۆنەلـە ( بارەکە ) هەلقولاوە بەواتای ( سوار ) یان ( باری سەرئەسپ )•

**١٠- باسیرتا :**

به واتای ( سوڕانەوە بە دەوروبەردا )٠

**١١- کاثاك :**

لە بنەڕەتا لە ووشەی ( گاثاکە ) دروست بووە بە واتای پێستان ، لەگەڵ پاشگریکی ناوچەیی (ك) ٠

**١٢- گیبریك :**

بە ( گەیریکا )ش لە هەندێ نووسراو دەبینرێت بە واتای ( ژیان لە چیادا - چیایی ، شاخی ؟ )٠

**١٣- دەرگین :**

ئەم ناوە لە ووشەی ( دەرکا واتە درێژ ) لەگەڵ ( ئەنا - ین ) بە واتای دەم پێك هاتوە بە هەردوو بەشەکە واتای دەم درێژ دەگەیەنێت ٠

**١٤- دینی :**

واتە ( دینی )ی ئەمڕۆ ٠

**١٥- دینوباز :**

شێوەی کۆنی ( دەینا ڤازە ) بە واتای ( بەرزکەرەوەی دین -رافع الدین )٠ بەشی یەکەم لەم ناوەدا ( دین )ە بەشی دوهەمی ( باز )ە واتە ( دەست و قۆل ) ئەم جورە ناوە لەو سەردەمەدا لە وولاتی کوردەواریدا باو بوە وەکو ( مونوباز ) پادشای هەولێر کە لە خێزانی ( سەکەسی )یان بوو ووشەی ( باز ) لە ( بازنگ )ی کوردیدا ماوە ٠

**١٦ـ كیلیوپاتره :**

بێ‌گومان ناوێکی یونانی‌یه وله کوردستاندا باو نه‌بوه •

**١٧ـ مه‌رزپان :**

به‌شی یه‌که‌می ئه‌م ناوه له ووشه‌ی ( میهرزات ) سه‌ری هه‌لداوه‌ته‌وه وئیستا شیوه‌ی ( میرزا )ی وه‌رگرتوه • له بنه‌ره‌تا واتای ( میهرلاو )ی گه‌یاندوه •

به‌شی دوهه‌م ( پان ) هه‌ر ( بان )ه پاشگه‌ێکی کوردیه که بوه‌ته ( وان ) ئێستا • له پال ئه‌مه‌شدا مه‌رزبان ( پاسه‌وانی سه‌رسنور )یشی گه‌یاندوه •

**١٨ـ میرابه‌نده‌ك :**

واته میهر به‌نده‌ك ـ دیلی میهرا ( که خوای زانیاری وروشنایی به‌یانیانه )• شێوه‌ی کۆنی ( میثرابانداکا )یه • به‌ند ( دیل ، کارکه‌ر ، تابع ، به‌ستراوبه یه‌کێك ) ده‌گه‌یه‌نێت • کا (ك) پاشگرێکی ناوچه‌یی‌یه •

**١٩ـ مه‌یریدات :**

واته مهردات ـ میهرداد ( ئه‌وه که خودا میهرا داویه‌تی )• تاسه‌ر ده‌می ئیسلامی ئه‌م ناوه له‌ناو کورده‌واریدا باوه‌بوه •

**٢٠ـ ئۆپات :**

به‌شی دوهه‌می ئه‌م ووشه‌یه ( پاتی ) ئاڤیستایی‌یه به واتای ( پارێزه‌ر ، حاکم ، ده‌سته‌لاتدار ) • ناوه‌که ده‌بێته ( پارێزراوی چاك )• له‌کوردستاندا زۆر ناوی له‌م جۆره ناوه‌یه وه‌کو

( دەهیوپاتی ـ رئیس القبیلة ، نماناپاتـــــی ـ رئیس العائلة ، کاراپاتی ـ قائد القوات الغیر النظامیة •••هتد •

**٢١ـ ئورکەدات :**

واتە زێرداد جار بەجاریش لەگـــەڵ نـــاوی گورگ داد تێکەلاو دەبێت •

**٢٢ـ سی‌یەکی :**

بە واتای ( سی ویەکەمین ٣١ ) هەندی جار ئەم ناوە بـــە شێوەی سیاوکوس دەبینرێت لەوانەیە ناوی ( سـیاوگویز ؟ ) هەمان ناو بێت •

**٢٣ـ سوبین :**

لە بنەرەتا ( شوێین یاشیبنا )ی ئارامی‌یە بە واتای گەنجی ناسك ( الشاب اللطیف ) •

**٢٤ـ تیگران :**

ئەم ناوە لە ناو ئەرمەنیاندا باوە کە ئیستا شـــــــــیوەی ( دیکران )ی وەرگرتوە • لە بنەرەتا لە ووشـــــەی ( تیگرا )ی میدی بە واتەی ( تیژ ) سەری هەلداوە • هـــەرەها ( تیر )یش دەگەیەنێت •

**٢٥ـ فرات :**

شێوەی راستی ( فراهاتا )یە بەواتای ( تیَ‌گەیشتوو )•

٢٦ـ مەیفور :

له بنەرەتدا ( مەهیفەرن )ە له ووشەی مه ـ فەرن ( فەرنە، پەرنە ، هوەرنە ) واتای خێردار ، خێرکەری هەبووە • لە دەقەکەدا ئەمە باوکی بەرەکیسو سوبینس بووە •

## واتای نێوەکانی مەلگەنامەی سێیەم کە بە ئارامی تۆمار کراون

١ ـ ئەروتەت :

له بەلگەنامەکەدا به شێوەی ( أروتت ) تۆمارکراوە • ئەمە نێوی مانگی ( هەوردات ـ هەروڤەتات )ە بەواتای ( هوڤاردات، هواردات = خۆردات )و له بابلیدا بۆتە ( خوموردات )و لە هیندیدا ( سوڤاردات )و له میتانیدا ( شواردات )•

٢ ـ مەیبان :

ووشەیەکی کوردییە کە بە شێوەی ( مینو ) لە بەلگەنامەکەدا تۆمارکراوە بە واتای ( دروستکەری مەی ) •

٣ ـ پەتەسپەك :

نێوی مەیبانەکەیە ، کە لە کوردستاندا نێوێکی کەسی بووەو بە شێوەی ( پتسپك ) تۆمارکراوە کە نێوێکی لێکدراوە ( پەت ـ سپە ـ ك ) واتە ( سەر لە شکر )•

٤ ـ تورین :

نێوی باوکی مەیبانەکەیە •

٥ ـ ئەسمەك :

نێوی بازرگانێکی مەیە لە ناوچەکەدا •

**٦ ـ رەزبان :**

لە بەڵگەنامەکە بە شێوەی ( رزنبو )تۆمارکراوە بە واتای ( رەزەوان )•

**٧ ـ ئەرپل :**

خاوەنی رەزەکەیە •

**٨ ـ بەشنین :**

نێوی باوکی خاوەن رەزە •

**٩ ـ تیرەك :**

لە ووشەی ( تیر )و پاشگری ( ك ) بۆ کەسی تاك پێكهاتووە • لە بنەرەتدا ئەم نێوە ( تیردات میترادات میثرادات ) کە لە کاتێکی درەنگتردا بۆتە میهرداد تیرداد •

**١٠ـ رەشنو :**

ئەم نێوە لە نێوی فریشتەی ( رەشنو ) پەیدابووە کە هاورێی خوداوەند ( میثرا = میهر )بووە •

**١١ـ ئەرشتەت :**

هەروەکو رەشنو نێوی فریشتەیەکە لەگەڵ سراوشاو راشیوو هیدی •

**١٢ـ گریپنەهی :**

لەوانە نێوێکی یونانی بێت وەکو گریپوس باوکی ئەنتیوخوس •

**١٣- میترایادی :**

ئەم ناوە لێکدراوەو لە زۆر سەرچاوە مێژوویی‌یەکاندا بەرچاو دەکەوێت وەکو لای‌هیرودوت بە شێوەی ( میثراپاتیس ) بوە • میترا نیوی خوداوەندە ، و پا دی ( پاتی کون )بە داتای ( پارێزەر ، فەرمانڕەوا ، دەستەڵاتدار )و لەناو مادەکاندا باوبووە ( بروانە : هیرودوت کتێبی ٣ بەشی ١٢٠ ) وەکو ( دەهیوپاتی ، میثراپاتی ، زانتوپاتی •••هتد )•

**١٤- سینەك :**

لە هەندێك شوێندا بە ( سیناك ) تۆمارکراوە [ بروانە قاموسی یوستی ] وبۆتە ناوی شوێن بە شێوەی ( سیناکا ) لە باکورو ڕۆژئاوای زاخۆی ئەمڕۆدا و لە کاتی جەنگی پورثو کراسوسی ڕومانی ئەم ناوە بەرچاودەکەوێت •

## بەندی سێیەم

## پاشەکیەکی بڵاوبوونەوەی کەلچە روزمان و ئەلفو بێی یونانی لە ڕۆژهەڵاتدا ودیکۆمینتەکانی هەورامان لە چوارچیوەی ئەم مێژووەدا

لەبەر ئەوەی ئەم نوسراوانەی هەورامان ، بێجگە لە لایەنی زمانەوانی‌یەوە ، دوو لایەنی تریان کە ( مێژوویی‌و یاسـای )یە وپیویستیان بەشی کردنەوەیەك هەیە بەتایبەتی بابەت‌و هـۆی بڵاوبوونەوەی یونانیان و کەلچەرو شارستانییان و پاشان زمان‌و نوسینیان لە رۆژهەلاتدا بەگشتی ودەبێت کارێگەریان تا کۆتایی سەردەمی حوکمرانی پورثەکان لەم هەرێمەدا ، کە وولاتـی کوردەواری بەشێك بووە لەو جیهانە ، روون بکرێتەوە ئـەم دێکومێنتانەی هەورامان ، ئەو کارەساتە گرنگانەی کـە پەیوەندیان بە سـەردەمی ئەو پاشایانە هەیە ، کە تێویان لەم نوسـراوانەدا تۆمار کراون چاك روونیان دەکەنەوەو رادەی پەیوەندی کەلچەری‌و زمانەوانی وولاتی کوردەواری بـەو چینەدەستەلاتدارانە بەدی دەکەن ، ئەمە بێجگە لەوەی کـە پەیوەندیەکی ئابوریی رێك وپێك نێوان کوردانی سـەدەی یەکەمی پێش زایین بەدیار دەخات لەژێر تیشکی پەیوەندیەکـی یاسایی زۆر بەرز کە لەو ناوچانەدا پێش چەند سـەدەیەك بڵاوبۆتەوە بە کاریگەری مەکەدونیان ( سەلوقی ) بێ‌گومان •

لەبەر روون کردنەوەی ئەو راستیانەی سەرەوە هەروەها پێویستە رۆشنایییەك بەسەر ئەم پلەیەدا بخرێت‌و لە گۆشـەی مێژوویيدا رۆلی ئەم دێکومێنتانە روون بکرێتەوە پاشـ ئەوەی کەلچەرێك لە وولاتی یونانەوە بڵاودەبێتەوەو لەگەڵ گیانی ئـەو شارستیانە کۆنانەی باژێرەکانی رۆژهەلاتدا تێکەڵاو دەبێـت وبەرهەمی یەکیەتی مێژووو یاساو نوسین‌و جۆری بیرکردنەوەی لەم دێکومێنتانەدا زۆر جوان بەدیار دەکەون ، ئەویش جیهانی

هێللنیزمه • گومان لەوەدا نەماوە کەوا هەرسێ پارچە نوسراوەکان ، پاش ئەوەی کە ساڵە هیللینیەکان لەسەریان تۆمارکراونو بەحیسابی ساڵی زایینی ( مەسیحی ) دەگەڕێنەوە نێوان سەرەتای سەدەی یەکەمی پێش زایین تا کۆتایی ئەو سەدەیە ( ٨٨ ، ٢٢ - ٢١ ، ١١ پ•ز ) وپاش ئەوەی لەم سەردەمەی ( ٧٠ ) ساڵەدا کە بەسەر دۆزینەوەو شیکردنەوەی ئەم نوسراوانە تێپەر بووەو راستیەکی مێژوویی زۆر بەچنگ کەوتوە ، دەتوانین ئەو سەر سورمانەی پرۆفیسور مینس ، کە دەڵێت ( کاتی تۆمارکردنی ئەم دێکومێنتانە بە یونانی شتێکی چاوەڕێ نەکراو بووە ) کۆتایی پێ‌بهێنینو بۆ خوێنەری کوردی بەرێز کارەساتی ئەو سەردەمە روون بکەینەوە کە پەیوەندی بە کارەساتی دی هەرێمی رۆـهەڵاتی ئاسیای بچوکدا هەیە •

لەکاتی تۆمارکردنی ئەم نوسراوانە دەوڵەتی رۆمان ، کە بەناوبانگترین هێزی ئەو سەردەمە بووە ، یەکسەر پەیوەندیەکی توندی لەگەڵ ئەو هەریمەدا بووە ، وشان بەشان لەگەڵ هێزی پورثەکان ناوچەکانی کوردنشینیان دابەش کردبوو ، بەڵام لە هەمان سەدەدا دوو هێزی دی رۆڵێکی گرنگ لەم هەرێمەدا دەگێرن ، یەکێکیان ( تیگران )ی ئەرمەنی کە نێوی لە دێکومێنتەکاندا تۆمارکراوە ، و دووهەمیان میڑاداتی شەشەم کە پادشای بونتوسە Pontus لەسەر دەریای رەشو[1] بەنێوی یوپاتور ( ٢٠ - ٣٦ ) بەناوبانگ بووە • سەرەرای ئەو راستیەی

کەوا ئەم هەموو هێزانە لە ناکۆکیەکی سیاســـیدا بوون بەڵام هەموویان ڕۆڵەی کەلچەرێکی یەکگرتووبوون کــە یونانیەکانو زمانی یونانی دەورێکی باڵای هەیە لەم بوارەدا • ولەبەر ڕوون کردنەوەی ئەم ڕاستیە بە پێویستی دەزانم لە گشت لایەنی ئــەم مێژوویانە بکۆڵمەوە تاگومانێك لەو پەیوەندیانەی نێوان وولاتی کوردەواریو ئەم جیهانەدا نەمێنێت •

## ١ ـ کورتەیەك دەربارەی وولاتی یونانو دانشتوانیو کەلچەریانو ڕۆڵیان لە وولاتانی دیدا

نێوی یونان شێوەیەکی کۆنی ڕۆژهەلاتی‌یە بــۆ وولاتــی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك ولە بنەڕەتدا لە ( یون ) پێك هاتووە نیشانەی کۆم ( ان ) کەوتۆتە سەری بۆتە ( یونان )• بــەڵام سەبارەت بە میللەتانی ڕۆژهەلات ، هەموو دانشتوانی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك و خوارووی نیمچە دوورگەی بەلکان لە ژێــر ئەو ناوەدا ناسراون و ئیمڕۆ لە کوردیدا زۆرجــار بـ( وێنان ) بەکاردێت •

لە سەردەمی هۆمیروسدا ( سەدەی نۆ ـ هەشت پێشــ زانیین ) ئەم وولاتە بە هیچ نێوێك نەناسرابوو تەنها نێــــوی ( ئــاخــایــــی Achaiis ) نەبێت ، کە ئاولناوێکی مێیە بــۆ ووشەی ( زەوی ـ زەمین gaia ) یان ( نیشــتمان patris) بەڵام ئەم نێوە هەموو وولاتی یونانی نەگرتبووەوە بەلکوتەنهــا بەشی ژ ووروری نەبێت ، ئەو بەشە ( لایە ) لە ناوچەی (ئەساليا) کە بە ( ئــاخیــا Achaia بەناوبانگ بووەو مەڵبەندی ئەخیلیوس

( ئەخیل ) بووە کە پاڵەوانی داستانی ( ئەلیاذە )ی هەمیرووس بووە .

لە لایەکی‌ترەوە هۆمیروس ناوێکی دی بەشێوەی (ئەرگۆس Argos ) بۆ ئەم وولاتەی تۆمارکردوە[٣] کە لەراستیدا نێوی شارێك بووە لە ناوچەی ئەرگۆلیس لە ( پلوپونیز )دا ( نیمچە دوورگەی مورەی ئەمرۆ )، وئەم شارە لە تەنیشت شارە کۆنە بەناوبانگەی ئەو وولاتە بووە بە ( میکینای ) ناسراوە کە لە سەردەمی خۆی پایتەختی ( ئاگامێمنون ) سەرۆکی مەزنی هێرشی سەر ترۆی ( طروادە )بوو ، وبەهێزترین دەولەتی وولاتی یونان بووە . پاشان هومیروس نێوی ئەرگوس بۆ هەموو پلوپونیز بەکاردێنێت کە دەلێت کەوتۆتە وولاتی هیلاس ( واتە وولاتی یونان[٤] ) .

هومیروس مەبەستی بە وولاتی هیللاس ناوچەیەکی بچوك بووە نزیك وولاتی ( ئەخیل ) لە خوارووی رۆژهەلاتی ( ثەسالیا )و ، هەروەها بەنێوی ( هیللینی ) مەبەستی دانشتوانی هیلللاس بووە کە بە شێوەی ( پانهیللین panellene) بەواتای یەکیەتی گریك بەکار هیناوە[٥]. بەلام بەشێوەیەکی فراوانتر ئەم ناوە پاش سەدەی هەفتی پێش زایین بەکارهاتووە. لەلایەکی‌ترەوە ووشەی گرایك Graeci ناوێکە لەلایەن رۆمانەکانەوە بەیونانیان ووتراوە لە کاتێکی درەنگتردا وپەیوەندی بەکۆمەلی (Graioi) هەیە کە لە رۆژهەلاتی

هەرێمی ( بویوتیا ) لە یونانندا دەژیان و ئەمانە شاری ( کیمی یان کومای )یان دروستکردو بەهەمان ناو یونانەکان شارێکیان لە خوارووی نیوان ٧٥٠ – ٧٢٥ پ•ز دروستکرد ، لەبەر ئەوە رومانەکان نێوی دانشتوانی ئەو شارەیان بە گریك دانا وپاشان ئەم نێوە بوو بەنێویکی گشتی بۆ هەموو دانشتوانی یونـــان لەلایەن رۆمانەکانەوە •

لە لایەکیترەوە نێوی ( یونان ) لەبنەرەتدا لە نێوی ( ئیون Ione) کە دانشتوانی سەر بەهەمان کۆمەل ، دانشـــتووی رۆژئاوای ئاسیای بچوك ، پێك هاتووە • لە سەرەتادا ئەم ناوە بەشێوەی ( ئیایون Iaone) بووە ، پاشان هەروەکو ووترا نیشانی کۆی ( ان )ی کەوتۆتە سەرو بۆتە ( ئیونان – یونان )و ئەم گروپە یەکەم کۆمەلی دانشتوانی وولاتی یونانی کۆن بووەو هەر لە ســـەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە پەیوەندی لەگەڵ دەولەتە کۆنەکانی رۆژهەلاتدا پەیدا کردووە • وئـــەم یونانیانە ، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە قەراخ دەریاکانی مەرمەرەو سپیو رەشدا نیشـــتەجێ بوون پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ کوپروس ( قبرص )و ئەو شارە کۆنانەی قەراخ دەریا لە تورکیاو سوریا ولوبنانی ئەمرۆدا پەیداکردبوو و بازرگانیەتیەکـــی توندیان لەگەڵ هەبووەو لەبەر ئەوەی هەر لەو سەردەمیشەوە ئاشـــوریەکان و هەروەها میتانیەکـــان بەرێگەی حیثیەکانی ناوەراستی ئاسیای بچوکدا چ بە رێگەی دیبلوماسی چ بەرێگەی ئابوریدا پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەم یونانیانەدا دروستکردوە •

لەبەر ئەمە چەند جارێك ئاشوریەکان پەلاماری شـــــاره یونانیەکانیان داوە لە قەراخی زەریای سپی لە وولاتی فینیقیاداو ناویان بە ( یەمانی ) بردوە[٦] •

پێش بڵاوبوونەوەی رەگەزی کۆمەلە عەشایرەکان یونانی کۆن ، دوو ناوچەی مێژوویی ومەلبەندی شارستانیەتی گرنگ لە وولاتی یونانداهەبووە ، یەکەمیان ناوچـــەی ( کریت )و ئەویتریان بەنێوی شاری ( کنوسوس ) لەسەر زەریای ئیجە کە بە نێوی پاشای گەورەشیان ( مینۆس ) ناو دەبرێت • لە راستیدا ئەم دوو مەڵبەندە دەتوانرێت بگوتریت ، کە بناغەی کەلچەری یونانی کۆنیان دامەزراندوە کە بووە هۆیەك لە پەیدابوونـــی هیللینزمو لە جیهاندا بڵاوبوەوە[٧] •

پاش تەمەنێکی درێژی ئەم شارستانیەتی‌یەی کریـــتو کنوسوس ، چەند کۆمەلێك لە کۆچەرانی یونانی کۆن بەرەو ئەم وولاتە لە باکورەوە روو کرد ولەناو ئەو عەشایرانە ئەمانــــە خوارەوە ناو بانگیان دەرکردبوو :

١ - کۆمەڵی عەشایری ثەسالی‌یەکان
٢ - کۆمەڵی عەشایری بیویسنی‌یەکان
٣ - کۆمەڵی عەشایری دووریەکان

پاشان لە ناوچەی ( ثەسالیا )وە کۆمەلێك ( ئاخیو ئیولی ) بڵاوبوونەوە قەراخی دەریای ئیجەو دوابەدوای ئەمـــە ناوچەکە بەنێوی ( ئیولیس ) نێوبانگی دەرکرد لەمێژوودا ، بـــەلام

نێواندی دۆڵی هیرموس و دۆڵی میاندر بوو بوو بە مەلبەندی ( ئیونی )ەکان ، کە لە بنەرەتدا لە قەراخەکانی ( ئەتیکاو ئەرگولیس ) بڵاوبوونەوە • لە خوارووی ئەمانەوە عەشایری دووریەکان نیشتەجێ بووبوون، بەتایبەتی لە دوورگەی ( رودوس وکوس )و خوارووی رۆژئاوای ئاسیای بچوك ( تورکیای ئەمرۆ[٨] )•

ئەو بیروباوەڕەی دوکتور ( لطفی عبدالوهاب یحیی ) مامۆستای مێژووی شارستانیەتی زانکۆی ئەسکەندەریەو بەیروت کە دەڵێت « دەریاکان سنورێکی سروشتی بوون لەبەردەم ئیمپراتوریەتی حثیو ئاشورو میسرداو رێگەیەکی باشیدابووە بڵاوبوونەوەی ئاسایشو مانەوەی وولاتی یونان و پەرەسەندنی ژیانی شاریدا[٩] » راستیەکی بەجێیە ، وبووبوونە هۆی گۆرینەوەی شێوەی حوکمی پاشایەتی بۆ ئوروستوکراتیەتی بە تایبەتی لە شارەکانی ( ئەثیناو سپارتەو کورینثە )دا • دوابەدوای ئەمە یونانیەکان دەستیان خستەسەر زۆر لەو دوورگەو زەویو زارانەی دوور لە وولاتیان وەکو لە پروبونتوس ( دەریای مەرمەرە )و ئیلیوکزین ( دەریای رەش )و سەرووی رۆژئاوای ئیجەو سیکیلیا ( صقلیە )و ئیتالیاو تەنانەت لە هەمان سەردەمدا گورێنێکی سیاسیو ئەتنوگرافی زمانەوانی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا رووی دابوەوە ، ئەویش بەپەیدابوونی مادەکانو هەخامەنشیەکانو لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشورو ئوارتوو هیثیو هەروەها میسری فرعەونەکان ، بەڵام پاش ئەو

جەنگەی میدیا ولیدیاو پەیمان بەستنیان لەسەر روباری هالیس‌دا کە ببێت بەسنوور لەنیوانیاندا پەیوەندیەکی سیاسیو شارستانیەتی نویٚ لەم جیهانەدا پەیدابوو و بەڵکو لە دواییدا یونانەکان زانیاریەکی باشیان لە هێرشەکەی ساڵی ٤٠٣ پ•ز کە کورش بەسەر ئەردەشێردا لە ناوچەی بابلدا کردیو لە شەری کۆناکسادا کوژراو کسینوفون ئەو پاشماوەی یونانیانەی ئەو لەشکرە ساڵی ٤٠١ پ•ز بەسەلامەتی گەراندیانیەوە بۆ وولاتی خویان[١٠] • وئەم دەنگوباسانە کە لەم هێرشەدا کۆ کرابوەوەو لە یونانداا بلاوبوەوە بناغەیەکی باشی کوتابوەوە بۆ هاتنەوەی ئیسکەندەری مەکەدۆنی بەرەو رۆژهەلات پاش کەمتر لە سەدەیەك ،ئەو هاتنە کە مەبەستی گرنگی بلاوکردنەوەی کەلچەری هیللینی بوو ( هیلینزم )، واتە سەرەتای دەست پیٚکردنی چەرخێك بوو کە شارستانیەتی یونان تێدا بلاو دەبوەوە ، ئەو شارستانیەتی‌یە کە لەکۆتایی هەزارەی دووی پێش زایین سەری هەلدابوەوەو تا سەدەی هەفتەمی زایینی بەردەوامی کرد لە هەمەجۆر وولاتانی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیادا •

لەبەر ئەوەی ئەم شارستانیەتی‌یەو کەلچەرە بووبوو بە رووداریکی جیهانی ، دەتوانرێت بگوترێت ، کەوا وولاتی یونان خۆی بەلایەك لە لایانی ئەو جیهانە کەلچەریە فراوانە دەژمێررا کە پەلی هاویشتبوەوە ناوەراستی ئاسیاو هیندستان و سەرووی ئەفریقیاو ئەوروپا تا ئەو وولاتانەش کە کەوتبوونە سەر ئەتلەنتیك و دوورگەی بەریتانیا • بەلاّم لیٚرەدا دەبێت ئەوە بزانین کەوا گرنگ نیە هەر میللەتێك بەیونانی قسەی نەکردبێت

نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری کەلچەری هیللینی تەنانەت چینی دەستەلاتداریەتی دەوڵەتی پورث کە دوژمنی رۆمان بوون لەم رووداوە رزگاریان نەبووە •

هەروەها گرنگ نیە هەر میللەتێکش بەیونانی قسەی کردبێت لەژێر پەردەی کەلچەری هیللینیدا ژیابیت ، وەکو ئەوانەی کە لەسەرووو سەرووی رۆژئاوای یوناندا ژیاون ، هەروەها دانشتوانی کوپروس ( قبرص ) وکیلیکیاو شوینانیتر، **تەنانەت هەندی عەشایری دانشتوی رۆژئاوای ( تورکیا ) – بولگاریای ئەمرۆ – بەهیچ جورێك پەیوەندیان بەم کەلچەرە نەبووە ، ولە دەرەوەی سنووری هێلی هیللینزم ژیاون تا** رۆمانەکان بەکاتێکی درەنگتر خستنیانە ناو ئەو هێلەوە ، چونکە ئەم رۆمانانە ، بێ گومان ، گەورەترین میللەت بوون لەناو ئەو میللەتانە کە کەوتبوونە ژێر سیبەری ئەو کەلچەرەوە و دەستەلاتداریەکی بەهێزیان پەیداکردبوو بەلام درەنگتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو کەلچەرە ئەگەر بەراوورد بکرێن بەمیللەتانیترەوە و دەوریان لە بلاوکردنەوەی زۆرتربوو تا ئەوانیتر لەگەڵ ئەمەشدا رێزگرتنیان بە مێژووی یونان و زمانیان و کەلچەریان شان بەشان لەگەڵ لاتینیدا قوڵترە تا وولاتانیتر • هەر لەبەر ئەمەش بوو کە زۆربەی زۆری نوسەرانی رۆمان ، لە بنەرەتدا یان یونانین بەلاتینی دەیانوسی، یان رۆمان بوون لەژێر کاریگەری بیری یونانی ، یان هەر بەزمانی یونانی دەیانوسی • لەبەر ئەمەیشە بەهەڵە ووشەی ( کەلچەری هیللینی ) بەکەلچەری گریکی ( واتە یونانی ) زانراوە ، بەلام

هەروەکو ووتدا کە نێوی هیللینی تەنها لەنێوی ( هیللاس )ەوە وەرگیراوە کە لەسەرەتادا نێوی ناوچەیەك بوو لە دەووروبەری بەشی سەرووی کەنداوی ( مالیا ) لە لای ئەو سنوورەی ، کە نێوەراستی وولاتی یونان لە بەشی باکوری جیادەکاتەوەو هیچیتر • ( بروانە وێنە ژمارە ٣٧ )

لەراستیدا هیللینی لە یونان‌دا بوو بە شێوازێکی دیارو تایبەت لە شیوازەکانی ژیان ، لە سەرەتادا خۆی لەنێو یاسایەکی سەرەکیدا دەنواند ، کە ئەویش « دەولەتی شار »بوو ، هەموو کە سێکیش ، کە لەنێو شاردا پێرەو دەکرا ، بە هیللینی دەژمێردرا باوەکو جیاوازی لەبنچینەو پەروەردە کردنیدا هەبووبێ ئەو شتەی ، کە ئەو کەلچەرە بەدیاردەخات سوود وەرگرتنی‌بوو لەو یاسایە ، کە کردبوویە هۆیەکی کاریگەر بۆ دەربرینی تیروانینێکی تایبەتی بۆ هەبوون ( وجود )و کەوا ئادەمزاد پێوانەی هەموو شتێکەو گەورەی هەبوونە • بۆیە دەتواندرێت بگوترێت ، کەوا کەلچەری هیللینی یەکەمین کەلچەرە ، کە باوەری ئاینزا ( مذهب )ی برواهینانی بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار بەئادەمزاد هێناوە •

کە فیلیپی مەکەدۆنی هەولیدا یەکخستن‌و یەکگرتنێك هۆی یەکگرتنی هیللینی پێك بهێنێت بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دەسەلات دارێتی بەسەر هەموو شارەکانی یونانیدا هەبێت(١١) هەر ئەوسابوو ئەم دەسەلات داریتیەی بەرەو رۆژهەلات بەهۆی ئیسکەندەری کوریەوە دەستی پێ‌کرد •

بەم جۆرە گەر مەکە دۆنیەکان لە رووی هێزی سوپاوە وولاتی یونانیان داگیرکردبوو ، ئەوە رۆشنبیری یونانی باڵی بەسەر کەلچەری مەکەدونیان دا کێشابوو • پاش کۆچی دوایی فیلیپ ، کە لە ساڵی ٣٣٦ پ•ز بوو ئیسکەندەری کوری چاوی لە رۆژهەلات بریبوو لە راستیشدا توانی ئەو پلانەی خۆی لە ماوەی نۆ ساڵاندا جێبەجێ بکات و بۆ کارگێرانی ئیمپراتۆریەتەکەی پشتی بەتوانای یونانیان بەستبوو ، کە لە بواری کارگێری‌و سوپایی‌و رۆشنبیری‌دا پێشکەوتوو بوونو هەتا لەدوای دوا ماڵ ئاواییشی‌دا لە ساڵی ٣٢٣ پ•ز سەر لەشکرەکانی خۆی ئیمپراتۆریەتەکەیان لەنێوان خۆیان دا دابەش کرد • بەم جۆرە هەلی تێکەلاو بوونی کەلچەری گریکی بە کەلچەری رۆژهەلاتی‌دا پەیدابوو بە شێوەیەك هەموو ناوچەیەکی گرتبۆوە لە رۆژهەلات وەیا وولاتی یونان داو هیلینزم نیشانەی ئەو کاریگەرە گریکییەیە بۆ ئەم جۆرە کەلچەرە نوێیە •

پاش ئەم کارەساتە ئەو دەستەلات دارێتی‌یە ناوەندیەی ئەسکەندەر ، لە کاتێکی زۆر کورتدا لەنێواند سەرلەشکرەکانی دابەش‌کرا ، پاش شەری ئیپسوس ساڵی ٣٠١ دژیەکتری وسەر لەشکرەکان بوون بەپادشای ئەو ناوچە هەمەجورەی ئیمپراتوریەتی مەکەدۆنیان • کاساندەر لەمەکەدەنیادا ، لیسیماخوس لە تەراقیادا ئەنتیگۆنوس لە ئەنادۆل و سوریادا ، بتولێمی لە میسرداو سیلوکوس ( سلوقس ) لە رۆژهەلاتداو لە ناو ئەمانەدا تەنها ئەنتیگۆنوس کە ئەو کاتە تەمەنی هەفتا ساڵ

بووە هەوڵی داوە یەکیەتی ئەم دەولەتە بپارێزێت(١٢) ، لەپێناوی ئەمەدا شەڕێکی گەورە لەنیوانديان‌دا رووی داوە لە کوتاییدا ئەو ناوچانە بەو جۆرە دابەش کراوە ، ومەبەستی دامەزراندنــــی ئیمپراتوریەتێکی هیللینی یەك گرتوو لــەم کاتەدا مـــــردوە ٠ لەگــەڵ ئەوەشدا کە هەندێ لـــەم شـــوینانە رزگاری بوە لەژێردەستەی مەکەدونیان یان هەندێ شوێنی کەوتۆتــــــــە ژێردەستیان ، بەلام لەناو هەموویاندا دەستەلات دارێتی سەلوقی توانی بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی درێژبکاتــــە ناوچەیەکی فراوان هەتاکو وولاتی هیندوســـــتان کە لەلایەن ئیسکەندر خۆی داگیرکرابوون ٠ شـــەری ئیپسوس کوتاییکی نەهێنا بەو ناکۆکیەی نێواند سەرلەشکرەکان ، وپاش مردنــــی کاساندر دیمتریوس هەرچاوی لە ناوچەکانی سەر زەریای ئیجە بوو بەلام لیسیماخوس چوو بەگژیاو لە ئەنادول شکستی پێ هێنا لە کۆتاییدا ئەمیان بەدەست سەلوقس لەناوچوو لە کۆروپیدیو٠ لە ناوچەی ( ئیونیا )دا ( سالی ٢٨٠ پ٠ز ) ٠ **[ وێنە ژمارە ٣٨ )**

لەگەڵ ئەو گەشانەوەی دەولەتی رۆمانی لە ئەوروپـــادا وپەرەسەندنیان لە ئاسیادا کاری ئەوتۆی نەکردە ســـەر هێزی ( سەلوقی ) کە تەنها هێزێك بوو لەوێدا دەستی خستبوە ســەر وولاتانی ئەم کرتەیەدا تا پەیدابوونی دەولەتی پورث ٠

بێ گومان ئەم رووداوانە لە ئاســیای بچوك و سەرووی میزوپوتامیا وخوارووی قەفقاسیادا دوورنەبوون لـــە ناوچە کوردنیشینەکان و بەشـــێوەیەکی یەکســـەر زۆربەی ناوچەی کوردەواری بەندبوون بەم هێزانەوە بەتایبەت هێزی سەلوکیان٠

## ٢ - پورثەکانو رۆلیان لە رۆژهەلاتدا لەسەردەمی هیللینزمدا

پورثەکان لەسەرەتای مێژوویاندا کۆمەلێ کۆچەر بوون لەنێوان هەزارەی یەکەمی پێش زایین هەتاکو سەدەی یەکەمی زایین لەو ناوچانەی خوارووی رۆژهەلاتی دەریای قەزوین ، کە ئیمرۆ بە تورکمانیاو خوارسان ( لە کۆندا بە پورث ئاوا ـ پەرتاڤا ) بەناوبانگە گوزەرانیان کردوە(١٣) • لە سەرەتادا سەر بە دەولەتی میدیاو پاشان هەخامەنشی بوون دوا دوای ئەمانە مەکەدۆنیەکان دەستیان درێژکردە ئەم ناوچانەی پورث ، کە لە ٢٥٠ پ٠م توانیان دەولەتێکی بچوك و رزگارکراو لە دەستەلاتدارێتی مەکەدۆنی پێکەوەبنێن و لە دواییدا بوو بەبناغەی ئیمپراتوریەتەکەیان و زمانەکەشیان تا سەدەی ٣ - ٤ زایینی هەر بەکارهاتوە لەو ناوچانەداو لەشوێنانیتردا(١٤) •

لەراستیدا پەیوەندیەکی زمانەوانیو مێژوویی کۆن ئەم پورثانە دەبەستێت بەو کۆچەرانەی ناوەراستی ئاسیا کە بە ( سەکەس یا سکیث ـ ساکا ) ناوبانگیان دەرکردبوو و تا ناوەراستی سەدەی ٣ زایینی هەر لەوێدا نیشتەجێ بوون(١٥) •

بەلام وا دیارە ئەو دەستەلاتدارێتیە هیللینیە بەسەر پارثیادا هۆیەکی گرنگ بووە بۆ پەیدابوونی بناخەی دەولەتیان کە یەکەم سەرۆکیان لە مێژوودا بە ( ئەرشاك ) ناوبانگی دەرکردوەو لە سالی ٢٣٢ - ٢٣١ پ٠ز ( سەلوقس )ی دووهەم ناچار بوو دان بە حوکمرانی ( تیریدات )ی یەکەم بهێنێت کە

برای ئەرشـــاك بووەو پاشـــای هەموو وولاتی پارثیا بووە •

پایتەختی ئەم دەولەتە لە سەرەتادا ( گیكاتومپیل ) بووە كـــە كەوتبووە خوارووی رۆژئاوای دامگان ( دامغان )ی ئەمرۆ ، بەلام پاشان شوێنی چینی دەستەلاتداری ئەم پورثانە بۆتە شاری ئەكپەتانا ( هەمەدان )ی ئەمرۆ پاشان شاری ( سەلوقیە ) لەسەر رووباری دیجلە كە لەلایەن مەكەدونیەكان دروستكرابوو •

سنووری سیاسی پارثەكان بەپێی هێزەكانی دەوری بەری خۆیان دەگۆڕا لەلایەك سەلوقیەكانو لەلایەكیترەوە رۆمەكان ،لە رۆژهەلاتەوە دەولەتی گریك ـ باكتری ،لەگەل عەشایری كۆچەرانی ناوەراستی ئاسیادا • سالی ( ٢٠٩ پ•ز ) ئەنتیوخوسی سـیهەم پەلاماری شاری ( گیكاتومپل )ی داو داگیریكرد ، وپاشـــ رێكەوتنێك دیسان ئەرشاكیەكان دەستیان بەسەر وولاتـــی پارثیادا هێنا •

لە سەردەمی میثراداتی یەكەم[١٦] سنووری دەولەتـــی پورث زۆر فراوان بوو لە رۆژهەلاتدا كە دەســـتی بەســـەر ( باكتریا )دا هێنا ، پاشان سالی ( ١٦١ ـ ١٥٥ پ•ز ) دەســتی بەسەر ( میدیا )دا هێنا ، لە ( ١٤١ پ•ز )دا زال بوو بەســـەر سەلوقیەكانی سەر ووباری دیجلەو شارەكانی ( بابل ، ئوروك•• هتد )ی داگیركرد ، هەروەها پەلاماری ( عیلامی )دا • لەگەل ئەم هەموو دەستەلارێتیەی ، خەبات لەگەل عەشایری ســـاكا ( سەكەس ) زۆر گران بوو ، ئەمانە دەستیان گرتە سەر وولاتی پارثیا خۆی وبە هێدیش بەرەوخوار دەبوونەوە[١٧] •

له سەردەمی میثراداتی دووهەم[١٨] توانرا هەندی لــەو شوێنانەی ، کە ساکاکان گرتبونیان بیگەرێننەوە ، بەتایبەتــی ناوچەی ( درەنگیانە ) بەلام پاشان ساتراپی ( ســەکستان ) ناوچەکانی ( ئارییاو مەرگیانا )ی خستە ژێر ناوی گشتی خۆی .

میثراداتی دووهەم ، وەکو پادشاکانی هەخامەنشی ، نێوی ( پادشای پادشایانی ) بە خۆیەوەنا ، و لەو کاتەشدا بوو کــە پەیوەندیەکی دیبلوماسی لەگەڵ وولاتی چیندا دروستکرا[١٩] ، پاشــان دەســتیان درێژکردە ســـەر ئەرمەنســـتان لە ســــــالی ( ٩٢ پ٠ز ) ، پاش خەباتێــکی زۆری نێوان ئەمانەو رۆمانەکان رووباری فورات بوو بەسنووریان ، بەلام یەکەم جەنگی فراوان سالی ( ٦٥ پ٠ز )و لە ناوچـــەی ( کوردوینی ) لە خوارووی گۆمی وان ( ناوەندی کوردستانی ئەمرو ) لە بەینی ئــەم دوو هێزەدا دەستیپێکرد ، تــا وای لێهات لە ســـــەردەمی ئۆرودی دووهەم ( ٥٧ ـ ٣٧ پ٠ز ) لەشکری رۆمانی لەژێر سەرکردەی ( لیسینیا کراسا ) گەیشتە مێزوپوتامیاو ناوچەیەکی زۆر وولاتی کوردنشینی داگیرکرد . بەرامبەر ئەم هێرشە پورثەکان توانیان سالی ( ٤٠ پ٠ز ) هەموو ئاسیای بچوك داگیربکەن ، تەنانەت سوریاو فەلەستینش .

بەلام پاشان کەوتە بەرەو وولاتی ( میدیاو ئاتروپاتینا ) ولەکاتی تیکچونی نێوان فراهاتی چوارەم ( ٣٧ ـ ٢ پ٠ز )و تیریداتی دووهەم ، ئەوەی یەکەمیان پەنایبردە ســاکاکان ، وئەویتریان پالیدایە رۆمەکان ، لێرەدا لاوازی کەوتە دەولەتــی پورث . لە سالی ( ٢٠ پ٠ز ) لەگەڵ رۆمەکاندا رێکەوتنێـــک

بەرپاکرا بەمەرجێك ئەرمەنستان بدرێت بە رۆمانەکان رووباری فوراتیش ببێتە سنووریان لە رۆژئاوادا ، واتە پورثەکان سوریاو فەلەستین و ئەرمەنستان و لایەکی زۆری وولاتی کوردەواریان لە دەست چوو • ( بروانە وێنە ژمارە ٣٩ )

بەکورتی ، دەوڵەتی پورث تا ساڵی ٢٢٦ زایینی بەردەوام بوو ، و لەم ساڵەدا ئەردەشێری پاپەکان کە لەبنەماڵەی ساسانی بوو توانی کۆتایی بە حوکمی پورثەکان بهێنێت و ئەردەوانــی پێنجەم پاش خەباتێکی چەند ساڵە بکوژێتو کۆشکی حوکم لە دەست دەربگرێت و لەبەر روون کردنەوەی سەردەمی حوکمرانی ئەو پادشا پورثانە ، کە نێویان پەیوەندی هەیە بە دێکومێنتەکان هەورامان ( لەسەدەی یەکەمی پ•ز ) ساڵی حوکمیانو نێویان بەم جۆرەی خوارەوە رێك دەکەوێت •

| شێوەی نوێی نێوەکان | | | کاتی حوکمرانیان (پ•ز) |
|---|---|---|---|
| ١ ـ مهردادی دووەم | میثراداتیس | II | ١٢٣ ـ ٨٨ ، ٨٧ |
| ٢ ـ گودرزی یەکەم | گوثارزیس | I | ٩١ ـ ٨١ |
| ٣ ـ ئورۆدی یەکەم | ئۆرۆدیس | I | ٨١ ـ ٧٥ |
| ٤ ـ سیناتروك | سیناتروکیس | | ٧٩ ـ ٧٥ ، ٦٩ |
| ٥ ـ فەرهادی سێیەم | فرائاتیس | III | ٦٩ ـ ٥٨ ، ٥٧ |
| ٦ ـ مهردادی سێیەم | میثراداتیس | III | ٥٧ ـ ٣٦ |
| ٧ ـ ئۆرۆدی دووەم | ئۆرۆدیس | II | ٥٧ ـ ٣٦ |
| ٨ ـ پیروزی یەکەم | پەکۆروس | I | لە ٥٧ ـ مردوە |
| ٩ ـ فەرهادی چوارەم | فرائاتیس | IV | ٣٨ ـ ٢ |
| ١٠ـ تیردادی دووەم | تیریداتیس | II | ٣٠ ـ ٢٥ |
| ١١ـ فەرهادی پێنجەم | میثراداتیس | V | ٢٥ ـ ٤ |

هەروەکو لە سەرەتای ئـــەم لێکۆڵینەوەدا باس کرا کەوا بێجگە لەم دوو هێزە سیاسیو کەلچەریە هێزێکیتری ســیهەم پەیوەندی بەو سیاسەت و کەلچەرە هەبـووە ئەویش یەکەمیان هێزی تیگرانی ئەرمەنی[٢٠] ( کە ئێوی بە شێوەی تیگرانیس ) لەگەڵ خێزانیا کلیوپاترا[٢١] لـــە دێکومێنتەکە تومار کراوە ئەویتریان میثرداتی شەشەم پادشای ( بونتوس )ە کە خەزووری بووە[٢٢] •

## ٢ ـ کوردتەیەك دەربارەی تیگرانی ئەرمەنیو میثرداتی پونتوس ( هێزی سێیەم )

تیگران ( تیگرانیس ) یا ( دیکران )ی یەکەمی مەزن ( ١٤٠ ـ ٥٥ پ•ز ) **پادشای ئەرمەنستانبووە لە سەرەتای ٩٥ یا ٩٤** پێش زایینداا • لە کاتی حوکمرانی ئەم پادشایە دەوڵەتی ئەرمەن گەیشتە پلە یەکی بەرزی یەکگرتوو لە مێژوویدا هەرچەندە بـۆ **کاتێکی کورتیش بوو ، بەڵام بە بەهێزترین** وولاتی رۆمـــان دەژمێردرا •

تیگران کوری ( یا برازای ) ئەرثاڤاسدیسی دوهەم بوو ، و یەکێك بوو لە بنەماڵەیەك لە سەدەی دووی پێش زایین لــە لایەن ( ئەرتاکسیاس ) هاتبوە کایەوە • پاشان تیگران بـــە ( رهینە ) لە لایەن میثرداتی دوهەمی پورث برا بۆ پارثیا پاشان ئازادکراوگەرایەوە وولاتی خۆی بەرامبەر بە ناوچەیەك کــە کەوتبۆە سنووری میدیا و بە ( هەفتادۆڵ ) بەناوبانگ بوو •

لەم کارەساتە بە دووا ، تیگران دەستی‌کرد بەفراوان کردنی وولاتەکەی‌و پەلاماری وولاتی سوزیفینی ( کە کەوتبـــووە رۆژهەلاتی روباری فورات )دا وپاشان پەیمانێکی بەست لەگەڵ میثراداتی شەشەمدا کە پادشای وولاتی بونتوس ( قەراخەکانی رۆژهەلاّت ، خوارووی زەریای رەش ) بووو پاشان کچـــی میثراداتی ( کە ئێوی کیلوپاترا بوو ) مارەکرد و بە هێزەکانـی هەردوولا چوونە ناو وولاتی ( کەپەدوکیا ) لە رۆژهەلاتـــی ئاسیای بچوکدا ، و ئەنجامەکەشی هاتنەوەی هێزی رۆم بوو لەم کایەدا سالّی ٩٢ پ•ز •

دوا بەدوای ئەمە ، تیگران شـــەرێکی لەگەڵ پورثەکاندا هەڵگیرساندا لە خوارووی رۆژهەلاتی زەریای قەزوین‌دا ، کـە ناوچەیەکی بێ‌هێز بوو لەلایەن پورثەکانەوە پاش مردنی میثراداتی دوهەم سالّی ٨٧ پ•ز بەتایبەتی ئەو ناوچەیە بەدرێژایی‌کات بەر پەلامار‌دانی سەکەسەکان دەکەوت • تیگران لەو کاتەدا توانـی ( هەفتا دۆڵ ) بگەرێنێتەوە زۆربەی زۆری وولاتی میدیا بخاتـە ژێردەستەی خۆی‌و بەم جۆرە بوو بە ( پادشـــای پادشایانی ) وولاتی ئەتروپاتیناو گوردوینی‌و ئەدیابینی‌و ئوسروینی‌و هەموو ناوچەکانی سەروەی میزوپوتامیا ( کوردستانی تورکیای ئەمرو )و لە قەفقاسیادا • پاشایانی ئیبیریا ( گورجستانی ئەمرۆ ) ئەلبانیا ( داغستان ئەمرۆ ) دانیان بە پادشای پادشایەتی تیگرانیان نـــا و لە سالّی ٨٣ پ•ز کۆشکی سەلوقی لە سوریادا لەناوچـــوو بەرامبەر بە تیگران‌و پاش ئەم سەرکەوتنە سیاسیە شـــــاری

ئەم کچە شووی کردە تیگرانی ئەرمەنی بەڵام لە مێژوودا بێجگە لەم کلیوپاترایە چوار کەسی‌تر هەیە بەم ناوە کە ناوبانگیان

١ ـ کلیوپاترەی چوارەم ( ساڵی ٦٩ پ•ز لەئیسکەندەریە لەدایك بووەو ساڵی ٣٠ مردووە ، پادشای میسر ودۆستی یولبوس قەیسەرو مارك ئەنتونیو خوشکی بطولیمی هەشتەم بووە •

٢ ـ کلیوپاترای یەکەم کچی ئەنتیوخوسەو ژنی بطولیمی پێنجەمە میسر بووە ، ساڵی ١٩٣ ـ ١٧٦ پ•ز •

٣ ـ کلیوپاترای دووهەم ( سەدەی یەکەمی پ•ز ) ژنیو خوشکی ( بطولیمی ئیورکیتیس )ی دوهەم پادشای میسر •

٤ ـ کلیوپاترای سیهەم ( سەدەی یەکەمی پ•ز ) برازایو ژنی دووهەمی ( بطولیمی ئیورکینس ) دووهەم پادشای میسر •

لەم سەردەمەدا ، کە دەولەتی رۆمانی هێزیکی جیهانی بوو، پایتەختەکەی ( رۆما ) توشی گێچەلیەکی گەورە بوو ، لە گۆتایی سەدەی دووی پ•ز دووبەرەکی کەوتە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران ( سیناتو ) ، لە کۆتاییدا ئەفسەرێکی ژێر بەنێوی ( ماریوس ) ساڵی ١١١ پ•ز وپاشان یەکێ دی بەنێوی ( سولا )، کە هەردوکیان دوژمنایەتیەکی گەورەیان لەبەیندا هەبوو ، توانیان رۆما لەم هەرایە رزگار بکەنو[٢٣] بایەخەکی زۆر بدەنە رێك خستنی لەشکری رومانی ، پاشان دەستیان‌کرد بە رێکخستنی باری ئابوری ، ئەمجا پەلاماری ئەو هێزانەی

( تیگرانوکرتا )ی دروستکرد ( مه یافارقین )و له سالی ۷۲پ٠ز دەستیکرد بەشەر لەگەڵ روومانەکاندا کەلوکوللوس توانی سالی ٦٩ به ئەرمینیا داخل بێتو تیگران نزیك شارەکەی خـــۆی تیگرانوکرتا شکەستی بهێنێ روژی شەشی ئوکتوبەر ٠

دووهەم جار دیسانەوە نزیك ( ئەرتەکساتا ) مانـــــگی سیپتەمبەر سالی ٦٨ شکستیهێناو وای کرد له تیگران که لەگەڵ میثرادات هێزیان بکەن بەیه كبەلام کورەکەی له کلیوپاترا کـه نێوی هەر تیگران بوو دژی باوکی وەســتاو لەگەڵ پورتەکاندا بوو دژی، باوکی وەســــــتاو لەگەڵ پورتەکاندا بوو بەیەك و فەرهادی سێهەم یارمەتیدا بەلام باوکی زال بوو بەســـەریاو کورەکە خۆی گەیاندە سەرکردەی رۆم ( پومپیوس ) که بەرەو ئەرمەنستان دەهات ٠ له کۆتاییدا تیگران ســـــالی ٦٦ پ٠ز تەسلیمی رۆم بوو پومپیوس پادشایەتی خۆی پێ بەخشی لەژێر چاودیری خۆیاندا ٠

تیگران بیست سالیتر حوکمیکرد وەکو نوێنەرێـــــکی رۆمانی بەلام وولاتانی سوفینیو گوردوینیو جێیتری لـــه دەست دەرچوو ٠

ئەرتاڤاسدیسی کوری پاش خۆی جێیگرتەوە ٠ و لەبەر پاراستنی ئەرمەنستان گومان لەوەدا نیه که تیگرانی ئەرمەنـی بەپیویستی دەزانی کیلوپاترای کچی میثرادات مارەبکات ٠

ئەم کلیوپاترایه کچی میثراداتی شەشەمه پادشای ناوچەکانی گورجستانی ئەمرۆو خوارووی زەریای رەشو ناوەراســـتی ئەنادۆل ٠ که لەو کاتەدا به بونتوس Pontus بەناوبانگ بوو٠

دەرەوەیان دا کە دژ بەرۆما شۆرشیان هەڵگیرساندبوو لە ئاسیاو ئەفریقیادا • ئەوەندەی بە باسەکەمان پێوەست بێ دەڵێین ، پاش ئەوەی کە میثراداتی شەشەم پادشای بونتوس لە ئاسیای بچوکدا دەستی درێژ کردبوە سەر زۆر ناوچە ، داوا لە سۆلا کرا ، کەوا ( ئاریو بارزانیس ) بگەڕێنێتەوە سەر تەختی شاهانەی کەپادۆکیا لەبەرێ رۆژهەلاتی ئاسیای بچوکدا ، کە میثراداتیس دەری کردبوو • سولا ئەم رووداوە گرنگەی بە سەرکەوتویی بەجێ‌هێناو پێشوازی سەفارەیەکی کرد کە لە پارثیاوە هاتبوون بۆ ئەوەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ کۆماری‌دا مۆربکەن •

لە ساڵی ( ٩١ )دا گەرایەوە رۆما ، لەبەر توانایی‌و پایەی لەشکری حیزبی ئوروستوکراتی وەکو سەرکردەیەك چاوی تێ‌بریبوو •

ئەم مەترسییە لە لایەن وولاتی ( پۆنتوس )ەوە ، کە کەوتبۆ لێواری خوارووی رۆژهەڵاتی زەریای رەشەوە سەری هەڵدا • لەو کاتەدا میثراداتی شەشەم ، کە نازێوی یوپاتور ( ١٢٠ - ٦٣ ) بوو پاشایەتی دەکرد • ئەم پاشایە پیاوێکی بەرێزو وپایەدار بوو ، باوەکو توانای لەشکری ورامیاری زۆر بەهێز نەبوو ، بەڵام هەوڵی‌دا دەسەڵات دارێتی خۆی بخاتە سەر ئاسیای بچووك ، بەتایبەتی ئەو ناوچەیەی بە نێوی کەپادۆکیای مەزن نێوبراوە ئەمە بۆ هۆی بەرەنگاری‌بوونی بەرامبەر رۆما ، کە ئارەزووی نەدەکرد هیچ جۆرە فەرمان رەواییەکی بەهێز لەم ناوچەیەدا دابمەزرێندرێت ، بەتایبەتی ویلایەتی ئاسیا

( پیرگامون )، کە لە ساڵی ١٢٩ دامەزێندرا وەروا ( کیلیکیا )ش لە ساڵی ١٢٣دا کرا بە ویلایەت •

لە ساڵی (٩٠)دا میثراداتیس وولاتی ( بیثینیا ) ، کـــە کەوتبۆ نێوان وولاتەکەی خۆیو ویلایەتی ئاسیای رۆمانـــی داگیرکرد • بەلام لە ساڵی ( ٨٩ )دا کشایەوە ، ئەمەش لـــە ئەنجامی هەرەشەو گورەشەی رۆماناندا بوو ، کە خەریك بوون ( نیکومیدیسی دووەمی ) پاشای بیثینیای لێ هەڵ بگەرێننەوەو هانیدەن بۆ داگیرکردنی ( پۆنتوس )، ئەوسا میثراداتیـــس هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا بەرەنگاریکردنی رۆمان نەبێت ، لـــەو کاتەدا کە رۆمان لە جەنگدا بـــوون لەگەڵ ئیتاڵیکان دا ، میثراداتیس دیســــــانەوە ( کەپادۆکیای ) داگیرکردەوەو نیکومیدیسی دووەم )ی بەزاندو بەسەر ئەو هێزانەدا زاڵ بوو ، کە بۆ دژایەتی ئەو ئامادەکرابوونو سەرلەشکری هێزەکانـــی بەدیل گرت وکوشتی ، جا ویلایەی ئاسیای بچووکی خستە ژێر رکێفی خۆیو کەشتیوانەکانی زەریای ئیجەیان برێوە ، تەنیـــا ( رودس ) بەرهەڵستی کردن ، زۆر لە شارانی گریکی لە ئاسیای بچووکدا لە ژێر ئالای ئەودا کۆبوونەوەو بـــە رزگارکەریان دادەنا لە جەوری باج کۆکەرەوەکانی رۆمانیدا •

هەر ئەوەندەی میثراداتیس بانگەوازی ســـــــەر هەڵگیرســــاندنیدا ، لایەنگارانی فەرمانەکانیان بەجێهێناو لە ویلایەتی ئاسیادا هێرشیان بردە ســـەر رۆمان ئیتاڵیکانو وا دەگێرنەوە لە یەك رۆژدا ( ٨٠٫٠٠٠ ) هەشتا هەزار کەسیان لـــە

نێوبرد ، کە دەڵێن زۆربەیان بـــــاج کۆکەرەوەو بازرگانو کاربەدەست بوون ، هەروا لەم رووداوەدا منداڵو ئافرەتێـــکی زۆریش لە نێوچوون •

لە هەمانی کاتدا ( ساڵی ۸۸ ) وا رووی‌دا حیزبی دیمرکراتی لە ئەثینادا دژی فەرمان رەوایی ئولیگارکی ( کەم )، کـە بـە پشتگیری رۆمان دامەزرابوو ، شورشی بەرپاکردو دەســـتی بەسەر فەرمان رەوایەتی داگرت وخۆی خستە ئامێزی میثراداتیس بۆ ئەوەی مزیای بکەوێت • پاشای ئاسیاوی سەرلەشـــکری خۆی ، کە نێوی ( ئەرخیلاوس ) بوو بە سەرۆکایەتی هێزێکی گەورەوە بەرەو ئەثینا نارد ، لە رێگەدا بەسەر ئەو ناوچەیەی دادا کە لە ژێر دەســــــەڵات دارێتی ئیتالیان دا بوو لە دوورگەی ( دیلوس )، کە ناوچەرگەی جم وجۆڵـی بازرگانی رۆژهەڵات بوو • ئەرخیی‌لاوس لـە وولاتی گریـــــك دابەزیو زۆربەی هەرێمەکانی باشوور لایەنگرییان لێ‌کردو پشتیگربوونو لــە هەمان کاتدا سەرۆکەکەی لەشـــــکرێکی زۆر گەورەی لــە باکوورەوە بە رێگەی تەراکیاو مەکەدونیادا نارده وولاتی گریك•

لە ساڵی (۸٥ ) لە زەریای ( ئیجە )دا کۆمەڵێك کەشتی بە دەرکەوتن بە سەرکردەی ( لوکوللوس[٢٤] )، کە لەو شـــارە رۆژهەڵاتیانەدا کۆکرابوونەوە ، کە ســـــەر بە رۆمان بوون • لوکوڵوس کەشتیوانەکانی میثراداتیسی بەزاند ، بەم جۆرە رێگە بۆ ( سولا ) خۆش‌کرا بۆ ئەوەی زەریا بەرەو ئاسیا بپەرێتەوە •

لەو کاتەدا ( فلاکوس )ی کونسول بسفۆر پەریبۆوەو بەرەو وولاتی بثینیا رۆیشتبوو ، بۆیە هێزداری میثراداتیس کەم بۆوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆر لە شارانی گریکی وازیان لیٚهێناو بێزاری خۆیان پیٚشان دەدا سەبارەت بەو یارمەتیدانەی پیٚشکیٚشی میثراداتیشیان دەکرد • فلاکوس بە دەستی سەربازانی یاخیبووی خۆی کوژراو فیمبریا بوو بە سەرکردەو توانی دوژمن ببەزێنیٚت و پرگامون داگیربکات ، کە پاشای ئاسیاوی کردبوویە پیٚتەختی خۆی • میثراداتیس رایکردو ئامادەیی خۆی بۆ ووت ویٚژکردن لەگەڵ سولا پیٚشاندا ، چونکە سولا لە کەنارەکانی ئاســــیای بچووك نیٚزیك دەبۆوە • جا لەبەر ئەوەی سولا ئارەزووی کۆتایی پیٚهاتنی ئەو جەنگەی دەکرد بـــۆ ئەوەی بگەڕیٚتەوە ئیتالیاو بەرامبەر بە دژمنەکانی بوەستیٚت ، بۆیە لە مانگی ئابی ســـاڵی ٨٥دا لە شــــاری ( داردانوس ) ، کە کەوتبۆ نیٚزیك ترواده ، ( ئاشتی داردانوس ) مۆرکراو لەم ڕیٚك کەوتنەدا میثراداتیش دەستی لەو هەموو ناوچانە هەڵگرت ، کە لەم دواییانەدا لـــــە ئاسیای بچووکدا داگیری کردبوون ، هەروا سزای جەنگیش بژمیٚریٚت ، کە ( ٢٠٠٠ ) دووهەزار ( تالنت ) بوو ، هەروا چەند کەشتییەك بە ڕۆمانەکان ببەخشیٚتو سنووری بنتوســـــیش بگەڕیٚتەوە سەر باری جارانی •

لەبەر ئەوەی ئەو ڕیٚك کەوتنەی لە نیٚوان سولاو میثراداتیس مۆر کرا ســــنووری بۆ ئەوەی دووەم دانا ، بۆیە هەڵگیرسانەوەی **جەنگ سەر لە نوێ کاریٚکی چاوەرێکراو بـوو ، میثراداتیس** وولاتەکەی خۆی بەهیٚزکردو لەشکرەکەی ڕیٚك وپیکترکرد ،

چونکە چاوەڕێی جەنگی دەکرد لە دژی ڕۆمانەکان داو دەستی بە جوولانەوەی جەنگی لە ئاسیای بچووکدا کرد ، تا ئەو پلەیەی هێزی ڕۆما کە پارێزگەری کەلچەری یونانی بوو لەم ناوچەیەدا کزبوو . بەرادەیەك ڕۆمانەکان توانـــای گـــەرانەوەی هێزی جارانیان نەما ، زەریا پڕ بوو لەو کەشتیوانانەی کیلیکیا ، کـــە هێرشیان دەبردە سەر کەشتی ڕۆمانەکان ، تەنانـەت پەلاماری لێوارەکانی ئیتالیشیایان دەداو خەلکیان دەفراند لە بازاری دیـل فرۆشاندا دەیان فرۆشتن ویا داوای داراییکی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی ئێودارەکانیان بەڕەلا بکەن ، ئەم ڕووداوانە وایان لـــە ئەنجومەنی ( سناتو )کرد بە سەرکردایەتی سرڤیلیوس لەشکرێك بنێرێتە ئەو ناوچانەی ، کە لە ئاســــیای بچووك دا داگیریان کردوون وەکو ( لوکیا ، بامغولیا ، کیلیکیا ) تاوەکو پەلاماریان بدەن ، ئەم پەلاماردانە سەری نەگرت چوونــــکە بەر لەوەی کارەکەیان دیماهی پێبێت ، سەرکردەکە بانگ کرایەوە ڕۆما . بێجگە لە میثراداتیس و لپستیوانانی کەشتیوانی دژمنێکی دی ڕۆمانیان هەبوو ، کە مەترسی لەمانە کەمتر نەبوو ، ئەویشـــــ ( تیگرانیسی یەکەم ).

( دیکرانی یەکەم ) ـ پاشای ئەرمەنستان بوو و زاوای میثراداتیس بووە کە ئەویش پایتی خاکی خۆی فراوان دەکردو بەرەو کەپادۆکیا خزاو بەری باکووری وولاتی میسوپوتامیای لە دەست پورثیان وەرگرتو هەروا لە سالی ( ٨٣ )دا هەمـوو سوریای خستە ژێر دەستی خۆی . هەروا میثراداتیس هەولیدا بشینیا نەکەوێتە ناوچەی دەسەلات دارێتی ڕۆمانەکان ، چونکە بە

هۆیەوە دەیان توانی بەری زەریای رەش بگرن بەدەســــتەوەو رێگەی دەردەنیلو پسفۆری لێدابخەن • بۆ بەدی هێنانی ئـەم مەبەستەی پشتگیری کوری پاشــــای پێناکرد ، کـە داوای پاشایەتی باوکی کۆچ کردووی خۆی دەکرد • کە ســـینا تۆی رۆما بەم هەڵوێستەی میثراداتیس ئاگادار بووو مەترسی جەنگ رووی تێکردن بۆیە پەلاماردانی خاکی میثراداتیشـــــیان بـە لوکولوس سپارد ، بەڵام هێرشەکەی سەری نەگرت •

لە سەرەتای سالی ( ٧٤ )دا میثراداتس ویلایەی بثونیای داگیرکردو هەروا ویلایەی ئاسیای خستە ژێر دەسەڵات دارێتی خۆیو گەمارۆی شاری کوزیکوسیدا ، کە کەوتبۆ سەر لێواری زەریای مەرمەرە ، بەڵام ئەم گەمارۆدانە زۆری نەخایاند ، چونکە لوکولوس رێگەی هات وچۆکردنی لێ بریو میثراداتیســـــی ناچارکرد بگەرێتەوە بثینیاو دووچاری زەرەرو زیانێکی زۆری کرد ، و هەر دوای میثراداتیسدا بوو تا پەنای بردە ئەرمەنستان و لوکولوس داوای لە پاشــــای ئەرمەنســـــتان کرد بۆ ئەوەی میثراداتیس بدا بە دەستەوە ، بەڵام پاشای ئەرمەنی خواستەکەی بەجێ نەهێناو لە ئەنجامدا لوکولوس بەبێ رەزامەندی سیناتۆ رووی لە ئەرمەنســــــتان کردو پایتەختە تازەکەی ، کە ێوی ( تیگرانوکرتا ) بوو داگیرکرد لە سالی (٦٩) •

هەروەکو پلوتارخ دەڵیت « کە تیگرانی ئەرمەنی توانـی ( زارببونوس ) پادشـــــــای گۆردۆینی ( دیاربەکری ئەمرۆ ) بچەوسێنێت کاتێك ، کە لوکولوس لە شاری تیگرانوکرتا بـوو

هێزەکانی ئەدیابێنی ( هەولێر ) وئاشورو گوردوینی ( کوردەکان ج•ز ) و کەپەدوکیا بێنە ئەوێ وپاڵی پـێ بدەن » هەروەهـا پلوتارخ دەڵێت « میدیەکان و گۆردوێنی و ئەدیابێنیو عەرەبی خوار وولاتی بابل و ئەلبانەکان ( داغسـتـان ) ، وئیبیریەکان ( جیورجیا )و دانشتوانی سەر روباری ئاراکس لە ژێـر سـەرکردەی پادشـاکانیان لای لوکولوس ئامادە بوون •• وهەروەکو ووترا کە زاربیونوس پادشای گۆردوێنی بێزار بوو لە ژێر دەستی تیگرانی ئەرمەنی بە دزی پەیوەندی بە ( ئاپیوس ) کرد کە پەیمانێك لەگەڵ رۆمانەکاندا ببەسـتێت ، کە لەژێر سەرکردەی ( لوکولوس )ن •

بەڵام ئەمە کە ئاشکرا بوو ، زاربیونوس کوژرا لەگەڵ مال و مندالیا پێش ئەوەی رۆمانەکان بـگەنە وولاتی گۆردوێنی • لەبەر ئەمە لوکولوس ئەم کارەساتەی لەبیر نەچوو ، هەر وەکو گەیشتە ئەو وولاتە ئاهەنگیکی رەسمی پاشایانەی بۆ شەرەفـی زاربیونوس پێك هێنا وتەرمەکەی بەو زێرو زیور سامانەی ، کە لە تیگرانو هێزەکانی دەسـتکەوتبوو ، رازێنرا ولوکولوس بەدەستی خۆی ئاگری مەشخەلی داگیرساندو بۆنی دابەش کردە سەر کەسوکارو هاورێکانی زاربیونوس ، هەروەها فەرمانـیدا پەیکەریکی بۆ دروست بکرێت[٢٥] »•

لە دوای ساڵێك لوکولوس هێرشی خۆی بردە سـەر ئەرمەنسـتان بۆ ئەوەی بە یەکجاری هەمووی داگیر بکات ، بەڵام سەربازانی لێ یاخیبورن وئارەزووی لوکولوسیان بەجێ

نەهێنا ، بۆیە ناچار بەرەو مێسوپوتامیا بۆوەو جێگری لەشکری لوکولوس لە جەنگدا بوو ، ئەو سەرکردایەتیەی بە لوکولوس بەخشرابوو ، هیندێکیان لێ وەرگیرابوونەوەو ئەو یارمەتییەی لە رۆماوە داوای کردبوو، بە دەستی نەگەیشتبوون ، میثراداتیس پونتوسی بۆ خۆی گەراندبۆوە هەروا تیگرانیس ئەرمەنستانی وەرگرتبۆوە ، ئەمانە هەموو رووبەرووی لوکولوس بوون ، بۆ ئەوەی نەتوانێت بە یەکجاری میثراداتیس و تیگران لەنێو بەرێت و لە برێتی ئەویش کاروباری سەربازی بە پۆمپێی(٣٦) بسپێردرێت

لەو کاتەی ، کە پۆمپێی بە سەرۆکی لەشکری رۆمانی ناوچەی ئاسیای بچووك دا دامەزرا ، خۆی لە خوارووی ئاسیای بچووکدا بوو ، یەکسەر سەرکردایەتی خۆی بەرەو باکووری رووباری هاکیس گواستەوەو لەوێدا چاوی بە لوکولوس کەوت بۆ بەدەستەوەدانی سەرکردایەتی ، کە لە کۆبوونەوەیەك دا بوو هەمووی نەسرەوتیو هەرەشەو جنێودان بالی بەسەردا کێشابوون ، چونکە لوکولوس لەو باوەردا بوو ، پۆمپێی هەموو پایەبەرزێکی لێ زەت دەکات و هەموو یاسایەکی پێشێل دەکاتو بەروبوومی سەرکەوتنیشی دەنۆشێت .

بەر لەوەی پۆمپێی هێرش بباتە سەر پونتوس ، پەیمانێکی لەگەڵ فەرهاد ( فراتیس )ی پاشای پورث بەست ، کە نێوانی لەگەڵ پاشای ئەرمەنستان دا تێك چوو بوو ، هانیدا ، تا هێرشی بردە سەر تیگران ، مەبەستی پۆمپێی لەوەدا بۆ ئەوە بوو ،تیگران

خەریکی جەنگ بێت لەگەڵ پورثەکان داو ئەتوانێت یارمەتی میثراداتیس بدات ، لەو کاتەی خۆی پەلاماری پوتتوس دەدات لە ئەنجام دا ، میثراداتیس نەیتوانی بەرامبەر لەشکری پۆمپێ بوەستێت ، کە نێزیکەی ( ٢٠٫٠٠٠ ) بیست هەزار کەس بوونو رای کردو داوای یارمەتی لە تیگرانی زاوای کرد ، تیگران لەبەر ئەوەی دژی پورثەکان وەستابووو گەمارۆی پێتەختە کۆنەکەیان دابوو ، زۆر بە ساردی پێشوازی لە میثراداتیس کردو لە دواییدا بەدیل گرتی ، بەڵام میثراداتیس خۆی لە دیلی رزگار کرد .

لەو کاتەدا کوری پاشای ئەرمەنستان لەگەڵ پورثەکان دا رێک کەوتبوو وبانگێستنی پۆمپێی کردو پۆمپێی رووباری فورات پەڕیوەو بەرەو پێتەختی ئەرمەنستان بەرێ کەوت ، تیگران ئەم هەڵوێستەی زۆر پێ ناخۆش بوو وچاکی خۆی داماڵیو خۆیدا بەدەستەوە لە بەهاری ساڵی ( ٦٥ )دا دیسانەوە پۆمپێ هێرش بردەوە سەر میثراداتیس و لە رێگەدا هەر ناوچەیەکی پێیدا دەرۆیشت دەیخستە ژێر دەستی خۆی ، مەبەستیشی لەم داگیرکردنانە دۆزینەوەی سنوورێکی زەریایی بوو بۆ دەسەڵاتداریتی خۆی .

لە دوای خۆ بە دەستەوەدانی تیگران ، گۆڕینێکی کتوپڕ بە سەر پێوەندی نێوان پۆمپێیو پورثەکان روویدا ، فراتیس هەولیدا ناوچەی ( گوردۆینێ ) لە تیگران زەوت بکات ، پۆمپێی نەیهێشت هەوڵدانەکەی سەربگرێت ، بەڵکو خۆی ناوچەی ( گوردۆینێ )ی داگیرکرد ، لەو کاتەدا فراتیسی پاشای پورث

لەشکرەکەی خۆی کشاندەوەو داوای پەیمانو ڕێك کەوتنێکی نوێی لە نێوانیاندا کرد ، بەڵام پۆمپێ گوێی نەدا داواکارێکەی فراتیسو ناوچەی ( گوردۆینێ )ی گەڕاندەوە ژێر دەسەڵات داریتی تیگران هەروەکو لەمەو بەر روونکرا •

پۆمپێی بە پێی ئەو سەرچاوانەی ڕۆمانییە ( بەتایبەتی کتێبەکەی پلوتارخوس ) گەیشتە نزیك دەریای قەزوینو دەستی خستە سەر وولاتی میدیاو ئەتروپاتینا وزوربەی زۆری وولاتی کوردەواری ، ولەم شوێنانەدا رێکخستنیکی یاساییو ئابوریو کومەلایەتی فراوانی بەجێ هێنا •

بێجگە لە زۆر شوینیتر ، ئەو خاکانەی کە کەوتبوونە سەرووی مێزوپوتامیا نێواند دیجلەو فوراتەوە ، کە ناوچەیەك بوو ، پاشاکانیان بەدرێژی مێژوویان لەجەنگدا بوون بۆ داگیر کردنی خاکی یەکتر •

پۆمپێی هەموو ئەم ناوچانەی دابەش کردە نێوانیان تەنها وولاتی ئەدیابێنێ ( حذیاب ) درایە پورثەکان ، بەڵام هەروەکو ووترا گوردوێنی ( ناوچەی دیاربکر ) درا بەتیگران و هتد •

ئەم ناوچانە بەسایەی پومپێی دەستووریان بۆ دانرا بەبایەخ دانی بە بوژاندنەوەی ژیانی هیللینزم ، کە ئەم ناوچە هەمەجۆرانەی بەیەك گرتەوە لەژێرسیبەری دەوڵەتی شاردا ( پۆلیس ) •

لەبەر ئەمەش بوو پۆمپێی هانی خەلکی دەدا لەشاردا بژین و خۆی سی و نۆ شاری لە ئاسیای بچوك و سوریادا دروستکردبوو و لە هەموو شوێنێکدا ئۆتۆنۆمی دەبەخشیە وولاتە ( دەولەتە ) ناوچەییەکان پاشان هانی ئەو کەسانەی دەدا کە سیاسی بوون بۆ بەدەست هینانی مولکایەتی زەوی و زارو لە بەرهەمی ئەو زەوی یانە یەك بەدە بدرێت بەسەرکردایەتی رۆم • ئەمە بێجگە لەو قانونە کە کۆکردنەوەی ( رەسمی ضریبە ) مافی درایە دەست دەستەلاتداریتی شارەوانی هەر شارێك کە پاشان لەگەل رۆمانەکاندا بەکۆمەلی کۆدەکرایەوە •

ئەم سیاسەتەی پۆمپێی لە روژهەلاتی ناوەراستدا دوو شتی بوژاندەوە ، یەکەم ژیانی هیللینزم ، کە بلاوبوونەوەی زمان و نوسین و کەلچەری یونانی ئاوێنەی راستەقینەی بوو • دووهەم باری ئابووری زۆر گەشایەوەو دانشتوانی بەر سنوری ئیمپراتوریەتی رۆما وەصفی ئابوری رۆژانەیان زۆر چاکتر بوو لە شوێنانی تر •

ئەم دوو دیاردەیە لە دەستنووسەکانی هەوراماندا بەئاشکرا دیارن چونکە لەم کاتەدا تۆمارکراون و ئەو کارەساتانە دوور نەبوون لە هەورامان و دانشتوانی کە ئەمانەش هەر بەشێك بوون لەو رووداوە مەزنانە •

لە رۆمادا پاش کوشتنی یولیوس کەیسەر[٢٧] سالی ٤٤ پ•ز هیچ کەسێك لە جێی ئەو دانەنرابوو کە ببێت بەجێ گری ، لەبەر ئەمە گێچەلێکی گەورە لە رۆمادا پەیدابوو ، بەلام حیزبی

کەیسەر توانی حوکم لەوێدا بپارێزێت ولەسەر ئەم حیزبـــــە مارکوس ئەنتونیوس ( مارك أنطونی[٢٨] )ی کونسول لەگـەڵ چەند کەســـێکیتر راوێســـتا بوون • بەبێ چاوەروانی ، ( ئوکتاڤیوس )، کە کوری کەیسەری ( بەخێوکراو-بالتبنی[٢٩] ) بوو بەرامبەر بە ئەنتونیوس پەیدا بـــووو هاتەوە رۆماو داوای میراتی کەیسەری دەکرد ، هەرچەندە ئەنتونیوس زۆر بایەخـی بەم دوژمنە لاوازە نەدا ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر بەدەست ئەمیش لەناوچوو ، کە بووبوو بە هێزێکی گەورە • **(وێنە ژمارە ٤٠)**

پاش پەیمانی ( تارێنتوم[٣٠] ) نێـــوان ئـــەم دووانەدا ئەنتۆنیوس بەرەو رۆژهەلاَت بۆوە ســاڵی ٣٦ پ•ز بە رێگای ئەرمەنستانەوە خەریك بوو بۆ ( میدیا وئەتروپاتینی ) بچێـــت ولەوێوە پەلاماری پورثەکان بدا ، بەڵام ئەرمەنەکان یارمەتـــی پورثەکانیان دا وئەنتۆنیوس لەم ســـــــاڵەدا ( لە رۆژهەلاَتی ناوچەکانی کوردنشین ) شکستی هیناو کتوپر گەرایەوە دواوە بۆ ئەوەی لەشکرەکەی بپارێزیت ، کە ٢٠،٠٠٠ سەربازی لەناو چووبوو[٣١] وازی لە پەلاماردانی پورثەکان هینا وئوکتاڤیوس کە بەڵێنی دابوویێ بە یارمەتیدانی بەجێی نەهێنا بـــــــە بیروباوەری نیلسون دوابواز ، ئەنتۆنیوس ( مارك ئەنتوانی ) لەگەڵ میدیەکاندا رێکەوتبوو ، کە پێکەوە بچن بەگـــــــژ پورثەکاندا ، بەڵام ئەمان بە یارمەتی ( ئەرتاکسس ) شاهزادەی ئەرمەن کە پەنای هێنابۆە لای پورثەکان توانیان ســـەربکەونە سەر رۆم و میدیەکاندا[٣٢] • پاش ئەم کارەساتە ئەنتۆنیوس لە

شاری ( ئەنتاکیا )دا ساڵی ٣٧ پ•ز مارەی کیلوپاترای بری ، کە بوو بەهۆی فراوان بوونی ئاســــــووی تێکچوونی لەگەڵ ئۆکتاڤیانوس‌دا وساڵی ٣٤ پ•ز لە شاری ئیسکەندەری‌یە لـە میسردا ئەنتونیوس کیلیوپاترای ناونا بە ( پادشای پادشایان )و حوکمرانی میسر وکوپروس و کریت وفەلەستین ، هەروەها ناوی ( بەتلیموسی کەیسەر ) وکوری نا بە ( پادشـــــای پادشایانی ) ئەرمەنستان و میدیاو پارثیاو کورەکەی‌تری ناونا بە پادشـــــای سوریاو فینقیاو کیلیکیا •••هتد • ئەم دان پیانانە نیشانەی ئەوە بوو کە هەرچی ئەو وولاتانەی لەشـــــکری رۆمانی داگیری کردبوون بەبێ شەر خرانە ژیر دەستی پادشایەتی میسر •

ئەم کردەوەیە بوو بە هۆی هاتنەوەی ئۆکتاڤیانوس بـــە لەشکریکی گەورە بەگژ ئەمانەدا ولە کۆتایی جەنگێکی فراواندا ئەنتونیوس و کلیوپاترە ومنداڵەکان خۆیان کوشتەوە هەروەکو لەمەو پێش باس کرا[٣٣] •

پاش ئەوەی ئۆکتاڤیانوس لە هاوینی ساڵی ٣٠ پ•ز شاری ئیسکەندەریەی داگیرکرد لە میسردا دەستی کرد بە رێك خستنی وولانەکانی رۆژهەڵات وپاشان ساڵی ٢٩ پ•ز گەرایەوە شاری رۆما •

لە کاتێکدا ئەم رووداوانە ، کـــە لـــە ئیمپراتۆریتی رۆمانیدارووی دەدا ، هەمان گیروگرفت لە ناو سیاســــەتی ناوەندی پورثەکاندا هەبوو • ئەم گیروگرفتانە کە پەیوەندی بە سەردەمی دێکومنیتەکانی هەوراماندا هەیـــە ، هەرچەندە زۆر

ڕوون نەبۆتەوە لە کاتی دۆزینەوەیاندا ، بەڵام پاش تێپەڕ بوونی پتر لەنیوە سەدەیەك هەندی نێوی ئەو پادشایانە کە نێویان بە شیوەی ( ئەرساکیس ) لە دێکومینتەکاندا تومار کراوە ئاشکرا بوون کاتی فەرمانڕەوایی‌یان زانراوە •

هەر لەو کاتەدا کە ئوکتاڤیانوس سەرکەوتۆتە سەر لەشکری ئەنتونیوس وکلیوپاتراوە دەستی کردوە بە ڕێك خستنی وولاتەکانی ڕۆژهەڵات ( کە وولاتی کۆردوێنیو ئەدیابێن ( دیاربکرو هەولێر ) بەشێك بوون لەو وولاتانە ، تیرداد ناوێك توانیویەتی بە لەشکرێکی تایبەتی فەرهاد لە حوکمی وولاتی بورث دوور بخا ، ئەمیش بۆیە پەنای بردۆتە لای خێڵەکانی ساکا ( سکیث ) لە سەرووی ڕۆژهەلاتی وولاتەکەیاندا •

ئەم فەرهادە ( فرائاتیسی چوارەم کە لەمەو بەر باس کرا - بڕوانە وێنەکەی لە کۆتایی ئەم باسەدا )ە وتیرداد پاش ئەوەی بەرانبەر ئەنتونیوس شکستی هێنا لە جەنگێکدا ، ولە شکرەکەی بێ هێز بوو ، پاشان هەروەکو زانیمان ئوکتاڤیوس لە میسر گەڕایەوە بۆ ڕێك خستنی وولاتەکانی ڕۆژهەڵاتو لە ئاسیای بچووکدا لە زستانی ٣٠ - ٢٩ پ•ز خەریکی ئەو مەبەستە بوو ، فەرهادی چوارەم بە یارمەتی خێڵەکانی سەکەس توانی بە سەر ( تیرداد )دا زاڵ بێت وئەمیش پەنای بردە لای ئوکتاڤیوس ، ولە بەهاری ( ساڵی ٢٦ پ•ز ) تیرداد جارێکی‌تر بە هێزێك لە ڕوباری ( فورات ) پەڕیەوە ولەو ناوچەیەدا بەرامبەر یەکتری شەڕیان کردوە وپاش ئەم جەنگە تیرداد بە

ناوی ( دوهەم ) لە پارەکاندا ناوبانگی دەرکردوەو بۆ ماوەیەکی کەم حوکمرانی کردوەو ئەو پارانە کە بەنێوی ئەمەوە لە سکە دراوە تەنها دەگەڕێنەوە سالی ٣٦ پ٠ز پاشان پەنای بردۆتە هێزی ئوکتاڤیوس وکورەکەیشی هەر لە لای رۆمانەکاندا ماوەو بەنێوی ( گایوس جولیوس تیریداتیس ) ناوبانگی دەرکردوە ، بەلام زۆری پێ نەچووە کوژراوە(٣٤) •

وادیارە ئەم تیرادە بە زوویی لە حوکم دەرنەکراوە ، چونکە پارەیەکی پورتی بە نێوی ئەوەوە ( سالی ٢٥ پ٠ز ) کە لە شاری ( سەلوقیە ) لە سکە دراوە هەر باو بووە ، لەگەل ئەمەشدا دوو مانگ پاش چاپ کردنی پارەکە شاری ( سەلوقیە ) کەوتۆتە دەست فەرهادەوەو ئەمیش بە نێوی خۆی پارەی لە سکە داوە ولەمەو دوا نێوی تیرداد بە هیچ جۆرێك لە مێژوودا نەهاتوە • بێ گومان ئەو ( رەزە ) کە لە دێکومێنتی دوهەمدا فرۆشراوە پەیوەندی بەسەر دەمی ئەم فەرهادەوە هەیە ونێوی هەر چوار ژنەکەی لەم دێکومینتەدا تومارکراوە کە نێویان ( ئۆلینێر ، وکلیوپاتراو باسیرتا بیثێبیاناپس ) بوون •

## پێوەندی کارەساتەکانی سەدەی یەکەمی پ.ز بە دەستنووسەکانی هەورامان

لەمەوبەر چەندیاردەیەکی گرنگمان دی،کە پەیوەندیان بەکوردانی سەدەی یەکەمەوە هەبوو ولێرەدا بەم جۆرەی خوارەوەو ، لە ژێر تیشکی ئەو کارەساتانەی کە لمەوبەر باس کران ، روون دەکرێنەوە :

١ - زۆربەی زۆری نێوی کەسی لەم دێکومێنتە مێژوویانەهەورامان سەر بە زمانی رەسمی دەولەتی پورثە کە ئەمرۆلە زمانی کوردیەوە دوور نیە ، وهەندێکی لای کوردان باوە •

٢ - ئەم نێوانە پەیوەندیان بەو ئاینانەوە هەیە ، کە پێش چەند سەدەیەك نێوی خوداکانیان لە وولاتی کوردەواریدا پەیدا بوە ، پاشان ئەم دیاردە ( روحی )یە لەگەڵ ژیانی (مادی)ی هیللینی‌دا تێکەڵاو بووەو کاری کردۆتە سەر نێوەکانو کۆتایی هەموو ئەم نێوانە بەشێوەیەکی یونانی تەواو بووە•

٣ - ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەلف وبێ دوان لە نوسراوەکان ئەلف وبێیکی یونانی‌یە لە بنەرەتدا ، بەلام لەبەر پێویستی‌یەکی زمانی ناوچەیی‌یەکەو هەروەکو دیاردەیەکی هیللینی ، هەندی نیشانەیەك و واژەیەك لەم نوسراوانەدا تومارکراوەو ووشەیەکی باو بوە لەم وولاتانەدا و تا ئیستاش لە هەندێ ووشەی کوردیدا بەجی‌ماوە وەکو ( کەی‌وانو - کەی‌بانو )•

٤ - لە لایەن شێوەی یاسایی‌یەوە ( قانونی ) ، ئەم بەلگەنامانەوا دیارە پەیوەندیەکیان بە بوژاندنەوەی قانونەکانی هیللینی ، کە لە لایەن پۆمپێی لە رۆژهەلاتدا ژیاندرایەوە هەیە ، چونکە ئەم ناوچەیە دوور نیە لەوولاتی گۆردوێنی‌و ئەدیابێنی ( هەولێر )و کەرخا بێت سەلوخ ( کرکوك ) کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری سیاسی‌و کەلچەری ئەم جیهانە سەرلەنوێ ، هەر چەندە لە

دێکومێنتی سێهەمدا ( ١١ پ•ز ) کـــە بە ئەلف وبێی ئارامی تومارکراوەو لە پاش ئەوانیتر بە چەند ســـاڵێك ( پاش ٧٧ ساڵ ، ٢٠ ساڵ ) نوسراوە ، ئەم کاریگەریەی هیللینی کزبوە تا وای لێدێت پاش چەند ساڵێك تر ( پاش پەیدا بوونی عیسای مەسیح ) بە یەکجاری دووربێتەوە لە جیهانی روژهەلاتیەکانەوە بەگشتیو لە وولاتی کوردەواری بە تایبەتی ، وکاریگەری هیللینی لە دێکومێتی سیهەمدا تەنها لە مێژویەکەیدا دیارە •

٥ ـ لە دێکومینتەکاندا دیارە کە ژن وژن خوازی نێوان بـرا وخوشك و دایك دیاردەیەکی ئایینیو قانونی بوە چ لـە وولاتی پورثداو چ لە وولاتی ئەرمەنیدا ، بێگومان هەر واش بوە لە وولاتی کوردەواریدا • ئەم دیاردەیە هـەر چەندە لای هەندێ لە سەرکردەکانی رۆم باو نەبوە بـەلام بەلگە زۆرە کە لەوێشدا ئەم دیاردە کۆمەلایەتیە پەیرەوی کراوە •

بەوێنە پاش جەنگەکەی ئەنتونیوس زۆر لە رومانەکان بە دیل گیران بە دەست پورثەکانەوە ( نزیـکەی ٢٠ر٠٠٠ کەس ) هەروەکو لەمەوبەر باس کرا ، بەلام ئەم دیلانە بەرەلا کرانو گەرانەوە وولاتەکانیان لەبەر ئەمە ســــــالی ( ٢٠ پ•ز ) ئەوگوستوس بە دیاری کچێکی ئیتالی بە نێوی موسا ( بروانە وێنەی ئەم ئافرەتە لەگەل ئەم لێکۆلینەوەدا )ی نارد بۆ فەرهادی چوارەم ولەم ئافرەتە کورێکی بوو کە هەر بە فەرهاد ( فەرائاتیس

پێنجەم ) ناوبانگی دەرکردو لە ساڵی ( ٢ پ•ز ) موسا وەکـو شاژن داوای تاج وتەختی بـــۆ کوڕەکەی دەکرد ، فەرهادی چوارەم بەزەهر خواردن لەناوچوو ، وفەرهادی پینجەم لە جیٚی دانیشت ودایکی خۆی ( موسا ) کە رۆمانی بوو شـــــووی پیٚ کرد[٣٥] •

٦ ـ ئەو نازنێوە کە بە یونانی بە شێوەی ( باسیلیوتتوســـــ باسیلیوس ـ پادشای پادشایان ) تومارکراوە لە کوردیدا نەماوە ، کەچی لە زمانی عەرەبیدا شێوەی ( باســـل )ی وەرگرتوە وهەروەها ووشەی ( البسالة ، استبسل ••هتد) لیٚ دەرهاتوە بەلاٚم بە واتا کۆنەکەی یونانی لـە عەرەبیدا بەجیٚ ماوە •

٧ ـ لەگەڵ ئەوەی کە دووان لە دێکومێنتەکان ( سالانی ٨٨ ، ٢٢ ) بە ئەلف وبیٚی یونانی نوسراون ، بەلاٚم دەقـــی نوسراوەکان و نێوی پادشایان باری سیاسی ئەو ناوچەیە بەدیاردەخەن ، کە لەژێر دەست پورثەکان بووە ، وبەهیچ جۆرێك نێویکی رۆمانی وەکو رووبەکی سیاسی لـــەم نوسراوانەدا تۆمار نەکراون ، هەروەها ئەوەی سێهەم نێوی هیچ پادشـــایەك لەســـــر تۆمار نەکراوە واتە ناوچەی هەورامان لەباری سیاسی‌یەوە سەر بە رۆما نەبووە لـــەم سالاٚنەدا •

٨ ـ ئەو نازنێوەی پادشایانەی پورث ( ئەرشاك ) کە لە بنەرەتدا نێوی باپیرەگەورەی ئەم بنەماڵە بووە بە شێوەی یۆنانـی

( ئەرساكیس ) تۆماركراوە • ئەم نێوە كەسیە بنماڵـەی پورث بۆتە نازنێو بۆ هەموو پادشـایانی ئیمپراتوریێتی پورث لە دواییدا • بەڵام بەپێی ساڵی تۆماركردنی ئـەم نوسراوانە دەتوانرێت بزانرێت مەبەست بەو ( ئەرساكیس )ە كێیە •

٩ – لە راستیدا چەرخی سەلوقی لە یەكی نیسان ساڵی ٣١١پ•ز دەست پێدەكات • بەڵام چەرخی ئەرشـاكی لە یەكی نیسانی ٢٤٧ پ•ز دەستیپێكردوە ، واتە پاش سـەلوقی بە ٦٤ ساڵ ، هەرچەندە لە هەندی سەرچاوە گومان هەیە، كەوا ئەم چەرخە سەلوقی‌یە ساڵی ٣١٢ پ•ز دەسـت پێكردبێت[٣٦] ، بەڵام لە سەرچاوە مێخیەكانی وولاتـی بابل ئەوەی یەكەم ( ٣١١ پ•ز ) دەكرێت بە سەرەتای ئەو چەرخە •

لەبەر ئەو راستیەی سەرەوە ، مانگی ئەپیلایوس سـاڵی ٢٢٥ی سەلوقی ، كە لە دێكومێنتی یەكەمدا ( بەهـەردوو دەقەكەیەوە ) تۆماركراوە دەكاتە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ٨٨ی پێش زایین • ساڵی ٢٩١ سلوقی كە لەسەر دیكومینتـی دوهەمدا تومار كراوە بەم حیسابە دەكاتە سـاڵی ٢٢/٢١پ•ز ساڵی ٣٠٠ی سەلوقی لەسەر دێكومێنتی سێهەمدا دەكاتە ١٢/١١ پ•ز •

١٠– لەم دێكومێنتانە نازنێویكی‌تر بە شێوەی ( فیلهللینوس – بە واتای خۆش ویسـتی هیللینی ) سـەبارەت بەنێوی

ئەرساكیس ( ئەرشاك ) بەكار هاتووە • ئەم نازنێوە زۆرجار لەلایەن پاشـــایانی پورث بەكار هاتووە ، بەڵام لەم دوو دێكومێنتەدا بێجگە لـــەم نازنێوە چەنـــد نازنێویكیتر بەكارهاتوە وەكو ( باســـیلیوس باســـیلیون ئەرساكوی ئیورگیتۆی دیكایۆی ئەپیفانوس فیلهیللینوس ) واتە پادشـــای پادشایان ( ئەرشاك )ی خێردار دادپەروەر پرشـــنگدار خوش ویستی هیللین ، لەپێش هەر نازنێوێكیش ووشەی ( كەی ) بەكارهاتووە • ئەم نازنێوانە لە راستیدا هێشـتا هەر لەسەردەمی میثراداتی یەكەمەوە بەكارهاتوە بەتایبەتی ( فیلهیلین ) بەڵام تەنها ( هیمیروس ) یەكەم پادشا بووە ، كە نازنێوی ( ئەپیفانوس - پرشنگدار )ی بەكارهێناوە • وئەم نازنێوانە هەروەكو گریشمان دەڵێت پێوانێـــــكی سیاسی هەبووە[٣٧] •

١١- بەپێی ئەو شـــیكردنەوە مێژوویی یـــەی رابووردووا دیاردەكەوێت كە دێكومێنتی یەكەم لە ســـەردەمی كۆتایی ژیانی ( میثراداتی دووهەمـــدا ١٢٣ - ٨٨ یا ٧٧ پ•ز ) تۆماركرابێتو مەبەست بە ئەرساكیس هەر میثراداتە ،ئەگەر ( گۆتارز ) نەبێت كە لەنێوان ٩١ - ٨١ دەستەلاتدارێتـی پەیداكروەو لە نوسراوەكانی بەردینو هەروەها لـــــە نوسراوەكانی بابلدا پاش میثرادات نێوی ( ئەرساكیس )ی بەخۆیەوە ناوە[٣٨] •

هەروەها نێـــــوی ( ئاریازاتیس )ی ژنـی میثراداتـــی دووهەم كە لــە راســـتیدا بـــە ئەرمەنی ( ئەوتۆمایە ) كچی

( تیگرانس )ە پادشای ئەرمەنستان و نێوی پادشای ئەرمەنیش بە نازنێوی پادشاهی مەزن ( باسیلیوس میگالو ) بەکارهاتوەو لەگەڵ میثراداتی دووهەمدا پەیوەندی باش بووە ، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ( رەهینە )یی ئازادکراوەو بۆتە پادشای ئەرمەنستان بەلاّم بێ گومان هێشتا نازنێوی پادشای پادشایانی وەرنەگرتوە ، واتە ئەم دێکومینتەی یەکەم پێش پەلاماردانی تیگران بەسەر سوریاو فینیقیاو کەپەدوکیادا نوسراوە ، ولە سەردەمی میثراداتی دووهەمدا نوسراوە ( بروانە وێنەی ئەم پادشایە ) وادیارە ئەوتوما ( ئاریازاتیس ) دەورێکی گرنگی گێراوە لای مێردی ( میثراداتی دووهەم ) بۆ رزگارکردنی باوکی ( تیگران )ی ئەرمەنی کە تەمەنی گەیشتبووە ٤٥ ساڵ بۆیەو لە ساڵی ٩٤ پ•ز لە جێی ( ئەرتوئاسدیس ) بوو بە پادشای ئەرمەنستان •

پاش نوسینی دێکومێنتی یەکەم بەدوو ساڵ ، واتە ساڵی ٨٦ پ•ز تیگران ، کە چەند شوێنێکی داگیرکرد بوو بە ( پادشای پادشایان ) وناوبانگی جیهانی دەرکرد ، وهەر لەم ساڵەدا بوو پاش مردنی میثراداتی دووهەم لەگەڵ کورەکانیدا تێك چوو ، وولاّتی ئەتروپاتیناو میدیای داگیرکرد •

١٢- هیچ گومان لەوەدا نیە کەوا مەبەست بە ( ئەرساکیس ) لە دێکومێنتی دووهەمدا فەرهادی چوارەمە ( فەرائاتیس ) ، کە کوری پیروز ( پاکوروس ) بووەو ساڵی ٣٧ پ•ز پاش کوشتنی ، باوکی دەستەلاتی گرتۆتە دەست • ئەم

پادشایه بەربەرەکانی لەگەڵ مارکـــوس ئەنتونی کردوەو بەسەریا زاڵ بووە هەروەکو لەمەوبەر روون بووەوە ، پاش ئەوەی دیلە رومانی‌یەکانی بەرداوە کەنیشکێکی ئیتـــالی بەنێوی ( موسا )ی پێشکەش کراوە کە پاشان بۆتە دایکی **فەرهادی پێنجەم • ( بروانە وێنە ژمارە ٤١ )**

فەرهادی چوارەم کورەکانی ( سیراسپادانیس ، فەرائاتیس، رۆداسپس ، ڤونونیس )ی ناردۆتە وولاتی رۆمانو ئیمپراتوری **پێ‌سپاردوون • ئەمە نیشـــانەی ئەو پەیوەندیە پتەوەیە نێوان** هەردوو جیهانی هیللینی کە لەم دێکومێنتەدا دیارە •

١٣ـ لە دێکومێنتی دووهەم وادیارە ، کە فەرهادی چوارەم پێش کەنیشکە ئیتالیەکە ( موسا ) چوار شاهزادە ژنی بووە کە نێویان بە ( ئۆلینییر ، کلیوپاترا ، باسێرتا ، بیسثیبانایس لەم دێکومێنتەدا تۆمار کراوە ، وئەمانە هەموویان ساڵانی ٢١/٢٢ شاهبانو بوون •

لە نێوکانیان دیارە ، هیـــچ نەبیت ئۆلینییرو کلیوپاترا شاهزادەی سەلوقین و ئەوانی‌دی لەوانەیە خەلکی میدیـــاو ئەتروپاتین بن و لە بنەماڵەی شازادەکانی ئەو ناوچانەبن هەروەکو سترابون دەیگێرێتەوە[٤٠] •

١٤ـ دێکومێنتی سیهەم ، کە بە ئەلف وبێی ئارامی ســـالی ١١/١٢ پ•ز تۆمارکراوە ، هەر دەگەرێتەوە ســـەردەمی حوکمی فەرهادی چوارەم بە چەند ساڵێك پێش کوشتنی

لەلایەن ( موسا )ی ژنیو کورەکەی کە فرائاتیس ( فەرهادی پێنجەم ) باوبانگی دەرکردبوو •

بەگشتی دەتوانریت بووترێت ، کەوا ئەو سەردەمەی نێوان سالی تۆمارکردنی دێکومێنتی یەکەم و دووهەم ، رۆژهەلاتی ناوەراست بە دەولەتی پورتو میدیاو ئەتروپاتینو ئەرمینیاو ولاتی کوردەواریو ئەنادولو سوریاو کەپەدوکیاو کیلیکیا ( ئاسیای بچوك ) بەگشتی لە گیروگرفتێکی سیاسی و عەسکەری ئالۆزدابوون •

بەلام سەردەمی بەلگەنامەی دووەمو سێیەم باری سیاسیو عەسکەری لە هێمنیو ئاسایشدابووە لەگەل ئەمانەشدا هێشتا بیری هیللینی هەر زال بووە بەسەر شێوەو جۆری ژیانی ئادەمزادا لەم هەرێمەدا •

## ئەنجام

## زمانی کوردی بناغەو بەرهەمێکی ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی ووڵاتی کوردەواری‌یە

به پێی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی گشـــــــــتی ، وا دەردەکەوێت زمانی کوردی ، کە مەرجێکی گرنگی نەتەوایەتی کوردانە لە مێژوودا ، وە بەراوردکردنی لەگەڵ کارەساتەکانـی مێژوویی و زمانە کۆنەکانی وڵاتی کوردەواریدا ، ئەوەمان بـۆ دەردەخات کەوا سەرەتای ئەم زمانە لە پلەیەکی تایبەتــــیدا ( هەزارەی دووەمی پێش زایین ) بناغەی خـۆی لەو وڵاتـــەدا چەسپاندووە ، هەرچەندە ناتوانرێت نێوی ( زمانی کوردی )لێ بنرێت [ بڕوانە بەشی چوارەمی کتێبە ]تاکو ئەو سەرەتایە پاش موتوربەبوونی بە زمانە ناوچەییەکانو کەوتنی بەر شەپۆلـی کاریگەری زمانەکانی مادو سکیثو کیمیریو ئالانو تێکەڵاو- بوونی ئەم دیاردەیەش بە کولتوری یونانیو ئارامی لە چەرخی هیللینیدا بە ڕێی دەستەڵاداریێتی ڕامیاریو ئایینیدا کە لـــە گشت ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا ڕووی دابوو ئەو ئەنجامە پێگەیاندووە • ئەمجا دەتوانرێت بـــەو ئەنجامە زمانەوانییەی کۆتایی هەزارەی یەکی پێش زایین ، کە دانشتوانی کوردستان پێی دواون ، بگوترێت ( شێوە کۆنەکانی زمانـــی کوردی ) چونکە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا هەیە •

ئەو پاشماوە زمانەوانییەی کە لەم کتێبەدا بەرچاوکەوتو هی دانشـــتوانی کۆنی چیاکانی زاگروسو ڕۆژهەڵاتی ئاســـیای بچوك و سەرووی مێژوپوتامیابوو ، چ سەربەخۆ یا بە ڕێی پارچە نووسراوەکانی سومەریو ئەکەدیو ئاشوریو میســری کۆن مابێتەوە ، گومان لەوەدا ناهێڵێت کە زمانێکی گشتی یا چــەند

شێوه زمانێك سەر بە خێزانە زمانێکی تایبەڵی دوور لە جیهانی هیندو ئاوروپایی و جیهانی سامی لەم هەرێمە فراوانەی خوارووی قەفقاسیادا ( کوردستانو ئەرمەنستان ) بەکارهاتووە • پلەبەپلە فەوتانی ئەم شێوە زمانە ناوچەیی‌یانە لە مێژوودا بەکاریگەری سیاسیو کولتوری ئاشوری‌یەکان لە رۆژئاوادا و کاریگەری کۆچەرانی ئاری ( میتانی )و ئێرانی ( مادیو سکیتیو کیمیری ) لە باکورەو رۆژ هەڵاتەوە رووی‌داوە ــ بەڵام ئاشکرایە کەوا جیهانی زمانە هیندو ئاوروپاییەکان پتر لە جیهانەکانی زمانەوانی دی سنوور بۆ سەرەتای زمانی‌کوردی داناوە • هەر لەبەر ئەمەیشە گرانتوڤسکی دەڵێت کەوا « لایەنی ئەثنوگنیزی کوردەکان بەو کۆچە گەورەی هۆزە ئێرانی‌یەکان پێوەستە کەلە رێگەی قەفقاسیاوە پەریوەنەتەوە بەرەو وڵاتەکەیانەوە ، وئەم دیاردەیە لە کوردستان‌دا پێش ئەرمەنستان رووی داوە ، چونکە هێزێ دەولەتی ئورارتو بۆ کاتێکی دووورودرێژ دەستی هاویشتبوە سەر وڵاتی ئەرمەنەکان، بەم جورە ئەساگارتیەکانو سکیث وکیمیریەکان لە قەفقاسیاوە بۆ کوردستان شۆربوونەتەوە »[1] •

پاشماوەکانی ئەرکیولوژی لەپاڵ ئەو پاشماوە زمانەوانیەدا وا دەردەخات کە کۆچەرانی ئاری زمان پێوەندیان نەك تەنها بەقەفقاسیاوە هەبووە بەڵکو لەگەڵ ناوچەکانی خوارووی روسیای ئەمرۆ تا دەگاتە ناوەراستی کەرتی ئەوروپاش[2] هەر هەبووە • بەڵام تیوری پەرینەوەی دۆڵەکانی قەفقاسیا هەر لەدانو سەندن‌دا بووە ، پوشیو هوزینگو سولیمیرسکیو هاوسخیلدو کەسانی

دی لەو باوەڕەدا بوونو[٣] یەکێك وەکو گریشمان هەر سوورە لە سەر ئەو تیوری یە[٤] . بەڵام ئەم دیاردەیە لە کاتێکی درەنگتردا ، بەتایبەتی سەبارەت بەکۆچکردنی سەرماتو ئالانەکان ، بەپێی بەڵگە مێژوویی یەکانی یونانو رومان ، بە هەمان رێ بووەو لە دەربەندەکانی رۆژئاوای زەریای قەزوینەوە بەرەو باشور هاتوونەتە خوارەوە[٥] . و هەواڵی ئەم کۆچەی سەدەی یەكو دووی زایینی یە لای یوسیفی فلاڤیو دیون کاسیوسو کەسانی دی تۆمارکراوە[٦] و ئالانەکان لەگەڵ کورددا تێکەڵاوبوونو هەتاکو ئیستا ئەم ناوە ئەتنونومی یە وەکو ناویکی جوگرافیش لە کوردستاندا هەر ماوەتەوە[٧] هەروەکو چۆن لە پێش ئەمانەدا ( ماردەکان ) کە سوارەی چاك بەکەوانەو تیرەوە بەناوبانگ بوون هەروەکو پلوتارخ دەڵێت [Plut. Luc. 31, 9] بەرەو رۆژئاوای باشور رۆیشتوون تا لە ناوچەی ماردین دانیشتەجێ بوونو لە کاتێکی درەنگتردا لایەکی نەتەوایەتی کوردیان پێك هێناوە[٨] .

جا لە ئەنجامی ئەم شی کردنەوانەی زمانو مێژوویی یەی وڵاتی کوردەواری یەدا سەرەرای ئەوەی کە هێشتا پشکنینێکی گشتی تەواوی لێ نەکراوەو بۆتە هۆی روون نەبوونی پلە کۆنەکانی مێژووی ئەو وڵاتە ، بینیمان کەوا لەم بوارەدا دەتوانرێت پشت بەو نووسراوانەی چینی دەستەڵاتدارانی کۆنی دەوروبەری وڵاتەکە وەکو ئاشورو ئورارتوو هی دی ببەسترێت لەو پارچە نووسراوانەدا لەپاڵ رووداوە سیاسیو جەنگیو کۆمەڵایەتیەکان

زۆر ئێوی کەسیو توپونومیو ئیداری وا هەیە کە بە مێژووی وڵاتی کوردەوە پێوستەو لایەنێکی گرنگی مێژووی کۆنی ئـەو وڵاتە پڕ دەکاتەوەو هەروەها پێوەندیەکی زمانەوانی تونـدی لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا هەیە و دەتوانرێت بگوترێت کـە زمانی کوردی پاشماوەی زمانی خاون ئەو ئێوانەن وەیا ئـەو دانشتوانەن کە ئێوی کەسیو هۆزیان واتای ئەمرۆ لە کوردیدا بەجێ هێشتووە بە زمانێك دواون کە شێوەیەك لە شـێوەکانی زمانیکوردی کۆن بووە •

بەم جۆرە دەبێت زنجیرە وونبوونەکانی مێژووی کوردو زمانەکەی بەرێی بەراوردکردنی ئەو ئێوانە لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا سنووردار بکەین بـۆ ئەوەی بتوانین لە دواییدا پلـەی گۆڕینی زمانەوانیو پەیـــدابوونی مەرجینەتەوایـــەتی کورد روونبکەینەوە •

لە سەرەتادا وەکو ئاشکرایە ئەو گۆڕینە زمانەوانییە ، کـە لەسەر دۆراندنی زمانە کۆنە ناوچەیییەکانی زاگروسو کوردستان ( وەکو لولوییو کوتیو هـوری بە گشتی ) بە رێی زمـانی هیندو ئارییەکان رووی‌دابوو ، کە بەرەبـــەرە بەهێزی چینی دەستەڵاتداری دەوڵەتی میتانی لە سەرووی مێژوپوتامیـــادا بڵاوبۆەوە و ئەنجامەکەیشی ئەو ئێوانانە کە لە پێـــش کۆچی مادەکاندا بۆ ئەم هەرێمە لە تابلۆکانی ئاشوورییەکاندا لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا بەرچاودەکەون ، کەچی هێشـــتا هــەروا دەزانرێت کە خـــاوەن ئەو ئێوانە ســـەرۆك هۆزانی ئێرانین

وئەشگووترێت کەوا « بەڵگە هەیە بۆئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی پێش زایینٖدا هۆزی ئێرانی گەیشتۆتە تاکو سەرووی روباری فوراتەوە ( ناوچەکانی کۆموخ ـ کۆمەگینی ) و نێوی کەسی وەکو ( ئەسپاتیدا ) لەو ناوچانەدا بەکاربێت »(٩) بەڵام بۆچی ئەمە بەڵگەی بڵاوبوونەی هۆزەکانی چینی دەستەڵاتداری دەولەتی میتانی نەبێت کە زمانەکەیان هەر لە هەمان خێزانە زمانە هیندوئاری‌یەکانە ، چونکە بۆ یەکەم جار هەروەکو گرانتوفسکی خۆی دەڵێت کە سەرگونی دووەمی ئاشوری ئەم هۆزە ئێرانی‌یانەی لە روژهەڵاتو باکوری گۆمی وورمێدا ساڵی ٧١٤ پ ز بەرچاو کەوتووە(١٠) . لەم بوارەدا دەتوانرێت بگوترێت کەوا پاشماوەی میتانیان لە سەدەی دەیەمو نویەمدا بێ گومان خەلکێکی نیشتەجێ دێهات بوون لە کاتێکدا دەبێت مادەکانو پارسەکان کۆچەربووبن . بەم جۆرەش تیشکی ئایینی هەروەکو زانراوە ، لەناو خەلکێکی نیشتەجێدا سەرهەڵدەدات وبڵاو دەبێتەوە ، کە دەبێتە بناغەیەک لە بناغەکانی کولتوری شارستانیەتی ئەو کۆمەڵە . جا بۆیە ئایینی خۆر پەرستن و میثرایزم هەر بەوڵاتی هوری‌یەکانەوە پێوەستەو بووبۆە نیشانەی بینای ئایینی دەوڵەتی میتانیا لە هەزارەی دووی پێش زایینٖدا و ئەو وڵاتە هەر لە کۆنەوە بە مەڵبەندی هەلقوڵانی جۆرە ئاینێکی جیهانی دەژمێردرێت . لە نێوەراستی هەزارەی پێشوودا جۆری پەرستنی خودای خۆر گەیشتە ولاتی میسریش کە بە نێوبانگترین مەڵبەندی شارستانیەتی ئەو سەردەمەبووە و ئەم دیاردەیەش بەرێی ژن خواستنی

پاشایانی خێزانی هەژدەمینی پادشایەتی نوێی فیرعەونەکانی میسر لە شازادەکانی میتانیان بووو باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە نیفەرتیتی‌یە ( تادوهیبـــای کچ توشـــراتتای میتانی ) کە بووبـــوە هۆی هەڵگیرساندنی شورشێکی ئایینی لەلایەن مێردەکەیەوە بۆ پەرستنی خودای خۆر ( ئاتون )• لەلایەکی دی‌یەوە پەرستنی خوداوەند ( میثرا ) کە لە نێوی کەسی بەڵگەنامەکانی هەورامان دیـارە ، رۆلێکی گرنگی هەبووە لە پاشیونی میتانی‌و هیثی‌یەکاندا ، لـە رۆژهەلاتدا بلاوبووەو بەرێگەی دەولەتی رۆمانی‌یەوە گەیشتۆتە ناوچەکانی کەرتی ئەوروپا پاشان ئەم خوداوەندە پلەیەکی بەرزی هەبووە لە هۆشی ئایینی چینی دەستەلاتدارانی ئورستوکراتی رومانی‌داو کاری‌کردبوە سـەر لایەنی رامیاریانەوە • ( بروانە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە ) لە کۆتایی‌دا دەتوانین بلیین کەوا چلە هەزارەی دوو یا لە سەدەی دەو نۆی پێش زایین‌دا ئەو نێوانە کە پێوەستە بە ولاتی کوردەواری‌یەوە و ئەمرۆ دەورێك لە زمـانی کوردی‌دا دەگێرن نیشـــانەی ئەو گۆڕینـە مەزنەی رووداوە مێژویی‌یەکانی هـــەزارەی دووی پ زایین کە لە ســـەرووی مێزوپوتامیاو ئاسیای بچوکدا ( بروانە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە ) رووی‌داوەو پاشان ئەو ناوچـانەی نێوان زەریای قـــەزوین‌و ئازربایجان‌و کوردستان بوونەتە مەلبەندی بلاوبوونەوەی هۆزانی مادەکان کە لە کاتێکی درەنگ‌دا پاشماوەکەیانیان بە پێی یاسای سەرهەلدانی نەتەوە لە جیهان‌دا ، بەنێوی کوردو تالیـش‌و تات بەنێوبانگن[11] ، بەلام زۆرتر ئەم کۆچەرانە لە کوردستان‌دا پاش

رووخانی ئاشورو ئورارتودا له سەدەی هەفتەمی پێش زاییندا بڵاوبوونەتەوە(١٢) • بێگومان بڵاوبوونەوەی ئایینیزەردەشتی، کە ناتوانرێت بناخەکانی لەو ئاینە کۆنانەی دانشتوانی ئەو هەرێمە جیابکرێنەوە ، هۆیەکی گرنگی پەیداکردبوو پەلەکردنی تێکەڵاوی زمانەوانیو کۆمەڵایەتی دانشتوانی وڵاتی کوردەواری کە هەندێك لایەنی لە نێوە کەسیەکانی بەڵگەنامەکانی هەرواماندا پارێزراوە و جۆری بینای هۆشی ئایینیو زمانەوانیو هەروەها شـێوەی نووسین لە ناوچـەیەکی کوردەواریدا ڕوونده‌کەنەوە • بەپێی شیکردنەوەی ئەو نوسینانەش دەتوانرێت هەست بە زمانێك لـە کوردستاندا بکرێت کەلە سەرەتای چەرخی زاییندا لەلایـەن دانشتوانی ئەم وڵاتە بەکارهاتبێت •

# تێبینیو سەرچاوەکان

## پێشەکی : ڕۆڵی زمان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا ( بەندی‌یەکەم )

١ — دەربارەی زمانو زانستی زمانو کۆمەڵە زمانەکانی جیهانو چەند بابەتێکی دی ، کە پێوەندی بە زمانەوە هەیە ، بڕوانە ووشـــەی Language لە ئینسوکلوپیدیای بەریتانی‌دا .

٢ — بڕوانە :

S.N. Kramer., History Begins at Sumer. London 1961, p. 19.

٣ — دەربارەی تابلۆ نووسراوەکەی ئانو بانینی بڕوانە MDEP IV p. XII

وەرگێراوی ئەم تێکستە لەلایەن بارتون نوسراوەتەوە :

Barton, The Royal Inscriptions of Sumer and Akkad (RISA) p. 150-151.

وە لەلایەن هوزینگ بە شێوەیەکی زانستانە شی‌کراوەتەوە ، و لەلاپەرە شـــانزدەو دوای لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی کۆندا بڵاوبۆتەوە :

Hüsing., Der Zagros und Sein Volker, Leipzig, 1908 (" Der Alte Orient " Bd IX, Ht 314) p. 16 ff.

لێرەدا هوزینگ دەڵێت کەوا نێوی ( ئانوبانینی ) پێوەندی بە خوداوەندی عیلامی ( هومبان/ئومبان )ەوە هەیە ( بڕوانە ل ١٨ لە باسەکەی هوزینگ ) . هەروەهـــا بڕوانە ڕای دیاکونوف لە پێشـەکی :

Diyakonov I.M. Istoriya Midi, M-L 1956

لە هەمان کات‌دا تابلۆیەکی دی لەو ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە وە لە لایەن هرتسفیلد لێکۆڵراوەتەوە .

Herzfeld A., "Reisebericht," Zeitschrift der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft. (ZDMG) LXXX (1926, p. 232)

ئەوەی لەم تابلۆیەدا سرنج رادەکێشێت نێویکە ،کە بەشێوەی ( تار-دون-نی ) نووسراوە کە هەمان پاشـــــگری نێوی ئانوبانینی ( ئانو با-نی-نی )یە . **لەبەر ئەمە بەرای هوزینگ ئەم جۆرە** نێوانە لە کۆمەڵی زمانە ( سامی )یەکان نین وبۆ ئاگاداری هەردوو تابلۆکە هی یەك سەردەمن .

ئەمرۆ لە کوردستاندا ئەم جۆرە نێوانە فەوتاون بەلآم نێوی ( میثرا - میترا - میهرا - میهر ) لە چەند نێوو وشەیەکی کوردیدا ماوە وەکو ( میرزا ، میهرەبانی ..هتد ).

٤ - ئەو هۆزانەی ماد ، کە هیرودوت نێوی بردوون شـــەش هۆزن :

| | |
|---|---|
| أ - ئاریزانت | Arizantoi |
| ب - پاریتاکین | Paretakenio |
| ج - بۆوسا | Bousai |
| د - ستروکات | Strukates |
| هـ - بۆودی | Boudeoi |
| و - ماگ | Magoi |

بروانە : هیرودوت ، مێژوو ، کتێبی یەکەم ، بەندی دەیەم و یانزدەیەم .

بۆ سەرپەرشتی ئایینی زەردەشتیو رۆلی ماگەکان بروانە :

S.N. Sokolov., The Avestan Language. Moscow 1970, p. 14 f.

٦ - بروانە باسەکەی ئەبابیف دەربارەی زمانی ئالانەکان :

V.I. Abaev., Osetinskii Yazik i Folklor. I, M-L, 1949, Str. 142.

ئەبابیف گومانی لەوەدایە ، کە زمانی مادەکان کاری کردۆتە سەر زمانی پارسی کۆن . ناوبراو خۆی لەو باوەڕەدایە ، کە زمانی پارسی نوێ تەنها لە ئەنجامی تەواوکردنی زمانی پارسی کۆنەوە نییە ، بەلکو لەسەر بنچینەی زمانی هۆزە

جۆربەجۆرەکانەوە پەیدابووە ، وە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە زمانی مادەکان لەنێو زمانی پارسی کۆن و نوێدا جێگای هەبووە . لەپاڵ ئەو ووشە ئیدارییانەدا ووشەی کەلچەری مادی هەمە جۆر کەوتۆتە سەر زاری میللەتانی دی وەکو ( ؟ ــ ئەسا ــ داروف = داری رەش ــ سیاهدار ) ، ( زورا = زۆری ) ( برەزمەن = خراپە ، بەدی ) هەروەها ووشەی میترا ، فارنا ، ئەینیاهە بەگاهە ... هتد بۆ واتای ئەم جۆرە ووشانە بروانە دیاکونوف ، مێژووی مادەکان ، ل ٦٨ لە چاپی روسی .

٧ ــ بروانە :

R. Ghirshman., Iran. London 1954, p. 109 :

٨ ــ هەمان سەرچاوەی رابوردوو ل ٣ .

٩ ــ بروانە باسە بەنرخەکەی ماموستا عبدالرقیب یوسف لەژێر نێونیشانی : « لە کەلەپوری بەلگەنامەیی کوردی . کوڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١١٠ ، بەغدا ١٩٨٦ ، ل ٧٥ .

١٠ــ لە راستیدا ئارامی هەر لە سەردەمی هەخامەنشی یەوە بووبوو بە زمانی رەسمی ئیمپراتوریەت نەك تەنها لە ناوچە رۆژئاواییەکانیدا ، بەلکو پەلی هاویشتبوە رۆژهەلاتیشەوە تاکو هیندستان ، وە پلەبەپلە جۆرە نوسینێکی تایبەتی پەیدابوو لەو هەرێمانەدا بە (هزوارشن) نێودابوو ، واتە بە ئارامی نووسین‌و بە زمانی ناوچەیی خوێندن . ئەم جۆرە زمان‌و نووسینە تا درەنگ لە زمانی سوگدی ( صغدی )و لە تێکستە بوذی‌یەکاندا هەر مایەوە . بۆ ئەم بابەتە بروانە باسەکەی بایلی لە :

H.W. Bailey., The Legacy of Persia. Ed. by A.J. Arberry. p. 174-199.

هەروەها بروانە وەرگیراوی ئەم کتیبە بۆ زمانی عەرەبی لە ژێر نێونیشانی :

تراث فارس ، القاهرة ١٩٥٩ . ص ٢٢٣ــ٢٥٦ .

## تێبینی و سەرچاوەکان

## پێشەکی : ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی وڵاتی کوردەواری
## ( بەندی دووەم )

١ ـ بروانە : د. عبدالقادر أحمد اليوسف ، الامبراطورية البيزنطية ، بيروت ١٩٦٦ .

٢ ـ دەربارەی نوسراوەکانی کلێسەکانی وڵاتی کوردەواری و هەواڵی پێوەندی هۆزی کۆچەرەکانی لەگەڵ دانشتوانی گوندەکان بروانە نوسراوەکانی توماس قەشەی ناوچەی مەرگە ، ئێکدانەوەی بوج والیس The Historia Monastica of Thomas Bishop of Marga, Ed. Budge Wallis. London 1893.

٣ ـ دەربارەی ئەم میرنشینانە بروانە باسەکەی ڤ مینورسکی لە ئینسوکلوپیدیای ئیسلام ، بابەتی کورد . هەروەها بروانە:

Bosvort K.E., Musulmanskiye Dinastii. Prevod S Angliyiskogo u Primechaniya P. A. Gryaznevich. Moskva 1971.

Amedroz H.F., The Marwanid Dynasty At Mayyafariqin In The Tenth And Eleventh Centuries A.D., J.R.A.S. 1903, pp. 123-155

Amedroz H.F., Three Arabic MSS On History of City Of Mayyafarigin, J.R.A.S. 1902, P. 785 ff.

Marquart J., J.R.A.S., 1902.

هەروەها بروانە : عبدالرقیب یوسف ، الدولة الدوستكية. بغداد ١٩٧٢ .

٤ ـ بروانە :

Minorsky V., Studies In Caucasian History. London 1953, p. 30.

٥ ـ بۆوینە بروانە ئەو پەلاماردانانە لە نووسراوەکانی ابن العبری وتوماسی مەرگە :

The Chronography Gregory
Abu'l Fargi Bar Hebraeus. Being The First Part Of His Political History Of The World. Ed. By Ernest A. Wallis Budge.

The Historia Monastica Of Thomas Bishop Of Marga. A.B. 840, Edite By Ernest A. Wallis Budge. LTT.D. London 1893.

٦ ـ هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئایینی ( مەسیحیەت ) بەرهەلستیەك لەنێوان کلیسەو موگەکانی ئایینی زەردەشتی **لە دەولەتی ساسانیدا پەیدابووبوو . لە سەرەتادا زۆربەی** مەلبەندی مەسیحیەت لە ولاتە شاخاوییەکانی کورددا بووە ، لەبەر ئەمەیە ، کە زۆربەی زۆرداریو چەوسانەوە کەوتبوە سەر دانشتوانی ئەو ولاتە ( بەتایبەتی ناوچەی فەنەك، بازەبدا ، باقەردا ، مەیافارەقین، هەولێرو کەرکوك ) ئەو چەوساندنەوەیە لە سەردەمی حوکمرانی شاهپوری یەکەمو ئەردەشێری دووەمدا گەیشتە پلەیەکی بەرز ، کە هەزاران لەو دانشتوانە وەکو مەسیح هەلواسران . بێ گومان ئەم سیاسەتەش لای ساسانییاندا پاش گۆرینی ئایینی رەسمی دەولەتی رۆمانی ( بیزەنتی ) رووی‌دا ، لەکاتێکدا بۆ بەرژەوەندیەکی رامیاری بەنێوی هاوئایینیەوە ئەم دانشتوانە لەلایەن دەولەتی رۆمانیەوە . بەکاردەهێنران . لەراستیدا یەکەم زۆرداری و ستەمکاری بەسەر ئەمانەدا بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن شاهپوری دووەمەوە بوو ، لە سالی ٣٦٢ ز نۆ هەزار مەسیحی کورد لەگەل ( هیلیودور ) قەشەی ( قەلای فەنەك ) گواسترانەوە ولاتی خوارزم **( بۆ ئەم هەوالانە بروانە : آرثر کرستنسن ، ایران فی عهد** الساسانین ، ص ٢٢٥ ، وەرگیراوە عەرەبیەکەی )و هەروەها نزیکەی شازدە هەزار کەس لەمانە لە ولاتی خۆیاندا

فەوتاون ( کرستنسن ئەم ژمارەیە بە گومان دەزانێت ــ بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ) . بەلآم ئەم بارە لە سەردەمی شاپوری سێیەمو بەهرامی چوارەمدا گۆرینێـــکی هاتــە سەر و لە سەردەمی یەزدەگوردی یەکەمدا هەر بەردەوام بووو پێوەندی نێوان ساسانیان ومەسیحیاندا بەرەو چاکـــــە دەرۆیشت ، و ئەمەش بەرهەمی یا ئەنجامی ئەو رێکەوتنەی نێوان ساسانیانو رومان بوو . بەم جۆرە ســـەرلەنۆی دەستکرا بەچاککردنەوەی کلیسە روخاوەکانو ئازادکردنی دیلەکانو رێدان بە قەشـــەکان لەبەجێهێنانی کاروباری ئاینیاندا . نوێترین بلآوکراوە بۆ ئەم کارەساتانە کتیبـــی ( الأب ألبیر أبونا ، شهداء المشرق ، بغداد ١٩٨٥ )ە .

٧ ــ بۆ زانینی ئەم هەوالآنە بروانە نووسراوەکانی کلیســـەو دیرەکانی کۆنی کوردستان و وەرگیراوەکانی لە ئارامییەوە بۆ زمانانی دی لەگەڵ ســـەرپەرشـــتیو لێکۆڵینەوەی رۆژهەلآتناسەکانی ئەلمانو وئینگلیز وروس .

٨ ــ بروانە : نووسراوەکانی توماسی مەرگە بە تایبەتی لاپەرەکانی ٦٩ ، ٧٣ ، ٥٢٤ ، ٦٤ بەدواوە .

٩ ــ بۆ ناوەرۆکی چینایەتی ( نانەتەوایەتی ــ اللاقومی ) ووشەی کورد و ناوەرۆکی ووشەی ئومەتی ئیسلام ( وەکـــــــو نەتەوەیەك ) بروانە مێژوونووسانی موسڵمان :

أ ــ کتاب مسالك وممالك لابن صوقل ، لێکۆڵینەوەی .
Sir William Ouseley 1800, P. 56, 83.

ب ــ الطبری ، تاریخ الرسل والملوك ، الجـــزء الثانی ، الطبعة الثانیه القاهرة ، ص ٣٩ .

ج ــ ابن الاثیر ، الکامل فی التاریخ ، الجزء الاول ، طبعه لیدن ١٨٦٦م .

ژ

الاصطخری ، المسالك والممالك ، تحقیق محمد جابر عبـد العال الحسینی . القاهرة ١٩٦١ ، ص ٦٨ .

١٠ ــ بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردییەوە ، کە لە ٢٦ــ٧ــ ١٩٨٣ لە شاری هەولێردا سەمینارێکی بۆ گیرا ، ووتەیەکم

بەنێونیشـــانی ( لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە رۆژنامەگەری کوردیدا ) پێشکەش کردو ناوەرۆکی باسەکە شـــێوەی زانستانەی نوســـینی مێژووی کورد بوو ( چەرخی کۆنو ناوەراســـــــتی )و زۆربەی زۆری ئەو بیرورایانە لەم پێشەکی یەدا تۆمار دەکەم . وە لەبەر هۆی ئەو سەمینارەو لەبەر مەبەستی بەستنی یەوە دەبوا باسەکە پێوەندی بـــە رۆژنامەگەری کوردی یەوە بێتو تێدا بایەخ بدەمە رێبازی مێژوونووسین لە یەکەم رۆژنامەی کوردەوە ، کـه بەنێوی ( کوردستان ) لە لایەن ماموستا مدحەت بەدرخانـــــەوە سەرپەرشتی کراوە . هەر کەسێکیش بگەرێتەوە خوێندنی ناوەرۆکی ئەو ووتارە ، کە لە کۆڤاری رۆشـــنبیری نوێ ، ژمارە ٩٩ی ئەیلولی سالی ١٩٨٣دا بلاوبۆتەوە ، دەبینێـــت گەوهەری ئەو باسە روون کردنەوەی رێبازەکانی نووســینی مێژووە ـ منهج كتابة التاريخ ـ و **رۆژنامەی ( کوردستان )** وەکو وێنە لەوێدا باس کراوەو بیرورای ئـــەو روژنامەیە دەربارەی مێژووی کوردو شێوەی نووسینیو نووسەرانیو بەراوورد کردنی ئەوشێوەیە لەگەل رێبازی زانســـــتانەی لێکۆلینەوەی مێژوویی (المنهج العلمي للبحث التاريخي)جێی مەبەســـــت بووە ، کەچی لـــەم دەقانـــەی خوارەوە وا دەردەکەوێت ، کە لەبەر هۆیەکی نازانستانە ( لەراستیدا لەبەر هۆیەکی خزمایەتی یە ..! ) موهەندسی میکانیکی نەوت سەلاح سەعدوللا رۆژی ٥ـ١ـ١٩٨٤ لـــە ژمارەی ٧١٩ی رۆژنامەی ( هاوکاری )دا بەشێوەیەکی نارێبازیانـــــە پێشکەشکەری ووتارەکەی تاوانبارکردووە .

وەکو ئاشکرایە ، لە بواری زانستدا رەخنەگرتن دەبێت لـــە لایەن پسپۆری ئەو بابەتە زانستی یەوە بێت وەکو مێژووانێك یا مێژوونووسێکی زانا لە بابەتی مێژووی چەرخێك ( یـــا کۆن ، ناوەراست یا نوێ )، کە ئاگای نەك تەنها لـــــە کارەســـاتەکانی مێژووی پلەیەك هەیە ، بەلکو نووسینەکەی لە چوارچێوەی رێبازێکی زانستانەی مێژوونووسین دابێت.

کەچی لەبەر کەم ژمارەیی پسپۆران لە ناوماندا ، ئـــــەم ( رەخنە ..! پەلاماردانە ) لەلایەن یەکێکەوە روودەدات ، کە پێویستە یا خزمی خاوەن بابەتەکە بێت وەیا هەســـت بەوە بکات ، کە سنووری بەرژەوەندی ئابوریی تایبەتی ، بەهاتنە کایەی پسپۆڕێك ، بەرەو کزی و سستی دەروات کە هەروەها کاریش دەکاتە پلـــەی کۆمەلایەتی و پلەکانی دی ژیانی بەگشتی ، کە ئەمانە هیچی راست نینو لەگەڵ خودی بابەتێکی زانستانە پێوەندیان نی‌یە .

کاتێك ووتاری ئەو سەمیناره ، بە پێی پلەی گۆرانی رێبازی نووسینی مێژوویی ، لە سەدەی نۆزدەمو بیستەمدا دەبێت، باسی رێبازی نووسینی مێژوویی چینی دەســـــــتەلاتداری کوردستان دەکات ، کە تاوەکو ئیستا بە مێژووی گەلی کورد زانراوە ، تێکەڵو پێکەڵ کردنی هەندێك کارەساتی مێژوویی وەکو گۆڕینی مێژووی کۆنی ( خالد )یەکان بە خالد بن الولید لە سەردەمی ئیسلامی‌داو چەند دیاردەی دیش رووی ئـەو تێکەڵوپێکەلیە کارەساتەکانی گرتۆتەوە . جا پێویست بـوو لەبەر روون‌کرنەوەی ئەم هەڵانە لەو ووتارەدا بلێم کە :

« ئەم رێبازە کۆنەی مێژوونووسین لە لایەن مێژوونووسانی کوردەوە لەکاتی تۆمارکردنی مێژووی خۆیاندا رەنگی‌داوەتەوە و پێرەوکراوە . لە یەکەمین رۆژنامەی کوردی‌دا (کوردستان) ،کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرچووە ئەم دیاردەیــە ئاشکرا تێدا دیارە بەتایبەتی ، کە خاوەنەکەی ماموســــتا مەدحەت بەدرخان دەربـــــارەی مێـــــژووی خانەوادەی نووسیویەتی [ گلی‌علماو میرو آغایین کرد أون حمی أصلو نسل من دظانن جد من حضرت خالد ابن ولیده ( رضی اللـه تعالی عنه ).» / کردستان ژمارە ١ ، لاپـــــەرە ٣ ، ١٣١٤ کوچی /. هەروا لە هەمان ژمارەدا سەرنووسەر بەم جۆرە تکای خۆی ئاراستەی خوێندەوارانی گۆڤارەکەی دەکا وەکو بلێ نووسینی مێژوو تەنیا بۆ میران و ئاغایانی کـــــورد.

تەرخان‌کراوە ، نەك بۆ هەموو گەلی کورد بۆیە دەلێ : «.. أز میرو آغایین کردا هیڤی دکم درحقا ڤنجیا کرداره چە بیت بلا ژمنره بنڤیسن »/ ژمارە یەك ، لاپەرە ٤/ .

دەربارەی نووسینی مێژووی کوردیش ، کە لە ( ژمارەی ٨ ) بلاوی کردۆتەوە هەر ناوی فەرمان ڕەوایانو میرانی کورد دەبات و دەربارەی ( حکامین جزیرە ابن عمر ) باسی ( میر سلیمان بن خالد میر عبدالعزیز ، امیر سیف الدین ، امیر مجدالدین ، امیر عیسی ، امیر بدرالدین ، امیر ابدال ، امیر عزالدین )دەکاو لە ژمارەکانی دوای ئەوەش‌دا هەر باسی میرانی کورد دەکا ، هەروەکو بلێی مێژووی گەلی کورد تەنیا مێژووی چینی فەرمان‌ڕەوایان و میرو دەرەبەگانە ].

شتێکی ئاشکرایە کەوا بەرهەمی بیری مرۆڤو شێوەی ڕێکخستنی دەربڕینی ئەو بەرهەمە لای مێژووان گرنگتر و بەسوودترە لە خودی ئەو کەسەی کە پێش سەد یا هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە ، چونکە خۆی لە جیهانی نەبوون‌دایە بەڵام بەرهەمەکەی هەتاهەتایە بەکاری مرۆڤایەتی دێت . جا لێرەدا دەبێت بێجگە لە ووشەکانو جۆری دەربڕینو ڕێبازی مێژوویی مدحەت بەدرخان ، کە یەکێکە لە دەها کەس بیروڕایانم شی کردۆتەوە ، چ هۆیەك هەبێت بۆ ئەو هاندانەی موهەندیس سەلاح سەعدوللا کە دەلیت : « گوتارا د. جەمالی دیار دکت کو وی دڤیا هەر بەردت مەدحەت بەدرخانی ... باوەرە ژی پێنەڤێت مرۆڤ بەرەڤانی یا ڕێبەرەك هوسا مەزن بکت ...! ». پاش ئەوەی کە سێ دەقی ڕۆژنامەی ( کوردستان )م کردووە بەوێنە بۆ بەردەوام بوونی ریبازی کۆن لە نووسینی مێژووی کوردا دووبارە موهەندیس‌سەلاح دەیەوێت بخاتە چوارچێوەی پێوەندیەکی کەسیەتی و لەو بوارەدا دەلێت . « رەخنە بخوە خەم ناکت، هینگا هەیبەری بت ، لێ گاڤا ژ وێ مەیدانێ دەرکەڤت ،ئەو دەرباز دەبت ڕێکارا هیریشێ ... ڕاستە وی دەست

ب« كوردستانێ »و خودانێ وێ‌كر ، لێ گەلەك پێڤـە نەچۆ بەری ئەو دەستێ خو ژ مژادی بشۆت و ئێدی چ دی ل‌سەر وی بابەتی نەبێژت .».

هەرچەندە شێوەی نووسین بە ریبازێکی زانسـتی نوێ ، لەهەرچی بابەتێکدا بێت ، یەکێکە لە پێویسـتی‌ی نرخاندن وهەلسەنگاندنی راستێتی لە گەردوون‌دا و ( دەسـت شوردنی تیا نی‌یە ..! ) کەچی موهەندیس سەلاح سەعدوللا لەپاڵ هەلکێشـانی خزمی خۆی‌دا ( نەك بەرهەمەکەی ! ) پەلاماری هەمـوو ئـەو بەرێزانەی داوە ، کە مێژووی مرۆڤایەتی‌یان بۆ پتر لە دوو هەزار ساڵ روون کردۆتەوە ، کە لایەك لەو مێژووە مێژووی وڵاتی کوردەواری بووە ، لەو زوربەی زۆری نووسەرانی مێژووی کوردستان هەسـتیان پێ‌نەکردوون ، هەر لەبەر ئەمەیشە مێژوونوسانی یونانی‌و یونانی‌و رۆمانی مەزن وەکو دیودورس‌و پلوتارخوسـس‌و یوسیفوس ..هتد جێ‌ی سورمانی کاکەی موهەندیس بووە، کە دەلێت :« ئەم ل‌بەر بوین، پشتی گازند ژ ( کوردستانی )و خودانێ وێ کرین . ل‌سـەر چەند رۆژنامەو رۆژنامەڤانێت دی باخڤت . من هزرکر ئەو دێ هێـت ( هاوار )و ( جەلادت بەدرخان )ی لێ ئەز گوهشیم هینگا چۆ ( هیرودوشـس‌و پلینوس‌و ئارنوسی ! ) من گوتە خۆ ئەو ژی خەم ناکت بـێ گۆمان ئەو دێ نوکە گەهت ( زاری کرمانجی‌و موکریانی ) لێ دیا ئەز گوهشیم گاڤا ئەو کەتە دویف ( دیودووسـی‌و تلوتارخوسی‌و یوسیفوسی ) ! پشتی ڤان ناڤداران من گۆت ئێدی دێ هەر دۆرا رۆژنامەگەری‌یا مەهێنا دابزانین دێ چ لەسەر ( ژیان‌و پیرەمێردی‌و گەلاوێژو سجادی )بێژت ، لێ لێ دلشکەستی من دیت ئەو دیسا بەزی ( ئیزاتسوسـی‌و گالیریوسی‌و کریسیوسی )و گەلەك ناڤدارێت دی وەکو ڤان. ژمن نەپرسـە ئەو کینە ، ئان چ پێوەندی هەنـە لەگەل رۆژنامەگەری یا کوردی ، چکو ئەز باش نزام . لێ دیـارە ناڤدار ئەون . زیرەکن ژی . هەرچەند کو ماچی‌یە نە ژ مە

بن ؟ نە خو کانێ ناقداریت مە ؟ ما هەر مەدحەت بەدرخان دێ کەفت بەر تیرێت مامۆستایی ؟ لێ مخابن ئـــەو بتەنێ ما !» .

وا دیارە ئەم خوێنەرە تەنها نێوی ( مەدحەت بەدرخان ) لەلا مەبەست و گرنك‌بووەو نرخاندنی هەموو لایەنەکی ژیـــان دەبێت لە ئاسۆی جیهانی ( بەدرخان )ەوە هەلبقولێــــت ( هۆکەیشی ئاشکرایە )بۆیەکا بە هیچ جۆرێك پشتگیری لــە حاجی خەلیفە ، مونەجیم باشیو شەرەف خانی بدلیسـیو کەسانی دی نەکردووە ، چونکە ئەمانە بێ گومان لە (بەدرخان) یەکان نین . لەلایەکی دیەوە ئـــەم ( رەخنەگرە ...! ) باسی نێونیشانی ووتارەکەی د. جەمال ناکات کـــــــە ( لێکۆلینەوەی مێژوویی لە رۆژنامەگەری کوردیدا )بووە ، واتە گەوهەری ووتارەکـــە ( لێکۆلینـــەوەی مێژووییو رێبازەکانیەتی ) نەك باسی خودی شـــــەخصی موکریانیو سوجادی یا بەدرخانی . د. جەمال دەربارەی ئەم بابەتـە وەلامێکی نوسراوی نەداوە ، چونکە سەرەرای ئـــــەوەی موهەندیس سەلاح کۆششی کردووە بـۆ هەلکێشانێکی دی پیاوانی بنەمالەی بەدرخانیان ، کـــە لێـــرەدا گەوهەری باس‌نەبووە ، دەلێم نەوت چەند لە پســـپۆری مێژوویی د. جەمالەوە نێزیکە هێندەش مێژوو و زانستی مێـــژوو نێزیکی پسپۆری موهەندیس صەلاحە ، کەچی لەگەل ئەو بێدەنگی‌یەشدا ، پاش چاپ بوونی کتێبی ( دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو ، بغداد ١٩٨٤ ) .......!

لەلایەن د. جەمالەوە ، موهەندیس صەلاح بۆ جاری دووەمو بەشێوەیەکی توندتر پەلاماری ئەو کتێبەو خاوەنەکەی داوە، وا دیارە هێشتا هەستی خزمایەتی لەداوای تۆلە سەندندا هەر بەردەوام بووە هەرچەندە نێوی ئـــەو خزمەی بەهیچ جۆرێك لە کتێبەکەدا تومارنەکراوە . ئەمجارە بە جۆرێکی دوور لە مەنطقو زانستو پڕ لە تۆمەی ســـــەردەمیی گەورەی ناراست نامیلکەکەی ( حول اللغة الکردیە ، بغداد

١٩٨٥م ، ل ٤٢-٥٩ )رازاندبۆوە ، نەك ئاراستەی بابەتی کتێبەکە بکات ، بەڵکو ئاراستەی دانەری کتێبەکەی کردبوو کە خاوەنی ( المدرسة الجديدة ) بوە لە مێژووی کورددا بۆ روون کردنەوەو وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە ( رەخنەگرە ...!) ووتارێکم لە دوو ژمارەی رۆژنامەی عیراقدا بلاو کردەوە ، تکایە بروانە :

د. جمال رشيد احمد ، تاريخ الكرد جزء من الماضى الانسانى جريدة العراق ، العدد ٢٨٩٤ بغداد ٥ آب/١٩٨٥م .

١١- دەبارەی ئەم رێچکانە بروانە :

قسطنطين زريق ، نحن والتاريخ . بيروت ١٩٧٩ ، ص ٢٩ وما بعده .

١٢- رێچکەی نەتەوەیی و ئایینیو مارکسی ..هتد هەیە بۆ نووسینی مێژووو هەر یەکە لەم رێچکانە لە ئاسۆی تایبەتی خۆی سەیری جیهان دەکاتو هەریەکەیان هۆی تایبەتی خۆی هەیە کە مێژوونووسان هان دەدات بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلان .

١٣- قسطنطين زريق ، هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢ .

١٤- د. حسن عثمان ، منهج البحث التاريخى ، القاهره ١٩٧٦، ص ١٣ .

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠ .

١٦- بۆ ئەم بابەتە بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەندی یەکەم ، ل ٢٥-٥٣ .

١٧- بەڵام لە راستیدا میژوانی باش دەبێت ئەم سیفاتانەی هەبێتو سەری لەچەند زمانێکیش دەرچێت وەیا توانای هەبێت هەندێك لە نووسراوە کۆنەکان بخوێنێت .

١٨- ادواردگار ، ما هو التاريخ . بيروت ١٩٨٠ ، ص ١٦ ، ترجمة ماهر كيالى و بيار عقل .

١٩ـ بروانە کتێبی یەکەمی مێژووی هیرودوت .

٢٠ـ پولیبیوس ( نزیکەی ٢٠٠ـ١٢٠ پ.ز )ژیاوە ، مێژوونوسێکی یونانی‌یە لە شاری میگالوپول ( ئەرکادیا ) لە دایك بووە . وەکو باوکی لیکورتا ڕۆلێکی دیاری هەبووە لە یەکیەتی ئاخی‌دا . پاش جەنگی یونان لەگەڵ **ئێرانی‌یەکان‌دا ساڵی ١٦٨ لە نزیك شاری ( پیدنی )دا** لەگەڵ ١٠٠٠ یونانی کۆچی‌کرد بۆ ڕۆما ، کە شانزدە ساڵ تێدا ژیا پولیبیوس چەند کتێبێك دوای خۆی بەجێ‌هێشتووە

٢١ـ تاکیتوس ( نیوان ١٢٠ـ٥٥ پ.ز )ژیاوە ، مێژوونوسێکی لاتینی‌یە بە شێوەیەکی هونەری مێژووی ڕومانی نووسیوەو جاربەجاریش لە ڕاستی دوورکەوتۆتەوە .

٢٢ـ دەربارەی ئەم بابەتە بروانە باسەکەی وایسباخ :
الكارد وخيون ، ترجمة ودراسة د. جمال رشيد احمد . مجلة المجمع العلمی العراقی « الهیئة الكرديه » بغداد ١٩٨٣، ص ٣٦١ .

٢٣ـ هیرودوت ، مێژوو ، لینینگراد ١٩٧٢ چاپە ڕووسی‌یەکەی کتێبی پێنجەم ، دەقی ٥٥ ، کتێبی یەکەم ، دەقی ٧٢ ، دیسان کتێبی پێنجەم ، دەقی ٤٩ .

٢٤ـ بروانە : د. جمال رشید احمد ، علاقه الكرد بالكاردوخيين، مجلة زانكو ( المجلة العلميه لجامعه صلاح الدين ) ، العدد ١ المجلد السابع . ١٩٨١م .

٢٥ـ بروانە کتێبی چواردەمینی دیودور ، دەقی ٢٧
Diod. XIV, 27

٢٦ـ د. عبداللطيف احمد علی ، مصادر التاريخ الرومانی . بيروت ١٩٧٠ ، ص ٦١ .

٢٧ـ پلینیوس ، مێژووی سروست ، کتێبی شەشەم ، دەقی ٤٤
Plin. n.h. VI, 44.

٢٨- بتولیمایوس ، کتێبی پێنج ، بەشی ١٢ ، دەقی ٢ وهەروەها کتێبی شەش ، بەشی ٢ ، دەقی ٥ .

٢٩- ئاریانوس مێژوونوسێکی یونانی‌یە لە سەدەی دووی زاینیی‌دا ژیاوە ، دانەری کتێبی ( ئەناباسیس )ە کە تێدا باسی هیرشەکانی ئیسکەندەری مەکەدونی دەکات . بەڵام کورتسی روف Quintus Curtius Rufus مێژوونووسێکی رومانی سەدەی یەکەمی زایینی‌یەو دانەری ( مێژووی ئیسکەندەری گەورەیە Historia Alexandri Magni

پلوتارخوس مێژوونووسێکی یونانی ( لەنیوان ٥٠-١٢٥ ز)دا لە شاری روما ژیاوەو لە وڵاتدا گەڕاوەو کتێبەکانی باسی کاروکردەوەی پیاوانی نێوداری یونان‌و رۆمان دەکات بۆ ئەمانە بروانە :

1- Arrian. Anab. II, 77, 7.
2- Curt. IV, 10, 8.
3- Plut. Alex. 31, 4.

٣٠- سترابون ( ٥٨ ؟ پ.ز-٢٥ ز ) جوگرافی‌یەکی یونانی‌یەو خەلکی کەپەدوکیایە ( خوار تورکیای ئەمرۆ ). بەرهەمەکەی بە ( جوگرافیا ) بەنێوبانگە ، زۆر زانیاری دەربارەی وڵاتی رۆژهەلاتی تێدایە ، بروانە :

Strabo., Geography VI, 2, 4.

٣١- Strabo., XVI, 1, 24.

٣٢- یولیوس هۆنوریۆس یەکێکە لە نووسەرە لاتینی‌یەکانی سەدەی پێنجی زایینی .

٣٣- جوڤینین نێوێك فەرمانڕەوای وڵاتی کوردویین Corduene بووە ، لە سەرتای سەدەی چوارەمی زایینی‌دا ، ئەم پیاوە لەکاتی منداڵی‌دا وەکو بەندێك نێراوە بۆ سوریاو لەناو کۆمەڵێکی رۆمانی‌دا بەخێوکراوە و لە گەورەیی‌دا مەیلی بۆ رۆمەنەکان بووەو پاشان کراوە بە پادشای ناوچەیی

## بەشی دووەم

## تێبینی و سەرچاوەکان


١ – یوسف الحورانی ، البنیة الذهبیة الحضاریة فی الشرق المتوسطي الآسیوي القدیم بیروت ١٩٧٨ ، ل ١١١ .

٢ – سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٠ .

٣ – ( لولو ) چەند واتایەکی هەمە جوری هەبوە وگورینی بەسەرداهاتوە . لە سومەری بەواتای ( خەلك ) و ( شاخاوی وديل ) پاشان لە ئورارتودا بە واتای ( بیگانە دوژمن ) بەکار هاتوە لە کوتایی‌دا بوەتە ناوێك بۆ کۆمەلێکی ئەثنوگرافی تایبەت کە لە ناوچەی کوردستانی ئەمرودا ژیاون .

٤ – Speiser E.A., Mesopotamian Origins. The Basic Pupulation of the Naar East. Philadelphia 1930, p. 96.

٥ – دیاکونوف .ئي.م. میژووی میدیا . موسکو – لینینگراد ١٩٥٦ ، ل ١٠١ بەزمانی روسي .

٦ – سەبارەت بەم ئاینزانانە سەیری کرستنسن بکە :
Christensen A.' L' Iran Soule Sassanides' Copenhagen 1936 p. 143.

هەروەها چاپی عەرەبیەکە .

آرثرکرستنسن ، ایران في عهد الساسانیین . القاهره ١٩٥٧ ، ل ١٣٦ ، ١٣٧ .

٧ – Mackenzi D.N., A Concise Pahlavi Dictionary. London Oxford University Press 1971' p. 137.

٨ – طه باقر ، سومر ١٩٥٣ سرنج ٩ ، یوسف الحواني ، البنیة، الذهنیة ... ل ١١٢ .

کوردەکان . ئەو هێزە رۆمانی‌یە ، کە لە ولاتی کوردوینی‌دا بووە ئەمیانوس مەرکلینوس یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی و لە لایەن جوڤینین لەگەڵ رێپێشاندەرێکی خەلکی ناوچە ئەم ئەفسەرە نێراوە بۆ ناسینی ناوچە کوردی‌یەکانی ژێــــر دەســـتەی دەولەتی ساسانی . بۆ ئەم هەوالانە بروانە : آرثرکرستنسن ، ایران فی عهد الســاســانیین . ل ٢٢٩ وەرگیراوە عەرەبی‌یەکەی .

٣٤ـ بروانە وایسباخ ، الکاردوخیون . ص ٣٦٣ هەروەها بروانە :
Herzfeld E., The Persian Empire. Wiesbaden 1968, p. 153.

٣٥ـ بروانە یوسفی فلاڤی . Joseph., Ant. I, 93.

٣٦ـ کاسیوس دیوکوسییانوس ، نووسەرو مێژووانی یونانـــی ( ١٥٥ـ٢٣٥ ز ) لە شاری ئەزنیك لە تورکیای ئەمرودا لـــە دایکبووە . بوو بە جێگری کونسول لە ئەفریقادا لە ژێـــر سەرکردایەتی ئیســــکەندەر سیڤیروس . بە زمانی یونانی دەنووسی بەلام مێژووی رومای دەنووسی . بروانە :
Sextus Rufus brev. 20. Historia miscella X 3

٣٧ـ وایسباخ ، الکاردوخیون . ص ٣٦٤ .

٣٨ـ دەربارەی کیرتی‌یەکان بروانە :
د. جمال رشید احمد ، دور الکیرت فی التاریخ الکردی . دراسات کردیة فی بلاد سوبارتو ، الفصـــل الرابع ، بغداد ١٩٨٤ . ص ٨٩ ومابعد .

٣٩ـ وایسباخ ، الکاردوخیون . ص ٣٦٢ .

٤٠ـ سلوستیوس مێژوونووسێکی رومانی‌یە . سالی ٥٠ پیش زایین بوو بە سیناتۆرو پاش سالێك بوو بە کەیســـەرو هاوبەشی جەنگەکانی ئەفریکای کردووە . چەند کتێبێـــکی هەیەو زۆر هاورێی یولیوس کەیسەر بووە .

٩ - يوسف الحورانى سەرچاوەی پیشوو . ل ٦ .

**١٠- دیاکونوف ، سەرچاوەی پێشوو . ل ١٠٢ چاپی روسی.**
بەپێی بیروباوەری دیاکونوف ، ئەم ناوە لە نوسراوە بابلیەکاندا وەکوپاشای کوتیەکان نوسراوە .

١١- انطوان مورتگات ، تأریخ الشرق القدیم . دمشق ١٩٦٧ ، ل ٢٠٣ چاپی عەرەبی .

١٢- Geiger W.' Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882 p. 29.

١٣- Herzfeld E., The Persian Empire Wiesbaden 1968, **p. 158.**

١٤- سترابون کتێبی ١١ ، بەشی ٨

١٥- مەبەستی هیرودوت بە ( ماتیێنێ ) زۆربەی ناوچەی کوردی ئێمرۆدەگرێتەوە وهەروەها دەڵێت کەوا وولاتی کیسی ( کاسیەکان ) پاش ئەم وولاتە دێت . بروانە هیرۆدۆت کتێبی پێنج بەشی ٤٩ .

١٦- رۆژهەلات وجیهانی کۆن موسکو ١٩٧٢ ، ل ٢١ . چەند لێکۆڵینەوەیەك بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەڤدیێف ڤ.ی .

١٧- هرتسفیلد ، سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١ ، کرستنسن سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١٤٢ .

١٨- Phillp Vandenbeog.' Nefertete. een archeologishe biografie.

**چاپی هولەندی .**

١٩- سپایزەر ، سەرچاوەی رابوردوو ، ل ٩٠ ، ٩١ .

٢٠- سەرچاوەی رابوردوو ، ل ٩٠ .

٢١- سەرچاوەی رابوردوو ، ل ٩٣ ، ٩٤ .

٢٢- **توفیق وهبي ، آلتون کوپري ، الجسر الذهب** . گوڤاری کۆری زانیاری عیراق . بەندی ٤ ، بەشی بەغدا ١٩٥٦ ، ل ٢٥٨ .

٢٣ــ دیاكونوف ، سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١٢٢ .
٢٤ــ هرتسفیلد ، سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١٦٥ .
٢٥ــ هرتسفیلد ، ل ١١٩ .
٢٦ــ سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١١٩ .
٢٧ــ سەرچاوەی رابوردوو ، ل ١١٧ .
٢٨ــ هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٥ .
٢٩ــ هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٨ .
٣٠ــ گوڤاری كۆمیتەتی ئاسیەوی‌ی شایانەی بە ریتانی .
Grawford S.J.B.A.'B. Litt.' The Decipherment of the HITTIT Languag. Journal of the Royal Asiatic Society 1919' p.5.

## بەشی سێیەم

## تێبینی‌و سەرچاوەكان

١ ــ هۆزەكانی ( هیندو ئاوروپایی ) لە سەرەتادا لە وڵاتــــی ئوكرانیاوە تا سەرووی ئەڵمانیای ئیستا بنكەی ژیانیـــــان ( ژینگەیان ) دانابوو . بروانە :

Charles Burney, David Marshall Lang. The People Of The Hills. London 1971, P. 86, 87.

لە راستی‌دا زاراوەی ( هیندو ئاوروپایی ) بەو خێزانــــــە زمانەوانی‌یە فراوانە دەگوترێت ، كە چەند میللەتانی جیهان دوور لە یەك ( وەك ئەمەریكاو هیندستان ) پێ‌ی دەدوێن و هەروەها زمانە ئاوروپایی‌یەكان ( بێجگە لە باســـــك‌و فینلەندی‌و هونگاری ) و زمانەكانی ئەرمەن‌و كوردو فارس‌و ئەفگان‌و تاجیك‌و ژمارەیەكی زۆر لە شێوەكانی هیندی لــە كەرتی ئاسیادا لەم خێزانە زمانەوانی‌یە دەژمێردرێت . لە

سەردەمە کۆنەکانی‌شدا زمانی هیتی‌و سانسکریتی‌و گریکی‌و لاتینی‌و میتانی‌و چەند زمانێکی دی دەکەوتنە بەر ئــەم خێزانە زمانەوانی‌یە . پێوەندی لەنێوان ئــەم زمانانەدا چ لەلایەن ووشەو چ لەلایەن رێزمانەوە زۆر ئاشکرایەو لــەم راستیەدا وا دەردەکەوێت کە لە بنەرەتدا هەموو ئەم زمانانە سەر بەزمانێکی گشتی هیندو ئاوروپایی بوون ، کـــە پاشماوەیێکی نووسراوی بەجێ نەهێشتوە . بۆ ئەم بابەتـە بروانە :

G.V. Child., The Aryans. London 1928,
C.S. Coon., Races Of Europe, New York 1939.

ئەو زمانانەی ئەمرۆ ، کە لەم زمانە گشتی‌یە جیابۆنەتەوە ، لە کاتی بەراوورکردنی واژەکانیاندا ، وا دەردەکەوێت ، کە ژیانی ئەو میللەتە هیندوئاوروپایی‌یە کۆنانە بـە کۆچەرایەتی بەتایبەتی بە بەخێوکردنی ئەسپەوە بەســــەرچووەو هەندێکیشیان خەریکی کشتوکاڵبوون . ئەمە بێجگە لەوەی کە خەریکی پیشە سازیەکی سەرەتایی بوون‌و ، هەموویـان وەکو خێزان‌و تیرەو خێڵ لەژێر سێبەری پەرستنی چەنـد خوداییکی تایبەتی‌دا رێکخراوبوون‌و ، بەپێ‌ی دابەش‌کردنی ناوچە زمانەوانی‌یەکان لە چەرخە مێژویی‌یە سەرەتاییکاندا وا دەردەکەوێت ، کە نیشتەجێ‌ی بنەرەتی‌ی ئەم میللەتانـە پێش بڵاوبوونەوەیان بە جیهاندا نێــوان زەریای بەلتیک‌و زەریای رەش‌بووەو ئەو دەشتە فراوانە کە کەوتۆتە خوارووی روسیای ئەمرۆوە . « کۆچ‌کردنی خێڵەکانی هیندوئاوروپایی بە چەند شێوەی جیاجیا لە یەکتر بووەو لـە چەند کاتێکی جیاوازدا رووی‌داوەو دەتوانرێت بگوترێت ، کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش‌زایین‌دا دەستی پێ‌کردووە » بروانە :
Georges Roux., Ancient Iraq London 1964, p. 203, 205..

هەروەها بروانە وەرگێڕاوە عەرەبی‌یەکەی ئەم کتێبە :
جورج رو ، العراق القدیم . بغداد ١٩٨٤ . ص ٣٠٨،٣٠٧
لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئاوروپاو لە هیندستانو سەرووی میزوپوتامیاو ئاسیای بچوکدا ئەم کۆمەڵە زمانانە بوونەتە زمانی چینی دەستەلاتدارانی ئەو ناوچانە هەر لە سەرەتای هەزارەی دووهەمەوە ، پاشان پەلیان هاویشتۆە بۆ شوێنانی‌تر وەکو کەرتەی ئەمەریکاو ئوسترالیاو ئەفریقیا.
ئەم کۆمەڵە زمانە هیندو ئاوروپایی‌یانە بەم دە لقە زمانەی خوارەوە بە گشتی دابەش دەکرێت ( بە پێی بیروباوەڕی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی ) :

(١) زمانە ( ئەنەدۆل )یەکان لە هەزارەی دووەمی پ.ز وەکو هیتی ، پالایی ، لووی .. هتد .

(٢) هیندو ئیرانی : ئاڤێستایی ، فارسی کون ، سانسکریتی ، پالی ، زمانەکانی پاکستانو هیندستانی ئەمرۆ .

(٣) گریکی ( یونانی ) .

(٤) ئیتالی : وەکو ئوسکانی ، ئومبری ، لاتینی ، زمانە رۆمانە نوێکان کە لە لاتینی‌یەوە سەریان هەڵداوە وەکو فرەنسی ، ئیسپانی‌و ئیتالی‌و پورتوگالی و رومانی .

(٥) زمانە جەرمانی‌یەکان : وەکو ئیسکەندەنافی ( دانیمارکی ، سویدی ، نەرویگی ، ئایسلاندی‌و فەیروسی )و ئەڵمانی‌و هولەندی ( نیدەرلاندی‌و فلاماندی‌و زمانی بوێرەکان لە خوارووی ئەفریقیادا ) هەروەها فریزی‌و ئینگلیزی‌و زمانی گۆثی .

(٦) ئەرمەنی .

(٧) توخاری ( پاشماوەی چەند دەقێکە لە تورفانی ناوەراستی ئاسیادا دۆزراوەتەوە دەگەرینەوە نیوەی دووهەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز ) .

٨ ـ کەلتی : وەکو ئێرلەندی ، وێلش ، سـکوتلاندی ، گایل ، مانکسو گالی .

٩ ـ بەڵتیکو ـ سلاڤی : وەکو لیثوانی ، لاتی ، سلاڤی‌یەکان وەکو روسی ، پولونی ، چیکی ، سلوڤاکیو سـربیو خەرواتیو بولگاری .

١٠ـ ئەلبانی .

بۆ ئاگاداریی فراوانتر سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە ووشـەی ( هیندو ئاوروپیو هیندوئاری ..هتد ) لە :
ئینسوکلوپیدیای بەریتانی .

٢ ـ میکینی یا میکینای مەڵبەندی شارسـتانیەتی‌یەکی ناوداری گەورەیە کە لە سەردەمێکی کۆندا لەو ناوچانەدا بووە ، کە بە جیهانی یونان لە مێژوودا بەناوبانگە . ئەم شارستانیەتی‌یە لە ( ١٦٠٠ پ.ز )ەوە دەستی‌پێ‌کردوە کە دەکەوێتە بـەر سێهەم چەرخی شارستانیەکی‌تر ، هەر لە هەمان جیهاندا کە بە ( مینەوی )ە یا ئیجی یا کریتی ناسـراوەو لە سـالی ( ١١٠٠ پ.ز ) ئەو شارستانیەتی‌یە کزبووە ، واتە سـەد سال پاش کزبوونی شارستانیەتی مینەوی .
ئەم شارستانیەتی‌یە بەناوی شاری میکینی ، کـە کەوتبۆە بەشی ژووروی رۆژهەڵاتی دوورگەی ( پلوپونیز )ەوە ، ناو بانگی دەرکردبوو ، پاشان بوەتـە پایتەختی ( ئاگامیمنون ) سەرۆکی گشتی هێزەکانی یونان بەسەر ترویادا ( طروادة ).
سەبارەت بە ئەم بابەتە بەگشتی بڕوانە :
ئینسوکلوپیدیای بەریتانی ، بابەتی Mycenae
هەروەها بڕوانـە : د. لطفي عبدالوهاب يحيى ، اليونان ـ مقدمة في التأريخ الحضاري . بيـروت ١٩٧٩ . ص ٨٢ وما بعدها .

٣ ـ بڕوانە آ. پێتری . مدخل الى تأريخ الاغريق وأدبهم وآثارهم. بغداد ١٩٧٧ ص٩ . ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز .

٤ ـ بڕوانه هەمان سەرچاوە .

٥ ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی ، بابەتی achaeans

٦ ـ د. عبداللطیف احمد علي ، التأریخ الیونانی ( العصر الهلادي )، الجزء الاول ، بیروت ١٩٧٦ ص ٨ . هەروەها بڕوانه ئینسوکلوپیدای بەریتانی ، بابەتی lones

٧ ـ آ . پیتری ، ص ٩ ومابعدها .

٨ ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی ، بابەتی Dorians

٩ ـ جون گارستانج ، امبراطوریة الحیثیین . تأریخ العالم ( القاهرة ١٩٦٧ ) المجلد الثانی ص ٢٩ ، الترجمة العربیة . هەروەها بڕوانه بابەتی ( الاخیون في الوثائق الحثیة ) له : د. عبداللطیف احمد علی ، التأریخ الیونانی ( العصر الهلادی ٢ )، بیروت ١٩٧٤ . ص ٨٠٧ـ٨٢٤ .

١٠ـ د. عبداللطیف احمد علي ، التأریخ الیونانی ( العصر الهلادی ١ )، بیروت ١٩٧٦ . ص ٨٦ـ٨٧ .

١١ـ الدکتور انطون مورتگات ، تأریخ الشرق الادنی القدیم . دمشق ١٩٦٧ ، ص ١٧٦ الترجمة العربیة ( وەرگیراوی عەرەبی ) .

١٢ـ بڕوانه سەرچاوەی رابوردوو . ل ٢١٦ و بە شێوەیێکی فراوانتر بڕوانه :

Charles Burney : David Marshall Lang., The Peoples Of The Hills. London 1971. p. 47, 88.

دەربارەی هاتنەوەی هیتیەکان بە رێی بەلکاندا سەیرێکی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بکە ، ( هیتی )، هەروەها ئەم بابەتە لە ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤیێتی دەبینیت .

١٣ـ بڕوانه ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤیێتی . بابەتی هیتیەکان .

١٤– بۆ ئاگاداریێکی پتر دەربارەی پێشکەوتنی سیاسیو ئالوگۆڕی بڕوانە : د. انطون مورتگات ، هەمان سەرچاوە ، هەروەها بڕوانە :

ف.ی. أڤدییف ، مێژووی ڕۆژهەلاتی کۆن . موسکو ١٩٧٠ بەتایبەتی لاپەرەکانی ٢٦١–٢٨٩ بە زمانی روسی .

١٥– ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤیێتی ، بابەتی هیتییەکان.

١٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٨– بازرگانە ئاشورییەکان لە کۆتایی هەزارەی سێی پ.ز هەندێ هەواڵی ئەو هیتییانە ، کە لە کەپەدۆکیادا نیشتەجێبوون ، بە ئێمە گەیاندوە . بۆ ئەمە سەیرێکی ئەڤدییف ، هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل–٢٦٧ بکە . لە لایەکیترەوە ئەبابیف دەڵێت کەوا : « خێڵەکانی هیندو ئاوروپایی لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینda لە یەکتری جیا بوونەتەوە ( بێگومان لە نیوەی دووهەمیدا ). یونانو هیتیو ئەرمەنە کۆنەکان بەرێی بەلکانا گەیشتوونەتە ئاسیای بچوك . بۆ ئەم دیاردەیە بڕوانە ووتارەکەی ئەڤدییف بە ناونیشانی :

( دەربارەی مەڵبەندی یەکەمی کۆچی میللەتانی هیندوئیرانی کۆن ) ڕۆژهەلاتو جیهانی کۆن . موسکو ، ١٩٧٢ . ل ٣٦ .
ئەم کتێبە بە بۆنەی ماتەمی ئەڤدییف لە چاپ دراوە .

١٩– ڤ.ی. ئەڤدییف ، سەرچاوەی ڕابووردو . ل ٢٦٩ .

٢٠– ئینسوکلوپیدیای مێژویی سوڤییتی . بابەتی هیتییەکان .

٢١– ئینسوکلوپیدیای بەریتانی .. بابەتی هیتتییەکان .

٢٢– بڕوانە هەردوو سەرچاوەی پیشوو . مورسیلی یەکەم پاشای هیتییەکان لە کاتی گەرانەوەیدا لە بابلەوە بۆ ئاسیای بچوك پەلاماریێکی وولاتی هووریەکانی داوە . بڕوانە :
جارلس بورنی ، داڤید مارشال لانگ . هەمان سەرچاوی ڕابووردوو .

٢٣ـ بۆ جیاوازی نێوان ئەرزاوەو ئەرزن بڕوانە :
د. جمال رشيد أحمد ، دراسات كرديه في بلاد سوبارتو . بغداد ١٩٨٤ . ص ٤٢ هەروەها هەواڵی ئەم وولاتە لە دەقە هیتی‌یەکان دا ببینە .
